# هەژان

ناوەندی هەژان بۆ فیکر و مەعنەویەت

سەرنووسەر: تەحسین حەمەغەریب

سکرتێری نووسین: نوعمان محەمەد ئەڵماس

دەستەی نووسەران:

سەلمان نادر

موسعەب ئەدهەم

یاسین حەمەسەعید

کارزان ئەحمەد

ئاری عەلی

پەیوەندییەکانی گۆڤار لەڕێگەی سکرتێری نووسینەوە دەبن.

07701927887

hazhan.mag@gmail.com

# پێڕست


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| ١- ئایین لە بواری گشتیدا: لە روانگەی (یۆرگن هابرماس)ـەوە | ٤ |
| ٢- خودا و شەڕ | ١٩ |
| ٣- حیکمەتی بێدەنگ | ٣٣ |
| ٤- شادی، رەنج و ئازار | ٤٨ |
| ٥- چییەتی ئایین، چییەتی کولتوور و هاوبەشیی نێوانیان | ٥٧ |
| ٦- کولتوور ئایین گۆڕانکاری | ٧٠ |
| ٧- نووسینەوەی ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) بە زمانی کوردیی؛ شێوەزاری سۆرانی | ٩٦ |
| ٨- پەروەردەی ئایینی | ١٠٩ |
| ٩- فەلسەفەی پەروەردە؛ فەلسەفە وەک دینامۆی پرۆسێسی پەروەردە و فێرکردن | ١٢٢ |
| ١٠- ناساندنی فەلسەفەی شیکاریی؛ چەند هەنگاوێک بۆ ئاشنابوون بە فەلسەفەی زمان | ١٣٢ |
| ١١- خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ پەروەردەی ئیسلامی لە سەردەمی نوێدا | ١٥٩ |
| ١٢- بیری رەخنەیی | ١٧٤ |
| ١٣- ئەقڵ و قورئان | ١٨٨ |
| ١٤- ڤیتگنشتاین و چەمکی باوەڕی ئایینی لە ئیسلامدا | ٢٠٧ |

# چاوی هەژان

## سیستەم و بێسەروبەریی

ئەم ژمارەیەی **هەژان** لەسەردەمێکدا دەردەچێت کە ئەژدیهای بێسەروبەریی بە باڵای بەرزی و کلکی درێژ و باڵی پان و زمانی تیژ و دەمی پڕ لە ئاگری خۆیەوە لەسەر سەری هەمووان وەستاوە و هەموو گیانی لە یەك کاتدا دەبزوێنێت، ئیدی بە جوڵاندنی کلکی نیوەی ئاوەدانی و کۆشك و تەلاری شارمان لە بنەوە هەڵدەگرێت، بە راوەشاندنی باڵەکانی بای بەهێزی سەموم دەگەیەنێتە کووچە و کۆڵانان و هەرچی پێهەڵبگیرێت هەڵیدەگرێت و لە تەك خۆی دەیبات، هەر بۆ نمونە؛ منداڵ بە باوەشی دایکییەوە هەڵدەگرێت و دار و درەخت لە ریشەوە هەڵدەکەنێت و بە گڕی دەرچوو لەناو دەمی و سەر چەناگەی درێژ و چاوانی ئاگرینییەوە هەموو شتێك دەسووتێێت، هیچ شتێك کە نیشانەی ژیان بێت ناهێڵێتەوە، هەموی دەکاتە سووتماك، شار و لادێی هەموو گۆی زەوی دوکەڵی دوای رووداني سووتانیان لێ بەرز دەبێتەوە. دەریا و سارای ئەم ئەستێرەیە بۆنی سووتماکیان لێدێت. ئێمەی مرۆڤیش دەمرین، کە لە ئانی سەرەمەرگدا هەموو رابردووی خۆمان دێتە بەرچاومان، ئەوانەشمان کە ماوین هەتیوی دایك و باوکمردووی بێکەسوکارین، کەسمان لە هەتیوبوون قوتار نەبووین. ئەژدیهای بێسەروبەریی بەسەر سەری هەر هەموومانەوە راوەستاوە و هیچ باوکێکمان نییە لە دەستی رزگارمان بکات!

بێسەروبەریی ئەم رۆژگارە هەر ئەوە نییە کە نەخۆشییەکی بێچارەسەر ماڵەوماڵ دەگەڕێت و بە هاوڕێیەتی مەرگ ئازیزان لە باوەشی کەسوکاریان دەردەهێنن و بۆ جیهانی خامۆشی دەبەن، گرفتەکەش هەر هێندە نییە کە کەمینەیەك لە مرۆڤی چڵێس دەستیان بەسەر هەموو شتێکی ئەم نیشتمانەی هەموومانداندا گرتووە کە گۆی زەوییە و هەموو ئیمکانیاتی بۆخۆیان دەبەن و نادادی و نەخۆشی و هەژاری بڵاودەکەنەوە و ژینگە دەشێوێنن.

نالەبارییەکەش لەوەدا نییە کە سیستەمەکە گرفتێکی تێدایە و دەبێت چارەسەر بکرێت_ سیستەمەکە کێشەی تێدایە_ بەڵکو لەوەدایە کە لە بنەڕەتدا سیستەم((Order بوونی نییە، هەمووی بێسەروبەرییە( (chaos. ئێمە لەناو سیستەم و کەمهێنانی سیستەمدا ناسوورێینەوە، بەڵکو لە سیستەمەوە بۆ بێسەروبەریی بزواوین بێسەروبەرییەك کە هیچ ئاڕاستەیەکمان لا روون نییە، بەرەهوتێکە بێ هیچ ناونیشانێك( هەموو شتێك پووچ و بێمانایە).

وریابە! ئەم بێسەروبەرییە پەیوەندی تەواوی بە ژمارە و قەبارەی شت و رووداوە دەرەکییەکانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندییان بە جۆری رووداوەکانەوە هەیە کە مرۆڤ دەخەنە ناو بێسەروبەرییەوە، ئەگەرچی لە دەرەوەش بچووك و بێقیللەت بێنە بەرچاو. ئەو رووداوانەی هیچ ئەمانێك بۆ ئێمە ناهێڵنەوە و هەتیومان دەخەن و سێبەری دایك وباوك بەسەر سەرمانەوە ناهێڵن. ئەو دەمەی هەموو شتێك لە دۆخی ئاسایی خۆیدا بوو،

لەپڕ هەمـوو شـتێك تێکچـوو، وێنـەی ئـەوەی کچێکـی گەنـج لەپـڕ مێـردە گەنجەکـەی بەهـۆی کۆرۆنـاوە دەمرێـت، خێزانێـك کاریـان لـە دەسـت دەدەن، پیـرەژن و پیـرە پیاوێـك مناڵەکانیـان نایـەن بەلایانـەوە لـە ماڵـی تەنهایـی خۆیانـدا دەژیـن و ناژیـن. گەنجێـك بـە گوتـەی (ڤێرجینیـا وۆلـف) ژوورێکـی تایبـەت بەخـۆی نابێـت، مزگـەوت و کڵێسـایەك دەنگـی نزایەکـی لێبـەرز نابێتـەوە. مناڵێـك بێچارەسـەر لـە بەرچـاوی دایکـی دەمرێـت، درەختێکـی پیـری پێنـج سـەد ساڵە دەبڕدرێتـەوە، مەیمونێـك لـە لایـەن دراوسـێکەیەوە (کـە مرۆڤـە) لـە جەنگـەڵ دیـل دەکرێـت و لـە ناوشـار لـە قەفەسـێکدا پیشـاندەدرێت. لەسـەردەمێکی ئـاوادا ئێمـە تەنهـا زیرەکەکانمـان پێویسـت نیـن کـە گرفتەکانمـان چارەسـەر بکـەن، بەڵکـو جوامێرەکانمـان پێویسـتن، وەك پاڵەوانـی داسـتانە کۆنـەکان شـەڕی ئەژدیهـای بێسـەروبەریی بکـەن و بـە گیانـی خۆیـان ئێمـە قوتـار بکـەن. پێشـەنگە کۆنەکانـی ژیانـی مرۆڤایەتـی کـە لەنـاو رۆحـی هەرکامماندا دەژیـن( یۆنـگ گوتەنـی لـە نەسـتی گشـتی ئێمـەدا دەژیـن).

بەڵـی دەبێـت بکرێنـە پێشـەنگ و لـە رێگەکـەی ئەوانـەوە بگەینـە رزگاری، ئیـدی مـەرج نییـە لـە دەرەوە هەمـوو گرفتەکانمـان چارەسـەر بووبـن، بـەڵام لـە هەتیوێکـی سـەر لێشـێواوە وەردەچەرخێـن بـۆ مناڵێکـی مەعسـوومی ئاسـمانی.( ألـم یجـدك یتیمـا فـآوی، و وجـدك ضـالا فهـدی).

زۆربـەی بابەتەکانـی ئـەم ژمارەیـە لـە بـارەی سـیماکانی بـێ سیسـتەمی و بێسـەروبەریی وەك بێباکـی ئێمـەی مـرۆڤ لەمـەڕ باسـەکانی خـوا و مـەرگ و شـەڕ و نەبوونـی ئـازادی و تێکچوونـی فـەزای گشـتی و نەبوونـی پـەروەردەی رەسـەن و تێکچوونـی زەوقـی هونـەری و..هتـد ـەوەن، هیـوادارم بەرچاوڕوونـی بـن بـۆ کەشـفی رێکوپێکیـی سیسـتەم، تـا ئێمـەی هەتیـو پەناگەیەکمـان دەسـت بکەوێـت کـە تێیـدا هەسـت بـە ئارامـی بکەیـن.

سەرنووسەر

مانگی ١٢ی ٢٠٢٠

# ئایین لە بواری گشتیدا؛ لە روانگەی (یۆرگن هابرماس)ـەوە

نووسینی: پ.د. ئەنوەر محەمەد فەرەج
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: محەمەد عەلی وەلی

پێشەکی

پەیوەست بە پەیوەندی نێوان ئایین و دەوڵەت بەگشتی، یان ئەوەی پێی دەوترێت: چۆنێتی رێکخستنی پەیوەندی بواری گشتی بە بواری تایبەتی هاوڵاتیانەوە، کۆمەڵگە هاوچەرخەکان بە قۆناغێکی ناهەموار و راگوزەریدا تێدەپەڕن. لە کۆمەڵگە نوێکاندا، دید و بۆچوون و تەرزە فیکری و سیاسییەکان پێشکەشکراوەکان جۆراوجۆرن، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ئیشکالییەتانە، کە پشت بە دیدگای فەلسەفی و ئەزمونی واقیعی کۆمەڵگای تر دەبەستن. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات تیۆرێکی جیاواز و جێگرەوە پێشکەش بکات بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو ئیشکالیاتانە، کە پشت بە بەشدارییەکانی زانای کۆمەڵناس و فەیلەسوفی ئەڵمانی یورگن هابرماس دەبەستێت، وەك یەکێك لە فەیلەسوفە هاوچەرخەکان کە گرنگییان بەو ئیشکالییەتە داوە، لە رێگەی خستنەڕووی چەمکی (بواری گشتی، Public Sphere وەك چوارچێوە و ژینگەی کارلێکی و گفتوگۆی مرۆیی و پەیرەوکردنی ئەزمونی دیموکراسی راوێژکاری لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی دەستوری بێلایەندا.

**تەوەری یەکەم: چەمکی**
**(بواری گشتی، Public Space )**

لە سەردەمی ئێستاماندا بەکارهێنانی چەمکی بواری گشتی فراوان و بەربڵاوبووە، رەنگە لەو وشانە بێت کە زۆرترین بەکارهێنانی هەبووە لە بوارەکانی کۆمەڵناسی و راگەیاندن و پەیوەندیکردندا، زۆرجار زاراوەی بواری گشتی وەك گوزارشتێکی بەلاغەت و رۆتەریك بەکاردێت، زیاتر لەوەی وەك رێگەیەکی سیستماتیك بۆ توێژینەوەیەکی میتۆدی و مەنهەجیيانە (Benson, ٢٠٠٩, P. ١٧٩).

هەندێك هەوڵ لە ئارادان بۆ دیاریکردنی رەهەند و دەلالەتەکانی بواری گشتی، بۆ نموونە دەکرێت جیاکاری بکرێت لە نێوان سێ رەهەندی بنەڕەتیدا: (لورونار، ٢٠١٣، ص١٥)

**رەهەندی یەکەم:** بواری گشتی لە زانستی سیاسیدا، واتە فەزای گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕکردن و ناکۆکی لە نێوان دیدگاکان، لە قاوەخانەکان و رۆژنامە و ئینتەرنێتدا، ئیشکالییەتەکانیش پەیوەستن بە پێکهاتەی جەماوەرو توێژینەوەکانی تایبەت بە شێوازی وەرگر و گۆڕەپانە گشتییەکان.

**رەهەندی دووەم:** پێگەی یاسایی، لەم روانگەیەوە فەزای گشتی فەزایەکە سەر بە دەوڵەتە یان سەر بە کۆمەڵە گشتییەکانە، ئەم پێناسەیە شەقامەکان، گۆڕەپانەکان، پارك و باخچەکان، یان تەنانەت لقێکی زانکۆیەکی حکومیش دەگرێتەوە.

**رەهەندی سێیەم:** ئەو فەزایانەی بۆ هەموان کراوەن، ئەو کەسانەی تیایدا رووبەڕووی یەکتر دەبنەوە کە یەکتر ناناسن، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ نەریت و ئادابی گشتی کە بە یەکەم شێوازی شارستانیبوون دادەنرێت، بە مانای ئەوەی رێگە بە بوونی کۆکەرەوەیەکی بێ ململانێ دەدات.

لەم توێژینەوەیەدا پشت بەچەمکی بواری گشتی دەبەستین لای فەیلەسوفی ئەڵمانی (یورگن هابرماس) کە کتێبەکەی بەناونیشانی (The Structural Transformation of the Public Sphere: An Inquiry into a Category of Bourgeois Society) بە خاڵی دەستپێکی گفتوگۆی ئەم چەمکە دادەنرێت. (عبده، ٢٠١٤، ص٣٧)

بواری گشتی وەرگێڕدراوی وشەی ئەڵمانی (Offentlichkeit) کە دەکرێت بە مانای ئاشکرایی و شەفافیەت و کرانەوەبێت. بە گوێرەی هابرماس، چەمکی بواری گشتیدا هەڵگری بەهاکانی رۆشنگەری مێژووییە وەك (ئازادی و هاریکاری و یەکسانی)، هاوکات دەرفەتی دەرکەوتنی رەخنەکردنی ئێستا دەستەبەردەکات. (فینلیسون، ٢٠١٥، ص٢٧).

(کریگ کالهۆن، Craig Calhoun) رەگەزە بنەڕەتییەکانی بواری گشتی بەم شێوەیە کورت دەکاتەوە: (أبو دوح، ٢٠١١، ص ١٤١ – ١٤٢)

١.توانای تێکەڵبوون و پێکگەیشتنی کۆمەڵایەتی لە نێوان تاکەکاندا، بەبێ گوێدانە پێگە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو تاکانە.

٢.گفتوگۆ عەقڵانییەکان بە تاکە سەنگی مەحەك دادەنرێت لە هەر پرسێکدا کە بۆ گفتوگۆ و دانوستان دەخرێتەڕوو.

٣.ئەو بابەت و پرسانەی دەخرێنە گفتوگۆوە لە بواری گشتیدا، پێشتر نەخراونەتەڕوو

لە گفتوگۆ و رەخنەی لەو شێوەیەدا، وەك پرس و بابەتەکانی پەیوەست بە حکومەت و دامەزراوە ئایینییەکان و دەسەڵاتی دەوڵەت.

٤.یەکێك لە دیارترین تایبەتمەندییەکانی بواری گشتی، لەخۆگرتنی ژمارەیەکی زۆری تاکەکانە لە یەك پرۆسەی گفتوگۆ و دانوستاندا، ئەو گفتوگۆ و دانوستانە لەبارەی یەك پرسەوە دەبێت، کە بەلای هەموو تاکەکانەوە گرنگە (بەشداربن یان بەشدارنەبن لەو گفتوگۆیەدا).

لە کاتێکدا (نانسی فریزر، Nancy Fraser) بنەما سەرەکییەکانی تێزەکەی هابرماس لەبارەی بواری گشتییەوە بەم شێوەیە دیاریدەکات: (علوش، ٢٠١٤ ، ص ٨٥)

١.لەگەڵ بەرژەوەندییە تایبەتەکان و گفتوگۆ تایبەتەکاندا دژ دەوەستێتەوە.

٢.ئامانج چاکەی هاوبەش و بەرژەوەندی گشتییە.

٣.پشتدەبەستێت بە گفتوگۆی ئەقلانی بە ئاراستەی گەیشتن بە کۆدەنگی.

٤.رێگە بە دروستکردنی رای گشتی دەدات، لە رێگەی پشتبەستن بە بەڵگەکان.

٥.نایەکسانییە کۆمەلایەتییەکان وەلادەنێت، بۆئەوەی گفتوگۆکان لەنێوان تاکە یەکسانەکاندا بکرێت.

لەژێر رۆشنایی ئەو توێژینەوانەو نووسینەکانی خودی هابرماس ئاماژەکانی چەمکی بواری گشتی کورت دەکەینەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

**لقی یەکەم: بواری گشتی و بەکارهێنانی گشتییانەی عەقڵ:**

**یەکێك لە دیارترین تایبەتمەندییەکانی بواری گشتی، لەخۆگرتنی ژمارەیەکی زۆری تاکەکانە لە یەك پرۆسەی گفتوگۆ و دانوستاندا**

بواری گشتی لە پلەی یەکەمدا فەزایەکی (عەقلانییە، Rational)، فەزایەکی عەقلانی لە پلەی دووەمدا واتا: عەقلانییە بەو پێیەی کەسە ناعەقلانییەکان دووردەخاتەوە، هەروەها عەقلانییە بە پێی ئاماژەکانی ئەو ناوەرۆکەی گفتوگۆی لەسەر دەکرێت (محمد، ٢٠١٦). بواری گشتی سیستەمی داخراو نییە، بەڵکو تۆڕێکی پەیوەندی عەقلانییە لە نێوان تاکە ئازادو یەکسانەکاندا، کە بیرۆکەکان بە ئازادانە تاوتوێ دەکەن و گفتوگۆی رەخنەیی لەسەر دەکەن لە شوێنە گشتی و کراوەکاندا، لەگەڵ پشتگوێخستنی رەچەڵەك و پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابورییان، هەمووان بەشداری دەکەن، وەك هاوڵاتی بەشداربووی گفتوگۆیەکی عەقلانی، کە پشت دەبەستێت بە باشترین بەڵگە، لەگەڵ رەخنەکردنی بواری دەسەڵاتی گشتی لە دەوڵەتدا (نەجار و شەرەفی، ٢٠١٤، ل ٤٤٠).

عەقلانیەت لای هابرماس دوو مانا دەگەیەنێت: بەرگریکردن لە عەقڵ وەك پەنایەك، لەگەڵ هۆشیاری بەپێویستزانینی نوێکردنەوەیدا، ئەوەش بەگواستنەوەی قورسایی لە

ئەقڵانیەتی ئامرازییەوە بۆ ئەقڵانیەتی گفتوگۆ و راوێژکاریی بنیاتنراو لەسەر رەخنە، دواتر گەڕان لە ناو ئەو عەقڵەدا بۆ ئەو رەگەزانەی کە دەتوانن دابڕانەکانی مۆدێرنیتی پێکەوە گرێبدەنەوە لەسەر بنەمای رەوایەتی سیاسی و ئەخلاقی، لەسەر بنەمای گەردوونیبوون وترانسێندێنتاڵبوون، کەواتە عەقڵ کۆڵەکە و بنەمای تیۆری کۆمەڵایەتی (کۆمەڵگای پەیوەندیکردن)و تیۆری سیاسییە (دیمۆکراسیەتی گفتوگۆ)، هەروەها بەهێزترین چەکە لە رووبەڕووبوونەوەی ئەنگێزە ناعەقڵانییەکان، فەلسەفی بێت یان زانستی (أحمد، ٢٠١٠).

## لقی دووەم: بواری گشتی کراوەیە بۆ هەموو هاوڵاتیان:

هابرماس باوەڕی وایە، بواری گشتی پێش هەموو شتێك لایەنێکە لە ژیانی کۆمەڵایەتیمان، دەکرێت شتێکی تێدا دروستببێت نزیك بێت لە رای گشتی. ئەگەری بەهرەداربوون لێی مسۆگەربێت بۆ هەموو هاوڵاتییەك، لەگەڵ هەموو دەستپێکردنی گفتوگۆیەك لە نێوان کۆمەڵە تاکێکدا بەشێك لە بواری گشتی دروستدەبێت، کە لە بواری تایبەتەوە دەخزێنە بواری گشتییەوە بۆ دورستکردنی قەوارەیەکی گشتی (Habermas, ٢٠١٠, P. ١١٤-١١٥).

بواری گشتی ئەو فەزا کۆمەڵایەتییەیە کە بە ئاڵوگۆڕی ئەقڵانی و رەخنەیی دەناسرێت لە نێوان تاکەکەس و کۆمەڵەکاندا، کە هەوڵدەدات بگاتە دۆخی سازان لەبارەی ئەو پرسانەی پەیوەستن بە پیادەکردنی دیموکراسییەوە (العزماني، ٢٠١٣)، هابرماس دەڵێت: "مەبەستم لە بواری گشتی ئەو شوێنانەیە کەتاکەکان و کۆمەڵە سەربەخۆکان تیایدا کۆدەبنەوە بۆ گفتوگۆکردنی کاروباری هاوبەش و یاساکان و بەهاکان، بەمەستی دارِشتنەوەی سیاسەتەکان و چارەسەرییەکان و ئەو ئاستەنگانەی کە رووبەڕووی هەموو کۆمەڵگە دەبنەوە"(Habermas, ١٩٩١, P. ٢٧). بۆیە کارلێك و بەرکەوتنەکان لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا رووبەڕووبوونەوەی زانستیانە نییە، کە زمانی زانستی تیادا بەکاربهێنرێت، بۆ پێوانەکردنی دروستی راستییە گشتییەکان، بەڵکو ئەزمونێکە خەڵکە جیاوازەکان مانای جیاواز دەبەخشن بە هەمان ئەزمون، ئەوەش بە ئامانجی دروستکردنی رێککەوتنێك لەبارەی دروستکردنی رێگەی جیاواز بۆ تێگەیشتن (دیلو، دیل، ٢٠١٠، ص ٧٣٧).

لە رووی مێژووییەوە چەندین رەخنە ئاراستەی واقیعی بەشداری لە بواری گشتیدا کراوە لە ئەوروپا، لە رووی "تیۆرییەوە" رووبەرێکە کەسانێك وەك هاوشان بەشدارییان کردووە لە گفتوگۆی عەقڵانی لەپێناو گەیشتن بە حەقیقەت و بەرژەوەندی گشتی، بەڵام لە رووی "پراکتیکییەوە" دەوڵەمەندیی و خوێنەواریی دوو مەرجی شاراوەی بەشداریکردن بوون، لە واقیعیشدا زۆرینەی هەرەزۆری خەڵکی هەژار و نەخوێنەوارەکان و هەموو ئافرەتانیش، لە بواری گشتی دورخرابوونەوە (فینلیسون، ٢٠١٥، ص ٣٠).

## لقی سێیەم: بواری گشتی و بەرژەوەندی گشتی:

هێڵی جیاکەرەوەی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگا، بەشێوەیەکی بنەڕەتی بواری گشتی لە بواری

تایبەتی جیادەکاتەوە. پێشتر بواری گشتی هاوتای دەسەڵاتی گشتی بوو، بواری تایبەتیش "بواری گشتی" بنەڕەتی بوو، چونکە بواری گشتی لەو کەسانە پێکدێت کە لە بورای تایبەتەوە دێن، کەواتە جارێکی تر جیاکاری دەکەین لە جیهانێکدا کە تەنها بۆ خەڵکی تایبەت قۆرخکرابوو، لە نێوان دوو بواری تایبەت و گشتیدا (Habermas, ١٩٩١, P. ٣٠).

هاوڵاتیان هاوشێوەی خاوەنکارەکان و کەسانی پیشەیی بەپێی کاروباری تایبەتیان مامەڵە ناکەن، هەروەها وەکو ئەندامانی سیستەمێکی دەستوری رەفتار ناکەن کە ملکەچی بەندوباری یاسایی بیرۆکراسیەتی دەوڵەت بێت، بەڵکو وەك قەوارەیەکی گشتی مامەڵە دەکەن، کاتێك بەرێگەیەکی بێ کۆتوبەند راوێژدەکەن، لەگەڵ دەستەبەرکردنی ئازادی گردبوونەوە و پێکهێنانی کۆمەڵەکان و ئازادی رادەربڕین لە راوبۆچوون و بڵاوکردنەوەیان، لەبارەی ئەو پرسانەی پەیوەستن بە بەرژەوەندی گشتییەوە (Habermas, ٢٠١٠, P. ١١٤-١١٥).

بەم مانایە، بواری گشتی دەکەوێتە نێوان بواری تایبەت و بواری دەسەڵاتی گشتییەوە، بواری تایبەتیش کۆمەڵگەی مەدەنی لەخۆدەگرێت بەمانا بەرتەسکەکەی، مەبەستیشمان لە جیهانی ئاڵوگۆڕی شمەك و کاری کۆمەڵایەتییە لە کاتێکدا کە بواری دەسەڵاتی گشتی پەیوەستە بە دەوڵەت یان بواری پۆلیس و توێژی حوکمڕانەکان. ئەم جیاکارییەش لە نێوان دەزگاکانی دەوڵەت و بازاڕە ئابوورییەکان و کۆمەڵە دیمۆکراسییەکان خاڵێکی بنەڕەتییە لە تیۆری دیموکراسیدا،

## بواری گشتی ئەو فەزا کۆمەڵایەتییەیە کە بە ئاڵوگۆڕی ئەقڵانی و رەخنەیی دەناسرێت لە نێوان تاکەکەس و کۆمەڵەکاندا

چونکە جەماوەر بواری گشتی بە دامەزراوەیەکی سیستماتیکی دادەنێت لە دژی دەسەڵاتی دەوڵەت، لێرەوە توێژینەوەی لە بواری گشتیدا پێویستە جەخت لەسەر دیموکراسییەتی بەشدارەکی بکاتەوە، هەروەها چۆنیەتی گۆڕانی رای گشتی بۆ ئەوەی ببێتە کارێکی سیاسی (یسین، ٢٠٠٨).

### لقی چوارەم: بورای گشتی و بەیەکگەیشتی ئازادانە:

هابرماس پێی وایە پەیوەندیکردن پێویستی بەچەند ئامرازێکی دیاریکراو هەیە بۆ گواستنەوەی زانیاری و کاریگەریی دروستکردن لەسەر ئەوانەی زانیارییەکە وەردەگرن، بۆیە ئامرازەکانی راگەیاند لە بواری گشیدا، پێکدێت لە رۆژنامە، گۆڤار، رادیۆ و تەلەفزیۆنەکان. لێرەدا باس لە بواری گشتی سیاسی دەکەین، کە گفتوگۆ گشتییەکان لەسەر ئەو پرسانە دەکرێن کە پەیوەستن بە چالاکی دەوڵەتەوە (Habermas, ٢٠١٠, P. ١١٤-١١٥). ئەم بیرۆکەیە بانگەشەی ئەقلانیکردنی دەسەڵات

دەکات لە ڕێگەی میکانیزمی گفتوگۆی گشتی لە نێوان تاکەکان، ئەوەش دەکرێت بێتەدی لەسەر بنەمای گۆڕان و دووبارە ڕێکخستنەوەیەکی عەقڵانییانەی دەسەڵاتی سیاسی (Habermas, ٢٠١٠, P. ١١٩).

چەمکی بواری گشتی لەسەر بیرۆکەی تاوتوێکردنی کاروباری گشتی بنیادنراوە، بە ڕێگەیەکی شەرعی لەچوارچێوەی هەوڵێکی عەقڵانی بۆ بەرژەوەندی گشتی، ئەوەش واتا ئاستێکی خوازراو لە شەفافییەت لە پەیوەندی نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئەم پرۆسەیە (Salvatore, ٢٠٠٧, P.٧). هابرماس لە تیۆری پەیوەندیکردنەکەیدا پێداگری دەکات لەسەر بەمرۆییکردنی پرۆسەی بەعەقڵانیکردن، بە هێنانەناوەوەی ڕەهەندەکانی پەیوەندیکردن، هەروەها کۆنترۆڵکردنی جوڵەکانی فەزای گشتی نوێ لە ڕێگەی پێوەرە ئەخلاقیەکانەوە، ئەوەش چەندین بوار دەکاتەوە کە هیچ بەندوباوێکیان تێدانییە بۆ ئازادی و کارلێککردنی مرۆیی (عواج، ٢٠١٠). لەبەرئەوە سەرجەم کۆمەڵگا مرۆییەکان سوود لە بنەماکانی پەیوەندیکردن و بەڵگەکان بۆ یەکلاییکردنەوەی ئاشتییانە و پەسەندکراوی ناکۆکییەکان، لەم ڕووەوە ئەو هەوڵانەی هابرماس داویەتی بۆ دانانی بنەما سەرەکییەکانی بواری گشتی کارێکی زۆر گرنگە بۆ ئاشتی (Walsh, ٢٠١٢, P. ٥٣)، هابرماس بواری گشتی بە بنەمایەك دادەنێت لە چەسپاندنی سیاسەتی دیموکراسیانەدا، بناغەیەکە بۆ بەها ئەخلاقی و مەعریفییەکان کە دیموکراسیەت بەهێز دەکەن، کە بریتیە لە یەکسانی و ئازادی و عەقڵانییەت و ڕاستی.

## تەوەری دووەم

## هەڵوێستی هابرماس لە ئایین

چەمکی "ئایین" لە قوتابخانە و تیۆرو پسپۆڕییە جیاوازەکاندا ئاماژەی جیاوازی هەیە، سەرباری ئەو پێناسانەی لەلایەن بیرمەندانی سەر بەو قوتابخانەو تیۆر و پسپۆڕییانە پێشکەشکراون، ناکۆکییەکان گەیشتۆتە ئاستی نەگەیشتن بە ڕێکەوتن لەسەر شێوازێك بۆ پێناسەی چەمکی (ئایین) کە ڕێکەوتنی لەسەر کرابێت، سەرەڕای جیاوازی هەڵوێستیان لەسەر ئایین و ڕۆڵی ئایین.

جێی بایەخە لێرەدا ئاماژە بۆ باوەڕی بیرمەندانی سەدەی نۆزدە بکەین، لەبارەی پاشەکشەی پێگەی سەنتەرییانەی ئایین لە کلتوری و کۆمەڵگەی ڕۆئاوادا، بۆیە (هیگڵ) وایداناوە کە عەقڵ، بەهۆی وردێتی چەمکییەوە، ئایینی تێپەڕاندووە. (فویرباخ) پەیوەندی مرۆڤی بەخواوە وەك یاریی سفریی وێناکردووە، یارییەك ئەنجامەکەی سفرە، باوەڕی وایە پێداگری لە ئیمان و لەخواترسان لە بەرزی ئامانجەکانی مرۆڤ کەم دەکاتەوە، لە کاتێکدا (مارکس) باوەڕی وایە کە مرۆڤ خۆی ئایین دروست دەکات، نەك ئایین مرۆڤ دروست دەکات، بەڵام (نیچە) لەسەر زاری زەردەشتەوە ڕایگەیاند، کە (خودا مرد!) مەسیحییەتیشی بە دامەزرێنەری (ئەخلاقی کۆیلەکان) وەسفکرد (دیب، ٢٠٠٦).

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە بۆچوونە جیاوازەکانی هابرماس بکەین لەبارەی

ئایینــەوە، كــە خۆیــان لــە چــوار بۆچوونــدا دەبیننــەوە (غفــاری، ٢٠١٧، ص ٩١-٩٢):

١.ئاییــن وەك دامەزراوەیەكــی مێژوویــی كۆمەڵایەتــی پەیوەســت بەژیــان (A Historical-Social Institution).

٢.ئاییــن وەك میكانیزمــی كاری رەخنەیــی و گۆڕانــكاری لــە پەیوەندییــە مرۆییــەكان (Instrument of Criticism).

٣.باوەڕهێنــان بــەوە ئاییــن دیدگایەكی گەردوونییە یان بیروباوەڕێكی گشتگیرە (Worldview) .

٣.ئایین وەك زمانێكی هاوبەش بۆ تێگەیشتن لە نێوان زەینەكاندا (common language) .

بۆچوونەكانــی هابرمــاس لەبــارەی ئایینــەوە لــە چوارچێــوەی گرنگیدانــی بــە فەلســەفە و زانســتی كۆمەڵایەتــی رۆژئــاوا و ئەڵمانییــەوە دروســتبووە، كــە لــە ژێــر كاریگەریــی ئــەو فەیلەســوف و بیرمەندانــەدا بــووە، تەنانــەت "تاماوەیەكــی نزیــك بــە بیرمەندێكــی ســیكیولاری تونــد ناســراوبوو، نووســینەكانی بابەتــە ئایینیەكانــی لەخۆنەدەگــرت، مەگــەر لــە بۆنــەی راگــوزەر و هەڵاوێــردا نەبێت، بــەڵام ئــەم چەنــد ســاڵە كەمــەی كۆتایــی لــەم رووەوە گۆڕانــكاری تیــادا دەبینــرا" (دیــب، ٢٠٠٦). لەبەرئــەوە پێویســت بــوو توێژینــەوە لــە ئاماژەكانــی چەمكــی ئاییــن و گەشەســەندنەكانی لــەلای هابرمــاس بكرێــت، بەپشتبەســتن بــە كتێــب و توێژینــەوە و دیمانــە جۆراوجۆرەكان لەمــاوە مێژووییە جیاوازەكانــی ژیانــی فیكــری (هابرمــاس).

لقــی یەكــەم: هابرمــاس و ئیمانــی ئایینــی:

پێــش هەمــوو شــتێك پێویســتە هەڵوێســتی

## بۆچوونەكانی هابرماس لەبارەی ئایینەوە لە چوارچێوەی گرنگیدانی بە فەلسەفە و زانستی كۆمەڵایەتی رۆژئاوا و ئەڵمانییەوە دروستبووە،

هابرمــاس دیــاری بكرێــت لــە ئاییــن وەك بیروبــاوەڕ یــان ئــەوەی پێــی دەوترێــت بــاوەڕی ئایینــی و پەیوەنــدی بــە فەلســەوە، بۆیــە "پرسیاری لێكرا ئایا فەلســەفە ســەركەوتوو دەبێــت لــە لەخۆگرتنــی دیدگا گرنــگ و گــەوهەرییەكانــی ئاییــن، هابرمــاس وەڵامــی دایــەوە: نازانم، دیار نییــە" (Eduardo, ٢٠٠٢, P. ١٦٣) وەك بەرگرییــەك لــەم (نازانمگەراییــە) هابرمــاس جیــاوازی دەكات لەنێــوان ئــەو وتــە راســتەقینانەی كــە ئەنجامــی راســتەوخۆی نییــە لەســەر گوتــاری گشــتی (وەك: بــاوەڕم وایــە عیســا كــوڕی خودایــە)، لەگــەڵ ئەوانــەی كــە دەرئەنجــام و كاریگەرییــان هەیــە (وەك: هاوڕەگەزبــازی تاوانــە)، بۆیــە تەنهــا خواســتی ئــەو ئەوەیــە كــە بیرۆكــە ئاشــكراكان لــە فــەزای گشــتی سیاســیدا بیرۆكەی دنیایی بن (رشیدي،٢٠١٧، ص ٨-٩).

بۆیــە رای هابرمــاس لەبــارەی ئاییــن و رۆڵــی ئاییــن لەژیانــدا هەرچــۆن بێــت، دەرهاویشــتەی دیدێكــی ئایینــی نییــە، "بەشــێوەیەكی میتۆدیانــە (خوایەتــی) رەتكردۆتــەوە، چونكــە ئــەو

فەیلەسوفێکی نازانمگەرایە، دیدگای ئایینی لەلای ئەو هێشتا (ئەوێك)ـە، بۆیە ئەو گرنگی بەو پرسیارە نادات (ئایا ئێمە دروستکراوی خواین؟) بەڵام بەلایەوە گرنگە چ مانایەك وەردەگرین لەوەی کە ئەگەر دروستکراوی خوا بین، پاشان ئەو مانایە لە چوارچێوە ئایینییەکەی دەربهێنین، بیگۆڕین بۆ فەلسەفەیەکی دنیایی (شامبرز، ٢٠١٥، ص ٢٠).

هابرماس داوای گفتوگۆیەکی رەخنەیی دەکات لە نێوان فەلسەفە و ئاییندا، پشت بە دەروازەیەکی (پاش میتافیزیکیانە) دەبەستێت، مەبەستیشی هەڵوێستێکی (نازانمگەراییە، Agnostic) کە ئیمان لە ئەقڵ جیادەکاتەوە، بەبێ ئەوەی هاوشێوەی لاهوتی هاوچەرخ دانبنێت بە راستی ئایینێکی دیاریکراودا، هەروەها بەبێ ئەوەی هاوشێوەی رەوتە پۆزەتیڤیستە دژە ئایینەکان پێشوەخت بڕیار لەسەر ئەوەبدات کە نەریتە ئایینیەکان ناتوانن هیچ ناوەڕۆکێکی مەعریفی بەڵگەدار بونیاد بنێن (ولد أباه، ٢٠١٢). کەواتە هابرماس لە رووی هەڵوێستەوە لە ئیمانی ئایینی کەسێکی (نازانمگەرایە)، بەڵام دەیەوێت بە بێلایەنی بمێنێتەوە لە نێوان خاوەن بیروباوەڕە ئایینیەکان و لایەنگرانی رەوتە پۆزەتیڤگەرا و سروشتگەراکان، هاوکات لە هەوڵی ئەوەدایە رووبەرێکی هاوبەش بدۆزێتەوە بۆ پێکگەیشتن و گفتوگۆ لە نێوانیاندا، پاشان دەرهێنانی ناوەڕۆکە ئەرێنییەکانی هەردوو ئاراستەکە بۆ ژیان لە پێناو خزمەتی کۆمەڵگە مرۆییە هاوچەرخەکان.

## لقی دووەم: ئایین وەک سەرچاوەی بەهاو ژیانێکی باش:

دەکرێت لێرەدا جەخت لەسەر راوبۆچوونەکانی هابرماس بکەینەوە لەبارەی ئەو هێزە شاراوانەی ئایین، کە دەکرێت ببنە سەرچاوە بۆ بەهاکان لە جیهانی هاوچەرخدا، هەروەها ببنە پاڵپشتی مانا پێوەرییەکان لەبارەی ژیانێکی باش لە سایەی هەژموونی سەرمایەداری و بەهاکانی بەکاربردندا، هابرماس باوەڕی وایە بەها ئایینیەکانی وەک خۆشەویستی و هەماهەنگی و خۆپارێزی، دەتوانن لەبەرامبەر بەهاکانی کێبەرکێ و دەستخستن و یارییێکردنی گشتگیر و زاڵدا بوەستنەوە.

هابرماس مکوڕە لەسەر ئەوەی نەریتی ئایینی سەرچاوەیەکی سەرەکی پێکدەهێنێت بۆ بەرهەمهێنانی بیری نوێ لەبارەی یەکسانی و دادگەرییەوە، هەڵهێنجانێکی سیکیولارانە لە تەعالیم و راسپاردە ئایینییەکانەوە، بۆ نموونە (تیۆری گرێبەست) لە سیاسەتدا، ئەو تیۆرەیە کە بنەمای جیهانبینی نوێیە لەبارەی (حوکمڕانی بە رەزامەندی حوکمکراوان)، هەرگیز دەرنەدەکەوت ئەگەر بەڵێنەکانی کتێبی پیرۆز و بەڵێننامەکانی نەبووایە، بەهەمان شێوە بیرۆکەی (شایستەیی خودی و ناوخۆیی) وەك تایبەتمەندییەك بۆ هەموو تاکێک، کە پاشتر دەبێتە بنەما بۆ مافی مرۆڤ، راستەوخۆ لەو نموونە مەسیحییەوە سەرچاوە دەگرێت، کە هەموو مرۆڤەکان یەکسانن لە لای خودا (دیب، ٢٠٠٦).

هابرماس تێبینی ئەوەی کردووە، رەوایەتی یاسایی بنەمای ئەخلاقی هەیە، ئەو ئەخلاقیبوونەش رەگ و ریشەکانی لە

پیرۆزییدایە، هابرماس دەڵێت: "یاسای ئەقڵانی یەکسانیخوازی بەهەمان شێوە بنەمای ئایینی هەیە، ئەو بنەمایانە لە شۆڕشی جۆرەکانی هزردا رۆچوون، کە هاوکاتبوون لەگەڵ هەڵکشانی ئایینە جیهانییەکاندا، بەڵام بنەماکانی نەریتی ئایینی کە بە سەرچاوەی ئەو رەوایەتییە یاسایی و سیاسییە دادەنرێت، بنەماگەلێکن لە دێرزەمانەوە بە دنیایی کراون (هابرماس، ٢٠٠٦، ص ١٣١).

بەکارهێنانی بەڵگە ئایینییەکان لە گفتوگۆی گشتیدا، دەتوانێت ببێتە هۆکاری پتەوکردن یان هەڕەشە بۆ کۆمەڵێک کاروبار، وەك: (هەڵوێستی ئەخلاقی بنەڕەتی بەرامبەر ئەوانی تر، رەوایەتی دیموکراسیانە بۆ بڕیارە گشتییەکان، دادگەری بڕیارە گشتییەکان، هاریکاری کۆمەڵایەتی، هەروەها توانای کۆمەڵگەی دیموکراسی لە وەڵامدانەوەی کێشە بەکۆمەڵەکان) (March, ٢٠١٣, P. ٥٣٢). بۆیە هابرماس رای وایە، لەسەردەمێکدا کە سەرمایەداری و بەهاکانی بازاڕ و کەلتووری بەکاربردن زاڵبوون بەسەر ژیانی نوێدا، دەکرێت ئایین ببێتە ئیلهام بەخشی جیهانبینییەکانی ژیانێکی باش و سەرچاوەی بەهاکان و پێوەرەکانی دامەزراوەی دەوڵەتێکی دەستووری و کلتوری مافی مرۆڤ و دیموکراسی.

### لقی سێیەم: ئایین وەک سەرچاوەیەک بۆ هیوا و هۆشیاری سەبارەت بەوەی ونبووە:

هابرماس وەک سەرچاوەی (هێز یان مەترسی یاخود ئیلهام) بۆ هۆشیاری نوێی خودی، سەیری ئایین و لاهوت دەکات، ئەو دوانە سەرچاوەی هێزن، چونکە دید و بۆچوونەکانیان لەبارەی

## هابرماس مکورە لەسەر ئەوەی نەریتی ئایینی سەرچاوەیەکی سەرەکی پێکدەهێنێت بۆ بەرهەمهێنانی بیری نوێ لەبارەی یەکسانی و دادگەرییەوە.

جیهانەوە یەکدەخەن، تاکەکانی کۆمەڵگە بەژیانێکی ئەخلاقییانەوە دەبەستنەوە، هەروەها دەبنە سەرچاوەی مەترسی، کاتێک وەک ناپاکی و هەڕەشە سەیری بیرکردنەوەی رەخنەیی دەکەن، هەروەك دەبنە سەرچاوەی ئیلهام، کاتێك دیدگایەک لەبارەی ژیانێکی باشترەوە پێشکەشدەکەن، بێگومان هابرماس خوازیارە کە ئایین و لاهوت ببنە سەرچاوەی هێز و ئیلهام و جەختی لێدەکاتەوە، هەروەها ئارەزوو ناکات ببنە سەرچاوەی مەترسی (آدامز، ٢٠١٦ ، ص ٢٠ ).

هابرماس بیرکردنەوەی ئایینی دەبەستێتەوە بە جۆرەکانی تری بیرکردنەوەوە، وەک بیرکردنەوەی (میتافیزیکی، ئەفسانەیی، رزگاربوون). بەڕای ئەو بیکردنەوەی میتافیزیکی جۆرێکە لە فەلسەفە کە هەوڵدەدا بۆ دەستخستنی تێڕوانینی خوا، بیرکردنەوەی ئەفسانەیی ئەوەیە کە سروشت و مروڤ و جیهان و جیهانبینی تێکەڵدەکات، بیرکردنەوەی ئایینیش دەبەستێتەوە بە زمانی هیوا و رزگارییەوە، کە تا ئێستا ژانرە فەلسەفییەکان زاڵ نەبوون بەسەریدا. تەنها ئەم لایەنەی کۆتایی بریتییە لەو بەشەی

ئایین کە هابرماس بیری لێدەکاتەوەو رای وایە دەتوانێت بەشدارییەکی ئەرێنی بکات لە ژیانی کۆمەڵایەتی نوێدا (آدامز، ٢٠١٦ ، ص ٢٨ (.

میکائیل فوسیل ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە هابرماس لە نووسینەکانیدا چەند بەربەستێکی دۆزیوەتەوە لەبەردەم فەلسەفەی نوێدا، لە ئاییندا دەگەڕێت بۆئەوەی ئەو بەربەستانە تێبپەڕێنێت، وای دەبینێت ئاوڕدانەوە (الانعطاف) بەرەو ئایین، پێویستە و خۆلادان لیێ مەحاڵە، کاتێک تێبینی ئەوە دەکات، فەلسەفەی رۆشنگەری (فلسفة الأنوار) هەندێک کەموکوڕی تێدایە لە کاروانی بەسیکیولارکردندا، هابرماس لە یەکێک لە توێژینەوە نوێیەکانیدا لە بارەی ئایینەوە، ئەو ئاوەڕدانەوەیە (الانعطاف) ناودەنێت (هۆشیاری لەبارەی ئەوەی کە ونبووە) (فوسیل، ٢٠١٥).

لەوەی رابورد تێبینی دەکەین، کە هابرماس لە ئاییندا بۆ شتێك دەگەڕێت کە لە فەلسەفەدا ونبووە، بەڵام بۆ ژیانی نوێ پێویستە، بۆیە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئایین وەك سەرچاوەی هێز و ئیلهام هەروەها زمانی هیوا و رزگاریی لە ئاییندا بەپێویست دەزانێت بۆ پڕکردنەوەی کەموکوڕییەکانی فەلسەفە و بەسیکیولارکردن.

## لقی چوارەم: ئایین و توانای بەشداریکردن لە بواری گشتیدا:

کۆمەڵگە نوێیەکان پشت بە سێ سەرچاوە دەبەستن بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتی، ئەوانیش بریتین لە: پارە و دەسەڵات و هاریکاری، کێشەی راستەقینەی مۆدێرنێتی لەوەدایە کە سنوری دیاریکردوە لە نێوان ئەو بوارانەی ژیان کە لەسەر هاریکاری بونیادنراون لەلایەک، هەروەها ئەو بوارانەی کە لەسەر پارە و دەسەڵات بونیادنراون لەلایەکی ترەوە، هابرماس وایدەبینێت، لە پێناو دووبار هاوسەنگکردنەوەی ئەو بوارانە دەبێت کۆمەڵگا نوێیەکان، توانای خۆیان لە بەرزکردنەوەی هێزی یەکانگیریی کۆمەڵایەتی (هاریکاری) بەرز بکەنەوە، بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئابووری (پارە) و دەوڵەت (دەسەڵات) (مارتوشیلی، ٢٠١٥).

هابرماس ئاماژە بە خاڵێک دەکات کە جێی سەرنجدانە، ئەویش پەیوەستە بە کەموکورتی لە (زمانی سیکیولاری)ی بەکارهاتوو، ئەو بۆشاییەی ناکرێت تێبپەڕێنرێت، مەگەر بە پەنابردن بۆ (زمانی ئایینی)، هەندێکجاریش لە رێگەی پێویستی بە جیهانێکی تری (نامادی). هابرماس دەڵێت: "لە کاتێکدا تاوان کراوە بە هەڵە، سەرپێچیکردنی راسپاردە خوداییەکان تەنها بووە بە کەموکورتی لە یاسا مرۆییەکاندا، ئەوا بەروونی دیارە کە شتێک ونبووە، بەڵام ئەوەی زیاتر لە هەر شتێکی تر بێزارمان دەکات، ئەوەیە کە ناتوانرێت ئازارەکانی رابردوو رەنگدانەوەیان هەبێت، بۆ نموونە زیانێک بەسەر بێتاوانەکاندا هاتووە، بە زەبروزەنگ مامەڵەیان لەگەڵ کراوە و کەرامەتیان شکێنراوە و کوژراون، ئەوە زیانێکە چارەسەرکردنی توانای دەسەڵاتی مرۆیی تێدەپەڕێنێت، بەڕاستی هیوای ونکراو بە قیامەت بۆشاییەکی راستەقینە لە دوای خۆی بەجێدەهێڵێت" (هابرماس، ٢٠٠٦، ص ١٣٤).

گۆڕانێک لە هەڵوێستی هابرماسدا روویداوە، لە وتارێکیدا کە لە ساڵی (١٩٩٢) بە ناونیشانی (چەند بابەتێک لە بیرکردنەوەی

پۆستمیتافیزیکی) نووسیویەتی، داندەنێت بە پەیوەندییەکی زیندوو لەنێوان ئایین و فەلسەفەدا، کاتێک ئایین ئیلهام بە فەلسەفە بەخشێت لە ڕێگەی بەهێزی ناوەڕۆکە ئاماژەییەکەیەوە، بەڵام لە وتارێکی تردا کە لە (٢٠٠٦) بەناونیشانی (ئایین لە بواری گشتیدا) نووسیویەتی پێشنیار دەکات، بە شێوازێکی گشتگیرتر لێکۆڵینەوە بکرێت لە بارەی ڕۆڵی ئایین لە بورای گشتیدا، بە بەراورد لەوەی کە کاتی خۆی دەیویست لەبارەوەیەوە قسە بکات، هابرماس جەختدەکاتەوە، کە ئایین "گرنگییەکی سیاسی چاوەڕواننەکراوی پێدراوە تا ئێستا"، لێرەدا دەبینین لە داننان بە بوونی پەیوەندی نێوان ئایین و فەلسەفەوە دەگوازێتەوە بۆ بەخشینی مافی یەکسان بە چالاکوانە ئاییندارەکان لە بواری گوتاری گشتیدا (شیدي، ٢٠١٧).

سیمون شامبرز بۆچوونەکانی هابرماس لەبارەی ڕۆڵی ئایین لەبواری گشتیدا کورت دەکاتەوە، پشتبەستن بە (ابن رشد) کە پەیوەندی ئایین بە فەلسەفەوە لە چوارچێوەی هاوئاهەنگی نێوان ئەقڵ و باوەڕدا دەبینێت، ئەوەش لە سێ خاڵدا: (شامبرز، ٢٠١٥)

١.ئایین پێگەیەکی ڕەوای هەیە لە بواری گشتیدا، ستەمە زمانی ئایینی و هاوڵاتیانی باوەڕدار دووربخرێنەوە.

٢.دەکرێت ئایین بەشدارییەکی ئەرێنی بکات لە گفتوگۆی گشتیدا، چونکە دەتوانێت واتاگەلێک بگەیەنێت کە فەلسەفە نایتوانێت.

٣.لە توانای ئاییندایە ڕۆڵ و ئەرکێکی گوتاریی بەهێز ببینێت لە پەیوەندیکردنی گشتیدا.

**لەوەی رابورد تێبینی دەکەین، کە هابرماس لە ئاییندا بۆ شتێك دەگەڕێت کە لە فەلسەفەدا ونبووە، بەڵام بۆ ژیانی نوێ پێویستە،**

## دەرئەنجام

لەکۆتایی ئەم توێژینەوەدا گرنگتیرن ئەنجامگیرییەکان لەچەند خاڵێکی چڕدا کۆدەکەینەوە:

١.بواری گشتی بەپێی هابرماس فەزایەکی ئەقڵانی کراوەیە لە بەردەم هاوڵاتییە ئازاد و یەکسانەکاندا بۆ بەشداریکردن لە گفتوگۆی ڕەخنەیی کە پاڵپشتە بە بەکارهێنانی ئەقڵ و پێکگەیشتنی ئازاد لەگەڵ پابەندبوون بە ئەخلاقی گفتوگۆ لە پێناو دیاریکردن و بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی هاوڵاتییە بەشداربووکان وبەشدار نەبووەکانیش، لە پێناو گەیشتن بە ڕاستی و بەرژەوەندی گشتی.

٢.هابرماس بەپێی هەڵوێستی فیکری و مەعریفی لە بیروباوەڕی ئایینییەوە بە (نازانمگەرا – لا أدري) پۆلێن دەکرێت، بانگەشە دەکات بۆ بەهاکانی سەردەمی ڕۆشنگەری و سیکیولاریزم وەک جیاکارییەک لە نێوان دامەزراوەکانی دەوڵەت و کڵێسادا، گرنگیدانەکانی بە ئایین لەسەرەتای ژیانی

فیکری و فەلسەفیدا گرنگیپێدانێکی لاوەکی و پەراوێزی بووە، لەژێر کاریگەری راوبۆچوونی فەیلەسوفە ئەوروپییەکانی سەدەی نۆزدەدا بوو، کە جەختیان دەکردەوە لەسەر پاشەکشەی رۆڵی ئایین لە ژیانی مرۆییدا بەگشتی و کۆتایی هاتنی رۆڵ و ئامادەیی لەبواری گشتیدا بەتەواوی و یەکجاری لە چوارچێوەی کردە ئاشکرا و گشتگیرەکانی کۆمەڵگەی ئەوروپی.

٣.لە قۆناغە فیکرییەکانی دواتردا، هابرماس بە بۆچوونەکانیدا دەچێتەوە و جیاوازی دەکات لەنێوان چوار بۆچووندا سەبارەت بە ئایین، کە ئەمانەن: (دامەزراوەیەکی مێژوویی کۆمەڵایەتی، میکانیزمێک بۆ رەخنەگرتن و گۆڕینی کۆمەڵایەتی، دیدگایەکی گەردوونی گشتیگر بۆ ژیان، زمانێکی هاوبەش بۆ لێکتێگەیشتنی مرۆیی)، لەسەر ئەم بنەمایە هەوڵدەدات ئەو هێزە شاراوەیەی ئایین بۆ خزمەتی پێکەوژیان لە کۆمەڵگە نوێیەکان بەتایبەتی ئەو رووبەرانەی زانست و فەلسەفە تێیاندا بێتوانا و دەسەڵاتن بەکاربهێنێت، بۆیە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئایین وەک سەرچاوەیەک بۆ: (ئیلهام و بەخشینی هیوا و هۆشیارییەک کە بزرە، بیر و بۆچوون لەبارەی ژیانێکی باشتر، بەهای سیاسی و پێوەرە یاساییەکانی پاڵپشتیکاری مافەکانی مرۆڤ).

٤.هابرماس جەخت دەکاتەوە لەسەر توانایی بەشدارییکردنی ئایین لە گێڕانەوەی هاوسەنگی نێوان سەرچاوەکانی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگە هاوچەرخەکان کە لە (سامان و دەسەڵات و هاریکاری)یدا خۆی دەنوێنێت، لە سۆنگەی جەختکردنەوە لەسەر توانای ئایین وەك سەرچاوەیەك بۆ هێز و ئیلهام بۆ پارێزگاریکردن لەسەر هاریکاری لە چوارچێوەی تەونی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە هاوچەرخەکاندا، بۆ رووبەڕووبوونەوەی زاڵبوونی سەرمایەداری کارگێڕی و بەهاکانی بازاڕو بەکاربردن و دەسەڵات و دەستێوەردانی دەوڵەت بۆ هەموو بوارەکان، بەڵام هۆشداری دەدات لە توانای شاراوەی ئایین بۆ گۆڕانی بۆ سەرچاوەی مەترسی و توندوتیژی لە کۆمەڵگادا.

٥.هابرماس پارێزگاری لە هەڵوێستە فیکری و مەعریفییەکانی دەکات، وەك کەسێکی (سیکیولار)، بەڵام بەشێوەیەکی روون جیاکاری دەکات لە نێوان کەسێکی (سیکیولار، Secular ) وەك کەسێکی بێلایەن (غیر مکترس، غیر مؤمن، لا أدري) لەبەرامبەر بیروباوەڕە ئایینییەکان و ئەگەری راستی و ناڕاستییان، لەگەڵ کەسێکی تر (سیکیولارگەرا،Secularist ) وەك کەسێکی ئایدۆلۆژی خاوەن هەڵوێستی دژ و هەڵچوو لەبەرامبەر ئایین و دژایەتی کردنی بیروباوەڕە ئایینییەکان.

دەقە قورئانیەکانەوە وەردەگرێت، و ئاماژەیەکی ئەوتۆ بە ئەدەبیاتی عیرفانی پێش خۆی ناکات، زۆر بەکەمی نەبێت.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: کوردی:

١.د.شێرزاد ئەحمەد نەجار، ئیدریس شێخ شەرەفی، "پانتایی گشتی Public Sphere" وەك بوارێك بۆ گفتوگۆی رەخنەیی-عەقڵانی، گۆڤاری یاساو رامیاری، کۆلیجی یاساو رامیاری زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ساڵی دوازدەهەم، ژمارە (١٦)، کانونی یەکەمی/ ٢٠١٤.

### دووەم: عەرەبی:

١.أميلي لورونار، النساء والفضاءات العامة في المملكة العربية السعودية، ترجمة: عبدالحق الزموري، الشبكة العربية للأبحاث والنشر، بيروت، ٢٠١٣.

٢.ثائر ديب، الدين والعلمانية في الفكر الغربي من هيجل إلى هابرماس، نيسان/ ٢٠٠٦، متاح على موقع (معابر) على الرابط: http://www.maaber.org/issue_april٠٦/perenial_ethics١.htm

٣.جيمس جوردن فينليسون، يورجن هابرماس: مقدمة قصيرة جدا، ترجمة: أحمد محمد روبي، القاهرة، مؤسسة هنداوي للتعليم والثقافة، ٢٠١٥.

٤.حسين غفاري، معصومة بهرام، دور الدين في الفضاء العمومي: دراسة في تطور رؤية هابرماس الفلسفية، ترجمة: محمد حسن زراقط، مجلة الإستغراب، المركز الإسلامي للدراسات الاستراتيجية، مكتب بيروت، العدد/ ٨، السنة/ ٣، صيف/ ٢٠١٧.

٥.خالد كاظم أبو دوح، مفهوم المجال العام: الأبعاد النظرية والتطبيقات، مجلة (إضافات)، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، العدد (١٥)، (صيف/ ٢٠١١).

٦.دانيلو مارتوشيلي، يورغن هابرماس: العقلنة والديموقراطية، ترجمة: إبراهيم بومسهولي، متاح على موقع (أنفاس)، بتاريخ (٢٠١٥/١١/٦)، على الرابط: http://anfasse.org/٢٠١٠-١٢-٣٠-١٦-٠٤-١٣/٢٠١٠-١٢-٠٥-١٧-٢٩-١٢/٦٣٧٨

٧.دلال محمداعواج، رائد تيار الحداثة - يورغن هابرماس، الحوار المتمدن، العدد (٢٩٥٢)، بتاريخ (٢٢/ ٣/ ٢٠١٠)، على الرابط: http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=٢٠٨٧٠٦

٨.ستيفين ديلو وتيموثي ديل، التفكير السياسي والنظرية السياسية والمجتمع المدني، ترجمة وتقديم: ربيع وهبة، القاهرة، المركز القومي للترجمة، ٢٠١٠.

٩.سيمون شامبرز، كيف يخاطب الدين اللاأدري: هابرماس وقيمة الدين الباقية، ترجمة: توفيق فائزي، مؤسسة مؤمنون بلا حدود للدراسات والأبحاث، الرباط، 2015، ص٢٠. متاح على موقع المؤسسة، على الرابط: http://www.mominoun.com/pdf١/٢٠١٥-٠٧/٥٥٩a٩٠c٥٥c٥٢٧١٩١٩٩١٤٤٣٦.pdf

١٠.السيد يسين، إنهيار المجال العام وصعود الفضاء المعلوماتي، جريدة الأهرام، (العدد/ ٤٤٤٠٥)، بتاريخ (٢٠٠٨/٧/٤)، على الرابط: http://www.ahram.org.eg/Archive/٢٠٠٨/٧/٤/WRIT١.HTM

١١.عبد الله السيد ولد أباه، الدين في الفلسفة الحديثة، مجلة (التسامح)، العدد/ ٣٨، السنة/ ١٠، (خريف، ٢٠١٢)، متوفر على موقع (تفاهم)، وعلى الرابط: https://tafahom.om/wp-content/uploads/magazine/non.pdf

١٢.عزالدين العزماني، الربيع الديمقراطي العربي وإمكان العمومية النقدية، مؤسسة مؤمنون بلا حدود للدراسات والأبحاث، بتاريخ (١٣/مايو/٢٠١٣)، متوفر على موقع المؤسسة وعلى الرابط: http://www.mominoun.com/pdf١/٢٠١٥-٠١/٥٤abc٨f١٨d٠d٣٦٨٣٢٢٩٠٨٤.pdf

١٣.كريم محمد، "المجال العام" كمتخيل اجتماعي حديث، موقع (إضاءات) بتاريخ (٢٠١٦/٠١/٢٦)، على الرابط: http://ida٢at.com/public-domain-as-a-modern-social-visualizer/.

١٤.مات شيدي، الدين في الفضاء العام: حدود مقترح هابرماس وخطاب "أديان العالم"، ترجمة: مصطفى حفيظ، مؤسسة مؤمنون بلا حدود للدراسات والأبحاث، الرباط، ٢٠١٧، ص ٧-٨. متاح على موقع المؤسسة، على الرابط: http://www.mominoun.com/pdf١/٢٠١٧-٠٨/lfadae.pdf

١٥.ميكائيل فوسيل، معتقدات الإنسان الديمقراطي هابرماس والمسألة الدينية، ترجمة: محمد صدام، متاح على موقع (بوابة العرب) على الرابط: http://vb.arabsgate.com/showthread.php?t=٤٨٢١٤١

١٦.ناصر أحمد سنه، "يورغن هابرماس": فيلسوف ألماني، برؤى نقدية عالمية، موقع (أنفاس)، بتاريخ (٢٠١٠/٨/١٣)، على الرابط: http://anfasse.org/٢٠١٠-١٢-٣٠-١٦-٠٤-١٣/٢٠١٠-١٢-٠٥-١٧-٢٩-١٢/٣٧٦٥-q-q-

١٧.نورالدين علوش، تحولات الفضاء العمومي في الفلسفة السياسية المعاصرة: من هابرماس إلى نانسي فرايزر، مجلة (إضافات)، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، العددان (٢٦-٢٧)، (ربيع- صيف/ ٢٠١٤).

١٨.نيكولاس آدامز، هابرماس واللاهوت، ترجمة: حمود حمود وشهيرة شرف، بيروت، جداول للنشر والترجمة والتوزيع، ٢٠١٦.

١٩.هاني خميس أحمد عبده، الدين والثورات السياسية: الحالة المصرية نموذجا، مجلة رؤى إستراتيجية، العدد/ ٣، يونيو/ ٢٠١٣، مركز الإمارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية.

٢٠.يورغن هابرماس، مستقبل الطبيعة الإنسانية: نحو نسالة ليبرالية، ترجمة: جورج كتوره، بيروت، المكتبة الشرقية، ٢٠٠٦، ص ١٣١.


## سێیەم: ئینگلیزی:


١.Andrew F. March, Rethinking Religious Reasons in Public Justification, The American Political Science Review, Published by: American Political Science Association, Vol. ١٠٧, No. ٣, (August, ٢٠١٣). Available at: http://www.jstor.org/stable/٤٣٦٥٤٩٢٢

٢.Armando Salvatore, The Public Sphere Liberal Modernity, Catholicism, Islam, (USA: New York, Palgrave Macmillan Ltd, ٢٠٠٧).

٣.J□rgen Habermas, Religion and Rationality: Essays on Reason, God, and Modernity, Edited by Edwardo Mendieta, Polity Press, ٢٠٠٢.

٤.J□rgen Habermas, The Public Sphere: An Encyclopedia Article, in: Iostein Gripsrud, Hallvard Moe, Anders Molander, Graham Murdock (Edit), The Idea of the Public Sphere: A Reader (United Kingdom, Lexington Books, ٢٠١٠).

٥.J□rgen Habermas, The Structural Transformation of the Public Sphere: An Inquiry into a Category of Bourgeois Society, translated by Thomas Burger, (Cambridge, MA: MIT Press, ١٩٩١).

٦.Rodney Benson, Shaping the Public Sphere: Habermas and Beyond, The American Sociologist, Published by: Springer, Vol. ٤٠, No. ٣ (Sep., ٢٠٠٩). Available at: http://www.jstor.org/stable/٢٠٦٣٨٨٤٢

٧.Thomas G. Walsh, Religion, Peace and the Post-Secular Public Sphere, International Journal on World Peace, Published by: Professors World Peace Academy, Vol. ٢٩, No. ٢ (June, ٢٠١٢). available at: http://www.jstor.org/stable/٢٣٢٦٦٦٦٤

# خودا و شەڕ

تەحسین حەمەغەریب

ئەم بابەتە نووسینێکی بچکۆلەیە دەربارەی باسێکی مەزنی وەک شەڕ!

سەرەتا ئەوە بڵێین کە ئێمە لە هەژان کۆرسمان هەبووە دەربارەی (کێشەی شەڕ)، ساڵی ٢٠١٨ بەڕێز دکتۆر سەلمان کۆرسێکی (١٠) دە وانەیی لەسەر باسی (کێشەی شەڕ) پێشکەش کردووە. جگە لەوەش لە نووسین، کۆرسەکان و کتێبەکانماندا باسمان کردووە، لە ئایینیدەشدا زێدەتر لەسەر کێشەی شەڕ دەوەستین.

**١.١** بۆچی مرۆڤ تووشی نەخۆشی، لافاو، زەمینلەرزە و ...هتد دەبێت؟

ئەوەی لەم نووسینەدا بەرباسە وەڵامی پرسیارێکە کە زیاتر لەم رۆژگاری کۆرۆنایەدا پەیدابووە، خەڵکانێک پرسیاریان لێکردووین؛ (بۆچی مرۆڤایەتی تووشی شەڕێکی وەک کۆرۆنا دەبێت؟) بەگوتەی یەکێک لە نووسەرەکان وتبووی؛ بۆچی خودا لەم بابەتەدا خودایەتی خۆی ناکات؟! ئەگەر خودایە بۆچی دەهێڵێت مرۆڤایەتی تووشی بەڵایەکی ئاوا ببێت؟! بۆ ئاسانکاری و چەندبارە نەکردنەوە، ئەو پرسیارەی سەرەوە ناودەنێین پرسیاری (A).

دەمانەوێت ئەم بابەتە وەڵامێکی کورتی پرسیاری (A) بێت، ئەویش لە روانگەی فەیلەسوفی بەناوبانگ ریچارد سوینبێرن (Richard Swinburne) کە چەند کتێبێکی دەربارەی کێشەی شەڕ هەیە، سوینبێرن فەیلەسوفی فەلسەفەی ئایین-ـە، هەروەها لە ناوەندە ئەکادیمییەکاندا پێگەی تایبەتی هەیە، بە پشتگیریی بۆچوونەکانی ئەو و دەستکاریکردنی خۆم لە بابەتەکەدا هەوڵدەدەم زۆر بە کورتی لۆجیکی ئەم بابەتە بخەمەڕوو، بەڵکو لە داهاتوودا بتوانین زۆرتر لە راژەی ئەم پرسە بکەین.

# ئارگیۆمێنتەکەی ریچارد سوینبێرن(Richard Swinburne)

### سێ پێشگریمانە:

سەرەتا لە وەڵامی پرسیاری (A)- هەروەها سەبارەت بە نەخۆشییەکان، لافاو، زەمینلەرزە و..هتد- دەبێت ئەوە لە بەرچاو بگرین کە چەند پێشگریمانەیەکمان هەیە؛

### یەکەم پێشگریمانە:

خودایەک بوونی هەیە. بێگومان کەسێک کە دەپرسێت: (بۆچی خودا رێگەی ئەمە دەدات؟) ئیتر دیارە ئەو کەسە باوەڕی بە خودا هەیە بۆیە ئەم پرسیارەی لێدەکات، چونکە لێرەدا پرسیارەکە دەربارەی کاری خودایە نەک بوونی خودا، واتا ئەوە بە پێشگریمانە وەرگیراوەکە خودا هەیە، روونتر بڵێین کە هەر وەڵامێک بۆ پرسیاری (A) وەڵامێکە بینایە لەسەر بوونی خودا، لێرەدا ئیتر باسوخواس دەربارەی بوونی خودا نییە، بەڵکو دەربارەی کاری خودایە.

کەواتا لێرەدا خودایەک هەیە، بە گوتەی ئانسلمی کانتەبێری (Anselm of Canterbury)، یەکێک لە گەورەترین دانایان و فەیلەسوفانی مەسیحیی، کە دەڵێت: " لە زەین و هەستی هەریەک لە ئێمەدا ئەوە هەیە کە مەزنێک هەیە، مەزنترینە و کەس لەو مەزنتر نییە یان بوونێکی لەو مەزنتر نییە، ئەو بوونەیش خودایە. " ئەمە پێیدەوترێت (بەڵگەی وجوودیی)، ئەم بەڵگەیە زۆرێک ئیشیان لەسەر کردووە، وەک دیکارت، ئاگۆستین، ولیەم جیمس، تەنانەت هەندێک فەیلەسوفی مسوڵمانیش سوودیان لە ئانسلم وەرگرتووە.

کەواتە ئانسلم ئەم بەڵگەیەی فێری ئێمە کردووە و ئێستا مرۆڤایەتی لە فەلسەفەی ئاییندا بەکاری دەهێنێت، ئەو خودایەش کە بوونێکی مەزنە، بەڵکو مەزنترینە و لەو مەزنتر نییە، سێ خەسڵەتی هەیە ئەم خەسڵەتانە دەتوانین بڵێین لە هەرسێ ئایینە ئیبراهیمیەکەدا هەن، ئەوانیش؛

١.ئەو خودایە دەسەڵاتی رەهای هەیە.

٢.ئەو خودایە زانستی رەهای هەیە.

٣.ئەو خودایە چاکەی رەها دەکات.

### دووەم پێشگریمانە:

ئەم بابەتە پرسێکی ئەخلاقییە، واتا ئێمە لێرەدا لە چوارچێوەی ئەخلاق و فەلسەفەی ئەخلاقەوە بۆ ئەم بابەتە دەڕۆین، بۆیە دەبینین کە پرسیاری (A) پرسیارێکی ئەخلاقییە، ئەگەر بێین لە رووی فەلسەفەی شیکارییەوە وردی بکەینەوە و شیکاریی بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە هەڵگری پرسێکی ئەخلاقییە، چونکە پرسیاری (A) هەڵگری ئەو ناوەڕۆکەیە کە بۆچی خودا رێگە بە رووداوێک دەدات کە خراپە؟ دیاریشە کە خراپ چەمکێکی ئەخلاقییە.

## سێیەم پێشگریمانە:

شەڕ بوونی هەیە. بۆئەوەی لەو مشتومڕە خۆمان دەرباز بکەین کە ئایا شەڕ هەیە یان نا، ئیتر وەک هەندێک لە فەیلەسوفەکانیش بە (نەبوون/عدم) داینانێین، واتا وەک دەڵێن نەبوونی خێر دەکاتە شەڕ، نەخێر ئێمە دەڵێین شەڕیش بوونی هەیە.

خودا بوونێکی ئەخلاقییە بۆیە شەڕ لە بووندا هەیە!

**٢.١**بەبۆچوونی من بۆ وەڵامی خێرای ئەم بابەتە دەڵێین شەڕ لەم بوونەدا هەیە، چ شەڕی ناو مرۆڤەکان کە پێیدەوترێت شەڕی ئەخلاقی، واتا خراپەی مرۆڤەکان بەرامبەر یەکتر، چ شەڕی ناو بوون، وەک نەخۆشی، لافاو، زەمینلەرزە و... هتد، کە پێیدەوترێت شەڕی سروشتی، ئیتر چ شەڕی ئەخلاقی بێت یان شەڕی سروشتی بێت، تەنانەت شەڕی مێتافیزیکییش بێت، واتا ئەوەی کە خودا هەر لە بنەڕەتی بونیادی ئەم بوونەدا شەڕی داناوە، لەم سیانە هەر کامێکیان بێت پەیوەندییان بە ئەخلاقەوە هەیە! وەڵامەکەیش ئەوەیە کە خودا بوونێکی ئەخلاقییە بۆیە شەڕ لە بووندا هەیە! دەتوانین بڵێین کە ئەمە کورتەی وەڵامی چەندین فەیلەسوفی وەک سوینبێرنە، ئێستا با ئەم وەڵامە روون بکەینەوە؛

بابەتەکە ئەوەیە کە خودا بوونێکی ئەخلاقی هەیە، ئەخلاقیش مانایەکی ئێجگار فراوانی هەیە، بەجۆرێک گەورەترین ئاقڵ و گەرەترین رۆحانی سەردەمی نوێ، مەبەستم کانتی فەیلەسوفە، کە پێیدەڵێن کۆپەرنیکۆسی فەلسەفە، وەک چۆن کۆپەرنیکۆس سەرلەبەری جیهانبینی و گەردوونبینی و پارادایمی زانستیی مرۆڤی گۆڕی، کانتیش ئاوا جۆرێکی تر فەلسەفەی پیشانی مرۆڤایەتی و فەیلەسوفەکاندا، ئەم فەیلەسوفە مەزنە دەڵێت من بەرامبەر بە دوو شت سەراسیمە تیاماوم؛

**١.** بەرامبەر بە گەردوون.

**٢.**بەرامبەر بە ویژدانی مرۆڤ.

کانت دەڵێت خودا ئەم هەموو ئەستێرە و کەهکەشانەی لە دەرەوەی مرۆڤ داناوە، ئەم بوونە چەندە بەرینە، ئێمەیش چەند گچکەین لەچاو ئەم بوونەدا، هەسارەکەمان چەند بچووکە لەچاو بووندا، ئەمانە مایەی حیرەتی زاناکانن، هەر ئەمانەیش هەموویان بەلایەک مایەی سەرسوڕمانی منن، ویژدان و ئەخلاقی مرۆڤیش بەلایەک مایەی سەرسوڕمان و مەدهۆشبوونی منە، واتا لای کانت گەردوون و ئەخلاق دوو مەزنن، ئێجگار مەزن! گەردوون و ئەخلاق لە قورئانیشدا بەئایاتی (الآفاق و الأنفس) ناوبراون! (سنريهم آياتنا في الآفاق وفي أنفسهم حتى يتبين لهم أنه الحق)، سورەتی فصلت: ٥٣، واتا رامان و روانین بۆ گەردوون وەک دەرەوەی مرۆڤ و ئەخلاق وەک ناوەوەی مرۆڤ.

بە بۆچوونی بەندە کێشەی کەسانێک کە لە بابەتی شەڕ تێناگەن ئەوەیە کە لە پانتایی ئەخلاق تێنەگەیشتوون، ویژدان/ئەخلاق هێندە گەورەن کە دەکرێت بکرێنە پێوەر بۆ هەموو شتێک! تەنانەت بۆ خودایش! ئێمە باسی ئەوەمان کرد کە یەکێک لە سێ خەسڵەتەکەی خودا چاکەی رەها بوو، ئاماژەمان بەوەیشدا کە چاکە و خراپە دوو چەمکی ئەخلاقین، کانت بە قووڵی

لەم بابەتە تێگەیشتووە، کە بە بۆچوونم ئەگەر کەسێک وەک کانت لەم بابەتە تێبگات ئەوا بە دڵنیاییەوە کێشەی شەڕی بۆ چارەسەر دەبێت!

لە روانگەی ئەو خەسڵەتەوە کە وتمان خودا بوونێکی ئەخلاقیە، کەواتا بە دڵنیاییەوە هەرچییەک دەکات بەرامبەر بە بەدیهێنراوانی ئەوا مامەڵەیەکی ئەخلاقیانە دەکات، بە دەربڕینێکی سادەتر مامەڵەیەکی میهرەبانانە دەکات، ئیتر هەر چییەک لە گەردووندا روودەدات ئەخلاقی دەکەوێتەوە، بۆ نمونە؛ من کە منداڵەکانم ماندوو دەکەم و تووشی ئازاریان دەکەم، وەک ئەوەی رێگەنەدەم کاتەکانیان بەفیرۆ بڕوات و چاودێرییان بکەم و هانیان بدەم کە بخوێنن و کۆشش بکەن، یان سەردانی پزیشکیان پێبکەم، بۆ نمونە کاتێک ددانێکیان دەبێت دەربهێنرێت، لەم کاتەدا ئازاریان پێدەگات، ئەم کردەوانە ئەگەر من لە روانگەی تەنها سۆزەوە لێیان بڕوانم ماناکەیان جیاوازە لە رووی ئەخلاقییەوە، من وەک باوک مامەڵە لەگەڵ منداڵەکانمدا بکەم جیاوازە لەوەی کەسێک ددانی منداڵەکانم دەربهێنێت بێ ئەو لایەنە ئەخلاقییە، بۆ نمونە دیکتاتۆرێک منداڵێکم بگرێت و وەک ئەشکەنجە ددانی دەربهێنێت، بۆیە زۆرجار پێدەچێت کردەوەکە وەک رووخسار، وەک دیوی دەرەکی هەمان کردەوە بێت، بەڵام جۆری مامەڵەکە بە گوێرەی مەبەستەکان جۆرێک مانا بە کردەوەکان دەدات کە جیاوازن، ئەوەی یەکەم مامەڵەیەکی باوکانەی میهرەبانانەیە، بەڵام دووەم دیکتاتۆرانەیە و بۆ مەبەستێکی ترە، ئەگەرچی هەردووکیان وەک رووکەش هەمان کردەوە(دەرهێنانی ددان)

## ویژدان/ئەخلاق هێندە گەورەن کە دەکرێت بکرێنە پێوەر بۆ هەموو شتێك! تەنانەت بۆ خودایش!

ئەنجام دەدەن، ئەم باسە پەیوەندی بە بابەتی مانـاوە هەیە کە دواتر باسی دەکەین.

**٣.١**شەڕ بە پێوەری چێژ یان بە پێوەری ئەخلاق؟

ئەو کەسەی کە باوەڕی بە خودا هەیە، خودا وەک چاکەی رەها، دەبینێت کە ئەوەی لەم بوونەدا روودەدات، ئەگەر لە چاوی خوداوە سەیری بکات نەک لە چاوی بچووکی خۆیەوە، دەبینێت کە مامەڵەیەکی میهرەبانانەیە! تەنانەت ئەو نەخۆشیانەش کە بڵاو دەبنەوە! ئەو زەمینلەرزە و بارودۆخانەی تر کە تووشی مرۆڤایەتی دەبن، لە برسێتی و ئەو جەنگانەی مرۆڤ لەگەڵ یەکتر دەیکەن! ئەگەر لەم دیدەوە لێیبڕوانین ئەوا مانا و مەدلولێکی دیکە وەردەگرن، ئەم بابەتە زەین و رۆحێکی پێگەیشتوو دەخوازێت تا لێی تێبگات، ئەم باسە وشیارییەکی پێگەیشتووی دەوێت، نەک وەک منداڵێک کە (سەعی) پێدەکەیت وا ئەزانێت کە رقت لێیەتی، چونکە خۆی کاڵە. واتا لای کەسی خاوەن زەین و رۆح و وشیاریی پێگەیشتوو ئەم باسە رووگەیەکی جیاوازی هەیە، ئەمە ئیتر سەرەتای باسەکەمانە

و دەمانکێشێت بەرەو ناوەڕۆک، لێرەوە تێدەگەین کە شەڕ بابەتێکی ئەخلاقییە، نەک بابەتی سۆز، چێژ و ئازار. واتا نابێت لە روانگەی چێژ و ئازارەوە لەم باسە بڕوانین، کامە چێژ بە من دەگەیەنێت ئەوە ئەخلاقە و کامەیش ئازارم پێدەگەیەنێت ئەوە نائەخلاقە، بەڵکو دەبێت بە پێوەرە ئەخلاقییەکە کار بکەین، کامە بۆ مرۆڤ چاکە، تەنانەت ئەگەر ئازاریشمان پێبگەیەنێت، ئەوە بابەتێکی ئەخلاقییە. لێرەدا دەتوانین سوود لە داروین وەربگرین ئەویش لەوەدا کە لە بابەتی گۆڕانکاریدا تەنها سەیری تاکە مرۆڤ ناکەم، بەڵکو کۆی مرۆڤایەتی لەبەرچاو دەرگرم، چونکە داروین یەکەم کەس بوو کە لە رووی زانستییەوە باسی لەوە کرد کە تەنها من و تۆ نەگۆڕاوین بەڵکو جۆری ئێمەی مرۆڤ لە ماوەی —بە پێی گریمانە زانستییەکان- چەندین ملیۆن ساڵە گۆڕاون، بە سوود وەرگرتن لەم تێڕوانینە واتا (گۆڕانی جۆری مرۆڤ) دەتوانین بڵێین کە مرۆڤایەتی شەپۆلێکە، ئەگەر چاکە و خراپە/شەڕ لێکبدەینەوە دەبێت کۆی ئەو شەپۆلە لەبەرچاو بگرین، نەک رەچاوکردنی ئازارێک کە تووشی کەسێک دەبێت، کەواتا دەبێت روانینمان ئەم تایبەتمەندییانەی تێدا بێت؛

**١.**روانینێکی میهرەبانانە بێت، واتا لە روانگەی میهرەبانییەوە تەماشابکەین.

**٢.**روانینمان تەنها لەسەر یەک رووبەر/ بەشێک/کەسێک نەبێت، بەڵکو کۆی ئەو رووبەرە وەربگرین، واتا بابەتەکە بە سۆز وەرنەگرین، چونکە تەنها پەیوەندی بە هەست و سۆزەوە نییە.

دەزانم هێشتا باسەکە روونکردنەوە دەخوازێت، بۆ ئەمەش دەبێت جیاوازی بکەین لە نێوان پێوەری چەشتن و پێوەری ئەخلاقی، بۆ روونکردنەوەی ئەمەش سیناریۆیەک دەخەینەڕوو ریچارد سوئێن بێرن دایناوە، کە ئەمەیە؛

تۆ وا دابنێ کە تەمەنێکت نەبڕیوە بۆئەوەی بگەیت بە ئێستا، واتا وا دابنێ کە یەکسەر ئاوا بە کامڵی لەدایکبوویت، بۆ نمونە وا دابنێ کە بە چل ساڵی لەدایکبوویت، بە لەدایکبوونت ئەزموونی چل ساڵت هەبێت، پێت بڵێین تۆ تەنها یەک خولەک دەتوانیت بژیت، بە ئارەزووی خۆت لەو یەک خولەکەدا چۆنت پێخۆشە ئاوا بژی، بەڵام لە سنووری دوو ئەگەردا، یان _بڵێین_هەر چییەک بکەیت تۆ لە بەردەمی دوو هەلدایت، ئەوانیش؛

ئەگەری یەکەم؛ بۆی هەی من چێژ ببەم، واتا لێرەدا بابەتی چێژ لەئارادایە.

ئەگەری دووەم؛ بۆی هەیە من پێم بڵێین چاکەیەک لەگەڵ ئەو مرۆڤانەدا بکە کە دوای تۆ دێنە دنیاوە، واتا لێرەدا بابەتی چاکە لەئارادایە.

بۆ نمونە؛ بۆ چێژەکە تۆ دێیت ماددەیەکی هۆشبەر بەکار دێنیت تا لە ماوەی ئەو خولەکەدا چێژ ببەیت، پرسیاری سیناریۆکە ئەوەیە کە ئایا تۆ بۆ ئەو خولەکە (چێژ) هەڵدەبژێریت یان (چاکە)؟ ئەنجامەکانی وەڵامی ئەم پرسیارە بەزۆری پێمان دەڵێن کە مرۆڤە پێگەیشتووەکان ئەوەی دووەم، واتا چاکە هەڵدەبژێرن، ئەگەرچی لەوێدا خۆی بێبەش دەکات لە خۆشی، ئەمە مانای قووڵی ئەخلاقە، ئەمەیە کە کانت دەڵێت ئیشی یەکەمی ئایینەکان ئەخلاقە، نەک چێژبردن، ئەگەرچی بابەتی چێژ خۆشە، بۆ

نموونە ئەگەر من تلیاک بخۆم خۆشە، بەڵام ویژدان/ئەخلاق پێم دەڵێت کە چاکە هەڵبژێرە نەک چێژ، بۆیە دەوترێت ئەخلاق بە هێندەی ئەقڵ کەلێن و پێچوپەنای هەیە، ئاخر هەندێک ئەقڵ لەوەدا بچووک دەکەنەوە کە کامە راستە و کامە هەڵەیە، بەڵام نەخێر، ئەقڵ گەلێک لەوە گەورەترە، هەروەها ئەخلاقیش چەندین رەهەندی گەورەی هەیە، مرۆڤی پێگەیشتوو هەروەک چۆن ئەقڵی پێدەگات، ئاوایش ئەخلاق و فەزیلەتی ئەخلاقیشی پێدەگات، ئیتر دنیای بەرینی ئەخلاق کەشف دەکات.

**من کاری دادپەروەرانە دەکەم بۆئەوەی دادپەروەر بم.**

ئەرستۆ وتەیەکی دانایانەی هەیە کە من زۆر زۆر سوودم لێبینیوە، ئەوەش بڵێم کە پێشتر لێی تێنەدەگەیشتم، وامدەزانی کە وتەیەکی تۆتۆلۆجیانەیە، تۆتۆلۆجی ئەوەیە کە ماناکەی لە خۆیدایە و شتێکی نوێ ناگەیەنێت، وەک ئەوەی بڵێیت (کتێب کتێبە)، بەڵام دواتر بۆم دەرکەوت کە من بە هەڵە لێی تێگەیشتووم، ئەویش ئەوەیە کە دەڵێت: ' من کاری دادپەروەرانە دەکەم بۆئەوەی دادپەروەر بم"، بەتایبەت ئەو کاتانەی سەرقاڵی خوێندنەوەی قوتابخانەی فەزیلەتگەرایی بووم، نمونەی ئەوەی کە کارێک ئەنجام بدەم کە بە هۆیەوە رێگری لە رووداوێکی خراپ بکەم، ئەم کارەیش بۆ خۆی دەبێتە فەزیلەت لە مندا، بۆ نمونە؛ دەستم دەشۆم، ئیتر ئەم شوشتنە دەبێتە رێگر لە بەردەم کۆرۆنادا، واتا دووبارەبوونەوەی کردارەکە/دەست شۆردن دەبێتە فەزیلەت لە مندا،

بۆیە ئەرستۆیش دەڵێت من کاری دادپەروەرانە ئەنجام دەدەم تا جیهانی دادپەروەریی لە ناو مندا دروست ببێت، کەواتە دادپەروەریی کە دەکاتە جیهانی ناوەوەی من گەورەترە لە کاری دادپەروەرانە، دەمەوێت ئەوە بڵێم کە جیهانی دادپەروەریی وەک کانت دەڵێت لە گەردوون فراوانترە، هەر بۆیەش بە کانت دەڵێن رۆحانیترین فەیلەسوفی سەردەمی نوێ، بابەتەکە ئەمەیە، کەشفی جیهانی ناوەوەی مرۆڤ، ویژدانی مرۆڤ و جیهانی فراوانی ئەخلاقی مرۆڤ، بۆیە تێگەیشتن لەوەی کە ئەمە بابەتێکی ویژدانی و ئەخلاقییە، دەرگایەکی گەورەمان بۆ تێگەیشتن لە پرسی شەڕ لەسەر والا دەکات.

**١.٢**ئارگیۆمێنت:

## لە رووی لۆجیکەوە ناکرێت کە شەڕ لەم بوونەدا هەڵبگیرێت

لە رووی لۆجیکەوە ناکرێت کە شەڕ لەم بوونەدا هەڵبگیرێت ئەگەر ئەم بوونە بوونێکی ئەخلاقی بێت، تەنانەت ئەگەر باسی خودایش لە ئارادا نەبێت، ئەمە سەرەتای ئارگیۆمێنتەکەی منە، لەبەرئەوەی کە بوون ئەخلاقییە، کەواتا دەبێت مرۆڤ ویست/ئیرادەی

هەبێت، هەروەها دەبێت بەرپرسیارێتیمان هەبێت.
سوینبێرن دەڵێت: تۆ وا دابنێ بە کوڕە گەورەکەت دەڵێیت ئاگات لە برا بچووکەکەت بێت، بەڵام هاوکات تۆیش/باوک چاودێریی برا گەورەکە بکەیت، نەهێڵیت برا گەورەکە ئازادانە چاودێریی برا بچووکەکەی بکات، دەڵێت رۆژێک دێت کە برا گەورەکە ئیر واز دەهێنێت لە چاودێرییەکەی، بە باوکی دەڵێت جا کە تۆ هەر چاودێریی من دەکەیت بۆ چاودێریی برا بچووکەکەم ناکەیەت؟! چونکە ئەوە بەرپرسیارێتییەکی رەها نییە کە لێردا باوکەکە سپاردوویەتی بە کوڕە گەورەکەی، واتا کوڕە گەورەکەی کەی بەرپرسیارێتییەکەی لە ئاستێکی کامڵدایە، ئەو کاتەی کە باوکەکە چاودێریی نەکات، واتا کارەکە بسپێریت بە خۆی، ئیرادەی هەبێت کە چۆن مامەڵە لەگەڵ برا بچووکەکەیدا بکات، تۆیش/باوک متمانەی ئەوەت پێی هەبێت کە کوڕە گەورەکە لە ئاستی بەرپرسیارێتیدا مامەڵە دەکات، ئەگەرنا هەر چاودێریکردنێکی برا گەورەکە لە ئاستی بەرپرسیارێتییەکەی کەم دەکاتەوە. ئێمەی مرۆڤ ئەگەر ئیرادەمان یەکسەرە بووایە، واتا بۆ نمونە؛ تەنها بمانتوانیایە چاکە بکەین، ئەوە دەبووە کەمبوونەوەی بەرپرسیارێتی بۆ مرۆڤ، چونکە کاتێک کە من کارێکی خراپ ناکەم ئەوە کارێکی ئەخلاقیم کردووە، کەواتا من کە ویستم هەبێت و بەرپپرسیارێتی ئەخلاقیشم بە هۆی ئەو ویستەوە هەبێت، ئیتر ویستەکە دەبێت بە جۆرێک بێت کە توانایەکی دووسەرە، واتا ئەنجامدانی چاکە و خراپە بە من ببەخشێت، (وهديناه النجدين) سورەتی البلد: ١٠،

ئەگەرنا ئەوا بەرپرسیارێتییە ئەخلاقییەکەی من بوونێکی تەواو نییە، وەک دۆخی کوڕە گەورەکە وایە کە تۆ چاودێریی دەکەیت.
کەواتا بوونی ئەخلاقیی دەخوازێت کە مرۆڤ پێگەیشتووانە مامەڵەبکات، چونکە پێشتر ئاماژەمان پێکرد کە پێگەیشتن تەنها پێگەیشتنی ئەقڵی نییە، بەڵکو پێگەیشتنی ئەخلاقییشە، هەر ئەم بابەتە وادەکات کە پرسی شەڕ بێتە ئاراوە، لەبەرئەوەی ئەو کەسە بتوانێت چاکە و خراپە بکات، واتا بتوانێت بەرپرسیارێتی ئەخلاقیی بەو پیگەیشتووییە لە ئەستۆ بگرێت، دەبێت تونای کردنی خراپەیشی هەبێت، بۆ نمونە؛ لەبەرئەوەی ئێستا کوڕەکەم ویستی هەیە، دەتوانێت چاکە و خراپەیش بکات، من وەک باوک داوای لێدەکەم کە خراپە نەکات، بەڵام چونکە ئەو ویستی هەیە، هەروەها ژیانی ئەخلاقییش ئەوە لەمن دەخوازێت کە نابێت بەزۆر بیسەپینم بەسەریدا، چونکە کە سەپاندن هاتە ناوەوە ئەخلاق مانای نامێنێت، کە ئەخلاقیش مانای نەما، لەوێدا هەموو بوون دەبێتە شەڕ، چونکە سەپاندنی ئەخلاق بۆ خۆی شەڕە، کەواتا خودی ئەخلاق داخوازی ئەوەیە کە ئەو بتوانێت چاکە و خراپە بکات، بەڵام کاتێک کە کوڕەکەم خراپەیەک دەکات، پێش هەموو شتێک وەک باوکێک ئەمە سزایە بۆ من، بەڵام ئەوە بۆ کوڕەکەم ویست/ئیرادەیە، خۆی ئەوەی هەڵبژاردووە، کەواتا ئەگەرچی من نامەوێت ئەو شەڕە بوونی هەبێت، بەڵام ژیانی ئەخلاقیی ئەو دەخوازێت کە ئەو شەڕە بوونی هەبێت! چونکە یەکەی ژیانی ئەخلاقیی ویست/ ئیرادەیە، ئەگەر ویست نەبێت تا ئەو بتوانێت

چاکە و خراپەیش بکات، ژیانی ئەخلاقییش دروست نابێت، بەم پێیە بوونی شەڕ بوونێکی ناچارەکی/حەتمییە، چونکە ژیانی ئەخلاقییش ژیانێکی ناچارەکییە، روونتر بڵێین بوونی ژیانی ئەخلاقیی و بوونی شەڕ هاوکاتن، کێشەکە لێرەدا ئەوەیە ئەم شەڕە کە هەیە رێژەکەی دەبێت چەندێک بێت لە بووندا؟ فەیلەسوفەکان لەم بابەتەدا کێشەیان هەیە، گەرنا فەیلەسوفە باوەڕدار و مولحیدەکانیش هاوڕان کە شەڕ لەم بوونەدا هەیە، بەڵام دوو پرسیار هەیە؛

**٢.٢** دەربارەی رێژەی شەڕی پێویست لە بووندا

**١.ئە**و شەڕەی کە دەبێت هەبێت دەبێت رێژەکەی چەند بێت؟ زۆرێک لە فەیلەسوفەکان کۆشاون کە ئەمە روون بکەنەوە.

**٢.**ئێمە کە دەڵێین خودا چاکەی رەهایە، ئیتر چۆن شەڕ لە ناو بووندا هەیە؟

ئەگەر توانیمان وەڵامی ئەم دوو پرسیارە بدەینەوە ئەوا توانیومانە لۆجیکی شەڕ کەشف بکەین.

هەوڵدەدەم وەڵامەکەم بە کورتی بخەمەڕوو، روونی دەکەمەوە کە دەکرێت خودا دەسەڵاتی رەها، زانستی رەها و چاکەی رەهای هەبێت و لە بوونیشدا شەڕ هەبێت، هەروەها باسی بوونی رێژەکەیش دەکەم، واتا وەڵامی پرسیاری یەکەم.

**سەبارەت بە وەڵامی پرسیاری یەکەم:**

راستییەکەی ئێمەی مرۆڤ ناتوانین ئەو رێژەیە دیاری بکەین، چونکە ئێمە (هەموو بوون)مان لێ دیار نییە، کە هەموو بوونمان لەبەرچاو نەبێت ئیتر ناتوانین رێژەی ئەو شەڕەی کە لە بووندا هەیە دیاری بکەین. زۆرجار بۆ پرسی رێژەی شەڕ نمونەی کەچەڵی باس دەکرێت،

**ئێمەی مرۆڤ ئەگەر ئیرادەمان یەکسەرە بووایە، واتا بۆ نمونە؛ تەنها بمانتوانیایە چاکە بکەین، ئەوە دەبووە کەمبوونەوەی بەرپرسیارێتی بۆ مرۆڤ.**

دەوترێت ئایا کێ کەچەڵە؟ واتا دەبێت رێژەی چەند موو بە سەرییەوە هەبێت/نەبێت ئەوا ئەو کەسە بە کەچەڵ دادەنرێت؟ بۆ نمونە؛ وا دابنێین کە بۆ ئەوەی کەسێک بە کەچەڵ دانەنرێت دەڵێین ژمارەی مووەکانی سەری دەبێت (١٠٠٠٠٠)سەد هەزار تاڵ بێت و ئەگەر (١٠٠٠) هەزار مووی کەم بێت ئەوا بە کەچەڵ دادەنرێت، ئەی بۆ (١٠٠١)هەزار و یەک نەبێت؟! ئەی بۆ (١٠٠٢) هەزار و دوو نەبێت؟! ئەی بۆ...؟!! دەبینین کە دواجار نازانین ژمارەکە دەبێت چەند بێت. بۆ بابەتی شەڕیش بە هەمان شێوە ئێمە نازانین کە دەبێت رێژەکە چەند بێت لە بووندا تا بڵێین (ئەم)رێژەیە، بڕی پێویستە و ئیتر لەوە زیاتر شەڕی ناپێویستە و خودا لە زیادە دایناوە!

بۆیە ئەم بابەتە ئارگیۆمێنتەکەی ئێمە بە درۆ ناخاتەوە کە دەڵێین لەم بوونەدا شەڕی پێویست هەیە و خۆراکی ئەم بوونەیە! بەبێ ئەم شەڕە پێویستە بوون دەبووە بوونێکی نائەخلاقیی، بۆ نمونە؛ ئێستا –ساڵی ٢٠٢٠- نەخۆشی

کۆرۆنا هەیە و خودایش چاکەی ڕەهایە!

**٣.٢**خودا، مومکین و مەحاڵ

هەرسێ ئایینی ئیسلام، مەسیحی و جولەکە، لەسەر ئەوە کۆکن کاتێک کە دەڵێین خودا دەسەڵاتی ڕەها، زانستی ڕەها و چاکەی ڕەهایە، ئەمە لە بواری مومکیندایە، مەبەست چییە لەمە؟ واتا خودا زانستی ڕەهای بەشتێک هەیە کە مومکین بێت، ئەگەر شتێک مەحاڵ بێت ئیتر زانستی چی؟! واتا هیچ زانستێک نییە دەربارەی، چونکە مەحاڵە، خودا توانای ڕەهای هەیە، واتا توانای ڕەهای بەسەر شتێکدا هەیە کە مومکین بێت، بەهەمان شێوەی زانست، ئەگەر مومکین نەبێت ئیتر توانا چ واتایەکی هەیە، ڕوونتر بڵێین ئەمە هەر بۆخۆی لە بنەڕەتەوە هەڵەیەکی لۆجیکییە بۆ خودای بەکار بهێنین، واتا لە مەحاڵدا باسی مومکین بکرێت! هەروەها کە دەڵێین خودا چاکەی ڕەهایە، لێرەشدا واتا خودا خێرۆمەندە ئەوەندی کە بکرێت/ مومکین بێت شەڕێک نەهێڵێت لە میهرەبانی خۆیەوە، سادەتر بڵێین واتا خودا لەگەڵ جیهانی بەدیهێنراوەکانیدا مامەڵە دەکات، جیهانی ئێمەی مرۆڤ، مرۆڤیش سەر بە جیهانی مومکینە، خوایش شەڕێک ناهێڵێت کە نەهێشتنەکەی لەگەڵ جیهانی مومکیندا بگونجێت، ئەمە پێچەوانە و کەمیی نییە بۆ دەسەڵاتی ڕەهای خودا، چونکە بابەتی مەحاڵ دەرهەق بە جیهانی مومکین ڕوونادات، هەر ناکرێت ڕوو بدات، چونکە کە دەڵێین مەحاڵ واتا ناکرێت ڕووبدات، ڕوونتر بڵێین ناکرێت بڵێین مەحاڵ مومکینە، کەواتە؛

**١.خودا دەسەڵاتی مومکینی هەیە.**

**٢.خودا زانستی مومکینی هەیە.**

**٣.خودا چاکەی مومکینی هەیە.**

ئەوە پێچەوانەی باوەڕبوونە بە خودا کە بڵێین شتی مەحاڵ دەکات، ئێمە کاتێک کە باوەڕمان بە خودا هێناوە پشتمان بەوە بەستووە کە خودا مەحاڵ ناکات، چونکە مەحاڵ مەحاڵە. ئێستا ئێمە بۆچی باوەڕمان بە هاوبەشی خودا نییە؟ چونکە هاوبەشی خودا مەحاڵە، نابێت خودا هاوبەشی هەبێت، ئەگەر باوەڕمان هەبێت شتی مەحاڵ مومکینە کەواتا هاوبەشی خودایش مومکینە! بۆ؟ چونکە مەحاڵ بۆ خودایەتیش مەحاڵە، بەڵام لە ئاستی مومکیندا، سەبارەت بە شەڕ خودا لەهەمبەر جیهانی مومکیندا مامەڵەیەکی ئەخلاقیی دەکات، واتا شەڕ ناهێڵێت، لە ڕووی لۆجیکییەوە، لۆجیکی شەڕ پێمان دەڵێت؛ لەبەرئەوی ئێمە باوەڕمان بە خودا هەیە و باوەڕیشمان بەوە هەیە کە خودا شەڕی مومکین ناهێڵێت، چونکە هەندێک شەڕ هەر بۆخۆی دەبێت لە بووندا هەبێت، کاتێک خودا شتێک مومکین بووبێت بیکات و ئەو نەیکردبێ ئەوە خودا خودایەتی خۆی نەکردووە، بەڵام نەخێر کاتێک کە بابەتەکە لە خودی خۆیدا مەحاڵ بێت سەبارەت بە خودایش مەحاڵە!

**دیسان پرسیار؛**

ئایا کەی ئەم بابەتە ڕوون دەبێتەوە کە دەڵێین و باوەڕیشمان وایە کە خودا بوونێکی ئەخلاقیی و چاکەی ڕەهای هەیە، ئەی بۆچی لە بوون و سروشت و مرۆڤدا شەڕی داناوە؟ ئێستا پرسیارێکی تر؛ ئەی ئەو شەڕە مومکینانەی کە دەکرا نەبن، بۆ نمونە؛ دەکرا نەخۆشی

کۆرۆنا نەبێت، بۆچی بوونی هەیە؟ لە کاتێکدا ئێمە دەڵێین بابەتەکە ئەخلاقییە، خودا دەیەوێت مرۆڤەکان ئەخلاقیانە بژین، واتا بەرپرسیارێتی ئەخلاقیی خۆیان وەربگرن، بتوانن چاکە و خراپە بکەن، هەروەها خودا خۆیشی لە ڕێگەی میهرەبانییەوە مامەڵە لەگەڵ بەدیهێنراوەکانیدا بکات، ئەی بۆچی شەڕ لەم بوونەدا هەیە؟ وتمان شەڕی مەحاڵ هەر دەبێت هەبێت، واتا بۆ خودایش مەحاڵە کە نەبێت، ئەمە لەسەرەوە روونمان کردووەتەوە، بەڵام باس باسی شەڕە مومکینەکانە، بۆچی دەبێت هەبن؟

### ٤.٢مەرجەکانی ئەخلاقییبوونی شەڕە مومکینەکان

ئێمە کاتێک لە رووی لۆجیکی و فیکرییەوە تەماشای ئەم بابەتە دەکەین، چونکە ئەمە بابەتێکە پێیدەوترێت لۆجیکی شەڕ، شەڕە مومکینەکان لە بووندا، لەناو جیهانی مرۆڤیشدا بوونیان هەیە کاتێک کە سێ مەرج هاتبێتنەدی، ئەگەر ئەم سێ مەرجە لە هەر شەڕێکدا هەبێت ئیتر ئەوە مانای وایە کە خودا مامەڵەیەکی ئەخلاقیی لەگەڵ ئێمەدا کردووە، واتا ئەوە بۆ ئێمە شەڕە، ئەگینا لای خودا ئەوە لەپێناو خێرێکی گەورەتردا بەکاردەهێنێت، سێ مەرجەکەیش ئەمانەن؛

١.مەحاڵ بێت کە بێجگە لە ڕێگەی ئەو شەڕە هیچ ڕێگەیەکی تر بۆ بەدیهێنانی ئەو خێرە هەبێت، چۆن؟ روونی دەکەینەوە؛ بۆ نمونە؛ بوونی ویست/ئیرادە/توانای هەڵبژاردن لە مرۆڤدا کە یەکەی ئەخلاقییبوونی مرۆڤە، ئەمە خۆی خێرێکە، بەڵام مەحاڵە لە ڕێگەی توانای خراپە کردنەوە نەبێت بێتەدی، واتا تەنها لە ڕێگەی

**ئەوە پێچەوانەی باوەڕبوونە بە خودا کە بڵێین شتی مەحاڵ دەکات، ئێمە کاتێك کە باوەڕمان بە خودا هێناوە پشتمان بەوە بەستووە کە خودا مەحاڵ ناکات، چونکە مەحاڵ مەحاڵە.**

خراپەکردنەوە دێتە دی! روونتر بڵێین توانای هەڵبژاردن لە مرۆڤدا کە یەکەی ئەخلاقە بەبێ توانای ئەنجامدانی خراپە نایەتەدی، واتا مەحاڵە کە خودا توانای هەڵبژاردن بە ئێمە ببەخشێت و نەشتوانین خراپە بکەین، چونکە لە بارێکدا کە ئێمە تەنها یەک بژاردەمان لە پێش بێت، ئیتر مانای (ویست/ئیرادە/توانای هەڵبژاردن)لە کوێدایە؟! ئەگەر یەک بژاردەت هەبێت ئەوە کەی هەڵبژاردنە؟! ئەمەبوو فریشتەکانیش لێی تێنەدەگەیشتن! (قالوا أتجعل فيها من يفسد فيها ويسفك الدماء ونحن نسبح بحمدك ونقدس لك قال إني أعلم ما لا تعلمون) سورەتی البقرة: ٣٠، وتیان ئایا خودایە! تۆ کەسێک دەخەیتە سەر زەوی کە بتوانێت خوێن بڕێژێت؟! خراپە ئەنجام بدات؟! فەساد بڵاو بکاتەوە؟! لە کاتێکدا ئێمە ئەو خراپانە ناکەین، وەک ئەوە وایە وتبێتیان ئەی بۆ ئێمە ناکەیت بە خەلیفەی خۆت لەسەر زەوی؟! ئەوان چونکە خۆیان ویست/ئیرادە/توانای هەڵبژاردنیان نەبوو نەیاندەزانی کە

بوونـی ویسـت لـە مرۆڤـدا کـە خـۆی بۆخـۆی خێرە بێجگەلـە ڕێگـەی توانـای ئەنجامدانـی شـەڕ بوونـی نابێـت! کەواتـا ئەگـەر هـەر شـەڕێک بوونـی هەبێـت، بـەڵام خێرێکیـش هەبێـت و بەبێ ئـەو شـەڕە نەیەتـەدی، ئـەوا خـودا مامەڵەیەکـی نائەخلاقیـی نەکـردووە کاتێـک کـە ئـەو شـەڕەی بەدیهێنـاوە. کاتێـک خـودا ویسـتی بـە مـن و تـۆ بەخشـی وتەواو/کامڵبوونـی ئـەم ویسـتەیش تەوابوونـی ژیانـی ئەخلاقیـی و توانـای هەڵبـژاردن و بەرپرسـیارێتیی مـن و تۆیـە، ئـەم ویسـتەیش ئەگـەر ڕێگـەی بە ئێمە نەدایە کە بتوانیـن خراپە بکەیـن نەدەهاتـەدی، ئەمـە مەرجـی یەکـەم.

٢.لەبەرئـەوەی کـە خـودا خێرۆمەنـدە، کەواتـا دەیەوێـت خێـر بێتـەدی، واتـا ئامانجـی خـودا خێرۆمەندییـە، ئێمەیـش وتمـان متمانەمـان بەخودایە کاتێـک کـە هـەر شـەڕێک دەئافرێنێـت دەیەوێـت خێرێـک بهێنێتـەدی، واتـا ئەمـە ئامانجـی ویسـتەکەی ئێمەیـە نـەک بەهـۆی ویسـتەکەی ئێمەوە بێت، چونکە خودا دەیەوێت بە میهرەبانیی مامەڵـە بـکات، ئـەم بە میهرەبانیی مامەڵەکردنـە وای کـردووە خـودا شـتێک بـە مـرۆڤ ببەخشـێت کـە ئەویـش ویسـتە، ئـەم ویسـتەیش ئامانجـی میهرەبانیـی و مامەڵـە ئەخلاقییەکـە بـوو، کەواتـا هـەر شـەڕێک کـە ئـەم مەرجـەی تێـدا بـوو ئـەوە لـە کۆتاییـدا بـە چاکـە دەکەوێتـەوە، واتـا بەرپرسیارێتی مرۆڤ کرۆکی مەرجی دووەمە.

٣.ڕێگەپێـدراو بێـت کـە ئـەو شـەڕە ئەنجـام بـدات، چونکـە وەک چـۆن لۆجیکمـان هەیـە کـە پێوەرەکانـی ئەقڵمـان پێدەڵێـت، پێـوەری ویژدانیشـمان هەیـە، هەروەهـا پێـوەری ئەخلاقیشـمان هەیـە پێمـان دەڵێـت کـە کامـە لـە ڕووی ئەخلاقـەوە ڕێگەپێدراوە و کامـە ڕێگەپێدراو نییـە، ئـەو شـتەیش کـە خـودا لـە بووندا ئافراندوویەتـی چ شـەڕی مرۆیـی بێت، چ شـەڕی سروشـتیی بێـت لـە ڕووی ئەخلاقییـەوە دەبێـت ڕێگەپێـدراو بێـت، تەنانـەت بـۆ خودایـش ڕێگەپێـدراو بێـت! واتـا ئەخـلاق ڕێگـە بـدات کـە جـۆری شـەڕی وا بوونـی هەبێـت، بـۆ نمونـە؛ ئەخـلاق ڕێگـە دەدات بـە هـۆی بوونـی ویسـتەوە خراپەیـش بوونـی هەبێت، ئەخلاق ڕێگەم پێدەدات بۆ ئـەوەی منداڵەکـەم بوێر و کارامە بێت، ڕێگەی بـدەم بچێـت مەشـق و یـاری بـکات، ئەگەرچـی لـەو مەشـق و یارییـەدا، تووشـی ئازاریـش دەبێـت، کۆمەڵـێ ڕێسـای ئەخلاقیـی هـەن وا دەکـەن کـە هەندێـک لـە شـەڕەکان ڕێگەیـان پێبدرێت، ئەمەیە فەلسـەفەی ئـەوەی کـە هیـچ شـتێکی مەزنـی مرۆڤایەتـی نییـە کـە لانـی کـەم بەبـێ شـەڕێکی سـەرەتایی دروسـت نەبووبێـت، ئەمـە بـوو کـە زۆر سـزای هاوەڵانیـان دەدا لـە مەککـە، جارێـک لەپـاڵ کەعبـەدا دانیشـتبوون بـە پێغەمبەریـان دەگـوت نزامـان بـۆ ناکەیـت تـا سـەربکەوین؟! ئەویـش فەرمـووی: (سـوێند بـەو کسـەی کـە ئـەم پەیامـەی بـۆ مـن ناردووە ئەوانـەی پێـش ئێوە بـە مشـار دایاندەهێنـان و گۆشـت و ئێسـکیان لێـک جیادەکردنـەوە وازیـان نەدەهێنـا!)، ئەگـەر هـاوڵان لەبـەردەم ئـەو هەمـوو ئـازارەدا خۆگرییـان نەبووایـە ئێسـتا ئـەم ئایینـە نەدەبـوو، تەنانـەت ئەمـە بـۆ زانسـتیش هـەر وایـە! ئەگـەر زاناکان بۆ نمونـە؛ گالیلـۆ و ...هتـد لـە جیهانـی مەسـیحیدا خۆگـر نەبوونایـە لـە بەرامبـەر ئـەو هەمـوو هەڕەشـە، سـووکایەتی، گرتـن، دوورخسـتنەوە، ئەشـکەنجەدان، هەتا کوشـتن و سـووتاندنیان ئێسـتا زانسـت بـەم ئاسـتەی نەگەیشـتبوو، واتـا دەبـوو

خودا رێگەی بە مرۆڤ دابا کە زانست بەو تەمەن و گوزەرەدا رێگە ببڕێت و بێت تا توانا و بوێریی ئێمە دەربکەوێت، واتا رێگە پێدراوە من بهێڵم لە نەخۆشخانە پزیشک منداڵەکەم ئازار بدات لە پێناو چارەسەرکردنیدا، تەنانەت بۆ نەخۆشییە کوشندەکانی سەردەمانی رابردوو، ئەو هەموو کۆلێرا و نەخۆشیانە هەبوون تا مرۆڤایەتی پێکەوە بگەنە چارەسەر، تەنانەت لە بابەتە سروشتییەکانیشدا، کەواتا مەرجی سێیەم ئەوەیە کە لە رووی ئەخلاقییەوە ئەو شەڕە رێگەپێدراو بێت. زۆر بەکورتی، بەو سێ مەرجە دەوترێت لۆجیکەکانی شەڕ.

خێرگەلێکی گەورەتر هەن کە بریتیین لە پێگەیشتنی ئەخلاقیی، دروستبوونی ژیانی ویژدانیی، ژیانی ئەخلاقیی و ژیانی رۆحیی ئێمە، ئەگەر شەڕ نەبێت چۆن ئەم رەهەندانەی ژیانی مرۆڤ نمایان دەبن، چۆن چاکە کردن مانا پەیدا دەکات؟ نمونەیەک لە باوەڕی دینداریدا، کەسێکی وەک پێغەمبەر نوح(د.خ)، (٩٥٠) نۆسەد و پەنجا ساڵ! هەر بەڕاست خەریکی چی بووە؟! بۆ وا ژیاوە، چەند کەس شوێنی کەوتوون؟! لە پێناو خێرێکی گەورەتردا! کە دەهێنێت، شایانی ئەوەیە کە ئەو شەڕانەی بۆ دروست ببێت، تا ئەم هەموو چاکە و جوانییە دەربکەون! یان ئەگەر ژیانی مرۆڤایەتی سەرنج بدەین، هەر بۆ نمونە لە ژیانی سەردەمی ئەفسانەکانی یۆنانەوە تا ژیاننامەی پێغەمبەران، بەیتە کوردییەکان و ئەدەبیاتی نەتەوەکانی ئەم ناوچەیە، -با وا دابنێین کە هەر باسی خودایش ناکەین لێرەدا- دەبینین هەمیشە پاڵەوانەکان تووشی ئازار، برسێتی، دەسگیرکردن و کوشتن

**کە خودا خێرۆمەندی رەهایە بوونی شەڕ بۆ؟ ئەخلاق رێگە دەدات بە هۆی بوونی ویستەوە خراپەیش بوونی هەبێت.**

بوون، خەڵکانێک راونراون، تاڵانکراون و تیاچوون و...هتد، ئەم هەموو نمونەی ستەم و داگگیرکاری و زەوتکردنە، سووکایەتی، سووتاندن، رووخاندن... هتد، ئەم مامەڵە دینامیکییەی کە لەناو ژیانی مرۆڤایەتیدا هەبووە و هەیە، هەمووی لەپێناو پێگەیشتنی ژیانی ئەخلاقیی مرۆڤەکاندا پێویستە، ئەمانە شەڕی پێویستن، بۆ گەیشتن بە چاکەی گەورەتر! خێرێکی گەورەتر هەیە بایی ئەوە دەژی و مانا بەژیانمان دەدات کە من لەپێناویدا ئەم هەموو شەڕە بێتە رێگەم، واتا دەهێنیت ئێمە بەم ئازارانەوە بۆی بژین. هونەری ئەمەیە کە لە سەردەمی نوێدا پرسیار دەکرێت: ( من بۆ خۆم نەکوژم؟)، ئاخر هەمیشە دەبێت خێرێکی گەورەتر هەبێت، هێندە بهێنێت ئەم ئازارانە کە لەو بچووکترن قەبوڵ بکەین، بە دەربڕینێکی تر، تێچوو/ شەڕی ژیان کەمتر بێت لە داهات/خێرەکەی.

لەبەرئەوە ئەگەر بێت و جۆرێک لە خێرێکی پێشتر هەبێت و ئەم شەڕانەیش رێگە بن بۆ گەیشتن بەو خێرە گەورەترە، ئەوە بێگومان ئەو شەڕانە

نائەخلاقیی نین، ئیمە وتمان و لەسەرە روونمان كردەوە كە چونكە خودایش خێرۆمەندی رەهایە، كەواتا هەر چییەك لە شەڕە مومكینەكان چ لە نێو ژیانی مرۆڤدا بێت یان لە بووندا، ئەوا كارەكانی خودا هەر سێ مەرجەكەی سەرەوەی تێدایە، مەرجەكانی ئەخلاقییبوونی شەڕ.

ئەگەر بە سۆز بیر لە بابەتی شەڕ نەكەینەوە، لە وەختی پەتا و كارەساتەكاندا سەیری نەكەین، بەڵكو لە رووی ئەخلاق و فەلسەفەی ئەخلاقەوە و لەكاتی حیكمەت و سكووتدا بۆ بابەتەكە بچین، دەبینین ئەوەی كە شەڕە و هەیە لە ژیانی مرۆڤ و لە بووندا خۆبەخۆ مەرجی دەركەوتن و ماناپێدانی چاكەیە، مەرجی ئەخقلاقییبوونە، سادەتر بڵێین شەڕ دەرخەری چاكەیە. ئەمە بۆ زانستیش هەر راستە، ئەو سەردەمەی كە لە جیهانی مەسیحیدا زاناكانیان دەسووتاند، بە سۆز بڕیار بدەم دەڵێم ئەوە شەڕە، چۆن دەبێت وا بێت، بەڵام ئێستا دەزانم ئەگەر ئەو زانایانە لەسەر ئەوەی كە باوەڕیان پێی هەبوو سوور نەبوونایە و عاشقانە و بوێرانە بانگەشەكانی خۆیان نەخستایەتەڕوو، ئەگەر قڕوقپ بێدەنگ ملیان شۆڕ بكردایە بۆ دەسەڵات و ئەقڵی ئەو رۆژگارە، ئاشكرایە نە تووشی ئەو هەموو دەردەسەری و ئەشكەنجە و كوشت بڕە دەبوون و نە زانستیش بەم رۆژەی ئێستای دەگەیشت، بۆیە ئەم دەستكەوتانەی ئێستای مرۆڤایەتی هەروا بە رێگەیەكی تەخت و نەرمدا نە گەیشتوون بە ئێمە، بەڵكو بە فیداكردنی تەمەن و گیان و سەر و ماڵ پێمان گەیشتووە، لێرەدایە كە گرنگیی ئەم جۆرە لۆجیك

**براهیمان ز نمرودان نترسند**

**كه عود خام آتش را عیار است**

واتا با ئیبراهیمیەكان لە ئاگر نەترسن، چونكە داری عود یان بوخورد كاتێك كە دەسووتێنرێت بۆنی خۆش دەردەكات و هەر ئەو سووتانە دەریدەخات كە بوخوردە، بۆیە بوونی ئەو شەڕە مومكینانە ئەگەر لە ئەخلاقەوە تەماشای بكەین تێدەگەین كە بوونەكەیان مەرجی دەركەوتنی (توانای هەڵبژردان/ویستی) ی مرۆڤە، ویستیش یەكەی بونیادی ئەخلاقە. بۆیە بە گوێرەی ئەو ئارگیۆمێنتەی سەرەوە هەر شەڕێكی مومكین ئەو سێ مەرجەی تێدا بێت، ئەوە شەڕێكی ئەخلاقییە و هیچ پێچەوانە نایەتەوە لەگەڵ خودایەكی خێرۆمەندی رەهادا. خوادیش خوایەتی خۆی كردووە بۆیە بەم سێ مەرجە شەڕی لە بووندا داناوە.

**ئەگەر ئەو زانایانە لەسەر ئەوەی كە باوەڕیان پێی هەبوو سوور نەبوونایە و عاشقانە و بوێرانە بانگەشەكانی خۆیان نەخستایەتەڕوو، ئەگەر قڕوقپ ملیان شۆڕ بكردایە بۆ دەسەڵات، نەوا زانستیش بەم رۆژەی ئێستای دەگەیشت، بۆیە ئەم دەستكەوتانەی ئێستای مرۆڤایەتی هەروا بە رێگەیەكی تەخت و نەرمدا نە گەیشتوون بە ئێمە،**

و شیکاریی و ئارگیۆمێنتە دەردەکەوێت. بۆیە ئیقباڵی لاهوری دەڵێت:

**ئارگیۆمێنتەکە بە کورتی:**

بە وەرگرتنی پێشگریمانەی (بوونی خودایەکی زانای رەها، توانای رەها و خێرۆمەندی رەها) ئەمە ناویدەنێن (P).

پرسیار: (کە خودا خێرۆمەندی رەهایە بوونی شەڕ بۆ؟) ئەمە ناو دەنێین (Q)

وەڵام: کە دەڵێین خودایەکی خێرۆمەندی رەها واتا خودا بوونێکی ئەخلاقیی رەهای هەیە، ئەمە ناودەنێین(A١)

یەکەی بونیادی ئەخلاقیش ویست/ئیرادەیە، ئەخلاق واتا ویست. ئەمە ناودەنێین (A٢)

ویست واتا توانای هەڵبژاردن. ئەمە ناودەنێین(A٣)

توانای هەڵبژاردن واتا بوونی زیاد لە بژاردەیەک. ئەمە ناودەنێین (A٤)

بوونی زیاد لە بژاردەیەکیش، وەک خێر و شەڕ لە بوون و ژیانی مرۆڤدا. ئەمە ناودەنێین (A٥)

کەواتا (A٥) مەرجی ناچارەکی/حەتمی بەدیهاتنی (A١)ە.

ئەنجام (A٥)= (A١)

واتا بوونی (A١) هیچ پێچەوانە نایەتەوە لەگەڵ (A٥). بەڵکە مەرجی ناچارەکی بەدیهاتنی یەکترن.

**سەرچاوە:**


D. Wanes, an introduction to Islam second edition, Cambridge-١ ٢٠٠٣ ,University press

Some Major Strands of Theodicy,"" .(١٩٩٦) .Swinburne, Richard-٢ in Daniel Howard (ed.), The Evidential Argument from Evil. Indiana .University Press

Is There a God?. New York: Oxford .(١٩٩٩) .Swinburne, Richard-٣ ٥th edition .University Press

Providence and the Problem of evil. .(٢٠٠٣) .Swinburne, Richard-٤ Oxford: Clarendon press

Philosophy of Religion. Belmont, .(١٩٩٩) .Wainwright, William J-٥ .٢nd edition ,CA: wadsworth Publishing Company

# حیکمەتی بێدەنگ

## "The Silent Wisdom"

## تێڕامان لە هونەری ئیسلامی لە گۆشەنیگای هاوچەرخەوە

"لیس کمثله شيء".

"پێشکەشە بە هەموو ئەوانەی لە ڕێگوزەری بادا[هاوچەرخ]، پارێزگاری لە لالە [سونەت]دەکەن"،

مستەفا مەلەکیان.

**دەروازەیەک:**

مەبەست لە زاراوەی "حیکمەتی بێدەنگ"، یاخود "ئاییناسی بێدەنگ"، ئاماژەیە بۆ هونەر و فەلسەفەی هونەری ئیسلامی و جوانیناسی لە نێو شارستانیەتی ئیسلامیدا. ئەگەر ڕیشەدۆزی زاراوەکان بکەین، پێناچێت زاراوەی هونەر و جوانی و ئێستاتیکا لەجیهانی ئیسلامی و کتێبە پەڕە زەردەکاندا بەدیبکەین، چ بگاتە فەلسەفەی هونەر و جوانیناسی بەو مانایەی کەلە شارستانیەتی ڕۆژئاواییدا بەکارهاتووە. بەڵام لە نووسینی حەکیم و عارفاندا زاراوەی 'ظهور، حسن، تجلي، ...' بەکارهاتوون، کە هاوکارمانن بۆ ناسینی فەلسەفەی هونەر و جوانیناسی. چونکە لە ئەدەبیاتی عیرفانیدا ئەم زاراوانە لەهەمانکاتدا بەمانای "هونەر و جوانی و بەها" بەکاربراون. بە گەڕانەوە بۆ مانا وجودیەکانی ئەو زاراوانە ڕێمان لە گەنجینەی گەورە دەکەوێت. وەك هایدگەر دەبێژێت: "هونەر دەرخەری وجود و مەوجودە"، کەشفی حەقیقەت دەکات.

هونەر خامۆشانە مەعریفە و حیکمەتەکانی خۆی بەیانکردووە، هاوشێوەی کایە جیاوازەکان پەیامەکانی خۆی گەیاندووە. یان بەزاراوەیەکی تر، زۆر بە قووڵی لە پوختەکردن و گەورەکردنی ڕوحی ئیماندارانـدا گاریگەریی ئێجگار زۆری داناوە، مرۆڤەکانی بۆ خۆی کەمەندکێش کردووە، پلە بە پلە

مرۆڤەکانی لەگەڵ زمانەکەیدا رامهێناوە.

**ئەم بابەتە لە دیدگایەکی هاوچەرخەوە لێی روانراوە، بۆ ئەم مەبەستەش دوو پێشگریمانە لەبەرچاوگیراوە:**

**یەکەم:** ئایا هونەرێکمان هەیە بەناوی هونەری ئیسلامی و حیکمەتەکانی پشتی ئەم هونەرە چین؟ دووەم: ئەم هونەرە چی دەکات بۆ نەوەی نوێ کە لە سەردەمی هاوچەرخدا دەژین؟

ڤیتگنشتاین دەیگوت: "من دیندار نیم، بەڵام ناتوانم دیدێکی دینیانەم نەبێت". هەرلێرەوەیە دەشێت کەسێك هونەرمەند نەبێت، بەڵام ناکرێت دیدێکی هونەریانە و ئێستاتیکیانەی نەبێت بەرامبەر بە کلتوری ئایینی، بۆیە سەلماندنی کایەیەك بەناوی هونەری ئیسلامی پەیوەستە بە کۆی ئیماندارانەوە، یاخود راستر بڵێین بەکۆی مرۆڤەکانی نێو ئەم کلتوورەوە. لێرەوەیە دەمانەوێت بەوەبگەین کە هیچ شارستانییەتێك ناتوانێت بەردەوام بێت بێ هونەر و جوانی، هونەرمەندانی شارستانێتی ئیسلامی دەرکی ئەوەیانکردبوو ژیانی مرۆڤ پڕە لە ئازار و چەرمەسەری و پووچی، بۆ رزگاربوون لەم دەرد و ناخۆشی و بێماناییە چارەسەریان پێ بوو، ئەو چارەسەرەشیان بە هونەر و جوانی دەکرد. چونکە جوانی بەرهەمێکی هونەری، دڵنەوایی و رزگاری دێنێت بۆ غەم و پەژارەکان، رەزامەندی بۆ خۆشیەکان، بەمەش وادەکات ژیان مانادار و بەهادار بێت.

بیریاری ئێرانی 'ئیلاهی قمشەیی' دەڵێت: "شەرابی هونەر و جوانی بەهێزترینە!"،

## هیچ شارستانییەتێك ناتوانێت بێ هونەر و جوانی، بەردەوام بێت

جوانی لەتوانایدایە وەها مرۆڤەکان مەست کات، هەرچی ئازار و رەنج هەیە لەبیریبکەن. هەروەها هونەریش دەتوانێت مرۆڤ لە غەمەکانی دونیا خاڵی بکاتەوە.

### بەشی یەکەم:

### یەکەم/ جیهانبینییە فەلسەفی و ئایینییەکانەکانی هونەری ئیسلامی.

بەرلەوەی وەڵامی پێشگریمانەکان بخەینەڕوو بە پێویستی دەزانم کە زاراوەکان و جیهانبینی و میتۆدی کارکردن بخەینەڕوو، بۆ ئەوەی روون بێت کە ئێمە لە چ گۆشە نیگایەکەوە دەڕوانینە فەلسەفەی هونەر و جوانیناسی ئیسلامی. ئەوانیش بریتین لە:

**یەك: فەلسەفەی شیکاری.**

**دوو: دیدگای ئایینناسی.**

یەکەم: بۆ مامەڵەکردن لە تەك هونەر و ئێستاتیکای ئیسلامیدا میتۆدۆلۆژی قوتابخانەی فەلسەفەی شیکاریی لەبەر چاوگیراوە، واتە شیکاری بۆ چەمکەکان و حیکمەتەکان دەکرێت، زاراوەکان روون دەکرێنەوە، پاشان کە روون بوویەوە

ئێمە مەبەستمان لە چ جۆرە هونەرێکە یاخود ئەو بنەما و حیکمەتانە چین لە پشتی بەرهەمە هونەرییەکانەوە کاردەکەن و دانەبڕاو لە زەمینەی هونەری ئیسلامی ئەنجامگیریان لێدەکەین، نەك هەر لەسەرەتاوە دیدێکی گشتیمان هەبێت و لەسەر ئەو دیدە گشتییە ئەنجامگیری بکەین. پرسیاری سەرەکی و جەوهەری ئەم قوتابخانەیە بریتییەلە" بەڕاستی ئەم قوتابخانە فەلسەفییە شیکاریی بۆچی دەکات؟ بە شێوەیەکی سادە شیکاریی بۆ تێماکان دەکات، هەر لەبەر ئەوەشە هەندێك جار پێی دەوترێت شیکاریی چەمکەکان "Conceptual Analytic". بەتایبەت لە فەلسەفە موزافەکاندا، فەلسەفە بریتییەلە فەلسەفەی شتێك، بەڵام ئەو جۆرە شتە "Something" چییە؟! ئەو شتەیش پراکتیزەکردنە، هەر بۆیە فەلسەفەی شیکاریی هونەر، شیکاریی ئەو چەمکانە دەکات کە بنچینەیین لە کردەکانماندا.

**دووەم:** ڕەهەندێکی تری تێڕوانیمان دیدگای ئاییناسی ئێمەیە بۆ هونەر و جوانناسی، واتە لە چ دەلاقیەکی ئایینەوە لە هونەر دەڕوانین. روونە کە بە شێوەیەکی دیین وەرزی گشت ئایینەکان سێ ڕەهەندیان هەیە کە بریتین لە ڕەهەندی "شەریعەت، حەقیقەت، تەریقەت"، یاخود گۆشەنیگای "فیقە، کەلام، عیرفان". هەموو ئایینێک سێ بازنەی گشتیی هەیە، هیچ ئایینێک ئاراوتە نییە لێی، بۆ نموونە؛ لە ئایینی ئیسلامدا بریتین لە:

**یەکەم/ بازنەی 'فیقە'** کە ئەرکی ڕێکخستنی دیوی کرداری و ژیانی ڕۆژانەی موسلمانانی لە ئەستۆ دایە. لەم ڕەهەندەوە باس لە دوو بیرمەند دەکەین کە بریتین لە تیتۆس بوکهارت و مامۆستا ناسری سوبحانی، یەکەمیان دەبێژێت ئێمە لە قورئاندا، ئایەتگەلێمان نییە ئاراستەمان بکەن چۆن چۆنی هونەر بکەین، خودا فەزڵی نواندووە بۆ ئەقڵ و خەیاڵی ئیماندارانی جێهێشتووە. دووەمیان دەبێژێت هیچ بەڵگەیەکمان نییە لەسەر حەرامی و حەڵاڵی کایەیەکی گەورەی وەك هونەر، بەوپێیە بەرهەمهێنانی هونەر هیچ پەیوەندیدار نییە بە شەریعەتەوە بەڵکو سەر بە بازنەی سێیەم/عیرفانە.

**دووەم/ بریتییە لە 'کەلام'** کە بابەتە فیکری و فەلسەفیەکان تاوتوێ دەکات، پەیوەندیدارە بە عەقیدەی ئیماندارانەوە. فەیلەسوفەکانی ئەم بوارەش دەکارین لە سێ رووگەدا پلەبەندیان بکەین، ئەوانیش ماشائیەکان کە ئەقڵسەنتەرن، ئیشراقیەکان کە شهود دەکەنە پێوەری تێفکرینیان، فەیلەسوفە -عارفەکان کە سەنتەری مامەڵەکردنیان روحییە. بێگومان ئەوپەڕی ئەقڵکاری لای هەرسێ رووگەکە لە لوتکەدایە.

**سێیەم/ بریتییەلە 'عیرفان و ئەخلاق'** کە پەیوەندیدارە بەئەزمونی ئەخلاقی و روحی تاکەکانەوە. سەنتەر لای ئەم روگەیە بریتییەلە 'وەحی، شهود، خەیاڵ'، هەر لەبەرئەوە بوو وتمان کە هونەر و فەلسەفەی جوانیناسی سەر بەم رووگەی سێیەمەیە. گەرچی هونەر ڕەهەندەکانی تر ڕەچاو دەکات، بەڵام خەیاڵ و ئەزموونی روحی دەکاتە سەنتەر، خەیاڵێك کە پردی پەیوەندی نێوان جیهانی بینراو 'عالم شهادە' و جیهانی نەبینراوە 'عالم غەیب'.

لەشارستانی ئیسلامیدا، هەرکاتێك ئەم سێ بازنەیە گونجاو و سازگار بوون لەتەك یەکتریدا

ئـەوا بەرهەمـی ناوازەیـان پێشکەشـی مرۆڤایەتـی کـردووە، ئەمـەش تێگەیشـتنێکی کلتووریمـان دەداتێ بۆ هەوڵدانی هەرچی زۆرتر دروستکردنی سـازگارییە لـە نێوانیانـدا، بەمـەش باخـی هونـەر گوڵـی هەمەچەشـنمان پێشـکەش دەکات.

دوایـن شـتێك لێردا جێگەی بایەخە ئاماژەی پێبدەیـن پێگـە و ڕۆڵـی 'قورئانـی پیـرۆز و سـوننەتی پێغەمبـەر'ە، لـە بەرجەسـتەکردنی هونـەر و جوانیناسـی ئیسـلامیدا، گومانـی تێدا نییـە گشـت کایـەکان لـەم دوو سـەرچاوەیەوە ئیلهام وەردەگـرن، بـەڵام بـەزاراوەی 'سـەید حسێن نەسـر' ئـەوەی گرنگییەکـی ئێجگار زۆری هەیـە کـە قورئـان نێوکـۆ "سـیاق/Context"، بـۆ هونـەر و فەلسـەفەی هونـەری ئیسـلامی دروست دەکات، هونـەری ئیسـلامی لـە حەقیقەتـەوە سـەرچاوەی گرتـووە، لەمانـا شـاراوە و نادیارەکانـی قورئانـەوە. بەتایبـەت تێگەیشـتنمان بـۆ پـەروەردگاری جیهانیـان، کـە لەرێگـەی هونـەرەوە خـۆی نومایـان و تەجەلـی دەکات. خـودا لـە فەرموودەیەکـی قودسـییدا دەفەرمێـت: "کنـت کنـزا مخفیـا ... "، مـن گەنجینەیەکـی شـاراوە بـووم بـە پەرۆشـەوە خوازیاربـووم بناسـرێم، لەبەرئـەوە وجـودم بەدیهێنـا کـە ئێـوەش بـە پەرۆشـەوە مـن بناسـن!

کردار و گوفتـاری پێغەمبـەری خوداش یەکێکە لـە ژێـدەرە سـەرەکیەکانی هونـەر و جوانبینـی ئیسـلامی، زیـادە ڕەویمـان نەکـردووە ئەگـەر بڵێیـن لە دوای قورئان گشت هونەری ئیسلامی لە نێو مانا قووڵەکانی ئەم دوو فەرمـوودەوە هاتۆتـە دەرێ، یەکەمیان ئەوەیە: "الله الجميل و يحب و الجمال"، واتـە: خـودا جوانـە و جـوان کـرداری خۆشـدەوێت، ئەرکـی هونەریـش پیشـاندانی ئـەو جوانییەیـە کـە

## ڕەهەندێکی تری تێڕوانیمان دیدگای ئاییناسی ئێمەیە بۆ هونەر و جواناسی

خـودا لـە گەردونـدا چاندویەتـی، لەناوچوونـی جوانـی وادەکات ئیلاهییـەت ناڕاسـتەقینەبێت.

فەرموودەی دووەمیش کە زۆر بیستراو نییە بریتیە لە: " إن الله كتب الإحسان على كل شيء"، واتە: خودا جوانی وچاکـەی لەسـەر هەمـوو شتێك نەخشاندووە! یاخـود لـە ناوچاوانـی شـتەکان جوانـی نووسـیوە،

حەقیقـەت و جوانـی دوانـەی دانەبڕاوبوون لە هونـەری ئیسـلامیدا.

**دووەم/ حیکمەتەکانی هونـەری ئیسـلامی.**

بـۆ تێگەیشـتن لـە هونـەری ئیسـلامی و کۆنتێکسـتە گشـتییەکەی، پێمـان باشـە پێشـنیازی چەنـد حیکمـەت و بنەمایـەك بکەیـن کـە هاوکارمـان دەبـن لـە پیشـاندانی وێنـە گەورەکـەی ئـەم کایـە، خسـتنە رووی چەنـد پێشـگریمانە و حیکمەتێك کە بەبێ ئـەوان ناتوانرێت لە هونـەری ئیسـلامی بگەیـت، هەروەهـا دەبـن بـە پێوەرێـك هـەرکات بینمـان دەتوانیـن لەرێگـەی ئـەو پێوەرانـە هونـەری ئیسـلامی بناسـینەوە، بـە بـێ گوێـدان بـە شـوێنکاتی بەرهەمـە هونەریەکـە. بەهـۆی ئـەو داینامیکـە کـە خـۆی تـازە کردۆتـەوە لـە

سەردەمی ئێستاماندا، بە ڕەچاوکردنی بنەما بنچینەیەکان، دەتوانرێت شیمانەی فۆرمێکی هونەریی جیاواز بکرێت، بۆیە دەوترێت ترادیسیۆن داری بەرداره بەردەوام میوەی تازە دەدات.

زۆرێك لە بیریارەکان چەند بنەمایەکیان دیاری کردووە، بۆ نموونە هەنێکیان دەڵێن هونەری ئیسلامی وەك هونەرێکی باڵا پێشنیازی سێ حیکمەت دەکات

١-ڕوح پوختەدەکات 'Purify the Soul'.

٢-گەشە بەتوانای کەسی دەدات 'Cultivation of Character'.

٣-یادی پەروەردگار 'Remembrance of God'.

بەشێکی تر دەفەموون تەنها سێ حیکمەت لەپشتی هونەری ئیسلامییەوە خۆی پەناداوە، پێویستی بە تێگەیشتنێکی قوڵە تاوەکو کەشفی بکەیت، ڕاستر بڵێم زمانێکی گەردوونیە و پێویستی بە فێربوونە کە بریتین لە:

١-تاکانەی خودا -Unity، هەموو دروستکراوەکان بە چواردەوەی خوداوەن.

٢-جوانی – Beauty، پەیوەندیدارە بە باشی و ئەخلاق و ناسکییەوە.

٣-نائایکۆنی – Non-Iconography، سیمبول بەکاردێت بۆ دەرکەوتنی بابەتە ئیلاهیەکان، نەك ئایکۆن وەك هونەری مەسیحی و هیندۆیزم.

هەنێك لەبیریارانی ئیسلامی هاوشێوەی 'مەقاسید' مامەڵەیان لەگەڵ حیکمەتەکانی پشتی ژانەرە هونەریەکان کردووە، پێیان وابووە بە لابردنی بنەما و حیکمەتە بنەڕەتییەکان، هونەر لە هونەر بوون دەکەوێت. بۆ نموونە؛ لابردنی یەکتاپەرستی لە ئیسلامدا، چیدی شتێک بەناوی ئیسلامەوە نامێنێت! بەڵام ئایا زمانی عەرەبی یەکێکە لە بنەما جەوهەریەکانی ئیسلام، ئەوە ڕای جیاواز هەیە. بۆ نمونە د. سروش پێی وایە ئەگەر وەحی بەزمانێکی تریش بووایە هیچ گرفتێکی نەدەبوو. بەڵام د. نەسر حامید ئەبو زید دەڵێت نەخێر زمانی عەرەبی یەکێکە لەبنەما بنەڕەتیەکان.

لێرەدا ئێمە ئاماژە بە چەندین بنەما و حیکمەت دەکەین کە بە دیدی ئێمە بنەڕەتین، بەڵام ئەگەری دیدی جیاوازیش لەبەرچاو دەگرین. گشت حیکمەتەکان دەکرێت پۆلێن بکرێن بەسەر ئەم سێ ڕەهەندەوە کە دەرگای چوونە ژوورەوەی قووڵترین حەقیقەتەکان و بنەماکانی هونەرن بریتین لە:

١-بوونناسی "Cosmos"

٢-وەحیناسی "Revelation"

٣-خودناسی "Self"

لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە دەرگا دەکەینەوە بۆ پێشگیرمانەی دووەمان کە چۆن چۆنی لە ئێستادا و لە زەمەنی هاوچەرخدا و لەکۆنتێکستی هاوچەرخدا بتوانرێت سود لەم ترادیسیۆنە پڕ بەرهەمە ببینرێت.

## یەکەم: یەکتا پەرستی "الوحدانیة–Unity "Oneness of God".

دڵی هونەری ئیسلامی یەکتاپەرستییە، ئەو حیکمەتە جەوهەریەی قورئان کە خودا تاقانەیە و هاوشێوەی نییە و لە هیچ شتێك ناچێت،

"لیس کمثله شيء". هونەریش ئاوێنەی ئەو جیهانە نەبینراوەیە، کە پێویستە ڕەنگدانەوەی یەکێتی ئیلاهی بێت، کە سەلمێنەری وەحدانیەتی خوداییە. هونەرێك ئاڕاستەمان دەکات بەرەو سەنتەر بێجگە لەویش کەسی لێنەبێت. لەوەوە سەرچاوەبگرێت و هەر بەویش کۆتایی بێت، هاوشێوەی زەخرەفەی ئەندازەیی کە هەمیشە بازنەیەك لە سەنتەرە! ئەوانیتر بە چواردەوریدا دەسوڕێنەوە. ئەم یەکتایبوونەی خودا خۆی نومایاندەکات لە هەر سێ ڕەگەزی هونەری "کێش-Rhythm، هاوشێوەیی-Symmetry، هارمۆنی-Harmony".

حەقیقەت و حزوور "Truth and Presence"، ئایین بریتییە لە حەقیقەتی ئیلاهی و ئامادەبوون، بەبێ حزوور و ئامادەگی، حەقیقەت دەبێتە وەهم و ناڕاستەقینە، حەقیقەت ئەبستراکت و چارەسەرکەرە. بەپێچەوانەشەوە، بەبێ حەقیقەت، ئامادەیی 'حضور'، هیچ بەهایەکی نابێت. هەر لێرەوەیە عارفەکان دەبێژن: "هونەری موقەدەس لەلایەك ئامانجی 'حەقیقەتە مەعنەویەکان' و لەلایەکی ترەوە گواستنەوەی 'حزووری مەلەکوتییە' ".

### دووەم: جوانی "Beauty".

حەقیقەت و جوانی دوانەی دانەبڕاون لە هونەری ئیسلامیدا. حەقیقەت پەیوەندیدارە بە جوانییەوە، هەر بۆیە حەقیقەت هەمیشە لە ڕێگەی جوانییەوە خۆی پیشانداوە، لێرەوەیە لەناوچوونی جوانییش وا دەکات ئیلاهیات ناڕاستەقینەبێت. جوانی رۆحی مرۆڤەکانی بۆ

**حەقیقەت و جوانی دوانەی دانەبڕاون لە هونەری ئیسلامیدا. حەقیقەت پەیوەندیدارە بە جوانییەوە، هەر بۆیە حەقیقەت هەمیشە لە ڕێگەی جوانییەوە خۆی پیشانداوە، لێرەوەیە لەناوچوونی جوانییش وا دەکات ئیلاهیات ناڕاستەقینەبێت.**

خۆی کەمەندکێش کردووە، مرۆڤەکان ویستویانە رۆحیان جوان و پوختە بکەن، بگەنەوە بە مەقامی 'فەنا'ی یەکبوون. لێرەدا بەرزترین هونەر لە ئایینەکاندا ئەو هونەرە بوو کە پەیوەندی لەگەڵ خودا 'حەقیقەتی باڵا'دا هەبێت.

ئەگەرچی جوانی ریشەیەکی قووڵی لەنێو ژانەرەکانی هونەری ئیسلامیدا هەیە، بەڵام لێردا دەتوانین ئاماژە بە جواننوسین "Calligraphy" بکەین، کە بە باڵاترین شێوەی دەربڕینی حەقیقەت هەژمار دەکرێت. جوانی، جواننوسی لەوێوە سەرچاوەدەگرێت کە دەوترێت خوێن گۆڕاوە بە مرەکەب. مەولانا گوتەنی: "خون چو می‌جوشد منش از شعر رنگی می‌دهم".

خوێنی جگەر هەڵدەقوڵێت و دەگۆڕێت بۆ شعر. زەمەنبڕیی و حیکمەتی ئەم هونەر و هۆنراوانە ئەوەیە کە خوێن دەگۆڕێت بۆ مرەکەبی دەستی جواننوس.

### سێیەم: ئەقڵانیەت و مەعنەویەت "Rationality and Spirituality".

هونەری ئیسلامی هەمیشە پشتێنەیەکی ئەقڵانی و روحانی هەبووە و هەر لەو

ڕێگەیەشەوە ناسراوەتەوە. ئیبن عەرەبی دەفەرموێت: "مەعنەویەتی ئیسلامی ئەگەر باسی عیشقیش بوویێت ئەوا پشتێنەیەکی ئەقڵی هەربووە". بە گوێرەی فەرموودەیەکی سەحیح بێت، کاتێك خودا گەردوونی ئافراند یەکەم شتێك خەڵقی کرد ئەقڵ بوو، بەهەمان شێوە روحیشی ئافراند کە هەردووکیان سەربە هەمان ریاڵەتین، ناکرێت جودا بکرێنەوە کە ئەقڵ و روح سەر بە جیهانی مەلەکووتن.

دوو هێزی دەنگی لە نێو قووڵایی مرۆڤدا هەیە کە (فەلسەفەی زەین)ی نوێش ئەوی پشت راسکردۆتەوە کە بریتین لە:

**یەك:** هێزی ئەقڵ "The power of Mind"، کە چەمکەکانن یاخود بیرۆکەکانن دێن و دەچن لەنێو زەینماندا.

**دوو:** هێزی وێنەیی "The power of images"، کە وێنەکان یاخود خەیاڵەکانن کە هاتوچۆ دەکەن لە زەیندا.

بەڵام مرۆڤ تاڕادەیەك دەسەوسانە لەبەرامبەریاندا بۆیە پێویستی بە لێهاتویی پێگەی روحی گەورە هەیە بۆ رامکردنی هەردوو هێزەکە، لێرەوەیە دەوترێت هەموو میتۆد و تەکنیکە روحیەکان لە گشت ئایینەکاندا بۆ جڵەوکردنی ئەم دوو هێزە ڕێکنەخراوەی مرۆڤە. ئەمەش بە بێدەنگی ناوەکی- سکووت 'Inner Silence' مان دەگەیەنێت، کە دەشێت لە میوزیکدا بەرجەستە ببێت.

ئارش نەراقی دەڵێت: چوار شت بێدەنگن "کتێب، ئامێرە میوزیکیەکان، سروشت، روح"، هەتا وەکو مرۆڤ بەدەنگیان نەهێنێت ئەوان خۆیان هیچ دەنگێکیان لێوەنایەت. بۆ ئەوەی لەو سکووتە تێبگەین پێویستە فێرببین کە گوێمان رابهێنین بۆ دەنگی بێدەگی، پێویستە ببینە مرۆڤێکی باشتر، چ لەرووی روحیەوە چی لەرووی ئەقڵیەوە.

## چوارەم: حیکمەت و توانایی "Wisdom and Craftsmanship".

بنەماکانی پشت بەستن بە دانایی و لێهاتوویی، تیتۆس بوکهارت دەبێژێت:" هونەری مەعنەوی ئیسلامی لە مارەکردنی حیکمەت 'Wisdom' و هونەر و سەناعات 'Craftsmanship' هاتۆتە دەرەوە، بە بێ شارەزایی قووڵی ئەم دوانە ناتوانین تێگەیشتنێکی دروستمان هەبێت. بەشێوەیەکی گشتیی کایەکانی هونەری ئیسلامی پێویستی بەو لێهاتویی و کارامەییە هەبوو، بەتایبەت لە پیشە نەریتیەکاندا، کە جگە لەوەی لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر گواستراوەتەوە، ئەوا دیوێکی روحی و مەعنەویشی هەبووە، چونکە پیشەکان لەسەردەمی کۆندا وەك جۆرێك لە عیبادەت و زیکر تەماشاکراوە، هەر بۆیە توانیویانە ئەم هەموو لێهاتویی و وەستایە لە کارەکانیاندا بەخەرج بدەن.

بۆ یەکەمجار دەرگای ماڵانی سونەتیم بینی زۆر سەیر بوو لەلام کە هەنێکیان دوو یان سێ جێگەی لەدەرگادان 'جەرەس'ی هەبوو، لەناوەڕاستی دەرگا کە دوان بەرامبەر یەکتر کە شێوەیان جیاواز بوو، یەکێکیشیان نزمتر و بچوکتر بوو. من وابیرم دەکردەوە بۆ جوانی بێت، پێشم وا بوو یەکدانەش بوایە هەر جوان بوو، بەڵام بۆ سیان؟ پاش ئەوەی دەستمکرد بە بەدواداچوون

بـۆ هونـەری ئیسـلامی، بـۆم دەرکـەوت کـە هونەرمەندان زۆر ڕێزیـان لـە تایبەتمەنـدی خێزانـی و جێنـدەر گرتـووە، بـۆ نمونـە؛ کاتێك بـۆ میوانیـی دەچیـن مـاڵان، لەسـەر داوای پـەروەردگار لـەدەرگا دەدەیـن و ڕوخسـەت وەردەگریـن. هونەرمەنـدەکان هاتـوون بـە دروسـتکردنی ئـەو سـێ بەشـەی لـەدەرگادان سـێ دەنگـی جیاوازیـان دروسـتکردووە، بـە جیاکردنـەوەی دەنگـی ئـەو لـە دەرگادانـە خاوەنمـاڵ زانیویەتـی دەرگالێـدەر پیـاوە یـان خانـم یاخـود منـاڵ. بۆیـە کـە خانـم بوویێـت یەکێـك لـە خانمانی خاوەنماڵ چووە بـۆ دەرگا کردنـەوە. واتـە ئـەم سـێ کۆڵۆمـەی دەرگاکان چەنـد بـۆ جوانـی بـوون ئەوەنـدەش بـۆ پاراسـتنی تایبەتمەنـدی خێزانـی بـوو. کـە ئەمـەش لـە لوتکـەی حیکمـەت و وەسـتایی و لێهاتوویـی هونەرمەندانـی ئـەو شارسـتانیەتەوە سـەرچاوەی گرتـووە.

### پێنجەم: سیمبولیزم "Symbolism".

لـە زۆرشـتدا نیشـانە و سـیمبولێك هەیـە کەسـەلمێنەری ئەوەیـە ئـەو تاقانەیـە!

گشـت بابەتـە هونـەری و مەعنەوییـەکان سیمبولن، کە پەیوەندی جیهانی خوارەوە بە جیهانی سـەرەوە دەبەستنەوە. بابەتـە نەبینـراو نینۆکییەکانـی جیهانـی غەیـب بەرجەسـتە دەبـن لەنێـو جیهانـی ناسـوتدا لـە ڕێگـەی سیمبولەوە. سیمبول و ڕەمـز گرێدانـی مـادە ڕوحـە لـە هونـەری ئیسـلامیدا.

نمونـەی فەرشـچنین وەکـو هەمـوو پیشـە نەریتییەکانـی تـر هەمیشـە دوو ڕەهەنـدی هەبـووە، بەدیوێکـدا پێویسـتی ژیانـی ڕۆژانـەی دابیـن کـردووە و بـە دیوەکەیتریشـدا نەخـش و

**گشت بابەتە هونەری و مەعنەوییەکان سیمبولن، کە پەیوەندی جیهانی خوارەوە بە جیهانی سەرەوە دەبەستنەوە.**

نیـگاری نـاو فەرشـەکان بیرخـەرەوەی جیهانـی مەلەکـوت بـووە. بابەتـی فەرشـەکان زۆرجـار تێکەڵەیـەك بـووە لـە زەخرەفـەی هەندەسـی و سروشـتی کـە گێـڕەرەوەی چیرۆکەکانـی بەهەشـت و خۆشـگوزەرانی جیهانـی بـاڵا بـوون، زۆربەشـیان چەنـد دێـڕە شـعرێکی ناوازەیـان لـە سـەر نووسـراوە کـە لـە وەسـفی فەخـری کائیناتـدا بـە سـیمبول باسـی کـراوە، یاخـود وێنـەی بولبـول و گـوڵ کـە ئامـاژەن بـۆ پێغەمبـەری ئیسـلام.

### شەشەم: تەسلیمبوون "Submission".

'تەسـلیمبوون'، کـە لـە ڕیشـەی وشـەی ئیسلامەوە وەرگیـراوە، بەمانـای ڕادەسـتکردنی ڕوح بـە پـەروەردگار دێـت. یەکێکیشـە لە سـێ بنەماکەی کـە جوبرەئیـل فێـری پێغەمبـەری خودای کـرد، کـە بەشـێوەیەکی گشـتی گشـت بنەماکانـی ئیسـلام دەگرێتـەوە "تەسـلیمبوون، ئیحسـان، ئیمـان".

ئەمـەش هـەروا سـانا نییـە، چونکـە مرۆڤـی نـوێ خـۆی بەداهێنـەر دەناسـێنێت، بەتایبـەت هونەرمەنـد بەشـوێن شوناسـی تاکانـەی خـودی خۆیەوەیەتـی. لـە هونـەری ئیسـلامیدا خاکیبـون جێگـەی خۆبەزلزانـی دەگرێتـەوە، پێویسـتی بـە

پاکێتی و خاکەڕایی روح هەیە. روحی ئەم بابەتەش لە ئایەتی " یا ایها الناس انتم فقرا الی الله"، خۆی نومایان دەکات. کە ئێمەی مرۆڤ خاوەنی هیچ نین، ئەوەی هەمانە لە ویستی ئەوەوە وەرمانگرتووە، بۆیە بە روح خۆمانی رادەستدەکەین.

## حەوتەم: ئەخلاق "Ethic".

هونەر خۆش ئەخلاقمان دەکات. چ ئەخلاق لە بەرامبەر بەخۆمان چ بەرامبەر بە مرۆڤەکان و چ بەرامبەر سروشت. زۆرێك لە هونەرناسان پێیان وایە هونەر و ئەخلاق هەریەك شتن، بۆیە نابێت هونەر پێچەوانە بێتەوە لەگەڵ ئەخلاقدا، بەشێکییان وابیردەکەنەوە کە ئەخلاق و هونەر دوکایەی جیاوازن و ئەگەر بێت و هونەر ئەخلاقیات لەبەرچاو بگرێت ئەوە گیروگرفتی بۆ دێتە پێش و دەبێتە رێگری لە بەرامبەر داهێنانی هونەریدا.

## هەشتەم: بێگەردبینی و پێچەواندن/تەنزیهی و تەشبیهی "Incomparability and Similarity".

هونەر رەنگدانەوەی دیوی روحی ئایینەکانە، هەر لەبەر ئەوە گشت ئایینەکان جیهانبینی هونەری و فەلسەفەی هونەر بەخۆیان هەیە کە لە جەوهەردا لێك جیاوازن. هەر بۆیە هونەری ئیسلامی هونەرێکی بێگەردبینانە 'تنزیە' یە، لەرێگەی سکووت و ئەبستراکتەوە خۆی نومایان دەکات. بەڵام هونەری مەسیحی یان هیندۆسی هونەرێکی بەرجەستەکار 'تشبە'، وێنە ئامێزە. لە کەلامی ئیسلامیدا تەنزیه بۆ تاقانەیی و جیاوازیی پەروەردگارە لە گشت شتەکان لە گەردووندا، هەموشتەکانیش تەشبیهی پەروردگارن، چونکە هەموو جیهانیان لەوەوە سەرچاوەی گرتووە.

تەنزیهی، واتە هەرچی خەسڵەتی زەمینیە لە پەروەردگار دابڕنرێت، بەڵام تەشبیهی، واتە پەروەردگار سود لە جیهانی مەخلوقات دەبینێت بۆ تەجەلابوون و پەخشی جوانیەکانی. لێرەوەیە لوتکەی هونەری مەسیحی دەبێت بە ئایکۆن و پەیکەری حەزرەتی عیسا. بەڵام لە هونەری ئیسلامی دەبێتە سکووت، یان تێکستی قورئان. ئەم جیهانبینییەش وایکردووە ئێمە پەیکەر و ئایکۆنمان نەبێت بۆ بابەتە ئیلاهیەکانمان، نەك ئەوەی بەهەڵە دەوترێت حەرامبوون و حەڵاڵبوونی بابەتەکە بێت.

## نۆیەم: بیرخەرەوەی ئیلاهیات-زیکر "Remembrance of God".

هەموو هونەر و ئەدەبیاتی عیرفانی کاری لەسەر ئەوە کردووە کە بیرخەرەوەی ئیلاهیات بێت، ئێمە لە سەر زەمینێکی ترەوە هاتووین و بۆ ئەوێش دەگەڕێینەوە. بەزاراوە قورئانیەکە " انا الله وان الیە راجعون"، لەلای ئەوەوە هاتووین و هەر بۆلای ئەویش دەگەڕێینەوە. یادی مەعشوق لەنێو روحی ئێمەدا بەقووڵی داکوتراوە و هەڵپەی گەڕانەوەمانە بۆ باوەشی پر میهرەبانی ئەو. ئەم ئایەتە سەرگوزشتەی روحی مرۆڤایەتی بەرجەستە دەکات.

لە چیرۆکێکدا مەولانا دەفەرموێت، ئێمە کچە پاشا بوین لەنێو باخی حەقیقەت دابووین، بەڵام ئێستا لەنێو بیابانی چۆڵی روح و زیندانی

زەمینەدا ون بووین و بە ئومێدی گەڕانەوە و گەیشتنەوە بە مەعشوقی راستەقینە هەر هات و هاوار و فوغانمانە لەدەست دەردی دابڕان.

هەندێک لە عارفەکان باسی چەندین جۆر زیکریان کردووە لەوانە مامۆستا نەورەسی باسی 'زیکری فکر' ی کردووە، کە بیرکردنەوە جۆرێکە لە عیبادەت بۆیە پێی وایە زیکری فکر و خەیاڵکردن و تێڕامان لە بوون هاوشێوەی عیبادەتەکانی تر پێویستییەکی روحیە.

## دەیەم: گەردوونی و لۆکاڵی "Universal and Local".

زمانی هونەر زمانێکی گەردوونیە، بەڵام بە رەچاوکردنی شوێنکات مانا پەیدا دەکات، واتا رێساکانی گەردوونین، بەڵام لەنێو کۆنتێکستی لۆکاڵیدا بەها دەبەخشن. بونیادێکی گەردوونیی گشتیی ناوەکیان هەیە کە لە روحی مەعنەویەتی دینەوە سەرچاوەی گرتووە، لە هەمانکاتدا رێز لە لۆکاڵبیوون و ناوچەییبوونیش گیراوە. وەك ئەوەی پۆستمۆدێرنیستەکان ئاماژەی بۆ دەکەن لەنێو هونەری ئیسلامیشدا جێبەجێ کراوە، کە دەیان وت: "گەردوونیانە بیربکەنەوە، بەڵام لۆکاڵیانە بەرجەستەی بکەن". هونەری ئیسلامیش بنەما گەردوونیەکانی وەرگرتووە و بەسوودبینین لە مادە و شێوازی ناوچەیی کارەکانی بەرجەستە کردووە.

ئەگەر ئەدەبی عیرفانی بەنمونە وەربگرین دەبینین ئەگەرچی بنەما شیعریەکان هەریەك شتن و هەمان بونیاد و جیهانبینیی و جوانیناسییان هەیە، بەڵام بەپێی کەسەکە شیعرەکان جیاوازن، تام و بۆی هەریەکەیان لەویتر جیاوازە، هەستی جوانبینییان لەیەکتر ناچێت.

**هونەر خۆش ئەخلاقمان دەکات. چ ئەخلاق لە بەرامبەر بەخۆمان چ بەرامبەر بە مرۆڤەکان و چ بەرامبەر سروشت.**

## یانزیەم: خەیاڵ "Imagination".

لە زانستی گەردووناسی ئیسلامیدا، جیهانی ئەندێشە و خەیاڵ لە هەرەمی گەردوونی بووندا شوێنێکی ناوەندیی داگیردەکات، ئەویش لەنێوان جیهانی مادە و جیهانی روحدایە، یاخود هاوکاری بەرجەستەکردنی جیهانی نەبینراو دەبێت لە جیهانی بینراودا. خەیاڵ بەرزەخی نێوان جیهانی شەهادە و غەیبە. د. سروش دەبێژێت: "گەورەیی و داهێنانی نووسەرێك لە و داتا و زانیاریانەدا نییە کە لای نووسەرەکە هەیە، بەڵکو لە و خەیاڵە قووڵەدایە کە سەراپای زانیارییەکان دادەپۆشێت".

ئەمانە چەندین پێشگریمانە و بنەما و حیکمەت بوون کە دەشێت لە نێو هونەری ئیسلامیدا بەدییان بکەین، چەندانیتریش ماون کە بنەڕەتین لە تێگەیشتنمان لە مانا شاراوەکانی پشت کایەکان و شاکارە هونەرییەکان.

## بەشی دووەم:
## پارادایمی تێگەیشتن لە هونەی ئیسلامی.

پـێ بـە پێـی مێـژوو تێگەیشـتنەکان گۆڕانـی بەسـەرداهاتووە لـە هەمبـەر هونـەری ئیسـلامی، هـاوکات بـە پێـی جیهانبینیـی گـروپ و ڕەوتـە دینییـەکان تێگەیشـتنەکان لـە بەرامبـەر هونـەر شێوەی گرتووە. ئەگەر بە شێوەیەکی گشـتییش لە هونـەری جیهانی بڕوانیـن، دەبینین مێژوونووسـەکان باس لە سێ پارادایمی گـەورە دەکەن کە مێژووی هونەر پێیدا گوزەری کردووە، ئەوانیش بریتیـن لە پارادایمی "جوانی، زمان و ئەقڵ". واتە جیهانی پێش مۆدێـرن جوانیسـەنتەر بـووە، لـە جیهانـی مۆدێرن دەگوازێتـەوە بۆ زمانـی هونەری، پاشان لـە ئێسـتادا هونـەری هاوچـەرخ ئەقـڵ سـەنتەری کارە هونەرییەکانە. لە بەر ئەوەی هونـەر دیاردە/ فینۆمینێکی مێژووییە، تێگەیشـتنە مێژووییـەکان تێگەیشـتن بەرامبـەر بـە هونەریـش دەگـۆڕێن.

### لەنێو هونەری ئیسلامیشتدا چەندین تێگەیشتنی جیاواز و پارادایمی جیاواز هەبووە کە لێرەدا شەنوکەویان دەکەین.

### یەکەم: ڕۆژهەڵاتناسی "Orientalism".

ڕۆژهەڵاتناسـەکان چەنـد دەسـتەیەك بـوون بـە شـێکیان بەوپـەڕی ویژدانـەوە مامەڵەیـان لەتـەك هونـەری ئیسـلامی کـردووە، توانیویانـە جێگـە و پێگـە بـۆ ئـەم هونـەرە بدۆزنـەوە، تاڕادەیـەك وەك ئـەوەی هەیـە بـە جیهانـی ڕۆژئاوایـی بناسـێنن، کـە هونەرێکـی نـاوازە و مەعنـەوی گەورەیـە، هاوشـانی هونـەری ئایینەکانـی تـر، کـە ئیلهـام لـە حەقیقەتـەوە وەردەگرێت، لـە نێـوان مانـا شـاراوەکانی قورئانـەوە سـەرچاوەی گرتـووە. بەشێکیشـیان پیـان وایـە لـە بـەر ئـەوەی پێغەمبـەری ئیسـلام ئەزموونـی گـەورەی ڕوحـی و دەراسـای گـەورەی نەبـووە هاوشـێوەی موسـا و عیسـا، کەواتـە هونـەری مەعنـەوی و ڕوحـی قووڵـی نەخوڵقانـدووە، بۆیـە خوێندنەوەکانیـان تەنهـا لـە دیدگای فۆرم و شکڵەوە کۆتایی پێهاتووە.

بەشـێکیش لـە هونەرناسـانی ئەورووپـی وەك هایزیك زیمەر( ) و ستێلا کرامریچ (Stella Kramrisch)، بـە کاریگەرییـان بـە ئانەنـدا کوماراسـۆمی (Ananda Coomaraswamy) توانییـان ئـەوە پشـت ڕاسـت بکەنـەوە، کـە بەڵـێ هونـەری ئیسـلامیش هاوشـێوەی هونـەری دینەکانـی تـر، خاوەنـی هونەرێکـی ڕوحـی قووڵـە، چـی لـەرووی هێمـا و زمـان و ڕوحەوەبێـت. کەواتـە نکۆڵـی ئەزموونـی مەعنەویـی و ئەخلاقـی پێغەمبـەر ناکـەن، بـەڵام پێیـان وایـە ئـەم هونـەرە چەندیـن ڕەهەنـدی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و سـایکۆلۆژی و کلتـوری و ... ، هەبـووە پێویسـتە ئەویـش لەبەرچـاو بگیرێـت، بەمـەش دەرگای گـەورەیـان لەسـەر خوێندنـەوەی جیـاوازی هونـەری ئیسـلامی کردۆتـەوە، بەتایبـەت ئۆلیـگ گرابـار (Oleg Grabar) کـە جیهانبینییەکـی تـەواو جیـاوازی لەسـەر ئیسـلام ئاوەڵاکـرد، بەتایبـەت ئەودیـدە مرۆڤناسـی و گەردوونیـەی کـە پێـی وایـە جیهانـی ئیسـلامی دەربـڕی پێویسـتییە گەردوونیەکانـی مرۆڤـە، زیاتـر لـە شـتە نەناسـراوەکان.

********

### دووەم: سونەتگەرایی "Traditionalism".

سونتگەراکان عیرفان بەدڵی شارستانێتی ئیسلامی دەزانن، هونەریش وەك یەك لەسەر سێی ئەم بازنەی سێیەمە سەیردەکەن کە لە مەقامی ئیسلامەوە بۆ مەقامی ئیمان و لە وێشەوە بۆ مەقامی ئیحسان. ئیحسان بە هەردوو مانای جوانی و چاکی لێکدەدەنەوە.

سونتگەراکانی وەك 'فریتۆڤ شڤان(Frithjof Schuon) و تیتۆس بوکهارت(Titus Burckhardt) و سەید حسین نەسر' پێیان وایە هونەری ئیسلامی یەك پارچە ئەزموونی روحی مەعنەویە و هەر خوێندنەوەیەکی تر بۆی دەیشێوێنێت. هونەرێکە لەنێو دەریای مەعنەویەت و ئەزموونی ئێستاتیکیدا نوقمە و سەرشارە لە روحانیەت. لێرەوە سونەتگەراکان زۆر ناچار بوون هەرچی هەڵە و نادروستی رۆژهەڵاتناسەکانە بۆ هونەری ئیسلامی راست بکەنەوە، بیهێننەوە سەر سکەی خۆی. بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەو رەهەندەش بدەم کە لە سەدەی نۆزدە بەدواوە زیندوکەرەوەی ئەم کایە بوون لەنێو ناوەندە ئەکادیمییەکانی رۆژئاوا و پاشانیش لە زێدی رەسەنی خۆی، بەمەش توانییان ئەوە بسەلمێنن کە چ هونەر و چ ئایینەکان لەیەك کلاورۆژنەوە هاتوون، ئەگەر چی لە فۆرم و شێوەشدا جودا بن.

### سێیەم: مەعنەویەتگەرایی "Spiritualisms".

**سونتگەراکان عیرفان بەدڵی شارستانێتی ئیسلامی دەزانن، هونەریش وەك یەك لەسەر سێی ئەم بازنەی سێیەمە سەیردەکەن کە لە مەقامی ئیسلامەوە بۆ مەقامی ئیمان و لە وێشەوە بۆ مەقامی ئیحسان.**

مەعنەویەتگەراکان نکۆڵی رەهەندی مەعنەوی و روحی هونەری ئیسلامی ناکەن، بەڵام بەو خەستیەش کە سونەتگەراکان باسی دەکەن پێیان وایە زیادەڕەویە. بەتایبەت فەیلەسوفی ئێرانی مستەفا مەلەکیان پێی وایە تاڕادەیەك گشت پێشگریمانەکانی سونەتگەراکان بە هەڵە دادەنێت کە گوایە تیۆریاکانی مەلا سەدرا و وەحدەتولوجودی ئیبن عەرەبیان لەکارەکانیاندا نومایانکردووە یاخود هیچ کاریگەر نەبوون بە شارستانییەتەکانی تر، هەروەها هەمووی بەدەستی عارفەکان بەرهەم هاتووە.... هتد.

راستییەکەی مەلەکیان یانزە پێشگریمانەی سونتگەراکان دەهێنێت و بەڵگەیان لەدژ دێنێتەوە کە بەو شێوەیەش نین کە ئەوان بانگەشەی دەکەن. بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کردنەوەی دەلاقەی جیاواز بۆ خوێندنەوەی ئەم کایە دێنێتە ئاراوە، کە بەسودی مرۆڤە لە زەمەنی نوێدا.

### چوارەم: ریفۆرمخوازی "Reformisms".

لە گۆشەنیگای فەرهەنگسەنتەرییەوە کە هونەریش ڕۆڵ و کاریگەریی دەبێت لەسەر وەرچەرخانی کلتووریی و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگە. ئەوەندەی من ئاگادار بم کەمتر خۆیان مژوڵی بابەتە هونەرییەکان کردووە، ئەگەر چی زۆر لەسەر ئەدەب و سینەما وەستاون، بەڵام پێیان وابووە کە چاکسازیی لە ئاییندا گۆڕانکاریی هونەرییش بەشوێن خۆیدا دێنێت. یاخود بەشێکیان پێیان وایە کە دەبێت لەنێو ئەدەبیاتدا بۆ حیکمەت و فەلسەفەی شارستانیەتی خۆمان بگەڕێین.

## پێنجەم: حیکمەتگەرایی "Wisdoms".

لە نێو شارستانێتی ئیسلامیدا کەسانێك هەبوون بە حەکیمەکان ناسراون کە چارەسەری نەخۆشییان کردووە، بەڵام بەشێکیان لەرووی فیکری و روحیەوە پێگەیشتوون، چارەسەری دەردەی عیشق و گرفتە نەبیراوەکانیان کردووە و عارف و عاشق و هونەرمەندی راستەقینە بوون. بەڵام زاراوەی حیکمەتگەرایی من خۆم دامرشت وەك خولیاو و ئاواتێك کە کەسانێك هەبن سوود لە حیکمەتەکانی شارستانییەتە زیندووەکان وەربگرن و لە زەمەنی هاوچەرخدا بیکەنە دار عەسای دەربازبوون و رزگاریی بۆ نەتەوەکانیان، هەروەها لە کایەی هونەریشدا بتوانن حیکمەتەکان بەسودی مرۆڤایەتی بەکاربهێنن. حەکیمانێك کە ئەقڵ و ئەخلاق و مەعنەویەت بکەنە سەنتەری کارکردنیان لە پێناو مرۆڤدا لە زەمینەی هاوچەرخدا.

****************

**********

### دەرئەنجام

هەموو ئەوەی لە پێشەوە ئاماژەی بۆ کرا و بەڵگەکاری و وەڵام بوو بۆ هەر دوو پێشگریمانەکەی لە پێشەکیەکەدا ئاماژەمان بۆ کرد کە ئایا:

**یەك:** "هونەری ئیسلامی بوونی هەیە؟".

ئەگەر بەڵێ کەواتە:

**دوو:** "لە ئێستادا سوودیان چییە؟".

وەڵامی ئێمەش ئەوە بوو هاوشێوەی ئایین و ئایینزاکانی تر، مادام پێغەمبەری ئیسلام خاوەنی موعجیزە و ئەزموونی روحی ئێجگار گەورە بووە و ژیانی پڕ بووە لە راز و نهێنی، بەزاراوە قورئانیەکە کە دەفەرموێت: " قم الليل الى قليلا"، ئەمەش وایکردووە کە شەپۆلێکی مەعنەوی و روحی و هونەری بەگەڕبخات هەتاوەکو قامی قیامەتیش بەردەوامبێت.

لێرەوەیە نەریت بەتەنها لەرێگەی وشەوە لەگەڵ مرۆڤ نادوێت، بەڵکو لەرێگەی فۆرمی هونەرییەوە دەئاخڤێ، پەیام بەتەنها لەنێو کتێب و سروشتدا نییە، بەڵکو سەرچاوەکەی نەریت و گەردوونە. وەك بیریاران دەبێژن کە هونەری نەریتی دانەبڕاو بووە لە مەعریفەی قدوسی، چونکە دەگەڕێتەوە بۆ زانستی گەردوونی و تایبەتمەندی ناوەکی. بەمەش هاوشێوەی شارستانیەتەکانی تر ئیسلامیش لە گشت بوارەکاندا هونەر و شاکاری هونەری بەرهەمهێناوە، سەرشاربووە لە داهێنانی هونەری و بەرهەمی جوان.

بۆ وەڵامی دووەمیش دەکرێت بە لەبەرچاوگرتنی ئەو حیکمەت و بنەمایانەی

ئاماژەمـان پێدا بەرهەمـی نـاوازە بەرجەسـتەکەین لە زەمەنی ئێستادا، بەتایبەت کە زۆر گونجاویی هەیـە لەنێـو کۆنتێکسـتی هونـەری هاوچـەرخ و کۆنتێکسـتی هونـەری ئیسـلامیدا، چونکـە هەردووکیـان لـە ئێسـتادا هـەم مـرۆڤ سـەنتەرن و هـەم ئەقڵ و بابەتـە مەعنەویـەکان لە سـەنتەردان.

پاشـان بـە سـودبینین لـە پارادیمـی گروپـە جیاوازەکانـی نێـو ئـەم کلتـوورە، دەشـێت میتـۆد و قوتابخانـە و رووگـەی هونـەری گـەورە دروست بێت بەگەڕانـەوە بـۆ بنەمـا ئەقڵـی و مەعنەویەکانـی ئـەم ئایـیـنـە. بێگومـان وەك بیریـاری پاکسـتانی فەزلورەحمـان دەبێژێـت: "هێنانـەوەی ئـەوەی رابـردوو بـۆ ئێسـتا بـە بـێ ئاماژەکـردن بـە کۆنتێکسـت و لەبەرچاوگرتنـی رەنگـە هیـچ مانایـەك نەبەخشـێت". هـەر وەك چـۆن لـە پێشـدا پەیامێکـی ئێسـتاتیکی و جوانیبینانـەی هەبـووە ئـەم هەمـوو شاکارە نـاوازەی خوڵقانـدووە، پێویسـتە لـە ئێستاشـدا پەیامێکـی ئەقڵـی و مەعریفـی و مەعنـەوی پێبێـت، بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ نـاوەڕۆك و زەمینەی هونەری هاوچەرخدا بگونجێت و جێگە و پێگەی خۆی بدۆزێتـەوە لـەم نێونده مەعریفییـەدا. واتـە لـە جوانیسـەنتەرییەوە بـۆ هزرسـەنتەری.

بـۆ دروسـتکردنی هونـەر و کلتوورێکـی لـەو شـێوەیەش پێویسـتمان بـە سـونەتێکی گـەورە دەبێـت کـە ببێتـە پاڵپشـت بـۆی، بـەڵام پێویسـتە ئـەو سـونەتە ئەزموونکـراو بێـت و چوارچێوەکـەی زانـراو بێـت. خۆشـبەختانە یەکێـك لـە جوانتریـن سـونەتەکانمان لەبەردەسـتادایە کـە سەرشـارە لـە ئەقڵانیـەت و مەعنەویـەت.

******

**نەریت بەتەنها لەرێگەی وشەوە لەگەڵ مرۆڤ نادوێت، بەڵکو لەرێگەی فۆرمی هونەرییەوە دەئاخڤێ، پەیام بەتەنها لەنێو کتێب و سروشتدا نییە، بەڵکو سەرچاوەکەی نەریت و گەردوونە. وەك بیریاران دەبێژن کە هونەری نەریتی دانەبڕاو بووە لە مەعریفەی قدوسی، چونکە دەگەڕێتەوە بۆ زانستی گەردوونی و تایبەتمەندی ناوەکی. بەمەش هاوشێوەی شارستانیەتەکانی تر ئیسلامیش لە گشت بوارەکاندا هونەر و شاکاری هونەری بەرهەمهێناوە، سەرشاربووە لە داهێنانی هونەری و بەرهەمی جوان.**

****

## سەرچاوەکان

١-قورئانی پیرۆز، سورەتی الشورا، ئایەتی ١١ .

٢- Dr. Shahram Pazouki, An Introduction to Philosophy of Art and Beauty in Islam

٣- ,Noell Caroll, Philosophy of Art, Contemporary Introduction ١٩٩٩

٤- ٢٠٠٧ ,A-William C. Chittick, Sufism- A Beginner’s Guide

٥- تەحسین حمەغەریب، فەلسەفەی دین، ٢٠١٥.

٦- ئەمیش ئاماژەیە بە حەدیسێکی قودسی کە دەفەرمێت: "کنت کنزا مخفیا فاردت ان اعرف فخلقت الخلق"، دەوترێت فەرموودەی قودەسی مانای لای خودایە و لەفزی لای پێغەمبەرە، بەڵام لە راستیدا ئەگەر وا بێت جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ فەرموودەکانی تردا. وەها دەبینین فەرموودەی قودسی ئەزموونی حوزووریانەی پێغەمبەرە! ئەوەندە حزووریی و قووڵە تەعبیرەکەی بەناوی خوداوە دەڵێت.

٧- Ziyad Bulbulia, what is the Philosophy Behind Islamic ٢٠١٨,Art

٨- /٧٨/٢١/٠٥/٢٠١٨/https://ziyadtheartnerd.wordpress.com

٩- کارزان ئەحمەد، گۆران عبدوڵا، هونەر و مەعنەویەت، ناساندنێك بۆ هونەر و بیناسازی ئیسلامی، ٢٠١٨

١٠- Seyyed Hossein Nasr, Sacred Silence in Sufism and the ٢٠١٣ ,Vedanta

١١- com/watch?v=QTjomW٠٢un٤

# شادی، رەنج و ئازار

گفتوگۆی نیگڵ ۆربرتن(Nigel Warburton) لەگەڵ

فەیلەسوفی کەنەدی تۆماس هۆرکا (Thomas Hurka)

پرسیارکردن لە مانا و ئەو رۆڵەی کە چێژ لە ژیانی مرۆڤدا هەیەتی، بە درێژایی سەدەکان زەین و قەڵەمی زۆرێك لە فەیلەسوفەکان و تیۆرسێنەکانی بەرەو لای خۆی راکێشاوە. لە لقە جیاوازەکانی فەلسەفەی نوێشدا هەر یەکێکان بە نۆبەی خۆی لە هەوڵی ئەوەدان، تاکو وەڵامێکی گونجاو لەبارەی ئەو بابەت و پرسیارانەی پەیوەندییان بە چێژ و چەمکی بەرامبەر و دژەکەیەوە هەیە، واتە، رەنج و ئازار، بخەنە بەردەست، لەم رووەوە تیۆرداڕشتن و وەڕاستگەڕان/میسداق ناسی داهێنەرانەیان لەمەڕ ئەم چەمکە بنەڕەتییە خستۆتەڕوو.

پرۆ فیسۆر تۆماس هۆرکا فەیلەسوفی کەنەدیی، یەکێك لە ئەندامانی هەڵبژێردراوی زانکۆی شاهانەی کەنەدا کە لە ساڵی (٢٠٠٢)ی زاینیدا کورسی باڵای لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکانی زانکۆی تۆرنتۆی تایبەت بە خۆی کردووە و پێشتر بۆماوەی (٢٠) بیست ساڵ، مامۆستای فەلسەفە بووە لە زانکۆی کالگەری(Calgary)، هەوڵ دەدات وەڵامی پرسیارەکانی نیگڵ ۆربرتن فەیلەسوفی بەناوبانگی بەریتانی بداتەوە لەبارەی مانا و چەمکی چێژ، جۆرەکانی چێژ و پەیوەندییان لەگەڵ چەمکە بەهادارەکان لە ژیاندا وەکو، هونەر و مەعریفە. بواری سەرەکی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکانی تۆماس هۆرکا فەلسەفەی سیاسیی و فەلسەفەی ئەخلاقە، بە تایبەت ئەخلاقی رێنوێنکیار(normative)، زۆرترینی ئەو بەرهەمانی بڵاوی کردونەتەوە لەبارەی تیۆریا ئەخلاقییە رەهاگەراکانن. هەروەها وتارگەلێکی لەمەڕ بڕیاردانی ئەخلاقی، ئاگادارکردنەوە، نەتەوەگەرایی، دۆستایی و ئەخلاقی جەنگ بڵاوکردۆتەوە. بەرهەمی سەرنجڕاکێش و نائەکادیمی هۆرکا کە رەنگە هۆکاری سەرەکی بانگهێشتی نیگڵ ۆربرتن بۆ ئەوە بووبێت، بەناوی "باشترین شتەکانی ژیان"ە، (The Best Things in Life) کە ساڵی (٢٠١١) بڵاوبۆتەوە. لەم کتێبەدا هۆرکا توێژینەوەی

لەبارەی بابەتەکانی وەکو چێژ، مەعریفە، سەرکەوتن، فەزیلەت و عیشق کردووە.

### شادی و ئازار

بە دڵنیاییەوە چێژ یەکێکە لە شتە باشەکانی ژیان. بەڵام چۆن چێژ لەگەڵ باشیی و چاکییەکانی تری مرۆڤ، وەك؛ مەعریفە و زانیاری و هونەر بەراورد بکەین؟ چۆن جۆرەکانی چێژ لە بەرامبەر یەکتردا دابنێین؟ هەروەها چ پەیوەندییەك لە نێوان چێژ و شاد و شادومانیدا بوونی هەیە؟ فەیلەسوفی ئەمریکی رۆبەرت نۆزیك(Robert Nozick)، ئامێرێکی ئەزموونی و گریمانەیی وێناکردووە کە هەرکات پێوەی پەیوەست بین، هەر هەستێکی چێژبەخش کە بکرێت لێی بخوازین، پێمان دەبەخشێت، بەڵام ئەوە روون نییە بۆمان، ئەم ئەزموونانە راستەقینە و واقیعین یان نا. دەکرێت باوەڕ بەوە بکەین لە کاتی خواردنی کێکێکی شیریندا، لە کاتێکدا کە ئەو دەمارانەی پەیوەستن بە مێشکمانەوە، هۆکاری واقیعی و راستەقینەی ئەم هەستە شیرین و خۆشە بن. ئەو پرسیارەی نویزویك دەیخاتەڕوو ئەوەیە کە: ئایا ئامێر لە جیاتی ژیانی راستەقینە هەڵدەبژێرێت؟ ئەو وا بیر دەکاتەوە هەڵبژاردنێکی لەم جۆرەمان نابێت و ناوێت، ئەمەش ئەوە نیشان دەدات چێژ هەر بەو جۆرەی کە بیرمەندی سوودگەرای بەریتانی، جرمی بنثام(Jeremy Bentham) کە لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەدا دەژیا، باوەڕی پێی بوو ئەو گرنگییەی نییە. رێنموونیکەری ئێمە لەبارەی چەمکی چێژەوە، تۆماس هۆرکا-یە، کە مامۆستای فەلسەفەیە لە زانکۆی تۆرنتۆ.

**پ: نیگڵ وربرتن: ئەو بابەتەی دەمەوێ قسەی لەبارەوە بدوێین چێژە. بە تەواوی روونە کە چێژ خۆشی هێنەرە، ئایا وایە؟**

**و: تۆماس هۆرکا:** ئومێدەوارم بەمجۆرە بێت، جا ئەگەر شتێکی باش نەبێت ئەوە زۆربەمان هەر کات بەفیرۆ دەدەین، بەڵام من ئەوە قەبوڵ دەکەم کە جۆرێك هەستی بینراوی بەهێز هەیە، بنەما لەسەر ئەوەی چێژ شتێکی باشە "مەبەستی من لە چێژ هەموو جۆرە هەستە خۆشەکانە، هەر هەستێك، هەر هەستێکی دەروونی و ناوەکی کە هەستی باشە و دەنگدانەوەیەکی نەرێنی هەیە". مرۆڤەکان زاراوەگەلی جیاواز بۆ جۆرە جیاوازەکانی هەستە باشەکان بەکاردەهێنن، چێژ، رازیبوون، شادی، شادیبەخش، مەبەستی من هەموو ئەمانەیە و وا بیردەکەمەوە بەڵێ، هەستی باش، شتێکی باشە.

**پ: نیگڵ وربرتن: بەڵام هەستی باش بە شێوەی جیاواز ئەزموون دەکەین، بە دڵنیاییەوە هەموو ئەوانە یەك شت نین، بەمجۆرە نییە؟**

**و: تۆماس هۆرکا:** ئەمە هەمان ئەو بابەتەیە کە مەبەستمە لەبارەیەوە قسە بکەم. بیردەکەمەوە سوودگەرایانی وەکو جرمی بنثام وا گومانیان دەکرد چێژ تەنها شتێکە، بە دەستەواژەیەك وردە چێژ(pleasure pellets)، بەڵام بە گومانی من جۆری جیاواز لە هەستی باش بوونیان هەیە. کاتێك دەڵێم چێژ باشە، مەبەستم ئەوە نییە کە تەنها (چێژ) باشە. لەبەرئەوە باشترین ژیان، مەرج نییە بە چێژترین ژیان بێت، سەرکەوتن بەهایەکی مرۆییە، مەعریفە و زانین بەهایەکی مرۆییە، لە رووی ئەخلاقییەوە، بوونی کەسایەتی باش، بەهایەکی مرۆییە،

لەگەڵ ئەمەشدا چێژیش بەهایەکی مرۆییە و وا گومان ناکەم وێناکردنی ژیانێکی باش، بە بێ چێژ بکرێت بێت. چێژ بۆ ژیانێکی باش، توخمێکی پێویستە، بەڵام هەر بەو جۆرەی کە گوتت، چەندین جۆری جیاواز لە چێژ بوونیان هەیە. یەکەمین جوێکەرەوە لە نێوان چێژەکاندا کە بە تەواوی هەستیین و لەبارەی شتێکەوە نین و ئەو چێژانەی کە لەبارەی شتێکەوەن (چێژ لەوەی)، بوونی هەیە. با گریمانەی ئەوە بکەین ئێوە خەریکی خواردنی پارچەیەك شیرینین، چاوەکانتان نوقاندووە و بە تەواوی چاوتان لەسەر هەستەکانتانە، "جۆرە هەستێکی خۆشی سەرووئاسایی لە خواردنی پارچە شیرینییەکی خۆش"، بەڵام چێژی ئێوە لەبارەی شتێکەوە نییە، ئێوە "لە شتێك" کە ڕوویداوە، چێژ وەرناگرن، بەڵکو ئەم چێژە تەنها جۆرێك هەستە کە "بۆ ئێمە" خۆشە.

**پ:نیگڵ ۆربرتن: کەواتە ئێوە دەڵێن ئەم چێژە سادانە لە ڕاستیدا هەستەکانن، هەستی خۆش.**

**و: تۆماس هۆرکا:** هەریەك لەوانە، هەستی ئاڵۆز، لەگەڵ لایەنێکی چێژ و خۆشیدایە. لەسەرووی ئەمەشەوە و لەگەڵ ئەمەشدا توخمگەلی دیکە هەن کە هەستێکی چێژبەخش لە هەستێکی چێژبەخشی تر جیادەکەنەوە، لەبەرئەوە چێژی خواردنی شیرینییەك کە لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا، لە چێژ و تامی شیرینی و زیادبوونی شیرینیەکە پێکهاتووە. چێژی برۆنزیبوون بەهۆی ڕاکشان لە ژێرخۆرەتاودا، ئەمەش لایەنێکی چێژە، هەمیش ئەو کەسە هەست بە گەرمبوونی جەستەی خۆی دەکات. لەبەرئەوە هەرکام لەمانە چەندکۆمەڵەیەکی تەواو جیاوازن، بەڵام خاوەن

**چێژ یەکێکە لە شتە باشەکانی ژیان. بەڵام چۆن چێژ لەگەڵ باشیی و چاکییەکانی تری مرۆڤ، وەك؛ مەعریفە و زانیاری و هونەر بەراورد بکەین؟ چۆن جۆرەکانی چێژ لە بەرامبەر یەکتردا دابنێیین؟**

لایەنێکی چێژن، واتە لە ڕوویەکەوە چێژیان هەیە.

**پ: نیگڵ ۆربرتن: لەبارەی بابەت و لایەنەکەی دیکەوە چی دەڵێن؟ لایەنی چێژ "لە شتێك" (pleasure that something)**

**و: تۆماس هۆرکا:** زۆرباشە، ئەوە کاتێکە کە ئێوە "لەوەی شتێك" ڕوویداوە، چێژ وەردەگرن. ئێوە بیر دەکەنەوە لە جیهاندا شتێك ڕوویداوە "یان ڕوودەدات" و لەوەی کە ڕووداوێکی لەمجۆرە ڕوودەدات چێژ وەردەگرن. لەبەرئەوە دەتوانن لەوەی کە یانەی لیڤەرپوڵ پێنج خولەك پێشتر سەرکەوتنی تۆمار کردووە، چێژ وەربگرن. دەتوانن چێژ لەوە وەربگرن کە مناڵەکەتان تازە پێی گرتووە و فێری ڕۆیشتن بووە. دەتوانن چێژ لەوە وەربگرن کە گوێگرانتان وتارێکی ئێوەیان پەسەند کردووە و پێیان باش بووە، لە کۆتاییدا ئەو پرسیارە ورد و جوانانەی کە کردویانن لەمەڕ بابەتەکەتان. لەبەرئەوە ئێوە "لەوەی شتێك" ڕوویداوە، چێژ وەردەگرن. ئەمە زۆر ئاڵۆزترە لە جۆرێك هەستی فیزیایی ڕووت، چونکە بێ بیرکردنەوە لەبارەی

ئەوەی لیڤەرپوڵ پێنج خولەك پێشتر سەرکەوتنی تۆمار کردووە، ناتوانن چێژ وەربگرن لەوەی کە ئەم سەرکەوتنەی پێنج خولەك پێشتر تۆمار کردووە. بۆ نموونە: رەنگە بیربکەینەوە ئاژەڵەکان دەتوانن چێژی فیزیکی رووتیان هەبێت، مەگەر ئەو کاتەی خاوەنی ئەو بیرکردنەوەیە بن کە لیڤەرپوڵ، سەرکەوتنی تۆمار کردووە و زۆربەی ئاژەڵەکانیش توانایەکی لەمجۆرەیان هەیە.

**پ: نیگڵ ۆربرتن: کەواتە دەبێت جیاوازی بکەین لە نێوان چێژە رووتەکانی وەکو خواردنی شیرینی و چێژەکانی تری وەکو "لە شتانی تر و لەوەی کە" لیڤەرپوڵ سەرکەوتنی بەدەستهێناوە. ئایا ئەمە هەموو جۆرە جیاوازەکانی چێژە کە دەیانناسین؟**

**و: تۆماس هۆرکا:** نەخێر، بە بۆچوونی من جیاوازییەکی تر لە نێوان ئەوەی ناوی چێژە خێراکانی لێدەنێین و چێژە گشتییەکانی تر "فراوانبووەکان"، بوونی هەیە. لەبەرئەوە رێگە بدەن من جۆری یەکەم لە تەنیشت چێژە رووتەکان، کە لە جۆری "چێژ لەوە" نین، دابنێم. ئەگەر چێژی فیزیکی ئەزموون بکەن، وەکو خواردنی شیرینییەك یان چوونە بەرهەتاو، ئەم چێژە بە گشتی بە بەشێك لە جەستەی ئێوە سنووردار دەبێت. ئێوە هەست بە چێژی ئەوە دەکەن کە هەتاو لە پشتتان دەدات یان هەست بە چێژی خواردنی پارچەیەك شیرینی دەکەن لە ئەندامەکانی تایبەت بە هەستی چەشتن لەناو زاردا. هەر بەمجۆرە هەستکردن بە ئازار هەمیشە پەیوەندی بە بەشێك لە جەستەتانەوە هەیە. ئێوە هەست بە ئازار دەکەن لە لای چەپی لەشتان یان لای راست، لەبەرئەوە ئەمانە لاوەکین و شوێنی خویان هەیە و لەگەڵ ئەوەشدا لە کاتی ئاگاییدا بە شێوەی توخمگەلی بەش بەش و جودان. دەکرێتە ئێوە لەکات و ساتێکدا کۆمەڵە هەستێکتان هەبێت، دەکرێت لە دەستی راستتاندا ئازار هەبێت، بەڵام لەو کاتەدا شیرینی دەخۆن و چێژ لەوە دەبینن کە خۆتان داوەتە بەر خۆر و لە قاچی چەپتان هەست بە سوتانەوەی خۆر بکەن. هەموو ئەمانە لە یەك ساتتدا روودەدەن.

ئەمانە لە ئاگایی ئێوەدا توخمگەلی بەش بەش و جودان. چێژە سادەکان فراوانترن لە ئەو چێژانەی لە جۆری "بوون لە حاڵەتی باش و ساتی چاك"دا، ئێوە بە گشتی هەست بە باشی دەکەن. بەگشتی و لە هەموویاندا هەست بە شادی و خۆشحاڵی دەکەن ، ئێستا کۆمەڵە چێژێك هەن کە بە بەشێك لە جەستەی ئێوەوە سنووردار نەبوون، بۆ نموونە لە قوڵی چەپتاندا یان قاچی راستتاندا، هەست بە بارودۆخێکی باش ناکەن، ئەم جۆرە چێژە نە سنوورێکی فیزیکی هەیە و نە لە تەنیشت توخمەکانی ترەوە بە تەواوی توخمێکی جیاوازە لە نێو ئاگاییدا، ئەم جۆرە چێژە سێبەری لەسەرە ئاگایی داناوە. ئەم هەستە هەموو دۆخی دەروونیتان دەگرێتەوە. هەروەها دەتوانێت بەهێزی و لاوازی هەبێت. دەکرێت حاڵتان کەمێك باش بێت، یان دەکرێت خۆشحاڵ بووبن کە جۆرێك حاڵی باش بەهێز بووبێت لەناوتاندا. لەبەرئەوە حاڵ و دۆخەکان سەراپا ئاگایی دەگرنەوە، بۆیە لەگەڵ چێژی فیزیکیدا جیاوازن. ئەمانە ئاگایی تێر دەکەن و زەمینەیەکن بۆ دۆخە دەروونییەکانی تر. وەکو هێڵێك یان ناوچەیەکی ناسکی رەنگ ئاویی لە وێنەکێشاندا کە بەهۆیەوە هەموو شتێك کەمێك رەنگ ئاویی

دەبێت. هەڵبەتە لە بەرامبەر ئەمەشدا حاڵی خراپ یان خەمۆکی بوونی هەیە، ئەو جێگەیەی کە هەستی نەرێنی هەموو بونتان دەگرێتەوە.

**پ: نیگڵ ۆربرتن: لەبەرئەوە حاڵەکان زۆر گشتین و لەبارەی شتێکەوە نین، بە پێچەوانەی سۆزەکان کە لەبارەی شتێکەوەن.**

**و: تۆماس هۆرکا:** بەڵێ راستە. لەبەرئەوە حاڵی باش گشتیتر و فراوانترە لە لە چێژی فیزیکی، بەڵام ئێمە هێشتا لە بەشی هەستی سادەداین نەك "چێژ لەوە"، سەرەڕای ئەوەش "هەستی سادە"، جۆری گشتیتر و فراوانتری لە هەستی باش هەیە کە لە بەشی "چێژ لەوە"دایە. زیاتر ئەوەی کە باسم کردوە "چێژ لەوە"، بریتیی بووە لە شتگەلێکی تایبەت کە روویانداوە. لەبەرئەوە تەنها بە گوتنی ئەوەی بۆ نموونە، لیڤەرپوڵ براوە بووە و سەرکەوتنی تۆمار کردوە، یان منداڵەکەم پێی گرتووە، یان خود ئەوەی کە خەڵکی سوپاسی وتارەکەیان کردم و بە دڵیان بوو، چێژ وەردەگرم. بەڵام دەتوانرێ "چێژ لەوە" لە بابەتگەلی زۆر گەورەتر سوودی لێوەربگیرێت و یەکێك لەم بابەتانەش چێژوەرگرتن و هەستی رەزامەندبوونە لە ژیانی خۆمان بە ناونیشانی گشتێك. تەنها سەیرکەر و تەماشاچی یەکێك لە لایەنەکانی ژیان نیم، بەڵکو بە شێوەیەکی یەکپارچە لە پێش چاومە، لە یەکەمین قۆناغییەوە تاکو ئێستا و ئەم ساتە و بۆ ئەو ئایندەیەی لە بەردەممدایە بەرنامەرێژی دەکەم. سەیری ژیانی تاکەکەسیم، ئیشوکارم، سەرگەرمی و چالاکییەکانم، دۆست و هاورێیانم، دەکەم. هەستێکی باشم بۆیان هەیە، چێژ وەردەگرم لەوەی کە ژیانم لەم ڕێڕەوەدایە،

**دەتوانرێ "چێژ لەوە" لە بابەتگەلی زۆر گەورەتر سوودی لێوەربگیرێت و یەکێك لەم بابەتانەش چێژوەرگرتن و هەستی رەزامەندبوونە.**

ئەمە جۆرێك "چێژ لەوە"یە. لەوەی کە شتێك روویداوە "یان روودەدات" چێژ وەردەگرم. بەڵام ئەمە شتێکی زۆر گەورەترە لە بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە لایەن لیڤەرپوڵەوە. ئەم ژیانەی من بە شێوەی یەکپارچەیە. دەمەوێت چاوپێخشاندنێك بەسەر هێڵە گشتییەکانی ئەم چوار جیاکەرەوە بگێرم. لەبەرئەوە ئێمە چوار جۆر چێژمان هەیە:

**١.**چێژە سادە و ساکار و بەشییەکان (چێژی فیزیکی).

**٢.**چێژە سادە و فراوانەکان (جۆرێك حاڵی باشی سەرتاپاگیر).

**٣.**" چێژ لەوە" و بە تایبەت بۆ نموونە، لیڤەرپوڵ سەرکەوتنی بە دەستهێناوە.

**٤.**"چێژ لەوە" و زیاتر فراوان (هەستکردن بە رەزامەندبوون لە ژیانم وەکو گشتێك).

ئەمانە لایەنەکانی هەستی باش و چاکن، بەڵام جیاوازییان لەگەڵ یەکتردا هەیە.

**پ: نیگڵ ۆربرتن: لەبەرئەوە ئێمە ئێستا پۆلبەندییەکی زانستیمان هەیە، بەڵام چۆن دەتوانین ئەم چێژە جیاوازانە لەگەڵ یەکتردا بەراورد بکەین؟**

**و: تۆماس هۆرکا:** من دەمەوێت دووبارە کەمێك ببمە بنثامی(Jeremy Bentham)، چونکە بە بۆچوونی من ئەم چوار جۆر چێژە پابەندن بە هەستی باشەوە، واتە بە بێ هەستی باش بوونیان نابێت. هەموویان جۆرێك ئاوازی ئەرێنیان تێدایە و ئەم دەنگ و سەدایەش کەمتازۆر پڕ شەوق و شەیداییە. بە بۆچوونی من، هەموو ئەوەی گرنگە بڕی ئەو دەنگ و ئاوازە ئەرێنییەیە کە بەدەستی دەهێنیت. ئەگەر بە تەواوی بیر لەو وشانە بکەیتەوە کە لە زمانی ئینگلیزیدا بەکاریان دەهێنین، زاراوەی "چێژ" کەمێ کەم بەها دێتە پێشچاو، تۆ سەیری ئەم رستەیە بکەن، (ئەو هەموو ژیانی بۆ چێژ دانا.)، هیچ کەس لەبەر ئەم رستەیە ستایش ناکەن، بەڵام خۆشحاڵی زیاتر لە چێژ مانای ئەرێنی تێدایە. من دەمەوێت شاد بم، ئەمەباشتر دێتە بەرچاو. مرۆڤەکان هەمیشە زاراوەی خۆشحاڵی بۆ شتێکی زۆر فراوانتر بەکاردەهێنن لەو چوار جۆر هەستە باشەی کە لەسەرەوە باسمانکردن.

لەبەرئەوە وا بیردەکەمەوە ئێوە رەنگە زیاتر حەز بەوە بکەن ئەو کەسە لە حاڵەتێکی سەراپاگیردا باشە، ئەمە بە کەسێکی شادی ناوبەرن، لە کاتێکدا ئەگەر بە تەواوی چێژێکی تایبەتی لە خواردنی شیرینییەکدا بەدەست هێنابێت، سوود لە زاراوەی چێژ وەردەگرن نەك شادی. لەسەرووی ئەوەشەوە ئەگەر کەسێك "لەوەی" تیپێك وەکو ئەوەی باسمانکرد سەرکەوتنی بەدەست هێنا بێت، یان منداڵەی پێی گرتبێت، چێژ وەربگرێت، ئێوە ناڵێن ئەم رووداوە ئەو کەسەی شادومان کردوە. بەڵام ئەگەر کەسێك هەستی باشی بەرامبەر بە ژیانی هەبێت وەکو گشتێك، پێمان خۆشە بڵێین کە ئەو کەسە شادە. لەبەرئەوەی ئەگەر ئەم زاراوە واتە "شادومانی" لەگەڵ ئەو مانا ئەرێنیانەی کە هەیەتی بۆ کێشەی فراوانتر سوود لە هەستی باش وەربگرن، بە گومانی من ئەم کارەی ئێوە هەوڵێکە بۆ وەستاندنی ئێمە بەوەی ئەوان باشترن، بەڵام من بەم کارە ناوەستم.

**پ: نیگڵ ۆربرتن: لەبەرئەوە ئێوە دەڵێن چێژ بە هەر جۆرێك کە بەدەست بێت، شتێکی باشە. وا پێدەچێت دەتوانرێت دەرەنجامێکی لەم جۆرە بگرین، ئەو کەسەی کە ژیانی لە پێناو چێژە سادە و سەرەتاییەکاندا داناوە، ئەزموونگەلێکی زۆر توندی هەیە، دەتوانێت بە ئەندازەی کەسێك کە ژیانی رووەو پەیڕەویکردنی عەقڵ و ئەندیشە و بیرکردنەوەیە، ژیانێکی شاد و چێژبەخشی هەبێت.**

**و: تۆماس هۆرکا:** من ناڵێم کەسی یەکەم ژیانی بە هەمان ئەو چاکبوونەی کەسی دووەمە، چونکە تەنها چێژ باش نییە. بەڵام ئەگەر پرسیار بکەیت، چ بڕێك لە چێژ و چەند "چەند هەستی چاك"، لە ژیانێکدا بوونی هەیە، لە وەڵامدا دەتوانرێت بوترێت: چێژ لەم ژیانەدا هێندەی چێژ لە ژیانێکی بیرمەندانەدایە کە وەسفتان کرد. رێگە بدەن چەند نمونەیەك بەراورد بکەین. لە لایەکەوە ئەو کەسەی بە دوای چێژەوەیە بوونی هەیە، کەسێك کە ژیانی لە پێناو خواردنی خۆراکە خۆشەکان و رووداو وحەزەکانیدا دادەنێت، بەڵام باوەڕی وا نییە بەباشترین شێوە دەژی، ئەو بە هۆی ئەو کارانەی ئەنجامیان دەدات، ئازاری هەستکردن بە گوناە دەچێژێت و لەبەرئەوە لە ژیانیدا هەستی رەزامەندبوونی نییە، هەستی باش لەمەڕ ژیانی وەک گشتێك بوونی نییە. لەگەڵ بوونی ئەمەشدا ئەم هەموو چێژە

تایبەت و توند و بەهێزەی هەیە، لە لایەکی ترەوە راهیبێکی پارێزگارمان هەیە، خۆراکی نان و ئاوە، چێژگەلی فیزیکیشی زۆرکەمە، بەڵام لە لایەکی ترەوە جۆرێك هەستی رازیبوون و خۆشنوودی نەمر و پایەدارە "نەك توند"، جۆرێك پایەداریی هەیە، لێرەدا حاڵەتێکی باش کە ئاگایی کەسەکەی گرتۆتەوە، ئەو بیر لەوە دەکاتەوە کە راستە و ئەنجامی دەدات. خزمەت بە خوداکەی خۆی دەکات و لەمەڕ ژیانی، هەست بە رەزامەندبوون دەکات، ئەملاو ئەولا ناکات، بەڵام هەستیکی تەواو لە چۆنیەتی تێپەڕاندنی ژیانی خۆی هەیە. ئەم جۆرە کەسانە بە شێوەی جۆراوجۆر چێژ وەردەگرن، بەڵام دەکرێت وەڵامێك بۆ ئەم پرسیارەی کەوا کامیان زیاتر چێژ وەردەگرن، بوونی نەبێت. ئەوان یەکسانن، یان کەمتازۆر بەرامبەرن، ناتوانرێت بوترێت ژیانی یەکێکیان خۆشتر و چێژبەخشترە لە ژیانی ئەویتر، کەسێك کە بە دوای چێژەوەیە هەموو چێژە فیزیکییە بەهێزەکانی هەیە، بەڵام بە دەگمەن چێژی حاڵی باش و چاك یان "چێژ لەوەی" فراوان ئەزموون دەکات. کەسی پارێزگار خاوەنی جۆرێك حاڵی باش و پایەدار و نەمرە و رەزامەندی لە ژیاندا هەیە، بەڵام چێژگەلێکی فیزیکی زۆر ئەزموون ناکات. ئەوەی کە تاکێك لە شێوەیەکی تایبەت لە چێژ بەدەست دەهێنێت، کەسی دیکەش لە شێوەیەکی تر لە چێژ وەردەگرێت و بەدەست دەهێنێت. دەتوانرێت ئەم جۆرە گریمانە بکەین، لە کۆتاییدا، لە رۆژێکدا، ئەوان بە شێواز و رێگەی جیاواز بە شێوەی یەکسان ژیانی خۆش و چێژبەخشیان هەبوو.

**پ: نیگل ۆربرتن: ئێمە تەنها لەبارەی چێژەوە قسەمان کرد، بە بێ ئەوەی سەرنج لەوە بدەین چۆن دروست دەبێت و دێتەدی، بەڵام لە ژیانی واقیعیدا سەرنجدان بە چۆنێتی دروستبوون و پەیدابوونی چێژ گرنگە. چێژ وەرگرتن لە ئەشکەنجەدانی ئاژەڵەکان شتێکی باش نییە.**

**تۆماس هۆرکا:** ناتوانم زیاتر لەمە هاوڕایی بکەم. ئێمە لەبارەی چێژ، بە ناونیشانی شتێکی باش لە ژیاندا قسەمان کرد و گوتمان، باوەڕم وانییە کە ئەوە تەنها شتێکی باشە. توخمگەلێکی دیکە بۆ ژیانێکی باش بوونیان هەیە، وەکو سەرکەوتن، ناسین و تێگەیشتن، چەندین جۆری دیاریکراو لە پەیوەندییە تاکەکەسی و هەروەها لە رووی ئەخلاقییەوە باشبوون و چاکە.

ئێوە قسەتان لەبارەی کەسایەتییەك کرد کە چێژ لە ئازاردانی ئاژەڵەکان وەردەگرێت، زۆرباشە من گوتم لە رووی ئەخلاقییەوە چاك بوون، شتێکی باشە و هەڵبەتە لە رووی ئەخلاقییەوە خراپ بوون (شەڕانیبوون) شتێکی خراپە. ئەگەر لەبارەی ئازاری ئەوانی ترەوە، بڵێم ئازاردانی کەسێکی تر یان ئاژەڵێك چێژ وەردەگرن، بە هۆی لایەنی چێژداربوونییەوە دەتوانێت بەهای ئەرێنی

**کەسێك کە ژیانی لە پێناو خواردنی خۆراکە خۆشەکان و رووداو و حەزەکانیدا دادەنێت، بەڵام باوەڕی وا نییە بەباشترین شێوە دەژی، ئەو بە هۆی ئەو کارانەی ئەنجامیان دەدات، ئازاری هەستکردن بە گوناە دەچێژێت**

هەبێت، بەڵام بەهای نەرێنیشی هەیە، لەبەرئەوەی خراپ ویستانەیە و جۆرێك لە روانینی ئەرێنی بۆ شەوق و تاسە و چێژ لە کاری خراپ، واتە ئازاردانی کەسێکی تر. لەبەرئەوە ئەم کارە لەرووی پێوەری چێژداربوونییەوە باش و لە رووی پێوەری خراپە و شەڕبوونییەوە خراپە. ئەم چێژە لەو چێژانەی هاوشێوەی کە پەیوەندییان بە شەڕەوە نییە، خراپترە، خراپتر لەوە کاتێك کە ئازاری ئەوانیتر کە تاکێکی تر کە ئازارەکە دەدات، ئازارێکی گەورە بێت، لەبەرئەوە چێژی ئازاردانی ئەوی تر بە گشتی شەڕ و خراپەکارانەیە، خراپییەکەی کە بە هۆی شەڕانگێزییەوە، زیاتر لە باشییەکەیەتی کە لە چێژەوە سەرچاوە دەگرێت.

**پ: نیگڵ ۆربرتن: لەوەی کە وتت بە روونی دەتوانرێت ئەوە بدۆزرێتەوە کە ئەگەرچی زۆر پەیوەستبوونت بە باسی چێژەوە هەیە و ئاگاداری ئەم بابەتەی و چێژ وەکو یەکێك لە شتە باشەکان لە ژیاندا دەزانیت، بەڵام سوودگەرا نین و ئینکاری ئەم وێنایە دەکەن کە چێژ تەنها شتێکی باشی مومکین بێت بۆ مرۆڤەکان.**

**و: تۆماس هۆرکا:** بەڵێ، من سوودگەرا نیم و بە شێوەیەکی تایبەتتر لەبارەی بەهاکانەوە، چێژگەرا نیم. بە پێی نەریت، دوو کێشەی بنەڕەتی بەرامبەر چێژگەرایی بوونیان هەیە، یەکەمینیان لەبارەی چێژی ئەحمەقانەوەیە، دووەمینیان لەبارەی ئەو چێژانەوەیە کە لە شەڕی ئەخلاقی دروست دەبن و سەرهەڵدەدەن. لەبەرئەوە چێژە سەرشێتانەکان وەك؛ چێژی یارییەکی سادە کاتێك لەبەرامبەر شیعردا دەوەستێت، چێژەکانی کارەکتەر و بابەتەکانی نێو رۆمانی (Brave New World)ی (ئۆلدۆس هاکسلی/Aldous Huxley)، یان ئەو چێژانەی کە ئامێرە گریمانەییەکەی "رۆبەرت نۆزیك" بۆ مرۆڤەکانی فەراهەم دەکات. ئەگەر هەرچی ئەوەی بەهادارە، چێژ بێت، لە بۆچوونی ئێمەدا جۆرێك ژیانی چێژ بەخشی کەمتر، بەڵام هەموو چالاکی واقیعی، سەرکەوتنی واقیعی، مەعریفە و تێگەیشتنی واقیعییەکان لەو جێگەیەی لە جیهاندا هەمانە (بەبەراورد بە ژیانی خەیاڵی) باشترە لە جۆری ئەو ژیانەی کە چێژەکانی زیاترن، بەڵام ئەم جۆرە باشیی و چاکییانەی نییە. لەبەرئەوە من سوودگەرایی یان چێژگەرایی رەد دەکەمەوە، یەکەم لە هەر شتێك بەهۆی ئەوەی بە یەك ئەندازە بەها بەو شتانەی گەمژانەن و ئەو چالاکیانەی کە پرسیارکردن و بەکارهێنانی توانا و لێهاتوویی و لەمجۆرەن دەدەن. دووەمین هۆکاری پێچەوانەبوونم پەیوەندی بەو چێژانەوە، پەیوەستە بەو چێژانەی لە رووی ئەخلاقییەوە شەڕەنگێزانەن، چونکە چێژگەرایەکی دەمارگیر وا گومان دەکات، چێژی ئازاردەرێك لە ئازارکێشانی قوربانییەکەوەیە و دۆخەکە باشتر دەکات. ئەگەر ئەشکەنجەدەرێك لە ئازارکێشانی قوربانییەکەی چێژ وەربگرێ، دەبێت هانی بدەین، چونکە لە نەبوونی جیاوازی ئەشکەنجەدەر بەرامبەر بە ئازارکێشانی قوربانییەکەی باشترە. لەسەر بنەمای چێژگەرایی، ئازار و رەنجی باش بوونیان نییە. بەڵام ئەگەر ئێوە بەهۆی کارەساتێکەوە ئازارتان چەشت، ئایا شتێکی باشە کە من لەو کارەسات و رووداوەی بەسەرتاندا هاتووە، هەست بە ئازار بکەم و لەگەڵ ئەوەشدا بەزەیی و سۆزیشم هەبێت؟ من پێتان دەڵێم ئەمە شتێکی باشە، چونکە رەنج و ئازار لەگەڵ سۆز و بەزەیی لە هەمانکاتدا، جۆرێك کاردانەوەیەکی

گونجاوە و شایەنی کارەساتێکە کە بەسەرتاندا هاتووە و لەسەر ئەم بنەمایە، شتێکی باشە. بەڵام لەسەر بنەمای چێژگەرایی، باشترە بەهۆی کارەساتی کەسانی ترەوە چێژ وەرنەگرین، ئەم بە تەواوی رەنج و ئازارێکی بێهودەیە. ئێوە دەبێت فەرامۆشی بکەن یان ئەگەر دەکرێت چێژی لێوەربگرن. بەڵام قەبوڵکردنی ئەم کارە، دژوارە، یان بەلایەنی کەمەوە من ناتوانم ئەوە قەبوڵ بکەم.

**پ: نیگڵ ۆربرتن: بەڵام چێژ باشە. چۆن دەتوانین بە هەڵسەنگاندنی چێژ بە بەراورد لەگەڵ باشی و شتە چاکییەکانی تری ژیان مژۆڵ بین؟**

**و: تۆماس هۆرکا:** پرسیاری کۆتاییتان تاڕادەیەك دژوارە. وەڵامێکی سادەی نییە. ئێمە لەبارەی بابەتگەلی تەواو جیاوازی بەهاوە قسەمان کرد. چێژ لە لایەکەوە، مەعریفە و سەرکەوتن لە لایەکی ترەوە. بە بۆچوونی من چێژ باشە، بەڵام بیردەکەمەوە شتەکانی تر زۆرجار گرنگترن و یەکێکیش لەو شتانە، وێنەیەکە لە فەزیلەت کە چێژە باشەکان ئەگرێتەوە. لەبەرئەوە ئەگەر ژیانی ئێوە هەموو چێژەکانی تێدا بێت (تێگەیشتنتان لە جیهانی دەرەکی و دەوروبەری خۆتان، ئەو ئامانجە دژوارانەی کە بە دوایانەوەیت و دەستت پێیان دەگات، هەروەها لە رووی ئەخلاقییەوە فەزیلەتمەندبوونی ئێوە) لایەنێکی فەزیلەتی ئەخلاقی ئێوە ئەوە بێت کە لە مەعریفە و زانیاری و تێگەیشتن لە جیهانی دەوربەرتان و سەرکەوتنەکانتان چێژ وەردەگرن و ژیانتان پڕ لە چێژ دەبێت. بەشێك لە بەهاداربوونی ئەم چێژە، بە هۆی چێژداربوونیەتی.

بەڵام بە بۆچوونی من هۆکاری ئەوەی ئەو چێژە، چێژ وەگرتنە لە شتێکی خۆش "واتە، تێگەیشتن و سەرکەوتنتان"، بەهایەکی زیاتری دەبێت. پرسیارێکی زۆر دژوارتان لە من پرسیوە، هەندێك لە فەیلەسوفەکان دەکرێت بێن بۆ ئێرە و بڵێن، زۆرباشە مەعریفە و زانیاری و سەرکەوتن شتانی باشن، بەڵام ئەوەی گرینگی هەیە، هەستکردنە بە چێژ، مادام زۆر خراپەکارانە و بە تەواوی گەمژانە نەبێت. من لایەنگریم بۆ جێگە و پێگەی بەرامبەر هەیە. ئەگەر هەموومان نموونەیەکمان لە ئامراز و ئامێری ئەزموونی نۆزیك لە ماڵدا هەبێت، هەندێك لە فەیلەسوفەکان دەڵێن، ئەگەر ساتێك لە شوێنی کارەکەتانەوە بەرەو ماڵ بگەن، زیاتر پاش نێوەڕوانی خۆتان لە نێو ئەو ئامرازەدا بەسەر ببەن، ژیانێکی باشترتان دەبێت. دەمەوێت بڵێم، بە هەمان ئەو شێوەیەی کە سەیرکردنی تەلەفزیۆن و یاری منداڵان بەش بەش دەکەن، کردار ئەنجام بدەن، سوود وەرگرتن لە ئامرازی تاقیکاری و ئامێری کرداری و ئەزموونی تاڕادەیەك بەهادارە، بەڵام ئەگەر بە ئەندازەی زیاتر و لە رادەبەدەر سەرکەوتنەکان و پەیوەندییە تاکەکەسییەکان تێك بدات، ئەوا زیان دەگەیێنێت بە شتانی دیکە کە زۆر بەهادارترن.

**سەرچاوە:**

مانگنامەی زانستی پسپۆڕیی "اطلاعات حکمت و معرفت".

شادی و ئازار، گفتوگۆی "نیگڵ ۆربرتن" فەیلەسوفی بەریتانی لەگەڵ پرۆفیسۆر "تۆماس هۆرکا" فەیلەسوفی کەنەدی.

# چییەتی ئایین، چییەتی کولتوور
# و
# هاوبەشیی نێوانیان

ڕێبوار سیوەیلی

**پوختەی باس:**

ئەم باسە زیاتر لە ئامادەکردن و بیرکردنەوە بە بابەتگەلێك دەچێت، کە پشتر لەسەر ئایین و کولتوور و پەیوەندیی نێوانیان خوێندوومنەتەوە و هەرچی قسەیەك لەم باسەدا دەخرێتە روو، هەوڵدانە بۆ بیرکردنەوە لە دۆخی ئایین و کولتوور و زانست لە وڵاتی ئێمەدا. هیچکەس نایەت کێشەی نێوان ئایین و کولتوور و هزری زانستیمان بۆ چاك بکات، ئەگەر خۆمان نەیکەین و جۆرێ لە تێڕوانینی ئاشتیخوازانە بۆ ئایین و کولتوور و زانست بەرهەم نەهێنین، ئەویش بە جۆرێك کە هەریەکە لە کولتوور، ئایین و زانست کایە و سنووری خۆیان بپارێزن و دژی بەرژەوەندیی گشتی نەبن، کە لەسەرەوەی هەموویانەوەیە. میتۆدێکی "شیکاریی رەخنەیی"، یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتنی زیاتر لەبارەی ئەم کێشەیەوە. باسەکە لە دوو بەش پێکدێت: لە بەشی یەکەمدا، کە لە شێوەی چەند بیرۆکەیەکدا دەخرێنە روو، پرسیاری سەرەکیی ئەوەیە: تا چەندە کولتوور و ئایین بڕیار دەدەن، زانست لە کۆمەڵگەدا چی بڵێت؟ ئایا زانست دەتوانێت ئەوە بڵێت کە کولتوور و ئایین ڕێگەی پێنادەن؟ بە مانایەکی تر تا چەندە کولتوور و ئایین ڕێگرن لە بەردەم ئازادیی هزریی زانستیدا؟

کاتێك ئەم کێشەیەمان شیکردەوە، ئەوە دەتوانین قسە لەسەر چییەتی کولتوو و چییەتی ئایین بکەین و پرسیار بکەین: ئایا لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، پنتی هاوبەش و جیاوازیی بنەبڕ لە نێوان ئایین و کولتووردا هەیە تا بتوانن هاوکاریی یەکتر لە پێناوی ئامانجێکی هاوبەشدا، بکەن، یان دەبێت بۆ هەمیشە لێکتری جودا ببننەوە و پشتبکەنە یەکتری؟ لەلایەکی ترەوە، پێگەی چەمکەکانی وەك (ڕێز، لێبووردەیی و تەبایی) لە کولتوور و ئاییندا چین و چۆن دەتوانین بەرەو ئامانجێکی یەکگرتوو، ئاراستەیان بکەین؟

**وشە کلیلییەکان: (کولتوور، ئایین، زانست، زانستی سروشتی، یاسای سروشتی، عەقڵی گشتی،**

**لێبووردەیی، ڕێز، سوڵح..).**

**یەکەم:**
**دەسەڵاتی کولتوور و ئایین بەسەر هزری زانستییەوە!**

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، بەتایبەتی لە کوردستاندا، زانستی سروشتی و پزیشکی، ئەندازیاری و هاوشێوەکانیان، وەکو زانستی سەرەکیی و ڕەسەن و قارەمانی زانکۆکان تەماشا دەکرێن. ئەمەش بە دروست و نادروست وایکردووە ئەو بەشە زانستیانە لەدیدی گشتییدا وەك زانستی سەرەکی پێناسە بکرێن و گەنجان عەوداڵیان بن، وەکئەوەی ئەم زانستانە بەتەنیا دەتوانن دوارۆژێکی ئەمان بۆ کۆمەڵگە دابین بکەن. ئەمەش وەکئەوەی ئیتر ئەم زانستانە پێویستییان بە هیچ زانستێکی دیکە نەبێت و ئەنجامەکەش بە تاکڕەهەندیی زانستیی کەوتۆتەوە و زیانێکی زۆریشمان لەم دۆخە کردووە. تاکڕەهەندیی زانستی تێگەیشتنێکی بەرتەسکە لە زانستگەلێکی تایبەت و لەبیرکردنی زانستەکانی تر. بۆ نمونە لە وڵاتی ئێمەدا و لە دامەزراوەی زانکۆییدا، زانستی ئەندازیاریی و میعماری بەبێ زانستی جوانناسی، کە بەشێکی گرنگە لە فەلسەفە دەخوێندرێن. هەروەها سیاسەت بە بێ زانستی ئاکارناسی دەخوێندرێت و تەنانەت بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکانیش هەمان ڕێباز لە سەر خۆیان و لەبەرامبەر زانستە هاوئاڕاستەکانی تردا دەخوێندرێن. بۆ نمونە لە زانستی مێژوودا وا باوە کە پێویست بە مرۆڤناسی و دەروونناسی و کۆمەڵناسیی نەبێت و بەو جۆرە.. بەمجۆرەش

## هەرچی قسەیەك لەم باسەدا دەخرێتە ڕوو، هەوڵدانە بۆ بیرکردنەوە لە دۆخی ئایین و کولتوور و زانست لە وڵاتی ئێمەدا.

دیوارێك لە نێوان زانستەکاندا دروستبووە و ئەمەش وایکردووە کە کارایی زانستی لە وڵاتی ئێمەدا پێگەی خۆی بدۆڕێنیت.

لە ڕووی مێژووییەوە، ئەمە بۆچوونێکی زیانبار و هەڵەیە. سەبارەت بە زانستە سروشتییەکان، مێژووی گەشەکردنی زانست بۆخۆی ئەم پێگەیە بۆ زانستی سروشتی قایل نابێت و ئەو بەڵگانەمان ناخاتە بەردەست کە زانستی سروشتی زانستێکی بنەبڕ و سەرەکی و قارەمان بێت و پێویستی بە زانستەکانی تر نەبیت.. ڕاستە زانستی سروشتی مێژوویەکی کۆنی هەیە و هەندێك لە مێژوونووسانی زانست پێشینەی ئەمە دەگێڕنەوە بۆ سەدەی نۆیەم و هەشتەمی پێش زایین، لە هۆمێرەوە تا سەرهەڵدانی ئایینی جوو ، بەڵام بەمانا مۆدێرنەکەی، سەرهەڵدانی زانستی سروشتی و وەرچەرخانی مێژوویی هزری زانستی، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی نێوان (١٥٠٠- ١٧٠٠) ی زایینی . تایبەتمەندیی زانستی سروشتی ئەوەیە، کە دەمانخاتە بەردەم دوو ئەگەر:

**یەکەم:** بڕوابوون بەوەی کە جیهان

پێکەوەبەستراوە و گونجاوە و پڕ لە هارمۆنییە و لەسەر یاسای گەردوونی بەڕێوە دەچێت.

**دووەم:** هوشیاریی بەرامبەر ئەوەی خۆمان بچین دنیای دەرەوە ئەزموون بکەین و تێبگەین ئاخۆ لێکدانەوەکانمان و تیۆرییەکانمان راستن یان نا. ئەم گفتوگۆیەش مێژوویەکی دێرینی هەیە.

لە دنیای کۆندا، دوو پنتی سەرەکیی ئەم گفتوگۆیەیان پێکدەهێنا: لەلایەکەوە ئەریستۆتالیس، کە مامۆستای بواری ئەزموونگەری و تێبینیکردنی دیاردەکان بوو، لەولای تریشەوە، پیتاگۆراسی و پلاتۆنییەکان و رەواقییەکان بوون، کە باسی هەماهەنگیی و سەقامگیرییەکی ماتماتیکیانەیان لە جیهاندا دەکرد. وەکئەوەی باسی عەقڵ، یان هۆشێکی بەڕێوەبەری جیهان بکەن.. ئەم دوو ئاراستەیە لە دنیای کۆندا دوو هەوڵدانی گرنگ بوون بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت لە رێگەیانەوە لە جیهان تێبگات. بەڵام هیچیشیان بێ کێشە نەبوون.

کێشەی گەورە لەگەڵ ئەریستۆتالیس ئەوەبوو، کە ئەم فەیلەسووفە، زۆر دەستنیشانکەر و کۆنکرێتی بیری دەکردەوە و ئەو بیرکردنەوەیەش بە جۆرێك بوو کە مرۆڤ وا تێبگات، هەر شتێك سروشتی خۆی و هێزی ناوەکیی خۆی و توانایی خۆی هەیە. بە بڕوای ئەو، هەر شتێك لە جیهاندا هەبێت و بوونی خۆی بژی، دوو دیو، یان دوو رەهەندی هەیە: ماتەهێز (الوجود بالقوة) و چالاکە هێز (الوجود بالفعل). بۆ نموونە: رواندنی دەغڵ و دەنکە گەنمێك بۆ ئەوەی خۆی بهێنێتە دی و گەنمێتی خۆی بەرجەستە بکات، واتە بوونی خۆی لە ماتەهێزەوە بگۆڕێت بۆ چالاکەهێز، پێویستی بەم هۆکارانە هەیە:

**یەکەم:** پێویستە دەستێك، یان ئامرازێك هەبێت بیخاتە ناو خاکەوە. رەنگە ئەو دەستە پەڕین و پرژان بێت بە هۆی باوە، یان تۆوکردن بێت لە لایەن جوتیارێکەوە، یاخود کەوتنەخوارەوەی دەنکەگەنمەکە بێت لە دەنووکی باڵندەیەکەوە، هیچ جیاوازیی نییە.

**دووەم:** پێویستە زەوییەکی بە پیت هەبێت کە ئەگەری رواندنی دەنکە گەنمەکەی تێدا مسۆگەر بێت. بەم جۆرەش ماتەهێز پێشمەرجی بەپیتبوون بۆ خۆوەدیهێنانی (تحقیق الذات) ی دەنکە گەنمەکە دادەنێت. ئەمەش بەمانای ئەوەیە دەنکە گەنم تەنیا لەبەر ئەوەی دەنکە گەنمە ناتوانێت ماتەهێزی خۆی بگۆڕێت بۆ چالاکەهێز، ئەگەر زامنی ئەوە نەکرابێت ئەو زەویەی تێیدا دەچێنرێت، بە پیت بێت.

**سێیەم:** بوونی دەنکەگەنم و بوونی زەوییەکی بەپیت بەس نین بۆ گۆڕینی ماتەهێزی دەنکەگەنمەکە بۆ چالاکەهێز، ئەگەر تیشکی خۆر، یارمەتیی شیبوونەوەی دەنکەگەنمەکە لەناو خاکدا نەدات.

**چوارەم:** لە هەموو ئەوانەش بەدەر، هیچ دەنکەگەنمێك ناتوانێت وەك دەنکە گەنم، خۆی وەدیی بهێنێت ئەگەر ئەو خاکەی تیایدا دەچێنرێت تێر ئاو نەبێت. کەواتە بارینی بڕێکیش لە باران پێویستە بۆ خۆوەدیهێنانی دەنکە گەنمەکە و بوونی بەوەی کە بۆی دروستبووە، کە بریتییە لە بوونی بە چڵەگەنمێك .

نازانم بۆچی ئەریستۆتالیس هۆکاری **پێنجەمیشی** زیاد نەکردووە کە پەیوەندیی بە لایەنی ئاساییشی دەنکە گەنمەکەوە هەیە؟ واتە

هیچ دەنکەگەنمێك ئەگەر پارێزراو نەبێت و ئاسایشی بۆ دابین نەکرابێت، بۆ نمونە لە دەست باڵندەکان، هەموو هۆکارەکانی دیکەش ئامادەبن، هەر ناتوانێت خۆی وەدی بهێنێت. ئەوەشمان بیر نەچێت، کە ئەو چوارهۆکارانەی ئەریستۆتالیس پێشنیازی کردوون، لە رووی جوگرافیایی و کەشوهەواوە، رێگری لەبەردەم خۆوەدیهێنانی دەنکەگەنمەکەدا دادەنێن. ئەمەش ئەو راستییە روونەدەکاتەوە، کە دەنکە گەنم لە هەموو شوێنەکانی جیهان ناتوانێت خۆی وەدیبهێنێت. هەندێ شوێن وشکەساڵن و بارانیان لێ ناباریت، هەندێ شوێنیتر لافاو تۆوەکە رادەماڵێت و دەیشواتەوە و لە هەندێ شوێنی دی زەویەکەی بەپیت نییە و بەو جۆرە. کەواتە بیرکردنەوەکانی ئەریستۆتالیس هەرچەندە ئەزموونگەرایانە و تارادەیەکی زۆریش نامیتافیزیکیانەش دارێژرابن، ئەوە ناتوانن لەسەر راستەقینەی بوون هەموو شتێکمان بۆ رووبکەنەوە.

کێشەی گەورەش لەگەڵ پیتاگۆراسی و رەواقییەکان ئەوەبوو، کە وایاندەزانی مرۆڤ دەتوانێت بیر لە هاوسەنگی و رێکخستنێکی گەردوونی بکاتەوە، چونکە دەبێت دەستێکی رێکخەر هەبووبێت جیهانی بەمجۆرەی کە هەیە رێکخستبێت کە ئەوەش لە عەقڵی مرۆڤدا رەنگدانەوەی هەیە . بەم جۆرەش، عەقڵی مرۆڤ، کە بۆخۆی بەرهەمێکی بوونە و بەشێکە لێی، وەك دەفرێکی لێدێت کە توانای هەیە هەموو بوون بەگشتی، لەخۆیدا جێبکاتەوە. ئەم بڕوابوونە بە عەقڵ بۆخۆی کێشەیەکی هەیە و وەڵامی ئەو پرسیارە ناداتەوە، کە چۆنە شتێك خۆی بەرهەمی بوون بێت و کەچی بتوانێت لە سەرجەمییەتی بوون تێبگات؟ هەروەها چۆنە شتێك بۆخۆی بەشێك بێت و دروستکراوی شتێکی لەخۆی گەورەتر بێت، دەتوانێت خۆی گەورەتر پیشان بدات لەوەی ئەوی وەدیهێناوە؟

**لە ساڵانی (١٤٠٠- ١٥٠٠)ی سەرەدەمی رێنیسانسدا، خەڵکانێك هەبوون بە بەڵگەی فەلسەفییەوە قسەیان لەسەر ئەوە دەکرد، ئاخۆ جیهان بیکۆتایە یان سنووردارە.**

لە ساڵانی (١٤٠٠-١٥٠٠)ی سەرەدەمی رێنیسانسدا، خەڵکانێك هەبوون بە بەڵگەی فەلسەفییەوە قسەیان لەسەر ئەوە دەکرد، ئاخۆ جیهان بیکۆتایە یان سنووردارە. ئەم لێکدانەوە و لێخوردبوونەوانە لە سەدەکانی پاشتریشدا، بەردەوام بوون .

هەرچەندە ئەم ڕوانگە فەلسەفییانە، کاریگەریی خۆیانیان هەبوو، بەڵام دەبوو لە ڕوانگەی کولتوورییەوە شتێك بکرێت تا عامەی خەڵك لەبارەی بوونی جیهانەوە وەڵامێکیان دەستگیر ببێت. ئەم ڕوانگە و تێگەیشتنە، یارمەتیدەرێکی باش بوو بۆ ئەوەی مرۆڤ پێگە و دەسەڵات و توانایی خۆی بۆ ڕوونبێتەوە. کۆی بابەتەکەش لەوەدا چڕ دەکرایەوە، کە جیهان هەر لەخۆیەوە نییە، بەڵکو لەسەر بنەمایەك یان چەند بنەمایەك هەیە و ناکرێت ڕێکخستنێك جیهان بەڕێوە نەبات.. ئەم ڕێکخستنە شیاوی لێکۆڵینەوەیە و

مرۆڤ دەتوانێت بۆخۆی بە شێوەیەکی کردەیی لێی بکۆڵێتەوە و ماتماتیکیانە لێی تێبگات. بەڵام بوونی جیهان مەرجداریشە و ئەگەر مرۆڤ بیەوێت بزانێت چۆن ڕێکخراوە، پێویستە پەنا بۆ توێژینەوەی ئەزموونی و تێبینیکردن ببات و ئەوەی بۆ ڕوونبێتەوە و ڕێکخەرەکەیشی بناسێت. یان بیزانێت، یان بڕوای پێبهێنێت..

## ئایین لە کوێی سەرهەڵدانی زانستی سروشتیدایە:

هەردوو ئایینی جوو و مەسیحیی، کاریگەرییان بەسەر سەرهەڵدانی زانستەوە هەبووە. لە داستانی ئەفراندندا هاتووە: "جیهان لەلایەن خوایەکی عاقڵ و بیرچاکەوە دروستکراوە (یوهەنناس: ١:١)، یان: "لە سەرەتاوە وشە (لۆگۆس) هەبوو". بەڵام لەبەر ئەوەی مرۆڤ ناتوانێت راستەوخۆ بزانێت خودا چۆن بیریکردۆتەوە، ئەوە دەبێت بچینە دەرێ و بزانین ئاخۆ خودا چی ویستووە بیکات و کردوویەتی. هەروەها، دووەمین شت ئەوەیەکە وا لێکدەدرایەوە خودا بە دوو زمان دەئاخڤێت: زمانی مرۆڤ و زمانی ماتماتیك، هەر بۆیەشە لەسەر دوو ئاست پەیامی (وەحی)، خۆی ناردۆتە خوارەوە: کتێبی و پیرۆز و کتێبی سرووشت.

ئەگەر بڕوامان بەوە هەبێت کە خودا بە زمانی دەقە پیرۆزەکان دەئاخڤێت، کە تا ڕاددەیەك، دەگونجێت لەگەڵ ژیانی ئەزمووکراوی مرۆڤ، یان لێوەی وەرگیراوە، ئەوە مرۆڤ دەبێتە فەندەمەنتالیست و یەکسەر دەتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات کە خاوەنی زانستێکی سروشتی "تەوراتیانە"، یان "قورئانیانە"یە. ئەم تێگەیشتنە ئەوە دەردەخات کە خودا نەك هەر تەنیا بە زمانی مرۆڤەکان دەدوێت، بەڵکو بە گشتیی، لە "زمانی ماتماتیکدا خۆی دەردەبڕێت". خودا ماتماتیکزانێکی مەزنە، وەکئەوەی کیپلەر (١٥٧١-١٦٣٠) گوتویەتی.

بەمجۆرەش، پیتاگۆراسییەکان راستیانکرد بەڵام دیسانەوە بیرمان نەچێت، کە ماتماتیك هەر بەتەنیا ماتماتیك نییە. بەڵکو ماتماتیکی پەتیی هەیە و ماتماتیکی کردەیی هەیە. کە ئەمەی دواییان واقیعیانەترە و زیاتریش دەگونجێت لەگەڵ ئەو بۆچوونەی پیتاگۆراسییەکاندا، کە دەیانگوت: لە جیهاندا هارمۆنییەتێکی ماتماتکیانە هەیە .

لێرەدا زاراوەی (یاسای سروشت) سەریهەڵدا، بۆ ئاماژەدان بە واقیعێك کە یاسا جیهان بەڕێوە دەبات نەك شتێکی تر. مێژوونووسانی زانست، ئاماژە بەوە دەکەن، کە ئەوە دیکارت بوو (١٥٩٦- ١٦٥٠)، یەکەمین هێڵەکانی ئەو زانستەی کێشا، کە ئێستا ئێمە پێی دەڵێین: زانستی سروشتی. لە نامە بەناوبانگەکەیدا بۆ میرسینە، لە ١٥ی ئەپریلی ١٦٣٠، دیکارت نووسیی: ئەگەر کەمێك گوڕ بدەینە خۆمان، هەموو یاساکانی سروشت لەلایەن مرۆڤەوە شیاوی ئاشکرا بوون. هەروەك چۆن ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە (نیوتۆن) بتوانێت یاسای کێشکردن بدۆزێتەوە: 'کەمتەرخەمی نەکەیت لەوەی بڵاوی بکەیتەوە، کە خوداوەند ئەم یاسایانەی لە سروشتدا چاندوون، هەر بەو شێوەیەی کە پاشا یاساکان لە شانشینەکەی خۆیدا ڕێکدەخات. ئەگەر ئێمە کێشەمان نەبێت، تێناگەین، یاساکان بە خۆڕسك لە زەینی ئێمەدان. هەر بەو جۆرەی

کە پاشایەك دەتوانێت لە قەڵەمڕەوەکەی خۆیدا، یاساکان لە دڵی تاکەکانی خۆیدا، ئەگەر دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت، جێگیر بکات .

خاڵی سەرەکیی لەوەدایە، یاساکان جیهانگرەوەن و مرۆڤ دەتوانێت کەشفیان بکات ئەگەر هەوڵبدات. ئەمە ئەو زاراوەیە بوو لەبارەی یاسای سروشتەوە، کە پاشان لە ساڵانی ١٦٠٠دا، لەلایەن ئیسحاق نیوتن (١٦٤٣-١٧٢٧)، و کیمیازان رۆبێرت بۆیڵ (١٦٢٦-١٦٩١) بەکارهێنرا، بەڵام ئەمجارەیان بەبێ بیرکردنەوە لە "بیرۆکەی زگماك"، یان "خۆڕسك"ی دیکارتی.

گرنگیی و جوانیی زانستی سروشتی، ئەوەیە کە هەمیشە یاساکانی و ئەنجامەکانی بە نەگۆڕیی دەمێننەوە و نە ئایین و نە کولتوور ناتوانن گۆڕانکارییان تێدا بکەن و وەکخۆیان دەمێننەوە. لە هەموو کولتوورەکاندا وەك خۆیانن، لە رۆژهەڵات بێت، یان رۆژئاوا. لە کۆمەڵگا دینییەکاندا بێت، یان لە کۆمەڵگە دنیاییەکاندا.. زانست لێرەوە دەستپێدەکات و لەدایکدەبێت. بەم جۆرەش، یاسای کێشکردن، لە مۆسکۆ، یان هەولێر، لە دوورگەی سەروو، یان لە ئەفەریقیا و لە هەر شوێنێکی زەوی هەمان شتن. تیۆرەی ئەتۆمییش بەهەمان جۆرە، چ لە ئەمەریکا بۆ بەرهەمێهنانی بۆمبی ئەتۆمی بەکار بهێنرێت، یان لە سەرووی کۆریا، یاخود لە ئێران. گازی ژەهراویش لە هەڵەبجە بەکار بهێنرێت، یان لە سوریا و شوێنەکانیتر، هەر چەکێکی جینۆسایدیی و بوونەوەرقڕکەرە.. زۆنگ و لیتاویش لە هەر کوێ بن، هەر میشوولە و بەکتریا و مەلاریا

## لێرەدا زاراوەی (یاسای سروشت) سەریهەڵدا، بۆ ئاماژەدان بە واقیعێك کە یاسا جیهان بەڕێوە دەبات نەك شتێکی تر.

بەرهەمدەهێنن.. ئەوەی جیاوازە بریتییە لە تێگەیشتن و راڤەکردنی کولتوورییانە لەبارەی قڕکردن و مێشوولە و بۆمبی ئەتۆمی و فیزیك و یاسای پەرەسەندنی داروێنەوە. هەندێك کولتوور ئەمانە بە بەشێك لە سزای خودا بۆ مرۆڤ دەزانن، هەندێکی تر وەك ئاگادارکردنەوە لە خراپەی زیاتر شیدەکەنەوە و بەوجۆرە..

مرۆڤ پێویستیی بەوەیە دنیا دەستنیشان بکات و بیناسێت هەرچەندە دەکرێت ئەوەش پێویست نەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا، فیزیاییە مسوڵمانەکان (ئەنشتیاین)یان خۆشدەوێت و نەفرەتیان لە (داروین) دەبێتەوە. ئەم نەفرەتەش خاڵی هاوبەشی نێوان مسوڵمان و راستڕەوەکانە، بەتایبەتی لە ئەمەریکا. هۆکاری ئەمەش ئەوەیە، روانگەی بناژووخوازیی ئایینی و بناژۆخوازیی ئایدیۆلۆژی، هەردووکیان لە یەك مەتەرێزەوە دەڕواننە بوون و پرۆسەی خوڵقاندن، ئەمەش رێك پێچەوانەی ئەوەیە کە داروین ئەگەری پەرەسەندنی چەشنەکان دەخاتە روو و لە رێگەیەوە ئەو تێگەیشتنە هەڵدەوەشێنێتەوە، کە خودایەك بوونەوەرەکانی خوڵقاندبێت. زانست چ بەهۆی دینەوە رەواجیی پێبدرێت یان لە سایەی دیندا

سانسۆر بکرێت، هیچ لە بونیادە پێکهێنەرەکانی ناگۆڕێن. ئەوە سانسۆر نییە لە زانست کەمدەکاتەوە و ئەوە رەواجی ئایینیانەی زانستیش نییە، کە زانست، زانستیتر دەکات. پرانسیپە زانستییەکان لەدەرەوەی تێگەیشتنێکی تایبەتی ئایینییەوەن..

**دووەم:**

## ئایین چییە؟ کولتوور چییە؟ چی پێکیانەوە دەبەستێتەوە؟

لەو بەشەی پێشوودا بە گشتی جۆری هەوڵدانەکانم بۆ تێگەیشتن لە جیهان و بوون دەستنیشانکردن، پاشان سەرەتایەکم لەسەر ئەو راستییەی کە بیری زانستی سەرچاوەیەکی ئایینی هەیە، خستەڕوو. لەم بەشەدا بەبێ خۆبەستنەوە بە وردەکاریی و تەمومژی هزرینەوە، هەوڵدەدەم لە پەیوەندیی نێوان ئایین و کولتوور بدوێم. سەرەتا پێناسەیەکی گشتی هەر کامیان دەکەم و پاشان پەیوەندییان پێکەوە دەخەمە بەرباس، ئەویش بە جۆرێك کە خوێنەری کورد بە ئاسانیی تێبگات.

**ئایین:**

لە هەر پێناسەیەکدا بۆ ئایین دەکەوینە بەردەم چەندین کێشە و بەربەست و تێگەیشتنەکان رووبەڕووی یەکتر دەبنەوە و دەکەونە ناکۆکییەوە و بگرە دژایەتی یەکتریش دەکەن . بەڵام کاتێك بەشێوەیەکی بابەتیانە و لە دەرەوە دەڕوانینە ئەو دیاردەیەی پێیدەگوترێت: ئایین، شتەکان ئاسانتر خۆیان بەدەستەوە دەدەن.

ئایین لە سادەترین پێناسەیدا، کە نزیکترینیشیانە، بریتیە لە (تێکستە پیرۆزەکان، پەیامەکان، سرووت "وەحی"). پاشان (ژیان و کردەوەی پێغەمبەران، یاران، زانایان، تەفسیر، قەشە و مەلاکان و خەڵکی ئاسایی). لە دوای ئەمانەش ئایین (بۆنە و رێوڕەسم)ی تایبەت بە خۆی هەیە کە دەبێت لە شوێنی تایبەت ئەنجام بدرێن، (دامەزراوەی ئایینی وەکو ئاتەشگە، دەیر و کەنیسە و مزگەوت و).. هەر ئایینێکیش (جیهانبینی)یەکی تایبەت بەخۆی هەیە، کە تیایدا وێناکردنە سەرەتاییەکان، پرۆسەی دروستبوون و گەردوونـنۆڕی ئەو ئایینە دەخرێنەڕوو. ئایینەکان (مژدە)ی ئایینی و سیستەمی سزا و پاداشتی خۆیانیان هەیە کە بەپێی ئەم سیستەمە مرۆڤ دەچێتە بەهەشتەوە، یان دۆزەخ. روانگەی ئاکاریانەش لە ئایینەکاندا دەستنیشانی ئەخلاقی تاکەکەسی بڕوادار دەکات. لە دوای ئەمانە هەموو ئایینێك، رستێك راهێنان، بۆنە و چالاکییە کردەییەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەسەر تاکەکەسانی خۆیدا دەسەپێنێت وەك پێشمەرجێك بۆ مانەوەیان لەبازنەی ئیماندارانی ئەو ئایینەدا. لە ئاستی فەلسەفیی و داناییناسیانەشدا، دەکرێت قسە لەسەر تیۆرەی زانین لە ئایینەکان و شێوازی سەلماندن (بەتایبەتی سەلماندنی بوونی خودا)، لە هەر ئایینێکی ئاسمانییدا، بکرێت ..

**کولتوور:**

زۆرینەی پێناسەکان بۆ کولتوور، ئاڵۆزییەکیان تێدایە، کە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی تێگەیشتنێکی چوونیەك لە زاراوەی کولتوور دروست نەبێت. بەڵام کولتوور هەر پێناسەیەکی تایبەت و کتێبی و ستانداردی بۆ بکرێت، لەوە

دەرناچێت کە تێگەیشتنێکی تایبەتە لە گەردوون، لەو بەها و یاسایانەی کە لە کۆمەڵگە، یان لە نێوان دەستەیەك مرۆڤدا باڵادەستن و پەیڕەوییان لێدەکرێت . بەم جۆرەش کولتوور (هەڵسوکەوت، سەودا و مامەڵە، چالاکیی ئەو دەستە و گرووپە لەگەڵ یەکتر و دەوروبەریان لە ژیانی رۆژانەدا)، دەگرێتەوە. هەروەها دەکرێت کولتوور ئەو ئامراز و شێوازانەی کە گرووپ و دەستەیەك بێت، کە لە رێگەیانەوە خۆیان دەنوێنن و لەسەریان رێککەوتوون و ئەوەش تا رادەیەك یەکگرتوویی و گونجان و تەبایی ناوخۆیی ئەوان، دەستبەر دەکات. لەدوای ئەوەش، کولتوور سەرجەمێکە لە بیرورا، لە پەیوەندیی و شێوازی رەفتاری کە لەناو هەموو دەستە و چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا بڵاوبوونەتەوە. ئەمانە وەك تۆرێك، کۆمەڵگە و دەستە و گرووپەکان پێکەوە دەبەستن. بێجگەلەوەش، زمان و ئایین بەشێکن لەم تۆرە کۆمەڵایەتییە و بەدوای ئەوانیشدا فۆلکلۆر و ئەدەبیات بەشێکیترن لە کولتوور ..

### ئایین و کولتوور: ئایا دوو رووی هەمان دراون؟

کولتوور و ئایین چەندین پێناسە، پێکهاتە، هاوتەریبییان پێکەوە هەیە، کە وا دەکات بزانین ئایین بەشێکی گرنگی کولتووره. یان ئایین خۆی کولتووره. کولتووریش بۆخۆی نەرێت و نەرێتەکانە. نەرێتەکانیش ئەو بنەمایانەن کە لە کۆنەوە شێوازی رەفتار، بیرکردنەوە و جیهانبینی مرۆڤەکانیان لە کۆمەڵگەیەکی تایبەتدا رەنگرێژ کردووە. بۆیە زەحمەتە جیاکارییەکی بنەبڕ و رەها لە نێوان ئایین و کولتووردا بکرێت.. بەڵام خاڵی سەرەکیی هاوبەشیان

**کولتوور و ئایین چەندین پێناسە، پێکهاتە، هاوتەریبییان پێکەوە هەیە، کە وا دەکات بزانین ئایین بەشێکی گرنگی کولتووره، یان ئایین خۆی کولتووره.**

رەنگە ئەوەبێت کە هەردووکیان شوناسبەخشن.

### کولتوور و شوناس

پێناسە هەرە باوەکەی شوناس ئەوەیە، کە دەڵێت: شوناس لە خۆتێگەیشتن و گەڕانە بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارانەدا: من، یان ئێمە کێین؟ چۆن لە خۆمان دەڕوانین، چیین ئەو بنەما کولتوورییانەی بوونەتە بناخە بۆ لە خۆڕوانین و لەخۆتێگەیشتنێکی تایبەت. چۆن ئەم روانگانە بوونەتە بنەما بۆ روانینی ئەوانیتر، لە کولتوور و ئایینەکان مرۆڤەکان و ئاکاریان..

بەم جۆرەش ئایین دەبێتە بەشێکی گرنگ لە داڕێژەری ئەو بناخەیەی کە ئێمە لێوەی تەماشای کەسایەتی خۆمان دەکەین و لە شوناسی خۆمان تێدەگەین. لە دنیای بەجیهانیبووی ئەمڕۆدا، هیچ لەخۆتێگەیشتن و خۆناسینێك ناگاتە ئەنجام ئەگەر لە هەمان کاتدا ئەوانیتر و کولتوور و ئایینەکەشیان نەناسین..

### ئایین و کولتوور وەك کێشەیەك!

ئەوە راستە، کە ئایین و کولتوور، بەها و چالاکییە کردەییەکان لە خۆیان دەگرن. بەم هۆیەشەوە دەتوانن کێشەیان لەگەڵ ئایین و کولتوور و بەهاکانی دیکەدا بۆ دروست بێت. دەکرێ لە یەکتر تێنەگەن و ئەمەش بەهەڵە تێگەیشتن و بڕیاری هەڵە لەسەر یەکتر بهێنێتە ئاراوە. لێرەشەوە کێشە و قەیران دروستدەبن و ئەمەش پرسی رێزگرتن و لێبووردەیی دەهێنێتە ئاراوە. بەڵام لێرەدا، ئایین و کولتوور دەتوانن سەرچاوە بن. چ ئایین و چ کولتوور، بەها و چالاکییە کردەییەکان لە خۆیان دەگرن. دەکرێ ئەم بەها و چالاکیە کردەییانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بەکار بهێنرێن. چونکە بەهای هاوبەش، دەبێتە هۆی ئەوەی لە هەردوو لاوە دانیان پێدا بهێنرێت و لە ژیانی کردەییشدا کاریگەریی خۆیان جێبهێڵن. لێرەدا رۆڵی رابەرانی ئایینی وەك گەیەنەری پەیام و ناوبژیوان دەردەکەوێت. هەروەك چۆن رۆڵی کەسایەتی (نەریتی، رۆشنبیری و فەرهەنگی)یش بە هاتنە نێوانەوە دەردەکەوێت و دەبنە هۆکاری ئەوەی نەهێڵن کێشەکان بە تەقینەوە بگەن. لێرەدا نمونەیەك دەهێنینەوە، کە سەرچاوەکەی ئایینە، بەڵام کارکردێکی کولتووریی و کۆمەڵایەتیی و دەروونیی گرنگی هەیە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا کاری پێبکرێت. ئەو نمونەیەش وشەی (سوڵح)ە.

سوڵح واتە بەشێوەیەکی ئاشتیانە گەیشتنە چارەسەری کێشەیەك لە نێوان دوو یان چەند لایەندا. سوڵح بەشێك، یان رەوەندێکە لە حوکمی ئایینی ئیسلام و هەڵسوکەوتێکی سەرەتاییە لە پێناوی بەدیهێنانی تێگەیشتن و ئاشتەواییدا کە ئەم لایەنانە دەگرێتەوە: یەکەم، گوێگرتن، زانینی کێشەکە و تیگەیشتن لە بیروڕای لایەکانە ناکۆکەکان و گفتوگۆکردن لەبارەیەوە. دووەم خستنەگەڕی کەسانی متمانەپێکراو کە بتوانن پەیامی هەردوولا بە ئامانجی سوڵحەکە بگەیەنن. سێیەم وادە دانان بۆ رووبەڕووبوونەوەی لایەنەکان. چوارەم داننان بەوەی نارەوایەتییەك و هەڵەیەك روویداوە، کە بۆتە هۆکاری ئەم کێشەیەی کە هەیە. پێنجەم رێککەوتن و پێکهاتنەوە لەسەر رەزامەندیی هەردوولا. شەشەم لە هەردوولا پەیماننامە پڕ دەکەنەوە کە رێز لە پێکهاتنەوەکە بگرن و پێوەی پابەندبن.

ئەوە راستە کە سوڵح بەشێکە لە سیستەمی حوکم لە ئیسلامدا، بەڵام شێوازێکی تایبەتی حوکمدانی بێوەییشە. هەرکەس لە ژیانی ئاسایی خۆیدا دەتوانێت بەو جۆرە بجوڵێتەوە کە هەنگاو دەنێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەك. لیرەدا ئیسلامیبوون و نەبوونی سەرچاوەی بیرۆکەکە، گرنگیی نییە، هێندەی ئەوەی کارایییەکەی لە رووی کردەییەوە و ئەو ئەنجامانەی بەدەستیان دەهێنێت. لە هەر کولتوورێکدا بۆ هەر کێشەیەکی هاوشێوە، کار بەم شێوازی چارەسەرە بکرێت.

## رێز و لێبووردەیی

وا دەردەکەوێت کە ریز و لێبووردەیی هەمان شت بن. هەمان شت نین، بەڵام بە توندیی پێکەوەبەستراون. رێز: هەڵسوکەوتی بەرز، پاراستنی نامووس، ترس لە شکاندنی کەرامەتی ئەوانیتر، نرخ و بەهادانان، جۆرێ لە ئیرەیی دەربڕین.

لە رووی ئەخلاقی و فەلسەفییەوە، پیویستە چ شتێك رێزی لێبگیرێت؟ بێگومان پێش

هەمـوو شتێك مـاف و بەهاکانی مـرۆڤ بەشێکن لـە ئەرکێکی رەهـا. پاشـان رێـز بەشێکیشـە لـە دەرەنجامەکانی ئەرکی رێزگرتـن لـە مافەکانی مـرۆڤ.. جگەلـەوەش هەمـوو تاکەکەسێك مافـی بەسـەر ئەوانـی تـرەوە هەیـە تـا رێـزی لێبگـرن و بـە پێچەوانەشـەوە. لەلایەکـی تـرەوە، هیچکـەس ناتوانێت داوا بکات کە خەڵك رێزی رەها لە مانا و مەبەست و بیروڕا و کولتوورەکەی، بگرێت. هەر تاکەکەسێك دەتوانێت مافی خۆی لە بەرگریکردن لە بیروڕا و کولتوور و ئایینەکەی بەکار بهێنێت، بـەڵام ناتوانێت فـەرزی بـکات. ئـەو دەبێـت رێـز لـە مافـی خـۆی بگرێـت بـۆ بەرگریکـردن لێـی نەك فەرزکردنی بیروڕا و کولتووری خۆی بەسەر ئەوانـەدا کـە هەمـان بیـروڕا و کولتووریـان نییـە.

### لێبووردەیی:

لێبووردەیـی (تۆلێرانـس)، وەك رێـز نییـە. بەڵکـو جەمسـەرەکەی تـری رێزگرتنـە. تۆلێرانس، یـان لێبووردەیـی، واتـە بەرگەگرتـن، هـەدادان.. وەك توانـای بەرگەگرتنـی دەرمانـی بەهێـز، یـان ژەهراویبـوون.. لـە روانگـەی فەلسـەفەی ئەخلاقـەوە، لێبووردەیـی واتـە توانایـی و ویسـتی رووبەڕووبوونـەوە، ژیـان و بەردەوامـی لەگـەڵ بیـروڕا، هەڵسـوکەوت و رەفتـاری کەسـانێکدا، کـە تـۆ هیـچ بەدڵـت نیـن و هەراسـانت دەکـەن، بەبـێ ئـەوەی دابڕانییـان لەگەڵـدا دروسـتبکەیت..

### مافی مرۆڤ، رێز و لێبووردەیی:

مافـی مـرۆڤ پارێـزەری بەهاداریـی مرۆڤـە و پارێـزەری مافـە بنەڕەتییەکانـی ئێمەیـە.

**له روانگەی فەلسەفەی ئەخلاقەوە، لێبووردەیی واتە توانایی و ویستی رووبەڕووبوونەوە.**

لێبووردەیـی بەشێکە لـە راگرتنـی هاوسـەنگیی، بەبـێ لێبووردەیـی مافەکانـی مـرۆڤ دەکەونـە بـەردەم بێڕێـزی. پانتایـی گشـتی شـوێنی هەمووانـە. بۆیـە دەبێـت هەمیشـە بێلایـەن بێـت و نابێت لایەنداریـی تێدا بێت. لەبەر ئـەوە پێویسـتە پانتایـی گشـتی، شـوێنی کولتـوور و بیـروڕا و جیهانبینـی جیـاواز ببێتـەوە و نەکرێتـە شـوێن بـۆ یـەك جۆر بیروڕا و عەقیدە و ئاییـن و کولتـوور.

### ئەنجام:

**١.**یەکێك لەو خاڵانەی دەکرێت لە کوردستاندا شـانازیی پێـوە بکەیـن، مەسـەلەی پێکەوەژیانـی ئاشـتییانە و فرەیـی ئایینەکانـە، ئەمـەش دیاردەیەکی لەمێژینـەی مێژووییـە. بۆیـە دەکرێت بۆ هاوئامانجکردنی بەرژەوەندیی هاوبەشی نێوان

ئاییـن و کولتوورەکانـی ئـەم کوردسـتانە، سـوود لـەو واقیعـە فرەڕەنگییـە وەربگریـن و ئازادیـی ئایینـی و کولتووریـی بکەینـە خاڵێکـی بنەمایـی پتـەو.

**٢.**بۆیـە هەڵوێسـتی رەهـا لـە ئاییـن وەك دیاردەیـەك و خۆبەسـتنەوە بـە کولتـوورەوە وەك

شتێکی پیرۆز و نەگۆڕ، هەردووکیان دوو جۆری فەندەمانتالیزمن. نە کولتوور دەتوانێت بە شەڕکردن لەگەڵ ئایین، خۆی لە ئایین دابڕێت و نە ئایینیش بە شەڕکردنی لەگەڵ کولتوور دەتوانێت بەرگریی لە خۆی بکات. لە وڵاتی ئێمەشدا رەگوڕیشەیەکی ئایینی و کولتووریی بەهێز هەیە، کە پێویستە کۆیان بکەینەوە، نەك لێکتریان هەڵاوێرین، چونکە ئەوە لە بەرژەوەندیی ئایینەکان و کولتوورەکاندا نییە.

**٣.**کولتوور و ئایینەکان لێکتری جیاوازن، بەڵام جیاوازیی ئایین و کولتوورەکان دەتوانێت سەرچاوەیەك بێ بۆ بیناکردنەوەی کۆمەڵگە و لە رەوتی بەکۆمەڵایەتیبوون، پەروەردە و شوناسبەخشین بە تاکەکەسەکان، کاریگەریی بەرچاویان هەبێت. جیاوازییە کولتووریی و ئایینییەکان دەتوانن پەیامبەخش و مژدەبەخش بن و ئەمەش لەسەر ئاستی واقیع رەنگدانەوەی هەبێت. بۆیە هەر هەوڵێك بۆ قووڵکردنەوەی نێوانیان، هەوڵێکە لە دەرەوەی پێویستیی کۆمەڵگا..

**٤.**لەسەر بنەمای رێزگرتن لە بەهای مرۆیی و مافە بنەڕەتییەکانی و هەروەها لێبووردەیی لەبەرامبەر فرەیی و جیاوازییدا، دەکرێت هەریەك لە ئایین و کولتوور دەوریی گەورەیان هەبێت لە بیناکردنەوەی کۆمەڵگەدا. بەڵام مەرج نییە کۆمەڵگە بکەنە مەیدانی ململانێ و کێبڕکێ و ئازادیی جۆرەکانیتری بیرکردنەوە، بۆ نمونە بیرکردنەوەی زانستی، زەوت بکەن. هەر لەم روانگەیەشەوە، وەك چۆن پێویستە یاسا پارێزگاریی لە فرەیی کولتووریی و پێکەوەژیانی ئاشتیانەی ئایینەکان بکات، ئاواش پێویستە ئازادیی بیرکردنەوەی زانستیی، پارێزراو بێت.

## پەراوێزەکان:

**١.**بابەتی کۆنفرانسی زانستیی (ئایین و کولتوور)، کە لەلایەن ناوەندی (هەژان بۆ فیکر و مەعنەوییەت)، لە رێکەوتی ٢٠١٨/١١/٢٠ لە شاری خۆشەویستی هەڵەبجە پێشکەشکراوە.

**٢.**جورج سارتن: مقدمه بر تاریخ علم. (٤جلد)، جلد اول، مترجم: غلامحسین صدری افشار. تهران: شرکت انتشاراتعلمی وفرهنگی، ١٣٨٨ (٢٠٠٩). ص: ٦٧ و بەرەودوا.

**٣.**Hans Fink; Carsten B. Pedersen og Niels Thomassen: Mennseske, Samfund; Natur. Copenhagen: Gyldendal, ١٩٩٣, S: ٢٤٢-٢٤٧.

**٤.**أرسطو: سماع طبیعی (فیزیك). مترجم: محمد حسن لطفی، تهران: طرح نو، چاپ دوم، ١٣٨٥ (٢٠٠٦)، کتێبی دووەم.

**٥.**رێبوار سیوەیلی: فەلسەفەی پێش سوکرات، (چاپی یەکەمی مەتنی تەواو) هەولێر: لە بڵاوکراوەکانی رێکخراوی زەریاب بۆ خزمەتگوزاریی کولتووری، ٢٠١٦. ل: ١١٧-١١٩، ١٢٢-١٢٤.

٦. Hans Fink; Carsten B. Pedersen og Niels Thomassen: Mennseske, Samfund; Natur. Opc. Sid: ٢٤١-٢٤٢.

**٧.** Hans Fink; Carsten B. Pedersen og Niels Thomassen: Mennseske, Samfund; Natur. Op cit. S: ٢٧٤-٢٧٥.

**٨.**ڕێبوار سیوەیلی: فەلسەفەی پێش سوکرات، سەرچاوەی پێشووتر ل: ١٢٠-١٢١

**٩.**René Descartes: Selected Correspondence of Descartes. In: earlymoderntexts.com. S ١٤-١٦

**١٠.**دانیل پالس: هفت نظریه در باب دین. ترجمه و نقد: محمد عزیز بختیاری. تهران، انتشارات اموزش و پرورشی، ١٣٨٢ (٢٠٠٣).

**١١.**لەمبارەیەوە، دەکرێت خوێنەر بگەڕێتەوە سەر ئەم سەرچاوەیە:

سلێمان مەزهەر: چیرۆکی ئایینەکان. وەرگێڕانی: لوقمان حاجی خدر. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٨.

**١٢.**مبروك بوطقوقة: تايلور و مفهوم العالمي للثقافة. لە: http://www.aranthropos.com.

**١٣.**سيد رضا سالح اميرى و امير عضيمى دولت ابادى: مبانى سياست گذارى و برنامەريزى فرهنگى. تهران، ١٣٩١.

**١٤.**ڕێبوار سیوەیلی: دیاردەناسی شوێن و شوناس. خوێندنەوەیەکی دیاردەناسانە بۆ شاری سلێمانی. غەزەلنووس، ٢٠١٥، ل: ٧١-٧٥.

*****

**سەرچاوەکان:**

١.جورج سارتن: مقدمه بر تاريخ علم. (٤جلد)، جلد اول، مترجم: غلامحسين صدرى افشار. تهران: شركت انتشاراتعلمى وفرهنگى،

**یەکێك لەو خاڵانەی دەکرێت لە کوردستاندا شانازیی پێوە بکەین، مەسەلەی پێکەوەژیانی ئاشتییانە و فرەیی ئایینەکانە، ئەمەش دیاردەیەکی لەمێژینەی مێژووییە. بۆیە دەکرێت بۆ هاوئامانجکردنی بەرژەوەندیی هاوبەشی نێوان ئایین و کولتوورەکانی ئەم کوردستانە، سوود لەو واقیعە فرەڕەنگییە وەربگرین و ئازادیی ئایینی و کولتووریی بکەینە خاڵێکی بنەمایی پتەو.**

١٣٨٨ (٢٠٠٩).

٢.Hans Fink; Carsten B. Pedersen og Niels Thomassen: Mennseske, Samfund; Natur. Copenhagen: Gyldendal, ١٩٩٣.

٣.أرسطو: سماع طبيعى (فيزيك). مترجم: محمد حسن لطفى، تهران: طرح نو، چاپ دوم، ١٣٨٥ (٢٠٠٦).

٤.ڕێبوار سیوەیلی: فەلسەفەی پێش سوکرات، (چاپی یەکەمی مەتنی تەواو) هەولێر: لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی زەریاب بۆ خزمەتگوزاریی کولتووری، ٢٠١٦.

٥.Jonathan Bennett :Ren□ Descartes Selected Correspondence of Descartes. In: earlymoderntexts.com ٢٠١٧.

٦.سلێمان مەزهەر: چیرۆکی ئایینەکان. وەرگێڕانی: لوقمان حاجی خدر. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٨.

٧.دانيل پالس: هفت نظريه در باب دين. ترجمه و نقد: محمد عزيز بختيارى. تهران، انتشارات اموزش و پرورشى، ١٣٨٢ (٢٠٠٣).

٨.مبروك بوطقوقة: تايلور و مفهوم العالمى للثقافة. لە: http://www.aranthropos.com

٩.سيد رضا سالح اميرى و امير عضيمى دولت ابادى: مبانى سياست گذارى و برنامەريزى فرهنگى. تهران، ١٣٩١.

١٠.ڕێبوار سیوەیلی: دیاردەناسی شوێن و شوناس. خوێندنەوەیەکی دیاردەناسانە بۆ شاری سلێمانی. غەزەلنووس، ٢٠١٥.

١١.د. فؤاد زكريا: التفكير العلمى. دار الوفاء لدنيا للطباعة و النشر ٢٠٠٤

١٢.هانز ريشنباخ: نشأة الفلسفة العلمية، دار الوفاء لدنيا للطباعة و النشر، ٢٠٠٦

١٣.د. عبدالقادر بشته: الفلسفة و العلم. دار الطليعة، بيروت: ٢٠٠٢

١٤.ديويد س ليندبرگ: سراغازهاى علم در غرب. ١٩٩٨

١٥.البر ژاكار: علم و اعتقاد. نى، ١٣٨٠

١٦.بێرتراند راسڵ: کاریگەریی زانست لە کۆمەڵگەدا. ٢٠١٢

# کولتوور، ئایین، گۆڕانکاری

نوسەر:

موحەمەد حوسەینی

بۆ بەشداری لە کونفرانسی ئایین و کولتوور لە زانکۆی هەڵەبجە ـ هۆڵی پرۆفیسۆر موستەفا زەڵمی ڕێکەوتی ٢٠/١١/٢٠١٨ زایینی

## پوختەی بابەت

کەڵکەڵەی ئەم وتارە خستنەڕووی کاریگەرییەکانی کولتوور وشارستانیەت و ئایینە لەسەر یەکتر، هەروەها ئایین بە بەشێک لە کولتوور دە زانێت، کە گۆڕانکاری تێیدا وەک تایبەتمەندییەک خۆی دەردەخات.

بۆیە بۆ ئەم مەبەستە جەخت کراوە لەسەر میتۆدی شیتەڵکاری ماناکان و ئاماژەکراوە بە تایبەتمەندییەکانی واتا سەرەکیەکان، هەروەها هەوڵدراوە کە پێناسەی وەسفی بەکاربهێنرێت و خۆ بە دوور بگرین لە پێناسەی لۆجیکی ئەرستۆیی، کە دەبێتە هۆی چە واشەبوون لەم بوارەدا.

جا بەم پێیە سەرچاوەگەلێکی بەهێزی زانستیی کە بەرهەمی مرۆڤناسان/ئانترۆپۆلجییەکان، ئایینناسان و فەیلەسوفانن بە تایبەت فەیلەسوفانی کولتوور و ئایین لەم بوارەدا بەکار براون.

پوختەی بەدەستهاتووی ئەم وتارە چەند خاڵێکی لەیەکداڕۆچوومان بۆ دەخاتەڕوو، کاتێکیش ئەم خاڵانە لە تەنیشت یەکدی دادەنێین، دەبینین کە بە بەرهەمێکی لۆجیکی دەگەین:

شارستانیەت (sivilizasion) نیازی مادیی ئێمەیە کە وەک کەرەستەو رووداو خۆی دەنوێنێت .

کولتوور ( culture )نیازی مەعنەوی ئێمەیە کە لە ڕەمزسازیدا خۆی دەردەخات .

-ئایین یەکێ لە بەشە سەرەکیە کانی کولتوورە.
-شارستانیەت و کولتوور، کاریگەری گۆڕانکارییان لەسەر یەکتری هەیە.
-کەواتە وەک کۆبەرهەمی ئەم خاڵانە، ئایین وەک کولتوور گۆڕانکاریهەڵگرە.

گەورەترین بەرهەمی ئەم باسەئەوەیە کە کومەڵگەی ئایینی بەوە دەگەیەنێت کە بەشێکی ئایین کولتوورییە و مێژوومەندە.

ئەمەیش واتا خۆهاوڕێکردن لەگەڵ رەوتی نوێ لە دونیای نوێدا.

بۆیە لە پاڵ باسی شۆڕشی کولتووریدا کە لای (چارلز تیلۆر) و هەندێک لە تۆێژەران و بیرمەندان، لە دوای ١٩٦٠ـە کان بە دواوە روویداوە، ئەم وتارە پێیوایە دەورانی چوارەمی ئایین بە شێوازێکی نوێ دەستی پێکردوە.

لەکۆتایدا ئەم وتارە دەمانبات بەرەو باسی چۆنیەتی گۆڕانکاری هەر لە پایە هەتا سایەی ئایین، کە پانتاییەکی گەورە لە تۆێژینەوەگەلی تر دەخاتە بەردەستی تۆێژەرانی ئاییناسییەوە.

**وشە کلیلییەکان:**

کولتوور، شارستانیەت، ئایین و گۆڕانکاری

## پێشەکی

لەم وتارەدا جەخت دەخرێتە سەر گۆڕانکاری لە بوارە جۆراوجۆرەکانی کولتووردا، ئایین وەک بەشێک لە کولتوور دەناسینەوە و پێمان وایە وەک گۆڕانکاری لە هەموو بوارەکانی کولتووردا روودەدات، هەروەها گۆڕان و گۆڕانکاری روودەکاتە سەرتاپای قەبارەی ئایین.

بۆیە بۆ ئەم مەبەستە، گرنگە پێش هەموو شتێک، رووبەڕوو ببینەوە لەگەڵ پێناسە و «چیبوونی» کولتوور و ئاییندا، لێرەدا دوورەپەرێزی دەکەین لە تاریفگەلی زاتگەرایانە و داشکانگەرایی«reductionism» و پەنا دەبەینە بەر پێناسەگەلی تەوسیفی و دیاردەناسانە (phenomenologism).

بۆیە لێرەوە لە کولتوورەوە کە ئایین یەکێکە لە بەشەکانی، دەست پێدەکەین، بۆ گەیشتن بە واتا و مانای ئەم چەمکە، قۆناغە مێژووییەکانی دەدەینە بەر شیتەڵکاری، تا چمکە نەناسراوەکانی، یەک لە دوای یەک دەرکەون و بزانین پێناسەی ئەم واتایە چییە؟ و لە کوێوە دەستی پێکردووە؟ و بە کوێ گەیشتووە؟

لەم گوزرە مێژووییەدا بە شەش قۆناغی زەنجیرەییدا تێدەپەڕین، کە بەکورتی بریتین لە:

**قۆناغی یەکەم:** قۆناغی وشەیی و رێخۆشکردنی مانایی کولتوورە.

**قۆناغی دووەم:** قۆناغی کولتوور وەک «civilization» و شارستانیەتە، بە بەرگی سیاسی و بەهاییەوە، کە مرۆڤ دەکات بە مرۆڤی بێ کولتوور و خاوەن کولتوور.

**قۆناغی سێیەم:** قۆناغی کولتوور وەک زانیاری، زانین، فێربوون، ئازادیخوازی و مافی مرۆڤ و هتد... کە وەک بەرهەمێکی دونیای رێنسانس دەژمێردرێت، واتە روو وەرگێڕان لە مرۆڤی خاوەن کولتوور بۆ لای بەرهەمەکانی شارستانیەت، وەک مانایەکی گشتی بۆ شارستانیەت.

**قۆناغی چوارەم:** قۆناغی کولتوور وەک هەموو دەسکەوت و بەرهەمە مادی و

مەعنەوییەکانی شارستانیەت، بێ ئاوڕدانەوە بە لای باری بەهاییدا، کە هیچ جیاوازییەک ناخاتە نێوان شارستانیەت (وەک کەرەستە و ڕرووداو) و کولتوور (وەک ڕچەو نەریت)

**قۆناغی پێنجەم:** قۆناغی کولتوور وەک باری مەعنەویی، پێویستی دەروونی و ڕۆحی لە بەرانبەر شارستانیەتەوە دەبینرێتەوە، کە بواری کەرەستە و ڕووداو و باری مادی مرۆڤ ڕەچاو دەکات، بۆیە بۆ یەکەمجار ئانترۆپۆلۆجیستی ناودار بە ناوی تایلۆر بە نووسینی کتێبی (کولتووری سەرەتایی/primitive culture) مانایەک بۆ مرۆڤی بێ کولتوور ناهێڵێتەوە و تێڕوانینی بەهایانە لە کولتوور دەگرێتەوە و بارێکی زانستی پێدەدات، هەموو کەس و جێ و کاتێکی مرۆڤایەتی بە خاوەن کولتوور دەزانێت.

**قۆناغی شەشەم:** قۆناغی کولتوور وەک خوێندنەوەی تایبەتمەندییەکانی کولتوورە، کە دەتوانین لە ئەندامبوون وەک سیستەمێک، مێژوومەند و و داڕنرا و لە ڕەفتاری ئادەمی، وەک سومبولسازی نیشانەسازی قسەی لێبکرێت.

بۆیە لێرەدا کولتوور بریتییەلە بەرهەمی مەعنەوی مرۆڤی مێژوومەند، کە لە دوێنێوە بۆ ئەمڕۆ، ئاسۆیەک لە ئەزموونی دەستەیەک و ڕاستەوخۆ و خۆڕەس، لە ڕێگەی سیمبول و نیشانەسازییەوە بەدی دەکات.

لێرەدایە کە سیمبولسازی ئەبێت بە خاڵی جیاوازیی نێوان مرۆڤ و گیانلەباران، ئەبێت بە هەوێن و کاکڵەی کولتوور لە هەموو بوارەجۆراوجۆرەکاندا، مرۆڤ بە گیانلبەری خاوەن کولتوور پێناسە دەکرێت و پێناسەگەلی دیکەی

## گرنگە پێش هەموو شتێك، ڕووبەڕوو ببینەوە لەگەڵ پێناسە و «چیبوونی» کولتوور و ئاییندا،

وەک گیانلەبەری کۆمەڵایەتی و کەرستەساز و بیرمەند، لە بەرانبەر ئەم تاریفەدا دەچنە پەراوێزەوە، بۆیە نەخشی دوو گەورەتوێژەری وەک «کروبێر» و «کلاکین» لە ناسینەوەی ئەم مەبەستە گرنگە و جیاکردنەوەی سیمبول لە ڕەفتاری ئادەمی وەک گیانلەبەرێک، لە بەشی کولتوورناسیدا بە ئەندازەی شکاندنی ناوکی ئەتۆم لە بەشی زانستی ئەزموونیدا بەکەڵک و بەنرخ و جێی سەرنجە.

لێرەدایە ئایین، چوونکە هەم هەڵگر و هۆگری بار و ناوەڕۆکی مەعنەویتە و هەم زمانیشی زمانی سیمبولیکە، وەک پاژێکی زۆر بەهێز لە کولتوور خۆی دەردەخات.

جا ئیتر بەم پێیە هەر وەک پێناسەی کولتوور، لە سەر بنەمای پێناسەی وەسفی و دیاردەناسانە، چمکەکانی ئایین دەخەینە بەر توێژینەوە، تا بە «چیبوون»ی ئایین بگەین.

بۆیە لە دوای شیتەڵکاریی ئەم چەمکە، بەوە دەگەین، دوو وێنە لە ئایین لە بەرانبەر ئێمەدا خۆی دەنوێنێت؛

**وێنەی یەکەم:** وەک وێنەی «کاکڵەیی و کرۆکی» و یا «سەنتەریی و هەوێنی» و یا وێنەی «لای کەمی ئایین» واتە وێنەیەک کە ئایین بێ ئەو ئایین نییە، ناو دەبەین، کە ئەویش وەک ئۆتۆ دەڵێت: «ئەزموونی سەرسوڕمان لە بەرانبەر شکۆی مەزن» دایە.

**وێنەی دووەم:** وێنەی مێژوویی ئایینە کە وەک بارانێ دەبینرێتەوە کە لە بۆ شایی ئاسماندا لەگەڵ هەڵم و دوکەڵ و ... تێکەڵ دەبێت و لەوێ کە دەدات لە زەوی، لەگەڵ خاک و خۆڵ و ماددەی دیکەدا تێکەڵ دەبێت و وێنە پاڵفتە و بێگەردەکەی نامێنێت، کە بە پێی بارودۆخی تۆپۆگرافی ژینگە ڕەنگدانەوەی جۆراوجۆر بە خۆیەوە دەگرێت، کە کاتی وا هەیە وەک لافاو و کاتی وا هەیە وەک دونیایەکی سەرسەوز و کانی و ئاو، کاتی وایش هەیە وەک دەریایەک مەنگ و هەندێجاریش وەک دەریایەک ئاڵۆز خۆی نیشان دەدات.

وێنەی یەکەم، هەڵمی دەروونی بۆچوونی مرۆڤی خاوەن کەڵکەڵەی دینە لە بەرانبەر شکۆی مەزندا، کە بە پێی کات و سات و ڕێگا و جێگا و مەودا.

وێنەی دووەم، واتە دینی‌مێژوویی ساز دەکات، بۆیە ئایین لە ژێر کاریگەرییەکانی دونیای دەوروبەری خۆیدا قەرار دەگرێت و هەرچی باری کەرەستە و ڕووداوەکانە وەک شارستانیەت ئاڵوگۆڕی بە سەردا دێت، باری مەعنەویی و سیمبولسازی مرۆڤیش گۆڕان و گۆڕانکاریی بە سەردا دێت و ئەگەر ئەم گۆڕانکارییە لە نێوان باری مەعنەوی وەک کولتوور و باری ماددی وەک کەرەستە و شارستانیەت، هاوپێ و هاوڕێ و هاودەنگ و هاوسەنگ پێکەوە بن، ژیانێک پڕ لە ئارامی و ئاسایش فەراهەم دەبێت، ئەگەر بە پێچەوانەوە، ئەم ڕووداوە ڕوونەدات و هاودەنگی و هاوسەنگی لە ێوان کولتوورەکان و شارستانیەتەکاندا نەبێت کارەسات و دابڕین ڕوودەدات و کەلێن دروست دەبێت، کە دەبێتە هۆی گرژی و خەمۆکی و شەڕ و ئاژاوە و نامۆیی و ناکۆکی لە ژیانی مرۆڤدا.

بۆیە ئایین وەک بەشێکی بەهێز، لە بەشەکانی کولتوور، ئەگەر ئەم گۆڕانکارییە بە خۆیەوە نەبینێت، تووشی کێشەی نامۆیی و ناکۆکی لەگەڵ دونیای دەوروبەری خۆیدا دەبێت و ڕووداوەکانی سەدەکانی ناوین، وەک کوشتن و سوتاندن و هزرپشکنین و ئەنکزاسیۆن و ئەشکەنجە و ... ئەزموون دەکاتەوە و لە بری ئەوەی مایەی ڕەحمەت بت، دەبێتە زەحمەت و گرفت لە ڕێگای ژیانی مرۆڤدا.

هەر لەم سۆنگەیەوە، من پێم وایە کەرەستەکان و ڕووداوەکان بە پێی پێویست ئاڵوگۆڕیان بە سەردا دێت، واتە شارستانیەتەکان دەگۆڕێن و گۆڕانکاری ڕوویان تێدەکات، داخوازی کولتووری هاودەنگ و هاوسەنگی خۆیانن، بۆیە کولتورەکانیش گۆڕانکاری ڕوویان تێدەکات، وەک وتمان ئایینیش بەشێکی سەرەکی کولتوور پێکدەهێنێت، بۆیە لەگەڵ ئەم گۆڕانەدا ئایینیش دەگۆڕێت.

بەگوێرەی دوایین توێژینەوە زانستییەکان، وەک فەیلەسوف و کولتوورناسی هاوچەرخ (چارلز تیلۆر) و زۆرینەیەک لە کولتوورناسان

دەڵێن، لەساڵانی ١٩٦٠ ـە کان بەدواوە ئێمە لەگەڵ شۆڕشی کولتووریدا، لای کەمی لە بەشی سەرەوەی وڵاتانی زەریای ئەتڵەسییەوە ڕووبەڕوو بووینەتەوە، بۆیە ئاڵوگۆڕی کولتووری هەموو بەشەکانی کولتووری گرتووەتەوە.

بۆیە ئایینیش لە تاوتوێی ئەم گۆڕانکاریانەدایە و تەواوی بوارەکانی ئایین گۆڕانکاریی دەیانگرێتەوە. بە چاوخشاندن بەسەر مێژووی ئاییندا، ئێمە تا ئێستا وەک دیناسان وتوویانە، سێ قۆناغ لە دینداریمان تێپەڕاندووە؛

**١.**قۆناغی سەرەتایی ئایین.

**٢.**قۆناغی تاکفەرماندەیی و ئۆتۆکراسی ئایین.

**٣.**قۆناغی ئەویترخوازانە و مرۆڤخوازانەی ئایین.

لەم سێ قۆناغەدا ئایین بە پێی بارودۆخی مێژوویی لە پانتایی ژیانا و لە درێژایی مێژوودا، هەر لە خودا هەتا تەواوی لق و پۆکانی، ئەزموونگەلی جۆراوجۆری تێپەڕاندووە.

بۆیە من پێم وایە ئێمە لە جیهانی دیموکراسیدا، لەم سەردەمەدا لە قۆناغی چوارمی ئاییندایـن، کە قۆناغی مرۆڤخوازی نوێیە، دەتوانین بە قۆناغی دیالۆگی «مرۆخوایی و خوامرۆیی» ناوی ببەین، ڕووبەڕوو بووینەتەوە.

بگرە پێشتر لە دونیای ڕۆژئاوادا گەورەمرۆڤێکی وەک نیچە هەبوو، بە بانگەوازی مەرگی خودا ئەمەی ڕاگەیاند و لەگەڵ ئەودا لە ڕۆژهەڵاتیش گەورە فەیلەسوفی مسوڵمان موحەمەد ئیقباڵی لاهوری وتی: دەبێت خودا نەخشێکی تر لە ژیانی مرۆڤدا وازی بکات.

جا ئەم وتارە لە تایلۆ(١٨٣ ـ ١٩١٧) هەتا تیلۆر، فەیلەسوف و کولتوورناسی هاوچەرخ، ئەوەی بەدی کردووە کە ئایین دەبێت سەرتاپا گۆڕانکاری بە سەردا بێت و ئێمە لەگەڵ سەردەمی چوارەمی ئاییندا، کە خودا لەم سەردەمەدا نە خودای تاکفەرماندەرە و نە خودای خاوەنمافە، کە مافێک بۆ ئەو بێت و مافێکیش بۆ بەندە، بەڵکو لێرەدا خودا هەڤاڵ و هاوڕێیە، خودا گفتوگۆیە، گوناح نافەرمانی خودا و زەرەردان لە خۆ نیە، بەڵکو گوناح زەرەردانە لەوانی تر، لێرەدا ئایین وەک ئەزموونی جوانی ویستانەیە و دەروونـنومایانە، واتا دەرخەری دیوی ناوەوەیە، وەک ئەزموونی خۆچێژ لە ژیاندا تەماشا دەکرێت.

جا ئیتر پیاچوونەوە بەسەر زۆرێک لە بزاڤە ئایینیەکاندا ڕوودەدات و پرسیارگەلێک زۆر لە سەر گۆڕانکاری لە ئاییندا دێتە کایەوە، کە وا دەزانم ئەم نووسینەمان بە ڕاکشاوی و ڕاشکاوی و ڕاستەوخۆ، ئەم مەبەستانەی پیشانداوە.

هیوادارم کە هەرچی زیاترە سوودێکی زانستی بگەیەنم، ئەویش بە پوختەکردنی ئەم بابەت و بۆچوونە لە ژێر شیتەڵکردنی ڕەخنەگرانەدا.

## کولتوور (Culture) چیە؟

پێناسەی کولتوور وەک هەر پێناسەیەکی دیکە لە دونیای زانستی ئەمڕۆدا ناچێتە نێو زاتگرایی ئەرستۆوە، چونکە واتاکان خاوەنی ڕواڵەتی جۆراجۆر و بەرهەمی کۆمەڵگە و گۆڕانکارییەکانن.

جا باش وایە کۆپوختەیەک لە قۆناغەکانی پەیدابوونی مێژوویی ئەم واتایە

ڕەچاو بکەین و بە پێناسەیەکی تەوسیفی کە ئەمڕۆ لە کولتووردا چ باسە رابگەین.

مێژووی واتای کولتوور

کولتوور (Culture) بە پێچەوانەی سەرهەڵدان و پەیدابوونە مێژوویەکەی، وەک بزاڤێکی کۆمەڵایەتی و مرۆڤناسانە، زادەی دونیای نوێ و مۆدێرنە.

پوختەی قۆناغەکانی پەیدابوونی کولتوور وەک چەمکێکی مرۆڤناسانە (anthropology) بەم شێوەیە؛

**قۆناغی یەکەم:**

کولتوور (Culture) و ناتوور (nature) دوو وشەی لاتینین، وەک ڤیتگینشتاین دەڵێت بە لێکچووی خێزانی (family resemblance)پێکەو بەسراونەتەوە.

ناتوور (nature) سروشتە، وەک سروشتە ماددییەکە.

کولتوور (culture) پەروردەیە، وەک کۆمەڵێک زانین کە ئەبێت رەنگدانەوە و کارامەیی بێت، کە ئەمە بۆ خۆی باری مەعنەوی هەیە.

بۆیە لە دوو تەوەرەی پەروەردەکردندا بەکاربراوە.

**تەوەرەی یەکەم:**

پەروەردەکردنی ژیانی ماددی، وەک پەروەردەی کشتوکاڵ (agriculture) پەروەردەی باخ و باخداری (horticulture)، پەروەردەی هەنگ و هەنگداری (beeculture)، پەروەردەی سەدەف (oysterculture)، و پەروەردەی مرواری (pearl culture).

تەوەرەی دووەم: پەروەردەکردنی گیان و دەروونە و وشەی (cultus) بە مانای پەرستشە، بۆیە ئەم واتایە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا هەر بە مانای پەرستش بەکارهێنراوە.

ئەوەی لەم قۆناغەدا دەیبینینەوە، رەنگدانەوەی باری مەعنەوی کولتوور لە مانای وشەیەکەیدایە، کە دەبێتە هەوێنی بەدیهێنانی مانا زانستییەکەی کولتوور.

**قۆناغی دووەم:**

لەم قۆناغەدا، ئەم واتا لە بەرانبەر رێوڕەسمی خێڵەکییەوە لە دوای ساڵی ١٧٥٠ لە ئەڵمانیا لە مانای (civilization) بە مانای شارستانیەت و بەشداربوون لە ژیانی شارنشینی و ژیانکردن بە رەفتاری شاریانە، بەکارهێنراوە، کە تا رادەیەک تێکەڵێک لە مانای سیاسی لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرت و بارێکی بەهایی بە شوێن خۆیدا دەهێنا، واتە مرۆڤی خاوەن کولتوور و مرۆچی بێ کولتوور، لەم قۆناغەدا کولتوور هەنگاوێ بەرەو لای مانا پەیداکردن لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەڕوات، کە پلەیەک لە قۆناغی پێشین جیا دەبێتەوە.

**قۆناغی سێیەم:**

دەورانی نوێخوازی و رێنیسانسە، رۆژگاری پێشەنگەکانی وەک کۆپەرنیکۆس و گالیلە و نیوتن و ... و مرۆڤی نوێیە، ئەم قۆناغە لە بەرانبەر بیروباوەڕە چەقبەستووەکانی کڵێسادا پرسیاری زۆری هێنایە مەیدانەوە، کە هەم داخوازی رزگاری و رەهایی ئەقڵ لە کۆت و بەندەکانی ئایین و هەم داخوازی پەرەسەندنی گشتیی، رووناکبیری و ئەقڵی بوو.

بۆیە فەلسەفەگەلێکی نوێ و تۆێژینەوە

لە بواری زانستە کۆمەڵایەتیەکان و زانستە مرۆڤناسیەکانەوە، هاتنە کایەوە و دەستیان کرد بە پەرەسەندن.

لێرەوە ڤۆڵتێر لە ساڵی ١٧٥٦دا «فەلسەفەی مێژوو»یی خستە بازاڕی فەلسەفە و فەیلەسوفانێک وەک کەندوروسە و هێگڵ بازاڕیان پێ گەرم کرد و دەریای بیر و نیگای دەوروبەری خۆیانیان پێ شڵەژاند.

لە ژێر ئەم تیشکەدا، لە بواری مرۆڤناسی و کولتوورناسییەوە توێژەرانێکی وەک ئادلۆنگ و هێردر مانا و واتای کولتووریان خستە بەر شیتەڵکارییەکی نوێخوازانەوە، تا کلێم هات و لە ساڵی ١٨٤٣دا «مێژووی گشتی کولتووری» لە چەن بەرگدا نووسی و هەروەها لە ساڵی ١٨٥٤دا (زانینی گشتی کولتووری)تۆمارکرد، لێرەدا بوو بە شێوازێکی روون و ئاشکرا و راشکاو کولتوور وەک زانین و خاوەنی مێژووی سەرهەڵدان و گەشەسەندن، دەناسرێت.

ئەمجار کولتوور لە بەرانبەر بەربەریەتدا بە واتای زانیاری و زانین و فێربوون و ئازادی ئاماژەی پێکرا.

لەم قۆناغەدا کولتوور مانایەکی مرۆڤدۆستانە و ئازادیخوازانە پەیدادەکات، کە هێشتا بارێک بەها لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت، بەڵام پلەیەکی دیکە ماناکەی زانستی و زانستگەرانە دەبێتەوە، واتا وەک بەرهەمێکی زانستی و خاوەن مێژوو رەچاو دەکرێت.

**قۆناغی چوارەم:**

لەم قۆناغەدا زنجیرەیەک لە فەیلەسوفان و مێژوونووسان و ئانترۆپۆلۆجیستان واتای

**کولتوور، پەروردەیە، وەك كۆمەڵێك زانین كە ئەبێت رەنگدانەوە و كارامەیی بێت، كە ئەمە بۆ خۆی باری مەعنەوی هەیە.**

کولتووریان لە هەموو کار و بارێکی شارستانیەتدا بە گشتی رەچاو دەکرد.

بۆیە کەسانێکی وەک دانیەڵ فیسکی، شپنگلر و توینبی توێژینەوەیەکی زۆریان خستە بەردەست، ئەمجار هاتن و وتیان «کولتوور» هەموو بوارە ماددی و مەعنەویەکانی مرۆڤ دەگرێتەوە، ئەم قوناغە مانای کولتووری بردە ئاستێکی ترەوە، ئەمە تەنیا خەوشی ئەوە بوو کە هیچ جیاوازییەکی لە نێوان «civilization» شارستانیەت و «culture» کولتووردا نەدەکرد، بەڵام هەنگاوێکی تر ئێمەی لە مانا و واتای کولتوور نزیک کردەوە.

**قۆناغی پێنجەم:**

لەم قۆناغەدا مرۆڤناسی بەناوبانگی بەریتانی سێر ئێدوارد برۆن تایلۆر (١٨٣٢ - ١٩١٧ز) کە بە دامەزرێنەری بواری مرۆڤناسیی کولتووری [culturalanthropology] دەژمێردرێت، لە روانگەی مرۆڤناسییەوە سنوورەکانی کولتوور و شارستانیەت لەگەڵ یەکتریدا جیاکردەوە و بە نووسینی کتێبی

(توێژینەوەکان لە بواری مێژووی سەرەتایی مرۆڤ و پەرەسەندنی شارستانیەت) جارجار بە لای تێرمی کولتووردا ئاوڕی دەدایەوە، بەڵام هێشتا هەر وەک پێشینیان و هاوسەردەمانی خۆی فرەترین ئاوڕدانەوەی بە لای شارستانیەدا بوو، روونتر بڵێین کە هێشتا سنوورەکانی کولتوور و شارستانیەتی بەتەواوی بۆ لەیەک جیانەکرابووەوە، هەتا لە ساڵی ١٨٧١دا کتێبی (کولتووری سەرەتایی/primitiveculture) دەنووسێت و بۆمان دەردەخات کە هەمووگەل و کۆمەڵگەیەک خاوەن کولتوورن و کولتوور رووەدەکاتە بوارەمەعنەویەکان و شارستانیەتیش بوارەمادیەکان بە ئامانج دەگرێت.

بۆیە هەر لە یەکەمین بەندی کتێبەکەیدا ئەڵێت: "کولتوور گلۆڵەیەکی یەکپارچە و لێکتەنراوە کە زانین و ئایین و هونەر و یاسا و ئاکار و تەواوی توانا و هێز و نەریتی مرۆڤ وەک رشتەگەلێکی پێکەوە بەستراو لەخۆدەگرێت."

لەم قۆناغەدا ئیتر کولتوور مانا و واتای زانستی پەیدا دەکات و سنوورەکانی لەگەڵ شارستانیەدا جیادەبێتەوە و مانایەک بۆ جیاکردنەوەی بێکولتوور و خاوەنکولتوور نامێنێتەوە.

لێرەوە وردە وردە لای زانایان و توێژەران، بە تایبەتی ئانترۆپۆلوجیستان (civilization) بەواتای شارستانیەت ناسرا و کولتوور (culture) بە واتای چاند و نەریت و فەرهەنگ ئاماژەی پێکرا.

سەرئەنجام لە ساڵی ١٩٢٠دا بوو،کە (ئالفرێد وێبر) بە تەواوی هێزەوە جەختی کردە سەر ئەم مانایە و نیگای ئەوانەی کە کولتوور و شارستانیەتیان بە پێچەوانەوە تاریف کردبوو و هەروەها نیگای ئەوانەش هیچ جیاوازییەکیان لە نێوان ئەم دوو واتایەدا دانەنابوو رەت کردەوە و کەسانێکی وەک (کرۆبیر) و (کلاکین) ی ئەمەریکایی پەیدا بوون کە ١٦٤ مانا و واتا و تاریفیان لە پسپۆران و توێژەران لەم بوارەدا لە کتێبی (کولتوور خوێندنەوە و پێداچوونەوەیەک لە سەر ماناکان و تاریفەکان) کۆکردەوە، بەم جۆرە کولتوور ئیتر لە پانتایی و رەهەندی (dimension) تایبەت بە خۆیدا لە بواری زانستیدا سەری هەڵدا کە قۆناغێکی نوێمان بۆ دێتە بەرهەم.

**قۆناغی شەشەم:**

لەم قۆناغەدا زانایان و پسپۆڕان و توێژەران و فەیلەسوفان، نیگا و توێژینەوەی خۆیان خستە سەر تایبەتمەندییەکانی کولتوور، بۆیە لەم قۆناغەدا سێ تایبەتمەندی گرنگ بۆ کولتوور بەدی دەکرێت، کە بەڵکو بتوانرێت ئاستە نادیارەکانی کولتوور بە تەواوی بۆمان روون بکاتەوە.

**تایبەتمەندیی یەکەم:**

کولتووریان وەک سیستەمێک ناساند، کە لە دەرەوەی کار و کارکردەکانی زیندەزانی (biology) ژیانی مرۆڤدا خۆی دەنوێنێت.

**تایبەتمەندیی دووەم:**

جەختەکاتەسەرمێژوومەندی (historicity) مرۆڤ وەک مرۆڤیکەرەستەساز.

مێژوومەندی واتا بوون و حزوور و خۆدیتنەوەی خۆ، بە تەواوی ئەزمونگەلی ژیانەوە، لە ئەزموونی ئەوانی تردا، بە شێوازێک کە ئاسۆیەکی فراوان لە رابردووەوە بۆ ئێستا دابین بکات،

بەڵکو بتوانین قسە لە ئەزموونی راستەوخۆی مرۆڤ بکەین، بە جۆرێ بچینە نێو شیکارییەوە نەک داوەری، تا تووشی ئاناکرۆنیسم نەبین، وەک ئەو شتەی کە دیڵتای بە ئەزمونی ژین (Erfahrung) ناوی دەبات و ئەم تێڕوانینە بۆ مێژوومەندی، وامان لێدەکات بەهای هیچ کولتوورێک نەدەین بەسەر کولتوورێکی تردا و لە دونیای رابردوویشدا خۆمان قەتیس نەکەین، بەڵکوو ئاسۆیەک لەوێوە بۆ ئێرە رەچاو بکەین و لەگەڵ پەرەسەندنی (evolution) کولتووریدا، بە پێی گۆڕانکارییە کەرستەییەکان گۆڕانکاریمان لە دونیای مانا و کولتووردا بە سەردا بێت و ئەمە بە جۆرێ شانی خستوتە سەر تیۆری (بنەمای سەرهەڵدان)ـە کەی لۆید مورگان، تیۆریای (principle of emergence) کە ئەم تایبەتمەندییە واتا (ئەزموونی راستەوخۆی ژین) لەگەڵ تایبەتمەندیی یەکەم، واتە سیستەمی ئۆرگانی، یەک دەگرێتەوە و مرۆڤ لە پانتایی ژیان و درێژایی مێژوودا وەک ئەزموونگەرێکی جیاواز دەخاتەبەرچاو، بۆیە تایبەتمەندیی سێیەم گرنگترین تایبەتمەندیی مرۆڤە کە مرۆڤ لە گیانلەبەرانی دیکە جیا دەکاتەوە.

## تایبەتمەندیی سێیەم:

ئەمەیان باری تەجریدی (abstraction)ی کولتوور دەخاتە بەر چاو کە لە دەستوورپێدان و روتاندنی رەفتار و کرداردا بەدی دەکرێت.

واتا ئەوەی کردەی مرۆڤە ئەوە رەفتارە و ئەوەی لە ناوەڕۆکی مانای ئەو کردارەدایە و وەک ئەفراندن بەدی دەکرێتئەوە کولتوورە.

**"کولتوور گلۆڵەیەکی یەکپارچە و لێکتەنراوە کە زانین و ئایین و هونەر و یاسا و ئاکار و تەواوی توانا و هێز و نەریتی مرۆڤ وەك رشتەگەلێکی پێکەوە بەستراو لەخۆدەگرێت."**

جیاکردنەوەی ئەم دوو بوارە لە یەکتری، کارێک فرە گرنگ بوو، کە کرۆبێر و کلاکین وەک سەرنج و وردبینی بەلایدا چوون و بە هۆی ئەمەوە پەردەیان لەسەر بەشێک لە مانای کولتوور و کولتوورناسی لادا، کە لە ژیانی زانستی کولتووورناسیدا، بە ئەندازەی شکاندنی ناوکی ئەتۆم، لە ژیانی زانستی ئەزموونیدا، بە کەڵک و جێی سەرنجە.

بۆیە کولتوور ئیتر ناوێک بۆ کەرەستە و رەفتار و شێوەیەک لە ژین نییە، بەڵکو ناوێکە بۆ ئافراندن و ئەم ئافراندنە لە رێگای سەمبول و نیشانەسازییەوە سەردەگرێت، کە خاڵی جیاوازی مرۆڤ لە هەموو گیانلەبەرانی دیکە و دونیای دەوروبەریەتی، واتە ئیتر تاریفە ئەرستۆییەکەی مرۆڤ وەک گیانلەبەرانی سۆشیال، یان پێناسەی مرۆڤ بە گیانلەبەری کەرەستەساز و یاخود مرۆڤ وەک گیانلەبەری خاوەنی رێ و رچە و عادەت و ... جێی خۆی ئەدا بە گیانلەبەری سیمبولساز نیشانەساز، لێرەدایە کە پێناسەی زمان وەک زمانی مرۆیی،

زمانی خاوەن سیمبول و خاوەن نیشانەیە، کەچی لەنێو گیانلەبەراندا پەیوەندی زمانی وەک، سیگناڵ و نیشانە بەدی دەکرێت، بۆیە هەندێ لە گیانلەبەرانی وەک هەنگ و مێروولە و نەهەنگەکان و فیلەکان و مەیموونەکان و ... ژیانی سوشیال و کۆمەڵایەتییان هەیە و عیشق و خۆشی و ناخۆشی لە ئاستێکدا ئەزموون دەکەن و هەندێکیشیان وەک گیانلەبەری خاوەن کەرەستە، لە کەرەستەی تایبەت بەهرە دەگرن و ... بەڵام تەنیا شتێک لێرەدا مرۆڤ تایبەتمەند دەکات و جیای دەکاتەوە لە هەموو گیانلەبەرانی دیکە، ئافراندنە لە سەر بنەمای سیمبوسازی و نیشانەسازی، واتە مرۆڤ بە هۆی زمانی سیمبولسازییەوە لە گیانلەبەرانی دیکە جیا دەبێتەوە، سیمبول بنەما و ناوەڕۆکی کولتوورە، هەر لەبەر ئەمەیە، نابیستا و نابینای زگماک دەتوانێت ڕێی خۆی بۆ دونیای قسەکردن بدۆزێتەوە، وەک ژیانی هێلین کیپلەر ئەمەی بۆ ئێمە سەلماند و ئەم جیاوازیانە لە درێژایی مێژوودا لە دوای دۆزینەوەی ئاگر و پاکخۆریی فەراهەم بوون.

بۆیە لە ڕاستیدا نەکار و کاردانەوەی ئەندامەکان و نە وەڵامدانەوەی بۆ دونیای دەوروبەر، مەرجی کردن (conditionreflex) و نە کەرەستەسازی و نە ژیانی سۆشیاڵ و کۆمەڵایەتی، ناتوانن خاڵی جیاوازی مرۆڤ لە گیانلەبەرانی دیکە بن.

بۆیە پێناسەی مرۆڤ لە دونیای ئەمڕۆدا جێی خۆی داوە بە مرۆڤی خاوەن (کولتوور)، واتە مرۆڤی سیمبولساز و نیشانەساز بۆیە «کولتوور» و (سیمبول) و (زمان) لە (مێژووی ئافراندندا) (مێژوومەندی) ئێمە لەگەڵ سیستەمێک ئۆرگانیدا ڕووبەڕوو دەکاتەوە، کە واتا و هێمای مرۆڤ و کولتوورمان پێ دەناسێنێت.

بە کوردی و بە کورتی مرۆڤ گیانلەبەری خاوەن کولتوورە و کولتوور دونیای دەوروبەری ئێمەیە، واتە مرۆڤ بە شوێن مانابەخشین و مانادۆزین لە ژیاندایە و ئەمەیە کە ئێمە رادەکێشێت بۆ لای مانا و واتای ئایین کە وەک پێویستێک لە ژیانی مرۆڤدا خۆی دەنوێنێت.

بۆیە بۆ دەرخستنی بەشەکانی ئەم توێژینەوە، دەبێ بزانین ئایین چییە؟ و چ کاردانەوەیەکی لەگەڵ کولتوورەکان و شارستانیەتەکاندا هەیە؟

## ئایین چییە؟

هەر وەکو لە باسی کولتووردا پەنامان بردە بە پێناسەی دیاردەناسی و تەوسیفی کولتوور، باش وایە هەر بەم پێیە لە باسی ئاینیشدا خۆمان بپارێزین لە پێناسەی داشکانباوەڕی تەحویلگەرایی (reductionism).

پێناسەی ئایین بە دیاریکردنی بەشە هاوبەشە سەرەکیەکانی دەتوانێت ڕێمان پێبدات، تا (چیبوونی) ئەم واتایە بناسین و لەگەڵ کولتووردا وەک باسکرا پێناسەی بکەین و پەیوەندی و نیسبەتی ئەم دوانە پێکەوە بخەینە بەر توێژینەوە و شیتەڵکارییەوە.

هەندێ کەسایەتی دیار لە توێژەرانی دین وەک؛ شلایەرماخەر، ڕۆدۆڵف ئۆتۆ و پۆلتیلی و «جۆرج زیمڵ» پێیان وایە ئایین و مەعنەویەت بەشی دانەبڕاویی دەروونی مرۆڤن، بۆیە ئۆتۆ قسە لە باری سۆز و دڵاوێزانەیی دین و مەعنەویەت دەکات و باس لە «نۆمن» واتە شکۆ

و شـەوکەتی حـازر لـە بووندا دەکات و یەکەمیـن وێستگەی مـرۆڤ لـە بەرانبـەر ئـەم شکۆمەزنەدا کـە بـە «مـیسـتریۆمتری مینـدۆم» واتـە «رازی سەرسورهێنەر» ناوی دەبات، هەستی دڵسپاردن و خۆ لە دەستدان لە ئارادان، قسە لە ناوەڕۆکێک دەکات کە پێگە و جێگەیان دەروونـی مرۆڤـە.

بۆیـە پێـم وایـە خاڵـی هاوبەشـی پێناسـەی ئاییـن دەگەڕێتـەوە بۆ هەستکردن بـەم شکۆمەزنە لـە بووندا، کـە یەکێـک نـاوی بـە خـوا دەبـات، یەکێـک بـە ئەمـری موقـەدەس، یەکێـک بـە ئەمری مینوویی و نادیار، یەکێکێش بە ئەمری موتەعالـی و باڵادەست نیشانـی دەکات.

کەمتریـن سـەرنج بەوەمـان دەگەیەنێت، کـە ئەمـە هـەر ئـەو نیشانەسازی و سیمبولسـازییەیە کـە ئاسـتی مرۆڤـی لـە ئاسـتی گیانلەبەرانـی دیکـە جـودا کردوەتـەوە، تەنانـەت تائـەوەی کـە بتوانیـن بڵێیـن ئەمـە هۆکاری سـەرەکی پێویستیی مرۆڤـە بـە ئاییـن و مەعنەویـەت لـە درێژایـی مێژوودا تـا بـە ئەمـڕۆ، ئـەم پێویستبوونە بـە شێوازگەلی جۆراوجـۆر بـووە و لەمەولایـش لـە وێنەگەلی جۆراوجۆری دیکـەدا خۆی دەنوێنێت، بگرە هیچ کاتێـک نەبـووە و نابێت کـە مـرۆڤ بـێ ئاییـن و مەعنەویـەت ژیـا بێـت و بژییـەت، هەروەهـا هیـچ کاتێـک نەبـووە مـرۆڤ بـێ هونـەر بـە لقـە جۆراوجۆرکانیـەوە ژیابێت، هیـچ کاتێک نییـە کـە بتوانێت بـێ هونـەر بژیـەت و مەبەسـت لـەم بەرانبەریکردنـەی ئاییـن و هونـەر، ئەوەیـە کـە ئایینیـش وەک هونـەر هەڵقوڵاوی دەروونـە و بەشـی دانەبـڕاوی دەروونـە.

بـەڵام بـۆ ئـەوەی بتوانیـن ئـەم مانـا فراوانـە کولتووریـە بخەینـە بـەر توێژینـەوەوە، تـا بەشـەکانی

**به کوردی و**
**به کورتی مرۆڤ**
**گیانلەبەری خاوەن**
**کولتووره و کولتوور**
**دونیای دەوروبەری**
**ئێمەیە.**

خۆی دەربکـەوێت، پەنا دەبەینـە بـەر زمانـی خوازە و نوناندن/ئیسـتعارە و تەمسـیلەوە، هـەر وەکچـۆن کتێبەئایینیەکان وەک قورئان و تەورات و ئینجیل و ئاڤێسـتا و ڤیـداکان و ئۆپانیشـادەکان و ... بـۆ بەیانی ئـەم واتـا گرنگـە گـەورەیە، پەنایـان بردووتـە بـەر زمانـی خـوازە نوانـدن و رەمـز و سـیمبول.

بۆیـە «پـۆڵ تیلیـش» دەڵێـت: "زمانـی ئیمـان و ئاییـن تەنهـا زمانـی سـەمبولیکە و بـەس، و ئەگـەر ئێمـە بمانەوێت ئیمانـی خۆمـان نیشـان بدەیـن، کـە پەیوەنـدی ئێمـە بـە وجـوودی رەهـاوە دەردەخـات، بێجگەلـە سـیمبول و زمانـی سـیمبولیک رێگەیەکـی دیکەمـان نیـە".

دیـن لـە بنەرەتـدا وەک ئـاو وایـە، وەک بارانێـک وایـە کـە هەڵمـی گـەرمای زەمیـن دوای کار و کاردانەوەیـەک ئاسـایی لـە ئاسـماندا، دەبێت بە هـەوری چڕوپڕی بارانهێنـەر، کاتێـک کـە دەسـت بـە بـاران دەکات، بارانـی بێگـەرد و بێغـەل و غـەش لـە ئاسـمانەوە دەبارێت، کاتێـک لـە ئاسـتی بـۆ شـایی ئاسـماندا کـەم کـەم تێکـەڵ دەبێت لەگـەڵ دوکـەڵ و مـاددەی تـردا، ئیتـر ئـەو

بێگەردیی و خاوێنییەی نامێنێت، کاتێکیش دێتە سەر زەوی، دڵۆپ دڵۆپ لەگەڵ خاک و خۆڵ و گژوگیا و ماددەی دیکەدا ئاوێتە دەبێت و لە جۆگەلەیەکەوە بۆ جۆگەیەک و لە جۆگەکانەوە بۆ روبارەکان و هەروەها بۆ دەریاکان و زەریاکان بەڕێ دەکەوێت.

بەڵێ، بارودۆخی ئایینیش هەر وایە، بنەما و بونیادی ئایین ئەو ماناخوازیی و ئەو شکۆ سەرسوڕهێنەرەیە کە هەرکەس و هەر ئەزموونکارێکی ئایینی بە ناوێکی تایبەتەوە کە پیشاندەری سەرسوڕمانەکەیەتی، حاڵی خۆی پیشان دەدات. هەر بەم پێیە پێغەمبەران و ئەزموونکارانی باری مەعنەوی ئایین قسە لە یەک ئایین دەکەن، واتە ئەزموونی سەرسوڕمان لە بەرانبەر شکۆی مەزندا، وەک ئەزموونگەری بەناوبانگی سونەتگەرا فریتیۆف شڤان، کە لە تیۆریای ئەزموونی (وحدت متعالی ادیان)/ (یەکێتی باڵای ئایینەکان) دا ئاماژەی پێدەکات.

لەم روانگەیەوەیە کە داستانناسی گەورە و بلیمەت (جۆزێف کەمبڵ) دەڵێت: "ئایین و بانگخوازانی ئایین لەبری ئەوەی بەرەولای ئەزموونی عارفانەی ئایین ئاوڕ بدنەوە کە ئەزموونی حەقیقی ئایینە، خۆیان تێکەڵ بە رەهەندە کۆمەڵایەتیەکان و رەفتارە ئەخلاقیەکان دەکەن." کەمپڵ ئەمە بە هەڵەیەکی گەورە دادەنێت.

بەڵام کاتێک ئەم ئەزموونە زیندووە، هەتا هەتایە لەگەڵ مێژوودا و بارودۆخە مێژووییەکاندا، وەک کات و سات و جێگا و رێگا و فەرهەنگ و نەریت و چاند و کولتوور و شارستانیەتە جۆراجۆرەکاندا تێکەڵ دەبێت، هەر لە ئایینە سەرەتایەکانەوە، لە تەوتەم و تابۆکانەوە تا ئایینە یەکتاپەرەستیەکان، رەنگ و بۆن و شێوازگەلی جۆراوجۆر بە خۆیانەوە دەگرن و رەنگدانەوەی تایبەت بە خۆیان نیشان دەدەن، ئیتر لەم روانگەوە وەک (جان هیک) دەڵێت: "لەگەڵ یەک ئایینیدا روبەڕوو نابینەوە، بەڵکو لەگەڵ فرە ئایینیدا رووبەڕوو دەبینەوە"، بۆیە قسە لە پلۆراڵیزمی ئایینی واتە فرەدینی دێتەکایەوە، کە ئەگەر بە نیگایەکی دیاردەناسانە/فینۆمینۆلۆجیانە سەیری رەوتەکە نەکرێت، ناوەڕۆک و بنەماکەی، -کە وەک خوازەیەک "ئاو"مان بەکارهێنا-ئاوبوون و خاوێنی و سەفا و سەرسوڕمان لە بەرانبەر شکۆی بوونی مەزندا، جێی خۆی دەدات بە سەرگەرمبوون و شەڕ و ئاژاوە، لە بوارە ئاسایی و رووکەشییە مێژووییەکاندا و لە جێی ئەوەی دین رەحمەت بێت، دەبێت بە زەحمەت بە سەر گیان و ژیانی مرۆڤایەتییەوە، لێرەدایە کە جەهل و نەزانینی موقەدەس بە ئەوپەڕی بێڕەحمییەوە خۆی دەنوێنێت، کەمترین چاوپیاخشان بە سەر مێژووی ئاییندا ئەم حەقیقەتە و ئەم رەهەندە دەخاتە بەرچاو، بۆیە بەم پێیە ئێمە لەگەڵ دوو وێنە لە ئایین رووبەڕوو دەبینەوە.

**یەکەم:** لەگەڵ وێنەی (ناوەڕۆکیی و بنەڕەتیی ئایین) یان (وێنەی دەروونی و ناوەکیی ئایین) و (وێنەی سەنتەریی و هەوێنیی ئایین) رووبەڕوو دەبینەوە، کە بریتیەلە (ئەزموونی سەرسوڕمان لە بەرانبەر شکۆی بوونی مەزن)دا.

لێرەوە دەوترێت هەموو "رێیەک دەچێتەوە بانە"، هەرچەندە کە بانە ئەو بەهانە و بیانووەیە کە ئەم دەلالەت و مانای (لانفرق بین أحد من رسله) و

(وقل آمنت بما أنزل الله من كتاب)ی هەیێت.

**دووەم:** وێنەی مێژوویی ئایینەکە بە پێی بارودۆخە مێژووییەکان و کات و سات و جێگا و ڕێگا و ڕچە و چاند و کولتوور و شارستانیەتە جۆراوجۆرەکان، ڕەنگ و ڕواڵەتی تایبەتی بە خۆیەوە گرتووە، ئەمەیش پێدەچێت هەر هەمان مانای (شەریعەت) و (منهاج) بدات، کە هەر ئۆمەتێک و هەر گەلێک بە پێی پێویست و ئاکارەکانی خۆیان وێنەی تایبەت بە خۆیانیان نەخشاندبێت.

کە پێناسە کۆمەڵناسییەکان و مێژووییەکان بە تێڕوانینێکی ئاوا دەگەن، بۆ نموونە؛ دەتوانین ئاماژە بکەین بە پێناسەکەی (دۆرکایم) کە باس لە باوەڕ و کار و ئاکارە لاهوتیەکان دەکات و پێمان دەڵێت کە شوێنکەوتووانی خۆیان لە کۆبەستێکی ئەخلاقی بە ناوی (ئوممەت) کۆ دەکاتەوە.

جا لەسەر بنەمای ڕێژەگەرایی کولتووریی (cultural – relativesm) هیچ شەریعەتێک و مینهاج و ڕێ و ڕچەیەکی ئایینی بەرتر و سەرتر لەوی تر دانانرێت، لەبەرئەوەی کولتوورەکان چی ئایینی و چی نائایینی لە پێوەرگەلی زانستییدا جێناگرن و پلە و ڕێژەیان بۆدیاری ناکرێت.

ئەگەر ئاوڕێک بدەینەوە لە وێنەی یەکەم لە ئایینندا واتە (وەستان لە بەرانبەر شکۆی مەزندا) وەک پاڵفتەی بێگەرد، خاڵی بنەمایی بەدیهاتنی ئایین و ناوەڕۆک و هەوێنی ئایین کە ئایین بێ ئەو ئایین نییە، خۆی دەنوێنێت، پێدەچێت بتوانین بڵێین ئەمە کەمترین و گرنگترین خانەی شوناسی ئایین بێت، بۆیە هەر بیروبۆچوونێک

**بنەما و بونیادی ئایین ئەو ماناخوازیی و ئەو شکۆ سەرسوڕهێنەرەیە کە هەرکەس و هەر ئەزموونکارێکی ئایینی بە ناوێکی تایبەتەوە کە پیشاندەری سەرسوڕمانەکەیەتی و حاڵی خۆی پیشان دەدات.**

بە ناوی ئایینەوە ئەم تایبەتمەندییەی تێدا بێت بە ئایین هەژمار دەکرێت، جا دەرکەوتنی لە بواری ژیاندا، بە پێی ڕچە و پێگە و ڕێگە و جێگە و مەودا و کات و سات و چۆنیەتی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیاری خۆی دەنوێنێت و خۆی دەنەخشێنێت، هەر وەک ئەو بارانەی کە ئاوبوونەکەی لە کات و سات و جێگا و ڕێگاگەلی جۆراوجۆردا بە شێوەگەلی جۆراوجۆر خۆی دەردەخات.

لە ژێر ئەم تیشکەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئایین شێوازی مامەڵەی مرۆڤە لەگەڵ ئەمری باڵا(متعالی)دا و ئومێدەواربوون و ژیانە لەگەڵ ئاوا ڕاونگەیەکدا، کە لە دۆخێکەوە مرۆڤ دەبات بۆ دۆخێکی دیکە، بەڵام لەم بوارەدا هەوڵ لەسەر ئەوەیە کە دەسکەوتی قۆناغی داهاتوو چاکتر بێت لە قۆناغی پێشوو، بگرە بتوانین کە بە (بنەمای زێڕینی ئایین) بە گشتی ناوی ببەین.

بۆیە من پێم وایە ئەم پێناسەیە لە ئایین لەگەڵ وشەی "دین" لە سانسکریتی و گاتەکان و ئاڤێستادا، کە بەردەوام وشەی

"دئنا" بەکار دەبات، دێتەوە، و هەروەها لەگەڵ وشەی "religion"ی فەرەنسیدا بە واتای کۆمەڵگەی دینی و وشەی "religioncer" لە لاتینیدا کە لە مانای مەعنەویەت و ئەمری باڵاو ئەمری موقەدەسدا بەکارهێنراوە، هاوکات وا ئەزانم وشەی "دین" لە زمانی عەرەبیدا خۆی عەرەبی نییە، لە بنەمادا وەرگیراو لە (دینا)ی ئاڤێستاییەوە کە ئەویش لە بنەمادا ئیزەدبانووی یۆنانی و رۆمی، واتە (ئارتیمیسە) کە خودای جەنگەڵ و شکار رێپیشاندان بووە، بۆیە لەوێدا مرۆڤ کە رێگای باڵا و موقەدەسی خۆی واتە (سەرسوڕمان لە بەرانبەر شکۆی مەزندا) دەدۆزێتەوە، ناوی "دئنا" و "دینای" پێوەناوە و لەوەبەدواوە بۆ هەموو بارێکی دەروونی و پەنهان لە دیدە، کە مرۆڤ دەستەوسانی بارەگای باڵای شکۆی مەزن بکات، بە تەواویی شێوە جۆراوجۆرەکانی "دین" و یا بۆ هەرچییەک سەبارەت بەم مانایەدا بوویێت بێت بەکاریان هێناوە.

ئەمەش نیشانەیەکە، بۆ ئەوەی بەوە بگەین کە بنەمای رەسن و مادده و هەوێنی بێگەردی ئایین و کەمترین خانەی شوناسی دین یا باشتر وایە بڵێین DNA ـی دین، باریی دەروونی ودڵسپاردنە بە شکۆی مەزن.

ئالێرەدایە کە ئەم دڵسپاردنە لە نیگای (رۆدڵۆف ئۆتۆ)دا بە بنەمای بەدیهاتنی ئایین هەژمار دەکرێت. هەروەها (پۆڵتیلیش) بەو جێیە دەگەیەنێت کە دەڵێت: "رواڵەتی ئایین کولتوورە و ناوەڕۆکی کولتووریش (واتا بارە مەعنەویەکە) ئایینە".

وا ئەزانم لێرەدا بەوە گەیشتین کە دین بەشێکی سەرەکی لە کولتووری هەر گەلێکە، کە لە درێژایی مێژوودا پەنای بۆ براوە و لە ژیانی مرۆڤایەتیدا رەنگدانەوەی هەمیشەیی بووە و بگرە رەنگدانەوەی هەتاهەتایشی دەبێت، بە وتەی جۆزیف کەمبڵ مناڵدان و رەحمی دووەمی لەدایکبوونی مرۆڤە.

بەڵام ئەوەی لەم باسەدا جێی سەرنج و تێبینییە، ئەوەیە کە کولتوورەکان، چ ئایینی و چ نائایینی، لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر و لە بوارێکەوە بۆ بوارێکی دیکە گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، بەم پێیە لەدایکبوون و سەرهەڵدان و گەنجی و کارامەیی و پیریی و پەککەوتن و مەرگ و تەواوبوون وویان تێدەکات.

جا ئێستا جێی ئەوەیە بپرسین هۆکاری ئەم گۆڕانکارییە چییە؟

بۆ ئەم مەبەستە بەنیازین کە کاریگەرییەکانی شارستانیەت و کولتوور لەسەر یەکتری باس بکەین.

## کاریگەرییەکانی شارستانیەت و کولتوور لەسەر یەکتر

مرۆڤ و ژیانی مرۆڤ -بە پێچەوانەی ئەوانەوە کە دووبەشبینانە یان دوانەگەران، واتا بەشێوەی بەشێک گیان و بەشێک جەستە، تەماشای دەکەن و بەشێک زەق دەکەنەوە و بەشەکەی تر دەشارنەوە- بوونەوەرێکی سیستەماتیک وئۆرگانییە، بۆیە ناتوانین هێڵێک لە نێوان گیان و لەشیداو هەروەها لە نێوان نیازەمادیی و مەعنەویەکانیدا بکێشین، ئەمە سەرەڕای شوناسی ئەم دوو بوارە.

بەڵام بێگومان چەرخەی لەش و گیان، مادده

و مانا، شارستانیەت و کولتوور، لەم سیستەمە ئەندامییەدا وا لەگەڵ یەکتریدا تەنراون، لە عەینی روونی و راشکاویدا، لە ناخی یەکتریدا، وەک کڵافەیەک بەردەوام بەسەر یەکتریەوە لە ناو خۆیدا کاریگەرییان هەیە.

بۆیە لەم رووەوە پێویستە بزانین بەرهەمە ماددیی و مەعنەویەکانی مرۆڤ چۆن لەیەک ئاڵاون و بە رۆخی یەکتریدا رۆچوون؟

بە پێی دایین پێگەیشتنە زانستییەکانی ئانترۆپۆلوجیستان و کولتوورناسان، واتای شارستانیەت(civilization) باری نیاز و پێویستییە ماددییەکانی ئێمە دەگرێتەوە و هەروەها (culture) کولتووریش چاند و نەریت و فەرهەنگ و پێویستییە مەعنەویەکانی ئێمە دەگرێتەوە.

ئیتر بەپێی ئەو سیستەمە ئۆرگانییە، کولتوور و شارستانیەت بێ یەکتری مانا پەیدا ناکەن، وەک لەش و گیان بێ یەکتری مانایەکیان نییە، بۆیە هەرکاتێک شارستانیەتێک هەبێت، کولتوورێکیش هەیە، هەروەها هەرکاتێکیش کولتوورێک هەبێت، شارستانیەتێک هەیە، واتە هەرکاتێک کەرەستە و رووداوێک هەبێت، هاوکات ئەمە بۆخۆی داخوازی کولتوورێک دەکات، ئیتر لێرەدا بوونی کەرەستە و رووداو داخوازی بوونی کولتوورە.

بۆیە هەر کەرەستەیەک کە پێدەخاتە چوارچێوەی ژیانەوە، ئاوازێکی تایبەت بە خۆی ئەچرپێنێت بە گوێی گیانی مرۆڤدا و دەیهەژێنێت، مرۆڤ لە بەرانبەر ئەو دەنگەدا رەوتێکی تایبەتی، کە کاردانەوەی سروشتی گیانی مرۆڤە، لە خۆی نیشان دەدا، کە

## "رواڵەتی ئایین کولتوورە و ناوەڕۆکی کولتووریش (واتا بارە مەعنەویەکە) ئایینە".

دەرئەنجامەکەی بە شێوەی هەڵپەڕکێ، مۆسیقا، نیگارکێشان، پەیکەرتاشی، دراما، سینەما، گۆرانی، شیعر، نمایش، شانۆ، میعماری، دابونەریت، پۆشاک، خواردن، خواردنەوە و نووسین و ...هتد خۆی دەنەخشێنێت.

هارمۆنیا و هاوسەنگی ئەم دوو بوارە پێکەوە، دەبێتە هۆی ئاسایش، ئارامش، خۆشی، شادی و ئومێد بە ژیان و کارامەیی، بۆشایی و کەلێن و دابڕانیش لە نێوان ئەم دوو چەمکەدا، ئاڵۆزی و کێشە و قەیران و کارەسات بەرپا دەکات و کۆمەڵگە لەگەڵ نامۆیی و ماندوویی و تۆران و خەمۆکی و بێزاریدا رووبەڕوو دەکاتەوە، بۆیە کێشەی کڵێسا و زانین لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بەشێکی گەورەی دەگەڕێتەوە بۆ دابڕین و کەلێنی نێوان (ئایین) و (زانست و زانین و دەستکەوتەکانی زانست و زانین وەک شارستانیەتێکی نوێ).

لەوێدا کە کڵێسا وەک ئایین نەیتوانی کولتووری لە بار و هاودەنگ و هاوسەنگ و هاورێ، لەگەڵ شارستانیەتی نوێدا ساز بکات، نەیتوانی رەوتە ئایینیەکەی خۆی لەگەڵ دەنگی کەرستەی نوێ و شارستانیەتی

نوێدا هەماهەنگ بکات، لە مامەڵەدا تووشی گرژی و درژی و توندوتیژی و زبری هات، بۆیە دەستی دایە ئەنکزاسیون (inquiscion) و بیر پشکنین و بەڕێخستنی دادگاگەلی سەرسوڕهێنەری کوشتن و سوتاندن و بەڕێخستنی زیندان و ئەشکەنجە و زەبر و لێدان و بەکۆیلەکردن و زەوتی ماڵ و ناموس، دوورخستنەوە و بێگار و سەپاندنی کاری سەخت و تاقەتپڕوکێن، تا کار گەیشتە ئەوەی ئێسکی زانایانێک کە ساڵەها لەوەوپێش مردبوون و بیروبۆچوونەکانیان هۆگر و هەواداری پەیدا کردبوو، بەڵام ئەو بۆچوونانە لەگەڵ کڵێسادا وێک نەدەهاتنەوە، بۆیە لە گۆڕ دەردەهێنران و دادگایی دەکران و سەرئەنجام مەحکوم دەکران و لەبەرچاوی هۆگرەکانیان ئێسکەکانیان دەسووتاندن!

بۆیە (پۆل تیلیش)یش کەمتەرخەمی و غەفلەتی کڵێسا و ئاییندارانی بە هۆکاری ئەم رووبەڕووبوونەوەیە دەزانێت، کە زمانی ئایین و زمانی و زانستیان نەناسی بوو.

گوێنەدان و کەمتەرخەمییەکی ئاوا هەڵقولاوی بارودۆخی نەبوونی باوەڕە بە گۆڕانکاری لە نێوان شارستانیەت و کولتووردا، کە مێژوومەندی لە ئایین دەگرنەوە و ئایین وەک کولتوور نابیننەوە و بە تەمای ئەوەیش نین لە ئاییندا دان بە هیچ ئاڵوگۆڕێکدا بنێن، لە هەمان کاتدا لە درێژایی مێژوودا و لە پانتایی ژیاندا گۆڕانکاری تەواوی بوارەکانی ژیانی شارستانیەت و کولتووری ئێمەی گرتووەتەوە.

ئەم کاریگەرییانەی کە ئەمڕۆ لەنێوان شارستانیەت و کولتووردا بەدی دەکرێت (مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە) هەر هەمان کاریگەرین کە لە نێوان کەرەستە و سیمبولدا بەدیکراون، وەک مەیموناسی ژاپۆنی (مان) دەڵێت: "چەمکی کولتوور وەک هاوردەیەکی مرۆیی، دەبێت پێناسەکەی جەخت بخاتە سەر سیستەمێکی رەفتاری ئەوتۆ کە فێرخوازیی وەک بناغەیەک دابنێت و ئاڵوگۆڕ بەسەر ژینگەدا بهێنێت و بۆ مانەوەی ژینی خۆی رۆڵێکی سەرەکی ببینێت و ژیانی بە کەرەستەوە بەسترابێتەوە".

ێ کەرەستەیی و رووداویی، ئاڵوگۆڕی بە سەردا دێت، رەوتی فەرهەنگی و کولتووری و مەعنەویش بەو ئەندازە داخوازی گۆڕانکارییەکی هاودەنگ و هاوسەنگ و هەماهەنگە، کە کۆمەڵگە بە ئاستی ئارامی و شادی و خۆشی دەگەیەنێت و کۆمەڵگە دەکات بە کۆمەڵگەیەکی چالاک و تێکۆشەر و ئومێدەوار بە داهاتوو، خۆی کە لە دۆخێکەوە بەرەو دۆخێکی دیکە دەچێت و ئازادی وەک بنەما و هەوێنێک تێیدا رەنگ دەداتەوە.

جا هەر وەک وتمان نەبوونی ئاوا هاودەنگی و هاوسەنگییەک، دەبێتە هۆی نەمانی ئازادی، هەروەها گرژی و دابڕان لە نێو کۆمەڵگەدا و مرۆڤ لە خۆی نامۆ و بێگانە دەکات، بەدەربڕینە سونەتییەکەی دەوترێت تووشی (هبوط)ی دەکات، واتە تووشی دابەزینی دەکات، (هبوط) دابەزین و داکەوتنە، بەڵام بە زمانی ئەمڕۆ بەجێمان و دواکەوتنە، کەمتەرخەمی لەم بوارەدا، واتە لە ئاستی گۆڕانکاری ئاییندا وەک بەشێک لە کولتوور، لە بەرانبەر ئاڵوگۆڕە شارستانیەکاندا وەک کەرەستە و رووداو، دەبێتە هۆی کارەسات لە ژیانی کۆمەڵگەدا کە

ئەگەر قووڵ بیری لێبکەینەوە گیان و لەشی مرۆڤی خاوەن بیر دەلەرزێنێت، بۆیە من ئەم کارەساتە ناودەنێم (کارەساتی چرنۆبیلی ئایین لە دونیای نوێدا)، بۆیە بەڕاستی لەم چەن دەیەی رابوردوودا بەشێک لەو ئاکار و دەرئەنجامانەمان بە ناوی دینەوە بینی کە پاڵەپشتەکەیان دەقە ئایینیەکان و فەرموودە دینییە موقەدەسەکان بوون، بە چاوی خۆمان بینیمان، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم کەلێن و دابڕینە لە نێوان دین وەک کولتوور لە لایەکەوە و شارستانیەتی نوێ لە لایەکی ترەوە، بۆیە ئەم رەوتە بێفەڕە شێوەیەک لە ئازار و ئەشکەنجە و کوشتن و سووتاندن و بە دیلبردن و بە کۆیلەکردن و بیرپشکنین و دۆزەخێک بە ناوی بەهەشتەوە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بەبیرمان دەهێنێتەوە.

جا ئیتر لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە کایەوە، کاتێک کە کولتوور لە بەردەم گۆڕانکاریی و ئاڵوگۆڕی هەتاهەتاییدایە، داهاتووی ئایین وەک یەکێک لە بەشە سەرەکییەکانی کولتوور چی بەسەردێت؟

تاچ ئاستێک نەشتەرگەریی گۆڕانکاری لە گیان و لاشەی ئاییندا دەکرێت؟

وەک کولتوورەکان سەرهەڵدان و گەشەکردن و تەواوبوون و مەرگیان بۆ هەیە، ئایا وەک نیچە لە (مرد دیوانە) کەی دا مەرگی خودای راگەیاند، "خودا دەمرێت."

یان وەک ئیقباڵی لاهووری دەڵێت: "خودا دەبێت نەخشێکی تر و رۆڵێکی تر لە ژیانی مرۆڤدا بگێڕێت."

گۆڕانکاری و چاکسازی لە سەرتاپای ئاییندا

## تاچ ئاستێك نەشتەرگەریی گۆڕانکاری لە گیان و لاشەی ئاییندا دەکرێت؟

"من بۆ سەبەت یا سەبەت بۆ من؟"

ئەمە وەڵامی عیسای ناسری پێغەمەرە (د . خ) لە بەرانبەر سیستەمی فەقاهەتی ماڵۆمگەلی ئایینی یەهوود لە رۆژگاری خۆیدا، کە دەیانووت: بۆ بە پێچەوانەی ئایینی مووساوە کە رۆژی شەممە کارکردن حەرامە، تۆ کار دەکەی؟ بۆیە لە وڵامدا هەڵی دایەو وتی: "منم خاوەنی رۆژی شەممە، من بۆ شەممەم یا شەممە بۆ منە؟"

ئەم وتەیە وەک دەستکەوتێکی زێڕین لە باسی ئایین و ئاییناسیدا بۆ هەموو توێژەرانی ئەم بوارە رەچاو دەکرێت، هەروەها وەک خاڵێکی سەرەکی بۆ نیشاندانی مێژوومەندیی ئایین ئاوڕی لێدەدرێتەوە، تا پێمان بڵێگت کە ئایین لە پانتایی ژیاندا و لە درێژایی مێژوودا گەشە دەکات و پەرەدەسێنێت و گۆڕانکاری بەسەردا دێت، واتە پەرەسەندنی کولتووری (culture evolution) رووی تێدەکات، هەر بەم پێیە وەڵامەکەی عیسا وەک پرسیارێک لە فەلسەفەی ئاییندا و لە ئاییناسیدا بوو بە بزاڤێکی فەلسەفی و ئایینی کە "من بۆ ئایین یان ئایین بۆ من؟"

واتە ئایا ئایین تەختەکەی پرۆکرۆستیسە (procrustes) کە هەر قەد و قەوارەیەک دەبێت بە ئەندازەی ئەو ببڕدرێت؟ یان گیانێکە کە ڕژایە هەر جەستەیەکەوە دەیهەژێنێت و بەڕێی دەخات؟

بۆیە نیچە زۆر بە وردی لە عیسا و فەلسەفەی ڕەوتی ئەم گەورەپیاوە تێگەیشتبوو، لە (ئاوای گوت زەردەشت)د قسە لە جوانەمەرگی و زوو مردن دەکات و ئەڵێت "عیسای ناسری جوانەمەرگ لە دونیا ڕۆیشت و ئەگەر هێندەی من لە ژیاندا بمایەوە، ئەوندە گەورە و مەزن بوو، خۆی ئەندیشە بیر و بڕواکانی خۆی دەخستەبەر نەشتەری ڕەخنەوە". لێرەدا مەبەستی ئەوە نییە کە پێغەمبەرێتی کۆسپ و بەربەست بێت لە پێداچوونەوەی مانا و هاوردەکان و دەستکەوتەکانی پێغەمبەرێتی، بەڵکو دەستکەوتی پێغەمبەران وەک هەموو دەستکەوتەکانی مرۆڤ پێداچوونەوەخواز و ئەکشنە و وەحی و ئەزموونی وەحی دەستکەوتێکی چەقبەستوو(fixism) و نەگۆڕ نییە، بەڵکو ئەمیش وەک هەموو دەستکەوتێکی مرۆیی ئەزموونهەڵگرە و لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی دیکە گۆڕانی بەسەردا دێت.

جا بەم پێیە مەرجی مانەوە لە ژیانی کۆمەڵگەدا گۆڕانکاری هاوچەرخە لەگەڵ بارودۆخی ئاڵۆگۆڕەکانی دونیای دەوروبەردا، بە شێوازێک کە هەماهەنگی و هارمۆنیەتێک فەراهەم بێت.

بۆیە پێکهاتەکانی کولتوور، هەر هەموویان سەرهەڵدان و گەشەکردن و مردن ڕوودەکاتە بارودۆخە جۆراجۆرە فنۆمنۆلۆژیکییەکەیان، ئایینیش وەک پێکهاتەیەکی کولتووری بارودۆخی جۆراجۆر تێیدا سەرهەڵدەدات.

لێرەدایە ئایین وەک بەشێکی کولتووری، ئەگەر دەسکەوتەکانی لە دەروون ودەرەوەی مرۆڤدا بەهادار و جێی ڕەزامەندیی کۆمەڵگە بوو، ئەوە بە کولتوورێکی دروست و ساغلەم ناوی دەبرێت، بە پێچەوانەیشەوەئەگەر لە دەروونداجێی ڕەزامەندیی نەبوو، تەنها لە ڕێگەی لاساییکردنەوە داسەپاندن و فاناتیزمیکی ئایینی و مەزهەبییەوە خۆی داکوتی، ئەوە کولتوورێکی نەخۆشە و ملی ڕێگەی مەرگی خۆی گرتووە، ئەم ڕێگەی دووەمە پڕە لە دەمارگرژی، درۆودەلەسە، ریا و دووڕوویی، هەزاردەستی و هەزارڕوویی و کڵاولەسەرنانی خۆ و ئەوانی تر.

بۆیە نیچە لە (مرد دیوانە) کەیدا قسە لە مەرگی خودا دەکات و دەڵێت ئێمە خوامان کوشتووە، دەستمان بە خوێنی خودا سوور بووە، خوداکانیش تێک دەشکێن و دەڕووخێن، هەرچەندە ئەم هەواڵە بە ئاسانی قەبووڵ ناکرێت، پێویستی بە تێپەڕینی کات هەیە، چونکە هەورەگرمە و هەورەبروسکە پێویستیا بە کات هەیە، هەروەها ئەستێرەکان بۆ دەرکەوتن پێویستیان بە کات هەیە، بۆیە دەڵێت: کڵێساکان هەتا ئێستا بێجگە لە گۆڕستانێک بۆ خودا شتێکی تر نەبوون.

ئەم باسەی نیچە کوفرکردن نییە، بەڵکو باس لە مەرگی کولتوورێکی ئایینی دەکات کە سەرهەڵدان و گەشە و مەرگی بە خۆیەوە بینیوە.

وێنەی مێژووی ئایین کە هەمیشە لە کەشوهەوای شوێنکاتدا بە پێی ئاستی پانتاییە کولتوورییە کۆمەڵایەتییەکان (culture area) دەرکەوتووە، ئەزموونگەلی جۆراوجۆری

بەسەردا تێپەڕیوە، کە بە پێی سەردەمی دەرکەوتنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و رامیاری خۆیان بەرهەمی جۆراوجۆریان لێکەوتووەتەوە، کە لە هەر دەرکەوتنێکدا واتاکان و رچە و و ئاکار و دەستووره ئایینیەکان و بەشداربوونی ئایین لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و رامیاری مرۆڤدا، شێوازێکی تایبەت بەخۆی نەخشاندووە.

بۆیە هەر لە مانای خوداوە بیگرە تا مانای گوناه و تەوبە و ... لە دینداریدا ئەم دەرکەوتنە جۆراوجۆرانە بەدی دەکەین و لەگەڵیاندا رووبەڕوو دەبینەوە.

دەتوانین ئەم ئەم رووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ خودا و دونیای دەوروبەردا لە سێ قۆناغی ئایینیدا بەدی بکەین، ئەم سێ قۆناغە ئەمڕۆ ئێمەی گەیاندوە بە قۆناغی چوارەمی دینداری:

**١.**قۆناغی سەرەتایی ئایین

**٢.**قۆناغی خۆسالاری و تاکڕەوی؛ ئۆتۆکراسی ئایین.

**٣.**قۆناغی ئەویترخۆازانە و نەوعخوزانە یان مرۆڤخوازانەی ئایین.

لەم سێ قۆناغەدا ئایین بە پێی بارودۆخی کۆمەڵایەتی، رامیاری و شێوازی ژیان لە دونیای دەوروبەریدا رەنگدانەوەی هەبووە و چەمکە ئایینییەکانی وەک خودا و گوناه و تۆبە و ... لە ئاوێنەی ژیانی دەوروبەری خۆیدا خۆی نواندووە.

خوا و گوناه و ... لە ئایینەسەرەتاییەکاندا بە شێوازی تەوتەم و تابۆکان دەرکەوتوون، کە وێنە سەرەتاییەکانی چەند خودایی و شیرکن، وردەوردە خوداکان لە خوایەکی چڕوپڕدا وەک سەرۆکی خێڵ و هۆز یان پاشایەکی

**ئەم باسەی نیچە کوفرکردن نییە، بەڵکو باس لە مەرگی کولتوورێکی ئایینی دەکات کە سەرهەڵدان و گەشە و مەرگی بە خۆیەوە بینیوە.**

زاڵ خۆی دەردەخات و دەسەڵاتی خۆی دادەسەپێنێت و بە شێوەی خودای خۆسالارانە و تاکفەرماندەرانە شکۆ و شەوکەتی خۆی لە ئەزموونە ئایینییەکاندا دەنوێنێت. خوداکانی قۆناغی تەوتەم و تابۆ خودای هەرکەس بۆ خۆراکێشانە، کە لە نیشانە و سیمبولگەلی جۆراوجۆردا وەک قوربانی بۆ نزیکبوونەوە بە دەسەڵاتی خواوە، یان بۆ دڵنەرمکردنی خوداکان لە بەرانبەر قەڵسی و گرژی بەدی کراوە.

لێرەدا بوو کە لە قۆناغی چادرنشینی و خێوەتنشینیدا وردەوردە مرۆڤ پێکەوە و لە پەنای رووبارەکاندا بە دەست تێوەردانی کشتەکاڵ کۆبوونەوە و کەمکەم لە دێنشینییەوە بۆ شارنشینی و لە سەرۆک خێڵییەوە بۆ پاشایی و یەکفەرمانی و هەروەها لەم ئاوێنەدا بۆ لای یەک خودایی هەنگاویان هەڵگرت.

بەڵێ، خودا وەک پاشا و پاشا وەک سێبەری خودا، خۆسالار و تاک فەرماندەر خۆی لە ژیانی ئایینی مرۆڤدا دەنوێنێت، ئەزموونگەرانی ئایینی هەر لە پێغەمبەران هەتا عارفان و ... بە پێی بارودۆخی کۆمەڵگەکەی خۆیان

و پانتاییە کولتوورییەکانیان نەخشی خودا لە ژیانیاندا سەرەکی و دارێژەرە، هەروەها خودا وەک پاشای مەزن و خاوەنی تاج و تەخت و مولکی بێهاوتا و نەبڕاوە کە فەرمان هەر فەرمانی ئەوە و ئیتر هیچ، دەخەنە بەر باس.

خوادی یەکتاپەرستی؛ لێرەدا خودایەک بە تەواوی مانا ئۆتۆکراس و خۆسالارە و بە سەر عەرش و تەخت و بارەگای خۆیدا دامەزراوە و پێرادەگات، ئەوەی لە باسی بەرزی و بڵندی و شکۆ و شەوکەت و گەورەیی ئەودا بگوترێت عیبادەتە و بەو پێیە هەرچی لە کەموکورتی و ناتەوانی و دەستە و سانی و بێدەسەڵاتی مرۆڤدا بوترێت هێشتا هەر کەمە، لێرەدا هۆکاری پەرستش، عیشق و خۆشەویستی و عەدالەت و ئیحسان و دڵسپاردن نییە، بەڵکو تەنیا هۆکار دەسەڵاتی زاڵ و خۆسالارانەی ئەوە لە ژیانی مرۆڤدا، بۆیە کەمترین لاساری لە بەرانبەر فەرمانەکانی ئەودا هەرچەندە گەورەترین بەڵگەیشی لە پشتەوە بێت، هەر بە گوناهـ لە قەڵەم دەدرێت، ئەبێت بەندە تەنیا و تەنیا و بێ چەندوچوون گوێڕایەڵی ئەو بێت، واتە گوناهـ لە بنەمادا نافەرمانییە لە دەستەڵاتی باڵا، ئیتر لەبەر هەر هۆ و هۆکارێک بێت، واتا گوێڕایەڵی بە پەرستن و پارێزکاری دەژمێردرێت و نافەرمانی بە گوناهـ و یاخیبوون دەناسرێت، لەم ژیانە ئایینییەدا بەشی نوینیگایەک بۆ زەردەخەنەیرک نامێنێت، هەموو گیانی مرۆڤ و دونیای دەوروبەری دابەزین و بێدەنگی و سەنگینی شکۆی خاوەنشکۆیە، کە ژینی گۆڕیوە بە کڕنووش و گەردنکەچی و کویلەیی و بەردەگی، کە هەرکەس مۆری بەردەگی و بێدەنگی و گوێڕایەڵی بنێ بە ناچاویەوە، ئەو کەسە ئیتر رزگاریی هەتا هەتایی دەستدەکەوێت.

تۆبە لێرەدا بە واتای بە خۆدا هاتنەوە و گۆڕان نییە، بەڵکو گەڕانەوەیە بۆ دەرماڵی بێدەنگی و گوێڕایەڵی، هەرچەندە گەورەترین بەڵگەیش پشتیوانی تۆ بێت بۆ ئەو لەڕێ دەرچوونەت لە ئایینی پادشا.

هەر بەم جۆرە کاتێک کۆمەڵگەی شارنشینی بەرەو ئاستی دامرکان و دامەزران هەنگاوی نا، وردەوردە کێشەی فەرمان و نافەرمانی لە نێوان دەسەڵاتی پادشا و ئامادەیی مرۆڤ وەک دەسەڵاتێکی هاوسەنگ دروست بوو، بۆیە لێرەدا باسی مافی پادشا و مافی هاوڵاتی بە جۆرێکی تایبەت بەو سەردەمەدا پەیدا دەبێت، و هەروەها لە ئایینیشدا لە ئەزموونە ئایینییەکاندا، مافی خودا و مافی بەندە دێتە کایەوە و پێدەچێت ئایەتی (و كان حقا علينا نصر المؤمنين) بە جۆرێک ئاوڕێک بە لای ئەم واتا مێژووییەدا بدرێتەوە کە مافی یارمەتیدانی ئیمانداران بە سەر خواوە دیاری دەکات، واتە بەندەکان بە سەر خواوە مافیان هەیە، هەر وەک ئەوەی خوا مافی بەسەر بەندەکانیەوە هەیە، هەر واتایەکی لەم جۆرەیە کە لە فەرمووده و ریوایەتەکاندا ئاماژەی بۆ کراوە.

ئەم سەردەمە بە سەردەمی ئەویترخوازی و مرۆڤخوازانەی ئایین دەژمێردرێت، کە تەواوی پێکهێنەرەکانی ئایین وەک خودا، گوناح و تۆبە و ... مانایەکی نوێ بە خۆیانەوە دەگرن و رەنگدانەوەی مافی بەرانبەر لە نێوان خودا و مرۆڤدا خۆی دەردەخات، واتە بە پێچەوانەی قۆناغی خۆسالاری ئۆتۆکراسی ئایینیەوە کە

قۆناغی بێدەسەڵاتی و بێهێزی مرۆڤناسی و خوداناسیە، ئەم جار مرۆڤ و تواناکانی دەبنە هێڵی دیاریکردنی شێوازی دینداری دەکێشن، ئەزموونی ئایینی لێرەدا لەسەر بنەمای یەکگرتن و پەیوەندی لەگەڵ جیهانی دەوروبەری خۆیدا لە ڕێگای بیرکردنەوە و عیشق و دڵسپاردن و عەدالەت و بەرانبەری دادەمەزرێت، نەک لەسەر بنەمای ڕێگای گوێڕایەڵییەکی بێچەندوچوون. خودا لێرەدا سیمبولی هێزەکانی خودی مرۆڤە، کە مرۆڤ هەوڵ دەدات بیانگەیەنێت بە سەرئەنجام، نەک ئەوەی سیمبول و نیشانەکان هێزی سەرتر و بەرتر و زاڵ بن بەسەر مرۆڤدا، لەم تێڕوانینەدا گوناه دابڕینی مرۆڤ نییە لە خوا، بەڵکو گوناه دابڕین و لە خۆنامۆیی مرۆڤە لە خۆی، تۆبە لە ئۆتوکراسی ئایینیدا بە شێوەیەک خۆئازاریی و مازۆشیزمە، کە لە هەموو بوارێکەوە هەر خۆی سەرکوت دەکات، بەڵام لە مرۆڤخوازیی ئایینیدا بە خۆداچوونەوەیە بۆ تێپەڕین لە ئەزموونێکەوە بۆ ئەزموونێکی تر، واتا گوناه وەک پێوەرێکە بۆ خۆناسی وئەویترناسی، بگرە مانای ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا (درودی خودای لێبێت)، هەر ئەمە بێت کە دەفەرموێت: "ئەگەر ئێوە گوناه نەکەن، خودا ئێوە لە ژیاندا هەڵدەگریت و کەسانێکی دیکە دێنێتە کایەوە، تا گوناه بکەن و لە پاشان تۆبە و ئیستیغفاریش بکەن."

جا ئێستا جێی خۆیەتی بپرسین ئەگەر ئەم هەموو ڕەنگدانەوە ئایینیانەمان لە درێژایی مێژوودا و لە پانتایی ژیانی مرۆڤدا بەم ئاڵوگۆڕە جۆراوجۆرەوە، وەک گەشەسەندنی ئایینی و پەرەسەندنی کولتووری (culture

**ئەم سەردەمە بە سەردەمی ئەویترخوازی و مرۆڤخوازانەی ئایین دەژمێردرێت، کە تەواوی پێکهێنەرەکانی ئایین وەك خودا، گوناح و تۆبە و ... مانایەکی نوێ بە خۆیانەوە دەگرن .**

evolution) بە هۆی ئاڵوگۆڕی کەرەستە و پێویستییە ماددییەکان لە ژیاندا تێپەڕاندووە و سەرەنجام و دەرەنجامی دونیای ئایینی نوێی ئێمە بەم هەموو ئاڵوگۆڕە ئاڵۆزانەوە، کە تیشک ئاسا لە جیهانی دیمۆکراسیدا، کە ئازادییە تاکە کەسییەکانی لەسەر (بنەمای زیان)ی جان (ستیوارت میل)دا دامەرزاندووە، بەرەو کوێ دەڕوات؟

**(بنەمای زیان)ی جان ستیوارت میل دەڵێت:** "هیچ کەس مافی نییە لەبەر قازانجی فەردیی من ڕێگەم لێبگرێت، بەڵکو تەنیا ئەو کاتە مافی ئەوەی هەیە ڕێگەم لێبگرێت کە خەریکم زیان بەوانی تر دەگەینم" بۆیە بە باوەڕی چارلز تەیلەر، فەیلەسوفی هاوچەرخی کەنەدی و زۆرینەیەک لە توێژەرانی ئەم ڕۆژگارە، شارستانیەتی ئێمە، بەلایەنی کەمەوە لە وڵاتانی باشووری زەریای ئەتڵەسەوە، لە چەن دەیەی ڕابردوودا لە دوای (١٩٦٠) ـەکان بەم لاوە، شۆڕشی کولتووریی بەسەردا هاتووە، واتە شارستانیەتێکی ئاوا لە زۆرینەی پێکهێنە کولتووریەکاندا داخوازی کولتووریی

تایبەتمەند و هاوسەنگ و هەماهەنگە.

لەم سۆنگەیەوە من باوەڕم وایە ئێمە پێمان خستووەتە نێو سەردەمی چوارەمی ئایینەوە، واتا سەردەمی مرۆڤخوازی نوێی ئایینی و یان سەردەمی دیالۆگی (مرۆخوایی و خوامرۆیی)

لە سەردەمی چوارەمی ئایینیدا، واتە سەردەمی مرۆڤخوازی ئایینی خودا ئیتر خودای ئۆتۆکراس و تاک فەرماندە نییە، وەک لە دەورانی ئۆتۆکراسیا وا بوو، هەروەها خودا خودای پاشای خاوەن ماف نییە کە مافێک بۆ ئەو دابنێین و مافێکیش بۆ بەندەکان، بەڵکو خودای ئەم سەردەمە خوای دۆست و هەڤاڵە، خوای گفتوگۆیە، خودای پێکەوە ژیانە.

ئەمجار بە پێچەوانەی سەردەمی سەرەتایی و خۆسالاری ئایینیەوە، هیچ ترس و لەرزێک لە نافەرمانی ئەو جێی باسوخواسی لە ژیاندا نەماوە، واتە وەک لۆجیکییەکان دڵێن (سالیبە بە ئینتیفای مەوزووعە) و بە پێچەوانەی قۆناغی ئەویترخوازی و مرۆڤخوازی، مافێک بۆ ئەو و مافێک بۆ بەندە، تا فەرمانی ژیان و ڕەوڕەوەی ژیانی ئایینی بچەرخێت، نەخێر، بەڵکو لەسەر (بنەمای زیان) خودایش هەقی نییە لە نێوان چەند هەڵبژاردەی ئازادانەی مندا، هەرچەند بە زیانی منیش بێت، لە جێی من بۆچوونی هەبێت، وەک ئیقباڵی لاهوریش دەڵێت: "چونکە نە ئەو منم، نە من ئەوم" بەڵکو مرۆڤ بە تەواوی ئازادییەوە هەق بە خۆی دەدات، کە لێی بپرسیت تۆ کێیت و من کێم؟

لە گفتوگۆیەکی ئاوادا مرۆڤی دیندار لەگەڵ ویدا رازونیاز دەکات، پێدەکەنێت و وەک هاودەردێک و یان لە تاو خۆشەویستییدا فرمێسک لە چاوی دێتە خوار و لەگەڵیدا راز دەکات و نازی بەسەردا دەکات، هەروەها لە بوارگەلی ژیاندا داوای لێدەکات بەر ڕەخنە و ئەگەری دەدات، لە هەموو هەڵسوکەوتەکانی ژیاندا، وەک هاوڕازێک لە خواردن و خواردنەوە و خەوتن و عیشق و سێکس و خوێندن و گوێگرتن و بینیندا ئەزموونی دەکات، لەوانەیە کاتێکیش لە تەنیایی خۆیدا ئاهێک یا مەدهۆشانە و سەرخۆشانە هاوارێک بەروویدا بکات، گوناهـ ئیتر لێرەدا نە نافەرمانییە و نە لە خۆنامۆیی و نەزیان لەخۆدانە، بەڵکو گوناهـ ئەوەیە کە ئازادی تۆ بەر بە ئازادی ئەوانی تر بگرێت و مافی ژیان و ژیانەوە و هەڵبژاردن و ... لە کەسانیتر زەوت بکات. بەم پێیە پێداچوونەوە بە سەر فرەیەک لە بزافە ئایینیەکاندا ڕوودەدات.

بە باوەڕی من لە دونیای نوێدا، مرۆڤی نوێ لەسەر بنەمای ئازادییە تاکە کەسییەکان، کە لەوێشدا ئازادی جەستە و گیان و دەروون و بیروبۆچوون و چۆن ژیانەوە بەرە و لای ڕەهایی لە پێبەستە ئایینیەکان دەچێت، کە لە دەرەوەی وجوودی ئەودا وەک نوسخەیەکی هەتا هەتایی بۆی پێچراوەتەوە و لە هەمان کاتدا وەختی بەکارهێنانی بەسەرچووە، واتە بەرەولای تاکەکەسباوەڕیی و جوانیویستانە و دەروونمایانە/expressive ی ئایینی دەچێت و بە واتای چارلز تەیلەر بەرەولای (کولتووری ڕەسن) دەچێت، کە لەوێدا هەرکەس لە ئێمە بۆ پەروەردەکردنی گەوهەری مرۆڤایەتی خۆی، ڕێگە و ڕەوتێکی تایبەت بە خۆی هەیە و زۆر زۆر گرنگە کە ئەو ڕەوت و ڕێگەیە

خۆی بە دەستی بهێنێت و بە شێوەیەکی ئازاد ژیانی خۆی بەسەر ببات، نەک لە دەرەوەی وجوودی خۆیدا لە لایەن کۆمەڵگەوە و یا بە شێوازێک ویراسی لە پێشینیانی خۆی، یان لە لایەن دەسەڵاتێکی دینی و سیاسییەوە و ... لەسەر شانی بار بکرێت، واتە بە چێژی خۆی ئەزموونە ئایینیەکان بچێژێت و تاقیبکاتەوە، نەک بە وتە و قسەی ئەم و ئەو، بەم پێیە وەک تەیلەر دەڵێت: "ژیان و ڕێگەی ئایینی هەرکەس نەکە هەر تەنیا دەبێت بەرهەمی هەڵبژاردەی تایبەت بە خۆی بێت، بەڵکو دەبێت لەگەڵ تانوپۆی وجودیدا تێکەڵ بوویێت و بە گیانیدا ڕۆچوویێت، لەگەڵیدا بدوێت و قسە بکات و لەگەڵ ئاڵوگۆڕە مەعنەویەکانی مندا، ئەوەی کە من دەمەوێت و بیرم لێکردووەتەوە سازگار بێت، ئاوا بیروبۆچوونێک بە باوەڕی تایلەر هەڵقوڵاوی ئەخلاقی ئازادی و ژیانە لەسەر بنەمای قازانج و سوودی بەرانبەر.

بۆیە بلیمەتانێکی وەک فریدریک نیچە (١٨٤٤ - ١٩٠٠) لە جیهانی ڕۆژئاوادا و ئیقباڵی لاهووری (١٨٧٣ - ١٩٣٨) لە جیهانیی ڕۆژهەڵاتدا پێشتر لە سەرهەڵدانی ئەم شۆڕشە کولتووریە خۆیان لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییەدا ڕووبەڕوو دەبیننەوە، ئەوە بوو کە نیچە وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا قسەی لە مەرگی خودا کرد و باوەڕی وابوو کە ئەم هەواڵە وا بەڕێوە، بەڵام زەمانی نەهاتووە، پێویستی بە زەمان هەیە و دەبێت کات و ساتی خۆی بێتە پێشەوە.

هەروەها ئیقباڵی لاهووریش لە بوارگەلی زۆرەوە لەگەڵ بنەماییترین بزاڤە ئایینیەکاندا، بە تایبەتی بزاڤە ئیسلامیەکان، وەک باسی خودا، ئەزموونەدەروونییەکان، گۆڕانکاری لە بونیادی ئاییندا، ئیمکانیەتی ئایین لە دونیای ئەمڕۆدا، شێوازە جۆراوجۆرەکانی ئایین، وەحی، پێغەمبەرێتی، خەتمی نبووەت، گوناه، تۆبە، بەهەشت و جەهەنەم، مافی مرۆڤ، وفیقه و فەقاهەت و هتد... ڕووبەڕوو دەبێتەوە و قسە دەکات.

بۆیە ئیقباڵ (من)ی مرۆیی و فەردانیەتی مرۆڤ لە ئاستیکی وەها سەر بە خۆدا دەزانێت، کە لە هەڵبژاردنی دوو بژاردەدا، ڕێ بە خودایش نادات کە لە جێی ئەو هەڵبژێرێت، هەروەها زۆرجار لەگەڵ خوادا دیالۆگ بەڕێدەخات، کە تۆ وەهات کرد و من وەهام کرد، تا بەو جێیەی تای تەرازوو بە لای مرۆڤدا سەنگینی دەکات و بە خودا دەڵێت: "تۆ ونبووی منیت، یان من ونبووی تۆم؟"، لە هەندێ جێگەدا بە خودا دەڵێت: "ئەمە چ کارێکە دەیکەیت یا وا بکە یا وەها"، لە شوێنیکی دیکەدا بەو پەڕی بوێرییەوە دەڵێت:

"نقش دگر گرازه ده آدم پختەتر بیار
لعبت خاک ساختن می نسزد خدایی را"

واتە نەخشێکی تر کە شایستەی خودایی بێت بەڕێ بخە، مرۆڤێکی پوختەتر و ڕێکو پێکتر بێنە، گەمە و گاڵتە بە خاک و خۆڵ و خاکبازی شایستەی خودایی نییە.

هەروەها دەڵێت: "ئێمە لە خوا ون بووین، ئەو بە شوێنی ئێمەدا وێڵە و بەدوی ئێمەدا دەگەڕێت، ئەویش وەک ئێمە نیازمەندی ئیمەیە و گرفتاری ئاوات و ئارەزووەکانیەتی."

هەرچەندە ئیقباڵ خۆی بە دەروێشی ڕۆمی دەزانێت، بەڵام ئەگەر بە باشی تەماشا بکەین، دەبینین کە خودای ئیقباڵ،

مەولانا و گەورەپیاوێکی وەک غەزالی، سێ خودای جۆراوجۆرن و هەریەک بە جۆرێک ئەزموونی خودا ناسییان کردووە.

ئیقباڵ لێرەدا سەربە سەردەمێکی تایبەتە، کە ئاسۆی سەردەمی چوارەمی ئایینە لە دونیای نوێدا، خوایەکی نوێ و دیندارییەکی نوێ ئەزموون دەکات، ئیقباڵ تووشی شەتەحی سۆفیانە نەبووە، بەڵکو دەیەوێت بڵێت هەر دین و ئایینێک ئاڵۆگۆڕی بە سەردا نەیەت و بزاڤی ئایینی هاوچەرخ نەخولقێنێت، ئەوا ناتوانێت لە چەرخەی ژیانی مرۆڤدا بمێنێتەوە کە بەردەوام کەرەستە و شارستانیەتی نوێ دێتە ئافراندن و بە دوای یەکتردا کولتووری نوێ دێتە کایەوە.

ئیقباڵ پێی وایە ئایینی ئیسلام خاوەنی وەها وزە و پۆتانسیەلێکی باڵایە، کە هەتا هەتایە دەتوانێت لە ژیانی مرۆڤدا، بمێنێتەوە و ئافراندنی ئایینی بێنێتە پانتایی ژیانەوە.

ئێستا جێی ئەوەیە لەم نووسینەدا، سەبارەت بە نەوەی داهاتوو لە توێژەران ئەوە لەبەرچاو بگرین و بپرسین گۆڕانکاری ئایینی ئێمە چۆن لە دونیای نوێدا روودەدات؟

ئایینی ئیسلام وەک کولتوورێک لە ژیانی مسوڵماناندا لە گەڵ گۆڕانکارییەکانی ژیاندا چۆن دێتەوە؟

ئەحکام و دەقەئایینیەکان، لە بواری ئابووری، رامیاری، کۆمەڵایەتییەوە چ لە قورئاندا و چ لە فەرمووده و ریوایەتدا و چ لە مەکتەبە فیقهی و ئسوڵیەکاندا، چییان بەسەر دێت؟ گورانکاری و تەواوکاریی روویان تێدەکات؟ واتە فەلسەفەی ئایین چییە و چی بە ئایین هەژمار دەکرێت و چ شتێکیش لەسەر ئایین ماڵ نییە؟ و ئایینی ئیسلام چۆن لەگەڵ دونیای نوێ و مرۆڤی نوێدا دێتەوە؟

## دەرئەنجام و کۆبەست

**١.** گەیشتن بەبزاڤێکی ئەقڵی/rational لۆجیکیی/logical کە ئەنجامێکی لۆجیکیی/ logical inference لە وێنەی یەکەم لەچوار وێنەکەی قیاسی ئیستیقرائی لۆجیکیی (categorical syllogism) بەم شێوازەی خوارەوە تێدا بەدی دەکرێت:

**الف:** هەر ئایینێک کولتوورە.

**ب:** کولتوورەکان گۆڕانکارییان بە سەردا دێت.

**ج:** کەواتا ئایین گۆڕانکاری بەسەردا دێت.

**٢.** بەباوەڕی زۆرینەیەک لە فەیلەسوفان وتوێژەرانی کولتووری لای کەمی لەسەرەوەی وڵاتانی زەریای ئەتڵەسییەوە شۆڕشی کولتووری روویداوە و تەواوی پێکهێنەکانی کولتووری خستووەتە نێو بازنەی گۆڕان و گۆڕانکارییەوە، ئایینیش وەک یەکێک لە پێکهێنەرە کارامەکانی کولتوور لەگەل ئەم گۆڕانکارییەدا رووبەڕوو بووەتەوە.

**٣.** بەپێی تۆپژینەوەی مێژوویی ئایینناسان، ئایین سێ سەردەمی لەگۆڕانکاری ئەزموون کردووە و سێ قۆناغی بەخۆیەوە بینیوە.

**١.** قۆناغی سەرەتایی.

**٢.** قۆناغی تاکفەرمانڕەوایی و ئۆتۆکراسی.

**٣.** قۆناغی ئەویترخوازانەی ئایینی.

کە هەر سەردەمێک بەپێ بارودۆخی خۆی لەدرێژایی

مێـژوودا و لـە پانتایـی ژیانـدا ڕەنگدانـەوەی تایبەتمەنـد بەخـۆی هەبـووە.

**٤.**لە پەنای ئەم خاڵانەی سەرەوەدا، ئەم نووسینە بەوەگەیشتووە کە؛ قۆناغی چوارەمی ئایین بە فۆرم و نۆرم و وێنەیەکی نوێ لە دونیای دیموکراسیدا بەپێی ئاڵوگۆڕە کولتوورییەکان روویداوە، کە دەتوانین بە ناوی (سەردەمی نۆێی مرۆڤخۆازیی ئایین) و یاخود قۆناغی (دیالۆگی مرۆخوایی و خوامرۆیی ) بیناسینەوە.

**٥.**جا بەم پێیە ئەم گۆڕانکارییە هەموو بوارەکانی ئایین وەک ئایینی مێژوویی، سەرتاپا دەگرێتەوە، بۆیە ئایینی ئیسلامیش بۆ ئێمە لەم بازنەیەدا، جێی شرۆڤە و شیکارییە و پپویستی بە خەسارناسی و پاتۆلۆژی لایەنە جۆراوجۆرەکانی هەیە، کە ئەم باسە دەرگایەک بۆ چۆنێتی ئەم خەسارناسی و گۆڕانکارییە بە رووماندا دەکاتەوە.

## سەرچاوەکان

### فارسی:


قورئانی پیرۆز

کتێبی موقەددەس

- اتو، رودلف١٣٨٠، مفهوم امر قدسی، (ترجمە و توضیح: همتی، همایون)، تهران: انتشارات نقش جهان.
- آشوری، داریوش ١٣٨٠، تعریفها و مفهوم فرهنگ، تهران: نشر آگه.
- برن، لوسیلا١٣٨٤، جهان اسطورەها «دو مجلد، مجموعەی نویسندگان»، [اسطورەهای یونانی]، (ترجمە: مخبر، عباس) تهران: نشرمرکز.
- پهلوان، چنگیز ١٣٨٨، فرهنگ و تمدن، تهران: نشر نی.
- تستا، گی؛ تستا، ژان ١٣٧٩، تاریخ تفتیش عقاید، (برگردان: افشار نادری، غلامرضا)، تهران: نشر جامعە ایرانیان.
- تیلور، چارلز١٣٨٧، تنوع دین در روزگار ما، دیداری دوبارە با ویلیام جیمز، (برگردان: ملکیان، مصطفی)، تهران: نشر شور.
- تیلیش، پل١٣٧٦، الهیات فرهنگ، (ترجمە: فرهادپور، مراد/پاکزاد، فضل الله)، تهران: نشر طرح نو.
- تیلیش، پل١٣٨٥، پویایی ایمان، (ترجمە: ثقفی، محمد)، تهران: بهمن برنا.
- دورکیم، امیل١٣٨٣، صور بنیانی حیات دینی، (ترجمە: پرهام، باقر)، تهران: نشر مرکز.
- دوگرولیە، اریک ١٣٧٩، منشأ عالم، حیات، انسان، زبان و فرهنگ، (مجموعە نویسندگان)، (قسمت زبان)، (ترجمە: رفیع فر، جلالالدین)، تهران: نشر آگە.
- زیمیل، گئورگ١٣٩٣، دین، (ترجمە: رضایی، امیر)تهران: نشر نی.
- شایگان، داریوش١٣٥٥، بتهای ذهنی و خاطرەی ازلی، تهران: انتشارات امیرکبیر.

●فروید، زیگموند۱۳٦۲، توتم و تابو، (ترجمه: پورباقر، ایرج)، تهران: انتشارات آسیا.

● قربانی، اکبر۱۳۹٤، وحدت متعالی ادیان، بررسی ونقد نظریه‌ی فریتیوف شوان، تهران: نشرنگاه معاصر.

●کمبل، جوزف۱۳۷۷، قدرت اسگوره، (ترجمه: مخبر، عباس)، تهران: نشر مرکز.

●کهون، لارنس۱۳۸۱، متن‌های برگزیده از مدرنیسم تا پست مدرنیسم، [مجموعه نویسندگان و مترجمین]، (ویراستار: رشیدیان، عبدالکریم)، [قسمت: «مرد دیوانه»، نیچه، فریدریش، ترجمه: کوچک‌منش، لیلا]، تهران: نشر نی.

●لاهوری، محمد اقبال۱۳۷۹، بازسازی اندیشه‌ی دینی در اسلام، (ترجمه: بقائی، محمد[ماکان])، تهران: انتشارات فردوس.

● مارتینلی، فرانکو۱۳۷۸، تاریخ تفتیش عقاید، (ترجمه: صدقیانی، ابراهیم)، تهران: نشر جهان رایانه.

●ناس، جان بایر۱۳٤٥، تاریخ جامع ادیان، (ترجمه: حکمت، علی اصغر)، تهران: انتشارات علمی فرهنگی.

● نیچه، فریدریش ویلهلم۱۳٤۹، چنین گفت زرتشت، (ترجمه: آشوری، داریوش)، تهران: نشر آگه.

●هیک، جان۱۳۷۸، مباحث پلورالیسم دینی، (ترجمه: گواهی، عبدالرحیم)، تهران: موسسه فرهنگی انتشاراتی تبیان.

**عەرەبی:**

●ابن الحجاج النیسابوری، مسلم ۲۰۰٥م، صحیح مسلم، القاهره (مدینه نصر)، دارالآفاق العربیه، مجلد واحد.

●البخاری، محمد بن اسماعیل۲۰۰۷، صحیح البخاری، لبنان(بیروت)، دارالمعرفه، مجلد واحد، الگبعه الپانیه.

**وتارەکان:**

● فرامز قراملکی، احد؛ سیاری، سعیده ۱۳۸۸، تحویلی‌نگری در تعریف دین از دیدگاه دین‌پژوهان معاصرغرب، تهران: پایگاه مرکز اطلاعات علمی جهاد دانشگاهی، دوره یازدهم، شماره۳۳.

**لاتین:**

• primitive culture,London,John murray,,Tylor,Edward.B۱۸۹۱ .Albemarte street

• Idois of the mind and perennial,Shayegan,Daryush۱۹۷٦ .memory,Tehran,Amir-kabir

# نووسینەوەی ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) بە زمانی کوردیی شێوەزاری سۆرانی

د.تاریق محەمەد ئەوڕەحیم

**پوختە**

ڕۆژهەڵاتناسان بەگشتی و کوردناسانی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی بەتایبەتی و ڕۆشنبیران و نووسەرانی کورد بابەتی هەمە جۆریان تاوتوێ کردووە سەبارەت بە لایەنە جیاوازەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری گەلی کورد. کەچی سەرنج دەدەیت هێشتا بابەت زۆر هەن پێنووسی نووسەرانی پێنەگەشتووە، یەك لەوانە باسی نووسینەوەی ژیاننامەی پێغەمبەری ئیسلام محەمەد (د.خ) لە لایەن کوردەوە.

ئایا کوردان وەك گەلانی دیکەی ناوچەکە کەزۆرینەیان موسڵمانن تا چ ئاستێك لەسەر ژیانی پێغەمبەرەکەیان نووسینیان هەیە و لە چەند ڕەهەندەوە ئەم بابەتەیان خزمەت کردووە. ڕەنگە بابەتی مەولودنامە بەکوردی بەدواداچوونێکی سەرەتایی بۆ کرابێت. بەڵام بەگشتی بەدواداچوون نەکراوە بۆ ئەم بابەتەی کە دوو ڕەهەندی هەیە یەك؛ خزمەتە بە کۆی نووسین لەسەر ژیاننامەی پێغەمبەری ئیسلام، هەم پڕکردنەوەی کەلێنێکە لە بابەتەکانی کوردۆلۆجی.

ئێمە لەم باسەماندا بەدواداچوون دەکەین بۆ ئەو نووسراوانەی بە شێوەزاری سۆرانی نووسراون، چونکە شێوەزارەکانی تری زمانی کوردی (کرمانجی و هەورامی و زازایی) ئەوانەش کاری تایبەتی دەوێت لەلایەن شارەزایەنی ئەو شێوەزارانە.

بەرهەمی نووسراوی کوردی شێوەزاری سۆرانی لەم مەیدانەدا چوار جۆرن، لەسەر هەریەکەیان رامانێك دەکەین و نمونەیەك یان زیاتر دەخەینەڕوو. کە بەسەر چوار تەوەرەدا دابەش بوون لەم توێژینەوەیەدا:

**یەکەم: مەولودنامە و میعراجنامەی کوردی.**
**دووەم: شاعیرانی کورد وژیاننامەی پێغەمبەر.**
**سێیەم: نووسەران وژیاننامەی پێغەمبەر(د.خ).**
**چوارەم: ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) لە ڕۆمانی کوردیدا.**

لەبەر چەندین هۆکاری بابەتی نووسین بەزمانی کوردی شێوەزاری سۆرانی پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە دیوە. لەسەر ژیانی پێغەمبەر (د.خ) بەشێوەزاری سۆرانی نوسراو و بڵاوکراوەیەکی فرە لەبەر دەستانن، توێژەر دەتوانێت پۆلبەندیان بۆ بکات و دابەشیان بکات بۆ چوار جۆر نووسین:

**یەکەم: مەولودنامە و میعراجنامەی کوردی**

یەکەمین جۆری نوسراو وبەرهەمی کوردان ئەو مەولودنامانەیە کە زانایان و شێخانی تەریقەت بڵاویان کردۆتەوە. دەتوانین بڵێین یەکەمین مەلودنامەی کوردی بە شێوەزاری سۆرانی مەلودنامەکەی مەلا حوسەینی قازیە (١٨٧٤ز مردووە) کە ناوی ناوە (مەولودنامەی لەدایکبوونی پێغەمبەر (د.خ).

دوای ئەو مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە (١٨٣٦-١٩٠٨) مەولودنامەیەکی جێهێشتووە بەناونیشانی (مەولودنامەی کوردی). هەروەها مەلاعەبدوڵڵای چڕۆستانی (١٩٣٣ز مردووە) لە ژێر ناونیشانی (ژیانی پێغەمبەر) مەلودنامەیەکی هەیە، مەلا سەفوەت (١٩٦٣ز.مردووە) خاوەنی (مەلودنامەی سەفوەت یان گوڵزار) ە.

شێخ محەمەدی خاڵ (١٩٠٤-١٩٨٩) بەناوی (مولودنامەی نەوئەسەر یان تاریخی پێغەمبەر) ی لەشاری سلێمانی بڵاوکردۆتەوە. هەروەکو مامۆستا ڕەشاد موفتی (١٩١٥-١٩٩٠) لەسالی ١٩٥٠ لەشاری هەولێر مەلودنامەکەی بڵاوکردۆتەوە بە ناونیشانی (مەولودنامەی کوردی). زانای گەورەی کوردیش مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس (١٩٠١-٢٠٠٥) مەلودنامەو میعراجنامەیەکی لەسالی ١٩٦١ لەبەغدا بەچاپ گەیاندوە کە لە دووتوێی حەفتاو چوار لاپەرەدایە، نیوەی بۆ مەولودنامە و نیوەکەی تریشی بۆ میعراجنامە تەرخان کردوە.

بەڵام ئەو مەولونامەیەی زاناو عاریف و دڵشەیدای پێغەمبەر (د.خ) کاک ئەحمەدی موفتی زادە(١٩٣٤-١٩٩٣) کە قەصیدەیەکی بەناوی مەولودنامە لە دوو توێی ١١پارچە شیعردا کە ٦٥٥ دێرە شیعری نووسیوە کە بەشێکی زۆری بزر بووە. لەو بەشەی کە لەبەر دەستانە موفتی زادە بەهەستێکی ناسك وێنایەکی وردی ئەو سەردەم و ڕۆژگارە دەکێشێت، کە خەڵکی ئەو سەردەمەی پێدا تێپەڕدەبێت، بەوردیش دەچێتە ناو قۆناغەکانی ژیانی پێغەمبەرەوە، هەر لە پێش لەدایکبوون تا گوزەر دەکات بەو ڕۆژگارانەی بەسەری برد لەگەڵ دایکی و باپیری و مامی.

پەیوەندی لەگەڵ دایکیدا بەم جۆرە وێنا دەکات:

عومری محەممەد گەییە دوو سێ ساڵ
زوانی پاکەو کرد کەوتە گرو گاڵ
کەوتە قسەو باس زەینی کراوە
بۆی دەرکەوت باوکی زوو لەدەس داوە
جارجار مات ئەبوو بیر ئەی بردەوە
لە هەتیوی خۆی بیری ئەکردەوە
لەبەر خۆیەوە ئەیوت ئاخ بریا

باوکم نەچوایە وا زوو لە دنیا
خۆزگا ئەم زانی بزەی باوك چۆنە!
توڕیی چلۆن! نازی چلۆنە!
جارجاریچ ئەیوت ئاخ توخوا دایە!
چەن خۆش بوو جارێك، باوکم بدیایە!
توخوا دایەگیان ! بۆچی ئاوا زوو
بابەگیانەکەم جوانە مەرگە بوو؟
دایە برئەبوو گر لە هەناوی
لێ ئەشاردەوە فرمێسکی چاوی
ئەی وت ڕۆڵە گیان ! بەنەنی گیانم!
منیش هەروەك تۆ هیچێ نازانم
رازی هەتیویت نازانم چیە
حەتمەن کاری خوا بێ حیکمەت نیە.
خەمی بێ باوکی هەرچەن گران بوو
سەرباشقەی هەموو خەم و دەردان بوو
بەڵام مەحەبەت دایەلەی ژێری
دەری ئەکرد ئەو داخە لە بیری

لە باسی مردنی باپیریدا بەم جۆرە وێنای دیمەنەکە دەکات :

محمد بێ بەش لە هەموو نازێ
کەسێکی نیە بۆی بێژێ رازێ
باپیرێك پیرو فەقیر شك ئەبا
زامی هەتیوی دڵی سارێش کا
دڵی چکۆلەی بەئەو قەوی بوو
هەموو تەمێکی لە دڵ رەوی بوو
رۆژێکا ماندوو هاتەوە بۆماڵ
دەس و پای وردی پر لەدڕك و داڵ

**لەبەر چەندین هۆکاری بابەتی، نووسین بەزمانی کوردی شێوەزاری سۆرانی پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە دیوە.**

یەکراس هەڕای کرد بەرەو لای باوا
دەس کاتە ملی مانیەتی لاوا
لە باتی بزەو پێشوازی باپیر
ئۆخەی و رۆڵەی پڕنازی باپیر
لەدوور دەنگی شین دڵی کرد بێ تین
چون باش ئەیزانی مەعنای دەنگی شین!
چەن منال بەرەو پیری رایان کرد
وتیان "محمد خۆ باپیرت مرد"

بۆ نمونە کەباسی ڕوودانی دانانی بەردە ڕەشەکە دەکات لە سی و پێنج ساڵی تەمەنیدا بەم جۆرە ڕووداوەکە دەهۆنێتەوە سەرەتا بە سۆزێکی تایبەتی خۆی دەست پێدەکات :

ئەوا لە دورەو پەیدابوو جوانێ
مەڵێ جوان، بڵێ مانگی تابانێ
هەی جوان گشت کەسم بەڵا گەردانت
فیدای گەرد و تۆز سەر سەر و شانت
بە قوربانت بم بەهاوەڵمەوە
بەباوك و دایك و سەرو ماڵمەوە

بەدڵ ودیدەو رۆح و گیانمەوە
بەتاقە رۆڵەی ژیرو جوانمەوە
تاقانەکەی نەك تەنیا دایك و باب
بۆ تەئریخی ژین بێ وێنەوە نایاب

دواتر دەڵێت:

ئازیزان سەیرکەن کاری کردگار
جوانێ کرێکار، شوانێ شڕەبار
ببێتە حەکەم بانترین پێشات
حەل کا بۆتاقمێ سەرگەورەی وڵات
ئەویش کەسێ خۆی جێگەی گومان بێ
رۆڵەی تیرەیە لە تیرەکان بێ
لەو لایچۆ هەموو گلەیان لێ بوو
چۆن لە رێی دینی بوتان لاڕێ بوو
بەڵام سەرەڕای ئەمانە هەموو
هەرچاویان پێکەوت دڵیان سوکنا بوو
بەخاتر جەمی هەموو وتیان خاس
لاوێك هەم ژیرە و هەم ئەمین و راس
بانگیان کرد کاکە ئۆغرت خێرە
بەزەحمەت نەبێ بێ بەرو ئێرە
کارێکی گەورە و گران رووی داوە
هەموو دەرکێکمان لە روو بەستراوە
تۆ نەبی دەردمان دەرمان کەی ئیتر
بۆمان نەماوە تەدبیرێکی تر
فەخری حەجەرنان لەسەر جێگەی خۆی
هەرکەس ئەیکێشێ هەر بەرەو لای خۆی
هەرچی تۆ بێژی گشت قەبوڵمانە
لە ئێمە دەرد و لە تۆ دەرمانە
محمد نەختێ سێ دووی دڵ خۆی کرد
تا ئاگری قین لە دڵگەل دامرد
ئەنجا پێی وتن لە دوای تاوێ
هەڵبژاردە کەن هۆزێ پیاوێ
پارچەیی گەورەی ڕاخست حەجەری
بەدەس خۆی هەڵگرت دای نا لەسەری
جا لەهەرلاوە هەڵبژاردەکان
دەسیان دا پارچە و هێنایانە بان
تا گەییە حاستی ئەو چینەی دیوار
کە ئەبوو حەجەر بنرێتە کار
ئەوسا حەجەری بە دوو دەستی خۆی
هەڵگرت و دای نا لەسەر جێگەکەی

ئەوەی جێگەی سەرنجە موفتی زادە بەخەیاڵێکی فراوانەوە وێنای وردی ئەو دیمەنانە دەکات کە دەستی بۆ دەبات، هەروەها بە سۆزێکی زۆرەوە بابەتەکان دێنێتە زمان. کە ئەمەش سەرباری ئەوەی نووسەر خۆی کەسێکی عیرفانی بووە لە هەمان کاتدا ئەم بەرهەمەی لە زینداندا نووسیوە.

## دووەم: شاعیرانی کورد و ژیاننامەی پێغەمبەر

شاعیرانی کوردی کلاسیک هەموویان پەروەردەی حوجرە و مزگەوتەکان بوون، بۆیە باس و ستایشی پیغەمبەر (د.خ) لە لای شاعیرانی کورد پێگەی تایبەتی هەیە. کاتێك دیوانەکانیان تەماشا دەکەین زۆربەیان زیاتر لە شیعرێکیان بۆ ستایشی پێغەمبەر تەرخان کردووە. ژمارەی ئەو شاعیرانەی بەرهەمی شیعریان هەیە لەم مەیدانەدا سەد شاعیر دەرباز دەکات هەڵبەتە بەشاعیرانی کلاسیك و مۆدێرنەوە. تا ئێستاکەش یەك لە

**لەناوشاعیراندا هەیانە کە سیرەتناسبوون، وێنەی فەقی قادری هەمەوەندی.**

توێژەران بەردەوامە لە کۆکردنەوەی ئەو شیعرانە و تا سالی ٢٠٠٨ لە کتێبیکدا ناو و بەرهەمی نزیکەی حەفتا شاعیری بەچاپ گەیاندووە.

شاعیرانی کورد لە ئاست پێغەمبەرەکەیان سۆز و دڵسۆزیی و خۆشەویستیی خۆیان لە چوارچێوەی هەڵبەستەکاندا دەربڕیوە، بە بەڕادە و ئاستی عەشق و خۆشەویستی شاعیرەکە بۆ پێغەمبەر سۆز و ئەوین لە ناو شیعرەکەدا رەنگ دەداتەوە. لە شیعرەکانیاندا بە ناوهێنانی راستەوخۆی موحەممەد یان بە راناو سۆزیان بۆ پێغەمبەر دەربڕیوە. بەجۆرێك نووسەرێك گەشتۆتە ئە بڕوایەی بڵێت: ((ئامادەگی هەردوو سیمای (ئاین) و موحەمەد پێغەمبەر) لەدەقی شیعری کلاسیکی و کلاسیکی نوی و سەرەتای سەدەی بیستەم ١٩٠٠-١٩٤٠تایبتەمەندییەکی دانسقەی بەو ئەدەبە بەخشیوە، وێڕای ئەو ئەدگارە شیعرییە، ناسنامەیەکی شیعری لە شیعری کوردی دروستکردووە)).

بەر لەهەموویان نالی (١٨٠٠-١٨٧٧) شاعیر کە خاوەنی قەسیدەیەکی نەمرە لە مەدحی پێغەمبەر (د.خ)، کە سەرەتای قەسیدەکەی بەوە دەست پێدەکات:

ئەی ساکینی ریازی مەدینەی منەوەرەو
لوتفێ بکە بفەرموو: مەدینەی منەو وەرە.

لە دوای ٦٧ بەیت قەسیدەکەی بەم بەیتە کۆتایی پێهێناوە:

رۆژی جەزا رجا بکە بۆ نالی ی دەربەدەر
چون لەم جیهان گوناهی زۆر و ئەکسەر

شایانی ئاماژە پێکردنە لەناوشاعیراندا هەیانە کە سیرەتناسبوون، وێنەی فەقی قادری هەمەوەندی، خاوەنی (میعراجنامە)و (درودنامە) (١٢٤٧-١٣٠٨کۆچی) هەروەها مەولەوی (١٨٠٦-١٨٨٥) دانەری کتێبی (العقیدە المرضیة) و بێخودی شاعیر (١٨٧٩-١٩٥٥) چەندان شاعیری تر کە لەناو شیعرەکانیاندا رووداوەکانی سیرەتیان هۆنیوەتەوە کە لەم باسەدا ناکرێ نمونەی شیعرەکانیان بخەینەڕوو. بەڵکو لێرەدا تەنها ئاماژە بەدوانیان دەکەین: یەکەم (قەسیدەی بەحری نوور) کە مەحوی (١٨٣٢-١٩٠٦) داهێنەری لە چامەیەکی سەد و بیست و چوار بەیتیدا لەئاستێکی بەرزی شیعریدا سەرباری پیشاندانی خۆشەویستی و سۆزی خۆی و باسکردنی نەعت و سیفاتی پێغەمبەر، بەشێکی رووداوەکانی سیرەتیشی وێنا کردووە.

بۆنمونە لە باسی هاتنە دونیایدا ئاوەها دێتەگۆ لێدەکات :

کە تەشریفی قدومی هاتە دونیا بارشێکی فەیز
لەهەوری مەرحەمەت باری کە ئاساری نومایانە
رشێنەی ئاگری بەردایە عومری ئاگری

زەردەشت

بەبەرقی بوو کەشەق بوو تاقی کیسرا بوو بەوێرانە

دڵی سوتا بەزەردەشت و بەکەسری کیسرەوی گریا

ئەوەندە بەحری (ساوا) نم لەچاویدا بوە تانە

بۆنمونە لەباسی میعراجیدا لە چەند بەیتدا دەڵێت :

کەلیم (أرنی) کە فەرموو هەر جەوابی (لن ترانی) دی

موشەڕەف بوو موحەممەد بێ تەڵەب بەو مەرتەبەو شانە

عوروجی عیسەوی تا ئاسمان و شەمسی عالەم بوو

عروجی ئەحمەدی تا )لامکان) شەمسی جانانە

دواتر دەڵێت:

لەبەر نوقسانی تەشبیهم پەشیمانیشم و دەشلێم

کە رۆیی بەدری کامیل هاتەوە خورشیدی پەخشانە

پاشان لەباسی بینینی زاتی حەق لەو شەوڕەویەدا دەڵێت :

ئەوەندەی لێ دەزانم بەم نەزانی خۆمەوە مەحوی

بەچاوی سەر خودا بینە بەچاوی دڵ خودا زانە

لەباسی کاریگەری حەزرەت لەسەریارانی دێنێتە زمان لەبەیتێکدا :

بەنوری عەکسی پێغەمبەر ئەوەندە مونعەکیس بوو بوون

غەریبی تازە هاتوو دەیوت: ئەم پیغەمبەرستانە

چەند موعجیزەیەکی پێغەمبەرمان بەنموونە باس دەکات و دواتر دەڵێت :

بەیانی شەش حەوت ئیعجازی لەجوملەی صەد هەزار ئیعجاز

ئەوی دەیکا پەشیمانە ئەوی نەیکا پەشیمانە

فەقەت نابێ کەدەرکی کول نەبوو یەکبارە تەرکی کول

بە باغێکە لە کن بولبول گوڵێ لەو باغ و بوستانە

هەروەها دوای باسی ڕووداوی هیجرەتیش لەچەند بەیتێکی نایابدا، بەهەستی لە پێغەمبەر (د.خ) نزیک دەبێتەوە و وەك بڵێی لەخزمەتیدایە و دەڵێت :

لە (همزیە)و (بوردە) م چونکە کەم دی ئیستیفادەی کورد

منیش ئەم کوردییەم دانا لە ریزی ئەو قەسیدانە

ئەلا ئەی فەخری عالەم (رحمە للعالمین) ی تۆ

لە دەرحەق ناکەس و کەس رەحم و لوتفی ئێوە یەکسانە

بدە ئیزن ئەم قەسیدەی کوردییەش بێتە مەقامی عەرز

ئەگەر چی وەك شعورم شیعرەکانیشم پەرێشانە

موکەڕەر بوو قەسیدەی بوردە نەشئەی عالەمی پڕکرد

بفەرموو بەم قەسیدەی کوردە نۆبەی نەشئە پێوانە

بەڵام زاناو ئەدیبی ناسراو مەلاعەبدولکەریمی

مودەڕیس (١٩٠١-٢٠٠٥) بەسەرهاتەکانی ژیانی پێغەمبەر (د.خ) بەوردتر و درێژتر و ئاسان تر خستۆتەڕوو. کە دەتوانرێت بگوترێت ژیاننامەی حەزرەتی خستۆتە شێوەی نەزمێکەوە کە هەموو کەسێك لێی تێدەگات و تەنانەت دەتوانێت لەبەریشی بکات.

ئەو بەرهەمەی ناوناوە (بارانی رەحمەت) ، کە زیاترە لە سێ هەزار بەیتی مەسنەوی کە رووداوگەلێکی زۆری ژیاننامەی پێغەمبەری تێدا بەشیعر هۆنیوەتەوە. سەرەتا باسی نەژادی و لەدایکبوونی حەزرەت. دواتر ئەو رووداوە دیارانەی لە سەرچاوەکاندا تۆمارکراوە بەش لە دوای بەش بەشیعرێکی ناسك و ئاسان هۆنیوەتەوە. تەنانەت زۆربەی رووداوەکانی شاری مەدینەی بەگوێرەی ساڵ دابەش کردوە لەساڵی یەکەمی کۆچی تا فەوتی رەسوڵی ئەکرەم لەناو شیعرەکاندا جێکردۆتەوە. دواتریش چەندین بابەتی تری تایبەت بە پێغەمبەری هۆنیوەتەوە لەوێنەی سیفاتی جەستە، ئاکار، ناوی خێزانەکانی، منداڵەکانی، خزمەتکارەکانی، و کەلوپەلەکانی... هتد

نمونەیەك لە شیعرەکانی :

رووداوی چوونی بۆ تائیف

پاش ئەم ئەوزاعە حەزرەتی ئەمین

ڕۆیشت بۆ تائیف لەبۆ نەشری دین

ئەهلی تائیفی زۆر نەسیحەت کرد

ئەمما تەئسیری لەوانا نەکرد

کەس تاڵب نەبوو لەبۆ دینی حەق

لەبەر تەقلید و هەوا و کەلەی ڕەق

قسەی ساردیشی ئەبیست لەو قەومە

**ئەو بەرهەمەی ناوناوە (بارانی رەحمەت) ، کە زیاترە لە سێ هەزار بەیتی مەسنەوی کە رووداوگەلێکی زۆری ژیاننامەی پێغەمبەری تێدا بەشیعر هۆنیوەتەوە.**

بێ نەزاکەتی و ئازار و لۆمە
زەیدی خادمی بە ڕۆژ و بە شەو

وەکوو فیدایی حازر بوو لای ئەو

کە گەڕایەوە ئەو شای بێ عەیبە

لە ڕێدا ڕابورد لای عەتبە و شەیبە

چونکی خزمی بوون ڕەحمیان جۆشا

بۆ کزی حەزرەت دڵیان خرۆشا

خادمێکیان بوو ناوی عەداس بوو

ئەهلی نەینەوا و نەسرانی ناس بوو

بەوا بۆیان نارد میقدارێ ترێ

تا مەیلی بکا کاتێ مەیلی بێ

چوون بەختیار بوو عەدداسی حەقناس

ترێکەی دانا بە شەرم و ئیخلاس

«بسم الله الرحمن الرحيم»پاش

بەعزێکی لێ خوارد سەروەری عەزیم

تەعەجوبی کرد عەدداس لەم ئیسمە

چوون بێخەبەر بوو لەو ئیسم و ڕەسمە

ئینجا بە نەرمی لێی پرسی حەزرەت

خەڵکی کام شاری و مەردی کام عەشرەت
وەڵامی داوە بە نەرمی و ئەخلاق:
خەڵکی نەینەوام لە خاکی عێراق
فەرمووی: نەینەوای یۆنسی برام؟
خۆشەویستەکەی خودای (ذوالإکرام)
بەم قسە عەدداس گەلێ مەسروور بوو
بە فەیزی خودا دڵی پڕ نوور بوو
ئیمانی هێنا بە دڵێکی پاک
بوو بە مەردێکی چاو و دڵ ڕووناک
جا حەزرەت ڕابورد لەو خاک و ئەهلە
هەتاکوو گەیشت بە (بطن نخلة)
نیوەشەو لەوێ بە نوێژ و قورئان
مەشغووڵ بوو هەتا وادەی بەربەیان
حەوت کەس لە جیننی بە ئەمری خوا
قورئانیان لێ بیست هەموو لەو شەوا
ئیمانیان هێنا بە خودای تەنیا
لە ئەحقافیا "واذ صرفنا،
کە گەییە مەککە حەزرەتی هادی
تێگەیی فیکری ئەشخاسی عادی
ڕۆیشتە پەنای دلێری بێغەم
وەلەدی عودەی، مەشهوور بە "مطعم،
لە پەنای ئەوا بە شەرم و تەمکین
دەوامی ئەکرد لەسەر نەشری دی

## سێیەم: نووسەران و ژیاننامەی پێغەمبەر(د.خ)

مەلودنامە و شیعری شاعیرانی کورد خزمەتێکیان بەگێڕانەوەی ژیاننامە پێغەمبەر (د.خ) کردووە لەئاستێکی هەندەکیدا، بەڵام ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) شایستەی نووسینی چەندان کتێبە و پێنووسی نووسەرو مێژوونووس و لێکۆڵەری پێویستە، بۆیە لەناو کتێبخانەی کوردیدا کتێبگەلێك تا ئێستا بڵاوکراوەتەوە، بەڵام هێشتا ئەو کتێبەی کە شێخ عەبدولعەزیز پاڕەزانی (١٩٢٨-١٩٧٦) بەناونیشانی (ژیانی پێغەمبەری مەزن محەمەد درودی خوای لەسەر بێت) لە ساڵی ١٩٧٣ بۆ یەکەم جار بڵاوی کردەوە، بەیەکەم کتێبی چاپکراو ئەژمار دەکرێت، چونکە تا ئەو کاتە وەك نوسەر نووسیویەتی ((بەداخەوە تائێستا کەسێك هەڵنەساوە بە زمانی کوردی کە بەدرێژی و ڕۆشنی لەو ژیانە پڕ سوودە بدوێ)).

لەبەر ئەوەی ئەمە هەنگاوی یەکەمە نووسەر راوبۆچوونی زانایانی هاوسەردەمی خۆی وەرگرتووە، لەوانە شێخ محەمەدی خاڵ (١٩٢٩-١٩٨٤) داوای لە زانایەکی ناوداری وەك مامۆستا مەلا عوسمان عەبدولعەزیزییش (١٩٢٤-٢٠٠٠) کردووە کە هەڵسەنگاندنێکی کتێبەکەی بکات. ئەویش لە پەسنی بەرهەمەکەدا نووسیویەتی ((هەروەك یەکەم پەڕاوێکە کە بەکوردی لە هەموو رووەکانی ژیانی پێغەمبەر دووابێ، ئێجگار رێکوپێك وراست و رەوانە، وە نووسەر...لار و چەوت و راست و چاك جیائەکاتەوە.. بەوردی و گرنگیی ئەم پەڕاوەی داناوە، وە سەرچاوەکانی بەهێز و جێی باوەڕن)).

هەربۆیە لەگەڵ دەرچوون و بڵاوکردنەوەی چەندان کتێبی دیکە لە سەر سیرەت یان وەرگێڕانی کتێبی دیکە بۆ زمانی کوردی، هێشتا هێز و پێزی خۆی لەدەست نەداوە، چونکە نووسەر بەزمانێکی کوردی پاراو و سادە

ژیانی پێغەمبەری خستۆتەڕوو هەموو کەسێك لە خوێندنەوەی کەڵك دەبینێت. هەروەها نووسەر خوێنەر خەریك ناکات بە پەراوێز و ناوی سەرچاوەو ئەو بابەتانەی رای جیاواز هەڵدەگرن. سەرباری ئەوەی نووسەر مەبەستیەتی زانیاری لەسەر رووداوەکان پێشکەش بکات و پەیامێکی پەروەردەیی یان هۆشیارییەك بۆ هزری خوێنەر زیادبکات.

نووسەر لەسەرەتاوە بە رامانێکی قورئانی دەست بۆ ژیاننامە دەبات، شارەزابوون لەسیرەتی بۆیە پێ پێویستە تا جوانتر دینداری راستەقینە بکرێت وەکو دەڵێت ((ئەم پێویستییە گەورەیە پێکنایەت هەتا ئێمە بە تەواوی بە وردی ئەو پێغەمبەرە گەورەیە نەناسین و شارەزای ژیانی نەبین)).

جا بۆ گەشتن بەم مەبەستە پاڕەزانی لە سەرچاوەی کۆن و نوێی سیرەت سوودمەندبوە. هەروەکو لە کۆتایی کارەکەیدا ئاماژەیەکی سەرەتایی و سادەی داوە بە بەشێك لەو سەرچاوانە، کە ناوی زیاتر لە ١٠ سەرچاوەی تۆمار کردوە. ئەمە لەبەر ئەوەی نووسەر خۆی دەرچووی حوجرەیە و زانایەکی ئایینییە بەرلەوەی نووسەر بێت، بۆیە بۆ باسەکانی سیرەت لە بۆ قورئان و فەرمووده گەڕاوەتەوە، تەفسیری ئیبن کەسیری (٧٧٤ك.مردووە) بۆ راڤەکردنی ئایەتەکان بەکارهێناوە . لە سەرچاوەی رەسەنی سیرەی زۆرتر سوودی لە سیرە ناودارەکەی ئیبن هیشام (٢١٣ك. مردووە) بینیوە. هەرچەندە لە دوو شوێندا ئاماژەی بە ناوی مێژوونووس ئیبن ئەسیر (٦٣٠ك. مردووە) کردووە بەڵام کتێبە سێ بەرگییەکەی (نور الدین علي بن إبراهیم بن أحمد، کوری برهان الدین الحلبي) (٩٧٥-١٠٤٤ك) ناسراو بە (السیرة الحلبیة) ی زۆر زیاتر بەکارهێناوە. دوای ئەمانە سوودی بینوە لەوەی زانایەکی سەدەی نۆزدەیەم بەناوی سەید ئەحمەدی دەحلانی (١٨١٦-١٨٨٦) نووسیویەتی بەناونیشانی (السیرة النبویة).

## نووسەر بەزمانێکی کوردی پاراو و سادە ژیانی پێغەمبەری خستۆتەڕووو هەموو کەسێك لە خوێندنەوەی کەڵك دەبینێت.

پسپۆڕ و شارەزای ئەو سەرچاوانە دەتوانێت دەرکی ئەوە بکات نووسەر لەم سێ سەرچاوەوە بناغەی کتێبەکەی داڕشتووە. خۆ دەکرا سەرچاوەی زیاتریشی دەست بخستایە، بەڵام ئەمەندەی بە بەس زانیوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە نووسەر مێژوونووس نەبووە و مەبەستیشی دانانی کتێبێکی مێژوویی نەبووە هێندەی ئەوەی مەبەستی بووە کتێبێك بنووسێت بۆ ئەوەی هەموو چینێك لە ژیانی پێغەمبەر (د.خ) ئاگایی هەبێت. چونکە ئەو نەوە نوێیەی لە دوای حەفتاکانەوە دەرکەوتوون دەتوانن بەزمانی کوردی بخوێننەوە، ئیتر ئەو نەوەیە لەو کتێبانەی بەعەرەبی چاپ دەکرێن دووردەکەوێتەوە. نووسەر خۆی ئەمەی درکاندووە وەك نووسیویەتی ((سوپاس بۆ خوای گەورە توانیم ئەم چەند لاپەڕەیە لە ژیانی ئەو پێغەمبەرە مەزنە

بنووسمەوە بە زمانی شیرینی کوردی، تا خوێنەرە کوردە هاونەتەوەکانم هەندێ لەو ژیانە پڕ لە حیکمەت و پەندە تێبگەن و بیکەن بە مامۆستای خۆیان. من نالێم ژیانی پێغەمبەرم نووسی.. بەڵام دەڵێم نەختێکی لێی دوام)).

پاڕەزانی بەزۆری لە بەرهەمی نووسەرانی هاوچەرخ سوودی بینیوە، ئەوانەی سیرەیان بەزمانی ئەم سەردەمە سادەکردۆتەوە بۆ خوێنەرانی عەرەبی زمان. لەوانە محەمەد عەبدە (١٨٤٩-١٩٠٥) و محمد خضری بەگ (١٨٧٢-١٩٢٧) محمد رشید رەضاو (١٨٦٥-١٩٣٥) سلیمان الندوی (١٨٨٤-١٩٥٣) محمد حسین هیکل (١٨٨٨-١٩٥٦) و محمد الغزالی (١٩١٧-١٩٩٦) و محمد سعید رمضان البوطی (١٩٢٩-٢٠١٣) و کە بەرهەمیان لەسەر ژیانی پێغەمبەر بڵاوکردۆتەوە. بە پاڵپشتی کاری ئەم کەسایەتیانە لە کۆتاییدا کتێبێکی پێنج سەد لاپەڕەیی نووسی.

ئەو سەرچاوانەی پاڕەزانی بەکاریهێناوە، خوێنەری ئاگادار دەزانێت چەندە لەژێر کاریگەریی ئەو بەرهەمە نوێیانەدا ئەم کتێبە نووسراوە، بۆنموونە لە ڕێگەی ئەو ناونیشانەی دایناوە بۆ بابەتەکانی وێنەی (هەر قورئانە موعجیزەی موحەمەد، پێغەمبەر سەرۆکێکی ناوچەیی یا سەرۆکێکی نیشتیمانی نەبوو، لە دەرگاوە چووە ژوورەوە، قوتابخانەکەی محەمەد، دەرسێکی گرنگ، لێکۆڵینەوە لە هەڵوێستی جوولەکە بۆ ئیسلام) بەڕوونی هەست دەکەیت کە نووسەر سوودمەند بووە لە بەرهەمی ئەو نووسەرە هاوچارخانە.

لەلایەکی دیکەوە پاڕەزانی بۆ گەیاندنی هەندێ بابەتی هزری لەبەرهەمەکانی هزرڤانی ناوداری هاوچەرخ سەیید قوتب (١٩٠٦-١٩٦٦) سادەکردۆتەوە بۆ خوێنەر و جار و بار ئاماژەی پێکردووە لەشێوەی ناونیشانی لاوەکیدا، وەك (نهێنی بانگ، شیاوی بانگ و بانگکەر، قورئانی مەککە، تەنیایی خوای پەروەردگار، باسی ڕۆژی دوایی، پاککردنەوەی دڵ و دەروون، پاراستنی قەوارەی کۆمەڵایەتی) بێگومان بۆ ئەم بابەتانە لە بیروبۆچوونەکانی سەیید قوتب سوودی بینیوە.

هەندێ جاریش نووسەر ڕاستەوخۆ چەند لاپەڕەیەك لە یەك لەو بەرهەمە نوێیانە دەگوازێتەوە، ئەواتا لە باسی (باری گێتی لە پێش هاتنی ئیسلام) ئەمەی نووسیوە ((بۆ ئەم باسە ئەچین بۆ لای مامۆستاو زانای بەرزی هیندی ئەبولحەسەنی نەدەوی (١٩١٤-١٩٩٩) لە پەڕاوی (ماذا خسر العالم بانحطاط المسلمين) وە هەندێ دێنین)). دەبینین لە سەر ئەو باسە چەند لاپەڕەیەك دەگوازێتەوە.

پاڕەزانی کتێبەکەی بۆ سێزدە بەش دابەش کردووە، بەنەژادی پێغەمبەر دەست پێدەکات، بەناو ژیانی مەککەدا گوزەرێك دەکات لەدایکبوون و زارۆکی و لاوی هاوسەرگیری و ڕووداوە دیارەکانی ئەو سەردەمەی پێش بوونی بە پێغەمبەر لەسێ بەشدا دەخاتەڕوو. قۆناغی مەککە و ڕووداوەکانی ئەو سێزدەساڵە دەکاتە دووبەش. هەشت بەش کە ماوە ڕێکیخستووە بۆ ئەو دە ساڵەی کە پڕ پێشهاتە لە شاری مەدینە. کە نیوەی زیاتری کتێبەکەشی بردوە.

**چوارەم: ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) لە ڕۆمانی کوردیدا**

ئەدەبیان بەهونەر و شێوازێکی شیرین و سەرنجڕاکێش بابەتە هزریەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پیشان دەدەنەوە. ژیاننامەی مرۆڤە مەزنەکان دەکەنە رۆمان.

ئەوەی جێی سەرنجە هەروەکو ئەدیبانی کورد لە بواری رۆماننووسیدا زۆر درەنگ کەوتن و سەرەتا واتە لە پەنجاکانی سەدەی رابردوودا کاریان تەنها وەرگێڕانی رۆمانی بیانی بوو بۆ زمانی کوردی. کاتێکیش کەوتنە نووسینی رۆمان بەدەستی خۆیان لەبەر بابەتی ئادیۆلۆژیا کەسیان خۆیان لە ژیانی کەسایەتییەکی گەورەی مرۆڤایەتی؛ پێغەمبەری ئیسلام نەدا.

شایانی باسە یەکەم رۆمان بەزمانی کوردی سالی ١٩٥٤ بڵاوبووەتەوە، دوای ئەوەش لە نیو سەدەدا چەندین رۆمان چاپ کراون. بەڵام دوای زیاتر لە حەفتا ساڵ نووسەر و رۆماننوس تەحسین حەمە غریب لە سالی ٢٠١٨ دا بەرگی یەکەمی رۆمانێکی لە دووتوێی ٢٩٤ لاپەڕەدا بڵاوکردەوە، بەناونیشانی (موحەمەد دەبێتەوە بە پێغەمبەر) ، بەرگی دووەمیشی لەساڵی ٢٠٢٠ دا لە دووتوێی (٥١٢) لاپەڕەدا چاپکرد، کە شایستەی ئەوەیە لەسەری رامان بکرێت و تیشک لە سەر ناو و سەرنج لە ناوەڕۆکی بدرێت.

نووسەر ناونیشانی (موحەمەد دەبێتەوە بەپێغەمبەر) بۆ رۆمانەکەی هەڵبژاردووە، چونکە بڕوای وایە ((پێغەمبەر بۆ چەندین جار لە داوی یەک دەبێتەوە بە پێغەمبەر، هەروەك هیچ کتێبێکی باش بۆ ئەوە نانووسرێت کە تەنیا یەکجار بخوێنرێتەوە. دواییین پێغەمبەریش بۆ ئەوە نەبۆتە پێغەمبەر یەکجار لە ژیانیدا پێغەمبەر بێت و ببڕێتەوە)).

**شایانی باسە یەکەم رۆمان بەزمانی کوردی سالی ١٩٥٤ بڵاوبووەتەوە، دوای ئەوەش لە نیو سەدەدا چەندین رۆمان چاپ کراون.**

نووسەر لە بەرگی یەکەمی رۆمانەکەیدا رووداوە دیارەکانی قۆناغی دە ساڵی مەدینەی ژیانی پێغەمبەری خودای لە بیست و سێ بەشدا بە زمانێکی ئەدەبی داڕشتووە. هەڵبەتە لە مەرگی حەزرەتەوە دەستپێدەکات و رووداوەکانی ئەو دە ساڵەی قۆناغی مەدینە دادەڕێژێتەوە. واتە لە دوای مەرگی دێتە سەر رووداوەکانی فەتحی مەککە و رێککەوتنی حودەیبیە و ئەو جەنگ و پێکدادانانەی نێوان موسڵمان و بێباوەڕەکان دادەڕێژێتەوە. دواباسی رۆمانەکەی تەرخانکردووە بۆ باسکردنێکی گشتی لەسەر بەشێکی سیفات و ئاکارەکانی و ژیانی سادەی رۆژانەی وەك مرۆڤێك.

بۆنموونە دەنووسێت: ((مرۆڤایەتی و رۆژهەڵات و رۆژئاوای گۆڕیبوو، جیاوازی نەبوو بۆ هەرکوێیەك رووی کردبا خودای ئەو لەوێ بوو، ئەوە جیاوازی ئەو لەگەڵ یەهود بوو، ئەو حەقیقەتی دەویست، حەقیقەت بەلای ئەوەوە هی هەموان بوو و شوناسی نەبوو، حەقیقەتی هەبوو، قودس و مەککە بۆ ئەو جیاوازی

نەبوو، وای چەند زۆر بوو ئەو جیاوازییەی لە نێوان ئەوان و (یەهود) دا هەبوو، لای یەهود حەقیقەت هەر ئەو کاتە حەقیقەت بوو کە لەلای ئەوان بووایە، ئیدی هەموو تەقالایان ئەوە بوو کە موحەممەد ببوایەتە یەهود تا بیسەلمانداية کە پێغەمبەرە، موحەممەد بەلایەوە حەقیقەت بوو ئیدی لای هەرکەس بوایە))

هەروەکو دەڵێت: ((چ مرۆڤێکی سەیر بوو بەختەوەری لە پاکی و رێك وپێکیدا دەبینی، جلەکانی پینەدار و کۆن بوون، بەڵام پاك بوون، هەرکام لە جلەکانی ناوێکی لێنابوو، قژەکانی دەهێشتەوە و بۆنی چەوری رەنگداری لێ دەدان، لە لوتفی دایکانەی درەختەکان تێدەگەیشت و هەمیشە سێبەری دارەکانی هەڵدەبژارد و رێی نەدەدا دارەکان ببڕنەوە، دوایی یارانی ئەو سەردەمە خۆشەی ئەویان بە نموونە دەگێڕایەوە)).

نووسەر لە کۆتایی کارەکەیدا ئاماژەیەك بە ئامانج و پەیامی پێغەمبەر (د.خ) دەدات و دەڵێت: ((گەورەترین کاری ئەوە نەبوو کە قیامەت بهێنێت و ژیان بوەستێنێت، بەڵکو بۆ ئەوە بوو ژیان بجوڵێنێت و بەڵکو مرۆڤەکان بگۆڕێت. ئاخر ئەویش وەك هەموو پێغەمبەرانی دی ئامانج لە هاتنیان گۆڕینی ئەوانی تر بوو، ئەمەش سەرەتای رێ بوو، رێی گۆڕینی مرۆڤەکان نەوەك شتەکان)).

هەڵبەتە لە ناو رۆمانێکدا قۆناغێکی لێوان لێو لە رووداو و گۆڕانکاری زەحمەتە هەمووی بخرێتە بەر پێنووسی رۆمانووسێك. بەڵام هەوڵێکی لەم جۆرە مایەی دەستخۆشی و نرخاندنە.

******

****

***

## ئەنجام

**١.**لەگەڵ ئەوەی کوردناسان بابەتی جۆراو جۆریان لە مەڕ کورد بە زمانی رۆژئاوایی و رۆژهەڵاتی بەچاپ گەیاندوە بەڵام هێشتا بابەت زۆرن کە چاوەڕێی کارکردن دەکەن لەسەری. لەوانەش نووسەران و شاعیرانی کوردی چییان کردووە لە کۆن و نوێ لەسەر ژیاننامەی پێغەمبەری ئیسلام(د.خ).

**٢.**مەولودنامە یان شیعری شاعیرانی کوردی کلاسیك یەکەمین بەرهەمی نوسراون، کە مەولودنامە هەمووی و شاعیرانیش زۆروکەم شیعری کورت و درێژیان هەیە لەسەر پێغەمبەری ئیسلام، هەڵبەتە لەناو شاعیراندا هەیانە تەنها بە نەعت و پیاهەڵدان و دەربڕینی سۆز نەوەستاوە، بەڵکو ژیاننامەی پێغەمبەری لە ناو قەسیدە و هۆنراوەکانیاندا هۆنیوەتەوە.

**٣.**لە دوای ساڵانی حەفتاکانەوە کە خوێندن لە شارەکانی سلێمانی و هەولێرو دهۆك دا کراوەتە کوردی نووسەرێکی وەك شێخ عەبدولعەزیز پاڕەزانی بەرهەمێکی بەنرخی لە سەر ژیانی پێغەمبەر (د.خ) بڵاو دەکاتەوە، بۆشاییەکی بەرین لە کتێبخانەی کوردی پڕ دەکاتەوە، کە ئیستا چڵ ساڵ زیاتر بەسەر ئەو کتێبەدا تێپەڕبووە و بەرهەمی جۆربەجۆر لەم بوارەدا کەوتووەتە بەردەستی خۆێنەران، کەچی هێشتا ئەو نۆبەرەیە نرخی خۆی هەر هەیە.

**٤.**شێوەزاری سۆرانی لە عێراقدا پاش ئەوەی پێشکەوتنێکی بەرچاوی بە خۆوە دیوە، ئەمەش رەنگی داوەتەوە لەسەر نووسینی جۆراوجۆر لەسەر

ژیاننامەی پێغەمبەر، لە هەموویان دیارتر بڵاوبوونەوەی یەکەم ڕۆمانە(موحەمەد دەبێتەوە بە پێغەمبەر)ی تەحسین حەمەغەریب-ـە لە دوو بەرگدا لە ساڵانی ٢٠١٨ و ٢٠٢٠ دا، کەئەمەش دەستپێشخەرییەکی گرنگ و تایبەتە.

٥.دەبێت ئەم باسە بابەتی دیکەی بەدوا بێت و تا بزانرێت بە شێوەزارەکانی دیکەی تری زمانی کوردی چی لەسەر ژیاننامەی پێغەمبەرمان نووسراوە، دواتر بەراوردکاری بکرێت، بەڵکو دەکرێت کۆنفرانسی تایبەتیشی بۆ ساز بکرێت.

**سەرچاوەکان**

١.تەحسین حەمەغەریب، جوڵەی حیکمەت و بینینی نوری عیرفانی مەحوی، سلێمانی، ٢٠٠٠

٢. تەحسین حەمەغەریب، موحەمەد دەبێتەوە بە پێغەمبەر، سلێمانی،بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، ٢٠١٨

٣.تومابوا، مینۆرسکی، مەکەنزی، ئینسیکلۆپیدیای ئیسلام، بەرگی پێنجەم، چاپی نوێ بەزمانی ئینگلیزی، وتاری کورد و کوردستان.

٤.سەلام ناوخۆش، موحەمەد پێغەمبەر لەشیعری کلاسیکی کوردی و مەسیح پێغەمبەر لە شیعری نوێی سیکیولەری کورددا، هەولێر، ٢٠١٤.

٥.شیخ عبدولعەزیز پارەزانی، ژیانی پێغەمبەری مەزن، سەقز،بێ ساڵی چاپ.

٦.عمر علی محمد، مەلوودنامە کوردییەکان، گۆڤاری پەیڕەو، سلێمانی،٢٠٠٨، ژ.٥٠.

٧.عوسمان سەنگاوی گوڵستانی ئیرەم لە وەسفی فەخری عالەم، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٨.کاکە ئەحمەدی موفتی زادە، دیاریێ بۆ یاران، سنە،١٣٨٦هـ.ش

٩.مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، بارانی ڕەحمەت (هۆنراوەیەکی ئایینی مێژوویی پەروەردەییە)، سنە، ٢٠١٠

١٠.مەلا خدری ئەحمەدی شاوەیسی مکایەڵی، دیوانی نالی، پێداچوونەوەی محەمەدی مەلا کەریم، سنە، ١٣٧٩هـ.ش.

١١.مەلا مەحمودی موفتی (بێخود)، دیوانی بێخود، ئامادەکردنی: محەمەدی مەلا کەریم، سنە، ١٣٨٦هـ.ش.

١٢.مەلا موحەممەدی مەلا عوسمانی باڵخی، دیوانی مەحوی، لێکۆڵینەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و موحەممەدی مەلا کەریم، سنندج،١٣٩١هـ.ش.

١٣.نامەی کوڕی پارەزانی؛ ماموستا سەلاح عەبدولعەزیز پارەزانی لە شاری سلێمانی ٢٧-٧-٢٠١٨.

# پەروەردەی ئایینی

فەیسەڵ ئیبراهیم وەلی

## پێشەکی

ئەوەی لەم نووسینەدا بەر دیدی خوێنەر دەکەوێت، تێڕامانێکی نووسەرە بۆ سەرلەنوێ دارشتنەوەی فۆرمی پەروەردەیی ئایینیمان، دەڵێم تێڕامان، چونکە زۆر هەوڵمدا لەناو کتێبان یان ئینتەرنێتدا دەستم بە سەرچاوەگەلێك بگات کە ئۆخەییان لێ بکەم و تینوێتیم بشکێنن، بەڵام بەداخەوە زۆر دەگمەن شتێکم چنگ کەوت، پاش خوێندنەوەی بڵێم ئۆخەی! بۆیە ناچار بووم لەجیاتی میتۆدی کتێبخانەیی لە نووسیندا، پەنا بۆ میتۆدی تێبینی و بەشداری ببەم، بەڵام بە سوود وەرگرتن لە ئەدەبیاتی تیۆریی ئەم بوارە و سودوەرگرتن لە بیروڕای هەندێك لە بیرمەندان، ئەگەرچی ئەوان رەنگە ئەو بیروڕایانەیان لەشوێنی تر و بۆ مەبەستی تر خستبێتەڕوو، بەڵام نووسەر هەوڵی داوە رایانکێشێتە ناو بابەتی پەروەردەی ئایینی و ئامانجی خۆی پێ بپێکێت.

بابەتی پەروەردەی ئایینی ئەگەرچی بابەتێکی زێدە هەستیار و گرنگە، بەڵام کەم بەرچاومان دەکەوێت کتێبێکی زانستی و ورد یان توێژینەوەیەکی ئەکادیمی لەم بارەیەوە نوسرابێت یان ئەنجام درابێت، ئەوەی بەرچاومان دەکەوێت زۆریان قسەی سەرەتایی و سۆزدارین، هەست دەکەیت مەودایەکی دوور لەنێوان ئەو نووسینانە و زانستی دەروونناسی و کۆمەڵناسی و ...هتد دا هەیە و لەو نوسینانەدا دەستاوردە زانستیەکانی ئەو بوارە بەجدی وەرنەگیراون.

لەناو کۆمەڵناسەکاندا (بەتایبەت ڤێبەر مەشرەبەکان)زۆر جەخت لەوە دەکەنەوە کە فەهم بنەمای گۆڕانکارییە، لەسەر بنەمای ئەم تێگەیشتنە دەنگێك لەناو کۆمەڵناساندا هەیە کە پێی وایە گۆڕانکاری ریشەیی و جدی لە هیچ کۆمەڵگەیەکدا روونادات تا بیرکردنەوەی ئایینی ئەو کۆمەڵگەیە گۆڕانکاری بەسەردا نەیەت، گۆڕانکاری ئایینیش روونادات تا لە پەروەردەوە دەست پێنەکەین و لەڕێگەی پەروەردەوە دەستکاری تێگەیشتنی ئایینی نەکرێت، ئەم نووسینە ئەگەرچی هەنگاوێکی بچوکیش بێت، بەڵام بەو مەبەستەوە ئەم هەنگاوە هەڵگیراوە، بەو هیوایەی هەوڵێکی خاکیانە بێت بۆ کردنەوە دەرگای گفتوگۆ بەڕووی ئەم بوارەدا و بتوانێت سەرەتایەك بێت بۆ گفتوگۆی جدی و توێژینەوەی زانستی لەم بوارە هەستیار و گرنگەدا.

## دەروازەی یەکەم: جوگرافیای پەروەردەی ئایینی

ژان پیاژە(دەروونناسی سویسری ١٨٩٦-١٩٨٠ز)تیۆریایەکی هەیە بەناوی تیۆریای گەشەی مەعریفی منداڵ، ئەو پێی وایە منداڵ لەخوار تەمەنی دوانزە ساڵییەوە، تەنها کاتێك دەتوانن لۆجیکی و بەشێوەیەکی ڕێکخراو بیر بکەنەوە کە بابەتەکە پەیوەندی بە شتگەلی هەستپێکراو و مەلموسەوە هەبێت، واتە هەستەکانی بەر بابەتی بیکردنەوەکەی بکەون، بەڵام منداڵ لەدوانزە ساڵییەوە بیری بەلای بابەتگەلی ئینتیزاعیەوە دەچێت، منداڵ توانای بیرکردنەوەی ئینتیزاعی و بەڵگەی قیاسی هەیە، دەتوانێت چەمکی گریمانە دەرك بکات، ئەگەر لەم تەمەنەدا بپرسین: ئاستانە لە پەنا نزمترە و ئاستانە لە بارین بەرزترە، کەواتە کامیان بەرزترینن؟ ئەوا ئەتوانێت بەرزترینی ئەم سێ کەسە دەستنیشان بکات، بەڵام منداڵێکی خوار یانزەساڵ لەحاڵەتی ئاساییدا کاتێك دەتوانێت بەرزترینیان دەستنیشان بکات کە هەر سێکەسەکە بە بەرچاویەوە ریز بکرێن و باڵایان بەیەکتر بەراورد بکات. بە کەڵك وەرگرتن لەم تیۆریایەی پیاژە، دەتوانین بڵێین منداڵ لە بابەتگەلی وەك ئایین، خودا، گوناهـ، حەڵاڵ و...هتد، کە لە سەنتەریترین بابەتەکانی ئایینن تێناگات، چونکە ئەم چەمکانە چەمکگەلی ئینتیزاعین و لەڕێگەی هەستەکانییەوە منداڵ بەریان ناکەوێت.

لێرەوە دەبێت پەروەردەی ئایینی منداڵ زۆر هوشیارانە هەنگاو هەڵگرێت، چونکە هیچکام لە چەمکە بنەڕەتییە ئایینیەکان بۆ منداڵ دەرك ناکرێن و ئینتیزاعین، بۆ نمونە ناکرێت لە پەروەردەی ئایینی منداڵدا ئێمە خودا بەمنداڵ بناسێنین وەك ئەوەی بە گەورەیەکی دەناسێنین، بڵێین خودای گەورە سیفات و تایبەتمەندییەکانی بریتین لە فڵان و ...هتد، چونکە خودا بەر هیچکام لە هەستەکانی منداڵ ناکەوێت، هەروەك چۆن ناکرێت بڕۆین باسی عەدالەت بۆ منداڵێکی پێنج ساڵ بکەین.

> **بۆ نمونە ناکرێت لە پەروەردەی ئایینی منداڵدا ئێمە خودا بەمنداڵ بناسێنین وەك ئەوەی بە گەورەیەکی دەناسێنین،**

کاتێك منداڵ ئەو تەمەنە تێدەپەڕێنێت و دەگاتە ئەو ئاستەی لە بابەتە ئینتیزاعیەکان تێبگات، ئەمجار ئەو دێتە پێشەوە و قسە لەسەر بابەتە ئینتیزاعیەکان ئەکات، بۆنمونە سەرەتاییترین کارێك لە دوانزە ساڵیەوە منداڵ لە خێزاندا دەیکات، ئەوەیە کە عەدالەتی دایك و باوکی دەخاتە ژێر پرسیار و لە زۆر شوێندا ڕەخنە لە عەدالەتی دایك و باوکی دەگرێت، ئەمە تەنها بەشێکی پەیوەندی بە ڕەفتاری دایك و باوکییەوە هەیە، بەشێکی هەرە گرنگی پەیوەندی بەوەوە هەیە منداڵ دەیەوێت نیشانی دایك و باوکی بدات کە ئیدی ئەو منداڵە بچوکەکەی جاران نییە، لە پرسە فیکری

و ئینتیزاعیەکان تێنەگات، ئەو لەڕێگەی قسەکردن لەسەر عەدالەتەوە دەیەوێت بڵێت کە ئیتر من گەورەبووم و تێگەیشتنم گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و دەتوانم لەوپەڕی بابەتە هزریەکان تێبگەم، کەواتە ئیتر من منداڵ نیم!

لێرەوە دەتوانین ئەو ئەنجامە بگرین کە پەروەردەی ئایینی لە خوار دوانزە ساڵ و لەسەرو دوانزە ساڵەوە دەبێت جیاوازییان هەبێت، لەخوار دوانزە ساڵەوە ئێمە ناتوانین خودی خودا بە منداڵ بناسێنین، بەڵکو وەك ئامادەکاری دەتوانین دەسەڵات و جێکەوت و کاریگەرییەکانی بونی خودا بناسێنین، ئەویش نەك لە هەر رێگەیەکەوە پێمان خۆش بێت، بەڵکو لەو رێگەیەوە کە یادەوەری خۆش و باش لای منداڵ دروست دەکات، بۆنمونە؛ ئەگەر دەمانەوێت دەسەڵاتی خودا بەمنداڵ بناسێنین دەبێت لە رێگەی ئەو فیلمانەوە کە دەسەڵات و بەخشندەیی و میهرەبانی خودا نیشان دەدەن، خودا بە منداڵ بناسێنین، لەناو دەرهێنەرە سینەماییەکانی رۆژهەڵاتدا یەکێك لەو دەرهێنەرانەی زۆر لێهاتوییانە ئەم کارەی کردووە دەرهێنەری ئیرانی مەجیدی مەجیدیە لە فیلمی (رەنگی خودا) دا.

یان ئەگەر دەمانەوێت منداڵ بە فەزیلەتە ئایینییەکانەوە پەروەردەبکەین ئەوا دیسانەوە دەبێت ئەو فیلمانەی نیشان بدەین کە لەدەرەوەی ئامۆژگاری و وەعزەوە ئەم بەها ئایینیانە دەچێنن، بۆنمونە؛ ئەنیمەیشنی (بیلال) تا ڕادەیەکی باش لەسەر بەرامبەری رەگەزی و بەخشندەیی کاری کردووە. جگە لە فیلم رێگەگەلی وەك چیرۆك، شیعر، مۆسیقا و ...هتد، دەتوانن رۆڵی گرنگیان لە پەروەردەی ئایینیدا هەبێت.

## دەروازەی دووەم: روانگەی ئەرکگەرایی بۆ پەروەردەی ئایینی

لەم دەروازەیەدا لەسەر ئەرکگەرایی پەروەردەی ئایینی رادەوەستین، مەبەستمان لەم روانگەیە ئەوەیە کە پەروەردەی ئایینی هەندێك ئەرکی هەیە، یان دەتوانێت هەندێك ئەرك لەئەستۆ بگرێت، تا مرۆڤ لە ژیانی خوازراو لە ئێستا یان لەداهاتوودا نزیك بکاتەوە، هەوڵ دەدەین بە کورتی چەند نمونەیەك لە روانگەی ئەرکگەرایی پەروەدەی ئایینی بخەینە ڕوو:

### یەکەم: پەروەردەی ئایینی وەك رزگارکەری تەنیایی

زۆرێك باس لەوە دەکەن مرۆڤی مۆدێرن سێ کێشەی سەرەکی هەیە(ژینگە، ماددەی هۆشبەر، تەنیایی)، لە گەورەترین گرفتەکانی مرۆڤ لە دونیای مۆدێرندا بریتیە لە کێشەی تەنیایی، تەنیاییش بۆخۆی سێ ئاستی هەیە:

**١.**من وابیربکەمەوە کەس بیر لە من ناکاتەوە و منی بۆ گرنگ نیە، زۆر جار رێکدەکەوێت کەسێك لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا وێنەی خۆی دادەنێت، (هەندێکجار لەگەڵ بابەتێکدا کە هیچ پەیوەندی بە وێنەکەوە نییە)، یان هەندێك ئیش و کار و وردەکاری ژیانی کەسی خۆی پۆست دەکات، ئەو کەسە دەیەوێت بڵێت خەڵکینە ئەها ئێوە منتان بیر نییە! من هێشتا هەم! ئەمە سەرەتاییترین نیشانەکانی تەنیاییە.

**٢.**لە حاڵەتی دووەمدا مرۆڤی تەنیا پێی وایە هیچ کەس کۆڵێك لە کۆڵەکانی ئەم نادا بە شانیدا، ئەم خەریکە پشتی دەشکێت، کەس هاوکاری ناکات.

**٣.**مرۆڤی تەنیا پێی وایە کەس ئەمی

لەبەر خاتری خۆی خۆش ناوێت، ئەوی خۆش دەوێت لەبەر خاتری شتێکی تر، شتێکی تر هۆکارە بۆئەوەی منی خۆش بوێت.

مرۆڤی مۆدێرن ئەگەرچی زۆرێک لە گرفتەکانی دەرەوەی خۆی چارەسەر کردووە، بەڵام لەراستیدا کێشەکانی ناوەوەی خۆی هێشتا باقین، ئەگەر گرفتە ناوەکییەکانی دوای ئەو سەرکەوتنانەی لەدەرەوەی خۆی بەدەستی هێناون زیاتر نەبووبن ئەوا کەمتر نەبوونەتەوە، یەکێك لە قوڵترین و ئازاراویترین کێشە ناوەکییەکانی مرۆڤ بریتییەلە هەستی تەنیایی، کە ریشەی زۆربەی خۆکوژییەکان بۆ ئەم هەستە دەگەڕێتەوە، بەڵام ئێمە لە پەروەردەی ئایینیدا دەتوانین ورد لەسەرم ئەم بابەتە کاربکەین، خودا بەجۆرێك بناسێنین بە منداڵەکانمان کە ئەو دۆستی ئێمەیە، هەمیشە و هەرکات لە کەنارماندایە، هەروەها ئەو ئێمەی خۆش دەوێت و قەت رومان لێ وەرناچەرخێنێت، بەپێچەوانەی ئەو پەروەردەیەی کە خودا وەك چاودێر، سزادەر، تۆڵەسێن و...هتد بە منداڵەکانمان دەناسێنێت، کاتێك خودا بەمنداڵەکانمان دەناسێنین، کاتێك دەڵێین: ئەگەر دزی بکەیت خودا کوێرت دەکات، ئەگەر درۆ بکەیت لاڵت دەکات و... هتد، ئەوا لێرەدا خوامان وەك چاودێر و سزادەرێك ناساندووە کە ئیشی تەنها بریتییەلەوەی نەهێڵێت ئێمە خراپەیەك بکەین و ئەگەریش کردمان سزامان بدات. بەڵام ئەگەر ئێمە منداڵمان تێگەیاند کە خودا هەمیشە لەگەڵمانە و دەمانپارێزێت، خودای گەورە هەمومانی خۆش دەوێت، ئەو رقی لە هیچ کەسێك نییە، ئەوا ئەو وێنایەی بەم چەشنە لەمنداڵیدا دەیخەینە زیهنی منداڵەوە لەگەورەییدا زۆر هاوکاری دەبێت لەوەی هەستی تەنیایی

**زۆرێك باس لەوە دەکەن مرۆڤی مۆدێرن سێ کێشەی سەرەکی هەیە (ژینگە، ماددەی هۆشبەر، تەنیایی)**

ژیانی وێران نەکات و توشی خەمۆکی نەکات.

ستیوارت هێمپڵ (Stuart Hample) کە نووسەرێکی ئەمریکییە، جارێك دەچێتە قوتابخانەیەکی سەرەتایی بە، منداڵەکان هەریەکە و نامەیەك دەنووسێت، نامەکانی کردووە بە کتێبێک (نامەی منالان بۆ خوا)، یەکێك لە منالەکان نووسیویەتی " خوایە سوپاس بۆتۆ کاتێك کە دەچم بۆ قوتابخانە و لە ترافیك ئەپەڕمەوە تۆ ئاگات لە منە". یەکێکی تر نوسیویەتی " خوایە ئەوە بۆ ملی زەرافەت ئەوەندە درێژ دروست کرد"

خوێندنەوەی ئەو کتێبە بە میتۆدی (شیکاریی ناوەڕۆك) زۆر شتی عەنتیکەمان پێ دەڵێت، ئێمە لە ئەدەبیاتی عیرفانیدا دوو چەمکی گرنگمان هەن، یەکێکیان دوعا"نزا"یە و ئەوی دیکەیان "موناجات"یان رازونیاز، نزا بریتییەلە داواکردنی شتێك لە خودا، بۆ پڕکردنەوەی پێویستییەك لە پێداویستییە ماددی یان مەعنەوییەکانی ئێمە، بەڵام رازونیاز"موناجات" بریتیە لە گۆڕینەوەی رازونیاز و کردنی قسەکانی دڵ بۆ خودا، ئەو قسانەی کە بۆ کەسیان ناکەین بۆ ئەویان دەکەین، زۆرێك لەو نامانەی منداڵەکان نووسیویانە خەریکن دەردەدڵ دەکەن لەگەڵ خودا، رازونیاز

و قسەی دڵیان دەکەن، ئەم جۆرە لە ناسینی خودا زۆر گرنگە بۆ ئەوەی ئێمە دەستەمۆی تەنیایی نەبین، چونکە مەحاڵە مرۆڤ هەستی تەنیایی دایگرێت لەکاتێکدا کەسێکی هەبێت هەرکات بەیەوێت بتوانێت قسەکانی دڵی بۆ بکات، ئەوکەسەیش بەبێ گوێدان بە کات و شوێن هەمیشە ئامادە بێت ببیستێت.

درکی گرنگی وێنەی یەکەمی خودا لە زەینی منداڵدا زۆر گرنگە، زۆر گرنگە دایك و باوك یان پەروەرشیار هەستیار بێت بەرامبەر دروست بوونی یەکەمین وێنەی خودا کە بۆ منداڵ دروست دەبێت، لەم بارەیەوە دەتوانین لە نمونەیەکی ڤیتگنشتاین کەڵك وەربگرین.

ڤیتگنشتاین دەڵێت: "ئەگەر وێنەی دارستانێك بکێشین و لەناو ئەو دارستانە چڕەدا وێنەی راوچییەکیش بکێشین، بەڵام لە سوچێکدا راوچییەکە کێشراوە کە ئاسان نابینرێت، دواتر پیشانی منداڵێکی بدەین و بڵێین راوچییەك لەناو ئەو تابلۆیەدا هەیە، دەتوانیت بیدۆزیتەوە؟ زۆر سەخت بۆی دەدۆزرێتەوە، بەگریمانەی ئەوەی کە منداڵەکە بۆی نادۆزرێتەوە، هەرچی ئەگەڕێت راوچیەکە لەناو تابلۆکەدا نادۆزێتەوە.

ڤیتگنشتاین دەڵێت: منداڵەکە لەناو تابلۆی دارستانەکەدا هەموو شتێکی دی جگە لە راوچییەکە، پاشان ئەگەر دوای هەوڵێکی زۆر خۆی دیتی، یان کەسێك پێیوت ئەوە راوچیەکەیە، ئەوکات ئەگەر تابلۆکەی نیشان بدەیتەوە، ئەو منداڵە جگە لە راوچییەکە هیچ شتێکی تری ئەو تابلۆیە نایەتە بەرچاوی." ئەو لەم نمونەیەدا بۆ تەفسیری ئیمان زۆر ورد کەڵك وەردەگرێت.

ئێمە رستەمان زۆرن کە خودا وشەیەکی سەرەکی ئەو رستانەیە، خوا بتپارێزێت، خوا سەلامەتت کات، خوا بتگرێت، خوات لەگەڵ، خوا حەقمان بسەنێت و...هتد، منداڵەکانمان رۆژانە چەندین جار گوێیان لەم رستانە دەبێت و پرسیار لە زەینیاندا دروست دەبێت دەربارەی خودا کە ئەم هەموو سیفاتەی دەدرێتە پاڵ، ئەوجا پرسیار دەکات، من بیرمە بە منداڵی دەمگوت بە دایکم خودا سۆرانیە یان هەورامی؟ منداڵ رۆژانە هەزاران پرسیاری لەو شێوە سادەدەی دێت بە زەیندا، بەڵام گرنگ ئەوەیە تا ئێمە وەڵامی پرسیارەکانمان نەداونەتەوە و خوامان پێ نەناساندوون، هیچ وێنەیەکی زەینیان بۆ خودا نییە، وەستاوەتەوە سەر ئەو وێنە سەرەتاییەی کە ئێمە دەیخەینە زەینیانەوە، ئیتر بۆ زۆرێك لە مرۆڤ ئەو وێنە یەکەمییە دەبێتە وێنەی جێگیری منداڵ بۆ خودا، ئیدی هەرکات وشەی خودایان بەر گوێ کەوت یان هات بە زەینیاندا ئەو وێنەیە لە زەینیاندا دەردەکەوێت کە ئێمە کێشاومانە بۆیان. بۆیە زۆر گرنگە هەستیاربین بەرامبەر ئەو وێنە زەینییە سەرەتاییەی کە لای منداڵ بۆ خودا دروست دەبێت.

چۆن بتوانین لەو وێنە یەکەمینە خودا بکەینە دۆستی منداڵەکانمان؟ هەرکات منداڵ هەستی تەنیایی لا دروست بوو، کاتێك گەیشتە بنبەستێك کە هەرچوار لای گیرابوو، سەربەرزبکاتەوە بۆ سەرەوە، لەوێ دۆستێك ببینێت کە هەموو رازەکانی دڵی خۆی پێ بڵێت، نەک خودا وەك بازرگانێك ببینێت کە نیازێکی ماددی هەبوو داوای لێ بکات و بۆی پڕ بکاتەوە، هەروەها نەک خودا مەتەڵێك بێت

بۆی کە هەموو تەمەنی خەریکی هەڵهێنانی بێت، بەڵکو خودا دۆستێك بێت، هەمیشە هەست بکات لە کەناریەوەیەتی، گەرمایی بوونی هەست پێبکات، هەرکات کەسی دەست نەکەوت قسەکانی دڵی بۆ بکات بەو پەڕی شەوقەوە لاپەڕەکانی دڵی لەگەڵ ئەودا هەڵبداتەوە.

بەڵام پرسیار ئەوەیە کە ئایا ئەو پێناسە یەکەمینەی کە منداڵ لە ئێمەوە وەری دەگرێت منداڵ لەهەستی دۆستایەتی خودا نزیك دەخاتەوە؟ یان خودا وەك دەسەڵاتدارێك کە هەمیشە لەبۆسەدایە بۆ ئەوەی ئێمە هەڵەیەك بکەین و بەتوندترین شێوە سزای بدات؟ ئەو ڕێگە باوانەی کە کۆمەڵگە لە ناسینی خودادا دەیگرێتەبەر و دەبێتە وێنەی زەینیی خودا بۆ منداڵ لەم ڕستانەوە سەرچاوە ئەگرێت:

-ئەگەر درۆ بکەیت خودا زمانت ئەبڕێت!

-ئەگەر دزی بکەیت خوا دەستت ئەبڕێت!

-خوا کوێرت ئەکات!

-خوا لاڵت ئەکات...هتد

چونکە پێکهاتەی زەینی منداڵ توانای دەرکی چەمکێکی ئینتیزاعی وەك خودای نییە، وەك تابلۆکەی ڤیتگنشتاین، ئەو کات لەڕێگەی ئەو سیفاتانەی خوداوە کە ئێمە بە منداڵەکانمانی دەڵێین وێنەکە لە زەینیدا دروست دەبێت، ئیدی هەرکات ناوی خودا بەرگوێی دەکەوێت کەسێك دێتە زەینی کە منداڵ لاڵ دەکات، کوێریان دەکات، دەستیان دەشکێنێت و ...هتد، ئەوجا ئەم کەسە کە ئاوایە و بەمنداڵ ناسێنراوە هی ئەوەیە دۆستایەتی لەگەڵ بکەیت؟ خۆشت بوێت؟

دووەم:هاوبەندی خێزانی و کۆمەڵایەتی

## درکی وێنەی یەکەمی خودا لە زەینی منداڵدا زۆر گرنگە.

یەکێك لەو بابەتانەی کە ئەگەرچی بەبۆچونی بەندە هیچکات لەروی کردەییەوە هەنگاوی گەورە نانێت، بەڵام بەهەرحاڵ وەك پرسێك خۆی خستۆتەڕوو و هەندێك بۆئامانجی تر بەکاری دەهێنن، بریتییەلەم پرسیارەی کە ئایا ئێمە مافی ئەوەمان هەیە منداڵەکانمان لەسەر ئایینی خۆمان پەروەردە بکەین؟ یان پێویستە لێیان بگەڕێین، هیچ پەروەردەیەکی ئایینیان نەکەین تا ئەوکاتەی خۆیان دەبنە هەژدە ساڵ و بە ئارەزووی خۆیان ئایینێك هەڵبژێرن یان هیچ ئایینێك هەڵنەبژێرن. ئەم بانگەشەی لیبراڵیزم لە دولایەنەوە شیاوی رەخنەگرتنە:

لەڕووی ئیختیاری هەڵبژاردنی بیروباوەڕەوە، ئەم قسەیەی کە لیبراڵیزم خەریکە دەیخاتە زاری کەسانێکەوە کە خۆشیان ئەم کارە لەڕووی کردەییەوە ناکەن، هەمان ئەم سیستەمە لیبراڵە خۆی جێگرەوەی بۆ بیروباوەڕی ئایینی هەیە و لەڕێگەی کەناڵە جیاواز و بەرفراوانەکانی خۆیەوە، سیستمی بیروباوەڕی منداڵەکان دادەڕێژێت، ئەوکات پرسیار ئەمەیە؛ (باوك و دایکێك ئەگەر منداڵەکەیان پەروەردە نەکەن بە پەروەردەیەك کە خۆیان دەیانەوێت، خۆ ئەم

منداڵـە بەنـاو پرۆسـەی پەروەردەییـدا تێدەپەڕێت، لـەو پرۆسەیەشـدا بیروباوەڕەکانـی شـکڵ دەگـرن، جـا ئەگـەر بـاوك و دایـك شـکڵ بـەو بیروبـاوەڕە نـەدەن، ئـەوە بێگومـان سیسـتمی باڵادەست بەسـەر جیهانـدا بیروباوەڕەکانی دادەڕێژێت، جا ئـەوکات کێ مـافی ئـەوەی هەیە ئـەو بیروباوەڕە داڕێژێت، دایك و بـاوك یـان کەسێکی نادیـار و ناڕوون؟ بـەڵام خۆ دایـك و باوکیـش حەقیـان نییـە هـەر بیروباوەڕێـك کـە پێیـان خـۆش بێـت بیگوازنـەوە بـۆ منـداڵ، ئـەو بیروباوەڕانـە ئەگـەر مەعقـول و بەڵگەداریـش نەبن، لانیکـەم دەبێت لەگـەڵ ڕێسا ئەخلاقیەکانـدا وێـك بێنـەوە و دژایەتـی لەنێوانیانـدا نەبێت.

لـەڕووی ئەرکگەراییـەوە، دیسـانەوە ئـەو بانگەشـەیەی کە پێی وابێت ئێمە مـافی ئەوەمـان نییـە منداڵەکانمـان لەسـەر بیروبـاوەڕ و ئایینـی خۆمـان پـەروەردە بکەیـن، شـیاوی بەرگـری نییـە، چونکـە وەك پێشـتر وتمـان ئەگـەر ئێمـە بیروباوەڕەکانـی منداڵەکانمـان دانەڕێژینـەوە، لەشـوێنی تـرەوە دادەڕێژرێنـەوە، یـان هەمـان ئـەو سیسـتمەی کـە دەڵێـت مـافی ئەوەمـان نییـە بیروباوەڕی منداڵەکانمان دابڕێژینەوە، خۆی لەناو سیسـتمەکەی خۆیـدا ئامـادەکاری ئـەوەی تیایـە کە لـە نائامادەیی دایك و باوکدا چۆن لەڕووی بوونناسییەوە بیروباوەڕەکانی دابڕێژرێنەوە، ئەوکات ئێمـە دەتوانیـن بەرگرییەکـی ئەرکگەرایـی لـە پەروەردەی ئایینی بکەیـن، چونکە ئەگـەر خێزان هەمـوو یـەك پەروەردەی ئایینیان هەبوو، ئەو کات بیروباوەڕەکانیـان لێـك نزیکـە یـان لانـی زۆر یـەك بیروباوەڕیـان دەبێت، ئێمـە دەزانیـن کـە بیروبـاوەڕ کاریگەریـی گـەورەی لەسـەر هەسـت و سـۆزەکانی ئێمـە هەیـە، واتـە ئەگـەر خێزانێك هەموویـان یـەك پـەروەردە بـوون و وەك یـەك بیریـان کـردەوە، هەسـت و سۆزەکانیشـیان لەیـەك نزیـك دەبێت، کاتێـك خێزانێك هەسـت و سـۆزەکانی لێـك نزیـك بێـت هاوبەنـدی کۆمەڵایەتـی و هاوسـۆزی لەنێـو ئـەو خێزانـەدا زۆر دەبێـت، یـادەوەری هاوبـەش لەنێوانیانـدا زۆر دەبێـت کە بەشێك لە پەیوەندییەکانی داهاتوو دابین دەکات، بەپێچەوانەشـەوە، لـەڕووی کردەییشـەوە بۆمـان سـەلمێنراوە، ئـەو خێزانانـەی کە هەریەکە لە ئاوازێك دەخوێنێت و بیروباوەڕەکانیان لێك دوور بێت، هەست و سۆزیشیان لێك دوور دەکەوێتەوە، لەکۆتاییدا لەو خێزانـەدا ئاسـتی هاوبەنـدی و هاوسـۆزی لەخـوارەوە دەبێـت و ئاسـان کەلێنـی تێدەکەوێـت. هـەر بۆیـە ئـەو بانگەشـەیەی کـە واز لـە پـەروەردەی ئایینـی منـداڵ بهێنیـن تـا خۆیـان دەگەنـە هـەژدە سـاڵ، نـە لـەڕووی ئیختیـاری هەڵبژاردنـی بـاوەڕەوە، نـە لـەڕووی ئەرکگەراییـەوە شیاوی بەرگری نییـە.

## دەروازەی سێیەم: خەسارناسی پەروەردەی ئایینی

### یەکەم: گرنگیدان بە (زانست و زانیاری) و پشتگوێ خستنی (مەعریفە):

یەکێـك لـە کێشـە ستراتیژییەکان لـە پـەروەدەی ئایینـی ئێمـەدا بریتیـە لـەوەی زانیاریمـان پـێ گرنگتـرە لـە مەعریفـە، زانسـت لەسـەر کۆمەڵێـك زانیـاری و ڕێسـای ڕەق و تـەق وەسـتاوە، کـە هیـچ پەیوەندییەکـی بـە دڵـی مرۆڤـەوە نییـە، زانسـت ئـەو پـەڕی ئەوەیـە منداڵەکانمـان زانـا باربهێنێـت، بـەڵام پرسـیاری جدی ئەمەیـە کـێ وتویەتـی ئەگـەر منداڵەکانمـان زانـا بـوون بـە ئەخـلاق دەبـن؟ ئەگـەر زانـا بـوون حەتمـەن ڕێسـا ئایینیـەکان رەچـاو ئەکـەن؟ کـێ وتویەتـی ئەگـەر

مناڵەکانمان زانا بوون مرۆڤ دۆستتر دەبن؟ هیچ کەس ناتوانێت بانگەشەی سەلماندنی ئەو بانگەشانە بکات، بەڵام هەرچی مەعریفە هەیە کە بریتییەلە (باوەڕی راستی بەڵگەدار)، ئاسانتر دەتوانێت ببێت بە بەشێك لە کەسایەتیمان و ببێتە سیفات و رەفتار لە مرۆڤدا، مەعریفە توانای کارلێکی لەگەڵ مرۆڤدا زۆر لە زانست زیاترە.

هەڵەی ریشەیی ئێمە لەم بوارەدا ئەوەیە بۆمان گرنگە مناڵەکانمان قورئانیان لەبەر بێت، بەڵام ئەوەی مناڵەکانمان لەو قورئانەی کە لەبەری دەکەن لێی تێبگەن و مانای بزانن، یان بەرگی کرداری بەبەردا بکەن، هێشتا ئەمەیان نەبووەتە پرس بۆمان. ئێمە خۆمان مناڵەکانمان دەنێرین بۆ فێر بوونی قورئان، بەڵام هەرخۆمان مناڵەکانمان فێر دەکەین ئەگەر مناڵی مامەکەیان یان خاڵەکەیان یان پوورەکەیان هات بۆ ماڵمان، یارییەکان بشارنەوە و نەهێڵن یارییان پێبکەن، ئیتر بیرمان دەچێتەوە ئەو قورئانە بۆ عەمەل هاتووە نەك بۆ لەبەر، بیرمان دەچێتەوە لە قورئاندا ئەفەرموێت (لن تنالوا البر حتى تنفقوا مما تحبون)، ئەوەندەی بۆ مان گرنگە ئەو ئایەتە بزانن بە تەجویدەوە بخوێننەوە، هێندە بۆمان گرنگ نەبوو لێی تێبگەن و بیکەنە کردەوە لە ژیانی کۆمەڵایەتییاندا، مناڵەکانمان وانەی (علوم قورئان)یان بۆ دادەنێین، بەڵام هەر خۆمان بەبەرچاوی ئەوانەوە شاهیدی ناحەق، لایەنگیری لەسەر بنەمای دەمارگیری، نادادپەروەرانە قسەکردن لەسەر دۆست چ بگاتە دوژمن، ئیدی بیرناکەینەوە خۆ گەورەترین خزمەت بە مناڵەکانمان لەڕووی ئایینییەوە ئەوەیە بە کردەوەکانی خۆمان فێریان بکەین

**هەڵەی ریشەیی ئێمە لەم بوارەدا ئەوەیە بۆمان گرنگە مناڵەکانمان قورئانیان لەبەر بێت، بەڵام ئەوەی مناڵەکانمان لەو قورئانەی کە لەبەری دەکەن لێی تێبگەن یان بەرگی کرداری بەبەردا بکەن، هێشتا ئەمەیان نەبووەتە پرس بۆمان.**

تێبگەن (ولا یجرمنکم شنآن قوم على ألا تعدلوا) واتە چی و چۆن ئەخلاقی کۆمەڵایەتی خۆیان لەسەر بنەمای ئەم ئایەتە داڕێژنەوە.

ئەم گرنگیدانە بە زانست و پەراوێزخستنەی مەعریفە لە پەروەردەی ئایینی مناڵەکانماندا، دەبێتە ریشەی زۆرگرفتی تر، لەڕوویەکی تریشەوە دەکرێت بڵێین دەرئەنجامی زۆر گرفتی ریشەیی ترە، هەر ئەوەی کە ئێمە لەبری تێگەیشتن گرنگی بە لەبەرکردن، لەبری بیرکردنەوە گرنگی بە تەڵقین، لەبری چۆنیەتی گرنگی بە چەندێتی، لەبری EQ گرنگی با IQو...هتد دەدەین، لە گرنگترین هۆکارەکان یان دەرئەنجامەکانی ئەم بابەتەیە.

### دووەم: سادەیینی لە ناساندنی خودا بە مناڵەکانمان

لەپەروەردەی ئایینی مناڵەکانماندا و بەتایبەت لە بابەتی ناساندنی خودا دا، ئێمە بێئاگا دەکەوینە ناو زۆر هەڵەی قورسەوە لەوانە:

**١.**لەبارەیخوداوە چاوەڕوانی ناواقیعی دەخەینەزەینی مناڵەکانمانەوە.

لەپەروەردەی مناڵەکانماندا، کاتێك دەمانەوێت

باسی خودا بۆ منداڵەکانمان بکەین، یان کاتێك وەڵامی پرسیارەکانیان دەدەینەوە، یان دەمانەوێت لەڕێگەی بوونی خوداوە بەربەست بۆ رەفتاری منداڵەکانمان دابنێین، لە زۆربەی کاتەکاندا چاوەڕوانی ناواقیعی دەخەینە زەینی منداڵەکانمانەوە، پاشتر ئەم چاوەڕوانییە ناواقیعیانە هەر کامیان وەك بۆمبێك وایە کە رەنگە بتەقێتەوە بە بیروباوەڕەکانی مرۆڤدا.

زەمینلەرزەیەک هەیە بە (زەمینلەرزەکەی لیشبونە ساڵی ١٧٥٥) بەناوبانگە، سەردەمی ڤۆڵتێر بووە، لافاو ئەدا لە شاری لیشبۆنە، لەو لافاوە خەڵکێکی زۆر تیادەچن, ژن و مێردێك چوار منداڵیان هەیە، هەر چوار منداڵەکەیان لەو لافاوەدا لەناوئەچن، پیاوەکە دێت دەیەوێت هەر چوار منداڵەکەی بەدەستی خۆی بخاتە ژێر گڵەوە، ژنەکەی پێی دەڵێت تۆ چۆن دڵت دێت جەستەی منداڵەکانمان بخەیە ژێرخاکەوە؟ ئیتر منداڵەکانی دەنێژێت، بەڵام کە دێتەوە سەیردەکات ژنەکەیشی مردووە! دوای ئەوە ڤۆڵتێر نامەیەك بۆ هاورێیەکی ئەنوسێت، لە نامەکەدا کە ئەم چیرۆکە بۆ هاورێکەی دەگێڕێتەوە، دەڵێت پاش روودانی ئەم کارەساتە، ئەگەر کەسێك باوەڕی بە خودایەك هەبێت من بە بێئەقڵی دەزانم، ئەگەر خوایەك هەبووایە چۆن شتی وا روویدەدا؟

دواتر سیمۆن وەی(ژنە عارف و نوسەری فەرەنسی) دێت تەفسیری ئەم قسەیەی ڤۆڵتێر دەکات، دەڵێت: "دەزانن بۆ ڤۆڵتێر قسەی وا دەکات؟ یان هەر کەسێکی تر وەکو ئەو بۆ قسەی وا دەکات؟ چونکە لە منداڵیدا وەختێك پەروەردە کراوە چاوەڕوانی ناواقیعی بەرامبەر بە خودا خراوەتە زەینیەوە، کێ وتوویەتی شتی وا روونادات لەسەر زەویدا؟ بەڵکو شتی لەوە زیاتریش روودەدات، بەڵام ئێمە بە منداڵمان وتووە: ئەگەر چاك بیت هیچ شتێکی خراپت بەسەر نایەت، ئەگەر چاك بیت خوای گەورە قەت ناهێڵێت شتی خراپت بەسەردا بێت، دەی خۆ هەزارەها مرۆڤی چاکیشمان هەن شتی زۆر گەورە و موسیبەتی زۆر گەورە و سەیر و نامۆیان بەسەردا هاتووە، ئەمە واتا ئەو بیرکردنەوەیەی کە ئێمە دەربارەی خودا خستومانەتە زەینی منداڵەکانمانەوە لە ئاییندەدا تەنانەت باسی ئیلحادیشمان بۆ دەستنیشان دەکات، پیاوێکی وەکو ڤۆڵتێر بە بە گوتەی سیمۆن وەی لەبەر ئەوەی لە منالیدا ئاوا راهێنراوە و پەروەردەکراوە، بۆیە قسەی وا دەکات، ئەگەرنا تۆ وەختێك کە "خوا" دەناسێنیت بە منداڵەکەت شتی عەجیب و غەریبت نەخستە زەینی ئەو منداڵەوە، بۆ نمونە؛ ئەگەر قەت درۆ نەکەیت خوای گەورە سەیارەیەکی فلان شێوەمان پێدەدات، ئەگەر درۆ نەکەیت خوای گەورە خانوویەکی ئاوامان پێدەدات و...هتد، ئەم قسانە و قسەی تر کە منداڵیان پێ دەخەڵەتێنین، کاتێك گەورە دەبێت سەیردەکات فلان کەس درۆ دەکات کەچی خوا هەر ئەڕژێنێت بەسەریدا، ئەوی دی هەر خەریکی ستەم کردنە کەچی خوا هەر ئەیڕژێنێت بەسەریدا، ئەو کات ئیمانی بەخوا لەق دەبێت، بۆیە لەگرنگترین ئەو تێبینیانەی لە پەروەردەی ئایینی منداڵدا دەبێت رەچاوی بکەین، ئەوەیە کە نابێت چاوەڕوانی ناواقیعی بخەینە زەینی منداڵەکانمانەوە، چ پێویست دەکات ناواقیعی "خودا"ی پێ بناسێنین؟ لە کاتێکدا ئەگەری ئەوە هەبێت لە شوێنێکدا بۆی روون ببێتەوە کە بابەتەکە بەو شێوەیە نییە کە بەو وتراوە.

**٢.**کاتێك منداڵەکانمان لەبارەی خوداوە پرسیار دەکەن، بەڵام وەڵامەکانمان بەرێکەرن

پێشتر باسمان لەوە کرد کە لە وەڵامی پرسیارەکانی ئێمەوە، وێنەی خودا لە زەینی منداڵەکانماندا جێگیر دەبێت، واتە وەڵامەکانمان تەنها وەڵام نین، بەڵکو وێنەکێشی ناو زەینەکانیشن، بەشێوەیەکی سروشتی منداڵ زۆر دەپرسێت، لەو شتانەش زۆرتر کە رۆژانە بەر گوێیان دەکەوێت، وشەی خوداش لەو وشانەیە زۆرترین جار بەرگوێی منداڵ دەکەوێت، بۆیە زۆریش لەبارەی خوداوە پرسیار دەکەن، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە وەڵامەکانی ئێمە بۆ پرسیاری منداڵەکان هەر بەرێکرد نەبن، واتە جۆرێك وەڵامیان بدەینەوە وەك بڵێیت با وەڵامێکی بدەمەوە جارێ ئێستا لە کۆڵم ببێتەوە، یان بیری دەچێتەوە یان تا ئەو کات خۆی وەڵامی دەستدەکەوێت، ئەمە وەڵامی راییکەرن، لەکاتێکدا ئەگەر وەڵامەکە بزانین دەبێت زۆر بە گرنگییەوە وەڵامەکەی بەجدی بدرێتەوە و وەك یەکێك لە گرنگترین ئیشەکان سەیری ئەو پرسیار و وەڵامە بکرێت، ئەگەر وەڵامەکەش نازانین ئەوە زۆر ئاسایی پێی بوترێت نازانم بەڵام هەوڵ دەدەم وەڵامەکەیت بۆ پەیدا بکەم، دواتر هەر بەراستی بچین بەدوای وەڵامەکەیدا نەك بمانەوێت ئێستا لەکۆڵمان ببێتەوە، ئەو کات ئەو کارەمان دوو خراپەی دەبێت، یەکێکیان ئەوەیە متمانە لەدەست دەدەین لای منداڵەکەمان، چونکە بەڵێنەکەمان نەبردۆتە سەر، دووەمیان ئەوەیە ئەو پرسیارە لە مێشکی منداڵەکەدا هەر ماوەتەوە و دیسان بەرۆکمان دەگرێتەوە، یان لانی کەم لەشوێنێکی ترەوە بەدوای وەڵامەکەیدا دەگەڕێت، رەنگە دەستیشی بکەوێت بەڵام هەڵە یان نازانستی وەڵام بدرێتەوە.

**لە وەڵامی پرسیارەکانی ئێمەوە، وێنەی خودا لە زەینی منداڵەکانماندا جێگیر دەبێت.**

**٣.**بانگەشەی بێبەڵگە ئەخەینە زەینی منداڵەکانمانەوە

یەکێك لە گرفتە جدیەکانی پەروەردەی ئایینیمان ئەوەیە کە بانگەشەی بێ بەڵگە دەخەینە زەینی منداڵەکانمانەوە، بۆ نمونە؛ ئەگەر بمانەوێت منداڵ دوور بێت لە دزی یان زمان پیسی، ئەوکات ئێمە ئەگەر وتمان دزی خراپە یان زمان پیسی خراپە، ئەگەر منداڵ پرسیاری کرد بۆچی خراپە؟ پێویستە بەڵگەی پێویست بۆ بانگەشەکەمان بخەینەڕوو، بەڵگەکەیش بەڵگەیەکی لۆجیکی بێت نەك لەجیاتی بەڵگە فریویان بدەین یان بیانترسێنین. بۆنمونە؛ ئەگەر وتمان هەرکەس دزی بکات خوای گەورە کوێری دەکات یان دەمپیسی بکات خوای گەورە لاڵی دەکات، ئەوکات ئێمە هاتووین لەجیاتی بەڵگە دەسەڵات و ناوی خودامان بەکار هێناوە تا منداڵەکەمان لەو شتانە بەدوور بن، لەراستیدا ئەوەی ئێمە خستمانەڕوو، بەڵگە نەبوو بەڵکو لەم رێگەیەوە

سوودمان لە هێزە بێدەنگکەرەکان وەرگرت.

گرفتی ئەم فۆڕمە پەروەردەییە ئەوەیە کە ئێمە بەشێوەیەکی کاتی باوەڕمان بە منداڵەکانمان کردووە کە دزی نەکەن، چونکە خوای گەورە کوێریان دەکات، ئەم باوەڕە لەگەڵ زۆر باوەڕی تر لە زەینی منداڵەکانماندا چاندومانن، بەڵام هێواش هێواش کاتێك منداڵەکانمان گەورە دەبن، لەدەمی دەردەچێت و درۆیەك دەکات، سەیردەکات خوای گەورە لاڵی نەکرد، شەیتان دەچێتە بن کلێشەی! شتێك دەدزێت، کەچی خوای گەورە کوێری ناکات، پاشان ئەمجار تاقیدەکاتەوە، دەڵێت ئەوجار لەدەمم دەرچوو درۆکەم کرد بۆیە خوای گەورە لاڵی نەکردم، با تاقی بکەمەوە ئەمجار هوشیارانە درۆیەك بکەم بزانم لاڵ ئەبم، درۆکەش دەکات و لاڵیش نابێت، هوشیارانە دزی دەکات و کوێریش نابێت، ئەو کات بۆی دەردەکەوێت کە ئەوەی کە پێیان وتبوو و بەمنداڵی ئەمیان پێ ترساندبوو راست دەرنەچوو، گرفتەکە هەر ئەمە نییە بەمەوە رابووەستێت، بەڵکو بیر دەکاتەوە زۆرێك لەو باوەڕانەی تر کە بەبێ بەڵگە خراونەتە زەینیەوە و -کە پێدەچێت لە بنەڕەتدا راستیش بن-، ئەوانیش هەر وەك بابەتی درۆو دزییەکەن و هێواش هێواش باوەڕی بەهەمــوو ئەو شتانە دەکەوێتە لەق بوون.

ئەم گرفتە زۆرجار بە نوستوویی دەمێنێتەوە هەتا منداڵ ئەگاتە نەوجەوانی و قۆناغی زانکۆ، ئەو کات چونکە زۆرێك لە بانگەشەکان بە بێبەڵگە خراونەتە زەینیەوە، کاتێك قسەی جیاواز دەبیستێت، یان لەبارەی باوەڕەکانیەوە پرسیاری لێدەکرێت، زۆر ئاسان کۆشکی باوەڕەکانی هەرەس دەهێنێت، لێرەوەیە کە دەبینین زۆرجار لەقۆناغی زانکۆدا ئەوانەی بە منداڵی بەم شێوەیە بارهاتون، بیروباوەڕەکانیان گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، رەنگە لە ئایین و پەیوەستەیی ئایینیش وازبهێنن، یان هەندێکجار دەبینین لە کچەکاندا ئەگەرچی لە خێزانێکی مولتەزیمدایە، بەڵام لە زانکۆ لەچکەکەی لادەبات و...هتد، بەشێکی زۆری ریشەی ئەم گرفتانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بە منداڵی بانگەشەی بێبەڵگەمان خستۆتە زەینی منداڵەکانمانەوە، واتە ئەوەی ئایینداربونی راگرتووە هەست و سۆزەکانیانن نەك بیروباوەڕەکانیان.

## سێ: پشت بەستن بە ئامۆژگاری

لەگرنگترین بنەماکانی پەروەردەی ئایینی کۆمەڵگەی ئێمە بریتییەلە ئامۆژگاریکردن، ئەو پەیامە ئایینیانەی کە هەمانە و دەمانەوێت بە منداڵەکانمانی بگەیەنین، لە زۆربەی کاتەکاندا لەڕێگەی ئامۆژگاریکردنەوە دەیانگەیەنین، ئەمە لەکاتێکدایە ئامۆژگاریکردن رۆڵێکی زۆر کەمی لە پەروەردەی منداڵدا هەیە، لەنەوجەوانیشدا کاریگەری ئامۆژگاریکردن لە سفر نزیك دەبێتەوە، بۆیە خراپترین رێگەی پەروەردەیی بریتیە لە رێگەی ئامۆژگاریکردن، کە بەداخەوە ئێمە لە پەروەردەی ئایینیدا لە هەر رێگەیەکی تر زیاتر پەنای بۆ دەبەین، گرنگترین جێگرەوەی ئامۆژگاری بریتییەلە رەخساندنی فەزا، ئەم رەخساندنی فەزایەش خشتی یەکەمی لەسەر رەفتاری دایك و باوك وەستاوە، بۆنمونە؛ ئەگەر خێزانێك بیەوێت منداڵەکانی نوێژخوێن بن، ئەوا پێویست بە ئامۆژگاریکردن ناکات، بەڵکو پێویستە دایك وباوك لەگەڵ منداڵەکاندا وەك رەخساندنی فەزایەك بۆ راهاتن بەکۆمەڵ نوێژەکەیان بخوێنن، یان بەخێزانی تێکەڵی ئەو خێزانانە بکەن کە

منداڵەکانیان نوێژخوێنن، یان ئەگەر دەمانەوێت منداڵەکان زمان پاك بن و زمانیان لەهەر جنێو و وشەیەکی ناشیرین پارێزراو بێت، ئەوا دەبێت خودی دایك و باوك وەهابن و منداڵەکانیشیان لەو ژینگەیە بەدووربگرن کە وشەی ناشیرینی تێدا ئاساییە، لەوەش زیاتر پێویستە منداڵ بخەنە فەزایەکەوە زمانشیرینی فەزیلەت بێت و زمان پیسی رەزیلەت، هەمیشەش لەگەڵ ئەنجامدانی ئەو کارانەدا شتێك بکەن کە منداڵەکان بەلایانەوە خۆشە تا ئەنجامدانی بۆنمونە نوێژەکە هەمیشە هاوڕابێت لەگەڵ وەرگرتنی چێژدا، ئیدی بەم شێوەیە بەرەبەرە هەست و سۆزەکانی لەگەڵیدا رادێن و دەبێتە بەشێك لە سیستمی کەسایەتی.

رەخساندنی فەزا هاوکات لەگەڵ چێژدا بۆ ئەوەی منداڵ بەهایەکی تێدا بچێنین، زۆر جێکەوتی لەسەر کەسایەتی مرۆڤ دەبێت، ئەو بەهایەی لەوەها دۆخێکدا دەگوازرێتەوە بۆ منداڵ دەبێتە بەشێك لە کەسایەتی و لەگەڵ هەست و سۆزەکانیدا کارلێك دەکات و دەبێتە بەشێك لە یادەوەری مرۆڤ، بۆیە کاریگەرییەکەی زۆر دوور دەبێت.

کارڵ گۆستاف یۆنگ، پێی وایە کاتێك ئێمە رووبەڕووی کێشەیەك دەبینەوە یان لەبەرامبەر دۆخێکی نوێدا دەوەستینەوە، بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکە، یان خۆگونجاندن لەگەڵ دۆخە نوێیەکەدا، ئێمە هەمیشە بێ ئەوەی ویستی خۆمانی لەگەڵ بێت، بۆ یادەوەریەکانی منداڵیمان دەگەڕێینەوە، لەوێوە چارەسەر بۆ گرفتەکانی بەردەممان پەیدا دەکەین، بۆیە ئەو فەزایەی کە هاوڕایە لەگەڵ چێژدا و ئەمڕۆ تێیدا بەهاکان لە منداڵەکانماندا دەچێنین، دەبنە

**ئامۆژگاریکردن ڕۆڵێکی زۆر کەمی لە پەروەردەی منداڵدا هەیە، لەنەوجەوانیشدا کاریگەری ئامۆژگاریکردن لە سفر نزیك دەبێتەوە.**

یادەوەری بۆ داهاتووی منداڵ و ئەو یادەوەریانەیە کە رەفتارەکانی ئێمە ئاراستە دەکات. ئەوەی لەم هاوکێشەیەدا ونە بریتیە لە ئامۆژگاری کە بەداخەوە ئێمە لە پەروەردەی ئایینی منداڵدا زۆر پەنای بۆ دەبەین، چونکە ئامۆژگاری هاوڕایە لەگەڵ ئازاری دەروونی بۆ ئامۆژگاریکراو، لەئامۆژگاریدا ئامۆژگاریکراو دەرك بەوە دەکات کە دایك و باوکم، یان کەسی پەروەرشیارم منی پێ مرۆڤێکی نەزانە، یان منی بەکەمگرتووە، بۆیە ئامۆژگاریم دەکات، ئەمەش هەمیشە هاوکاتە لەگەڵ هەستی بەبچوك سەیرکردن و سەرەکۆنەکردندا، هەر ئەمەش بەسە بۆئەوەی ببێتە سەرەچاوەی ئازارو دۆخی دەروونی نەخوازراو بۆ ئامۆژگاریکراو، بۆیە ئەگەریش بوویە یادەوەری هەمیشە شتی ناخۆشی لەگەڵدایە نەك چێژ، ئەو کات کاریگەرییەکەی لەجیاتی ئەوەی ئەرێنی بێت نەرێنییە.

بۆیە هێندە گرنگی بە یادەوەری دەدەم، چونکە باوەڕم بەوە هەیە کە بۆ زۆربەی خەڵکی، یادەوەری زیاتر لە بەڵگەکاری لەسەر بیروباوەڕ یان هەست و سۆز یان ئیرادەی مرۆڤەکان

کاریگـەری هەیـە، ولیـام جیمـز لـە وتارێکیـدا لـە هارڤـارد ئامـاژە بـەوە دەکات کـە بەڵگـە تەنهـا بەشـێکی کەمـی باوەڕەکانـی ئێمـە دروست دەکات، ئـەو ئامـاژە بـە حـەوت شت دەکات کـە پێکهێنـەری باوەڕەکانـی ئێمـەن، کـە بریتیـن لـە:

**١.**تەڵقینەکانی دەورانی منداڵی

**٢.**رەفتار و کەسایەتی مامۆستا یان پەروەرشیار

**٣.**خۆشی

**٤.**نەفرەت

**٥.**ترس

**٦.**بەرژەوەندی کەسی یان گروپی

**٧.**بەڵگە

ئەگـەر سـەرنج بـدەن پێنـج هـۆکاری سـەرەتا یـادەوەری زۆر کاریگـەریـی دەبێـت لەسـەریان.

لێـرەوە، ئەگـەر دەمانەوێـت مـرۆڤ لەسـەر باوەڕێـك بێـت دەبێـت یـادەوەری بـۆ دروست بکەیـن، مـن بۆخـۆم زۆر چێـژ لـەو کۆرسـەی میسر ئەبـەم کـە (اسماءالحسنی) دەڵێن، چونکـە بەمنداڵـی هەمیشـە پێـش کارتـۆن کاتـی نانـی ئێـوارە تەلەفزیـۆن ئـەو کۆرسـەی پەخـش دەکـرد، ئێسـتا چێـژ لـەو کۆرسـە دەبـەم چونکـە پەیوەنـدی بـە یـادەوەری منـەوە هەیـە، ریشـەی لـە منداڵیـی منـدا هەیـە، کۆبونـەوەی خێـزان، سـفرەی خێزانـی و بەربانـگ، کارتۆنـی خـۆش و ...هتـد هەمویـان لەپشـتی ئـەوەوەن کـە مـن چێـژ لـەو کۆرسـە ببـەم، ئیتـر یـادەوەری خۆشـە بـۆ مـن، بۆیـە ئەگـەر دەمانەوێـت بەهایەکـی ئایینـی لـە منداڵەکانمانـدا بچێنیـن، دەبێـت بابەتـی دروسـتکردنی یـادەوەری خـۆش مەسـەلەیەکە شـێلگیرانە وەربگـریـن.

کاتێك بـەم چاوەوە لـە چاندنی بەها دەڕوانیت، دەبینیـت ئامـۆژگاری کەمتریـن ڕۆڵـی هەیـە، کـە نزیکـە لـە سـفرەوە، بگـرە لـە زۆر شـوێندا ئـەو ئامۆژگارییـە کاریگـەری نەرێنـی دەبێـت و ئێمـە لـە ئامانجەکەمـان دوورتـر دەکاتـەوە. ئەگـەر کـورت بینیـن و قسـەیەکمان هەیـە بـۆ ئێسـتا و دەمانەوێـت بـە منداڵەکەمانـی بگەیەنیـن، ئـەوا لەجیاتـی ئامـۆژگاری دەکرێـت لـە چیـرۆك کەڵـك وەربگریـن و پەیامەکەمـان لەرێگـەی پاڵەوانـی چیرۆکـەوە بگەیەنیـن، ئیشـی چیـرۆك یـان ئەرکێکـی ئەخلاقیـە، یـان مەعریفـی، ئەگـەر ئەخلاقـی بـوو ئـەوە یـان دەمانەوێـت ڕەزیلەتێکـی ئەخلاقـی لـە منداڵەکەمانـدا نەهێڵیـن، یـان فەزیلەتێکی ئەخلاقی لـە منداڵەکەماندا بچێنیـن، ئەرکـە مەعریفییەکەشـی بریتیەلـەوەی لەرێگـەی چیرۆکـەوە هەندێك پرس بگەیەنیـن کـە دەتوانێـت عەقڵـی منـداڵ بکاتـەوە، یـان دونیابینـی فـراوان بـکات، بۆیـە چیـرۆك بـۆ کـورت مـاوە، دەتوانێـت جێگرەوەیەکـی بـاش بێت بۆ ئامۆژگاری، یادەوەری بـۆ دوورمـاوە باشـترین جێگـرەوەی ئامۆژگاریـە.

**ئەگەر دەمانەوێت مرۆڤ لەسەر باوەڕێك بێت دەبێت یادەوەری بۆ دروست بکەین.**

# فەلسەفەی پەروەردە
# فەلسەفە وەک دینامۆی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن

ڕەهبەر مەسعود عەبدولخالق

فەلسەفە دیدگایەکی ئەقڵیی گشتگیرە بۆ چەمکەکانی گەردوون و ژیان و مرۆڤ، بە وشە و دەستەواژەی پووخت وکەم، جا ئەگەر فەلسەفە چارەسەری ئەو جۆرە بابەتانە بکات، مانای وایە گوزارشتە لە بیرکردنەوەی ئەقلانیانە لە بەرزترین ئاستەکانی.(١) ئەگەر لە رووی ریشەناسییەوە/ Etymology ریشەی Philosophy توێکاری بکەین پێکدێت لە دوو وشەی (-philos sophia) خۆشەویستی و عیشق و ئارەزووی بەهێز بۆ حیکمەت، حەکیمی راستەقینەش کەسێکە کارەکانی حیکمەتە، و کاروبار و رووداوەکان بە تەرازووی عەقڵ کێشانە و پێوانە دەکات.

کەواتە دەتوانین بڵێین فەلسەفە هەر شەوق و عیشق و تامەزرۆییەکە بۆ ناسین و کەشفکردنی هۆکارە شاراوەکان و راستیە گەورە و بنەڕەتییەکانی ژیان و مرۆڤ و گەردوون. (٢) هەر بۆیە ئەرستۆ گوتوویەتی: "فەلسەفە لە هەموو زانستەکانی تر بە دەسەڵاتترە و خاوەنی مەعریفەیە". (٣) هەروەك هێگڵ گوتوویەتی: "فەلسەفە شای هەموو زانستەکانە."

پێوەندییەکی راستەوخۆ هەیە لە نێوان فەلسەفە و بونیادنانی هۆشیاری، یاخود دەتوانین بڵێین هۆشیاری(awareness) لەخودی فەلسەفەوە لەدایکدەبێت و یەکێك لە ئەرکە گەورەکانی فەلسەفە بونیادنانی هۆشیارییە. کۆمەڵگەی هۆشیار ئەو کۆمەڵگەیە کە بیرکردنەوە و ئەقڵاندن و فەلسەفاندنی لە لووتکەدایە، لەم جۆرە کۆمەڵگەیەدا فەلسەفە وەك خۆر بەردەوام هۆشیاری باڵاتر و پێشکەوتووتر پەخش دەکاتەوە،

هۆشیاری سیاسی، کۆمەڵایەتی، شارستانی، کەلتوری، پەروەردەیی و تەندروستی... هەمووی دەرکەوتە و دەرئەنجام و بەرهەمی فەلسەفەن کە بیرکردنەوەی باڵا و چالاکی بەرزی ئەقڵین.

هەندێك هۆشیاری بەوە پێناسە دەکەن کە ئەقڵ ئیدراك و بەرکەوتنێکی راستەوخۆی هەیە لەگەڵ ژینگەی دەورووبەری خۆی لە ڕێگەی پێنج هەستەکانەوە. فەیلەسوفی ئەڵمانیش هێگڵ پێی وایە مرۆڤ تاکە هەبووە کە لە خۆی تێدەگات و هۆش و ئاگایی بە خودی خۆی هەیە.(٤) لە ئەنجامی ئەم خودهۆشیارییە/ Self-awareness مرۆڤ بەردەوام رەهەندە ناوەکییە Esoteric Dimension رۆحییەکانی کەشف دەکات. ئەم کەشفکردنەش دەچێتە ناو پرۆسەی ئاڵۆزی خودکەشفکردن(self- disclosure) وشەی (Disclosure) لە زمانی ئینگلیزیدا واتە کردنەوەی قوفڵی گەنجینەیەك کە چەندین نهێنی گرانبەهای تێدایە. خودکەشفکردنیش پرۆسەیەکە تایبەتمەندە بە مرۆڤەوە بە پێی بۆچوونی هێگڵ، لەم پرۆسەیەدا بە هۆی جووڵەی بەردەوامی هۆشیارییەوە لاپەرە شاراوەکانی ناخ و بوون و ناوەرۆکی کەشف دەکات، ئەم کەشفکردنەش کە پەیوەستە بە جۆری هۆشیارییەوە دەبێتە سەرچاوەی گۆڕانکاری و وەچەرخان لە دونیای دەرەوەی مرۆڤدا. لای دیکارت کرۆکی (هۆش و خود) بریتییەلە بیرکردنەوە، خودیش وەك بوونێکی هۆشیار و ئاقڵ نامێنێت.(٥) لە کۆمەڵگە دواکەوتوو و پرکێشەکان هۆشیاری نائامادەیە، هەر بۆیە بنەڕەتترین قەیران لەم جۆرە کۆمەڵگەیەدا بریتییەلە قەیرانی ئاگایی و شڵەژانە فکریەکان. چونکە ئەگەر سێکتەری پەروەردە قەیراندار بوو، کە کایەیەکی مرۆیی بنچینەییە، ئەوا ئەو قەیرانە پەلوپۆ بۆ گشت کایە مرۆییەکانی دیکەی نێو کۆمەڵگە دەهاوێت.

**پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان**

پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستاندا لە قەیراندایە، تانوپۆی ئەم قەیرانەش لە هەرێمدا بەڕوونی بە ژیانی گشتییەوە دیارە و بە باسکردنی بوونی قەیران لە پرۆسەی پەروەردە و خوێندن لە کوردستاندا هیچ شتێکی نوێ نەوتراوە. هێندەش باسی بوونی قەیران لەو بوارەدا لەلایەن تاك و گرۆ و پێکهاتە و ڕێکخراوە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردستانەوە چەندبارە کراوەتەوە و بووەتە بنێشتە خۆشەی سەر زمانی هەموو کەسێك، تا ئاستێک وەك شتێکی ئاسایی لێ هاتووە و خەریکە لە کێشە دەردەچێت و چیدی ئاسوودەیی کۆمەڵگە و حکومەت ناشێوێندرێت. (٦) کەواتە زۆر بە روونی و راشکاوی لەوە تێدەگەین بوونی قەیران لەم سێکتەرە دەگەڕێتەوە بۆ نائامادەیی فەلسەفە وەك چالاکییەکی بەرز و باڵای و ئەقڵی، دواجار نەبوونی هۆشیاری دەکەوێتە ئەستۆی خودی حکومەت و بەرپرسە پەروەردەیی و ئەکتەرە پەروەردەییەکانی ناو پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن وەك؛ وەزیر و بەڕێوبەر و سەرپەرشتیار و مامۆستا... کە گۆڕانکاری کابینەکانی حکومەت و وەزیرە پەروەردەییەکان و تەنانەت چاکسازییەکانیش نەیانتوانیوە قەیرانە پەروەردەییەکە چارەسەر بکەن، چونکە نەیانتوانیوە فەلسەفە و مەعریفە و فکر بکەنە کارا وهۆکاری چاودێر بەسەر پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنەوە.

کەواتە داڕشتنەوە و بونیادنانەوەی فەلسەفەی

پەروەردەیی بۆ کوردستان لە دەستپێکی چارەسەری قەیرانە پەروەردەییەکەن، جەختکردنەوە لە گرنگی فەلسەفە و فیکری پەروەردەیی و نیشاندانی پەیوەندی تیۆر بە کردارەوە بۆ ئەوەیە کە بیر و تێگەیشتنی رەخنەگرانە ببێتە بڕیاردەری کردارەکان، لەڕێی هزر و فەلسەفەی پەروەردەییەوە فێری ئەوە ببین کە پرسیاری جۆراوجۆر لە بارەی حاڵەت و ئەزموونە کردارییەکانەوە بکەین. تیۆریا و فەلسەفەی پەروەردە بۆ پشتیوانیکردنی مامۆستا و فێرخواز و توێژەر و کارمەندان و کەسانی پەیوەست بە پەروەردەوە تا بتوانین ئاوڕ لە ئەزموون و بیرکردنەوە و کارەکانیان بدەنەوە و باشتر لێیان بکۆڵنەوە و تێیان بگەیەنن و لە ئەنجامدا کار و چالاکییەکانیان بەرەوپێش ببەن.(٧)

ئەو هاوێنەیەی کە گوتاری پەروەردەیی و ئەکادیمی باو لە هەرێمی کوردستاندا دونیای پەروەردە و فێرکردن لێوە دەبینێت گرنگی بە پەیوەستبوون بە رەهەندە فەلسەفیەکانی فێربوون و فێرکردن نادات. واتە فەلسەفە و تیۆری پەروەردەیی لە هاوکێشە پەروەردەییەکاندا ونن و کار و چالاکی پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستاندا سەرچاوەیەکی دیکەیان هەیە لە بری ئەوەی ئەنجامی بیرکردنەوەی قووڵ و رەخنەگرانە و دۆزینەوەی پەیوەندییە جیاوازەکانی مەعریفە و مرۆڤ و دەوروبەرن. پێکهاتە و میکانیزم و سیاسەتی دەستگا پەروەردەیی و ئەکادیمییە فەرمیەکانی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکن کە بە ئاسانی هەر هەوڵێکی گرێدانی فەلسەفە و تیۆری پەروەردەیی بە کار و چالاکییە پەروەردەییەکانەوە دەچەپێنن و لە باری دەبەن. سیاسەتی پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستاندا لەسەر کۆپیکردن و

## فەلسەفە و فیکری پەروەردەیی و نیشاندانی پەیوەندی تیۆر بە کردارەوە بۆ ئەوەیە کە بیر و تێگەیشتنی رەخنەگرانە ببێتە بڕیاردەری کردارەکان،

دووبارەکردنەوەی ئەزموونی پێشتر دامەزراوە و هەر هەوڵێکی بۆ زیاتر چەسپاندنی ئەو بڕیار و رێکارانە کە پێشتر گیراونەتەبەر، بۆ نمونە؛ لە پەروەردەکردن و پێگەیاندنی مامۆستایاندا

هێندە لەسەر وەرگرتنی ئەزموونی مامۆستایانی پێشتر لەسەر کارکردن لە ناوەندەکانی خوێندندا بۆ وەرگرتنی ئەو ئەزموونانەی لەهەر ناوەندێکدا بارن جەخت دەکرێتەوە، هێندە لەسەر پێکهێنانی کەش و هەوایەکی فەلسەفی و مەعریفی پرۆفیشناڵ بۆ مامۆستایان جەخت ناکرێتەوە تا رێیان لە ئەزموون و شێوازی دیکەی خۆناسین و ماناکانی بوون بە مامۆستا بکەوێت، بۆیە دەبینین هەمیشە کار لەسەر راهێنانی مامۆستا لە خول و وۆرکشۆپە کورتخایەنەکاندا لەلایەن مامۆستا و سەرپەرشتیاری بەئەزموونەوە دەکرێت نەك پەروەردەکردنی مامۆستایان وەك کەسانی پرۆفیشناڵی سەربەخۆ و ئازاد و پەیوەست بە بیرکردنەوەی رەخنەگرانە و پەیوەست بە ئەزموونە ئاکاری و رۆحییەکانەوە، لە کوردستاندا بە شێوەیەکی ئاسایی جەختکردنەوەکە لەسەر بڕی ئەزموونە، نەك لەسەر چییەتی و چۆنیەتی

ئەزمـوون، بـەڵام مامۆسـتایەك لـەڕووی بـڕەوە ئەزموونـی بیسـت سـاڵی وانـە وتنـەوەی هەبێـت لەوانەیـە لـە جـۆردا تەنیـا ئەزموونـی یـەك سـاڵی هەبێت و نـۆزدە سـاڵەكەی دیكـە بـەردەوام ئەزموونـی سـاڵی یەكەمـی دووبارەكردبێتـەوە و هیچـی نوێـی نەخسـتبێتە سـەر هیـچ، هـەروەك فەیلەسـوفی پەروەردەیـی جـۆن دیـوی پێـی وایـە گـەر كار و چالاكـی لەسـەر بنەمـای هۆشـیار و ئاقاڵانـە، لەسـەر قووڵبوونـەوە بـە نێـو ڕاستییەكان و ماناكانیانـدا دانەمەزرابێـت، ئـەوا ئەزمـوون زۆر بـە سـادەیی كار و كـردەوەی نادروست دەگۆڕێـت بـۆ نەریتـی هەڵـە. ئـەم جەختكردنـەوەش لەسـەر فەلسـەفە و تیـۆری پەروەردەیـی بـە كار و كـرداره پەروەردەیەكانـەوە، فەلسـەفەی پـەروەردە لـە هەرێمـی كوردسـتاندا دەكاتـە باسـێكی چالاكـی خۆماڵـی و هەڵقـوڵاوی كـردار و ئەزمـوون و ئـاكاری پەروەردەیـی و لەڕوویەكـی دیكـەش پێشـنیازی ئـەوە دەكات كـە كـردار و ئەزموونـە پەروەردەیـەكان لەسـەر بنەمـای كاری پڕۆفیشـناڵ و هۆشـیار و مەعریفـی دابمەزرێـن نـەك لـە نەریتـە باوەكانـەوە سەرچاوە بگـرن. (٨)

كەواتـە دەتوانیـن بڵێـن فەلسـەفە و پـەروەردە تەواوكـەری یەكتـرن، یاخود دووڕووی یـەك دراون. هـەروەك فەلسـەفەی جـۆن دیـوی جەخـت لـەوە دەكاتـەوە مەعریفـە بریتییەلـە وەرچەرخانێـك لـە بارێكـی كێشـەدارەوە بـۆ بارێكـی چاككراو. ئـەم وەرچەرخانـەش دوو پێكهاتـەی هەیـە، ئەوانیـش بیركردنـەوە و كاركردنـ، چونكـە كاركردنـی بـێ بیركردنەوە شتێكی كوێرانە و ڕۆتینە و بیركردنەوەیش بـێ كاركـردن هیـچ مانـای نییـە. (٩)

هـەروەك پەروەردەناسـەكان دەڵێـن فەلسـەفە بـێ پەروەردەكـردن واتـە هزرێكـی بـێ وەزیفـە، پەروەردەیش بێ فەلسەفە دەبێتە كردەیەكی بێسەروبەر و ناڕێك.

## هەوڵەكان بۆ بنیادنانی فەلسەفەی پەروەردە؛

لـە سـاڵی ١٩٧٠ (ڕێكخـراوی نێودەوڵەتـی یونسـكۆ) بڕیاریـدا بـە پێداچوونەوەیەكـی گشـتی سیسـتەمە پەروەردەییەكانـی دونیـای هاوچـەرخ چونكـە ئـەوەی ئـەم ڕێكخـراوە هیـوای بـۆ دەخواسـت لـە ئامانجە پەروەردەیـەكان نەدەهاتـەدی، لەبەرئەمـە لیژنەیەكیـان پێكهێنـا بـە سـەرۆكایەتی (المسیو ایدجارخۆر) وەزیری پـەروەردەی پێشـووی فەڕەنسا. ئـەم لیژنەیـە سـەردانی ٢٣ وڵاتیـان كـرد بـە مـاوەی دوو سـاڵ (٨١) توێژینـەوەی ئەنجامـدا، هەمـوو توێژینـەوەكان لـە بەرگێكـدا كۆكرانـەوە لـە ژێر ناونیشانی (بۆ فێربوون/To Be Learn)، وەرگێڕدرایـە سـەر چەندیـن زمـان و دابەشـی سـەر وڵاتانـی ئەندامیـان كـرد لـەم ڕێكخـراوە بـۆ ئـەوەی سیسـتەمێكی نـوێ و پەروەردەیـی لەسـەر بنچینـەی فەلسـەفەیەكی پەروەردەیـی نوێـی هاوچـەرخ دابڕێژێـت. پوختـەی ئـەم ڕاپۆرتـە بـە تایبـەت سـەبارە بـە فەلسـەفەی پـەروەردە ئەوەبـوو؛

-سیستەمی پەروەردە وەڵامدەرەوەی پێشكەوتنە تەكنەلۆژیەكان نییە.

-چینایەتی تێدایە، تەنانەت لە وڵاتە پێشكەوتوەكانیش.

-نەگونجاوە لەڕووی ژینگەی كەلتوری و ناوەندە كۆمەڵایەتییە مرۆییەكانەوە.

-بنچینـەی سیسـتەمەكان زۆربـەی دەگـەڕێتەوە بـۆ سـەرەتای ڕێنیسـاس و چاودێریـی كەنیسـە و

پیاوانی ئایینی ئەوکات، بەمەش کاریگەرییەکەی لەسەر ئەوروپا و ئەمریکا جێهێشت لە رووی شێوازەکانی پەروەردە و بەڕێوەبردن و پرۆگرامەکانی خوێندن بە دیدگای کەنیسەیی بۆ مرۆڤ و ژیان و گەردوون، ئەم دیدگا و تێڕوانینە کەنیسەییەش جۆرێك لە ئەقڵیەتی پەروەردەیی و فەلسەفەیەکی پەروەردەیی تایبەتی دروستکربوو.(١٠)

بەگوێرەی ئەم راپۆرتە و لیژنەی نێودەوڵەتی یونسکۆ، پێیان وابوو کەنیسە پەروەردەییەکان لە ژێر کاریگەری مێتافیزیکی کەنیسەدا بووە و شکڵ و شێوەی بە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن داوە، بەمەش بزوتنەوەی دیدی پراگماتیزم بۆ پەروەردە پەیدابوو، وەك پەرچەکردارێك بۆ دیدە مێتافیزیکییە ئایینییە کەنیسەییەکە، جۆن دیویش یەکەم فەیلەسوف بووە بۆ پەروەردە و فەلسەفەی پەروەردە و فێرکردن، بەمەش فەلسەفەی پەروەردە لەدایکبوو. لە جیهانی ئیسلامیدا لەگەڵ لەدایکبوونی دید و قوتابخانە و تێڕوانینی نوێ بۆ پەروەردە و سیستەمە پەروەردەییەکان لەسەر بنچینەی فەلسەفەیەکی راشنالانەی هاوچەرخ، هەوڵەکان دەستی پێکرد تا فەلسەفەیەکی پەروەردەیی ئیسلامیی بونیاد بنرێت و دابڕێژرێت، بە تێڕوانین و بە پێی دیدگای قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر(د.خ). هەر بەم بۆنەیەوە لە ساڵی ١٩٧٧ کۆنگرەی مەککە بەسترا لە ژێر ناونیشانی (المؤتمر الاول للتعلم الاسلامي)، بە بەکورتی ٣١٣ ئەندام لە ٤٠ وڵاتی ئیسلامیی ١٥٠ لێکۆڵینەوەی تێدا ئەنجام درا . مهاتیر محمد یەکێك بوو لە

**ماملۆستایەك لەڕووی بڕەوە ئەزموونی بیست ساڵی وانە وتنەوەی هەبێت لەوانەیە لە جۆردا تەنیا ئەزموونی یەك ساڵی هەبێت و نۆزدە ساڵەکەی دیکە بەردەوام ئەزموونی ساڵی یەکەمی دووبارەکردبێتەوە.**

ئەندامەکان، ئەوکات وەزیری پەروەردەی مالیزیا بوو، زۆرترین قسە و باسکرا لە بارەی پەروەردە و فێرکردن، پوختەی راسپاردەکانیش ئەوانە بوو؛

**١.**ئامانجی پەروەردەی ئیسلامیی بریتییەلە پێگەیاندنی مرۆڤێکی چاك و چاکساز، بە دڵسۆزی و خواپەرستی کاربکات بۆ ئاوەدانکردنەوەی زەوی و بەرپاکردنی شارستانیەت بە پێی رێنمایە شەرعیەکان.

**٢.**هەروەها پێویستە پەروەردە دوو ئامانجی گەورە پێك بهێنێت؛

**یەك:** ئاشنابوونی مرۆڤ بە خودای گەورە خۆی لە رێگای وەحییەوە.

**دوو:** کەشفکردن و دۆزینەوەی (السنن الکونیە) لە رێگای عەقڵەوە. (١١)

دیدگای ئیسلامی هەر لە سەرەتای رێگاوە خۆی جیا کردەوە لە فەلسەفە پەروەردەییە رۆژئاواییەکە، کە لە ژێر کاریگەریی مێتافیزیکای مەسیحی خۆی راپسکاندبوو، هەروەك یەکێك لە رابەرە گەورەکانی قوتابخانەی (أسلمة المعرفة) وەک دکتۆر طه جابر العلدانی

لە کتێبی (أزمة الفكرية المعاصرة)دا دەڵێت: "ئێمە داننانێین بەو پێناسەیەی رۆژئاواییەکان بۆ مەعریفەی دەکەن، کە دەڵێن: المعرفة كل شی خضع للحس والبشرية، بەڵکو دەڵێین: المعرفة كل شی خضع للحس و البشرية والوحی) کەواتە دیدگای ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە بە توندی ئەو دیدە پۆزەتیڤیستییە بۆ پەروەردە و فێرکردن رەتدەکاتەوە و پەروەردە دەباتەوە ژێر مایکرۆسکۆبی مێتافیزیکا و وەحی ئیلاهی.

## فەلسەفەی پەروەردە چییە؟

سەرەتا پێویستە ئەو دوو زاراوەی فەلسەفە و پەروەردە بەجیا شیبکەینەوە: بە گوێرەی Oxford Collins Cobuild) Dictionary) فەلسەفە واتە توێژینەوە و دروستکردنی )تیۆرییەکان لە بارەی شتە بنەڕەتییەکانی وەك سرووشتی بوون، مەعریفە، هزر یان لە بارەی ئەوەی خەڵك چۆن بژیێت. بە گوێرەی English Dictionary) Babylan) فەلسەفە توێژینەوەی پرنسیپەکانی وەك بوون و رەفتار و مەعریفەیە، واتە لێکۆڵینەوە لە سروشتی هزری مرۆڤ و سروشتی جیهان. ئەم وشەیە، واتا فەلسەفە کۆکەرەوەی هەردوو ووشەی خۆشەویستی و داناییە، (خۆشەویستی دانایی/The Love of Wisdom)، یاخود عیشقی حیکمەت، هەموو حەکیمێك خاوەن مەعریفەیە، بەڵام مەرج نییە هەموو خاوەن مەعریفەیەك حەکیم بێت. بابای حەکیم مەعریفەکان لە کات و شوێن و دۆخی خۆی بەکاردێنێت. کەواتە فەلسەفە مەعریفە بەرهەم دێنێت و لەمەشەوە حیکمەت دایکی هەموو هونەرەکانە، دەرمانێکی دروستی ئەقڵی مرۆڤە، ساموێل تایلەریش دەڵێت: "فەلسەفە زانستی هەموو زانستەکانە." هەندێکیتر دەڵێن: لێکدانەوەی لۆ جیکیانەیە بۆ سروشتی حەقیقەت.(١٢)

## پەروەردە چییە؟

لەڕووی ریشەناسییەوە زاراوەی (Education) لە لاتینییەوە وەرگیراوە کە بنچینەی (/Educrer) Educatum) (Educore)/ ) ـەوە وەرگیراوە، واتە گەورەبوون و خۆراکپێدان و بەخێوکردن، گەشەپێدانی توانای منداڵ. لە زمانی هیندیدا (Education) واتە (Sha Sik)، رەگەکەی لە سانسکریتییەوە هاتووە کە وشەی (Shash )ـە، واتا دیسپلینکردن و کۆنترۆڵکردن و فەرمان پێکردن، بە کورت و پوختی واتە کۆنترۆڵکردن و دیسپلینکردنی رەفتارەکانی تاك. هەروەها زاراوەی (Vidya) نزیکە لەو واتای (knowledge) مەعریفە. لێرەدا پەروەردە دەبێتە گواستنەوەی مەعریفە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر.) (١٣)

گەشەکردنی زاراوەی پەروەردە لە دونیای مۆدێرندا زیاتر لە دوو واتا لەخۆ دەگرێت:

**١.** فێرکردنێکی دامەزراوەییانەیە لە قوتابخانە کە رەهەندێکی فەرمی هەیە.

**٢.** زانستی پێداگۆگی (Pedagogy) دەگرێتەوە.

پەروەردە ئێستا مانای فراوانتری هەیە، لەوەی کە لە چوارچێوەی قوتابخانە و دامەزراوە فەرمیەکاندا کورتکراوەتەوە، پەروەردەناسەکان دەڵێن: (-process long Live) پرۆسەیەکە بە درێژایی ژیان، یان پرۆسەیەکی بەردەوامە، لەناو ژیاندا جۆن

دیوی دەڵێت: "پەروەردە هەر خودی ژیانە."

پەیوەندی نێوان فەلسەفە و پەروەردە وێکچووی پەیوەندی بەیەکداچوو و تێکەڵبووی ئێسك و ماسولکەیە، بونیان بەندە لەسەر یەکتر و پشت بەیەکتر دەبەستن. فەلسەفە تیۆری هەیە و پەروەردەیش پراکتیك، فەلسەفە چوارچێوە و هێڵە گشتییەکان دادەنێت و پەروەردەیش دەیانکاتە مەشخەڵ و دەسکەلا خۆی، فەلسەفە مێتۆد و پرۆگرام نەخشە دەکێشێت پەروەردەیش لە چوارچێوەی پلانێکی ستراتیجی و میکانزمی پەروەردەی تایبەت، مێتۆد و پرۆگرامە نەخشەکێشراوەکە جێبەجێ دەکات.

سپێنسەر دەڵێت: "پەروەردەی دروست قابیلی جێبەجێکردنە بۆ فەیلەسوفە راستەقینەکان"مەبەستی لە فەیلەسوفی راستەقینە ئەوەیە کە دەبێت لە ناو پرۆسەی پەروەردەدا جێگەی ببێتەوە، ئەگەرنا پووچ و بەتاڵە.

جۆن ئادەمس دەڵێت: "پەروەردە لایەنی دینامیکی فەلسەفەیە."

کۆنەر دەڵێت: "لایەنی تیۆری ئاڕاستەی لایەنی پراکتیکی دەکات، لایەنی پراکتیکیش ئاڕاستەی لایەنی تیۆری دەکات." کەواتە دەکرێت بڵێین فەلسەفە جۆری تێگەیشتنە بۆ ژیان و پەروەردەیش بریتییەلەو ناوەندەی کە بەرجەستەی ئەو جۆری تێگەیشتنە دەکات.

**لەدایکبوونی فەلسەفەی پەروەردە**

فەلسەفەی پەروەردە کایەیەکی مەعریفی نوێیە، بە یەکێک لەو زانستانەی کە بە شەپۆلی سێیەم ناسراون هەژمار دەکرێت، شەپۆلی یەکەم خودی زانستەکانن لە بوارە جیاوازەکان، شەپۆلی دووەم

**پەروەردە ئێستا ماناى فراوانترى هەیە، لەوەى کە لە چوارچێوەى قوتابخانە و دامەزراوە فەرمیەکاندا کورتکراوەتەوە.**

زانستە موزافەکان، شەپۆلی سێیەم فەلسەفەی زانستەکانە، یاخود دەتوانین بڵێین مەعریفە و زانستەکان دوو ئاستیان هەیە، ئاستی یەکەم باسی بابەتەکانی زانستەکەیە وەك پەروەردەناسی و بابەتەکانی پەروەردە، بەڵام مەعریفەی ئاستی دووەم دەبێتە فەلسەفەی پەروەردە کە لێکۆڵینەوە دەکا لە خودی پەروەردە، تیۆری پەروەردە و قۆناغەکان و تیۆریەکان و پیشگریمانەکان/ premesis و لێکۆڵینەوە لە لێکۆڵینەوە پەروەردەییەکان و پشکنینی تیۆریەکان.(١٤)

بۆ دیاریکردنی بوونیاد و پێوەندی و پەیکەری فەلسەفەی پەروەردە دەتوانین سوود لە کتێبەکەی تی. دەبلیو. مۆر/ T. W. Moore وەربگرین، بەناونیشانی (فەلسەفەی پەروەردە، پێشەکییەک)، بوونیادەکە دەکەینە هەرەمێك وەك راگرێك بۆ روونکردنەوە؛

ئاستی یەکەمی هەرەمەکە کە پێی دەگوترێت (Ground Order Activity)، کە زۆرترین پانتایی و رووبەری داگیرکردووە، بریتیەلە زانستە پەروەردەییەکانEducational Sciences/، زانستە پەروەردەییەکانیش

وەك ڕێگاكانی وانەوتنەوە، فێربوون و فێركردن، پێداگۆگی، پێوانە و هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی، ڕەفتارناسی و....... ئەكتەرەكانی ئەم ئاستەش بریتین لە پەروەردەكاران، وەك مامۆستا، بەڕێوبەر، سەرپەرشتیار، ....... میتۆدی زانستە پەروەردەییەكان ئەزموونییە و پشت بە داتا و ژمارە و چاودێریكردن و ڕوانین دەبەستێت، لە ڕووی بابەتیشەوە لە ماددەكانی زانستە پەروەردەییەكان دەكۆڵێتەوە، بۆ نمونە؛ پێناسەی ڕێگاكانی وانەوتنەوە، شێوازەكانی وانەوتنەوە، پلانی وانەوتنەوە، بنەماكانی وانەوتنەوە،...هتد.

لە ڕووی ئامانجیشەوە گەیاندنی مەعریفە و گواستنەوەی كلتوری و بە كۆمەڵایەتیكردن و گەشەپێدانی تواناكانی فێرخواز، هەر بۆیە بەم زۆنە دەگوترێت زانستە پراكتیكییەكان.

ئاستی دووەمی هەرەمەكە كە پێی دەگوترێت (Second Order Activity) كە لە ناوەڕاستدایە، بریتییەلە تیۆریە پەروەردەییەكان (Educational Theorires)، كار و ئەركی سەرەكی ئەم ئاستە بریتییەلە ئافراندنی تیۆریە پەروەردەییەكان، ئەكتەرەكانی ئەم ئاستەش پێیان دەگوترێت تیۆریە پەروەردەییەكان. بۆ دانانی تیۆر لەم بوارە تیۆریە پەروەردەییەكان زۆر سوود لە دەرەنجامەكانی لێكۆڵینەوەكانی ئاستی یەكەم وەردەگرن.

ئاستی سێیەم پێی دەگوترێ (Supreme Order Activity) كە لوتكەی هەرەمەكەیە و بیركردنەوەی باڵایە دەربارەی پرسە پەروەردەییەكان. فەلسەفەی پەروەردە بریتییەلەم ئاستە باڵا و پێگە بەرزەی لوتكەی هەرەمەكە.(١٥)

لێرەدا فەلسەفە وەك سەرچاوە و داینەمۆ و تێڕوانین و بیرۆكەی گشتیی و گشتگیر و دیدگا و چوار چێوەی ستراتیجی دەداتە پرۆسەی پەروەردە و فێركردن. كەواتە لێرەدا فەلسەفەی پەروەدە دەبێتە نەخشەڕێگا بۆ پەروەردە و فێركردن. (١٦) هەر بۆیە نووسەر دی.جی.ئۆكتور باس لە گرنگی فكری فەلسەفی بۆ قوتابیانی بەشی پەروەردە دەكات و دەڵێت:" پەروەردگار وەك بەڵێندەری بینا و باڵەخانەكان وایە، ئەوان بەرد دروست دەكەن و دادەنێن، ئەویش مرۆڤ دروست دەكات و دایدەنێت، بەڵام بە گوێرەی دیزاینەرێكی تیۆری لێهاتوو كە ئەندازیارێكە، فەلسەفەی پەروەردەش وەك ئەندازیار و دیزاینەرەكە بەرنامە و نەخشەڕێگە و ستراتیژ بۆ پرۆسەی پەروەردە دادەنێت." بەگوێرەی هەندێك توێژینەوەی تر فەلسەفە موزافەكان یان زانستە باڵا و ئاست بەرزەكان (High Order Activity) دەڵێن: ئەو زانستانەی زاراوەی فەلسەفەیان لەگەڵدایە، بەردەوام بەواتای بیركردنەوەی فەلسەفیانە دەدەن، واتا ئەو بابەتەی چەمكی فەلسەفەی چووەتە بەردەم، كەواتە لێرەدا (فەلسەفەی پەروەردە) دەبێتە ئەو زانستەی كە فەلسەفیانە بیردەكاتەوە دەبارەی چەمك و كێشە و بابەتە پەروەردەییەكان.(١٧)

## كەواتە بیركردنەوەی فەلسەفیانە چییە؟

ئەو جۆرە بیركردنەوە دوو تایبەتمەندیی هەیە: یەكەم ڕەخنەگرانەیە و دووەم داهێنەرانەیە، بیركردنەوەی فەلسەفیانە ئەوكاتە دەبێتە ڕەخنەگرانە كە لە ئاستی تێگەیشتندا خۆی بە واتای نوێ و جیاواز بگەیەنێت، چونكە

گەیشتن بە واتای نوێ مەرجی سەرەکییە بۆ راڤەکردن، ئەگینا راڤەکردن بێ رەخنەگرتن دەبێتە وەسفکردنێک بە بێ پڕۆسەی تێگەیشتن.

رەخنەگرتن لە پێناوی هەڵوەشاندنەوە و دامەزراندندایە. هەڵوەشاندنەوە لە پێناو وێرانکردندا نییە، بەڵکو هەڵوەشاندنەوە بۆ پڕۆژەی نوێیە و روو لە داهاتوو دەکات. کەواتە بیرکردنەوەی فەلسەفیانە و رەخنەگرانە لە داهێنان دانابڕێت و داهێنانیش ئامادەکردنی نائامادەکانە.(١٨)

بەشێکیتر دەڵێن: "موزا فەکان واتە بەکارهێنانی رێگە و مێتۆدە فەلسەفیەکان بۆ وەڵامدانەوەی کێشە سەرەکیەکان و بابەتەکان" کەواتە فەلسەفەی پەروەردە بەکارهێنانی مێتۆدە فەلسەفیەکانە بۆ پرسیارە سەرەکی و بابەتە بنەڕەتیەکانی پەروەردە. مێتۆدە فەلسەفیەکانیش وەك شیکردنەوەی لۆجیکیانە و چەمکاندن و زمانناسی (Philology). (١٩) هەروەها بەگوێرەی دیدی نۆریاتی ئالیاس (Noryati Alias) فەلسەفەی پەروەردە تویژینەوەی فەلسەفیانەی یاخود پراکتیککردنی دیدی فەلسەفیانەیە بەسەر تیۆریا و کێشە و بابەتە پەروەردەییەکاندا.(٢٠)

## پەراوێزەکان

١.فلسفە العلوم ،أ و. علی حسین الجباری ص١٩

٢.فلسفە العلوم ،أ و . علی حسین الجباری ص٣٣

٣. میتافیزیك، ئەرستۆ ، بینا ل٥

٤. wifi pedia

٥. سوودم لە wifi pedia وەرگرتووە بۆ راکانی دیکارت لەبارەی خود و هۆشمەندییەوە.

٦. فەلسەفەی دژە رەوت ، پەروەردە لە روانگەیەکی رەخنەگرانە.

٧. هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢٦

٨. هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٣٠ بۆ ٣

٩. هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٣٤

١٠. فلسفە التربیە االسالمیە، ماجد عرسان الگیالنی، ص ٢٢-٢٣ هەروەها The cotrnial experience)) (remain Lawrence) (America (education

١١. قوتابخانەی اسالمیە المعریفە، کۆسرت صالح أحمد ص ٣٢-٣٣

١٢. Shri N. Tunja , Philosophical foundation of edication , Ranjan Desh P٣

١٣. هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٥

١٤. کەشتی فیکر دەریای مەعنەویەت ، تەحسین حمە غەریب ل٣٢٩

١٥. T.W Moore, Pn introduction of philosophy of ٥-education P٣

١٦. کراسة (عالقە التربیە بلعلمیە) دەنبیل، ص١

١٧. فلسفە الدین، ابراهیم خضر ص ٤-٥

١٨. فەلسەفەی بوون، محمد کمالة ال ١٩-٢٣

١٩. فلسەفە الدین، ابراهیم خضر ص ٤-٥

٢٠. Noryat Alias , Educational sociology and philosophy P ٩٦

# ناساندنی فەلسەفەی شیکاریی
# چەند هەنگاوێک بۆ ئاشنابوون بە فەلسەفەی زمان

ئامادەکرن: ئاری عەلی ئەمین

### سەرنجێک

ئەم نووسینە تێپەڕینێکی زۆر خێرایە بە مێژووی فەلسەفەی شیکارییدا، بۆیە هەر بەو خێراییەش بەر کۆمەڵێک ناوی فەیلەسوف و قوتابخانەی فەلسەفی، ناونیشانی کتێب، چەمک، ساڵ و شوێن دەکەوین، واتا بابەتەکە زیاتر ئاشناکردنە تا ئەوەی کە یەکبەیەک بەوردیی لەسەر باسی خودی بابەتەکانی فەلسەفەی شیکاریی بووەستین.

### پێشەکی

فەلسەفەی شیکاریی لەم سەردەمەدا وەک سامان و نەریتێکی زاڵی فەلسەفی لە جیهانی ئینگلیزی زماندا تەماشادەکرێت، لانیکەم لە ناوەڕاستی سەدەی رابردووەوە ئەم ئاستەی گرتووە. بە درێژایی دوو دەیەی رابردوو کاریگەرییەکی دانەبڕاوی لەسەر جیهانی نائینگلیزی زمانیش داناوە. یەکێک لە نیشانەکانی پەلوپۆهاویشتنی کۆمەڵەکانی فەلسەفەی شیکاریی بوو لە جیهاندا. ئەو فراوانیەی نەریتی شیکاریی نەک هەر رێگر نەبوو کە ببێتە فەلسەفەیەکی هەمەگیر لە ئامانج و میتۆد و دیدگادا، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئێستا مەودایەکی بەرینتری لە رووی پێگە، گوتار و ئایدیاوە هەیە لە چاو رۆژگاری سەرەتایدا. ئیتر هەر لە بنەڕەتی گرنگیپێدان بە پرس و بابەتە مەعریفی و مێتافیزیکیەکانەوە بیگرە بۆ فەلسەفەی لۆجیک و ماتماتیک (سەبارەت بە بێرتراند راسڵ) و ئەخلاق و تیۆریای حوکم( لای جۆرج ئیدوارد مۆر) و لێرەشەوە پەلی هاویشت بەرەو وەرچەرخانی زمانەوانی (ئەمەش یەکەم جار کاری ڤیتگنشتاین

بوو) هەتا هەموو بوارەکانی فەلسەفە.

سەرەڕای ئەوەی کە بابەتەکانی فەلسەفەی زمان، لۆجیک، ماتماتیک، زەین، زانست و ئەخلاقی شیکاریی شادەماری فەلسەفەی شیکاریی پێکدەهێنن، بەڵام هاوکات کۆمەڵێک بواری تریش لەخۆدەگرێت، وەک؛ ستاتیکای شیکاریی، مارکسیزمی شیکاریی، فێمینیزمی شیکاریی، ئیلاهیاتی شیکاریی تۆمایزمی شیکاریی. ئیتر لە زۆر بواردا هەم ئاوەژووبوونەوە و هەم هەمەڕەنگی زۆر دەرکەوتن. یەکێک لە لقە سەرەکیەکانی فەلسەفەی شیکاریی لە قۆناغی سەرەتادا (پۆزەتیڤیزمی لۆجیکی) بوو کە بنەماکەی لەسەر رەتکردنەوەی مێتافیزیک راوەستابوو.

بەڵام سەرەڕای ئەمەش لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا مێتافیزیک بووژانەوەیەکی بە خۆوەدی، ئەگەرچی فەیلەسوفانی پێشینی شیکاریی دەستەواژەی (مێتافیزیکی شیکاریی/ analytic metaphysics) وەک ئۆکسیمۆرۆنێک *(oxymoron) تەماشایان دەکرد، بەڵام ئێستا ئەم چەمکە واتا (مێتافیزیکی شیکاریی) بووەتە لقەناونیشانێکی رێزلێگیراو و ناسراو.١ بە گریمانەی ئەوەی کە دیارە و بەرچاوە، فەلسەفەی شیکاریی بەرهەمی کاردانەوەیە بەرامبەر فۆڕمەکانی ئایدیالیزمی کانتی و هێگڵی، هێشتا کانتیانیزمی شیکاریی بۆ چەندین ساڵە گەشەدەکات و خۆدەنوێنێت، تەنانەت ئێستایش لە فەلسەفەی شیکارییدا قسەوباسێک هەر لەئارادان سەبارەت بە پێشڕەویکردن لە فۆرمی کانتیەوە بۆ فۆرمی هێگڵی.٢ بەشێوەیەکی گشتی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا دیاردەناسی وەک رکابەرێکی نەریتی شیکاریی تەماشای دەکرا، تەنانەت دیاردەناسیی شیکاریی و بە تایبەت دیاردەناسیی شیکاریی زەین(analytic phenomenology of mind) هەم رەونەقێکی هەیە و هەم خاوەنی پێگەیەکی پتەوە لە سەدەی بیست و یەکدا.

بە واتایەکی زۆر گشتگیر و خەملاندنێکی بنەڕەتی دەتوانین بڵێین فەلسەفەی شیکاریی نەریتێکە لە کارەکانی گۆتلۆب فرێگە(١٨٤٨-١٩٢٥)، بێرتراند راسڵ (١٨٧٢-١٩٧٠)، جۆرج ئیدوارد مۆر(١٨٧٣-١٩٥٨) و لودویگ ڤیتگنشتاین(١٨٨١-١٩٥٨)ـەوە سەرچاوەی گرتووە.

## ١: ریشەکانی فەلسەی شیکاریی

### ١:١ بێرتراند راسڵ و جۆرج ئیدوارد مۆر

زۆرجار یاخیبوونی راسڵ و مۆر دژ بە ئایدیالیزمی بەریتانی وەک نیشانەی لەدایکبووبی فەلسەفەی شیکاریی تەماشادەکرێت.٣ سەبارەت بە راسڵ بنەماکانی بیرکاری یەکلاکەرەوە و جێبایەخی ئەو بوو. دوای ئەوەی سەرەتا بەشێوەی لاقرتێ بەشان و باڵی هێگڵیزمی نوێدا پیاهەڵدانی دەکرد، دەرەنجام گەیشتە ئەو باوەڕەی کە تەنها بە رەتکردنەوەی بنەمای هێگڵیزمی نوێ سەبارەت بە پەیوەندییە نێوخۆییەکان/ Internal relations دەتوانرێت کردەیەکی بیرکاری تەواو مسۆگەر بکرێت. بڕیارەوتە پەیوەستەکان/Relational propositions بنەمان لە بیرکاریدا، لای راسڵ پەیوەندییەکان دەبێت وەک دانەی پێکهێنەری بڕیارەوتەکانی کەتوار/واقیع/real (واتا کەتوارێکی سەربەخۆ و سادە/independent and

(irreducible) مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت تا بیرکاری لە حەقیقەت پێکبێت.

بەڵام ئەوەی بۆ مۆر یەکلاکەرەوە بوو ناڕازیبوونی ئەو بوو لە ئایدیالیزم لەسەر (سەربەخۆیی شت و زەین). مۆر گەیشتە ئەو باوەڕەی کە جیهان بە تەواوی مانا لە چەمکەکان پێکهاتووە. بڕیارەوتەکان جگە لە چەمکی ئاڵۆز هیچی دی نین. لای مۆر تێگەیشتن لە بڕیارەوتەکان دەمانگەیەنێتە ئەوەی کە چەمکەکانی پێکهێنەری بڕیارەوتەکان ڕێک دەربارەی ئەو واقیعەن.

پاشان راسڵ و مۆر هەردووکیان دێن و جۆرێک لە (واقیعگەرایی راستەوخۆ/direct realism یان واقیعگەرایی کاڵ/خاو/na□ve/realism) بینا دەکەن، ئەمەش دەبێتە دڵی یاخیبوونەکەیان دژی ئایدیالیزمی بەریتانی.

لە کتێبی (My Philosophical Development) راسڵ دەرباری ئەو یاخیبوونەیان واتا (فەلسەفەی نوێی) خۆی و مۆر دەدوێت، دەڵێت:٤ هەرچی باس و دۆزینەوەیەکمان هەبوو جەخت کردنەوە بوو لە رۆڵی 'شیکاریی'. راسڵ لە یەکەم پاڵپشتی خۆیدا بۆ (لایبینتس: Leibniz)ی فەیلەسوفی ئەڵمانی کە وەک حەقیقەتێکی ئاشکرا بانگەشەی بۆ کرد، وتی" دەبێت هەموو فەلسەفەیەکی دروست لە شیکاریی بڕیارەوتەکانیەوە دەستپێبکات".٥

سەبارەت بە مۆر، ئەم بابەتی شیکارییە بریتییەلە شیکاریی بڕیارەوتەکان بۆ چەمکەکان، ئەمەش لە چاپتەری یەکەمی کتێبی (Principia Ethica)دا رۆڵی خۆی وازی دەکات، لەم کتێبەیدا مۆر ئارگیۆمێنت دەدات کە چەمکی "چاکە" دەرەپێناسەیە، چاکە هەرئەوەیە کە هەیە، ئەوەی چاکە دەلالەتی لێدەکات پارچەی بچووکتری نییە و لە توانادا نییە بەشبەش و شیکاریی بکرێت.٦

ئێستا بەرچاوڕوونیەکمان هەیە، ئەوەیە کە 'فەلسەفە نوێ' ـیەکەی راسڵ و مۆر پێیدەوترێت 'شیکاریی'، کرۆکی میتۆدەکەیشیان بریتییەلە شیکاریی بڕیارەوتەکان. ئەمە لای مۆر پێیدەوترا شیکاریی چەمکی، بەڵام بۆ راسڵ بابەتەکە هێندێک ئاڵۆزترە. مۆر و راسڵ هاوڕا بوون لەسەر ئەوەی کە ئامانجی فەلسەفەی شیکاریی لە دۆزینەوەی بنەما بنەڕەتییەکانی بڕیارەوتەکاندا خۆی دەبینێتەوە، راسڵ بەرنامەیەکی فراوانتری بۆ تێگەیشتن لەمە هەبوو، ئەویش بە ناوی شیکاریی لۆجیکی. ئەوەی لێرەدا دەخرێتەڕوو؛ ٧

یەکەم: دانەی پێکهێنەری لۆجیکیی بڕیارەوتەکان و نەگۆڕەکانی لۆجیکە.

دووەم کە زۆر گرنگترە؛ خودی بڕیارەوتە لۆجیکیەکان خۆیان.

سێیەم: و زۆر تایبەتترە؛ ئەویش بڕیارەوتە بنچینەییەکان یان بنەماکانی لۆجیکن کە هەموو بڕیارەوتەکان دەکرێت لەمانەوە دابڕێژرێن.

ئەمە کرۆکی ئایدیای راسڵ بوو لەو ئیشەیدا بە ناوی بنەماکانی بیرکاری لە ساڵی ١٩٠١دا، کاتێک بۆ یەکەم جار پرۆژەی لۆجیکگەرایی خۆی راگەیاند، پرۆژەی نیشاندانی ئەوەی کە چۆن دەکرێت بڕیارەوتەی بیرکاری لە بڕیارەوتەی لۆجیکی پوختەوە دابڕێژرێت.٨

### ١:٢ گۆتلۆب فرێگە و فەلسەفەی شیکاریی

ئەوەی لۆجیکگەرایی کردە بابەتێکی کردەیی، ئافراندنی لۆجیکی مۆدێرن بوو، کە هێزێکی گەورەی بەخشی بە گەشەی فەلسەفەی شیکاریی. ئیتر لێرەوەیە کە ناوی گۆتلۆب فرێگە دێتەناو داستانەکەوە و ناچارمان دەکات وەک یەکێک لە دامەزرێنەرانی فەلسەفەی شیکاریی بیناسین. فرێگە لۆجیکی کوانتیفیکەیشنی داهێنا، لەگەڵ ئەوەشدا کە راسڵ ئەم لۆجیکەی فرێگەی لەسەردەستی جوسێپێ پیانۆ (Giuseppe Peano) خوێندبوو، بەڵام نووسینەکانی پیانۆی لەبری ئەوانەی فرێگە هەڵبژارد تا ئیشی لەسەر بکات، بێگومان راسڵ جارێک بە تەواوی نووسینەکانی فرێگەی خوێندبووەوە، ئەمەش دوای تەواوکردنی کتێبەکەی (بنەماکانی بیرکاری) لە مانگی ٥ی١٩٠٢دا، راسڵ لە هەردووکیانەوە واتا فرێگە و پیانۆوە فێربوو، هەروەها بە رەخنەگرتنیش لە هەندێک بیرۆکەی کلیلیی فرێگە گەشەی بە پێگەی خۆیدا. ٩

هەروەها فرێگە باندۆری لەسەر ڤیتگنشتاین هەبوو، دۆزینەوەی هەندێک کێشە لە کارەکانی فرێگە و راسڵدا پاڵنەری قۆناغی سەرتای بیرکردنەوەی ڤیتگنشتاین بوو، ئەوە بوو کە ڤیتگنشتاین هەندێک لە گریمانەکانی ئەوانی وەرگرت و هەندێکیشیانی رەخنەکرد. لەبەرئەم پێگە و ئەنجامەیە کە دەبێت فرێگە بە یەکێک لە دامەزرێنەرانی فەلسەفەی شیکاریی هەژمار بکرێت. بەڵێ ئەوە راستە کە یاخیبوونی مۆر و

**"دەبێت هەموو فەلسەفەیەکی دروست لە شیکاریی بڕیارەوتەکانیەوە دەستپێبکات."**

راسڵ دژ بە ئایدیالیزمی بەریتانی سەربەخۆ بوو، بەڵام بەرهەمەکانی دواتری راسڵ و بیرکردنەوەی ڤیتگنشتاین ریشەیەکی گرێدراو و جیانەکراوەیان هەیە بە بۆچوونەکانی فرێگەوە. ١٠

لۆجیکی کوانتیفیکەیشن بۆ یەکەم جار فرێگە لە کتێبی (Begriffsschrift)دا ساڵی ١٨٩٧ دا خستییەڕوو، لەوێدا رایدەگەیەنێت کە دوائامانجی ئەو لەو کارەیدا پێشکەشکردنی شیکارییەکی لۆجیکییە بۆ ژمارە. بیست ساڵ پێش راسڵ فرێگە هەوڵیدا ئیسپاتی بکات کە ژمێرە/arithmetic سادە دەکرێتەوە بۆ لۆجیک. زۆرێک لەو بابەتانەی ئەمڕۆ لە فەلسەفەی زماندا بەرباسن بۆ فرێگە دەگەڕێنەوە، وەک؛ باسی جیاکاری نێوان چەمک و شت، ناوگەرایی و دەرۆگەرایی//internalism externalism، هەروەها گفتوگۆ دەربارەی فەلسەفەی زەین دەگەڕێتەوە بۆ تیۆریای فرێگە دەربارەی هزر، هەروەها تێڕوانینەکانی دەربارەی دەلالەت/indexicality.١١

داهێنانەکەی فرێگە، واتا لۆجیکی کوانتیفیکەیشن و شۆڕشەکەی راسڵ و مۆر

دژ بە ئایدیالیزمی بەریتانی، دوو گرنگترین رووداوی دەرکەوتنی فەلسەفەی شیکارییین، رووداوگەلێکی تر هەن کە ریشەیان لەنێو ئەو ئایدیا و دەستکەوتانەدایە کە وابەستەن بە قۆناغی سەرەتای فەلسەفەی شیکارییەوە، وەک؛

-شیکاریی لۆجیکیانەی فرێگە بۆ دەستەواژە وجودیی و ژمارەییەکان.

-رەخنەی مۆر لە سروشتەگەرایی.

-تیۆریای وەسف و تیۆریای جۆر-ی راسڵ.

-هەروەها تێگەیشتنی ڤیتگنشتاین لە بڕیارەوتەکان وەک تۆتۆلۆجی.

بۆیە تێگەیشتنێکی قووڵتر لە رەگوڕیشەی فەلسەفەی شیکاریی نیازمەندی ناسینی بەها و پێشینەی ئەم رووداوانەیە، سەبارەت بە پاشخانی ئەڵمانی لە رووی فەلسەفی و زانستییەوە؛ ئیشەکانی فرێگە و ڤیتگنشتاین، سەبارەت بە پاشخانی بەریتانیش؛ شۆڕشەکەی راسڵ و مۆر، لەلایەکی تریشەوە پاشخانی ماتماتیکی و لۆجیکی پرۆژەکانی فرێگە و راسڵ. کارەکانی دەیڤد هایدەر(David Hyder)، گۆتفرێد گابریەل(Gottfried Gabriel)، جۆن سکۆرەپسی(John Skorupski) و جەیمی تاپندن(Jamie Tappenden) زیاتر دەربارەی ئەم پاشخانەن.

### ٣:١ باندۆری گۆتلۆب فرێگە

زۆرجار بەها و گرنگێتی بابەت و رووداوەکان کاتێک هەستیان پێدەکرێت کە تێپەڕیون. لەم رووەوە ژمارەیەکی کەم لە خەڵک لەو کاتەدا درکی کارەکانی فرێگەیان کردبوو. راسڵ بانگەشەی ئەوەی کرد کە لە گرنگیپێدان و ئاماژە کردن بە فرێگەدا یەکەم کەس بووە. بانگەشەکەی راسڵ لەم لایەنەوە هەڵە بوو، بەڵام لە لایەکی ترەوە راست دەکات کە ئەو یەکەم کەس بوو لە خستنەڕووی فەلسەفەی فرێگە بە زمانی ئینگلیزی، هەر لەم رێگەیەشەوە بوو کە ڤیتگنشتاین بە ئیشی فرێگە ئاشنا بوو، هەروەها لێوەی فێربوو.١٢

باندۆری فرێگە لەسەر راسڵ و(زۆرتریش لەسەر)ڤیتگنشتاین نادیدە گیرا تا دوای جەنگی جیهانی دووەم، هەروەها کارەکانی فرێگە لە قۆناغی سەرەتای مێژووی فەلسەفەی شیکارییدا پشتگوێ خرابوون. تەنانەت ئەمڕۆیش، ئەو هەندێجار هێشتا هەر کەنار دەخرێت، بەڵام کۆدەنگی لەم زەمینەیەدا بێشک ئەو لە دڵی فەلسەفەی شیکاریدا دادەنێت.

### ٤:١ گرنیگدان بە بێرنارد بۆلزانۆ

لەم ساڵانەی دواییدا گرنگیدان بە کارەکانی بێرنارد بۆلزانۆ(١٧٨١-١٨٤٨: Bernard Bolzano) لە هەڵکشاندایە. بۆلزانۆیش هەر رێک وەک فرێگە و راسڵ رەخنەی لە بیرکاریی لای کانت دەگرت، هەروەها رەخنەی لەم بابەتانەیش دەگرت؛

-تێگەیشتن لە شیکاریی

-پێشیانەیی/ apriorityئیستیقرایی

-دەرەنجامی لۆجیکیی

-بڕیارەوتە

-میتۆدی هەمەجۆری/method of variation

-پێشبینی/anticipate

بۆلزانۆ باندۆری راستەوخۆی لەسەر چوار دامەزرێنەرەکەی فەلسەفەی شیکاریی-واتە فرێگە، راسڵ، مۆر و ڤیتگنشتاین-نەبوو، بەڵکو باندۆری راستەوخۆی لەسەر کاژیمێژ تفاتۆ فسکی (١٨٦٦-١٩٣٨: Kazimierz Twardowski) هەبوو، کە دامەزرێنەری قوتابخانەی لڤۆڤ ڤارشەڤە (Lvov–Warsaw School) بوو، کارەکانی دەبنە خۆراکی فەیلەسوفانی دواتری نەریتی شیکاریی، لەنێو ئەوانیشدا وەک؛

-ئەلەکسیەس مێینۆنگ (١٨٥٣-١٩٢٠: Alexius Meinong)

-ئەلفرێدتارسکی (١٩٠١-١٩٨٣: AlfredTarski).

درککردنی باندۆری پۆڵەندی و نەمساییەکان لەسەر نەریتی شیکاریی-یان باشترە بڵێین لقی فەلسەفەی شیکاریی سەربە پۆڵەندا و نەمسا- بۆلزانۆ دێنێتە نێو درەختی خێزانیی نەریتی شیکارییەوە، هەروەها وەک یەکێک لە باوانە گەورەکانی ئەم فەلسەفەیە دادەنرێت. رازی ببین یان نا بە دانانی بۆلزانۆ وەک فەیلەسوفی شیکاریی گرنگ نییە، چونکە بە دڵنیاییەوە کارەکانی پێگەی خۆیان هەیە بۆ تێگەیشتن لە فەلسەفەی شیکاریی. ١٣

ئەگەر هەر شتێک هەبێت تا خەسڵەتەکانی فەلسەفەی شیکاری بخاتەڕوو، ئەوا ئاشکراترین وەسفێک هەروەک لە ناوەکەیەوە دیارە، بریتییەلەو رۆڵەی کە خودی شیکاری دەیگێڕێت. هەروەک پێشتر باسکرا، فەلسەفەی قۆناغی سەرەتای راسڵ و مۆر شیکاریی بوو،

**حەیرانبوونی فەلسەفی/ philosophical perplexity لە هەڵەتێگەیشتنی لۆجیکی زمان و هزرەوە سەری هەڵداوە**

بەو پێیەی شیکاریکردنی بڕیارەتەکان سەنتەری میتۆدناسیی ئەوان بوو. هەروەک راسڵ خۆی لە ساڵی ١٩٠٠دا رایگەیاندبوو کە " دەبێت هەموو فەلسەفەیەکی دروست لە شیکاریی بڕیارەتەکانیەوە دەستپێبکات، ئەمە راستییەکی زۆر روونە، بەڵکو پێدەچێت بەڵگەیەکیش بێت". ١٤

## ٥:١ تیۆریای وەسف-ی راسڵ

تیۆریای وەسف-ی راسڵ ئاسۆیەکی نوێی بە رووی فەلسەفەدا کردەوە، ئەویش بۆ روونکردنەوەی فۆرمی لۆجیکیی' واقیعی' ی بڕیارەتەکان، ئەمەش بۆ دۆزینەوەی بونیادی بنچینەیی پێکهاتەی جیهان/ fundamental structure and composition of the world و چارەسەری حەیرانبوونی فەلسەفی/ philosophical perplexity کە لە هەڵەتێگەیشتنی لۆجیکی زمان و هزرەوە سەری هەڵداوە. راسڵ بە گەشەپێدانی بیرۆکەکانی پەیوەست بە 'سیمبولە تەواونەکراوەکان/incomplete symbols' و 'داستانە لۆجیکیەکان/ logical fictions' هەوڵی پەرژاندنی تیۆریاکەی دەدا بۆ نەهێشتنی

ئەو هاودژیانەی کە هەڕەشە بوون بۆ پڕۆژە لۆجیکیەکەی، ئەمەش دواتر وەرچەرخا بەوەی خۆی پێیدەوت 'بونیادە لۆجیکییەکان'.١٥

لە دیدی مۆریشدا سەبارەت بە شیکاری، گەشەکردن لە ئارادا بوو. تێگەیشتنی مۆر لە قۆناغی سەرەتادا کە لە کتێبی (Principia Ethica)دا دەردەکەوێت؛ لەو هێرشانەیدا بۆ سەر چەواشەکاری سروشتییانە/ naturalistic fallacy و هەروەها بۆچوونی خۆی دەربارەی ئەوەی کە نەبوونی هاوڕایی فەلسەفی لە جیانەکردنەوەی پرسیارە تێکەڵەکانەوە سەرچاوەی گرتووە. دوای ئەوەی کە دیدی مۆر ئاڵۆزتر دەبوو. بۆ نمونە مۆر پشتگیری وەسفوسەنای رامسی دەکرد دەربارەی (تیۆریای وەسف)ی راسڵ، بەڵام خۆی پشتگیری هیچ پڕۆژەیەکی سیستەماتیکی نەکرد وەک ئەوەی راسڵ کردی. هەروەها مۆر کاریگەریش بوو بە تراکتاتۆسی ڤیتگنشتاین، مۆر لەسەر ئەوە سووربوو کە کەسێک دەتوانێت لە مانای دەربڕینێک تێبگات بەبێ ئەوەی بتوانیت شیکارێکی دروستی ماناکەی بکات. ئەمەش وای لە مۆر کرد بتوانێت لە(A Defence of Common Sense)دا ١٩٢٥ بانگەشەی ئەوە بکات کە هەندێک حوکمی ئەقڵی سەلیم دەکرێت راست بن بێ ئەوەی کەسێک شیکارییەک بۆ ئەو حوکمە شک ببات. هەمان بۆچوون ژێرخانی ئەو کتێبەیەتی بە ناوی (Proof of an External World) ١٩٣٩. ١٦

## ٦:١ قوتابخانەی شیکاریی کامبریج

هزری راسڵ و مۆر و ڤیتگشتاین هەموو پێکەوە هاوکار بوون لە پێکهێنانی ئەوەی کە بە (قوتابخانەی شیکاریی کامبریج) ناسرا، ئەمەش لە ساڵانی ١٩٣٠یەکاندا گەیشتە لوتکەی کاریگەریی خۆی. ئیتر بەم جۆرە تێدەگەین کە جگەلە راسڵ و مۆر و ڤیتگنشتاین، ئەمانە رەمزەکانی تری کامبریج بوون؛

-چارلیز دەنبار برۆد/سی دی برۆد (C. D. Broad : ١٨٨٧-١٩٧١)

-فرانک رامزی (Frank Ramsey : ١٩٠٣-١٩٣٠)

-جۆن ویسدم (John Wisdom : ١٩٠٤-١٩٩٣)

-سوسان ستێبینگ (Susan Stebbing : ١٨٨٥-١٩٤٣)

## ٧:١ بۆیەکەم جار دەستەواژەی 'فەلسەفەی شیکاریی'

گۆڤاری (Analysis)لە ساڵی ١٩٣٣ دا دامەزرا، لە لاپەڕەکانی ئەم گۆڤارە و لە وتارەکانی نێو (وەقائیعی کۆمەڵەی ئەرەستۆیی/ Proceedings of the Aristotelian Society) دیبەیت و گفتوگۆی زیندوو دەکرا دەربارەی سروشتی شیکاریی و ئەو نمونانەی لە بوارەکەدا بەرباس و جێئاماژە بوون. ئیدی ئەوەش بۆ خۆی رێز و سەنەدێکە کە بۆ یەکەم جار لەلایەن قوتابخانەی کامبریجەوە دەستەواژەی ' فەلسەفەی شیکاریی' بەکار برا. ١٧

## ٨:١ کتێبی تراکتاتۆس-ی ڤیتگنشتاین

تراکتاتۆس-ی ڤیتگنشتاین تاکە گرنگترین باندۆر بوو لەسەر قوتابخانەی کامبریج،

هەروەها بەشێوەیەکی گشتی بە دەقی کلیلیی دادەنرێت لە قۆناغی سەرەتای فەلسەفەی شیکاریدا، فەیلەسوفانی نەوەی دواتریش لە فەلسەفەی شیکاری هەر بەم دەقە کاریگەر بوون. ڤیتگنشتاین لە پێشەکی تراکتاتۆسدا دەڵێت: هەرچییەک بکرێت بگوترێت دەکرێت بە روونی بگوترێت، ئەوەی مرۆڤ نەتوانیت لەبارەیەوە بدوێت دەبێت لێی بێدەنگ بێت. ١٨

لە کۆتایی تراکتاتۆسدا ڤیتگنشتاین بانگەشەی ئەوە دەکات کە بڕیارەوتەکانی تراکتاتۆس بێواتان، کەسێک کە بیەوێت تێیان بپەڕێنێت دەبێت وەک پەیژە بەسەریاندا بڕوات و دواتر کە سەرکەوت ئەودەم جیهان بە دروستی دەبینێت. ڕاڤیارانی نەریتی، بابەتی 'بێواتا/ nonsense ' لای ڤیتگنشتاین وەک 'ڕۆشنایی/illuminating' لێکدەدەنەوە، کە بۆ دەربڕینی حەقیقەتە نەوتەنیەکانی زمان، لۆجیک و جیهان بەکاربراوە. هەرچەند لەم ساڵانەی دواییدا خوێندنەوی وەک 'دەرمانی/therapeutic' و 'resolute' یەخانگیری خوێندندنەوە نەریتییەکە بوونەوە، ئەمەش باسوخواسی زۆری لێکەوتەوە. ١٩

## ٢.گەشەی فەلسەفەی شیکاری

### ١:٢ قۆناغی یەکەم:

کتێبی تراکتاتۆس-ی ڤیتگشتاین دەکرێت بە لوتکەی قۆناغی سەرەتای فەلسەفەی شیکاریی دابنرێت. ڤیتگنشتاین هەر لە پێشەکی کتێبەکەدا دەڵێت: کە قەرزداری کارە مەزنەکانی فرێگە و نووسینەکانی هاوڕێم بەڕێز بێرتراند راسڵ-م(١٩٢٢, p. ٣)، ئەمە بۆخۆی پشتڕاستی ئەوە دەکاتەوە کە فرێگە یەکێکە لە بونیادنەرانی نەریتی شیکاریی، هەروەها پۆلێنکردنی داهێنانەکەی فرێگە واتا لۆجیکی کوانتیفیکەیشناڵ بە تەنیشت شۆڕشەکەی مۆر و راسڵەوە دژی ئایدیالیزمی بەریتانی وەک دوو گرنگترین ڕووداوی دەرکەوتنی فەلسەفەی شیکاریی دێنە ئەژمار. لە تایبەتمەندی فەلسەفەی شیکاریی ئەوە بوو کە گەشەکردنەکەی پلەپلە بوو هەروەها لقوپۆی لێدەدا، لەم میانەیشدا هزرینەکانی فرێگە، مۆر، راسڵ و ڤیتگنشتاین بەردەوام دەپەرژێندران/apply، ڕەخنەدەکران، فراوان دەکران و رادەگوێزران. بۆیەش خودی راسڵ و مۆر و ڤیتگنشتاین رۆڵێکی گەورەیان لەم گەشەکردنەدا دەگێڕا.

**کتێبی تراکتاتۆس-ی ڤیتگشتاین دەکرێت بە لوتکەی قۆناغی سەرەتای فەلسەفەی شیکاریی دابنرێت.**

### ٢:٢ قۆناغی دووەم:

لە قۆناغی دووەمی گەشەی فەلسەفەی شیکاریدا، بازنەیەکی فراوانتر لە فەیلەسوفانی نەوەی دواتر لەگەڵ راسڵ و مۆر و ڤیتگنشتایندا یەکیان گرتەوە، ئیدی ئەم فەیلەسوفانە پاشخان و ئارەزووی جیاوازیان هەبوو، هەروەها خاوەنی

گوتار و هزری نوێ بوون، نەک تەنها بۆ وەڵامدانەوەی دیدە فەلسەفیەکانی پێشوو، بەڵکو بۆ پێشکەوتنەکانی دواتری بواری لۆجیک، بیرکاری، زانست و بوارەکانی دیکەش. پێشتریش ئاماژەمان دا بە کاری (قوتابخانەی شیکاریی ئۆکسفۆرد) لە ساڵانی ١٩٢٠ـەکان و ١٩٣٠ـەکاندا. سەرهاتی فەلسەفەی شیکاریی ئیتر لە بەریتانیا بەسادەیی دەستیپێکرد، دوای جەنگی جیهانی دووەمیش گەیشتە ئۆکسفۆرد و ئەوە بوو بە (فەلسەفەی زمانی ئاسایی) ناودێرکرا، رووخسارە دیارەکانی ئەو دەمەیش؛

گیلبێرت رایل (Gilbert Ryle : ١٩٠٠-١٩٧٦)

جەی. ئێڵ. ئۆستین (J. L. Austin : ١٩١١-١٩٦٠)

پی. ئێف. ستراوسن (P. F. Strawson : ١٩١٩-٢٠٠٦)٢٠

لە راستیدا لە ئۆکسفۆردیش بزاڤێکی خاوەن پێشینە هەبوو کە لە هەندێ لایەنی گەشەوە هاوتەریبی ئەوەی کامبریج بوو، راستییەکەی لە رەتکردنەوەی ئایدیالیزمی بەریتانیدا ئەمان چەند ساڵێک پێش شۆڕشەکەی مۆر و راسڵیش کەوتبوون، کەسانی نێو ئەم بزاڤە بەرگرییان لە دیدگای (دژەدەروونناسی و واقیعگەرایی)ی مەعریفە و درکی مرۆڤ دەکرد، لەم رووەوە سەیر پەیوەست بوون بە مۆر و راسڵەوە. بێگومان هەموو ئەمانە بەشێک بوون لەو دیبەیتە بەگوڕەی بواری مەعریفەناسی کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیست لە بەریتانیا جێگەی گرت و تا ئێستاشی لەگەڵ بێت بەردەوامە.

لە رووخسارە دیارەکانی ئەو بزاڤەیش؛

جۆن کوک ویڵسن (John Cook Wilson : ١٨٤٨-١٩١٥)

ئەیچ. ئەی. پریچارد (H. A. Prichard : ١٨٧١-١٩٤٧) ٢١

### ٣:٢ بازنەی ڤیەننا

گرنگترین رووداوی قۆناغی دووەمی فەلسەفەی شیکاریی دامەزراندنی بازنەی ڤیەننا بوو، ئەم بازنەیە ١٩٢٨ لەلایەن ئیرنست ماخ ـەوە دامەزرا، دواتر ساڵی ١٩٢٩ بە بەیاننامەیەکی هاوبەش لەگەڵ (رۆدۆڵف کارناپ، هانس هان و ئۆتۆ نۆیغات) خۆیان راگەیاند. بزاڤی پۆزەتیڤیزمی لۆجیکی یان ئەزموونگەرایی لۆجیکی —کە زۆرجار هەردوو دەستەواژەکە وەک هاوواتا بەرکاردەبرا- دەرکەوت کە زۆر کاریگەرترن لە قوتابخانەی شیکاریی کامبریج. راستییەکەی ساڵانی ١٩٣٠ـەکان کاتێک ئەم دوو بزاڤە وەک فۆرمی جیاوازی فەلسەفەی شیکاریی دەرکەوتن، ئیتر فەلسەفەی شیکاریی زێدەتر لە زەینی خەڵکی ئاساییدا ناسرا، هەوەها بە پۆزەتیڤیزمی لۆجیکی ناویان دەرکرد، بەتایبەت کاتێک (ئەی.جەی. ئایەر) رۆڵێکی گەورەی بینی لە بە جەماوەریکردنی بزاڤەکە واتا پۆزەتیڤیزمی لۆجیکی لە ناو جیهانی ئینگلیزی زماندا، ئەویش بە کتێبی (زمان، حەقیقەت، لۆجیک) ساڵی ١٩٣٦، هەروەها کاریگەریی ڤیتگنشتاین لەسەر بازنەی ڤیەننا و ئەو پاڵپشتییەی کە لە قۆناغی یەکەمدا واتا ١٩٣٠ـەکان بۆ ئەو

بزاڤە هەیبوو، هەر لەو کاتەیشدا-بەهەڵە- وەک پۆزەتیڤیستێکی لۆجیکی هەژمار کرابوو!٢٢

ئەزموونگەرایی لۆجیکی تەنها پێک ھاتبوو لە کاری ئەندامەکانی بازنەی ڤیەننا، ئیتر هەر لە مۆریتز شلیک-ەوە تا فریدریک وایزمان کە ئەمانە پەیوەندی زۆر نزیکیان هەبوو لەگەڵ ڤیتگنشتاین، ئۆتۆ نۆیغات و رۆدۆڵف کارناپ، بەڵکو کاری (کۆمەڵەی بەرلین بۆ فەلسەفەی ئەزموونی)یش رۆڵی لە پێکهێنانی ئەزموونگەرایی لۆجیکیدا هەبوو، ئەم کۆمەڵەیە لەلایەین (هانس غایشنباخ)ـەوە رابەری دەکرا. ٢٣

لە کۆتایی ١٩٢٠ـەکان و سەرەتای ١٩٣٠ـەکاندا ڤیەننا تەنها ناوەندێک نەبوو بۆ ئەزموونگەرایی لۆجیکی، بەڵکو لە بەرەی پێشەوەی گەشەی لۆجیکیشدا بوو. کارناپ لە لۆجیک و لە فەلسەفەیشدا رۆڵی هەبوو. هەروەها یەکێک لە ئەندامە گەنجەکانی بازنەی ڤیەننا (کوات گیودل) بوو کە کارە ناودارەکەی چاپکردنی تیۆریای ناتەواویی/ incompleteness theorems بوو لە ساڵی ١٩٣١دا. هەروەها ئالفرێد تارسکی، ئەمیش یەکێک بوو لە رابەرە دیارەکانی (قوتابخانەی لۆجیکی لڤۆڤ ڤارشاڤا)، تارسکی پەیوەندی بەردەوامی هەبوو لەگەڵ کارناپ و گیودل-دا، توێژینەوەیەکی نووسی دەربارەی حەقیقەت، ساڵی ١٩٣٣بە زمانی پۆڵەندی و ساڵی ١٩٣٥ بە ئەڵمانی. ئیتر ئەم تیۆریایەی تارسکی نە تەنها باندۆری لەسەر فەلسەفەی کارناپ هەبوو وەک ئەوەی کە لە (وەرچەرخانی

**کەسانی نێو ئەم بزاڤە بەرگرییان لە دیدگای (دژەدەروونناسی و واقیعگەرایی)ی مەعریفە و درکی مرۆڤ دەکرد.**

رستەسازی)ـەوە رۆشت بەرەو (وەرچەرخانی ماناسازی)٢٤ بەڵکو تیۆریاکەی تارسکی باندۆری لەسەر فەیلەسوفانی دواتریش دانا، بەناوبانگترینی ئەوانەیش؛ دۆناڵد دەیڤدسن سی ساڵ دواتر لەو ئیشەیدا بە نێوی (تیۆریاکانی مانا) تیۆریاکەی تارسکی کاری تێکردبوو.

## ٤:٢ نازیزم و دۆخی فەیلەسوفانی پۆزەتیڤیست

لە ئەڵمانیا ١٩٣٠ـەکان رۆژگاری هەڵکشانی نازیزم بوو، ئەمەش بووە هۆی زۆرێک لە پۆزەتیڤیستە لۆجیکیەکان و لۆجیکزانان کۆچی بە کۆمەڵ بکەن ئەوروپا جێبهێڵن، زۆربەیان تا کۆتایی تەمەنیان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ژیان. بۆ نمونە؛ کارناپ کۆتایی ١٩٣٥ کۆچی کرد، تارسکی دەبوا بمایەتەوە لە ئەمریکا، چونکە سەروەختی بەرپابوونی جەنگ بۆ کۆبوونەوەیەک گەشتێکی ئەوێی کردبوو، گیودل-یش ساڵی ١٩٤٠ گەیشتە پرینستۆل. هەروەها هانس غایشنباخ ١٩٣٨گەیشتە UCLA (زانکۆی کالیفۆرنیا، لۆس ئەنجلس)

پاش بەسەربردنی پێنج ساڵ لە ئیستانبوڵ. ئیتر ئەم کۆچ و رەوە لەگەڵ سەردانی زۆری فەیلەسوفانی بەریتانی لە ناویشیاندا راسڵ و مۆر، ئەمانە رووداوگەلێک بوون بوونەهۆی گۆڕینی فەلسەفە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان.٢٥

## ٥:٢ گواستنەوەی فەلسەفەی شیکاریی بۆ ئەمەریکا

خۆ فەیلەسوفانی ئەمریکایش سەردانی ئەوروپایان دەکرد بۆ فێربوون و ئاگاداربوون لە گۆڕانە فەلسەفیەکان، بەڵام تەنها ئەو کاتە فەلسەفەی شیکاریی لە ئەمریکا گەشەی کرد کە فەیلەسوفانی ئەوروپی رۆیشتنە ئەمریکا و لەوێ دەستیان بە کار و ژیانی خۆیان کرد. ئەم هاتن وگەشەکردنەی فەلسەفەی شیکاریی لای هەندێک وەک هاوردەیەکی تەندروست چاوی لێدەکرا و لای هەندێکیش وەک هەڕەشە لێی دەڕوانرا بۆ نەریتی فەلسەفەی لەئارادابووی ئەو کاتی ئەمریکا، بەتایبەت پراگماتیزم کە هەر زوو رەگی بە خاکی ئەمریکادا داکوتی و دەستیکرد بە گەشەپێدانی کارەکتەری خۆی بۆ کارلێکی رەخنەیی لە هەمبەر نەریتە فەلسەفیەکانی تر و فەلسەفەی شیکاریی ئەوروپی چ قۆناغی سەرەتا و چ ئەو قۆناغەی کە درێژەی هەبوو. ٢٦

## ٦:٢ سەردانەکانی ویلارد ڤان ئۆرمان کواین

بەناوبانگترین سەردانکەری ئەمریکی بۆ بازنەی ڤیەننا ویلارد ڤان ئۆرمان کواین(Willard Van Orman Quine) بوو، کە بە کواین ناوی دەهێنرێت، کواین ساڵێکی لە ئەوروپا بەسەر برد، ١٩٣٢-١٩٣٣. ئیدی لێرەوە راجیایی کواین و کارناپ دەربارەی جیاکاری (شیکاریی و پێکهاتەیی) دەرکەوت، کە بەناوبانگترین رووداوی نێو فەلسەفەی شیکاریی بوو، لای هەندێک بە کۆتایی فەلسەفەی شیکاریی دانرا، بەڵام زۆرترین بۆچوونیان وا بوو کە ئەوە سەرەتای قۆناغێکی نوێی فەلسەفەی شیکارییە.٢٧

بە گشتی بەرهەمەکانی کواین کاریگەریی گەورەیان هەبوو لەسەر هەردوو فەلسەفەی ئەمریکی و فەلسەفەی شیکاریی. دەیڤدسن، هیلاری پوتنام و ساول کریپکە لە سێ دیارترین فەیلەسوفانی شیکاریی ئەمریکیین کە لە قووڵترین ئاستدا لەگەڵ بۆچوونەکانی کواین-دا دەرگیربوون.٢٨

## ٧:٢ بابەتەکانی فەلسەفەی شیکاریی

-لۆجیکی فەلسەفی

-فەلسەفەی بیرکاری

-فەلسەفەی زمان

-فەلسەفەی زەین

ئەگەر بە نیگایەکی فراوان لە فەلسەفەی شیکاریی بنوارین، دەبینین کە بابەتی جەختلێکراوی قۆناغی سەرەتا پرسینە دەربارەی مانا لە بوارگەلی وەک لۆجیکی(فەلسەفی) و فەلسەفەی بیرکاری لەگەڵ فەلسەفەی زمان، ئەمانە بووبوونە بنچینەی بوارەکانی تر، هەڵبەت مێتافیزیک لەم نێوەندەدا کەم نەبوو کە یەکبینە هێرشی بۆ دەکرا و نیشانەی لێگیرابوو. بەدڵنیاییەوە گەشەی فەلسەفەی زمان هێڵی سەرەکی-بە بەڵگەوە هێڵی سەرەکی- یە لە مێژووی فەلسەفەی شیکارییدا. بونیادی تیۆریاکانی مانا رۆڵێکی کلیلیان هەبوو

لەم گەشەکردنەدا. راستییەکەی نیگەرانی و گرنگیپێدانی نەریتیانەی مەعریفەناسی و مێتافیزیکی لە سەرەتای فەلسەفەی شیکارییدا هەر هەبوو. فرێگە و راسڵ هەردووکیان بەدووی مەعریفەناسیی بیرکارییەوە بوون، هەروەها خەریکی سازکردنی گریمانەی مێتافیزیکی بوون، کە دواتر ئەم پەیگیرییە دێت بەرەو چەند دەرەنجامێکی مێتا-فیزیکی و دەبێتە پاڵپشتی دیدگای لۆجیکی و لۆجیکگەرایی هەردووکیان. هەروەها بەرهەڵستییەکەی مۆریش دژ بە ئایدیالیزم لە پلەی یەکەمدا مەعریفەناسیانە بوو، مۆر پاڵپشتی مێتافیزیکی چەمکەکانی دەکرد تا ببنە کۆمەک بۆ رەخنەکانی. بێگومان ئەوە راستە کە پۆزەتیڤیزمی لۆجیکی سوور بوون لەسەر نکوڵیکردن لە مێتافیزیک، بەڵام ئەم قۆناغە کورتخایەن بوو، داوتر پۆزەتیڤیزمی لۆجیکی هەر خۆیان کەوتنە بەر هێرشی گریمانە مێتافیزیکیەکانی خۆیان. ٢٩

ئەگەر فەلسەفەی زمان زۆرجار وەک بوارێکی سەرەکی تەماشاکرا بێت لە قۆناغی سەرەتای فەلسەفەی شیکارییدا و پاشان هەندێجار فەلسەفەی زەین جێگەکەی پێلێژ کردبێت لە قۆناغی دواتری ئەو فەلسەفەیەدا، ئەوا گومانی تێدا نییە کە ئەم پەنجا ساڵەی دوایی رۆژگاری تەقینەوەیەکی گەورەی ئارەزووەکان بوو بەڕووی زنجیرەیەکی فراوان لە کێشەکانی فەلسەفەی زەین-دا. یەکێک لە دیبەیتە بنچینەییەکانی فەلسەفەی زەین کێشەی زەین و جەستەیە. بەسەرهاتی ئەم کێشەیە لە رەخنەی جۆراوجۆری ئەو بابەتەوە سەرچاوە دەگرێت کە پێیدەوترێت رەفتارگەرایی

**ئەگەر بە نیگایەکی فراوان لە فەلسەفەی شیکاریی بنواڕین، دەبینین کە بابەتی جەختلێکراوی قۆناغی سەرەتا پرسینە دەربارەی مانا لە بوارگەلی وەك لۆجیکی(فەلسەفی) و فەلسەفەی بیرکاری لەگەڵ فەلسەفەی زمان،**

لۆجیکی، ئەمەش لەلایەن پۆزەتیڤیستەکان و گیلبێرت رایل-ەوە بونیاد نرابوو. ٣٠

گۆڕانکاری گەورە لە بوارەکانی تری فەلسەفەی شیکارییدا روویدا. ئیتر هەر لە کارەکانی مۆرەوە فەیلەسوفەکانی شیکاری گرنگییان داوە بە بابەتی ئەخلاق، سۆزگەرایی/ emotivism، و prescriptivism، ئەم بابەتانە لە نزیکەوە پەیوەستن بە پۆزەتیڤیزمی لۆجیکی و فەلسەفەی زمانی ئاساییەوە. لە ئەخلاقی شیکارییدا 'وەرچەرخانی سروشتی' روویدا کە هاوتەریبە بە گۆڕانکارییەکانی فەلسەفەی زەین، کە ئەمەیش دیبەیتی زۆری لێکەوتەوە، لە میانەی کار و وەڵامی (ئەوانی تردا) لەم دیبەتانەدا تیۆریاکانی کانت ژیانەوە. ٣١

## ٣. تێماکان لە مێژووی فەلسەفەی شیکاریدا

لە دوو بەشی پێشووی ئەم باسەدا هێڵە سەرەکییەکانی هەندێ لە گەشەسەندنە دیارەکانی مێژووی فەلسەفەی شیکاریی خرایەڕوو. لەوێدا باسی رووخسارە دیارەکان،

بزاڤەکان، سەردەم و بوارە جیاوازەکانی فەلسەفە کرا. بەڵام تەنها ئەم ڕێگەیە بەس نییە بۆ ئاشنابوون بە مێژووی فەلسەفەی شیکاریی. بەڵکو دەبێت تیشک بخرێتەسەر مێژووی فەلسەفەی شیکاریی، ئەویش بە دەرخستنی ئەو تێما/بابەتەسەرەکییانەی کە مۆرکبەخش و شکڵپێدەری تایبەتن بە فەلسەفەی شیکاریی.

### ١:٣ پەرەسەندنی ڕاڤەی تراکتاتۆس

پەرەسەندنی ڕاڤەی تراکتاتۆس-ی ڤیتگنشتاین یەکێک بوو لە کارە سەرەکییەکانی فەلسەفەی شیکاریی، کۆرا دیامۆند(Cora Diamond) ئارگیۆمێنت دەدات کە ئانسکۆم(G. E. M. Anscombe) گۆڕانکارییەکی لە زەینی ئێمەدا دەربارەی فەلسەفەی شیکاری بەرپاکردووە کە نیشانەدەری گۆڕانێکی فەلسەفییە کە خودی ڤیتگنشتاین خوازیاری بووە. ئەوی لێرەدا گرنگە دیاریکردنی ئەو باندۆرەیە کە فرێگە لەسەر ڤیتگنشتاین هەیبووە، هەروەها گرنگیی گوتاری فرێگە واتا 'بینا بەحوکم' (judgement-based) وەک دژبەری گوتاری ڕاسڵ واتا 'بینا بە شت' (object-based). کۆرا دیامۆند ئارگیۆمێنت دەدات کە خوێندنەوەی تراکتاتۆس لە هاوێنەی ڕاسڵ-ییەوە 'مێتافیزیکی' واقیعگەرایی بەرهەم دێنێت، کەئەمەش حوکمێکی شکستخواردووە دەربارەی تێگەیشتن لە ڤیتگنشتاین بۆ فەلسەفە وەک چالاکییەکی ڕۆشنکەرەوە. بەم پێیە تێڕامان لە باندۆری فرێگە وگوتارەکەی واتا 'بینا بەحوکم' ڕاڤەیەک بۆ کارەکانی ڤیتگنشتاین بەرهەم دێنێت بەجۆرێک ئەم باندۆرە وەک شۆڕشێکی میتۆدناسی لە دڵی کارەکانی ڤیتگنشتایندا شوێنی داناوە. لێرەدا ئیتر لە مێژووی فەلسەفەی شیکارییدا بۆمان دەردەکەوێت کە ڕوونکردنەوەی فەلسەفی(Philosophical Elucidation) بۆ خودی خۆی بەکارهێناوە. ٣٢

لە پێشەکییەکەیدا بۆ تراکتاتۆس، ڕاسڵ ئاماژە دەکات کە 'ڤیتگنشتاین لە پەیگیریی مەرجەکانی زمانێکی تەواو لۆجیکیدایە'. ڕاسڵ سەبارەت بە ئامانجی ڤیتگنشتاین بە هەڵەدا چووبوو، بەڵام سەبارەت بە مەرجەکانی زمانێکی تەواو لۆجیکی ئەوە هەرخۆی بەشێک بوو لە پڕۆژەی خودی ڕاسڵ، واتا پڕۆژەی ئەتۆمیزمی لۆجیکی. پیتەرهیڵتن (Peter Hylton) ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە بیرۆکەی زمانێکی تەواو لۆجیکی چ ڕۆڵێک لە پڕۆژەکەی ڕاسڵدا وازی دەکات، هەروەها باس لە گەشەی ئەم بیرۆکەیە دەکات لە کارەکانی کارناپ، کواین و دەیڤد لویسدا. ٣٣

### ٢:٣ وەرچەرخانی زمانەوانی

ئەو هەڵەتێگەیشتنەی کە ڕاسڵ لە تراکتاتۆس-ی ڤیتگنشتاین هەیبووە زۆرجار ڕەنگدانەوەی لە دوو نەریتی فەلسەفەی شیکاریدا هەبووە، ئەوانیش'فەلسەفەی زمانی ئاسایی' و 'فەلسەفەی زمانی نمونەیی'. هەردووک وەک دەرەنجامی 'وەرچەرخانی زمانەوانی' سەیردەکرێن، ئەم دوو دەرەنجامەیش کە فەلسەفە بەخۆیەوە دی، بەهۆی دەرکەوتنی فەلسەفەی شیکارییەوە بوو. چەمکی 'وەرچەرخانی زمانەوانی' لەلایەن گۆستاف بێرگمان-ەوە

بەرهەم هات، پاشان بووە ناونیشانی کۆمەڵە نووسینێکی کاریگەر و ساڵی ١٩٦٧چاپکرا و لەلایەن ریچارد رۆرتییەوە هەڵەچنی بۆکرا. پیتەر هیڵتن لە کارەکانیدا باس لە تێگەشتنی بێرگمان و رۆرتی دەکات دەربارەی 'وەرچەرخانی زمانەوانی'، هەروەها ئارگیۆمێنت دەدات کە ریشەکەی لە تراکتاتۆسدایە، دەشڵێت کە دەبێت تێکەڵ نەکرێت لەگەڵ دەستەواژەی 'وەرچەرخانی لۆجیکی' کە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەوە پەیدابووە. سەرەڕای ئەوانەیش باسی پەیکەری گەشەکرنەکەی دەکات لە کاری (بازنەی ڤیەننا، هزری ڤیتگنشتاینی دووەم و فەلسەفەی زانکۆی ئۆکسفۆرد)، هەروەها بەرامبەر بە هەندێک لە رەخنەکان بەرگریشی لێدەکات. ٣٤

## ٣:٣ مەعریفەناسی

ئێستایش بەرەو باسی مەعریفەناسی، لەم زەمینەیەدا دوو دیبەتی پەیوەست لە ئارادان کە پیەدچێت بەتایبەت وەک خەسڵەتی فەلسەفەی شیکاریی تەماشا بکرێن. یەکێکیان دەربارەی sense-data و رۆڵی گریمانەکرواوی لە تێگەیشتندا، ئەوی دی دەربارەی گومانگەرایی دەربارەی جیهانی دەرەکی. دیبەیت لەبارەی sense-data وە بەشێوەیکی سەرەکی لە گەنگەشە مەعریفییەکانەوە سەرچاوی گرتبوو، ئەویش لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا. هەر وەک گاری هاتفیەڵد(Gary Hatfield) روونی دەکاتەوە کە راسڵ و مۆر رۆڵێکی گرنگیان هەبووە لەم دیبەیتەدا، بەڵام نەک ئەوەی کە تەنها هەر ئەم دوانە بووبێتن. هاتفیەڵد باسی گەشەی ئەم بابەتە دەکات

**پەرەسەندنی راڤەی تراکتاتۆس-ی ڤیتگنشتاین یەکێك بوو لە کارە سەرەکییەکانی فەلسەفەی شیکاریی.**

هەر لە کۆتایی سەدەی نۆزدەوە تا ناوەڕاستی سەدەی بیست، ئیتر باسی واقیعگەراکانی ئۆکسفۆرد، هەروەها نوێواقیعگەراکانی ئەمریکا و واقیعگەرایانی رەخنەیی، هەروەها هێرشی ویلفرید سیلارس(Wilfrid Sellars) بۆسەر 'ئەفسانەی پێدراو' (myth of the given)، هەروەها رەخنەی ئۆستین دەربارەی sense-data. ٣٥

کێشەی جیهانی دەرەکی پێدەچێت پڕهەراترین باسی فەلسەفی بووبێت، هەروەها مایەی ناکۆکی بووە. ساڵی ١٩٣٩ مۆر سەلمێنەیەکی/ proof بەنێوبانگی دەربارەی جیهانی دەرەکی خستەڕوو، ئیدی لەو کاتەوە جێگای گفتوگۆیە. ئانالیزا کۆلیڤا(Annalisa Coliva) لە کارەکانیدا گەنگەشەی ئەو سلمێنەیە و هەندێک لەو راڤە جیاوازانەی بۆی کراوە کردووە، ئیتر هەر لە یەکەمین پێشوازییەوە تا دواترین دیبەتەکان لەبارەی سەلمێنەکەوە. بە پشت بەستن بە؛

**یەکەم:** هزرینی ڤیتگنشتاین لە کتێبی (دەربارەی دڵنیایی: On Certainty) دا کە سروشی لە کارەکانی مۆرەوە وەرگرتبوو، کتێبەکە لە هەژدە مانگی

کۆتایی ژیانی ڤیتگنشتایندا نووسراوە.

**دووەم:** ئارگیۆمێنتە هاوچەرخەکان دەربارەی دەرۆگەرایی مەعریفی (epistemic externalism)، بەربنەمای ئەو دوانە کۆلیڤا توانی شیکارێکی 'نوێ ڤیتگنشتاینیانە' بۆ سەلمێنەکەی مۆر پێشەکەش بکات، وەڵامێکیش بێت بۆ کێشەی (جیهانی دەرەکی). ٣٦

سەلمێنەکەی مۆر یەکێکە لەو نموناەنەی کە جولێت فلۆید(Juliet Floyd) لە گرنگیدان بە بابەتی 'تۆکمە/rigour' دا باسی دەکات کە زۆرجار وەک خەسڵەتی فەلسەفەی شیکاریی دادەنرێت. جولێت فلۆید بابەتی تۆکمە وەک روونکەرەوەی تۆکمەیی ئەزموون 'rigorous experience' بەکاردێنێت کە مەراقی فەیلەسوفانی شیکاریی بوو، ئەمە تەنها ئامانجی ئەوانە نەبوو کە لە نەریتی فەلسەفەی زمانی نموونەییدا کاریان دەکرد، بەڵکو ئەوانەیشی گرتبووەوە کە کاریان لە فەلسەفەی زمانی ئاساییدا دەکرد. ٣٧

فرێگە باسی گرنگیی پێش-تیۆریانەی روونکردنەوە (elucidation)دەکات بۆ چەمکە بنەڕەتییەکانی لۆجیک، فلۆید باسی ئالان تورینگ(Alan Turing) دەکات کە زۆر هەستیارە بەرامبەر بە پێویستبوونی 'بنەمای ئەقڵی سەلیم' بۆ لۆجیک.

شوێنێک کە تۆکمەسازی rigorization رۆڵێکی سەرەکی تێدا وازی دەکات لە گەشەی فەلسەفەی شیکارییدا بابەتی مۆدالیتییە. کانت باسی جیاکاری چەمکەکانی شیکاریی و پێکهاتەیی، پێشیانەیی و پاشینەیی، لازم و کافی لە کرۆکی فەلسەفەکەیدا دانابوو، رەخنە لە تێگەیشتنی کانت بۆ ئەو چامکانە دەبێتە پاڵنەرێک بۆ فەلسەفەی شیکاریی. چیرۆکی ئەم باسە زۆر ئاڵۆزە، بەڵام ئەوەی لێرەدا بابەتێکی زەقە کەمبوونەوەی بەرەبەرەی متمانەیە بە modal notions. سانفرۆد شیی(Sanford Shieh) لە دوو قۆناغی سەرەکیدا باس لەم بابەتە دەکات؛ قۆناغی یەکەم؛

بە دیدگای فرێگە و مۆر و راسڵ دەستپێدەکات، هەورەها رەخنەی راسڵ بۆ چەمکی لۆجیک، بە تایبەت لەلایەن کلارێنس ئێرڤینگ لویس(Clarence Irving Lewis) و ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆسدا.

قۆناغی دووەم؛ بە (Logical Syntax) ـەکەی کارناپ و گومانگەرایی مۆداڵی کواین دەستپێدەکات، هەروەها رەتکردنەوەی ئەم گومانگەراییەی کواین لەلایەن روث بارکان مارکۆز(Ruth Barcan Marcus) و ساول کریپکەوە.٣٨

بابەتەکانی مۆداڵیتی توند پەیوەستن بە پرسی inference and normativity. چەمکەکان لە رێڕەوی مێژووی خۆیاندا گەلێک مانا و مەدلولی جیاوازیان لێبارکراوە، لێرەدا وەک نمونە؛٣٩ لەم ساڵانەی دواییدا باسوخواسێکی بەگوڕ هاتە ئاراوە وەک خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ مێژووی فەلسەفەی شیکاریی کە خوازیاری بونیاتنانی نەریتی (inferentialist)ی بوو، ئەندازیاری ئەم چەمکەیش رۆبێرت براندم (Robert Brandom)بوو. یارۆسلاڤ

پرەگرینۆ ((Jaroslav Peregrin روون دەکاتەوە، باسی inferentialism بیرۆکە سەرەکیەکانی دەکات و جیای دەکاتەوە لە representationalism کە بابەتێکی سەرەکی نێو پارادایمی فەلسەفەی شیکاریی بووە. ئیتر یارۆسلاڤ شوێنپێی ئەم باسەی لە مێژوودا هەڵگرتووە هەر لە ئیشەکانی فرێگە، ڤیتگنشتاین، کارناپ و سیلارس(Wilfrid Sellars)ـەوە تا پشتبەستن بە گەشەی سیستەمی دیدەکشنی سروشتی لای گێهات گینتسن(Gerhard Gentzen). ٤٠

Inferentialism ی براندم تەنها ریشەی لە نەریتی شیکارییدا رۆنەچووبوو، بەڵکو لە نەریتی پراگماتیزم-یشەوە ئالابوو. ئەم دوو نەریتە بە درێژایی مێژوویان پەیوەندییەکی نزیک بەڵام ئاڵۆزیان پیکەوە هەیە. شێرل میساک(Cheryl Misak) باسێکی لەمەڕ ئەم بابەتە خستووەتەڕوو، دەربارەی کارەکانی چۆنسی رایت(Chauncey Wright)، چارلز ساندەرس پیەرس(Charles Sanders Peirce)، ولیەم جەیمس، جۆن دیوی و رۆرتی. میساک ئارگیۆمێنت دەدات کە سەرەڕای ئەو جیاوازیانەی نێوان پراگماتیزم و فەلسەفەی شیکاری بەڵام ئەوان بەشدار بوون لە خەختکردنەوە لە بنەمای هاوبەشی وەک تۆکمەیی ئارگیۆمێنت (argumentative rigour)، لۆجیک و میتۆدناسی زانستی. ٤١

### ٤:٣ دیاردەناسی

دەیڤد ودرەف سمث(David Woodruff Smith) باس لە پەیوەندی فەلسەفەی شیکاری ودیاردەناسی دەکات، دیاردەناسی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا بە رکابەری سەرەکی فەلسەفەی شیکاریی دادەنرا. هەر وەک دەیڤد سمث ئاماژەی پێدەکات دۆزینەوەی هەر جیاوازییەکی ئاشکرا لە گرنگیپێدان و میتۆدناسیدا لای فرێگە و هۆسەرڵ کارێکی قورسە. چونکە بۆنمونە؛ هەردووکیان هەر سەرقاڵی شیکاریی مانا و ناوەڕۆک بوون، هەردووکیشیان دژی دەروونناسی بوون. دوای دەرکەوتنی ئیتر دیاردەناسی زێدەتر پشتی بە بونیادی چەمکی دەبەست وەک لە بونیادی زمانەوانی، بەڵام هەر کە چاوی فەلسەفەی شیکاریی لە فەلسەفەی زمانەوە کەوتە سەر فەلسەفەی زەین، ئیتر بەرخوردێکی زیاتر هاتە ئاراوە لەتەک دیاردەناسیدا. بایەخدان بە مەبەست و ئاگایی دیاردەناسی و 'دیاردەناسی شیکاریی' لێک نزیکتر کردەوە، واتا بوونی 'دیاردەناسی شیکاریی' لە ئێستادا تاکە نیشانەی لێکنزیکییە کە شوێنی خۆی گرتووە لە هەندێ زەمینەدا. بەهەرحاڵ لە ئێستادا گفتوگۆیەکی زۆر لەنێوان فەلسەفەی شیکاریی و دیاردەناسیدا هەیە، هەروەک چۆن لەنێوان فەلسەفەی شیکاریی و نەریتەکانی تردا هەیە، کە ئەمەش

## دیاردەناسی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا بە رکابەری سەرەکی فەلسەفەی شیکاریی دادەنرا.

نیشانەیەکی باشە بۆ ئاییندەی فەلسەفە.٤٢

## ٤. دەکرێت فەلسەفەی شیکاریی پێناسە بکرێت؟

پێشتر ئاماژەمان پێکرد کە کێ وەک بونیادنەری نەریتی شیکاریی ئەژمار دەکرێت. هەموان کۆکن کە راسڵ و مۆر بەهۆی یاخیبوونیان لە ئایدیالیزمی بەریتانی و ڤیتگنشتاین بەهۆی تراکتاتۆس لە بونیادنەران هەژمارن، بەڵام ئەمڕۆ هەندێ کەس فرێگە لەم کۆمەڵەیە دەردێنن. بۆ نمونە پیتەر هاکەر(Peter Hacker) تەواو ئاشکرا لە کارەکانیدا ئەمە دەکات، یان فرێگە لە چیرۆکی فەلسەفەی شیکاریی لای سکۆت سۆمس(Scott Soames) چووەتە دەرەوە. هەندێکی تریش فرێگە بە ئیلهامبەخشی سەرەکی پشت نەریتی شیکاریی دەزانن. ئەمەش بە راشکاوی لە کارەکانی تایلەر بێرج(Tyler Burge)دا دیارە، هەروەها لە تەواوی نووسینەکانی میکایل دەمیت(Michael Dummett) دەردەکەوێت. هەروەک کۆرا دیامۆند(Cora Diamond)یش روونی دەکاتەوە کە فرێگە چ باندۆرێکی گەورەی لەسەر ڤیتگنشتاین هەبووە. هەرچۆنێک بێت، هەر بە باسکردنی گرنگی لۆجیک لە نەریتی شیکارییدا، تەنها ئاماژە بە داهێنانی تیۆریای کوانتیفیکەیشن پێگەیەکی پتەو دەبەخشێتە زیارەتگای فرێگە لە فەلسەفەی شیکاریدا.٤٣

### ١:٤ دوو رێڕەوی ناو فەلسەفەی شیکاریی

هاوڕایی لەسەر دامەزرێنەرانی سەرەکی شێوەیەک دەدات بە نەریتی شیکاریی، وەک خەملاندنێکی سەرەتایی دەتوانین بە پێی کارەکانیان تایبەتمەندییەکان بخەینەڕوو. بەم پێیە دەتوانین دوو رێڕەوی دوایەک لە فەلسەفەی شیکارییدا بناسێنین کە گەشەیانداوە بە هزری چوار بونیاتنەرەکەی نەریتی شیکاریی.

یەکەم؛ قوتابخانەی شیکاریی کامبریج، بینا لەسەر کارەکانی راسڵ، مۆر و ڤیتگنشتاین. دووەم؛ ئەزموونگەرایی لۆجیکی، ئەمانیش بە کارەکانی فرێگە، راسڵ و ڤیتگنشتاین بەرکاریگەر بوون.

بێگومان بیجگە لەوان هەردوو قوتابخانەکە کاریگەریی کەسانی تریشیان لەسەر بوو، زۆرێک لەوانە فەیلەسوفان و زانایانی ئەڵمانی زمانی نوێ کانت-ییەکان، هەروەها لۆجیکزانانی پۆڵەندی کە باندۆریان لەسەر قوتابخانەی ئەزموونگەرایی لۆجیکی هەبوو. ئەمەش فەیلەسوفانێکی زۆرتری هێنایە نێو نەریتی شیکارییەوە وەک؛

-سوسان ستێبینگ( Susan Stebbing : ١٨٨٥-١٩٤٣)

-چارلی دەنبار برۆد( Charlie Dunbar Broad : ١٨٨٧-١٩٧١)

-جۆن ویسدەم( Arthur Wisdom : ١٩٠٤-١٩٩٣)

-ماکس بلاک( Max Black : ١٩٠٩-١٩٨٨)

ئەمانە سەبارەت بە قوتابخانەی شیکاریی کامبریج، سەبارەت بە ئەزموونگەرایی لۆجیکی؛

-مۆرتیز شلیک( Moritz Schlick : ١٨٨٢-١٩٣٦)

-ئۆتۆ نۆیغات(Otto Neurath : ١٨٨٢-١٩٤٥)

-ڕۆدۆلف کارناپ(Rudolf Carnap : ١٨٩١-١٩٧٠)

-فریدریک وایزمان(Friedrich Waismann : ١٨٩٦-١٩٥٩)

-ئەلفرێد تارسکی(Alfred Tarski : ١٩٠١-١٩٨٣)

-کارڵ پۆپەر(Karl Popper : ١٩٠٢-١٩٩٤)

-هێربێرت فیگڵ(Herbert Feigl : ١٩٠٢-١٩٨٨)

-کارڵ هەمپڵ(Carl Hempel : ١٩٠٥-١٩٩٧)

-کێرت گۆدێل(Kurt Godel : ١٩٠٦-١٩٧٨)

-گۆستاف بێرگمان(Gustav Bergmann : ١٩٠٦-١٩٨٧)

-تشا هەنگ(Tscha Hung : ١٩٠٩-١٩٩٢)

-ئالفرێد ئایەر(AlfredAyer : ١٩١٠-١٩٨٩)٤٤

هەروەک زۆرجار دەوترێت کە بونیاتنانی نەریتێک تەنها بە گەشەپێدانی بۆچوونە تازەکان نابێت، بەڵکو بە ڕەچاوکردنی پێشینان —ئێستا- فەراهەم دەبێت. لەم ڕوانگەیەوە، بە ڕوانینێک بۆ پێشینان دەکرێت نەریتی شیکاریی جێگە و زەمینەی ئەم ناوانەیش بێت؛

**هەروەك زۆرجار دەوترێت كە بونیاتنانی نەریتێك تەنها بە گەشەپێدانی بۆچوونە تازەكان نابێت، بەڵكو بە ڕەچاوكردنی پێشینان – ئێستا- فەراهەم دەبێت.**

-جۆرج فریدریک ستاوت(George Frederick Stout : ١٨٦٠-١٩٤٤)

-کازیمێژ تفاتۆفسکی(Kazimierz Twardowski : ١٨٦٦-١٩٣٨)

-ستانیسوا ڤێژنێفسکی(Stanisaw Leniewski : ١٨٨٦-١٩٣٩)

-بێرنارد بۆلزانۆ(Bernard Bolzano : ١٨٣٨-١٩١٧)٤٥

ڕەوەندی پەرشبوون و یەکبوون بەردەوام بوو تا دوای جەنگی جیهانیی یەکەم، هاوشانی کۆچی ئەزموونگەرایانی لۆجیکیی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان، هەر ئەو شوێنەی کە بەهۆی کارلێک لەگەڵ پراگماتیزمی لۆکاڵی فەلسەفەی شیکاریی خۆراکی گەشەی وەردەگرت، ئیتر فەلسەفەی شیکاریی بەریتانی ماڵی دەگوازێتەوە بۆ ئۆکسفۆرد بۆ پەروەردەکردنی فەلسەفەی زمانی ئاسایی. بۆیە کۆمەڵێکی زۆر ناوی نوێ دێنە ناوانەوە، دیارترینیان؛

-نێلسۆن گودمان(Nelson Goodman : ١٩٠٦-١٩٩٨)

-کواین(Willard Van Orman Quine : ١٩٠٨-٢٠٠٠)

-چارلس ستیڤنسن(Charles Stevenson : ١٩٠٨-١٩٧٩)

-رادریک چیزۆم(Roderick Chisholm : ١٩١٦-١٩٩٩)

-دۆناڵد دەیڤدسن(Donald Davidson : ١٩١٧-٢٠٠٣)

-هیلاری پەتنام(Hilary Putnam : ١٩٢٦-٢٠١٦)

-ساول کریپکە(Saul Kripke : ١٩٤٠-)

ئەمانە لە ئەمریکا، ئەمانەی خوارەوەیش لە ئۆکسفۆرد؛

-گیلبەرت رایل(Gilbert Ryle : ١٩٠٠-١٩٧٦)

-ئۆستین(John Austin/ J. L. Austin: ١٩١١-١٩٦٠)

-پاول گریس(Paul Grice : ١٩١٣-١٩٨٨)

-ریچارد هێر(Richard Hare : ١٩١٩-٢٠٠٢)

-پیتەر ستراوسن(Peter Strawson : ١٩١٩-٢٠٠٦)٤٦

ناوهێنانی ئەوانەی سەرەوە پێمان دەڵێت کە دەکرێت چەندین ڕێگەمان بۆ واڵا بێت بۆ دیاریکردنی خەسڵەتەکانی فەلسەفەی شیکاریی. ئەلۆیسس مارتینیچ(Aloysius Martinich) و دەیڤد سۆسا(David Sosa) لە کتێبە هاوبەشەکەیاندا(A Companion to Analytic Philosophy) باسی ئەوەیان کردووە.٤٧

مارتینیچ لە پێشەکیەکەیدا دەربارەی فەلسەفەی شیکاریی هەندێ خاڵی ئاماژەپێداوە، بەڵام نەک پێناسە یان تایبەتکردنێکی فەلسەفەی شیکاریی، بۆیە ئەنجامگیری دەکات کە؛ "فرەیی شێواز لە فەلسەفەی شیکارییدا هۆکارێکە کە هەر بەرگێک بە پێی فەیلەسوفەکان ڕێکبخرێت نەک بە پێی بابەتەکان".

## ٤:٢ پەیبردن بە خەسڵەتەکانی فەلسەفەی شیکاریی

پەیوەست بە زەمینەی نەریتی شیکاریی ناوی زۆرکەسمان بیرهێنایەوە، ئێستاش بەرەو "بابەت" دەچین، کەواتا دەپرسین ئایا هیچ شتێک هەیە کە بە مانای وشە خەسڵەتێکی جیاکەرەوەی فەلسەفەی شیکاریی بێت؟

خاڵ و بژاردەی ئاشکرا لە ئارادان، دیارترینیان جەختکردنەوەیە لە پرسی زمان. فەلسەفەی شیکاریی کاتێک پەیدا بوو کە وەرچەرخانی زمانەوانی بەرپابوو، ڕاستییەکەی وەرچەرخانی زمانەوانی یەکێکە لە ناسراوترین ئەو ئەفسانانەی کە نەریتی شیکاریی ئافراندی. هەرچەند پیتەر هاکەر ئارگیۆمێنت دەدات کە وەرچەرخانی زمانەوانی بە شێوەیەکی ڕێکوپێک لەلایەن ڤیتگنشتاینەوە بووە ئەویش لە تراکتاتۆسدا، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ڕاسڵ و مۆر لە قۆناغی سەرەتای نەریتی شیکاریی دەکرێنە دەرەوە. لەلایەکی ترەوە میکایل دەمیت بانگەشەی ئەوە دەکات کە وەرچەرخانی زمانەوانی یەکەم جار لەلایەن فرێگەوە بوو، ئەویش لە بەشی ٦٢ی کتێبی (Foundations)دا. بەگوێرەی ئەم بانگەشەیەی هاکەر دەبینین کە فرێگە دەگەڕێتەوە سەر ڕێگەکە(واتا دەخرێتەوە خانەی

فەلسەفەی شیکاریی، وەک پێشتر باسمان کرد هەندێک بە ئاشکرا لە فەیلەسوفانی شیکاریی وەدەریان نابوو)، بەڵام سەبارەت بە وەرچەرخانی زمانەوانی هێشتا راسڵ و مۆر لەدەرەوەن. ئەگەر واش دابنێین کە وەرچەرخانی زمانەوانی هەم لە هێرمنۆتیکی سەدەی بیست و هەم لە فەلسەفەی پێشتری ئەڵمانی-یەوە پەیدا بووە، ئەمە هێشتا ناتوانێت مەرجی کافی و لازمی 'شیکاریبوونی' فەلسەفە دابین بکات. ٤٨

کەواتا خۆمان لەبەردەم هەمان ناهەمواریدا دەبینینەوە، ئیتر چ بایەخ بدەین بە تێماکان یان بە بنەماکان. زۆرجاریش دژبەرێتی مێتافیزیک وەک بژاردەیەکی تر واتا وەک تێمایەکی تری فەلسەفەی شیکاریی بەرباسە. هەروەک پیتەر سیمۆنس(Peter Simons)باسی دەکات ئەم دژایەتییە خەسڵەتی پۆزەتیڤیزمی لۆجیکی و هزرینی ڤیتگنشتاین بوو، گەرنا ئەمە سەبارەت بە فەلسەفەی فرێگە و ریالیزمی سەرەتایی لای راسڵ و مۆر راست نەبوو، ئێستایش دەبینین کە مێتافیزیکی شیکاریی بابەتێکی زۆر زیندووە. بژاردەکانی تری فەلسەفەی شیکاریی، وەک؛ دژەدەروونناسی، پشتگیریی بۆ جیاوازیی نێوان شیکاریی و پێکهاتەیی، analytic/synthetic، سروشتگەرایی و مێژووگەرایی. لە هەر بارێکدا بێت، دەکرێت نمونەی دژ بدۆزرێتەوە، کە پیشانی دەدات پێدانی هەندێک خەسڵەت بە هەندێک لە فەیلەسوفان و پێنەدانی بە هەندێکی تریان، دەیانکاتە فەیلەسوفی شیکاریی و یاخود دەیانکات بە فەیلەسوفی ناشیکاریی، یان راستییەکەی دەشکرێت هەردووکیان بێت.

**وەرچەرخانی زمانەوانی بە شێوەیەکی رێکوپێك لەلایەن ڤیتگنشتاینەوە بووە ئەویش لە تراکتاتۆسدا.**

بۆ نمونە هۆسەرڵ کە رخنەی لە دەروونناسی دەگرت لە(Logical Investigations) بە دواوە، هەروەک نوێکانتی و ئایدیالیستە بەریتانیەکان. هەروەها لەم رۆژگارەدا زۆرێک لە فەیلەسوفان شوێن کواین دەکەون لە رەتکردنەوەی (رەهایەتی) جیاکاری نێوان analytic/synthetic، هاوکات خۆیشیان وا دادەنێن کە هێشتا لە نێو نەریتی شیکارییدا کار دەکەن. لەم دواییانەی فەلسەفەی شیکارییدا پێدەچێت کە 'وەرچەرخانی سروشتییانە' رووبدات کە بەشێکی لە رەتکردنەوەکەی کواینەوە سەرچاوەی گرتووە، سروشتگەرایی لێرەدا دووره لەو دیدە باوەی کە ئێستا لە جیهاندا هەیە دەربارەی، هەروەها دووریشە لە دیدی فەیلەسوفانی پێشووی فەلسەفەی شیکاریی کە بە راشکاوی نکوڵییان لێدەکرد. ٤٩

بە سەرنجدانێکی ورد لە میتۆد و شێواز تێدەگەین کە زۆر خەسڵەتی تر پەنهانەکی لە نێو فەلسەفەی شیکارییدا رۆنیشتوون.

### ٣:٤ ئارگیۆمێنت

لە رووی شێوازەوە فەلسەفەی شیکاریی ئەو زەمینەیەیە کە تێیدا زۆر جەخت دەکرێتەوە لە

ئارگیۆمێنت، روونی و تۆکمەیی. فرێگە لە پێشەکی (Begriffsschrift) بە ئینگلیزی (concept-script)دا نووسیویەتی: " بۆ گەیشتن بە موعتەبەرترین رێگەی دروستی زنجیرەیەک ئەنجامگیریی دەبێت هەر لە سەرەتاوە هەموو پێشگریمانە و خواستی لادان و خلیسکانێک تێبینی بکرێت و لە فلتەری تاقیکردنەوە بدرێت". لۆجیکی کوانتیفیکەیشن کە فرێگە گەشەی پێداوە، لەو کاتەوە هۆکاری تیژکردنەوە و بەهاپێدانی ئارگیۆمێنتە. بەڵام سوودبینین لە لۆجیک بەو پەیتییە خۆی بابەتێکی نوێیە، لۆجیک داهێنراوی ئەرستۆیە، لەلایەن لۆجیکوانانی سەدەی ناوینەوە سستماتیزە و جێگیرکرا، لەنێو لۆجیکوانانیشدا زێدەتر لەلایەن لایبنیتس و بۆلزانۆوە فراوان و بەکارخرا. بێگومان ئەو لۆجیکەی فرێگە گەشەی پێدا تا کاتی ئەم نووسینە لەهەرشتێکی تر بەهێزتر و دروستترە، بەڵام جەختکردنەوە لە ئارگیۆمێنت بەردەوام کارێکی سەنتەری و خودئاگایانە بووە لە فەلسەفەدا.٥٠

## ٤:٤ روونیی بانگەشە

هەر سەبارەت بە روونی، ئاسان دەتوانین چەند کۆرِستێک لە برادلی، هایدگەر و درێدا بەراورد بکەین بە چەند کۆرِستێکی فرێگە، راسڵ و پەتنام تا هێندێک جیاوازی سەرەکی لە شێوازیاندا بدۆزرێتەوە. بۆ نمونە کۆڵینگوود هەروەک راسڵ روون دەنووسێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە ڤیتگنشتاین ئاراوتەیە، تا ئەو رادەیەی چرِنووسییەکەی وا دەکات کە نووسینەکانی لەوانەی نیچە زێدەتر پێویستیان بە راڤە بێت. هەروەها لە زۆرێک لە فەلسەفەی شیکارییدا پێداگریی هەیە بۆ زاراوە و پێچوپەنای تەکنیکی و هاوشان لەگەڵ ئارەزوو بۆ نوێگەرایی و خوازە تا بەقووڵیی لە فەلسەفەی ناشیکاری جیای بکاتەوە. دەوترێت کە روونی گرنگترین فەزیلەتی بیرکردنەوەی فەلسەفی و نووسینە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەینێت کە هەرنووسینێک روون بێت ئیتر ئەوە باشترین فەلسەفەی شیکارییە. ئەم فەزیلەتە هەر زۆر پێش فرێگە و راسڵ بە روونییەکی شیعریی، ئالیکساندەر پۆپ لە شیعرێکیدا ئاماژەی پێکردووە و دەڵێت:

True wit is nature to
,advantage dressed
What oft was thought, but
;ne’er so well expressed
Something whose truth
,convinced at sight we find
That gives us back the
٥١ .image of our mind

ئەگەر بیرۆکەیەک شایستەی بیرلێکردنەوە بێت، ئەوە شایستەیە بەرِوونی بوترێت، ئەگەر بەرِوونیش وترا، ئیتر بیرکردنەوە دەدرەوشێتەوە/کریستاڵیزە دەکات لەوانی تردا.

## ٥:٤ تۆکمەیی

هەر سەبارەت بە باسی تۆکمەیی زۆر زیاتر لەوە هەڵدەگرێت کە لەم بارەوە خرایەرِوو، وەک ئەوەی جولێت فلۆید باسی دەکات. هەرچەند 'تۆکمەیی'هەبێت هێشتا بەردەوام شتێک هەر دەمێنێتەوە کە پێویست بە روونکردنەوە بکات، هەر بۆ نمونە شوێنێک کە تێیدا باس باسی 'ئەقڵی سەلیم'، 'شهوود' و 'meeting of minds' بێت. هەرچۆنێک بێت ئەوە تەنها

فەلسەفەی شیکاریی نییە کە بەها دەدات بە تۆکمەیی. لەو رەخنەیەیدا کە لە هێرمنۆتیکای مێژوویی دیلتای دەیگرێت، هۆسەرڵ ئارگیۆمێنت دەدات کە فەلسەفە زانستێکی تۆکمەیە،٥٢ دیاردەناسی تێگەیشتنێکی تر دەدات بە چەمکی تۆکمەیی، بەڵام جیاوازی نێوان (ئەم تێگەیشتنەی هۆسەرڵ) و (ئەوەی فرێگە و راسڵ) گەورەتر نییە لەوەی کە لەنێوان (مۆر) و (فرێگە و راسڵ)دا هەیە!

کەواتا نکوڵیکردن لەوەی کە فەلسەفەی شیکاریی جەخت لە ئارگیۆمێنت، روونی و تۆکمەیی دەکاتەوە کارێکی هەڵەیە، بەڵام ئەوە حەقترە بانگەشەی ئەوە بکرێت کە فەلسەفەی شیکاریی لە گشت نەریتەکانی تری فەلسەفە زێدەتر بایەخ و جەختی لەسەر ئەو فەزیلەتانەیە، واتا ئارگیۆمێنت، روونی و تۆکمەیی.

### ٦:٤ میتۆد

ئەگەر بمانەوێت کە بنەڕەتییانە وەسفی خەسڵەتی فەلسەفەی شیکاریی بکەین، ئەوا دەبێت روو لە میتۆد بکەین، بە تایبەتتر میتۆدی شیکاریی. هەر لە ناوەکەی را ئەوە روونە کە فەلسەفەی شیکاریی 'شیکاری'یە، لەبەرئەوەی کە شیکاریی رۆڵێکی سەنتەریی تێدا دەگێڕێت. لێرەدا یەکسەر تانەیەک دێتە ئاراوە کە شیکاریی کاری سەنتەریی فەلسەفە بووە هەر لە لەدایکبوونیەوە لە یۆنانی دێرینەدا، بەڵام فەلسەی شیکاریی بە چڕی کردییە ناو، و ناوەڕۆکی خۆی پێ جودا کردەوە. هەرچەندە لە شوێنی تردا ئاماژەمان بەوە کردبوو کە میتۆد و جۆری شیکاریی کە لە

**ئەگەر بیرۆکەیەك شایستەی بیرلێکردنەوە بێت، ئەوە شایستەیە بەڕوونی بوترێت، ئەگەر بەڕوونیش وترا، ئیتر بیرکردنەوە دەدرەوشێتەوە.**

راستیدا داهێنراوی نێو فەلسەفەی شیکارییین؛ هەر لە سەرەتاوە لە شیکاریی لۆجیکی و لۆجیکگەرایی فرێگە، بەکارهێنانی پێناسەی ناوکۆیی، هەروەها تیۆریای وەسف-ی راسڵ. ئیتر ئەمانە زێدەتر گەشەدەکەن لە میتۆدی بونیادی لۆجیکیی راسڵدا، لای ڤیتگنشتاین لە تراکتاتۆسدا، هەروەها کاری ئەندامانی تری قوتابخانەی شیکاریی کامبریج، لای کارناپ لە (بونیادی لۆجیکیی جیهان)دا، هەروەها کارەکانی لەسەر لۆجیک و واتاسازی. ئەم بۆچوونانە بە زانکۆی ئۆکسفۆرد ناسێنران لەلایەن گیلبێرت رایل-ەوە بە بەرهەمی (Systematically Misleading Expressions) لە ١٩٣٢دا، هەروەها جەی ئایەر بە (Language, Truth and Logic)١٩٣٦، هەروەها کواین لە ئەمریکا لە میانەی کارە لۆجیکی و فەلسەفیەکانی ئامادەگییەکی بەهێزی بە هەموو ئەمانە بەخشی، لەگەڵ ئەوانی تر وەک؛ کلارێنس ئێرڤینگ لویس، روث بارکان مارکۆز و ساول کریپکە بەشداربوون لە شیکاریی modal notions. ٥٣

فرێگـە و مـۆر لـە فەلسـەفەی شـیکارییدا دەبنـە تانوپـۆ، ئافراندنـی ئـەم تانۆپۆیـە بەهـۆی فرێگـە و مـۆرەوە، دەبێتـە رۆنانـی کرۆکـی سـەرەکی داینامیکـی ناوەکیـی نەریتـی شـیکاریی. سـەرەداوی کاری مـۆر هـەر لـە سـەرەتاوە جەختکردنـەوە بـوو لەسـەر جیاکردنـەوە و روونکردنەوەیەکـی زرنگانـەی ئـەو پرسـیارە فەلسەفیانەی کە دەیانکەین، هەروەها تێگەیشتنی شـیتەڵیانەی ( decompositional conception) ئـەو بـۆ شـیکاری بڕیارەوتـەکا و پێشڕەویی بـە درێژایـی روونکردنـەوەی پـڕۆژەی ڤیتگنشـتاین لـە تراکتاتۆسـدا، و فەلسـەفەی قۆناغـی دواتریـدا، هەروەهـا بانگەشـەی مـۆر بـۆ ئەقڵـی سـەلیم لـە وەڵامـدا بـۆ گومانگەرایـی. لـەدوای جەنگـی جیهانیـی دووەمـەوە ئیتـر شـیکاریی چەمکـی لـە (فەلسـەفەی زمانـی ئاسـایی) ئۆکسـفۆرددا زێدەتـر گەشـەی کـرد، ئەمـەش بەهـۆی خولیـای فەلسـەفیانەی ئۆسـتین بـوو بـۆ شـیکاری زمانەوانـی، هەروەهـا بەهـۆی شـیکاری رایـل، ستراوسـن و ئەوانـی تـرەوە. ٥٤

## ٧:٤ سندوقی ئامرازەکانی میتۆدناسی

ئـەم هەمـوو چەمـک و تەکنیکـە جاوازانـەی شـیکاریی، هەروەهـا ئـەم هەمـوو گۆڕانـکاری و چاکسـازییەی کـە لەلایـەن فەیلەسـوفانی شـیکارییەوە خراوەتـەڕوو، بوونەتـە بەشـێک لـە سـندوقی ئامـرازی میتۆدناسـیی فەلسـەفەی شیکاریی. بۆیە فەیلەسوفی شیکاریی بەو کەسە دەناسرێت کە بەهۆی مەشق لە لۆجیکی مۆدێرن و توێژینـەوە لـە کاری پێشیناندا دەزانێت چۆن ئەم ئامرازانـە بەکاربهێنێت. ئیتـر هـەر فەیلەسـوفێک لەوانەیـە کـە ئارەزوو، خولیـا، پاشخان، بایەخدان، پاڵنـەر، پێشگریمانە و پـڕۆژەی جیاوازی هەبێت، هەروەهـا پێدەچێت ئـەم ئامرازانـە بە ڕێگەی جیاواز بەکاربهێنـن بـۆ بونیـات، رەخنـە، هەڵسـەنگاندن و پێکهاتـەی جیـاواز، بـەڵام یـەک زەخیـرەی هاوبـەش لـە تەکنیکـی شـیکاریی و سـامانێکی زەنگیـن لـە نمونـەی فێـرکاری بـۆ بەکارهێنـان بەردەسـتە، هەمـوو ئەمانـە پێکـڕا بنەماکانـی میتۆدناسـیی فەلسـەفەی شـیکاریی رۆدەنێـن. هـەر وەک چـۆن فەلسـەفەی شـیکاریی گەشـەی کـرد، هـەر ئاوایـش سـندوقی ئامرازەکانـی فـراوان بـوو، هەروەهـا نمونـە کردەییەکانیـش زۆر بـوون.

ئـەم تێگەیشـتنە بینایـە لەسـەر میتۆدێکـی مانـاداری ئەقڵانـی و لۆجیکـی بـۆ زۆرێـک لـە بابەتەکانـی فەلسـەفەی شـیکاریی و هەروەهـا بـۆ ئـەو گەنگەشـە و مشـتومڕانەیش کـە پەیوەسـتن بـە بابەتەکانـی ئـەم فەلسـەفەیەوە. پێـش هەمـوو شـتێک ئـەوە روون دەکرێتـەوە کـە بۆچـی فەلسـەفەی شـیکاری هەندەکیانـە بابەتـەکان وەردەگرێـت، زێدەتـر باسوخواسـی توێژینـەوە تێیـدا کەمکەمـە وەک لـەوەی کـە بونیادێکـی سیسـتەمی/گشـتێکی سیسـتەمی بکاتـە بابەتـی خـۆی. راسـڵ بـۆ بەرگریکـردن لـە میتـۆدی زانسـتی لـە فەلسـەفەدا ئاشـکرای دەکات کـە بنەمـای 'پەرتـەوازەی بکـە و زاڵ بـە' لانـی زۆرینـەی سـەرکەوتنە، راسـڵ بەرگـری لـە میتـۆدی زانسـتیی دەکات لـە فەلسـەفەدا. ئـەوە روونـە تەکنیکەکانـی شـیکاریی ڕێگـە بـەوە دەدات کـە کارکـردن تێیدا بەشـێوەی هەندەکـی و کاری هاوبـەش بێـت وەک ئـەوەی لـە زانسـتدا بـاوە. بـۆ نمونـە؛ چەمکەکان یەکبەیـەک و لـە ناوکۆیەکـی زۆر تایبەتـدا شـیکاریی دەکرێـن، هەنگاوی دواتـر

دەکرێت زنجیرەی ئارگیۆمێنتەکان بهێنرێنە ئاراوە، پاشان گریمانەی زیاتری بۆ زیاد بکرێت، هەروەها گێتیە(Edmund Gettier)ئاسا دەکرێت نمونەی دژ بۆ خستنەڕووی پێناسەی بانگەشەبۆکراو بخرێتەڕوو، ئیتر بەو شێوەیە بابەتەکە دەکرێت بڕوات، بەڵام فەلسەفەی شیکاریی بەو جۆرەیش نییە کە لە جەوهەردا هەندەکی بێت، بەڵکو پەیگیریی پرسگەلی گەورەیشی کردووە و دەرەنجامی زۆریشی چنیوەتەوە.

### ٥. فەلسەفەی شیکاریی و ژیانێکی دیموکراسیانە

باسوخواسی سەرکەوتنی فەلسەفەی شیکارییە، فەلسەفەی شیکاریی بۆ؟، سەرەڕای لەئارادابوونی باسی فەلسەفەی پۆستشیکاریی و نیگەرانیی و ترسی فەیلەسوفانی فەلسەفەی 'کیشوەری'، وێڕای هەموو ئەمانە هێشتا ئەوە سەد ساڵ زیاترە بە فراوانی و پتەوی خۆی دامەزراندووە. سندوقی ئامڕازەکان پڕە لە ئامێری بەسوود؛ چەمکی روونکراوە، سنوور و جیاوازیی دیاریکراو، بنەمای پوختەکراو و تیۆریای لۆجیکیی دەوڵەمەندکراو. یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرکەوتنی بەجیهانیبوونی فەلسەفەی شیکاریی سروشتی دیموکراتیی و شایستەبوونەکەیەتی. واتا لە فەلسەفەی شیکارییدا پاکێجێکی ئایدیۆلۆجی لەئارادا نییە وەک ئەوەی لە مارکسیزمدا هەیە و دەبێت بەدەست بهێنرێت، یان عەقیدە و نەزر وەک لە تۆماییزمدا(Thomism) هەیە، یان وەرگرتنی رووگە و بیروباوەڕێک وەک لای کانتیزم و هێگڵیزم و یان ئەوەی لە دیاردەناسیدا هەیە. کەس پێویستی بە پاشگری ـیزم/ism نییە بۆ

**پێش هەموو شتێك ئەوە روون دەكرێتەوە كە بۆچی فەلسەفەی شیكاری هەندەكیانە بابەتەكان وەردەگرێت؟**

فەلسەفەی شیکاریی لە رووی هزرییەوە دەکرێت ببێتە سەربەستی. هەر وەک جارێک جۆن سیرڵ وتبووی: " کە من فەیلەسوفێکی شیکاریم، من خۆم بیردەکەمەوە". ٥٥

### ٦. سامانی نەریتی شیکاریی

لە کاتێکدا کە بەربنەمای میتۆدناسی بەرخوردی لەگەڵدا دەکرێت ئەمە مانایەکی زۆر دەدات بە بەکارهێنانەکانی 'شیکاریی'، هەرچەند ئەمەش هێشتا هەر دادپەروەریی نییە سەبارەت بەو هەموو بەکارهێنانەی، بەتایبەت کاتێک وەک بزاڤێک یان نەریتێک باسی فەلسەفەی شیکاریی دەکەین. بۆی هەیە دوو مانای 'فەلسەفەی شیکاریی' لێک جیابکەینەوە، ئەمەش دەوەستێتەسەر ئەوەی کە لە زەینماندایە وەک چالاکی (فەلسەفاندنی شیکاریی) یان وەک نەریت (نەریتی شیکاریی). بەڵام هەردووکیان هەم وەک چەمک هەم وەک مێژوو پەیوەستن. باسی میتۆدی شیکاریی یان (لۆجیکی-شیکاریی) دەکەوێتە پێش میتۆدی شیکاریی فەلسەفیەوە، کە لە ساڵانی ١٩٣٠ـەکاندا دەستی پێکرد و ١٩٥٠کانیش بڵاو بوویەوە، لەکۆتاییدا لەو چەند ساڵەدا نەریتی شیکاریی ناسرا. دابینکردنی بنەما و میتۆدەکانی

ئـەوەی ببێـت بـە فەیلەسـوفی شـیکاریی، بۆیـە هەرکـەس ویسـتی ببێـت بـە ـیست/ist دەکرێـت ببێـت بـە ـیستێکی شـیکاریی. ئیتـر جێگـەی سەرسوڕمان نییـە کـە فەلسـەفەی شـیکاریی لـەو وڵاتانـەی کـە مارکسیزم-لینینیزم تێیاندا هەرەسی هێنـاوە یـان هـەرس دێنێت پەرەدەسێنێت. بۆ نمونـە لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات یەکڕاست دوای هەرەسی ڕژێمـی کۆمۆنیـزم لـە سـاڵی ١٩٨٩ ڕوودەکەنـە فەلسـەفەی شـیکاریی. هەروەهـا فەلسـەفەی شـیکاریی بەرەبـەرە لـە چیـن پێدەگات. لەگـەڵ فراوانبوونـی هەلەکانـی فێـرکاری وپەرەسـەندنی ژێدەرکانی ئۆنلایـن، بڵاوکراوە و کتێبی دەرسـی، لە باشـترین دۆخیدا کرانەوە و پێڕاگەیشـتنێک بۆ فەلسـەفە فەراهـەم بـوو کـە پێشتر ڕووی نەدابـوو، بەتایبـەت فەلسـەفەی شـیکاریی بـواری بـۆ واڵا بـوو تـا ئامـادەی بەشـداریی بێـت، وەک وتمـان سروشـتە هەندەکییەکـەی فەلسـەفەی شـیکاریی هاندەرێکـی بـاش بـوو بـۆ بەشـداریکرن. هەمـوان دەکـرا لـە دانانـی ڕێسـادا بەشـداربن، تەنانـەت ئەگـەر بـە دۆزینـەوەی دژەپێناسـەیش بێـت بـۆ مەعریفـە، یـان هـەر بابەتێکـی تـر، دەکرێـت دۆخێک لەئارادا بێت کە هەماهەنگی شـهودی کەسێک بێت، ئیتر هەماهەنگییەکی لـەرزۆک یـان پتـەو بێـت. تەنانـەت ئەگـەر -یـان کاتێـک- کەسێک ڕووبەڕووی لێتێکچوونێک یان دیدێکی هەڵـە دەبێتـەوە، بـا واش بێـت ئـەو کەسـە بـە ئاشـکرا گومـڕا بووبێت، دەکرێت شـیکاریکردنی خـودی ئـەم لێتێکچـوون و هەڵـە وگومڕابوونـە ببێتـە هـۆی زێدەتـر تاودانـی گفتوگـۆ. بـۆ کەسـانێک کـە ئـارەزووی تاکگەراییـان هەیـە لـە ژینگەیەکـی سـتەمکار و سـەرکوتکەردا، نەریتـی شـیکاریی لـە لۆجیکگەرایـی فرێگـە و راسـڵ بـەدواوە دەسـتپێدەکات، بـە دابینکردنـی شیکاریی، پێڕەو، ئارگیۆمێنت، چەمک، بنەما، بزاف، ڕەوش، دەق و تێماکان، هەروەها تیۆریاکان کە وردەوردە لەسـەریەک ڕۆنیشـتوون و لـە هەمـوو ئـەو پەیوەندییانەیـان کـە پێکـەوە هەیانبـووە ئـەم سـامانەی نەریتـی شـیکارییان پێکەوەنـاوە.

هیـچ یەکێـک لـە پێـڕەو، ئارگیۆمێنـت، چەمک، بنەما، بزاف، ڕەوش، دەق و تێماکان، لە نەریتـی شـیکارییدا بەهیـچ ڕێوشـوێنێک ناکرێت بـە تـەواوی لەیەکتر جیابکرێنـەوە. بەڵکـو ئەوانـە پێکـڕا بوونەتـە ژێرخانێکـی پێکبەسـتەی پتـەو، لـە ڕووی میتۆدناسـی و پەیوەنـدی هۆکارییـەوە، بەجۆرێـک کـە وەک ئاگایـی فەلسـەفی و هەسـتیاری مێژوویـی بخرێنـەڕوو. ڕێگـەی جیاوازیـش هەیـە بـۆ ئـەم خسـتنەڕووە، وەک؛

-بەراوردی شیکارییەکان

-زەمینەسازیی پێڕەوەکان(contextualizing the approaches)

-بونیاتنانەوەی ئارگیۆمێنتەکان

-ڕوونکردنەوەی چەمکەکان

-ناسـاندنی چاوەڕوانیـەکان لـە بنەماکانـی فەلسـەفەی پێشـین

-ڕوونکردنـەوەی بزاڤەکان کە لە گفتوگۆکاندا بەرباس بوون

-پاڵفتەکردنـی هەڵوێستەکان بـە ڕەچاوکردنـی پێشـوازی ڕەخنەگـران و ڕاڤیـاران

-دۆزینەوەی دەقئاوێزانی ژێدەرەکان(exploring the

(intertextual references)

-هێڵکاریی تێما سەرەکیەکان

-ئاوێتەکردنی تیۆریاکان(synthesizing the theories) و هەروەها.

ئەوەش بڵێین کە خستنەڕووی مێژووی فەلسەفەی شیکاریی ڕێگەیەکی شاهانە و فەرشڕێژ نییە، هەروەها بەهیچ شێوەیەک ناکرێت لەیەک بابەتی وا کورتدا دەرۆستی ئەوە بێین کە ئەو نەریتە فەلسەفیە بخەینەڕوو، ناتوانین ئەو هەموو رەهەندە جیاوازانەی باس بکەین، یان زەنگینی و تێکچڕژاوی مێژووەکەی پیشان بدەین. لە کۆتاییدا تاکە ڕێگەی وەڵامی پرسیاری' فەلسفەی شیکاری چییە؟' بە پیشاندانی مێژووی نەریتی شیکاریی فەراهەم دەبێت.

**سەرچاوە و پەراوێز**


١.Beaney, Michael. (٢٠١٢). 'Logic and Metaphysics in Early Analytic Philosophy', in Haaparanta and Koskinen ٢٠١٢, pp. ٢٥٧–٩٢.

٢.Hanna, Robert. (٢٠٠١). Kant and the Foundations of Analytic Philosophy. Oxford: Oxford University Press.

٣.Hacker, P. M. S. (١٩٩٦). Wittgenstein: Mind and Will. Oxford: Blackwell.

٤.Russell, Bertrand. (١٩٥٩). My Philosophical Development. London: George Allen & Unwin; repr. Unwin Paperbacks, ١٩٨٥.

٥.Beaney, Michael. (٢٠١٣). The Oxford Handbook of The History of Analytic Philosophy. Oxford: Oxford University Press.

٦.Moor.G.E. (١٩٩٣). Principia Ethica. Cambridge University Press.

٧.Beaney, Michael. (٢٠١٣). The Oxford Handbook of The History of Analytic Philosophy. Oxford: Oxford University Press.

٨.هس ٩.هس

١٠.Beaney, Michael. (٢٠١٢). 'Logic and Metaphysics in Early Analytic Philosophy', in Haaparanta and Koskinen ٢٠١٢, pp. ٢٥٧–٩٢.

١١.Beaney, Michael. (٢٠١٣). The Oxford Handbook of The History of Analytic Philosophy. Oxford: Oxford University Press.

١٢هس. ١٣.هس ١٤.هس ١٥.هس ١٦.هس ١٧.هس ١٨.هس ١٩.هس

٢٠.هس

٢١.Kremer, Michael. (٢٠٠٧). 'The Cardinal Problem of Philosophy', in Crary ٢٠٠٧, pp. ١٤٣–٧٦.

٢٢.Stroll, Avrum. (٢٠٠٠). Twentieth-Century Analytic Philosophy. New York: Columbia University Press.

٢٣.Beaney, Michael. (٢٠١٣). The Oxford Handbook of The History of Analytic Philosophy. Oxford: Oxford University Press.

٢٤.W. A. Carus. (٢٠٠٧). Carnap and Twentieth-Century Thought: Explication as Enlightenment. Cambridge: Cambridge University Press.

٢٥.Awodey, Steve. (٢٠٠٧). 'Carnap's Quest for Analyticity: The Studies in Semantics', in Friedman and Creath ٢٠٠٧, pp. ٢٢٦–٤٧.

٢٦.Moore, G. E. (١٩٤٢). 'An Autobiography', in Schilpp ١٩٤٢, pp. ٣–٣٩.

٢٧.Beaney, Michael. (٢٠١٣). The Oxford Handbook of The History of Analytic Philosophy. Oxford: Oxford University Press.

٢٨.Creath, Richard. (٢٠٠٧). 'Quine's Challenge to Carnap', in Friedman and Creath ٢٠٠٧, pp. ٣١٦–

٢٩.Beaney, Michael. (٢٠١٣). The Oxford Handbook of The History of Analytic Philosophy. Oxford: Oxford University Press.

٣٠.هس ٣١.هس ٣٢.هس ٣٣.هس ٣٤.هس ٣٥.هس ٣٦.هس ٣٧.هس

٣٨.هس ٣٩.هس

٤٠.Soames, Scott. (٢٠٠٣). Philosophical Analysis in the Twentieth Century, Volume ١: The Dawn of Analysis, Volume ٢: The Age of Meaning. Princeton, NJ: Princeton University Press.

٤١.Beaney, Michael. (٢٠١٣). The Oxford Handbook of The History of Analytic Philosophy. Oxford: Oxford University Press.

٤٢.هس ٤٣.هس ٤٤.هس ٤٥.هس ٤٦.هس ٤٧.هس

٤٨.Sosa, David Martinich, Aloysius. (٢٠٠١). A Companion

to Analytic Philosophy. Blackwell Publishing

٤٩.Beaney, Michael. (٢٠١٣). The Oxford Handbook of The History of Analytic Philosophy. Oxford: Oxford University Press.

٥٠.هس

٥١.Pope, An Essay on Criticism, Part. ٢, II. ٢٩٧–٣٠٠.

٥٢. هۆسەرڵ، ئیدمۆند(٢٠١٩)، فەلسەفە وەک زانستێکی ورد و ڕێکوپێک، و. لە ئەڵمانییەوە: د. حەمید عەزیز، دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان، کوردستان، سلێمانی.

٥٣.Beaney, Michael. (٢٠١٣). The Oxford Handbook of The History of Analytic Philosophy. Oxford: Oxford University Press.

٥٤.هس ٥٥.هس

*(oxymoron): کۆکردنەوەی دوو وشەی دژە لە یەک دەربڕیندا، وەک؛ ئاگری سارد، مێژووی سبەی، واتا هێندەی نەگونجاویی دەستەواژەی ئاگری سارد، خستنەپاڵیەکی مێتافیزیک و شیکاریی-یش هێندە بەلایانەوە نەگونجاو بوو، بۆیە دەیانوت (مێتافیزیکی شیکاریی) دەستەواژەیەکی ئۆکسیمۆرۆنە، وەک گاڵتەکردن بە دەستەواژەکە.

# خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ پەروەردەی ئیسلامی لە سەردەمی نوێدا

نووسەر: تاریق ڕەمەزان
لە ئینگلیزییەوە: گۆران عەبدوڵڵا

لەسەردەمی نوێدا، موسڵمانان هاوشێوەی مرۆڤەکانی دیکە ڕووبەڕووی یەخانگیری زۆر و جۆراوجۆر دەبنەوە لەسەرتاسەری جیهاندا. بۆ چۆنییەتی مامەڵەکردن و ئەو ڕووبەڕووبونەوانەش پێویستمان بە پەروەردەیەکی نوێ و بەهێزە. سەرەتاش پێویستە بەوە دەست پێ بکەین کە بزانین پەروەردە چیە؟ یان پەروەردەی ئیسلامی چیە؟ وە چۆن کەسێک پەروەردە دەکرێت؟ کە ئەمەش خاڵی دەستپێکردنی هەمووشتێکە و لێرەوە شتەکان بەرەو باشبوون یان خراپبوون هەنگاوهەڵدەگرن. ئێمەی موسڵمان هەمیشە جەخت لەسەر ئەوەدەکەینەوە کە یەکەم ئایەت و یەکەمین سروش کەبۆ پەیامبەر (درودی خوای لێ بێت) هاتووە بریتی بووە لە (اقرأ). یەکێک لە مانا هەرە سەرەتاییەکانی (اقرأ) بریتیە لەوەی "ئەگەر ئەتەوێت پەیوەندی بەخواوە بکەیت و پەیوەندیەکی باشت لەگەڵ پەروەردگاردا هەبێت، ئەوا پێویستە سەرەتا پەیوەندی بە زانست و مەعریفەوە بکەیت" ئەمەش یارمەتی دەرە تاکو مرۆڤ هەم لە خۆی تێبگات، هەمیش لە خودا تێبگات.

هەروەها مەبەست لە (اقرأ) بەتەنها بریتی نییە لە (خوێندنەوە)، کاتێک کە ئاماژە بەوە دەکرێت کە کتێبێک بخوێنیتەوە، ئەوا پێویستە سێ شت ببێتە بەرهەمی خوێندنەوەکە ئەوانیش؛ (بەدەستهێنانی زانیاری، تێگەیشتن لە زانیاریەکانی ناو کتێبەکە، ئەنجامدانی شتێک یان کردەوەیەک) هەرئەمەش وای لە پەیامبەرکردبوو کە هەمیشە داوای لە پەروەردگار دەکرد (اللهم نسألك علما نافعا).

زانستی بەسوودیش بریتیە لەو زانستەی کە؛

**١-**مرۆڤ بەدەستی دەهێنێت لە سەرچاوەکانەوە.

**٢-**مرۆڤ لێی تێدەگات و گۆڕانکاری باش لەخۆیدا ئەنجام دەدات.

**٣-**ئەنجامدانی گۆڕانکاری باش لەوانی دیکەدا، ئەمەش مانای پەروەردەیە.

**پەروەردەی ئیسلامی ئیشکردنە لەسەر چەند لایەنێک؛**

**یەکەم:** "مرۆڤ دەبێت پەیوەندی لەگەڵ خودادا چۆن بێت؟" کە ئەویش سەرەتا خۆی لە یەکتاپەرستیدا دەبینێتەوە (لا الە الا اللە).

**دووەم:** لە پەروەردەی ئیسلامی بریتیە لە ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە "مرۆڤ چۆن ڕێز لە دروستکراوەکانی پەروەردگار بگرێت" چونکە دواجار ئەوەی لە زەوی و ئاسمانەکاندایە موڵکی پەروەردگارە و فەراهەمی کردووە بۆ مرۆڤەکان (سخر لكم ما في السماوات و ما في الأرض)، بەڵام مرۆڤەکان دەبێت ڕێز لەو دروستکراوانە بگرن و بیانپارێزن. واتە هەبوونی پەیوەنی باش لەگەڵ پەروەردگاردا یەکەم هەنگاوە لەپەروەروەردەدا، و دووەم شت ڕێزگرتن و پاراستی دروستکراوەکانی پەروەردگارە.

**سێیەم:** بریتیە لە "ئەمرکردن بەچاکە و نەهیکردن لە خراپە". ئەم شتانەش زۆر سادەن چونکە بنەماکانی ئیسلام سادەن، بەڵام ئەبێت ئەوە بزانین کە ئەم جیهانەی ئێستا ئێمە تێیدا دەژین ئاڵۆزە و دەبێت حساب بۆ ئەو ئاڵۆزیەش بکەین.

**لێرەدا پێویستە بپرسین بۆچی ئەم**

**ئێمەش وەك موسڵمان، ئەگەر بمانەوێت لەگەل خوادا بین و پەیوەندییەکی باشیشمان لەگەڵ ئەودا هەبێت، ئەوا پێویستە بزانین جیهان لەم سەردەمەدا چییە و چۆنە؟**

**ژیانە لەم سەردەمەدا ئاڵۆزە؟** چونکە زانست و زانیاری مرۆڤەکان لەم سەردەمەدا زۆرتر و فراوانترن بەبەراورد بە ڕابردوو. ئێمەش وەک موسڵمان، ئەگەر بمانەوێت لەگەل خوادابین و پەیوەندییەکی باشیشمان لەگەڵ ئەودا هەبێت، ئەوا پێویستە بزانین جیهان لەم سەردەمەدا چییە و چۆنە؟ هەروەها دەبێت ئەوەش بزانین کە زانیاریەکانی ئێمە سەبارەت بەم جیهانە نوێیە چەندن و چۆنن. هەندێک لە موسڵمانان وابیردەکەنەوە کە موسڵمانبوون زۆر ئاسانە لەسەردەمی نوێدا، ئەویش بەوەی کە مۆدێلەکانی ڕابردوو بێنین و ڕاستەوخۆ بەبێ ئەوەی لەم سەردەمە نوێیە تێبگەین دەستبکەین بە جێ بەجێکردنیان، دیارە کە ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە و دینەکەش بەرەو هەڵدێر دەبەین.

**ئیسلام بریتییە لە** ڕاستگۆبوون و دڵسۆزبوون لەو بنەمایانەی کە ناوەکی و مەعنەوین، بۆیە پێویستە مرۆڤی موسڵمان لەم سەردەمەدا مۆدێل و شێوازی خۆی بدۆزێتەوە، ئەو کاتە ئەتوانێت بنەماکانی ئیسلام بە جێگیری (ثابت) بهێڵێتەوە و مۆدێل و شێوازی دینداری بگۆڕێت نەک

بنەماکان. بۆنمونە موسڵمانی سەردەمی نوێ ناتوانێت ئەو شێوازە ژیان و دینداریە جێ بەجێ بکات کەلە مەدینەی سەردەمی پەیامبەردا جێ بەجێ دەکرا، چونکە بارودۆخی (کلتوری و سیایسی و ئابوری...هتد) ئەو سەردەمە لەگەڵ ئێستادا بەتەواوی جیاوازە. بۆیە پێویستە مرۆڤی موسڵمان تێگەیشتنی سەبارەت بەم سەردەم و جیهانە بگۆڕێت بۆ ئەوەی بتوانێت دڵسۆز بێت لەگەڵ ئایینەکەیدا. ئەمەش ئەو خاڵەیە کە پەروەرشیاران پێویستە لێی تێبگەن و حسابی بۆ بکەن لە "پەروەردەی ئیسلامی" سەردەمی نوێدا. کەوابوو دەتوانین بڵێین دووشت لە پەروەردەدا گرنگن بۆ ئەم سەردەمە:

**١-**تێگەیشتنێکی قووڵ لە بنەماکانی ئیسلام.

**٢-**تێگەیشتنێکی قووڵ لەو سەردەمەی کە مرۆڤی موسڵمانی تێدا دەژی.

**زۆرێک لە خوشک و براکانمان** کە ناوی "سەلەفی"یان لەخۆیان ناوە دووچاری ئەو کێشەیە بوونەتەوە کە نایانەوێت ڕەچاوی ئەو سەردەمە بکەن کە تێیدا دەژین، واتە نە ڕەچاوی ئەو سەردەمە دەکەن کە تێیدا دەژین وە نە ڕەچاوی بۆ ئەو شوێنەش دەکەن کە دینداری تێدادەکەن. ئەم جۆرە لە مرۆڤی موسڵمان وشەی "سەلەفی"یان قۆرخکردووە بۆ خۆیان. لێرەدا دووجۆر سەلەفی هەیە یەکەمیان ئەوانەن کە دەتوان بە قووڵی لە بنەماکانی ئیسلام تێبگەن هەروەها دەشتوانن بە قووڵی لە سەردەمەکەیان تێبگەن. جۆری دووەمیان ئەوانەن کە ناوی سەلەفیان بۆ گروپێکی تایبەت قۆرخکردووە و نایانەوێت بەهیچ جۆرێک گوێ بەو سەردەمە بدەن کە تێیدا دەژین.

**لێرەدا پێویستە پرسیارێک ئاراستەی موسڵمانان بکەین، ئەویش ئەوەیە "ئایا ئامانجی سەرەکی موسڵمان چییە لە ژیاندا؟". یاخود ئایا موسڵمانان لەوە تێگەیشتوون کە ئیسلام چییە؟**

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە یەکێک لە ئایەتەکانی قورئان یارمەتیدەرمان دەبێت هەر ئەویش ئامانجی پەروەردەی ئیسلامیمان زیاتر بۆ ڕۆشن دەکاتەوە (ادخلوا في السلم كافة)، ئەو مرۆڤانەی کە ئیسلامیان قەبولکردووە دەبێت بە هەموو بونیانەوە ئەو ئایینە وەربگرن واتە بە بیرکردنەوەیان، بە دڵیان، بە کەسایەتیان، بە ژیانیان. ئاماجی سەرەکی پەروەردە لە ئیسلامدا بریتیە لەوەی کە مرۆڤ لەگەڵ خوادا لە پەیوەندیەکی باش و ئاشتیانەدا بێت، هەروەها هەمان پەیوەندی هەبێت هەم لەگەڵ خۆیدا و هەمیش لەگەڵ جیهاندا. لەڕاستیدا مرۆڤی موسڵمان چ نێر بێت یاخود مێ لەهەر کوێیەکی ئەم جیهانەدا بژی، دەبێت هۆکارێک بێت بۆ بڵاوکردنەوەی ئاشتی. واتە "السلامه النفس" یەکێکە لە خاڵە سەرەکیەکانی پەروەردە، بۆئەوەی تاکی موسڵمان بتوانێت لەگەڵ خۆی و مرۆڤەکانی دەوروبەریدا پەیوەندیەکی باش و ئاشتیانەی هەبێت، سەرەتا پێویستە پەیوەندیەکی ئاشتیانەی لەگەڵ پەروەردگاردا هەبێت. دوای ئەنجامدانی ئەم کارەش، ئیدی ئەرکی دەبێتە ئەوەی کە ئاشتی بڵاوبکاتەوە لەسەر ڕووی زەویدا (أفشوا السلام بينكم).

**مرۆڤی سەردەمی نوێ** مرۆڤێکی چاوبرسیە هەمیشە بەشوێن پارەیەکی زۆر و هێزێکی زۆرەوەیە بەجۆرێک کە ڕۆژانە بە

کردەوە و پرۆژەکانی خەریکی لەناوبردنی سروشتە. لەدەرئەنجامی ئەو کردەوانەی مرۆڤیش، سروشتیش وەڵام دەداتەوە بە (گەرم بوونی گۆی زەوی، کارەساتی دڵ تەزێن و لافا، مردن). ئەگەر مرۆڤ ڕێز لە سروشت نەگرێت، ئەوا پەروەردگار بە مرۆڤ دەڵێت "گەر ڕێز لەسروشت نەگریت ئەوە بزانە کە ڕێزت لەخۆت نەگرتووە و لە پەیوەندیەکی باشدا نیت لەگەڵ سروشتدا". موسڵمانانیش دەبێت ئەوە بزانن کە ئەم زەویە موڵکی ئەوان نییە بەڵکو موڵکی پەروەردگارەو مرۆڤ تەنها جێنشینە لەسەر زەویدا، لەسەری پێویستە چاکە و ئاشتی بڵاوبکاتەوە.

**پەروەردەی ئیسلامی** هەمووی باسی "ئاشتی" و بڵاوکردنەوەی ئاشتیە بۆ مرۆڤ و ئاژەڵ و ڕووک و سروشت. پەروەردە لە ئیسلامدا، یارمەتیدانی مرۆڤەکانی دیکەیە تاکو بتوانن لەگەڵ پەروەردگاردا ئاشت ببنەوە، یارمەتیدانی ئەوانی دیکەیە تاکو بەخۆیان شاد ببنەوە، خستنەسەر ڕێگەی ئەوانی دیکەیە بۆئەوەی ئازاری سروشت نەیەن، واتە دروستکردنی مرۆڤێکە ببێتە بکەری ئاشتی لەسەر گۆی زەویدا.

**ئیسلام ئایینی ئاشتی نییە، ئیسلامی ئایینێکە بانگەشە بۆ ئاشتی دەکات.** دیارە کە ئەم دوو بابەتە جیاوازن. ئەگەر کەسێک بەرانبەر کەسێکی دیکە وەستاو بانگەشەی لەناوبردنی کرد، ئەوا ئەرکی موسڵمانە بەرامبەر ئەو وێرانکاریە هەستێتە سەرپێ و ڕێگری لێبکات. ئایینی ئیسلام فەرمان بەوەدەکات ئەگەر هاتوو لەهەر شوێنێک نادادپەروەری و گەندەڵی بەدیکرا، ئەوا پێویستە موسڵمانان هەوڵەکانیان بخەنەگەڕ بۆ نەهێشتنی ئەو نادادپەروەری و

**"ئەو کەسەی کە بانگەشەی ئاشتی و دادپەروەری دەکات، دەبێت لەبەرامبەر تێکدانی ئاشتی و نادادپەروەریشدا هەڵوێستی هەبێت و هەوڵی ڕاگرتنیان بدات".**

گەندەڵیە. ئەمەش ئەوە دەگەینێت کە موسڵمان بەرامبەر هەموو کەس بە ئاشتی مامەڵە ناکات بەڵکو بە دانایی (الحكمە) مامەڵە دەکات. واتە موسڵمان "ئاشتە لەگەڵ ئاشتیدا و لەهەمان کاتدا ئامادەیە هەستێتە سەرپێ بەرانبەر ئەو کەسەی کەدەیەوێت کۆمەڵگە بەرەو هەڵدێر بەرێت". بەواتایەکی دیکە "ئەو کەسەی کە بانگەشەی ئاشتی و دادپەروەری دەکات، دەبێت لەبەرامبەر تێکدانی ئاشتی و نادادپەروەریشدا هەڵوێستی هەبێت و هەوڵی ڕاگرتنیان بدات".

**ئێستا ئەبێت ئەوە ڕوون بێت کە** ئایینی ئیسلام هەمیشە و لە هەموو بارودۆخەکاندا ئایینی هێمنی و ئاشتی و خۆشەویستی نییە. ئیسلام خۆشەویستی و ئاشتی لەناو خەڵکیدا بڵاودەکاتەوە تائەو کاتەی کە کۆمەڵگە، کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر و ئاشتیە، وە موسڵمانان هەڵوێستیان دەبێت لەوکاتانەدا کە نادادپەروەری و ئاشتی شوێنی پێ لێژ دەکرێت لە کۆمەڵگەدا. دەبێت موسڵمانان ئەوە بزانن کە پەروەردەی ئیسلامی ئەم شتانەش لەخۆ دەگرێت لەسەردەمی نوێدا.

**لێرەدا، ڕەهەندێک هەیە کە** زۆر گرنگە

ڕوونبکرێتەوە؛ ئەویش بریتیە لەوەی "جیهان بەو ڕێگا و هۆکارانە دەگۆڕێت کە ئەمڕۆ مرۆڤە لەبەر دەستیدان" هەموو ئەو شتانەی کە ئێمە ئەنجامیان دەدەین بۆ پەروەردەی ڕووحیمان، {ومن یتوکل علی الله فهو حسبه} مرۆڤی موسڵمان پێویستە پشت بە خوا ببەستێت وە داوای یارمەتیش هەر لەو بکات. ئەمەش ئەو جۆرە موسڵمانانە دەگرێتەوە کە مرۆڤ گەلێکی سەربەخۆن، مرۆڤی سەربەخۆش ئەو مرۆڤەیە کە تەنها بەندایەتی بۆ خودا دەکات و هەرشتێکیشی هەبێت هەر لەوی داوادەکات و وە پەروەردگاریش وەڵامی دەداتەوە (وإذا سألك عبادي عني فإني قريب أجيب دعوة الداع إذا دعان) زۆر گرنگە ئەم جۆرە پەیوەندییە لەگەڵ خودادا ئەمڕۆ لە کۆمەڵگەکاندا بپارێزرێت.

**زۆرگرنگە موسڵمانان ئەوە بزانن کە**

ئێمە ئێستا لە "سەردەمێکی نوێی کلتوری جیهانیدا" دەژین ئەو کلتورە نوێیەی کە لەسەر دووشت ڕاهاتووە کە زۆر گرنگن لە پەروەردەی نوێی ئیسلامیدا ڕەچاو بکرێن ئەوانیش؛ یەکەم (نامۆبوون یان داگیرکردن)، دووەم (ئاڵودەبوون)، ببینن کە ئەمڕۆ مرۆڤایەتی چی بەکاردەهێنێت؟ زۆربەی ئەو شتانەی کە مرۆڤ لەم سەردەمەدا بەکاریان دەهێنێت ڕێگایەکن بۆ نامۆبوون و داگیرکردنی مرۆڤ وە هەروەها ڕێگایەکن بۆ ئاڵودەبوونی مرۆڤ. مەبەست لە نامۆبوون یان داگیرکردن لێرەدا بریتیە لە "کلتوری جیهانی" هەر ئەو کلتورە ئەمڕۆ مرۆڤی داگیرکردووە ئەویش بەوەی کاتێک مرۆڤیت و حسابی مرۆڤ بوونت بۆدەکرێت کە پارەت هەیە و دەوڵەمەندیت. ئاڵودەبوون بریتیە لەو شتەی کە مرۆڤ پێویستی پێیەتی و بۆی دروستکراوە و حەزی لێدەکات، یان بەمانایەکی دیکە مرۆڤ دەبێت حەز و خولیاکانی بۆ ئەو شتانەبێت کە ئەو کلتورە جیهانییە بەرهەمی دەهێنێت.

**بۆنمونە** (تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و ئەنتەرنێت و تەلەفیزۆن و فیلمەکان و مۆسیقا و سمارت فۆن و یاریە ئەلترۆنییەکان..... هتد) لەم سەردەمەدا ئەو شتگەلەن کە ئەمڕۆ بوونەتە پێویستی سەرەکی جیهان و مرۆڤەکان ئاڵودەیان بوون. ئاڵودەبونیش ڕێک پێچەوانەی ئەوەیە کە مرۆڤ ئازاد و سەربەخۆبێت بەرانبەر بە پەیوەندیەکانی لەگەڵ پەروەردگاردا، ئەگەر موسڵمانان دەرکی ئەمەیان نەکرد و نەیانزانی چۆن ئەو کەرەسەتانە بەکاربهێنن ئەوا بێگومان هیچ چێژێکی ڕووحی لە پەرستشەکانیاندا نابینن. واتە زۆرگرنگە موسڵمانان بزانن چۆن مامەڵە لەگەڵ داهێنراوە نوێکانی ئەم سەردەمەدا دەکەن بۆ ئەوەی ئەو کەرەستانە لەلایەک داگیریان نەکەن و لەلایەکی دیکەشەوە ئاڵودە و موعتادیان نەکەن بەبەکارهێنانیانەوە.

**لەڕاستیدا لە ئایینی ئیسلامدا** ناوێکی دیکە هەیە بۆ ئاڵودەبوون و موعتادبوون ئەویش بریتیە لە (الشرك الخفي- هاوەڵ پەیداکردنی نهێنی) واتە هەموو ئەو شتانەی کەوا لە مرۆڤ دەکەن پەیوەندیەکانی لەگەل خوادا بشێوێنێت لە ڕێگەی ئاڵودەبوون بە بەکارهێنانی کەرەستەکانەوە. هەندێک مرۆڤ ئاڵودەبوون بە مادده کحولیەکانەوە وەک ئارەق خواردنەوە، هەندێک ئاڵودەبوون بە دەرمانەوە، هەندێک ئاڵودەبوون بە گوێگرتن لە مۆسیقا، هەندێک بە ئەنتەررنێتەوە، هەنێک بە مۆدێلاتی جلوبەرگەوە

ئاڵودەبوون، هەندێکی دیکە بە تۆڕی کۆمەڵایەتی و یارییە ئەلکترۆنییەکانەوە ئاڵودەبوون.

**واتە ئاڵودەبوون لەسەردەمی نوێدا** کلتورێکی جیهانییە و تایبەت نییە بەشوێنێک یان ناوچەیەکی دیاریکراوەوە. ئالێرەدایە پەروەردەی ئیسلامی دەبێت ڕۆڵی سەرەکی ببینێت و وە موسڵمانان ئاگاداری ئەوە بن کە ناتوانن ژیانێکی دینداریانە و ڕاستەقینە و ڕوحیان لەگەڵ خوادا هەبێت، گەر ئاڵودەبن بەو کەرەستانەی کە بەرهەمی مۆدێرنەن.

**نامۆبوون یان داگیرکردن** بریتی نییە لە بیرکردنەوە دەربارەی خۆت بەوەی کە پەروەردگار چی لەتۆوە چاوەڕێ دەکات بۆی ئەنجام بدەیت، بەڵکو بریتیە لەوەی کە کۆمەڵگە چی لەتۆ چاوەڕێ دەکات دەبێت بۆی جێ بەجێ بکەیت. واتە مرۆڤ بەگوێرەی خواستەکانی کۆمەڵگە بجوڵێتەوە نەک بەگوێرەی داواکاریەکانی پەروەردگار. ئەو کلتورە جیهانییە لەم سەردەمەدا مرۆڤێکی دەوێت کە هەمیشە خەیاڵی لای زۆرکردنی پارەکانی بێت و جلوبەرگەکەی بیبگۆڕێت و هەروەها زۆرترین کاتەکانی لەسەر ئەنتەرنێت بەرێتەسەر یانیش خەریکی یاریە ئەلترۆنییەکان بێت، ئەمەش ئەو شتە نییە کە پەروەردگار لەڕێگەی پەیامبەرەکەیەوە محمد (درودی خوای لێبێت) داوای لە موسڵمانانکردووە بۆی جێ بەجێ بکات. ئەگەر مرۆڤی موسڵمان بیەوێت لەگەڵ خوادا لەپەیوەندیەکی باشدا بێت و چێژ لە پەرستشەکانی وەربگرێت و کاریگەریشیان هەبێت لەسەری، دەبێت ئەوە ئەنجام بدات کە پەروەردگار پێی سپاردووە، نەک ئەوەی کە کۆمەڵگە داوای لێ دەکات، چونکە

## ژیانی ئیمانی و ڕۆحی پێویستی بە مرۆڤی ئازاد و سەربەخۆ هەیە.

ژیانی ئیمانی و ڕۆحی پێویستی بە مرۆڤی ئازاد و سەربەخۆ هەیە. ئازادی ڕاستەقینەش ئەوە نییە کە "کۆمەڵگە چی لێ داواکردیت بۆی ئەنجام بدەیت" بەڵکو بریتیە لەوەی کە "مرۆڤ بەو جۆرە بێت کە خودا دەیەوێت".

**مرۆڤ هەمیشە دەبێت ئەو پرسیارە** لە خۆی بکات کە ئایا ئەو بەندەی کۆمەڵگەیە یان بەندەی خودایە؟ ئەو خاڵەی کە پێویستە لێرەدا ئاماژەی پێ بکرێت ئەوەیە کە هەموو پەروەردە ئایینییەکان دەبێت لەهەوڵی ئەوەدا بن مرۆڤ بەخۆی و بەخوا ئاشناکەن، هەروەها دەبێت پێی بڵێن کە ئەو کێیە؟ و دەبێت چۆن بێت؟ و چی بکات؟. بۆنمونە، بۆچی نابێت مرۆڤی موسڵمان ماددە کحولی و هۆشبەرەکان بەکاربهێنێت، چونکە مرۆڤ لەو کاتەدا هەم مێشکی و بیرکردنەوەی لەدەست دەدات هەمیش کاتی بەفیرۆ دەڕوات، بەڵام لەم سەردەمەدا چەندین ڕێگە هەیە کەوا لە موسڵمانان دەکەن بیرکردنەوە و کاتیان لەدەست بدەن، لەوانە (زنجیرە دراماکان، تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، مۆدێلاتی ناوماڵ و جلوبەرگ.....هتد)، ئاڵودەبوون بەمانەوە هەم کاتی موسڵمان دەکوژێت،

هەمیش مێشک و بیرکردنەوەی لەناودەبات.

**لێرەدا بابەتەکە** لەسەر ئەوە نییە کە موسڵمانان نابێت ئەو شتانەی کە باسکران بەکاریان بهێنێت، نەخێر، بەڵکو دەبێت هەموو بەرهەمەکانی مۆدێرنە وەک ڕێگەیەک بۆ خۆباشترکردن بەکار بهێنن و هەروەها موسڵمانان دەبێت ئەوە بزانن "ئەوە مرۆڤە کەرەستە و بەرهەمەکان بەکاردەهێنێت، نەک بەرهەم و کەرەستەکان مرۆڤ بەکاربهێنن". واتە بۆنمونە پێویستە موسڵمانان تۆڕی کۆمەڵایەتی بەکاربهێنن، بەس نابێت ڕێگە بەوە بدەن کە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئەوان بەکاربهێنن، ئەمەش ئەو هێزەیە کە لەسەردەمی نوێدا دەیەوێت مرۆڤ بەکاربهێنێت، لەکاتێکدا مرۆڤ پێی وایە ئەو کەرەستەکان بەکاردەهێنێت.

**ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە،** ئەو هێزە لەناو گەنجان و خوێندکاراندا زیاتر ئیش دەکات بەجۆرێک هەم داگیری کردوون و هەمیش ئاڵودەی کردوون. بۆڕێگریکردن لەو دوو هێزەش (داگیرکردن، ئاڵودەبوون) موسڵمانان پێویستیان بە پەروەردەیەکی ڕووحیە بۆئەوەی بتوانن بەتەواوی لە پەیوەندیەکی باشدا بن لەگەڵ پەروەردگاردا. لێرەدا ئیتر پەروەردگار و پەیامەکەی بە موسڵمانان دەڵێن کە چۆن بن، نەک ئەو هێزانەی کە ئاماژەیان بۆکرا. تاکی موسڵمان لەهەر شوێنێکی دونیادا بێت زۆرگرنگە ئەوە دەستنیشان بکات کە ئەو ئاڵودەی کام لە بەرهەمەکانی مۆدێرنە بووە، یاخود کام لەو بەرهەمانە ئەوی داگیرکردووە، پاشان هەستێت بەدۆزینەوەی ڕێگە چارەیەک بۆ ئەو بەرهەمەی کە ئەو بەکاردەهێنێت و داگیریکردووە.

**لە ئیسلامدا** ئێمەی موسڵمان دەبێت لە ڕۆژێکدا پێنج جار نوێژبکەین بۆچی؟ ببینە پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمێت:(إن الصلاة كانت على المؤمنين كتابا موقوتا) ئایەتەکە باسکردن و ڕوونکردنەوەیەکی ڕۆشنە بۆ گرنگیدان بە کات، لەکاتێکدا لە سەردەمی نوێدا کار لەسەر ئەوە دەکرێت کە چۆن مرۆڤەکان کاتەکانیان بەدەستی خۆیان بێ سوود بەسەربەرن، بەڵام دیارە لە ئیسلامدا ئەوە قەبوڵکراو نییە و ڕێگەپێ نەدراوە. زۆرگرنگە موسڵمانان بەتایبەتی گەنج و لاوەکانیان ئەو پرسیارە لەخۆیان بکەن کە چۆن ڕۆژانە کاتەکانیان بەسەر دەبەن؟ و لەچیشدا بەسەری دەبەن؟ ئایا لە فەیسبووک و یاری و مۆدێلات کاتەکانیان بەسەر دەبەن یاخود لەخۆپەروەردەکردندا. ئەبێت ئەوەش ڕوون بێت کە "پەروەردە لەسەردەمی نوێدا بەتەنها بریتی نییە لە بەکارهێنان و خستنەگەڕی مێشک، بەڵکو بەکارهێنانی (دڵ)یشە شانبەشانی مێشک". گرنگە موسڵمانان ئەوە ڕۆشن بێت لە لایان تاچەند کاریان لەسەر دڵیان کردووە، تاچەند دڵیان پڕکردووە لە خۆشەویستی پەروەردگار و پەیامبەر و پەیامەکەی؟ تاچەند ڕێز لە دڵیان دەگرن؟ تاچەند ڕێز لە جەستەیان دەگرن؟ تاچەند ڕێز لە مرۆڤبوونی خۆیان دەگرن؟.

**لەسەردەمی نوێدا،** جیهان بەگشتی و وڵاتانی زۆرینە موسڵمان بەتایبەتی لە قۆناغی گەشەسەندنی ئابوریدان و وە زۆرێکیان لەوانەیە زۆر دڵیان بەو پێشکەوتنە ئابوریە خۆش بێت و چەپڵەشی بۆ لێبدەن، بەڵام لەڕاستیدا دەبێت وورپابین، چونکە پێشکەوتنی ئابووری بەبێ

سەربەخۆبوون و ئازادبوونی ڕووحی و مادی تاک و کۆمەڵگە لوتکەی ئاڵودەبوون و چڵێسیە. واتە مەرج نییە هەر ناوچەیەک لەڕووی ئابووریەوە گەشەی سەند، بتوانێت لەڕووی ڕووحی و پەروەردەوە گەشەبکات. لەوانەیە مرۆڤگەلێک هەبن لەڕووی ئابووریەوە سەربەخۆبن، بەڵام لە ڕووی رووحیەوە بەتەواوەتی داگیرکراون. ئەمەش ئەو شتەیە کە ئێستا لە زۆرێک لە وڵاتانی زۆرینە موسڵماندا ڕوودەدات.

**لەم سەردەمەدا** دەبینین موسڵمانان زۆر بەباشی مەشغوڵکراون بە پارەی زۆر و مۆسیقا و گۆرانی بێ مانای زۆر و زنجیرە دراما و هەڵبژاردنی شاجوان و پرۆگرامی تەلەفزیۆنی زۆر، بەڵام کاتێک گفتوگۆیان لەگەڵدا دەکەیت هیچی خاوەنی نە دڵێکی ئارامە و نە خاوەنی ڕووحێکی ئاسوودەیە. لەڕاستیدا چارەسەرکردنی ئەمەش بەوە نابێت کە بەنەوەی نوێی موسڵمانان بوترێت "قورئان بخوێنە یان فەرموودەکانی پەیامبەر بخوێنەرەوە"، بەڵکو پێویستە پێیان بوترێت "قورئان بخوێنن بەڵام دەبێت بەقوڵیش لە ماناکەی تێبگەن، هەروەها دەبێت دیراسەی فەرموودەکانی پەیامبەر بکەن و بەقوڵیش لێیان حاڵی ببن". واتە بەبێ تێگەیشتن، موسڵمانان ناتوانن ببنە خاوەنی بیرکردنەوەیەکی سەربەخۆ و ڕووحێکی ئاسوودە.

**لێرەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە** لەم سەردەمەدا پێویستمان بە "پەروەردەی تێگەیشتنە" نەک "پەروەردەی وتنەوە و دووبارەکردنەوە"، چونکە زۆرێک لە موسڵمانان لەم سەردەمەدا کێشەی خوێندنەوەی قورئان و فەرموودەکانیان نییە، بەڵکو کێشەی تێگەیشتنیان هەیە، خوێندنەوەش بەبێ تێگەیشتن هیچ ڕۆڵێکی سەرەکی نابینێت

**بەڵام کاتێک گفتوگۆیان لەگەڵدا دەکەیت هیچی خاوەنی نە دڵێکی ئارامە و نە خاوەنی ڕووحێکی ئاسوودەیە.**

لەژیانی ڕۆژانەی موسڵماناندا. ئەگەر گەنجی موسڵمان بەتەنها تێکستە ئایینییەکان بڵێتەوە و لێیان حاڵی نەبێت و کارنەکەنە سەر دڵی و ڕۆڵیان نەبێت لە فراوانکردنی ڕووحیدا، چۆن دەتوانێت ڕووبەڕووی ئەو هەموو تەوژمی فەساد و ئیلحادە بێتەوە لە جیهاندا و بتوانێت خۆیشی بپارێزێت لەو شەپۆلانە. ڕوونتر بڵێین "گەر تۆ موسڵمانێکیت تەنها تێکستەکان دەڵێیتەوە و لێیان تێناگەیت ، ئەوا بزانە تۆ کەسێکی پارێزراو نیت لەسەردەمی نوێدا". یاخود دەکرێت بوترێت باشترینی پارێزراوەکان ئەو کەسانەن کە باش تێدەگەن و قوڵیش بیردەکەنەوە.

**(العلم، الفهم، الفقه)** ئەو سێ شتەی کە مرۆڤی موسڵمان لەسەردەمی نوێدا زۆر پێویستی پێیەتی، بەڵام بەداخەوە فەرامۆشیکردوون. ئەمانەش ئاڕاستەمان دەکەن بەرەو دڵێکی ئاسودە و ڕوحیکی ئازاد. ئەمانەش بەتەنها بەس نین، چونکە لەبەرانبەر ڕوحێکی ئازاد و ئاسوودەدا پێویستمان بە بیرکردنەوەیەکی ئازاد و سەربەخۆشە. واتە دەبێت پەروەردە ئەو کارەمان بۆ ئەنجام بدات کە لەڕووی ڕووحی و بیرکردنەوەوە مرۆڤێکی ئازاد دروست بکات. یەکێک لە فەیلەسوفە

فەرەنسیەکان ئاماژەی بە شتێکی گرنگ کردووە کە لەڕاستیدا بەشێکە لە پەروەردەی ئیسلامی ئەویش بریتیە لەوەی کە " قوتابیەکەت فێرمەکە وەک خۆت بیربکاتەوە، بەڵکو فێری بکە بەبێ تۆش بتوانێت بیربکاتەوە".

**پەروەردەی تەندروست** ئەو پەروەردەیەیە کە وا لە شوێنکەوتوانی دەکات بە ئازادانە بیربکەنەوە و پرسیاربکەن لەسەر شتە جۆراوجۆرەکان بەبێ ترس. ئەمەش ئەو جۆرە پەروەردەیە بوو کە پەیامبەر (درودی خوای لێبێت) فێری هاوەڵەکانی دەکرد. ئەبوبەکر و عمر (ڕەزای خوایان لێ بێت) هەمیشە پرسیاریان لە پەیامبەردەکرد، لەبەرانبەردا هەرگیز پەیامبەر بێزار نەبووە و بۆ تەنها جارێکیش پێی نەوتوون ئیتر بەسە پرسیار مەکەن. تەنانەت پەروەردگار مۆڵەتی داوە بە فریشتەکان پرسیاربکەن لەسەر مرۆڤ و لەسەر قورئان (أتجعل فيها من يفسد فيها ويسفك الدماء). بەڵام یەکێک لە کێشەکانی پەروەرشیاران لەسەردەمی نوێدا ئەوەیە قوتابیەکانیان فێری "پرسیارکردن" ناکەن و هەندێک جاریش مۆڵەتی پرسیارکردنیان بۆ ناهێڵنەوە لە وانەکانیاندا.

**لە مزگەوتەکان و ڕێکخراوەکان و** زانکۆکان و لە حیزبەکاندا پێویستە فەزایەک هەبێت کە تیایدا موسڵمانان هەست بە ئازادی بکەن تاکو بتوانن پرسیارەکانیان بکەن. هەروەها ئەوەش زۆرگرنگە کە پەروەرشیاران لەسەر ئەساسی پرسیارەکان بڕیار لەسەر بیروباوەڕی قوتابیەکانیان نەدەن، چونکە هەندێک لەوانەیە لەسەر هەندێک جۆری پرسیار بیروباوەڕی هەندێکی دیکە لاواز بکەن و لاوازیش پیشانی ئەوانی دیکەی بدەن. ئەمەش دەبێت ڕێک بکرێتەوە بەوەی لەجیاتی پیشاندانی لاوازی بیروباوەڕ پێویستە ئەوە ڕوونبکرێتەوە کە ئەو برا یان خوشکەیان دەیەوێت تێبگات.

**ئایا دەزانیت بۆچی نوێژ دەکەیت؟** ئایا دەزانیت بۆچی بەڕۆژوو دەبیت؟ پێویستە لەم پرسیارانەوە دەست پێبکەین کە زۆر سادەن، ئایا دەزانیت ڕۆژوو گرنگترین بەرگریکردن و مقاوەمەیە لە کۆمەڵگەی بەکارهێنەردا لە جیهاندا؟. موسڵمانان بە بەڕۆژووبونیان بە جیهان دەڵێن "ئێمە هیچ خواردن و خواردنەوەیەک ناخۆین بۆ ماوەی یەک مانگ بۆچی؟ چونکە بە خۆگرتنەوە لە خواردن و خواردنەوە ئەمانەوێت بگەین بە واتا و بە ماناکان" مانای ژیان، مانای کات، مانای پەرستشەکان....هتد بەڵام کاتێک موسڵمانان داگیرکران و کۆنترۆڵکران، هەوڵدرا گەر پەرستشەکانیشیان ئەنجام بدەن ئەبێت وایان لێبکرێت کە لەماناکانی تێنەگەن تاکو کاریگەریەکی وەهای نەبێت لەسەریان.

**ئایا دەزانن بۆچی مارکێت و بازاڕەکان لە** جیهاندا و لەمانگی ڕەمەزاندا خواردنی (حلال) دەفرۆشن؟ ئەوە بزانن کە لەبەرئەوە نییە کە ئەوان موسڵمانانیان خۆش دەوێت، بەڵکو ئەوان پارەی موسڵمانەکانیان خۆش دەوێت. لە بازاڕی وڵاتانی ڕۆژئاوادا و لە مانگی ڕەمەزاندا بازاڕەکانی ڕۆژئاوا پڕدەبن لە خواردنی حلال و موسڵمانەکانیش زۆر دڵخۆشن بەوە، بەڵام بێ ئاگان لەوەی کە ئەوە ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە "خۆشتان و مانگە پیرۆزەکەشتان ڕامان کێشاون بۆ ناو کۆمەڵگەی بەکاربەر" هەرئەمەشە وایکردووە موسڵمانان لە مانگی ڕەمەزاندا زۆرتر ئەخۆن و ئەخۆنەوە وەک لە مانگەکانی دیکەی

ساڵ. ئەبێت لەخۆمان بپرسین ئا ئەمە چ جۆرە ڕەمەزانێکە کە گەدە و ڕووح و جەستە لە مانگەکانی دیکە شەکەت و ماندووترە؟. ئەمانەش هەمووی دەرئەنجامی بێ ئاگایی و دووریە لە تێگەیشتن لە ماناکانی ڕەمەزان و پەرستش.

**یەکێک لەسەرەکیترین ماناکانی** ڕەمەزان کە پێویستە لای موسڵمانان ڕوون بێت و بۆ جیهانیش ڕوونبکەنەوە ئەوەیە کە "ئێمە لەماوەی یەک مانگدا و لە بەیانییەوە تا ئێوارە کە خۆمان دەگرینەوە لە خواردن و خواردنەوە بۆ ئەوەیە بیربکەینەوە، بۆ ئەوەیە لە مانا و واتای شتەکان تێبگەین". هەروەها یەکێک لەسەرەکیترین ماناکانی "نوێژ" بریتیە لە "بەفیرۆنەدانی کات". بەڵام لە سەردەمی نوێدا موسڵمانان وا تێگەیەنراون کە کات بریتیە لە پارە وە ژیان بریتیە لە پارە. بەپێچەوانەوە لە ئیسلامدا کات بریتیە لە ژیان، وە ژیانیش بریتیە لەگەڵ خوادابوون.

**لەم سەردەمەدا پێویستە** نەوەکانی نوێ فێربکرێن لە بنەڕەت و واتای پەرستشەکانیان تێبگەن تاکو بتوانن ڕووبەڕووی ئەو تەحەدیاتانە ببنەوە کە سەردەمی نوێ بۆیان بەرهەم دەهێنێت. موسڵمان گەلێکی زۆر هەن خاوەنی بڕوانامەی دیبلۆم و بەکالۆریۆس و ماستەر و دکتۆران بەڵام کاتێک پرسیاریان لێدەکرێت "بۆچی نوێژ دەکەیت؟ یان بۆچی بەڕۆژوو دەبیت؟ بۆچی زەکات دەدەیت؟" جۆش دادەمێنن و نازانن. بۆنمونە زەکات ئەو پەرستشە گەورەیەی کە لەم سەردەمەدا و بە کۆمەڵگە کاپیتەلیست و مادیەکان دەڵێت "هەژارەکان مافیان هەیە لەسەر ئەو پارەیەی کە ئێمە دەستمان دەکەوێت" هەروەها موسڵمانان ئەوە پەسەند ناکەن لە کۆمەڵگەدا کە بوترێت

**پەروەردەی تەندروست ئەو پەروەردەیەیە کە وا لە شوێنکەوتوانی دەکات بە ئازادانە بیربکەنەوە و پرسیار بکەن.**

"دەوڵەمەند، دەوڵەمەندە و هەژاریش، هەژار".

هەر ئەمانەش وایانکردووە کە سووربین لەسەر ئەوەی کە لە سەردەمی نوێدا پێویستمان بە خوێندنەوەیەکی پەروەدەیی نوێ دەبێت ئەویش بە پشت بەستن و تێگەیشتنێکی قوڵی بنە ئیسلامیەکان. ئەمەش بریتی نییە لە هەموو کارەکە، بەڵکو بناغەیەکە بۆ تەواوکردنێکی دروستی کارەکە.

کوڕان و کچانی موسڵمان پێویستە لەوە تێبگەن کە مۆدێلات یەکێکە لەو شتانەی کە لاوان و گەنجانی پێوە سەرقاڵ دەکرێن لەم سەردەمەدا. لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و هەندێک لە وڵاتانی ئەورووپا ئێستا مۆدێلاتی حیجاب هەیە لەسەر شێوەی "گوێدرێژ"، ئەوان وەک مۆدێلێکی نوێی جلوبەرگ دەیفرۆشن و پارەش لە کچان و ئافرەتانی موسڵمان وەردەگرن، چۆن دەبێت بەوە ڕازی بیت کە حیجابەکەت مۆدێلەکەی بچێتەوە سەر شێوەی گوێدرێژێک؟ ئەگەرهاتوو ووشیار نەبووین بەم سەردەمە نوێیە، ئەوا دڵنیابن کە ئێمەی موسڵمان لەناوچووین و لە دەست چووین.

**ئایینی ئیسلام ئایینێکە کە** مرۆڤی سەربەخۆ و هۆشیار دروست دەکات هەم لە ڕووی ڕووحیەو هەمیش لەڕووی بیرکردنەوەوە. پێویستە جیاوازی بکرێت لەنێوان دوو جۆر لە زانایان ئەوانیش یەکەم (علماء النصوص) کە ئەو زانایانە دەگرێتەوە وابەستەی دەقەکانن و تەنها زانیاریان لەسەر دەقەکان هەیە. دووەم (علماء الواقع) ئەو زانایانەن کە شارەزای باشیان هەیە لە زانستە ئەزموونی و مرۆڤایەتیەکان و هەروەها خوێندنەوە بۆ ئەو سەردەمەش دەکەن کە تێیدا دەژین. بەڵام ئەوەی لەم سەردەمەدا دەتوانێت ڕۆڵی باش و پەروەردەیی باڵا بگێڕیت ئەو زانایانەن کە خاوەنی هەردوو مەعریفەکەن (دەق و واقع).

**ئەو کەسانەی کە لە** زانستە شەرعیەکاندا دەخوێنن پێویستە لەگەڵ وەرگرتنی بڕوانامەی شەرعی، بڕوانامەی زانستە مرۆڤایەتیەکانیشیان هەبێت، ئەمەش ئێستا لە ڕووسیادا جێ بەجێ دەکرێت و هیچ زانایەکی ئایینی ناتوانێت بڕوانامەی زانستە شەرعیەکان وەربگرێت تاکو لە زانستە مرۆڤایەتیەکانیش شارەزایی باشی نەبێت و بڕوانامەی نەبێت، واتە زانای ئایینی دەبێت دوو بڕوانامەی هەبێت بڕوانامەی (زانستی شەرعی و زانستە مرۆڤایەتیەکان). ئەمەش یارمەتی دەرێکی باش دەبێت کە زانای ئایینی بەتەنها ئیش لەسەر تێکستەکان نەکات و سەردەمەکەشی فەرامۆش بکات، یاخود بەتەنها ببەسترێتەوە بە واقیعەوە و تێکستەکان پشت گوێ بخات. کەوابوو گرنگە زاناکان هەم لە دەقەکان بەقوڵی تێبگەن، هەمیش لەو خەڵک و کۆمەڵگە و سەردەمە تێبگەن کە تێیدا دەژین. چۆن دەتوانین خەڵکی بگۆڕین لەکاتێکدا خۆیان و سەردەمەکەشیان فەرامۆش بکەین؟

پەیامبەر (درودی خوای لێبێت) گۆڕانکاری گەورە و بنەڕەتی لە مەککە و مەدینەدا ئەنجام دا، ئەویش بە دووشت ١- بەناوی خوا ٢- بە ڕێزگرتن لە خەڵک و دانیشتوانەکەیان، نەک بەپێچەوانە کە بڵێت بەناوی خواوە ئیسلام بڵاو ئەکەمەوە و بەڵام هیچ حسابێک بۆ ئێوە و سەردەمەکەشتان ناکەم. نا پەیامبەر هاتوو ووتی من خزمەتتان ئەکەم، دەستەواژەی "خزمەتتان ئەکەم" یانی ئەتوانم هەم لێتان تێبگەم و هەم بشتان ناسم. چۆن دەتوانیت مرۆڤ گەلێک بگۆڕیت لەکاتێکدا نەتەوێت بیان ناسیت و لێیان تێبگەیت (يا أيها الناس إنا خلقناكم من ذكر وأنثى وجعلناكم شعوبا وقبائل لتعارفوا). ئایەتەکە ئاماژەیە بەوەی کە موسڵمانان بە هەموو هۆز و نەتەوە جیاوازەکانی جیهان دەڵێن کە "خودا مرۆڤایەتی لە ڕەگەزی جیاواز و گەل و نەتەوەی جیاواز دروستکردووە تاکو بتوانن یەکتربناسن"، ئەزانن ئێمەی موسڵمان ئەم ئایەتە بۆ ئەوان ڕوون دەکەینەوە، بەڵام ئەوان ناناسین و هەندێک جاریش هەر نامانەوێت بیان ناسین، ئینجا لە هەمووی سەیرتر دەشمانەوێت موسڵمان ببن!. ئەمەش لەکاتێکدایە کە تۆوی "جۆراوجۆریەتی" خودا خۆی چاندویەتی لەسەر گۆی زەویدا.

**ئێمە ناتوانین لە ئیسلام** تێبگەین و پارێزگاریش لەخۆمان بکەین بەتەنها بەوەی کە بە موسڵمانان بڵێین (ئەوە حەرامە، ئەوە حەلال)ە، چونکە ئەمانە ڕوون و ئاشکران و کرۆکی ئیسلامیش بۆ گۆڕینی "زمان

و ووتنەکانی مرۆڤ نەهاتووە" بەڵکو بۆ گۆڕینی هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ هاتووە لە خراپەوە بۆ باش و لە باشەوە بۆ باشترین. واتە پوختەی پەروەردەی ئیسلامی بریتیە لە "خۆت بگۆڕە، پاشان جیهان بگۆڕە" ئەمەش (تزکیە النفس)ە. ئێمە وەک موسڵمان ئەبێت لەمانای شتەکان تێبگەین (مانای ئەخلاقی، مانای شکۆی مرۆڤ، مانای دادپەروەری، مانای ئازادی، مانای مەعریفە.....هتد).

**پێویستە ئێمەی موسڵمان** سێ شت پێکەوەگرێ بدەین ئەوانیش؛ یەکەم (الاخلاق، الاحکام، المقاصد)، الاخلاق بریتیە لە ڕێکردن و هەڵسوکەوت لەم ژیانەدا، الاحکام بریتیە لە سنورەکان، المقاصد بریتیە لە کۆتایی ڕێگەکە. ناشبێت بیرلەوە بکەینەوە کە بمانەوێت بە بە ئەحکامێکی کەم مەقاصدێکی زۆر بەدەست بخەین یان بە پێچەوانەوە، دەبێت هاوسەنگی لەنێوان ئەو سیانەشدا بپارێزین. لە ڕاستیدا پێویستە موسڵمانان زۆر بەباشی لە سەردەمەکەی خۆیان تێبگەن، زۆربەباشی لەو کۆمەڵگەوکلتورە تێبگەن کە تێیدا دەژین و دەیانەوێت ئیسلامیان بۆ ڕۆشن بکەنەوە، هەوڵیش بدەن زۆر لە خەڵکەکەوە نزیک بن. هەندێک کەس زۆرجار و لە زۆر شوێن پرسیاری ئەوەم لێدەکەن کە چۆن باپیرم (حەسەن بەننا) توانیویەتی خەڵکی میصر بەو جۆرە بگۆڕێت، منیش لە وەڵامدا پێیان دەڵێم "ئەو توانی گۆڕانکاری گەورە لە میصردا ئەنجام بدات نەک تەنها لەبەرئەوەی کە شارەزایی هەبوو لە قورئان و فەرموودەدا، بەڵکو ئەو کۆمەڵگەکەشی باش دەناسی و زۆریش نزیک بوو لێیانەوە، بۆ ئەو مەبەستەش

**ئەو کەسانەی کە لە زانستە شەرعیەکاندا دەخوێنن پێویستە لەگەڵ وەرگرتنی بڕوانامەی شەرعی، بڕوانامەی زانستە مرۆڤایەتییەکانیشیان هەبێت، ئەمە ئێستا لە رووسیادا جێبەجێ دەکرێت.**

زیاتر لە ٣٠هەزار لادێ و شار و شارۆکە گەڕاوە" واتە گەر ویستت ئیش لەسەر میلەتێک بکەیت و بیانگۆڕیت، ئەوا هەوڵبدە خۆتیان لێ نزیک بکەرەوە و لەگەڵیاندا بژی. واتە ناتوانیت میلەت بگۆڕیت بەتەنها بە محازەرە و وانە ووتنەوە.

**زانکۆکان، قوتابخانەکان، مزگەوتەکان،** پەروەرشیارەکان گەربیانەوێت مرۆڤێکی باش و پەروەردەکراو بخەنە کۆمەڵگەکانەوە، ئەوا دەبێت شۆڕببنەوە بۆ ناو خەڵک و لەگەڵ خەڵکدا بژین و ڕێزیان لێبگرن بەوەی کە ئازادی بیرکردنەوە و ڕووحی یان بۆ فەراهەم بکەن لە ڕێگەی پێدانی مەعریفەی دەق و مەعریفەی سەردەم، ئەمەش ئەو ڕێگەیەیە کە ئێمە دەتوانین کۆمەڵگەکانی پێ بگۆڕین. زۆرێک لەو کێشانەی کەلە سەردەمی نوێدا لە زانستی "الفقە"دا دووچاری دەبینەوە بریتی نین لەو ڕێگایانەی کە ئێمە حوکم و یاسایەک لە دەقە فقهیەکان وەردەگرین، بەڵکو کێشە سەرەکیەکە بریتیە لەو شوێن و کۆمەڵگەیەیی کە یاساکەی تێدا جێ بەجێدەکرێت لە سیاقی کۆنتێکستەکەدا. واتە کێشەکە بریتی نییە لە خوێندنەوە و دەرهێنانی یاساکە، بەڵکو

بریتیە لە چۆنییەتی جێ بەجێکردنی یاساکان بەرچاوکردنی سەردەم و کۆمەلگەکان.

**لە پەروەردەمی ئێستاماندا** "سەبەخۆیی روحی، سەربەخۆی مەعریفی" پێویستمان بە ڕاگرتنی هاوسەنگی هەیە لەنێوان شتەکاندا. ئەمەش پێی دەوترێت "جیهادی ڕاگرتنی هاوسەنگی" هەرئەمەشە وادەکات قوتابیەکی هاوسەنگ و موسڵمانێک هاوسەنگ و گەنجێکی هاوسەنگ دروست بکات.

**کۆتا خاڵ کە** پێویستە باس بکرێت بریتیە لەوەی کە ئێمە وەک موسڵمان ئەرکمان هەیە، ئایا ئەرکەکەمان بریتیە لەوەی خەڵکی موسڵمان بکەین؟ ئایا موسڵمانان لەو وڵاتانەی کە کەمینەن دەتوانن هەموو دانیشتوانی ئەو وڵاتە بێننە سەر ئایینی ئیسلام؟ ئایا ئامانجی سەرەکی موسڵمانان بریتیە لەوەی ئایینی خەڵکی دیکە بگۆڕن بۆ ئیسلام؟ ئایا خودا ئێمەی خستەسەر زەوەی بۆ گۆڕینی ئایینی خەڵکی؟ نا نەخێر ئەرکی سەرەکی موسڵمانان بریتی نییە لەوەی خەڵکی لە ئایینێکی دیکەوە بهێننە سەر ئایینی ئیسلام.

**تەنانەت ئەرکی بانگەواز** و بانگخوازیش ئەمە نییە (ادع إلی سبیل ربك بالحکمة والموعظة الحسنة وجادلهم بالتي هي أحسن) وەک لە ئایەتەکەدا دەردەکەوێت ئەرکی موسڵمانان بریتی نییە لە گۆڕینی ئایینی خەڵکی، بەڵکو بانگەشەکردنی خەڵکیە بۆ لای خودا بە دانایی و ئامۆژگاری باش ئەویش بەباشترین ڕێگەکانی گفتوگۆ. ولو شاء ربك لآمن من في الأرض کلهم جمیعا أفأنت تکره الناس حتی یکونوا مؤمنین، گەر خودا بیویستایە دەیتوانی وا لەهەموو خەلکی بکات کە باوەڕدار و موسڵمان بن، کەوابوو ئەرکی سەرەکی ئێمە گۆڕینی ئایین نییە، بەڵکو بریتیە لە دوو شت ئەوانیش؛

**١-**لتکونوا شهداء علی الناس؛ شاهیدی دانی خەڵکیە بۆ تۆی موسڵمان لە مامەڵە و کردار و گوفتاردا. دەبێت موسڵمانان بزانن کە ئایینەکەیان چ گۆڕانکاریەکیان بەسەردا دێنێ و ڕۆڵی چی دەبێت لە کایە جیاوازەکانی ژیانی ڕۆژانەیاندا. گرنگە کاتێک کەسێک سەیری ئێمەی موسڵمان دەکات و مامەڵەمان لەگەڵ دا دەکات سەرسام بێت بە هەموو بوونمان و ئەوەشی بۆ ڕۆشن ببێتەوە کە ئەو ئایینە چ گۆڕانکاریەکی باشی بەسەر شوێنکەوتووەکانیدا هێناوە. لەم سەردەمەدا زۆرێک لە موسڵمان لە ناوچەکانی خۆیاندا یاخود لە دەوڵەتانی ڕۆژئاوادا لەگەل مرۆڤگەلی جیاواز لە ئایینەکانی دیکەدا (مەسیحی، بووزی، یەزیدی، هیندی، بێ باوەڕ.....هتد) لەیەک کۆمەڵگەدا پێکەوە دەژین. زۆر گرنگە موسڵمانان ئەو ڕستەی کە زۆر باوە لەناویاندا بەرانبەر ئایینەکانی دیکە بەکاری نەهێنن ئەویش "موسڵمان و ناموسڵمان" چونکە ئەمە هەڵەیە و خاوەنی ئایینەکانی دیکە پێیان خۆشە بە ئایینی خۆیانەوە بانگ بکرێن هەروەک ئەوەی موسڵمانەکانیش پێیان خۆش نییە هەریەک لە ڕستەکانی (مەسیحی و نا مەسیحی، بوزی و نابوزی.....)یان بەرانبەر بەکاربهێنرێت. پەیامبەر (درودی خوای لێ بێت) هەمیشە بەو جۆرە قسەی لەگەڵ بەرانبەرەکانیدا دەکرد کە پێیان خۆش بوو، نەک ئەوەی بەجۆرێک گوفتارەکانی کاریگەری خراپ لەسەر بەرانبەرەکانی بەجێ بهێڵێت.

**٢-**ئێمەی موسڵمان ئەرکمان بریتی نییە لە گۆڕینی ئایینی خەڵکی، بەڵکو ئێمە دەبێت ببینە شاهید و شاهیدیەکی باشی ئەو پەیامەی کە ئیسلام هێناویەتی و بانگەشی بۆ دەکات، ئەویش لەبەرچاو هەموو مرۆڤایەتیدا. ئەزانن ئەمەش مانای چیە؟ یاخود بپرسین بۆچی ئێمە دژی بەکارهێنانی دەستەواژەی "شعب المختار"ین کە لەلایەن هەندێک لە جولەکەکانەوە بەکاردەهێنرێت؟ چونکە ئەوان پێیان وایە جولەکەکان ئەفزەلیەتیان هەیە بەسەر گەلانی دیکەوە. بەڵام ئەمە لەڕاستیدا هەڵەیەکی گەورەیە و نابێت ئێمە موسڵمانیش دووچاری بین بەوەی کە لە دەقەکانماندا کاتێک ئاماژە بە (فضلتکم علی العالمین) کراوە مەبەست لێی ئەوە نییە کە گەلێک ئەفزەلیەتی هەیە بەسەر گەلانی دیکەوە، بەڵکو مەبەست لە ئایەتەکە ئەوەیە کە ئێمە "بەرپرسیاریەتیمان زیاترە لە خەڵکانی دیکە".

**لێرەدا دەتوانین بگەینە** ئەو خاڵەی کە ئێمەی موسڵمان نەهاتووینەتە ئەم جیهانە تاکو بە خەڵکی بڵێین "ئێمە لێرەین بۆ ئەوەی ئایینی ئێوە بگۆڕین"، نا بەڵکو دەبێت بڵێین "ئێمە لێرەین تاکو خزمەتتان بکەین" "ئێمە لێرەین بۆ ئەوەی خزمەتی مرۆڤایەتی بکەین بە شێوەیەکی باشتر" وە ببینە باشترین نمونەی خزمەتکردن لەناو هەموو نموونەکانی دیکەدا، چونکە پەیامبەر (درودی خوای لێ بێت) باشترین نمونەی خزمەتکردنی پێشکەش بە مرۆڤایەتی کرد (لقد کان لکم فی رسول اللە أسوة حسنة). موسڵمانانیش دەبێت لەم سەردەمەدا هاوشێوەی ئەو ببنە باشترین نموونەی خزمەتکردن بۆ مرۆڤایەتی.

## ئایا خودا ئێمەی خستەسەر زەوەی بۆ گۆڕینی ئایینی خەڵکی؟

کەواتە پەروەردەی ئیسلامی، کارکردنە لەسەر تاکی موسڵمان کەلە چەند ڕوویەکەوە ئازاد بێت ئەوانیش (لەڕووی ڕووحی و ئایینییەوە ئازاد بێت، لەڕووی مەعریفی و زانستیەوە ئازاد بێت) مرۆڤێک بێت بتوانێت پرسیارە شارەوەکانی ناخی بە ئازادانە سەبارەت بە (خودا، و پەیامبەر، و ئایین) بکات و زانیاریشیان لەسەر کۆبکاتەوە تاکو بتوانێت لە ناوچەکەی خۆیدا خزمەت بە موسڵمانان و شوێنکەوتەی ئایینەکانی دیکەش بکات. هەروەها هیچ مەسیحیەک، یان یەزیدیەک، یان بووزیەک دژی موسڵمان نییە و هیچ موسڵمانێکیش دژی ئەوان نییە، بەڵکو ئەوان پێکەوە دەژین و خزمەتی یەکدی دەکەن بەپێی بوار و کایە جیاوازەکانیان.

**موسڵمانان هەمیشە دەبێت** بەخشندەبن و ببەخشن بەوەی کە پێیانە، هەوڵبدەن ناخیان لەسەر ئاشتی و پێکەوە ژیان ڕابهێنین و پاشان ئەمەش بەناو خەڵکیدا بڵاوبکەنەوە. خزمەتی برا و خوشکانی ئایینیان بکەن، هەروەها خزمەتی برا و خوشکانی مرۆییان بکەن. خزمەتکردنی براوخوشکانی مرۆییش شتێکی نوێ نییە و

ئیمامی ئەوەی بەڕەحمەت بێت لەچەندین شوێندا باسی (الاخوه الانسانيية)ی کردووە.

**خاڵێک کە زۆرگرنگە** ئاماژەی پێبکەین بریتیە لە (باوەڕ بەخۆبوون)، زۆرێک لەو قوتابخانە و زانکۆ و پەیمانگایانەی کە سەردانیان دەکەم و گفتوگۆیان لەگەڵ دەکەم بەشێکیان ئەو کێشەیان هەیە کە باوەڕیان بەخۆیان نییە. باوەڕبەخۆبوون بۆ موسڵمانان زۆر گرنگە لەم سەردەمەدا، شەرم نەکات لە جێ بەجێکردنی پەرستشەکانی لە قوتابخانە بێت، یان زانکۆ بێت یان هەر دائیرە و کۆمپانیایەک بێت. شەرم نەکات و هەوڵبدات و پشت بە خوا ببەستێت. ئەگەر بە ڕاستی لەگەڵ خوادا بین ئیتر نابێت بترسین و شەرم بکەین لە بەهاو باوەڕمان.

**ئازایەتی و دلێری خاڵێکی** دیکەیە کە زۆر گرنگە بۆ موسڵمانان لەم سەردەمەدا. ئێستا لە جیهاندا ژمارەیەک گروپ و مرۆڤگەلی توندڕەو هەن کە ئیسلام بەکاردەهێنن بۆ مەرامەکانیان و لەناوبردنی مرۆڤ و بەها مرۆڤایەتیەکان، ئەبێت وریابین ئەمە ئازایەتی نییە و پێشی ناوترێت دلێری. ئازایەتی بۆ مرۆڤی موسڵمان بریتیە لەوەی کە بتوانێت مێشک و زهنی زیاتر بکاتەوە و هەوڵی بەدەستهێنانی ڕاستیەکان بدات و ئازاش بێت لە وتنی ڕاستیەکاندا. موسڵمانان دەبێت بیربکەنەوە و مێشکیان زیاتر بەکاربهێنن بۆ بەدەست خستنی زانیاری و ڕاستیەکان و پاشان پەخشی ڕاستیەکانیش بکەن بۆ مرۆڤایەتی.

**پەروەردەی ئیسلامی دەبێت** وا لە شوێنکەوتووەکانی بکات کە بەرانبەر نادادپەروەری و زوڵم، نائازادی هەستنە سەرپێ و هەوڵەکانیان بخەنەگەڕ بۆ ڕاگرتنی گەندەڵیەکان و بۆشایەکانی گەندەڵیش بە خزمەتکردن و فەراهەمکردنی دادپەروەری و ئازادی پڕبکەنەوە. ناکرێت موسڵمان خۆی بە شوێنکەوتەی پەیامبەر بزانێت و بەڵام کە نادادپەروەیەکی بینی بێدەنگی لێبکات. لە کۆتایدا پێویستە ئەو پرسیارە بکەین "ئایا قوتابخانە ئیسلامیەکان، یان زانکۆ ئیسلامیەکان، یانیش گروپ و حیزبە ئیسلامیەکان موسڵمانانیان فێری باوەڕبەخۆبوون و ئازایەتی و دلێری کردوون؟" مەبەست لە ئازایەتیش بریتی نییە لە "هێرشکردن و کوشتن و بڕین"، بەڵکو بریتیە لە نەفەسدان بە مێشک تاکو بتوانێت بیربکاتەوە و بۆچوونی هەبێت لەسەر ئەو شتانەی کە ئێستا لە جیهاندا دەگوزەرێن، هەروەها گرنگە بتوانێت خۆی بێت و خەڵک لەجیاتی ئەو بیرنەکەنەوە و نەیکەنە کەسێکی دیکە.

**ئێستا لە جیهاندا ژمارەیەك گروپ و مرۆڤگەلی توندڕەو هەن کە ئیسلام بەکاردەهێنن بۆ مەرامەکانیان و لەناوبردنی مرۆڤ و بەها مرۆڤایەتیەکان، ئەبێت وریابین ئەمە ئازایەتی نییە.**

# بیری رەخنەیی
# Critical Thinking

لە ئینگلیزییەوە: ئیدریس عەلی

## بیری رەخنەیی چییە؟

بە پێی مۆدێلەکەی ریچارد پاوڵ(Richard W. Paul)ی فەیلەسوف کە دانەری بیری رەخنەیی نوێیە، بیری رەخنەیی بریتیە لە جێبەجێکردنی پێوەرەکانی هۆشیاری (ستانداردەکانی هۆشیاری) بەسەر رەگەزەکانی بیرکردنەوەدا، واتە هەڵسەنگاندنی رەگەزەکانی بیرکردنەوەیە بە پێوەرەکانی هۆشیاری، هەر رەگەزێک لە رەگەزەکانی هۆشیاری وەربگریت پێویستە سەرجەمی پێوەرەکانی هۆشیاری بەسەردا جێبەجێ بکەیت، بە ئەنجامدانی ئەم کارەش تایبەتمەندیەکانی هۆشیاری بەدەست دەهێنیت. (١)

**پێوەرەکانی ( ستانداردەکان) هۆشیاری چین؟**

**رەگەزەکانی بیرکردنەوە چین؟**

**تایبەتمەندییەکانی هۆشیاری چین؟**

**لێرەدا وەڵامی ئەم پرسیارانە بە وردی دەدەینەوە.**

## پێوەرەکانی (ستانداردەکانی) هۆشیاری/ Intellectual Standards

بەداخەوە زۆربەی کات ئێمە بە باشی بیر ناکەینەوە، بڕیار و بۆچونەکانمان بە پێی ئارەزووی خۆمان دەبێت، گروپەکانی خۆمان بەسەر ئەوانی تردا زاڵ دەکەین، ئێمە زۆر جار خۆویست و خۆپەرستین، کەواتە پێویستە زۆر لە خۆمان بکەین تەماشای شتەکان بەو جۆرە بکەین کە لە راستیدا هەن، بۆیە بۆ

هەڵسەنگاندنی بیرکردنەوەکانمان دەبێت پێوەرەکانی هۆشیاری بەکاربهێنین (Intellectual Standards)، پێوەر یان ستاندارد بەکاردەهێنرێت بۆ ئەوەی چۆن بزانین هەندێک شت باشن یان نا، یان بۆ ئەوەی بزانین ئەوەی دەیڵێین یان ئەنجامی دەدەین دروستە یان نا؟

## پێوەرەکانی هۆشیاری

چۆن بتوانین بڕیارێکی دروست بدەین یان بیرکردنەوەیەکی دروستمان هەبێت؟ پێوەرەکانی هۆشیاری لە مۆدێلی بیری ڕەخنەیی (Critical Thinking) ی ڕیچارد پاوڵی فەیلەسوفدا بریتین لە نۆ پێوەر کە ئەمانەن؛

پێوەرەکانی هۆشیاری ئەمانەن؛

١. ڕوونی (Clarity)

٢. دەقیقی (Accuracy)

٣. کتومت (Precision)

٤. پەیوەندیدار (Relevance)

٥. لۆژیکی (Logical))

٦. قووڵی (Depth)

٧. فراوانی (Breadth)

٨. گرنگی (Significance)

٩. هاوسەنگی (Fairness))

هەوڵ دەدەین یەکبەیەک باسیان بکەین

**١.ڕوونی:** ڕوونی چییە و دەبێت چۆن بێت؟ ڕوونی واتە پێویستە بیرکردنەوە زۆر بە باشی ڕوون بکرێتەوە بۆ ئەوەی ئاسان بێت بۆ تێگەیشتن، کاتێک بیرکردنەوەیەک ئاسان بێت ئەوە ڕوونی تێدایە.

**٢.دەقیقی:** دڵنیایی دەدات کە هەموو زانیارییەکان ڕاستن و خاڵین لە هەڵە، ئەگەر بیرکردنەوەکە باوەڕپێکراو بێت، ئەوە دەقیقی هەیە.

**٣.کتومت:** ئەمەیان یەک هەنگاو وردترە لە لە خاڵی پێشوو، داوا دەکات هەموو ئەو وشانە و داتا و زانیارییانەی بەکار هاتوون تەواو و دەقیق بن بێ کەم و زیاد.

**٤.پەیوەندیدار:** مانای ئەوەیە هەموو ئەو شتانەی بەکاردەهێنرێن گرنگ بن، هەر بەشێک جیاوازییەک دروست دەکات، ئەوەی جەختی لەسەر دەکرێتەوە ئەوەیە کە ئەوەی پێویست بێت بووترێت.

**٥. لۆژیکی:** لۆژیک کە یەکێکە لە پێوەرەکانی هۆشیاری لە بیری ڕەخنەییدا، بریتیە لەو زانستەی کە بەکاردەهێنرێت بۆ هەڵسەنگاندنی ئارگیۆمێنتێک.

## بەڵام پێویستە بزانین ئارگیۆمێنت چییە؟

ئایا هەموو دەربڕینێک بە ئارگیۆمێنت هەژمار دەکرێت؟بێگومان نەخێر، ئەمانەی خوارەوە هیچیان ئارگیۆمێنت نین؛

ئاگادارکردنەوە Warning

ئامۆژگاری Advice

ڕاپۆرت Report

بۆچوون Opinion

کەسێک کەسێکی تر لە شتێک ئاگادار دەکاتەوە، یان ئامۆژگاریی دەکات، یان ڕاپۆرتێک دەخوێنێتەوە یان بۆچوونێک دەردەبڕێت ئەمانە هیچیان بە ئارگیۆمێنت هەژمار ناکرێن.

ئارگیۆمێنت کۆمەڵە وشەیەکە یان دەربڕینێکە بەشێوەیەکی نیازمەندانە بۆ سەلماندنی

پۆینتێک یان بابەتێک. واتە لە ئارگیۆمێنتدا پێویستە خاڵێک هەبێت بسەلمێنرێت، کەواتە لە ئارگیۆمێنتدا پێویستە پێشەکی (Premise) و ئەنجام (Conclusion) هەبێت، هەروەها بۆ ناسینەوەی ئارگیۆمێنتێک دوو جۆر بەڵگەهێنانەوەمان (Inference) هەیە؛

١. بەڵگەهێنانەوەی ئاشکرا (Explicit Inference)

٢. بەڵگەهێنانەوەی نائاشکرا (Implicit Inference)

لە بەڵگە هێنانەوەی ئاشکرادا بۆ ناسینەوەی ئارگیۆمێنتەکان ئەم نیشاندەرانە (Indicators) هەن؛ (چونکە، لەبەرئەوە/لەبەرئەوەی، بۆیە) ئەم وشانەی نێو کەوانەکان کە بەدوایاندا هۆکار و بەڵگەکان دێن و ئارگیۆمێنتەکە دەناسینەوە، بەڵام لە بەڵگەهێنانەوەی نائاشکرادا هیچ نیشاندەرێکمان نیە، تەنها ئەگەر بەڵگەکان بۆ سەلماندنی پۆینتێک بێت ئەوە ئارگیۆمێنتە.

## با بزانین مەبەست لە پێشەکی (Premise) چییە؟

لەئارگیۆمێنتدا پێشەکی ئەو بەڵگە و هۆکارانەن کە ئەنجامیان لێدەکەوێتەوە.

دەکرێت لە یەک ئارگیۆمێنتدا زیاتر لە هۆکارێک یان پێشەکییەک هەبێت بۆ پشتگیری کردنی ئەنجامەکە.

## ئەنجام (Conclusion)

دەربڕینێکە لە ئارگیۆمێنتدا کە ئەوە نیشان دەدات بێژەرەکەی/نووسەرەکەی هەوڵی قەناعەتپێکردنی گوێگر و خوێنەر دەدات.

## ڕوونی چییە و دەبێت چۆن بێت؟

چۆن بتوانین ئارگیۆمێنتێک هەڵبسەنگێنین بزانین ئارگیۆمێنتێکی باشە یان خراپ؟

بۆ هەڵسەنگاندنی ئارگیۆمێنتیک پێویستە؛

١. ئارگیۆمێنتەکە جیا بکەینەوە بۆ پێشەکی و ئەنجام.

٢. پێویستە پێشەکییەکان تاقیبکەینەوە.

بۆ تاقیکردنەوەی پێشەکی پێویستە دوو خاڵ جێبەجێ بکەین؛

١. ئایا بەڵگەکانی ناو پێشەکی دروستن؟

٢. ئایا بەڵگەکان پشتگیری ئەنجامەکە دەکەن؟

ئەگەر ئارگیۆمێنتێکمان هەبێت بەڵگەکان ڕاست و دروست نەبن ئەوا ئەنجامیش ڕاست و دروست نابێت، هەروەها ئەگەر ئارگیۆمێنتێکمان هەبێت بەڵگەکان ڕاست بن بەڵام پشتگیری ئەنجامەکە نەکەن ئەوا دیسان ئەنجامەکە ڕاست نابێت.

ئێستا با بە دوو نمونە ئەمە زیاتر ڕوونبکەینەوە بزانین ئەم دەربڕینانە ئارگیۆمێنتن یان نا؟

**نمونەی ١؛**

دکتۆر ئەڕنۆڵد فلێمینگ دەڵێت: مرۆڤ لە

راستیدا هۆکاری گەرمبوونی گۆی زەویە، لە هەموو گۆی زەویدا پلەی گەرمای بەرز تۆمار دەکرێت، هەروەها بەستەڵەکەکانیش دەتوێنەوە.

ئەم نمونەی سەرەوە ئارگیۆمێنت نییە، چونکە هیچ پۆینتێکی تێدا نەسەلمێنراوە، تەنها راپۆرتێک خوێنراوەتەوە.

**نمونەی ٢؛**

پیاوان بەشێوەیەکی ئاسایی تۆنی دەنگیان نزمترە وەک لە هی ئافرەتان، چونکە دەنگەژێکانیان درێژترە، دەنگەژێی درێژتر لە فریکوێنسی نزمتردا دەلەرێتەوە لەچاو دەنگەژێی کورتدا.

ئەم نمونەیە ئارگیۆمێنتە، چونکە پێشەکی و ئەنجامیشی تێدایە، هەروەها بەڵگەی نێو پێشەکییەکان خۆیان راست و دروستن و پشتگیری ئەنجامەکەشیان کردووە. (٢)

### ٦. قووڵی (Depth)

وامان لێدەکات قووڵتر ورد ببینەوە لە ئارگیۆمێنتێک یان دەربڕینێک و بەدوای ئاڵۆزییەکاندا بگەڕێین، ئەگەر ئارگیۆمێنتێک هەموو پێویستییە جیاوازەکانی هەبوو بۆ دروستکردنی پۆینتێک ئەوە قووڵی هەیە.

### ٧. فراوانی(Breadth)

داوا دەکات بۆچوونە زیادەکان وەربگیرێت و هەژمار بکرێن، ئایا هەموو تێڕوانینەکان لێکۆڵینەوەیان بۆ کراوە؟ کاتێک هەموو لایەنەکانی ئارگیۆمێنتێک گفتوگۆی لەسەر کرا ئەوە فراوانی هەیە.

### ٨. گرنگی (Significance)

ناچارمان دەکات گرنگترین ئایدیا و بیروڕا وەربگرین، نامانەوێت راستی و فاکتە زۆر گرنگەکان فەرامۆش بکەین کە یارمەتیدەرن بۆ دروستکردنی پۆینتێک، کاتێک هەموو شتە بنەڕەتییەکان هەبوون ئەو ئارگیۆمێنتە گرنگیی هەیە.

### ٩. هاوسەنگی (Fairness)

مانای ئەوەیە کە ئارگیۆمێنتێک هاوسەنگە و خاڵیە لە لایەنگیریی و لاسەنگیی، ئەمەش وا دەکات کە بێلایەن و بابەتیانە و هاوسەنگ بین بەرامبەر هەر شتێک قسەی لەسەر دەکەین. کاتێک ئارگیۆمێنتێک بابەتیانە بوو ئەوە هاوسەنگی تێدایە. (٣)

## رەگەزەکانی بیرکردنەوە (Elements of Thought)

رەگەزەکانی بیرکردنەوە مۆدێلێکی بیرکردنەوەیە کە لە لایەن ریچارد پاوڵ ـەوە دانراوە و هاوکاریمان دەکات بۆ تێگەیشتنی چۆنێتی دابەشکردنی بیرکردنەوەکانمان. تێگەیشتن لە رەگەزەکانی بیرکردنەوە هاوکارمانە بۆ دابەشکردنی بیرکردنەوەکانمان لە رێگەیەکی لۆژیکی و بێلایەنانەوە. کاتێ بیر لە هەندێ شت دەکەینەوە دەستبەجێ ئەم هەشت رەگەزەی بیرکردنەوە ئەنجام دەدەین؛

**١.**گۆشەنیگا (Point of View)، سەرنجی بیرکردنەوەکە دەدەین، ئێمە کێین، چ بەهایەکمان هەیە؟

**٢.**دواتر بیر دەکەینەوە لە مەبەستی بیرکردنەوەکە، بۆچی لەم جیهانەدا بیر لەمە دەکەمەوە؟

**٣.**کاتێک بیردەکەینەوە پرسیارمان هەیە و هەوڵ دەدەین وەڵامی بدەینەوە.

٤.کاتێک بیردەکەینەوە پشکنین بۆ

زانیاریەکانمان دەکەین دەربارەی ئەو شتەی بیری لێدەکەینەوە.

**٥.** راڤە و بەڵگەهێنانەوەکان(Interpretation and Inferences) دەخەینە بەر سەرنج دەربارەی خودی ئەو شتەی بیری لێدەکەینەوە.

**٦.**بۆ زانین و تێگەیشتنی ئەو شتانەی بیری لێدەکەینەوە چەمکەکان (Concepts) دیاری دەکەین.

**٧**بیرکردنەوەکانمان لەسەر گریمانە (Assumption) بونیاد دەنێین و دواتر بەرەو راستییان دەبەین.

**٨.**بیر لە دەرکەوتە و دەرئەنجامەکانی (Implication and Consequences) پێشەکییەکانمان دەکەینەوە.

دکتۆر ریچارد پاوڵ ئەم هەشت رەگەزی بیرکردنەوەیەی لە پێچکە (Wheel) ێکدا بەکارهێناوە کە هیچکامیان لە هیچکامیان گرنگتر نین، بەڵکو کاتێک بیردەکەینەوە هەموو رەگەزەکان بەکاردەهێنین. (٤)

### یەکەم: گۆشەنیگا (Point of View)

گۆشەنیگا یەکێکە لە رەگەزەکانی بیرکردنەوە، لەکاتی بیرکردنەوەکانماندا بەکاری دەهێنین و بریتیە لەوەی ئێمە چۆن شتەکان دەبینین، چۆن تەماشای ئایدیا و بیروڕاکان دەکەین لە جیهاندا. کاتێک بیر لە بیرکردنەوەکانمان دەکەینەوە بە بەکارهێنانی رەگەزەکانی بیرکردنەوە باشترین شت ئەوەیە سەرەتا لە گۆشەنیگای خۆمانەوە تەماشای چوارچێوەکانی

## کاتێک ئارگیۆمێنتێک بابەتیانە بوو ئەوە هاوسەنگی تێدایە.

سەرچاوە (Frames of Reference) و روانگەکان (Perspectives) و ئاراستەکان (Orientations) بکەین.

### یەکەم: چوارچێوەکانی سەرچاوە

ئەمە وامان لێدەکات تەماشای (بەشێکی جیهان) و (تێگەیشتنی ئێمە بۆ ئەم جیهانە) بکەین. هەروەها کاریگەریشی لەسەر دیاریکردنی زانین و تێگەیشتنەکانمان دەبێت، ئێمە هەمان شتەکان دەبینین بەڵام بە شێوەیەکی جیاواز.

### دووەم: تەماشای روانگەکان

لێرەدا باس لەوەیە کەلە چ گۆشەنیگایەکەوە بۆ شتەکان دەڕوانین؟ گۆشەنیگای ئەوانی تر لەسەر شتەکان چییە؟ چۆن تەماشای ژیان دەکەن لە تێڕوانینی تایبەتی خۆیانەوە؟

### سێیەم: ئاراستەکان

لە کوێ بوویت؟ لە کوێوە هاتوویت؟ لە کوێوە ئاراستە دەکرێیت؟ چۆن ئاراستەکەت کاریگەری لەسەر گۆشەنیگات دەبێت؟

گرنگە بە بیری خۆمانی بهێنینەوە کە گۆشەنیگا هاوتا و جێگیرە و بە ئاسانی ناگۆڕدرێت، رەنگدانەوەی ناوەوەی کەسەکان و ئەو

شتانەشی بەکاریدەهێنن بۆ دروستکردنی گریمانە و بڕیارەکانیان. هەروەها گۆشەنیگا بنەڕەتترین باوەڕ و بەهاو بۆچوونی کەسێکە، بریتیە لەوەی کە تۆ کێیت، چۆن لە گەردوون دەڕوانیت. (٥)

## دووەم: مەبەست (Purpose)

ئەوە رووی داوە کە رۆشتوویتەتە ژوورێکەوە و لەبیرت چووبێتەوە بۆچی یەکەم شوێن هاتوویت بۆ ئەم ژوورە؟ ئەمە بەسەر زۆربەماندا هاتووە، ئەمە ئەوەیە کە مەبەستەکەمان بیردەچێتەوە. ئێمە شتەکان بۆ هۆکارێک و بە ئامانجێک کە لە مێشکماندایە ئەنجامدەدەین، هەندێ شت دەمانەوێت بەدەستی بهێنین، ئەمە مەبەستە.

مەبەستێک هەمیشە تایبەتە، ئاسان نیە بۆ ئەوەی بزانین چیمان بەدەست هێناوە ئەگەر ئامانجەکە ناڕوون بێت. کاتێک ئامانجەکە روون و وورد بێت، نەخشەکێشانی ڕێگاکەی ئاسانتر دەبێت، دڵنیابەرەوە لەوەی کە ئامانجەکە جەختی لەسەر دەکرێتەوە و بە روونی دەردەبڕدرێت، پێویستە مەبەستەکە پێوانەکراو بێت، واتە بخەمڵێنرێت بۆ ئەوەی بزانین مەبەستەکە بەدەست هاتووە یان نا. ئەگەر مەبەستێکی تایبەتمان بەدەست نەهێنا، ئەوا ئامانجەکەشمان بەدەست نەهێناوە. ئەوەی بە نیازبووین ئەنجامی بدەین کە ئایا ئامانجەکەمان بەدەست هێناوە یان نا.

سەرنجی ئامانجەکە بدە و بزانە کە راستیە، هەندێک شت دەتوانرێت بەدەست بهێنرێت، مەبەستێکی ژیرانە دەتوانرێت بەدەست بهێنرێت بەڵام مەبەستی ناژیرانە بەدەست ناهێنرێت. هەمیشە پرسیار بکە، ئایا مەبەستەکە گرنگە؟ ئەمە ئەو شتەیە کە ئێمە دەمانەوێت؟ ئایا مەبەستەکە جیاوازیی راستەقینە دروست دەکات، یان نا؟ ئەگەر مەبەستەکە جیاوازیی راستەقینە دروست نەکات ئەوە پەیوەندیدار نییە و شایەنی ئەوە نییە بەدوواداچوونی بۆ بکەین یان بە دوایدا بڕۆین. مەبەست دەتوانرێت بەجێ بگەیەنرێت، بەڵام مەبەستی ناژیرانە نا. مەبەست یارمەتیمان دەدات بۆ ئەوەی جەخت لە بیرکردنەوەکانمان بکەینەوە، هەروەک تیشکی لەیزەر وایە رووبەری رۆشنکراوەی بیرکردنەوەکانمان دەپارێزێت. چاوەکانت دابخە لەسەر مەبەستەکە و ئامانجەکە بەدەست بهێنە. (٦)

## سێیەم: پرسیار لە پرس/دۆز دا (Question and Issue)

مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی سروشتی پرسیار دەکەن... چۆن دەربارەی ئەم جیهانە فێردەبین. هەندێک پرسیار دەربارەی راستییە سادەکانن، وەڵامیان هەیە و دەتوانین بیاندۆزینەوە، بەڵام هەندێ پرسیار کاتی زیاتری دەوێت بۆ دۆزینەوە و دیاریکردنی وەڵام و بیرکردنەوەیەکی قووڵی پێویستە، ئەم تایپە لە پرسیار وامان لێدەکات کە ڕێگەی بیرکردنەوەی جیاوازیان بۆ بەکاربهێنین. لە راستیدا دوو کەسی ژیر بۆ هەمان پرسیار دەکرێت دوو وەڵامی جیاوازیان هەبێت، بۆیە ئەم جۆرە پرسیارانە گرنگترین پرسیارن کە بیری رەخنەیی-یان تێدایە.

پرسیارەکان پێویستە جەختیان لێبکرێتەوە بۆ ئەوەی بزانیت بەرەو کوێ هەنگاو دەنێیت. وا بکە پرسیارەکان سادە بێت بۆ تێگەیشتن، تەنانەت ئەگەر پێت وا بوو لەوانەیە ئاڵۆز بێت بۆ وەڵام دانەوە. هەموو ئەو زاراوانە بناسێنە کە

لەوانەیە ببنە هۆی سەرلێتێکچوون. تا پرسیار روونتر بێت، هەلی وەڵامدانەوەت باشتر دەبێت.

دڵنیا بەرەوە لەوەی پرسیارەکەت لە پرسەکەدا گرنگە، ئایا ئەمە ئەو پرسیارەیە تۆ جەختی لەسەر دەکەیتەوە؟ دەبێت پرسیارەکەت پەیوەندیداریش بێت. ئایا ئەم پرسیارە هاوکارمان دەبێت بۆ تێگەیشتن لەو پرسەی بە دوایدا دەگەڕێین؟ ئایا پرسیارێکی وەڵام هەڵگرە؟ بە شێوەیەکی گشتی گونجاوە بۆ وەڵامدانەوە؟

وادابنێ هەموو بۆچوونە پەیوەندیدارەکانی ( خۆت، دانەر، هونەرمەند، هتد و کەسانی تر ) سەیری هەمان پرسیار دەکەن.

بە بیرت بێتەوە کاتێک وەڵامی پرسیارەکەت لە پرسێکدا داوەتەوە، دەبێت ئامادە بیت بۆ بەدەستهێنانی مەبەستەکەت. (٧)

**چوارەم:رەگەزەکانی بیرکردنەوە: زانیاری (Information)**

زانیاری یەکێکە لە رەگەزەکانی بیرکردنەوە لە بیری رەخنەییدا، ئێمە کاتێک دەمانەوێت بڕیارێک بدەین پێویستمان بە زانیاری هەیە، زانیاری پێکدێت لەو فاکت و راستیانەی کە بەڵگە و نیشانەمان پێدەدات بۆ ئەو شتانەی روودەدەن.

زانیاری لەمانەی خوارەوە سەرچاوە دەگرێت:

١. دەیتا (Data)

٢. چاودێریکردن (Observation)

٣. فاکت/راستی (Facts)

٤. ئەزموون (Experiences)

٥. دەربڕین (Statements)

٦. ئامار (Statistics)

**دڵنیا بەرەوە لەوەی پرسیارەکەت لە پرسەکەدا گرنگە، ئایا ئەمە ئەو پرسیارەیە تۆ جەختی لەسەر دەکەیتەوە؟**

٧. هێڵکاری (Diagrams)

٨. هەرشتێکی بەرجەستەی تر کە توانای سەلماندنی هەبێت.

بۆ ئەوەی زانیاری بەسوود بێت پێویستە باوەڕپێکراو و ئاوێنەی راستی بێت و خاڵی بێت لە ناتەواوی.

بەتایبەت بۆ خۆت هەڵسەنگاندن بکە:

- کە ئایا ئەم زانیارییە لە کوێوە دێت؟ کێ دەیڵێت؟ خاوەنەکەی شارەزا و بەتوانایە؟ کەسێکی باوەڕپێکراوە؟ هۆشیاریەکی هاوسەنگی هەیە؟ بە دەستکەوتنی وەڵامی ئەرێنیانەی ئەم پرسیارانە زانیاریەکی دروست بەدەست دێت.
- بیرکردنەوەکانمان لەسەر زانیارییەک بونیاد دەنێین کە بەهێز و لۆژیکی بێت. دڵنیابە بۆ بانگەشەکردنی شتێکی راستی تەنها زانیاری پشتگیریت دەکات. ئەگەر دەتەوێت ئارگیۆمێنتێکی بەهێزت هەبێت بەدوای ئەو زانیاریانەدا بگەڕێ کە دژی بانگەشە و داواکەی تۆیە، ئەمە واتلێدەکات دووبارە بیر لە پێشەکی و ئەنجامەکانت بکەیتەوە.

• زانیارییەکانت بەشێوەیەکی سیستیماتیکی کۆبکەرەوە، ئەوەی بیرت لێکردووەتەوە بیپشکنە و بزانە کە راستە، ئینجا بزانە کە چۆن بەرەو ئەو زانیاریانەی ترت دەبات کە دەتەوێت، هەروەها بە شێوەیەکی بەردەوام رەگەزەکانی تر بپشکنە بۆ دۆزینەوەی زانیاری کە پێویستە بە قووڵی بەدوایاندا بگەڕێیت.

• دواتر زانیاریەکانت رێکبخە بۆ ئەوەی درکت بۆ دروست بکات، شێوازەکانی تر بدۆزەرەوە کە هۆشیاریت پێدەدات بۆ تەواوکردنی بەشەکانی تری پێچکەکە، ئەم پێچکەیە سەرجەم رەگەزەکانی بیرکردنەوەی پێوە بەندە کە لە پۆستەکانی پێشوو ئاماژەمان پێدان، بە دۆزینەوەی زانیاری زۆرتر بزانە کە چۆن کاریگەریی دەبێت لە سەر لۆژیکی ئەوەی تۆ تەماشای دەکەیت.

• لە کۆتاییدا بەردەوامبە لە گەڕان تا ئەوکاتەی هەست دەکەیت زانیارییەکان تەواون، ورد بڕوانە کە ئەگەر سەرنج و بەڵگەی زیاتر هەیە و دەتوانیت کۆی بکەیتەوە، چونکە یارمەتیت دەدات بۆ ئەوەی قووڵتر بیربکەیتەوە.

زانیاری بناغە و بنچینەیەکە کە ئێمە بیرکردنەوەکانمانی لەسەر بونیاد دەنێین. باشترین بەڵگە کۆبکەرەوە بۆ جێگیرکردنی بیرکردنەوەکانت. (٨)

## پێنجەم: راڤەکردن و بەڵگەهێنانەوە(Interpretation and Inferences)

بەڵگەهێنانەوە بریتیە لەو ئەنجامەی کە بە لێکدانەوە و راڤەکردنی زانیارییەکان دەستمان دەکەوێت، یان بە تەماشاکردنی راستییەکان و دروستکردنی ئەنجامێک لەو راستیانە.

راڤە و لێکدانەوە بەڵگەهێنانەوەیەکە لە روانگەی بیروڕای تایبەتی خۆتەوە. دوو کەس رەنگە هەمان راستییان لابێت، بەڵام بە بیروڕای جیاواز، هەریەکەیان دەگەنە چارەسەرێکی جیاواز بۆ کێشەیەک.

ئەنجامەکان دەیتا و زانیاریەکان دەردەخەن و بیروڕاکانی لێکۆڵینەوەکەش یەکدەخەن. لە ئەنجامەکەدا چارەسەر بۆ پرسیاری پرس یان دۆزەکە دەدۆزینەوە و دیاریان دەکەین.

ڕاڤە و بەڵگەهێنانەوەکان پێویستە لۆژیکی بن، ئایا دەیتا و زانیاریەکانت بە دروستی راڤە کردووە؟ قووڵ بوویتەتەوە بۆ دەیتا و زانیاریەکان و دۆزینەوەی چارەسەرێکی مەعقوڵ؟ ئایا ئەوە باشترین چارەسەری کێشەکەیە کە پێیگەشتویت؟ ئایا چارەسەری تر هەن باشتر بن؟ کام چارەسەرانە نالۆژیکی و بێبایەخن؟ دەکرێت تۆ هەڵە بیت؟ پێویستە یەم پرسیارانە لە خۆت بکەیت. کاتێک دەگەینە ئەنجامێکی باش، ئەوە شتێکی سروشتیە کە هەست بکەین بیرکردنەوەکە بە دروستی ئەنجام دراوە، بەڕاستی پێویستە کاری باشتر بکەین و دووبارە سەرنجی هەریەک لە رەگەزەکانی بیرکردنەوەکە بدەین. هەر وەڵامێک بێ هیچ گۆڕانێک بەرەو پرسیاری زیاترمان دەبات. (٩)

## شەشەم: چەمکەکان (Concepts)

کاتێک لە کێشەیەک دەکۆڵینەوە، چەمکەکان دێنە ئاراوە. چەمک و بیرۆکەکان زمانێکی گشتی و نووسینی کورتکراوەمان پێدەدەن، بۆیە بە هەمان رێگە هەموومان

دەتوانین لە شتەکان بگەین. چەمکەکان ئەو زاراوانەن کە پێویستمانە بۆ زانینی لێکۆڵینەوە لە کێشەکە. چەمکەکان ئەو بیرۆکە ئەبستراکت و نابەرجەستانەن کە یارمەتیمان دەدەن بۆ ڕێکخستنی جیهان، هەروەها ناو لە بەش و چۆنایەتیەکان دەنێن و زانیاریەکانمان بۆ ڕێکدەخەن، چۆنایەتیەکان (qualities) پۆلێنی شتەکان دەکەن بۆ ئەوەی بتوانین دەربارەی ئەو چۆنایەتیە گشتیانەی کە هەیانە قسە بکەین.

بە وریاییەوە تەماشای چەمکەکان بکە و بزانە کامیان پێویستن بۆ تێگەیشتن لە کێشەکە. ئایا چەمکەکان تایبەتن بە کێشەکەوە کە پێویستە روون بکرێنەوە؟ بە شێوەیەکی ئایدیالی ئێمە شتەکان لە هەمان ریگەوە پۆلێن دەکەین و هەمان ناو بەو گروپە دەدەین، لە هەمان ڕێگەوە پێناسەشی دەکەین، بەڵام خەڵک جیاواز پۆلێنی شتەکان دەکەن، بۆیە باش وریابە و بزانە نووسەر، بێژەر، شارەزا، هەروەها خۆت چۆن پێناسەی هەر چەمکێک دەکەن.

چەمکەکان بریتین لە:

تیۆریاکان

پێناسەکان

یاساکان

مۆدێلەکان/نمونەکان

دڵنیابە لە توانای خۆت بۆ روونکردنەوەی هەر چەمکێک بە روونی و وردیی، بە دوای ئەو ڕێگایانەدا بگەڕێ کە یارمەتیت دەدەن بۆ تێگەیشتن لە کێشەکە.

چەمکەکان داواکاری دروست دەکەن و هێما بە بیرۆکەکان دەدەن، یارمەتیمان دەدەن بۆ دانانی

**به وریاییەوە تەماشای چەمکەکان بکە و بزانە کامیان پێویستن بۆ تێگەیشتن لە کێشەکە.**

کۆد بۆ ئەو شتانەی دەیزانین و بۆ ئەوانەشی پێویستە بیزانین، هەروەها دەتوانن جیهانمان بە کراوەیی بۆ بهێڵنەوە و روئیا و دووربینییمان سەبارەت بە شتەکان شێوەیەکی روون پێبدەن. (١٠)

### ٧.گریمانەکان (Assumptions)

هەموو بیرکردنەوەیەک بە گریمانە دەست پێدەکات، کاتێک بیردەکەینەوە دەبێت وادابنێین کە شتە باوەڕپێکراوەکان راست و دروستن بە بێ هیچ سەلماندنێکی راستی کە هەیانە. بیرکردنەوەکانمان لەسەر گریمانەکان بونیاد دەنێین. گرنگە بیری خۆمان بهێنینەوە کە بۆچوونی ی خۆت گریمانەی تێدایە، بەڵام هەموو ئەو گریمانانە دەربارەی جیهانی بینراوە. لێرەدا لە رەگەزەکانی بیرکردنەوەدا تەماشای گریمانەکان وەک ئەو باوەڕانە دەکەین کە بناغەی لۆژیکیی ئەو شتەی بیری لێدەکەینەوە لەسەری بونیاد دەنرێت.

گریمانەکان بریتین لە:

- پێشگریمانەکان
- **بەڵگەکان**

**• ئەو گریمانانەی بەڕاستیان دادەنێین**

• گریمانەکان دەکرێت پێشگریمانە بن، ئەوەی ئێمە قبوڵی دەکەین بە بێ سەلماندن بەڵام بڕوامان وایە دەبنە راستی، وا دادەنێین کە دەربڕینەکان وەردەگیرێن بۆ ئەوەی ببنە فاکت/راستی.

• گریمانەکان بریتین لە بەڵگەکان، ئەو بەڵگانەی پێویستیان بە سەلماندن نییە، هەروەها بریتییە لەو کردەیەی کە بە شێوەیەکی ئاشکرا دەبێتە هۆی بیرکردنەوەیەکی بەهێز.

• ئەوەی ئێمە بە راستی دادەنێین بریتین لەو گریمانانەی دەربارەی حەقیقەت کە لەسەر مەعریفە بونیاتنراون. ئەوەی ئێمە بڕوامان پێیەتی پرۆسەکەیە بەڵام ناتوانین بیسەلمێنین. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە بە ئاگایانە بڕیار لەسەر ئەو شتانە بدەین کە بە راستیان دادەنێین. گریمانەیەک مەکە لەبەر ئەوەی ئاسانە یان بیرکردنەوەی ناوێت.

کاتێک بە شێوەیەکی رەخنەییانە بیردەکەینەوە، دەتوانین لە گریمانەکانەوە دەستپێبکەین و بڕۆین بەرەو ئەوەی دەیزانین بۆ دڵنیایی، یاخود لەوەی دەیزانین دەستپێبکەین و بەرەو گریمانەکان بڕۆین. ئەو کاتەی گریمانەکان دەسەلمێنرێن بۆ ئەوەی ببن بە راستی ئیتر دەبنە زانیاری. گریمانە بریتییە لەوەی ئێمە بەڕاستی دادەنێین بە بێ بەڵگە. هەتا گریمانە بەهێزتربێت بیرکردنەوەش بەهێزتر دەبێت. (١١)

**هەشتەم و کۆتایی: دەرئەنجام و دەرکەوتەکان (Implications and Consequences)**

کاتێک بە ئەنجامەکەمان یاخود چارەسەرەکەمان دەگەین، پێویستە بەشێوەیەکی لۆژیکی تەماشای ئەوە بکەین کە لە داهاتوودا دێت، یان ئەگەر کار لەسەر ئەو ئەنجامە بکەین دەکرێت چی رووبدات. کاتی ئەوەیە تەماشای دەرەنجام و دەرکەوتەکانی بیرکردنەوەکانمان بکەین، ئەگەر ئەنجامەکەت راستە، خەڵکی چۆن بیری لێدەکەنەوە یان چۆن کاری پێدەکەن؟

دەرکەوتەکان بریتین لە بیرکردنەوەکانی ئێمە بۆ داهاتوو، کە بە هۆی روونکردنەوە و بەڵگەهێنانەوەکان بەدەست هاتوون. ئەگەر بەشێوەیەکی لۆژیکی لە ئارگیۆمێنتەکەمان بەردەوام بین، ئینجا دەربارەی دەرکەوتەکانیش بیردەکەینەوە، ئەوانەی کە بە شێوەیەکی لۆژیکی لە بیرکردنەوەکانمانەوە دێن. ئەمانە بیروڕا و ئایدیاکانن و لە ئایدیاکانەوە دێن.

لە لایەکی ترەوە دەرەنجامەکان پێویستە کرداری بن کاتێک کار لەسەر روونکردنەوە و بەڵگەهێنانەوەکان دەکەین، ئەوە دەربارەی ئەوەیە ئێمە چی دەکەین، چونکە گەشتووین بە ئەنجامێکی لۆژیکی. دەرەنجام کاریگەریی هەیە لەسەر چۆنێتی ئەوەی خەڵکی ئەنجامی دەدەن، کردارەکانیش لە ئایدیا و بیروڕاکانەوە دێن.

هەمیشە لەوە دڵنیابە دەرکەوتە و دەرەنجامەکان درکی لۆژیکی دروست دەکەن، لەو بیرکردنەوانەوە سەرچاوە دەگرن کە لەگەڵ رەگەزەکانی تری بیرکردنەوەدا ئەنجامتداون. تەنانەت دەتوانیت ئەزموونی خۆت بەکاربهێنیت بۆ یارمەتیدانت لە دەستنیشانکردنی دەرکەوتە و دەرەنجامەکان. هەروەها زۆرێک لە دەرکەوتە ودەرەنجامەکان دەکرێت زۆر ورد بن، بۆیە کاتی

خۆتـی پێبـدە و بـە وریاییـەوە بیـری لێبکـەرەوە. کاتێـک زانیـت بـە باشـی بیـرت کردووەتـەوە، ئـەوا بـە دوای دەرکەوتـەی دەرکەوتـەکان و دەرەنجامـی دەرەنجامەکانـدا بگـەڕێ. (١٢)

### تایبەتمەندییەکانی هۆشیاری (Intellectual Traits The)

ئەگـەر پێوەرەکانـی بیرکردنـەوە جێبەجـێ بکەیـت بەسـەر رەگەزەکانـی بیرکردنـەوەدا، ئـەوا دەتوانیـت ببیـت بـە تاکێـک بـۆ نیشـاندانی هۆشـیاری کەسـایەتیت کـە لـە لایـەن دکتـۆر ریچـارد پـاوڵ ـەوە بـە تایبەتمەندییەکانـی هۆشـیاری نـاو نـراوە، ئەوانیـش؛

١. راستگۆیی هۆشیاریانە (Intellectual Integrity)

٢. سەربەخۆیی هۆشیاریانە (Intellectual Autonomy)

٣. کۆششکردنی هۆشیاریانە (Intellectual Perseverance)

٤. هاوسۆزی هۆشیارانە (Intellectual Empathy)

٥. سادەیی هۆشیاریانە (Intellectual Humility)

٦. ئازایەتی هۆشیاریانە (Intellectual Courage)

٧. متمانە بوون بە بیرکردنەوە و ئەقڵی هاوسەنگ (Confidence in Reason and Fair - Mindedness)

### یەکەم: راستگۆیی هۆشیاریانە:

ئەم تایبەتمەندییە داوا دەکات ئەو پێوەرانەی کە

**ئەوەی ئێمە بە راستی دادەنێین بریتین لەو گریمانانەی دەربارەی حەقیقەت کە لەسەر مەعریفە بونیاتنراون.**

رێبـەری کردارێـک یـان هزرێـک دەکـەن پێویسـتە هەمـان ئـەو پێوەرانـە بـن کـە لـە لایـەن ئەوانـی ترەوە پێـی هەڵدەسـەنگێنرێن، ئـەو تاکـەی نیشـاندەری ئـەم تایبەتمەندییەیـە بـە شـێوەیەکی میهرەبانانـە هەڵسـوکەوت لەگـەڵ ئەوانـی تـردا دەکات. هەروەهـا دوور خسـتنەوەی ئـازار و زیـان سـەربەم تایبەتمەندییـەن. یەکێـک لـە خاڵـە گرنگەکانـی ئـەم تایبەتمەندییـە بریتییـە لـە ریشەکێشـکردنی دووڕوویـی و دوو پێـوەری واتـە: ئـەو پێـوەرەی لـە کردارێـک یـان هزرێکـدا بـەکار دێـت، نابێـت بـە پێوەرێکـی تـر هەڵبسـەنگێندرێت، بەڵکـو پێویسـتە هەمـان پێـوەر بـەکار بهێنرێـت لـە لایـەن کەسـانی تـر بـۆ هەڵسـەنگاندنی کردارەکـە یـان فکرەکـە.

### دووەم: سەربەخۆیی هۆشیاریانە (Intellectual Autonomy)

سـەربەخۆیی هۆشـیاریانە یەکێکـە لـە تایبەتمەندییەکانـی تاکـی هۆشـیار، ئـەم تایبەتمەندییـە داوا دەکات تـاک دەبێـت کەرەسـتەکانی بیـری رەخنەگرانـە بـەکار بهێنێـت، وەک مۆدێلی بیری رەخنەییەکەی ریچاڵد پاوڵ، مۆدیلەکـەی ریچاڵـد پـاوڵ کۆمەڵێـک پێـوەر و

ستانداردن کە جیبەجێ دەکرێن بەسەر رەگەزەکانی بیرکردنەوەدا، واتە هەر رەگەزێکی بیرکردنەوە بگریت پێویستە بەو پێوەرانە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت، وە هەروەها ئەم تایبەتمەندییە داوا دەکات پێویستە متمانەت بە تواناکانی خۆت هەبێت بۆ بیرکردنەوە بە شێوەیەکی رەخنەییانە بۆ نمونە پیشەگەرێکی ددانی کە نیشاندەری سەربەخۆیی هۆشیارانە بێت پرسیار دەکات دەربارەی بەرهەمە نوێیەکان و بە شێوەیەکی رەخنەییانە بیر لە هەموو رووەکانی بەرهەمەکە دەکاتەوە بۆ بڕیاردان لەسەر دەرکەوتەکانیان و بەکارهێنانیان. ئەو کەسانەی هەڵگری ئەم تایبەتمەندییەن نایێت پشت بە بیرکردنەوەکانی ئەوانی تر ببەستن.

## سێیەم: کۆششکردنی هۆشیاریانە (Intellectual Perseverance)

کۆششکردن و هەوڵدانی هۆشیاریانە یەکێکی ترە لە تایبەتمەندییەکانی تاکی هۆشیار لە بیری رەخنەییدا، لایەنی جێگیر و گرنگی ئەم تایبەتمەندییە بریتییە لە کۆڵنەدان و هاندانی تاکەکان بۆ کارکردن و زاڵبوون بەسەر ئاستەنگەکاندا. پزیشکێک کە پیشاندەری تایبەتمەندیی کۆششکردنی هۆشیاریانە بێت، پێویستە پشت ببەستێت بە کەرەستەکانی بیرکردنەوەی رەخنەگرانە بۆ بەردەوامبوونی کارەکەی و رووبەڕوو بوونەوەی پرسەکانی نەخۆش یان بارودۆخ و رەوشە نائاساییەکان.

مەبەست لە کەرەستەکانی بیرکردنەوەی رەخنەگرانە، بریتییە لە جێبەجێکردنی پێوەرەکانی هۆشیاری بەسەر رەگەزەکانی بیرکردنەوەدا بۆ هەڵسەنگاندنی هەر رەگەزێکی بیرکردنەوە کە ڕەوایە یان نا.

## چوارەم: هاوسۆزی هۆشیارانە (Intellectual Empathy)

هاوسۆزی یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی تاکی هۆشیار، کەسێک دەتوانێت هاوسۆزی هۆشیاریانە بەدەست بهێنێت کە خۆی بخاتە جێی کەسێکی تر، بزانێت بیرکردنەوە و هەستی چۆنە. بۆ نمونە پزیشکێکی ددان رووبەڕووی نەخۆشێک دەبێتەوە کە بۆچوونێکی جیاوازی هەیە دەربارەی خۆپارێزیە ددانیەکان وەک فلۆرید. پزیشکێک کە نیشاندەری تایبەتمەندیی هاوسۆزییە، هەوڵ دەدات کە لە بیروڕای نەخۆشەکە تێبگات، خۆی لە جێی نەخۆشەکە دادەنێت، بۆ ئەوەی بە تەواوی بتوانێت بیر لە بارودۆخەکە بکاتەوە پێش وەڵامدانەوە بۆی. لە کاتێکدا پزیشکەکە پێویست نییە بە رای نەخۆشەکە رازی ببێت، هاوسۆزی هۆشیاریانە داوا دەکات کە بە تەواوی و وردیی بیرکردنەوەی رایە جیاوازەکە بنوێنێت، سەرەڕای ئەوەی باوەڕی پێیەتی. واتە بەتەواوی خۆی بخاتە جێی کەسەکەی تر لە لە بیرکردنەوە و هەستەکانیدا، سەرەڕای ئەوەی باوەڕی پێیەتی.

## پێنجەم: سادەیی هۆشیاریانە (Intellectual Humility)

ئەو کەسەی نیشاندەری سادەیی هۆشیاریانەیە رازیە بەوەی کە مرۆڤە و مرۆڤیش هەموو شت نازانێت. بەردەوامن لە فێربوون و گەشەکردن بە تێپەڕبوونی کات و سنوورەکانی خۆیان دەزانن. بۆ نمونە دکتۆرە ددانە پرۆفیشناڵەکان کە نیشاندەری سادەیی هۆشیاریانەن، رازین یان ئاساییە لایان کە بە نەخۆشەکان بڵێن شارەزاییان

نییە لە بەرهەمێکی باوەڕپێکراو و تەکنیک و حاڵەتێک یان لێکۆڵینەوە لە پشتی ئەو بەرهەم و تەکنیکەوە. هەروەها دانی پێدادەنێن کە ئەوان بەردەوام لە فێربووندان سەبارەت بە پیشەکەیان.

### شەشەم: ئازایەتی هۆشیاریانە (Intellectual Courage)

ئەو کەسانەی نیشاندەری ئازایەتی هۆشیاریانەن سوورن لەسەر باوەڕی خۆیان و ئەو ئەنجامانەی کە بە تەواوی بیریان لێکردووەتەوە، بە تایبەتی کاتێک سەخت و دژوار بن بۆ ئەنجامدان. هەندێک جار بیرۆکەیەکی باو و گشتییش نیە، بەڵام مادام سوورن لەسەر باوەڕەکەیان ئەوا دەتوانرێت گۆڕانکاری رووبدات.

### خاڵی حەوتەم و کۆتایی: متمانە بوون بە بیرکردنەوە و ئەقڵی هاوسەنگ (Confidence in Reason and Fair - Mindedness)

لە ئەنجامی هەڵسەنگاندنی رەگەزەکانی بیرکردنەوە، بە هۆی پێوەر و ستانداردەکانی هۆشیارییەوە دەبیتە تاکێک کە متمانەت بە بیرکردنەوەت هەیە و خاوەنی هۆشیارییەکی هاوسەنگ دەبیت. ئەو کەسەی ئەم تایبەتمەندییەی تێدایە پێویستە تەماشای هەموو بەڵگە و بۆچوونە پەیوەندیدارەکان و گەیشتن بە ئەنجامەکان بکات.

کەواتە دەتوانین بڵێین بیری رەخنەیی بریتییە لە هەڵسەنگاندنی رەگەزەکانی بیرکردنەوە بە هۆی پێوەرەکانی هۆشیارییەوە، هەر رەگەزێک لە رەگەزەکانی بیرکردنەوە وەربگیرێت، پێویستە هەڵسەنگاندن و شیکاریکردنی بۆ بکرێت، ئینجا

ئەو کەسانەی نیشاندەری ئازایەتی هۆشیارییانەن سوورن لەسەر باوەڕی خۆیان و ئەو ئەنجامانەی کە بە تەواوی بیریان لێکردووەتەوە، بە تایبەتی کاتێك سەخت و دژوار بن بۆ ئەنجامدان.

بڕیاری لەسەر بدرێت، بۆ نموونە؛ زانیاری، کە یەکێکە لە رەگەزەکانی بیرکردنەوە، کاتێک زانیارییەک وەردەگریت یان دەبەخشیت پێویستە سەرجەمی پێوەرەکانی هۆشیاری بەسەردا جێبەجێ بکەیت، واتە دەبێت زانیارییەکە روون، ورد، لۆژیکی، گرنگ، فراوان، قوڵ و بەڵگەدار بێت، ئەو کاتە ئیتر بیبەخشیت یان وەریبگریت، ئەگەر ئەمەت ئەنجامدا و توانیت ئەو پێوەرانەی هۆشیاری بەسەر هەر رەگەزێکی بیرکردنەوەدا جێبەجێ بکەیت ئەوکات دەبیتە ئەو کەسەی تایبەتمەندییەکانی هۆشیارییت تێدا بەدی دەکرێت، واتە دەبیتە کەسێکی راستگۆ، سەربەخۆ، سادە، کۆششکار، هاوسۆز، ئازا، بوێر و خاوەن هۆشیارییەکی هاوسەنگ و متمانەت بە بیرکردنەوەکانت دەبێت.

## پەراوێز و سەرچاوەکان

١. Richard Paul and Elder, ٢٠٠١, Paul-Elder Critical Thinking Model, https://louisville.edu/ideastoaction/about/criticalthinking/framework), August ٥, ٢٠٢٠, https://Louisville.edu)(

٢. Jin Speakbigtruth, ٢٤, ٢٠١٧, Logic (Studying Arguments) part ١, "https://youtu.be/w٤DSIIXNQqQ) "video file)

٣. April Gary Megan, ٢, ٢٠١٤, The Intellectual Standards: An Introduction, "video file" (https://youtu.be/gcxhalSk٧٣k)

٤. July Gary Megan, ٢٦, ٢٠١٦, The Elements of thought- An Introduction, "Video file", (https://youtu.be/Z٨Duz٦MzB١U)

٥. Mar Gary Megan, ٢٣, ٢٠١٣, Point of View in Critical Thinking, "video file" (https://youtu.be/VuXf٦w٣uxKg)

٦. Oct Gary Megan, ٧, ٢٠١٢, Purpose in Critical Thinking, "video file, ( https://youtu.be/tAPgRHPCQEA)

٧. Oct Gary Megan, ٧, ٢٠١٢, Question at Issue in Critical Thinking, "video file" (https://youtu.be/zZvJPbQRnQ٠)

٨. Oct Gary Megan, ٧, ٢٠١٢, Information in Critical Thinking, "video file" (https://youtu.be/I٣j_QRAHnrw)

٩. Oct Gary Megan, ٨, ٢٠١٢, Interpretation and Inference in Critical Thinking, "video file" (https://youtu.be/xzD٣Xsi٣luM)

١٠. Aug Gary Megan, ٢٧, ٢٠١٢, Concepts in Critical Thinking, "video file" (https://youtu.be/_iGkBychY٠-)

١١. Oct Gary Megan, ٧, ٢٠١٢, Assumption in Critical Thinking, "video file" (https://youtu.be/tfM٥pY٥YXs-)

١٢. Oct Gary Megan, ٧, ٢٠١٢, Implications and Consequences in Critical Thinking, "video file" (https://youtu.be/wrDX١rAHOA-)

١٣. Jacqueline, A. , Rudy, J., Improving Students' Patient Care Management Using the Thinker's Guide to Clinical Reasoning, Aug www.dentalcare.com, ٢, ٢٠١٠, https://www.dentalcare.com/en-

# ئەقڵ و قورئان*

تەحسین حەمەغەریب

**1:1**ئـەوەی کـە ئەقـڵ و قورئـان پێکـەوە دەبەسـتێتەوە (ئاگایی)ـە، دەتوانیـن ناوێکـی تـری لێبنێیـن، کـە ئەمەیـان لـە هـزری مۆدێرنـەدا بەکاردەهێنرێت، ئەویـش؛ ئەقڵی رەخنەگرانە/بیرکردنـەوەی رەخنەگرانەیـە، هـەر لەسـەر ئـەم بنەمایـە رۆشـنبیرە ئایینییـەکان بوونەتـە دوو گـروپ؛

**١.**گروپێـک کولتـوور و سوننەت دەکـەن بە سـەنتەر و وازیـان لـە سـەردەمی مۆدێرن هێنـاوە، ئەوانـەی کـە پێیـان دەوترێت (سوننەتگەراکان).

**٢.**گروپەکـەی تـر، پێکدێـن لـە کۆمەڵێـک رۆشـنبیری دینیـی، ئەمانـە وازیـان هێنـاوە لـە کولتـوور و سـوننەت و (مۆدێرنە)یـان کردووەتـە سـەنتەر.

ئەوانـە دوو جـۆری گـەورەی رۆشـنبیری دینییـن لـە سـەردەمی نوێدا. بـەڵام دەپرسـین؛ ئایا ناکرێت سێیەمێک هەبێت؟ بەڵێ دەکرێت گروپی سێیەم هەبێت، ئەویش ئەوەیە دەکرێت مرۆڤی رۆشنبیری ئایینی سوننەتگەرا بێت، کولتوور بکاتە سەنتەر، بەڵام بە ئاگاییەوە، بە ئەقڵی رەخنەگرانەوە، ئەقڵی رەخنەگرانە ناودەنێیـن (ئەقڵـی گشـتگەرا)، ئەمـە سـەنتەری بابەتەکەمانـە.

ئەقڵی گشتگەرا واتا ئەو بەڵگانەی کە مرۆڤەکان هەموو لەسەریان کۆکن، واتا تەنها تایبەت نین بە خەڵکی دیندارەوە، لە دۆخی ئامادەیی ئەم جۆرە ئەقڵەدا و بەهۆی ئەم ئەقڵەوە، هەر مامەڵەیەکی ئایینی دەکەیت بە ئاگاییەوە دەبێت، واتا هەر ئەوە نییە کە خۆت رادەستی کولتوور کردبێت، بەڵکو بە ئاگاییەوە، بـە ئەقڵی گشـتگەراوە مامەڵـەی لەگەڵدا دەکەیت. ئەمـە ئـەو بابەتەیـە کـە دەتوانیـن بڵێیـن فەیلەسـوفە دینییەکانی سـەردەمی نوێ و لەناو مسوڵمانانیشدا ئەوانەی کە مەعریفەسەنتەر بوون، چ لـە کۆتایەکانی

سەدەی نۆزدە و چ لە سەرەتای سەدەی بیستدا تا ئێستەیش بەم جۆرە مامەڵە دەکەن، لوتکەی ئەم کەسانەیش بریتییە لە ئیقباڵ لاهوری، لاهوری سوننەت و کولتووری ئیسلامی و عیرفان و فەلسەفەی ئیسلامی سەنتەرە لەلای، بەڵام بە ئاگاییەوە، بە ئەقڵێکی گشتگەراوە، واتا ئەو ئەقڵەی کە هەم ئەوی دیندار و هەم کەسانێکی نادینییش باوەڕیان پێیەتی. بە بۆچوونی ئیقباڵ ئەوەی کە عاریفان و زاهیدان دەیانگوت کە لە ئەقڵی قورئانیدا مەستبوون هەیە، ئەو دەیگوت نەخێر، شتی وا نییە، واتا مرۆڤ بێئاگا نابێت، بەلای ئەوەوە لوتکەی مەعنەویەتی ئیسلام ئیسرا و میعراجە، بەڵام خودا لە باسی پێغەمبەردا دەفەرموێت: (ما زاغ البصر وما طغى)، کە لە بسی میعرجی پێغەمبەردیەو خو دەربارەی دەفەرموێت تووشی وەهم و لادان نەبوو، واتا لە لوتکەی ئاگایی خۆیدا بوو، ئیقباڵ لاهوری ئەمە ناودەنێت(خودی)، بە بۆچوونی بەندە ئەم تێگەیشتنەی لاهوری کورتە و رۆح و کلیلی تێگەیشتنە لە قورئان.

**٢:١** یەکێک لە بنەماکانی ئەقڵگەرایی سەردەمی مۆدێرن بریتییە لە بەڵگەسەنتەری، هاوشێوەییەکی سەیریش هەیە لە نێوان (ئەقڵکاریی مۆدێرن) و (ئەخلاقکاریی مۆدێرن)، واتا لە سەردەمی مۆدێرندا هاوشێوەییەکی سەیر هەیە لەنێوان (فەلسەفەی ئەخلاق) و (فەلسەفەی ئەقڵ) دا، چەندین جار لە کۆرس و نووسینەکانماندا روونمان کردووەتەوە کە قوتابخانەکانی ئەخلاق سێ دانەی سەرەکین؛

**١.قوتابخانەی فەزیلەتگەرا**

**٢.قوتابخانەی ئەرکگەرا**

**٣.قوتابخانەی ئەنجامگەرا**

ئەم دوانەی کۆتایی، ئەرکگەرا و ئەنجامگەرا دوو قوتابخانە سەرەکییەکەی فەلسەفەی ئەخلاقی سەردەمی نوێن، هەردووکیان کردارسەنتەرن، بۆیە فەلسەفەی ئەخلاق لەسەردەمی نوێدا کار تێیدا سەنتەرە، لە نیوەی دووەمی سەدەی بیست بەدواوە ئیتر فەزیلەتگەراکان پەیدا دەبن.

## قوتابخانەی فەزیلەتگەرا جیاوازییەکەی لەگەڵ ئەو دوانەی تردا چییە؟

قوتابخانەی فەزیلەتگەرا جەخت لەسەر (کەس) دەکاتەوە، فەزیلەتی کەسەکە، ئەگەر ئەرکگەرایی و ئەنجامگەرایی جەخت لەسەر (کردار) بکەنەوە، ئەوا ئەقڵکارییش لەسەردەمی نوێدا جەخت لەسەر بەڵگە دەکاتەوە، واتا بەڵگە لە ئەقڵکاریی مۆدێرندا بەرامبەرە بە کردار لە فەلسەفەی ئەخلاقی مۆدێرندا. بۆیە (باوەڕسەنتەر) ی لە ئەقڵکاریی سەردەمی مۆدێرندا دروستدەبێت، لەبەرئەمەیە کە باسی ئەخلاقیاتی باوەڕ دەکرێت، واتا ئەگەر مرۆڤ بەدواداچوونی فەلسەفەی مەعریفە و ئەقڵکاریی بکات لەسەردەمی نوێدا، هەموو بابەتەکان دەچنەوە سەر 'باوەڕی مرۆڤ' نەک 'خودی مرۆڤ'. باوەڕی هەرکەسێکیش دەکرێت لە کەسەکە جیابکرێتەوە: بۆ نمونە دەکرێت گەنگەشەی باوەڕەکان و ئارگیۆمێنتەکانی من بکرێت بەبێ ئەوەی خۆم لەوێ بم، هەر ئەمەش وادەکات کە (بەڵگە) سەنتەر بێت، چونکە من گرنگ نیم بەڵکو باوەڕەکەم گرنگە، ئیتر باوەڕەکەی منیش بەستراوە بە بەڵگەکانەوە، هەر

وەک چۆن لە فەلسەفەی ئەخلاقدا من گرنگ نیم وەک ئەوەی لە قوتابخانەی ئەرکگەرا و ئەنجامگەرادا هەیە، بەڵکو کردەوەی من گرنگە، بۆیە کردار دەبێتە سەنتەر، ئیتر یان ئەنجامی کار یان خودی کار، روونتر بڵێین ئەگەر ئێمە دوو پایەمان هەبێت، ئەقڵکاریی و ئەخلاقکاریی لەسەردەمی مۆدێرندا، ئەوا بەڵگە بۆ ئەقڵکاریی و کردار بۆ ئەخلاقکاریی دەبنە پایە.

### ئایا تەنها بەڵگە بەسە؟

بەڵام لە فەلسەفەی ئەخلاقی نوێدا هەست بە کەلێنی ئەمە کرا، وتیان دەبێت فەزیلەتگەرایی زیندوو بکەینەوە، چونکە وتیان تەنها بەڵگە بەس نییە! بەڵکو کەسەکەیش گرنگە، واتا کەس لێرەدا کەسی فەزیڵەتگەرایە.

بۆیە کەسێک ئەگەر بیەوێت لە ئەخلاقی سەردەمی پێش مۆدێرن تێبگات، نابێت تەنها خەخت لە ئەرک و ئەنجام بکاتەوە، بەڵکو دەبێت رەچاوی فەزیلەتیش بکات، ئەگەر بتەوێت لە ئەقڵکاریی قورئان تێبگەیت نابێت تەنها جەخت لە بەڵگە بکەیتەوە، بەڵکو دەبێت رەچاوی کەسەکەیش بکەیت. ئەمە دەرگایەکی گەورەی تێگەیشتنە لە قورئاندا، تەنانەت دەرگایەکی گەورەیە بۆ تێگەشتن لە کتێبەکانی پێش مۆدێرنە، بۆچی؟ چونکە لە ئەقڵکاریی سەردەمی پێش مۆدێرنەدا تەنها باس باسی بەڵگە نییە، بەڵکو باسی کەسەکانیشە، لێرەوەیە وەحی و پێغەمبەران و مرۆڤەکان دەبنە سەنتەر لە ئەقڵکاریی قورئانی و ئەقڵکاریی پێش مۆدێرندا.

**ئەگەر کەسێك بیەوێت لە ئەخلاقی سەردەمی پێش مۆدێرن تێبگات، نابێت تەنها خەخت لە ئەرك و ئەنجام بکاتەوە، بەڵکو دەبێت رەچاوی فەزیلەتیش بکات،**

ئەوانەی کە بە نیازن تەنها بە گەڕانەوە بۆ بەڵگە لە قورئاندا بگەڕێن ناتوانن ئەقڵکاریی قورئان بدۆزنەوە، ناڵێین کە هەمووی هەر کەسەکەیە، نەخێر هەم بەڵگەیش هەیە، هەم کەسەکەیش، وەک چۆن لە ئەخلاقکارییدا کردار و کەسیشمان هەیە، ئەمیش بە هەمان شێوە، هەم بەڵگە گرنگە، هەم کەسیش، واتا بۆ ناسینی قورئان و ئەقڵکاریی قورئان کەس و بەڵگە پێکەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، لێرەدا ئەقڵ تەنها پەیوەندی بە بەڵگەکانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە کەسەکانیشەوە هەیە.

**٣:١** ئەگەر تەنها جەخت لە بەڵگە بکەینەوە ئەوا جۆرێک لە ئەقڵمان بۆ دروست دەبێت کە پێیدەڵێین 'ئەقڵی گشتگەرا'.

ئەگەر کەسی باوەڕداری بۆ نمونە مسوڵمان مامەڵە لەگەڵ کەسێکدا بکات کە باوەڕی بە قورئان نییە، لێرەدا مسوڵمانەکە ناتوانێت جەخت لەسەر کەس بکاتەوە، چونکە نامسوڵمانەکە باوەڕی بە قورئان و بەکەسەکە و کولتوورەکە نییە، بۆیە لەم دۆخەدا دەبێت جەخت لەسەر ئەقڵی گشتگەرا بکرێتەوە، -ئەوەش بڵێم کە زانا و مەعریفەناسەکان بە شێوەی جیاواز و پارچەپارچە

باسی ئەم بابەتەیان کردووە، بەڵام نەک بەم شێوەیە، ئەم جۆرە ڕێکخستنە لە ڕاستییدا کاری خۆمانە-، لەبەرامبەر ئەم جۆرە ئەقڵەیشدا جۆرێک ئەقڵی ترمان هەیە کە پێیدەڵێین 'ئەقڵی کەمگەرا'.

## بۆچی ئەقڵی کەمگەرا تەنها جەخت لەسەر بەڵگە ناکاتەوە؟

چونکە (بۆ نمونە) منی دیندار باوەڕەکانم بۆ خۆمە، گرنگ ئەوەیە کە بەڵگەیەک لە دژیان نەبێت، ئەگەرنا مەرج نییە خۆی بۆخۆی بەڵگە هەبێت بۆیان، واتە گرنگ ئەوەیە کە بە هۆی ئەقڵی ڕەخنەگرانەوە/ئەقڵی گشتگەراوە نەکرێت ئەم ئەقڵە کەمگەرایە بەدرۆبخرێتەوە، ئەمە بابەتەکەیە. ئێستا من کە باوەڕداربم، باوەڕم بە قورئان هەبێت، باوەڕم بە ئایین هەبێت، لە ڕووی ئەقڵییەوە هیچ فەیلەسوفێک هیچ ڕەخنەگرێک و هیچ پێگەیشتوویەکی ئەقڵی، ناتوانن بەڵگە بۆ باوەڕەکەم یان دژی باوەڕەکەم بهێننەوە، دەڵێین پێگەشتووی ئەقڵی، چونکە ئەو کەسانەی کە مامەڵەی مەعریفی دەکەن دەبێت ئەم مەرجانەیان تێدا بێت؛

### ١.لە ڕووی ئەقڵییەوە پێگەیشتبن.

### ٢. گومانگەرا و بێلایەن بن.

واتا نابێت لە پێشدا بڕیاری دابێت دژایەتی یان لایەنگیریی بکات، هەروەها بواری ئەوەیان هەبێت لەم بوارەدا مامەڵەم لەگەڵدا بکەن، ئەگەرنا فریودانی خەڵکی ئاسایی ئاسانە.

من کاتێک کە ئەقڵی کەمگەرام هەیە، خەریکی دینداری خۆمم، لەگەڵ خودا وپێغەمبەرەکەی خۆم، لەگەڵ قورئانەکەی خۆم، ئەوی مەسیحییش لەگەڵ مەسیح و ئینجیلی خۆیدا و ...هتد بە هەمان شێوە، هەر لەبەرئەوەی کە بە ئەقڵی گشتگەرا بەڵگەیەک لە دژی ئەمە لە ئارادا نەبێت کە ئەوەی من/کەسی دیندار بە درۆبخاتەوە، کەواتە ئیتر پێویست ناکات کەسی دیندار بەڵگە بهێنێتەوە، چونکە بۆ خۆیەتی، ئا لێرەدایە کە 'ئەقڵی ئیسلامی' و 'ئەقڵی مسوڵمان' دروست دەبێت، لێرەدا منی دیندار (بۆ نمونە) ڕۆژوو دەگرم نوێژ دەکەم، بەڵام ئەوی نادینی هەر باوەڕی پێنەبێت یان گاڵتەی لێبێت، مەسیحییەک بە هەمان شێوە، بۆ نمونە ڕۆژانی یەک شەممان پارچە نانێك دەخەنە دەمی، کەسێکی نادینی لەوەدەچێت هەر گاڵتەی لێبێت.

**٤:١** ئەقڵی کەمگەرا پێویست بە بەڵگەی گشتگەرا ناکات، هەتا ئەو کاتەی کە بەڵگەیەکی گشتگەرای ناچارەکی/حەتمی هەبێت بە درۆی بخاتەوە، ئەو کاتە ئیتر لە سەرم واجب دەبێت کە بەوەی خۆمدا بچمەوە، چونکە وتمان دەبێت ئاگایی سەنتەر بێت.

لە ئەقڵی کەمگەرادا جڤاتی دینی دەبێتە سەنتەر، بۆ نمونە لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا کیتاب و سوننەت دەبنە سەنتەر، مامەڵەی مسوڵمانان لە نێو خۆیاندا دەبێتە سەنتەر، ئیتر ئەوە شتێکی ئەقلانییە کە من بە ڕۆژوو بم، نوێژ بکەم و نزا بکەم، چونکە بەڵگەیەکی گشتگەرا نییە ئەو دوعایەی من بە درۆبخاتەوە، ئەی گەر لەگەڵ ئەقڵی گشتگەرادا دژ هاتەوە، ئیتر لێرەدا بوارێک بۆ ئەقڵی کەمگەرا نامێنێتەوە، واتا

کاتێک ئەقڵی کەمگەرا دەخوات کە بەڵگەی گشتگەرا لەدژی نەبێت. لێرەدا بۆ دیندارەکان ڤینگشتاین گوتەنی کایەیەکی زمانی تایبەت دروست دەبێت کە جیاوازە لە کایەیزمانی نادینییەك. بە تێبینی ئەوەی مەبەست لە زمان لێرەدا گەورەتر لە مانای زمان لە بەکارهێنانی عەقڵی ئاساییدا.

### کەی لە ئەقڵی کەمگەراوە بگوازمەوە بۆ ئەقڵی گشتگەرا؟

چ کاتێک من وەک دیندارێک و قورئانناسێک ئەرکی سەرشانمە لە ئەقڵی کەمگەراوە بگوازمەوە بۆ ئەقڵی گشتگەرا؟ کاتێک کە (بانگەواز) دەکەم، مەسیحییەک دەبێتە مژدەدر و (تەبشیر) دەکات و... هتد، لەم کاتەدا نابێت بە ئەقڵی کەمگەرا مامەڵە بکات، واتا نابێت ئارگیۆمێنتەکەی ئەوە بێت بڵێت چونکە لە قورئاندا یان لە ئینجیلدا وا هاتووە، ئیدی تەواوە، کەسێکی دینداری مەسیحیی یان مسوڵمان نابێت بە بێباوەڕێک بڵێت قورئان یان ئینجیل وا دەفەرموێت، چونکە ئەوی بێباوەڕ باوەڕی بەوانە نییە، لێرەدا دەبێت بگوازمەوە بۆ ئەقڵی گشتگەرا، روونتر بڵێین دەبێت بەو بەڵگانە بانگەواز بکەم کە مرۆڤەکان لەسەری کۆکن، لێرەوە دوو ئاست بۆ ئەقڵ لە قورئاندا دەردەکەوێت؛

### ١.ئەقڵێک لەسر ئاستی بانگەواز:

ئەم جۆرە لەسەردەمی فتوحاتی ئیسلامیدا هەبووە، هەر ئەوە نەبووە بە سوپا چووبن و خەڵکیان گرتبێت، بەڵکو گفتوگۆیان لەگەڵ خاوەنی ئایینەکانی تر و گروپەکانی تردا کردووە و بە (ئەقڵی گشتگەرا)یش گفتوگۆیان کردووە، بە کورتی لە کاتی بانگەوازدا پێویستمان بە ئەقڵی گشتگەرایە نەک کەمگەرا.

**منی دیندار باوەڕەکانم بۆ خۆمە، گرنگ ئەوەیە کە بەڵگەیەك لە دژیان نەبێت، ئەگەرنا مەرج نییە خۆی بۆخۆی بەڵگە هەبێت بۆیان،**

### ٢.ئەگەر بانگەواز بوونی نەبوو؟ لەم کاتەدا چی؟

لەکاتی نەبوونی بانگەوازدا پێویستمان بە ئەقڵی گشتگەرا نابێت، مادام بەڵگەیەک نەبێت کە دژی بێتەوە، بۆیە من کاتێک نەخۆش دەکەوم دەکرێت دوعا بکەم، بە ئەقڵی کەمگەرا، کەسێکیش باوەڕی بە دوعا نەبێت ناتوانێت بڵێت کە ئەوەی تۆ نائەقڵانییە، چونکە خۆ من داوام لێنەکردووە کە باوەڕی بە نزاکانی من هەبێت، ئەمە بابەتێکی زۆر گرنگە، بۆیە بە بۆچوونی بەندە ئەو کەسانەی کە ناتوانن یان بەقووڵی تێناگەن لە کتێبە کۆنەکان، لەبەرئەوەیە کە لە ئەخلاقدا بە 'کردارسنەتەری' و لە ئەقڵیشدا بە 'بەڵگەسەنتەری' دەچنە خزمەت ئەو دەقانە، بۆیە سوودیان لێنابینن، لە حیکمەت تێناگەن، حیکمەت شتێک نییە کە بەڵگەی بۆ بهێنرێتەوە، چونکە هەر خودی حیکمەت نازانین چییە تا بەڵگەی بۆ بهێنینەوە! ئەی ڕێگەی لێتێگەیشتنەکەی چییە؟

تەنهـا و تەنهـا دەبێت پێـوەی بژییـت و ئەزموونـی بکەیـت، ئەگەرنـا ناتوانیـت لێـی تێبگەیـت، دەبێـت بچیتـە ناویـەوە، ئەمـەی سـەرەوە وەک پارچەکانـی کۆمـان کردووەتـەوە مامەڵەمـان لەگەڵـدا کـردووە و تێیـدا راماویـن، وەک گشـتێکیش یـان وەک ئارگیۆمێنتێـک داهێنانـی خۆمانـە، لـە سـۆنگەی ئـەم تێڕوانینـەوە بـەو بـاوەڕە گەیشـتووین کـە هـەر کەسێک لـەم دەرگایـەوە بـۆ بابەتـی ئەقـڵ نەیەتـە نـاو قورئانـەوە لـە پەیوەنـدی نێـوان ئەقـڵ و قورئـان تێنـاگات. بـە بۆچوونـی ئێمـە ئـەوەی سـەرەوە بـۆ هەرکەسێک کە بخوازێت لە قورئان تێبگات، زۆر باشـە و هـەم زۆر چێژیـش دەبـات لـە قورئـان.

## ئەوەی کە گوتمان چۆن بیکەین بە کردار؟

**١:٢** ئێستا ئەگـەر کەسێک بپرسێت مـن وەک خوێنەرێکـی قورئـان لـە رووی کرداریـیـەوە چـۆن دەتوانم سـوود لـەوەی کە لەسـەرەوە وتمان وەربگـرم؟

بـاوەڕە دینیـەکان، (بـۆ نمونـە لـە قورئانـدا) ئـەو هەمـوو بابەتـەی تێدایـە، باسی بیرکردنـەوە و (لوبی لوبـاب) دەکات، باسـی داگیرسـان/فوئاد و باسـی (بەصـەر دەکات، هەمـوو ئەمانـە وەک پاڵنـەری بیرکردنەوە لە قورئاندا بوونیـان هەیـە، چۆن ئەمانە بکـەم بـە کـردار؟ وەڵامـی ئـەو پرسیارانەی سـەرەرە دەکەونـە خانـەی باسـی میتـۆدەوە.

ئێمـە لـە کـۆرسـی (ئەقـڵ و قورئـان)دا باسـی ئەوەمـان کـرد کـە کۆرسـەکە لـە سێ بابـەت پێـک دێـت؛

**١.**میتـۆد

**٢.**میکانیزم

**٣.**دروستکردنی کەس، واتا کەسی ئەقڵانی.

وتمان ئەگەر بتوانین ئەم سێ بابەتە بسـەلمێنین، ئـەوا دەیسـەلمێنین کـە پەیوەندییەکـی قـووڵ لەنێـوان ئەقـڵ و قورئانـدا هەیـە.

## سێ پرسیار لە ژیانی مرۆڤدا:

وەک وتمـان وەڵامـی ئـەو پرسـیارانەی سـەرەوە سـەربە باسـی میتـۆدن، بـا روونـی بکەینـەوە؛

لـە فەلسـەفەدا و بـە تایبـەت لـە فەلسـەفەی مانـای ژیانـدا دەوتـرت سێ پرسـیاری سـەرەکی بوونیـان هەیـە، ئێمـە لـە کـۆرسـی فەلسـەفەی لۆجیـک و شـوێنی تریشـدا باسـی ئـەو سێ پرسـیارەمان کـردووە، ئەوانیـش:

## ١.بۆچی؟ ٢.چۆن؟ ٣.چی؟

دەکرێت ڕێزبەندییەکـیان بـەم شێوەیەش نەبێت، واتـا هەندێـک لـە فەیلەسـوفەکان لە بۆچی ـەیەوە، هەندێـک لـە چۆن ـەوە و هەندێکیش لە چی ـیەوە دەستپێدەکەن:

سـەنتەر لـە مرۆڤناسـی قورئانـدا بریتییـە لـەوەی کـە رەسـەنایەتی ئەقـڵ و رەسـەنایەتی ئەخـلاق بوونیـان هەبێت، ئـەم دوانـە مرۆڤـی رەسـەن پێکدێنـن، واتـا ئـەو مرۆڤـەی کـە پێشگریمانەی ئەقڵانیبوونی لێچاوەڕێ دەکرێت لە قورئاندا دەبێت دوو خەسڵەتی هەبێت؛

**یەکەم:** رەسەنایەتی ئەقڵ.

**دووەم:** رەسەنایەتی ئەخلاق.

هـەر هێنـدە بـەس نییـە کـە ئەقڵـی هەبێـت، بەڵکـو دەبێـت لـەلای ئـەو کەسـە ئەقـڵ بابەتێکـی

سەنتەریی بێت هەروەها هەر هێندەیش بەس نییە کە کەسێکی بەئەخلاق بێت، چونکە پێدەچێت کەسێک نەزانێت ئەخلاق چییە و بە ئەخلاقیش بێت، بەڵکو دەبێت ئەخلاقسەنتەر بێت، بۆئەوەش مرۆڤ رەسەنایەتی ئەقڵ و رەسەنایەتی ئەخلاقی هەبێت دەبێت ئەو سێ پرسیارە لەخۆی بکات(بۆچی؟ چۆن؟ چی؟)، دەربارەی چی، دەربارەی خۆی، دەربارەی ژیانی خۆی؛

-من بۆچی بژیم؟

-چۆن بژیم؟

-ژیانی من چییە؟

دەتوانم ئەوە بڵێم-بەپێی ئەوەی پێی گەیشتووم- هەر کام لە فەیلەسوفەکان، یان یەکێک لەو سێ پرسیارەی گرتووە یاخود زیاتر لە یەکێک، بۆ نمونە نیگڵ(Thomas Nagel)، کە زۆر بەدواداچوونی کارەکانی دەکەم، جەخت لەسەر'چی' دەکاتەوە، کتێبێکی هەیە بەناونیشانی (What Does It All Mean?) (هەموو ئەمە واتای چییە؟)، لە چی-یەوە دەستپێدەکات.

نیچە لە 'بۆچی'یەوە دەستپێدەکات، وتی ئەگەر من وەڵامی پرسیاری(بۆچی بژیم؟)دەست بکەوێت ئەوە وەڵامی هەموو شتەکانی تر ئاسان دەبن.

ڤیتگنشتاین لە (چۆن؟)ـەوە دەستی پێکرد، دەیوت چۆنێتی ژیان گرنگترە لە بۆچییەتی و چییەتی. بۆیە باسی شێواز/ستایلی ژیان و شێوە/ فۆرمی ژیان لای ڤیتگنشتاین دەبێتە سەنتەر، تەنانەت لای ئەو ئایین بریتی نییە لەوەی کە

## سەنتەر لە مرۆڤناسی قورئاندا بریتییە لەوەی کە رەسەنایەتی ئەقڵ و رەسەنایەتی ئەخلاق بوونیان هەبێت.

تۆ باوەڕت بەخودا هەبێت، یان خودا چییە، بەڵکو بریتییەلەوەی کە تۆ چۆن بژییت کە خودا لەناو ژیانتدا سەنتەر بێت، واتا کاتێک کە تۆ باوەڕت بە خودا هەیە، ئەم خودایە چی دەکات لە ژیانی تۆدا، روونتر بێژین باوەڕت بە خودا هەبێت چ جۆرە ژیانێک دەژیت؟ دەبینین لێرەدا چۆنێتی سەنتەرە.

**٢:٢** من بۆ خۆم بەم سێ پرسیارەوە چوومەتە خزمەت قورئان، ئیشێکم کردووە کە لەم نووسینەدا دەمەوێت بۆ خوێنەری بەڕێزی بخەمەڕوو، ئەوانەی کە دەڵێن قورئان ئەقڵی تێدا نییە، راستییەکەی خۆیان ناناسن یان بڵێین وەڵامی ئەو سێ پرسیارەیان نەداوەتەوە، یاخود رەسەنایەتی ئەقڵ و رەسەنایەتی ئەخلاق لای ئەوان بوونی نییە، هەروا دەڕۆن و لاسایی دەکەنەوە، خەڵکێک وتوویەتی ئایین دژە ئەقڵە، ئیتر ئەمیش یەکسەر وەریگرتووە و وتوویەتی وایە دژە ئەقڵە و تەواو، یان کەسانێک دەڵێن فڵان ئایینی کۆن باشترە لە فڵان ئایین، وتوویەتی وایە، باشترە! ئەگەرنا کەسێک کە رەسەنایەتی ئەقڵ و رەسەنایەتی ئەخلاقی هەبێت( هەندێك فەیلەسوف وتوویانە لە عەقڵدا ئینساف

و لـە ئەخلاقـدا ویـژدان) و ئاگایانـە مامەڵەبکات، واتـا ئەقڵی ڕەخنەگرانـەی بـۆ دروست ببێت، ئیتـر لانی کـەم بە ئەزمـوون بـۆی دەردەکەوێت کە کام لـەو سێ پرسیارە دەکاتـە سـەنتەر، بـەڵام هەرسێ پرسیارەکە لـە ئاییندا بوونیـان هەیـە، لـە قورئانـدا هـەن، ئـەو پرسیارانە دەروازە و پەنجـەرەی پەیوەنـدی نێوان ئەقڵ و قورئانـن.

## ڕوونکردنەوەی سێ پرسیارەکە (چی، چۆن و بۆچی):

زۆر بەکورتی؛ لە چی ـیەوە دەستپێدەکەین؛

## یەک: پرسیاری چی؟:

نامەوێـت لـەو دەروازە تەقلیدییـەوە بچمـە نـاو باسـەکەوە، ئـەوەی کـە دەوترێـت ئەمانـە پرسـیارە نەمرەکانـی فەلسـەفەن و...، بـە بۆچوونـی بەنـدە بەدواداچوونی وەڵامی'چی' لە ئاییـن و لـە قورئاندا لەلایەن فەیلەسـوفەکانەوە لە وەڵامی سێ پرسیارەوە سـەری هەڵداوە، باسـی ئـەوە ناکـەم کـە مـرۆڤ بـە شوێن حەقیقەتەوەیـە و پرسیاری هەیـە و...، بەڵکـو دەمەوێت هاوکاتی خستنەڕووی بابەتەکە چێژیـش ببەیـن؛

### ١.مرۆڤ ئاگایی گەردوونیی هەیە:

ئاگایـی گەردوونـی یانـی چـی؟ زۆرێـک لـە فەیلەسـوفەکان باسـی ئەمەیـان کـردووە، بـەڵام سوهراپی سوپێهری بـە شیعر ئەمـەی بـاس کردوە و دەمەوێـت ئـەوەی ئـەو بـاس بکـەم، چونکـوم ئـەوەی ئـەو بـەلای منـەوە لەنـاو ئەوانـی تـردا شـیرینترینە، دەڵێـت: " مێرولەیـەک بـە درەختێکـەوە ناتوانێـت وێنـای درەختەکـە بـکات." بـەڵام ئێمـەی مـرۆڤ، بـەو بچووکییـە لـە چـاو گەردوونـدا ئاگاییمـان بـە درەختەکە/گـەردوون هەیـە! بۆیـە پرسـیارمان لـە چییەتـی بوونـە، ڕاسـتییەکەی بابەتێکـی سـەیرە، زۆریـش بەوردیـی بیـرم لـەم بابەتـە کردووەتـەوە، گەیشـتوومەتە ئـەو ئەنجامـەی کـە تەکنەلۆجیا ناتوانێـت جێگـەی مـرۆڤ بگرێتـەوە، چونکـە هەرگیـز تەکنەلۆجیـا ناتوانێـت ئـەو ئاگاییـەی هەبێـت.

### ٢.خودناسی:

خودناسـی وا لەمـرۆڤ دەکات کـە پرسـیاری چییەتـی بـۆ دروست ببێت، بـۆ؟ چونکـە مـرۆڤ تاکـە مەخلوقێکـە- بەگوێـرەی ئـەوەی تـا ئێسـتا ئێمـەی مرۆڤ زانیبێتمـان- کـە پرسیاری دەربارەی خۆی هەیـە، تەنها ئاگایـی نییـە، بەڵکـو ئاگایـی بـە ئاگاییەکـەی خـۆی هەیـە، ئـەوە بـوو کـە نیچـە دەیـوت: پشـیلەیەک دمرێـت و مرۆڤیـش دەمرێت، بـەڵام جیاوازییەکـە ئەوەیـە پشـیلە نازانێـت کـە دەمرێت، بـەڵام ئێمـەی مـرۆڤ دەزانیـن کـە دەمریـن. (نسـوا الله فانسـاهم انفسـهم) واتـا ناسـینی خـۆ و ناسـینی خـوا پێکەوەبەسـتراون، ئەگـەر خوامـان لەبیر کـرد، خۆیشـمان لەبیرکـردووە، بۆیـە پرسـیارمان لـە خـودا هەیـە!

### لە ڕوانگەی خودناسییەوە نیچە چی دەڵێت؟

سـەرنج دەدەم زۆرکـەس لە جیهاندا، لەناو کورد، فارس و ئینگلیزەکاندا بانگەشـەی ئـەوە دەکـەن کە نیچە داوای نائەخلاقـی دەکات، بـەڵام کـە بـەوردی کتێبەکانـی نیچـە دەخوێنیتـەوە پێچەوانـەی ئەمـە دەبینیـت، ئیتـر ئـەو پرسـیارەم لا دروست بووبـوو کـە بۆچـی خەڵـک ئـەوە دەدەنـە پاڵ نیچە؟ وەڵامەکـە

ئەوەیە کە؛ نیچە رەخنە لە جۆرێک ئەخلاق دەگرێت، خاڵەکە لێرەدایە کە نیچە رەخنە لە ئەخلاقی مەسیحیی دەگرێت و دەیەوێت ئەخلاقێکی تر دروست بکات و دەڵێت لەسەردەمی مۆدێرنەدا ئەو ئەخلاقەی کە من(نیچە) دەمەوێت دروست نەبووە، لەبەرئەوەی -ئەمە قسەیەکی حەکیمانە بوو بەلامەوە- لە زۆرێکیش لە کتێبەکانیدا پات بووتەوە، زۆر بەلامەوە سەیرە، ئەویش ئەوەیە کە"سەردەمی مۆدێرن چونکە خواناسییەکی تایبەت بە خۆی نییە، بۆیە ناشتوانێت کە ئەخلاقێکی تایبەت بە خۆی بۆ دروست ببێت، لەبەرئەوەش ناتوانێت خۆی بناسێت."

لەبەرئەوەی کە خۆناسییمان دەوێت و ئاگاین بە خۆمان، کرمێک دەژی و دەخوات و دەژی و.. دەمرێت، بەڵام ئاگا نیە بە کارەکانی خۆی، لەکاتێکدا مرۆڤ ئاگایە بە کارەکانی خۆی، بۆیە ئەم خۆناسییە وادەکات کە من پرسیار لە چییەتی بکەم. لەبەرئەوە دەبینین لە قورئاندا لە کتێبە ئاسمانییەکاندا، لە ئەسیناوە گەورەترین حیکمەتێک کە بۆمان بەجێماوە چییە، خۆناسییە، (من عرف نفسە فقد عرف ربە)، ئەمە پانتاییەکی زۆر گەورەی لەناو قورئاندا هەیە کە زۆربەی ئەوانەی کە خۆیان لەبیرکردووە خوایان لەبیرکردووە.

**٣.بەهاکان:**

بەها لای ئێمەی مرۆڤ، بە بۆچوونی من یەکێکە لە بابەتە فەلسەفیە زۆرگەورەکانی هەموو مێژووی مرۆڤایەتیی، ئەو سێ بابەتە وایان لە ئێمە کردووە کە بیر لە چییەتی بکەینەوە، ئەمە گەڕانە(ئیستیقرائە)، دەکرێت شتی تریش هەبێت،

**مرۆڤ تاکە مەخلوقێکە- بەگوێرەی ئەوەی تا ئێستا ئێمەی مرۆڤ زانیبێتمان- کە پرسیاری دەربارەی خۆی هەیە، تەنها ئاگایی نییە، بەڵکو ئاگایی بە ئاگاییەکەی خۆی هەیە**

بە کورتی ئەو سیانە تایبەتمەندی مرۆیین، لەبەرئەوە ئەگەر مەخلوقێک هەبێت و هەرچەند لە مرۆڤ زیرەکتر بێت، لەبەر ئەو سیانە ناگات بە مرۆڤ!

**دوو: پرسیاری بۆچی؟:**

ئەوەی کە کامۆ وتی فەلسەفە ئەگەر هیچ نەکات و تەنها وەڵامی ئەمە بداتەوە کە "من بۆ چی خۆم نەکوژم؟" ئەوە وەڵامی هەموو شتێکی داوەتەوە، ئەگەر وەڵامی هەموو شتێکیش بداتەوە و تەنها وەڵامی ئەوە نەداتەوە ئەوە هیچی نەکردووە. بە بۆچوونی من نەک فەلسەفە، بەڵکو ئەگەر ئایینیش وەڵامی ئەو پرسیارە نەداتەوە ئەوە هیچی نەکردووە. بۆیە دەبینین کامۆ و نیچە لە بۆچی یەوە دەستپێدەکەن.

ئەم بۆچی یە لە قورئاندا سەدان ئایەتی دروستکردووە، لامی تەعلیل، لە دۆخە وجوودییەکاندا باسی هۆکار دەکات، وەڵامی بۆچییە) (لیبلوکم). دەتوانم بڵێم، زۆربەی زانستە مرۆییەکان سەرقاڵی وەڵامی ئەم پرسیارەن، ئەخلاق، هونەر، سیاسەت و یاسا.

## سێ: پرسیاری چۆن؟:

ڤیتگنشتاین هات وتی نەخێر، (بۆچی)یەتی سەرەکیترین پرسیار نییە، دەکرێت من وەڵامی بۆچییەتیش نەدەمەوە و ژیانیشم مانای هەبێت، ئەدی چی سەرەکیترین پرسیارە؟ ئەو دەڵێت 'چۆن' سەرەکیترینە، واتا وەڵامی پرسیاری شێواز/ستایلی ژیانی من چۆن بێت؟ ئەوە گرنگترە. چۆن بژیم؟ ئەوە گرنگترینە.

داهێنانی ڤیتگنشتاین ئەوە بوو کە وتی نەخێر، چۆنێتی سەرەکیتریرنە، ئەم گواستنەوەیە لە چییەتییەوە بۆ چۆنێتی یەک دنیا بابەتی بەدوای خۆیدا هێنا.

**٣:٢** ئێمە دەتوانین بە وەڵامی ئەو سێ پرسیارە(چی، بۆچی و چۆن)مامەڵەی ئەقڵی لەگەڵ قورئاندا بکەین.

من کە مامەڵە لەگەڵ قورئاندا دەکەم بۆچی باوەڕم بە قورئان هەبێت؟ بۆچی باوەڕم بەو بابەتانە هەبێت کە لەناو قورئاندا هەیە؟ یان هە ئەسڵەن بۆچی باوەڕم بە خودا هەبێت؟ چۆن بە(بەسەنتەرکردنی ئەو سێ پرسیارە)دەتوانم مامەڵەی ئەقڵانی لەگەڵ قورئاندا بکەم؟

بە گەڕان بە دوای وەڵامی ئەو سێ پرسیارەدا-کە لە راستییدا دەستمایەی منن بۆ خستنەڕووی بابەتەکەم- ڕێگەکانی مامەڵەکردنی باوەڕی دینیی و مامەڵە لەگەڵ قورئاندا بۆ من دروستدەبێت.

## ڕێگەکانی مامەڵەی ئەقڵانی لەگەڵ قورئاندا کامانەن؟

وتمان بە مامەڵە لەگەڵ وەڵامی ئەو سێ پرسیارەدا بە (میتۆدەکانی مامەڵەی ئەقڵانی لەگەڵ قورئان)دا دەگەین، سەرەتا دەپەرژێینەسەر چۆن و بۆچی، پرسیاری چی بۆ دواتر؛

وەڵامی چۆن و بۆچی ئەو میتۆدانەم پێدەبەخشن کە من چۆن بچمە خزمەتی قورئان، چۆن مامەڵەی ئەقڵانی دینیی بۆ من دروست ببێت، ئەو کەسانەی کە لە بواری فەلسەفەی ئایین و باوەڕی دینییدا ئیشیان کردووە کۆمەڵێک ڕێگەیان بۆ مرۆڤ داناوە بۆئەوەی کە مرۆڤ باوەڕی بە ئایین هەبێت و باوەڕەکەشی ئەقڵانی بێت؛

### ١.ڕێگەی ئەزموونی دینیی:

ئەم ڕێگەیە لە سەردەمی نوێدا لە شلایماخەرەوە(Friedrich Schleiermacher) دەستی پێکردووە، ئەویش ئەوەیە کە من بێ ئەوەی بەڵگەیەک بۆ بوونی خودا بهێنمەوە ئەزموونێکم بۆ دروست دەبێت کە هاوشێوەی ئەزموونەکانی تر نییە، تەنها دەتوانیت ناوی بنێیت ئەزموونی دینیی، ئەگەر ئەو ئەزموونەم بۆ دروست بوو ئیتر ئەوە بەسە بۆ ئەوەی کە من باوەڕم بە ئایینێک هەبێت، زۆرێک لەوانەی کە لەم بوارەدا نووسیویانە، (یەکێک لەوانیش نووسەری ئێران ئارشی نەراقی-یە، لە کتێبی (رساله دین شناخت)دا کەبە بۆچوونم کتێبێکی زۆر باشە و لە کتێبی (دایک و ئەبەدییەت) دا وتوومە کە ئەمە دووەم کتێبە لەدوای ئەوەی ئیقبال لاهوری(بوونیادنانەوەی هزری ئایینی لە ئیسلامدا)، نەراقی لە کتێبەکەیدا باس لە سەنتەربوونی ئەم ئەزموونە دەکات، هیچ

کەسێک ناتوانێت ئیمانداریێکی رەسەن بێت، واتا دارای رەسەنایەتی ئەقڵ و رەسەنایەتی ئەخلاق بێت ئەگەر ئەم ئەزموونەی بۆ دروست نەبێت، ئەزموونێک تایبەت بە خۆی، ئەزموونێک کە ناتوانێت بەڵگەی بۆ بهێنیتەوە، چونکە کە بەڵگەت هێنایەوە ئەوە بەڵگەکە دەبێتە سەنتەر، بەڵام ناشتوانیت بەڵگەی لە دژ بهێنیتەوە، واتا سەر بە ئەقڵانێتی کەمگەرایە، شلایەرماخەر و ئەو فەیلەسوفانەی سەدەی هەژدە کە لەم بوارەدا نووسیویانە هەموویان باوەڕیان وابووە. (لەئیسلامدا ناونراوە ئەزموونی ئیمانی)، ئەوەی کە پێغەمبەر لە کەڤری حەڕادا تووشی بوو، نەیشی دەزانی چییە، ئەوەی کە ئیبراهیم پێغەمبەر میوانی هات و میوانەکان دەستیان دەبر بۆ خواردنەوەک و دەستیان پێی نەدەگەیشت، هەروەها خەونەکەی، کە دەبێت کوڕەکەی خۆی سەر ببڕێت، ئەوانە ئەزموونن، ئەمانە وەک وتمان ناتوانرێت بەڵگەیان بۆ بەکار بهێنرێت، نە بۆیان نە لە دژیان. ئەمە داهێنانی ولیەم پی ئالستۆنە(William Payne Alston)، دەڵێت ئەم ئەزموونە هیچی لە ئەزموونەکانی تر کەمتر نییە کە ئەو هەموو زانستەمان لەسەر بیناکردوون، بە ئەزموون بابەتەکانی فیزیا و کیمیا دەسەلمێنین، بەڵام ئەزموونێکی هەستی، ئەزموونی دینییشمان هەیە، هەر وەک چۆن ناتوانرێت بە بێ ئەزموون زانستە ئەزموونیەکان بە درۆبخرێنەوە، چونکە لەسەر ئەزموون بیناکراون ئاواش ئەزموونی دینیی ناتوانرێت بەڵگەی تری بۆ بهێنرێتەوە، ئەمە بە بۆچوونی من هەموو ئیماندارێک ئەم ئەزموونەی هەیە، تەنانەت سیمۆن وەی (Simone Weil) باوەڕی وایە کە خەڵکی بێئیمانیش ئەم ئەزموونەی

**داهێنانی ڤیتگنشتاین ئەوە بوو کە وتی نەخێر، چۆنێتی سەرەکیتریرنە، ئەم گواستنەوەیە لە چییەتییەوە بۆ چۆنێتی یەك دنیا بابەتی بەدوای خۆیدا هێنا.**

هەیە، ئیتر ئەگەر لە چرکەساتێکیشدا بێت، دواتر لەخۆی دەپرسێت ئەمە چی بوو.

**با بە نمونەیەک روونتری بکەینەوە؛**

من لە دەزگایەکم، لەلایەن پۆلیسەوە لەژێر چاودێریدام، دایکم تەلەفۆنم بۆ دەکات، دەڵێم دایە ئەوە تۆیت! خۆتیت! من (بە دڵنیاییەوە قسە لەگەڵ دایکم دەکەم)، بەڵام پۆلیس بە چاوی بەڵگەوە دەڕوانێت، باوەڕ ناکات (بە گومانن لەم پەیوەندییە تەلەفۆنییە)، وا دەزانن فێڵ دەکەم، کەسێکی ترە و بۆ فریودان خۆم وا دەکەم و پێی دەڵێم دایە، بەڵام کە دەزانم پار دایکم مردووە و هەر ئەو دەنگە بڵێت من دایکتم، بە بێ ئەوەی بەڵگەیەکم هەبێت یەکسەر دەزانم کە ئەو دەنگە دایکم نییە. کەواتە ئەزموونی ئایینیی تەنها ئایینم پیشان نادات، بەڵکو ئەوەش کە نائایینە پیشانم دەدات، بەهۆی ئەزموونی ئایینییەوە دەزانم کە چ ئەزموونێکی ئایینی راستەقینەیە، کەواتا ئەمە یەکێک بوو لە رێگەکان، کە سەربە وەڵامی بۆچی-ن، واتا یەکیک لە وەڵامەکانی پرسیاری بۆچی من دیندار بم لەبەر بوونی ئەزموونی ئایینی!.

ئەمە یەکەم میتۆدی مامەڵە کردنم بووە لەگەڵ قورئاندا، ئەمەیە کە پێیدەوترێت 'تەفسیری عیرفانی'، بە حسابی خۆم چەند ساڵە بەو میتۆدە راڤەی قورئان دەکەم، وامان داناوە سەربەم میتۆدەین، میتۆدی ئەزموونسەنتەری، هاوکات مامەڵەیەکی ئەقڵانیشە، بەڵام کام ئەقڵ، ئەقڵی کەمگەرا، کەسێکی بێدین ناتوانێت بڵێت بە دیندارێک ئەمەی تۆ نائەقڵانییە، چونکە ئەو ئەزموونی نەکردووە، ئەو کە سووتاوی نەدیوە، ناتوانێت مەنعی گریانم بکات! ناتوانێت بەڵگەی گشتگەرای بۆ بهێنێتەوە و ناشتوانێت بەڵگەی گشتگەرای لە دژ بهێنێتەوە، ئەم ئەزموونە لەناو ئوممەتدا دەجولێت، رۆحێکە دەڕوات، لە ئادەمەوە هاتووە تا خاتەم، لە خاتەمی ئەنبیائەوە تا خاتەمی ئەولیا، ئەولیاش مسوڵمانان دەگرێتەوە، (إن الله ولي الذين آمنوا)، هەر ئەم ئەزموونەیە مەولانای رۆمی و مەولانا خالیدی نەقشبەندی دروست دەکات، سەدانی وەک ئەبو سەعید ئەبولخەیر دروست دەکات و هیچ کەسیش ناتوانێت بڵێت نائەقڵانییە!.

ئەوەی سەرەوە سەر بە رێگەی یەکەم بوو، یان سەر بە وەڵامی پرسیاری بۆچی بوو.

**٤:٢** رێگەی ڤیتگنشتاین-ی:

ئەم رێگەیە وەڵامی پرسیاری چۆن دەداتەوە، چۆن من دیندار بم؟ چۆن من باوەڕدار بم، نوێژکەر و قورئانخوێن بم و مامەڵەیەکی نائەقڵانیشم نەکردبێت؟ وەڵامی چۆن دەبێتە شێوازی ژیان، جارێ هەر لە بنەڕەتەوە بەپێی ئەم رێگەیە بێت پێویست ناکات من بەڵگە بۆ بوونی خودا بهێنمەوە، یان موحەمەد راستە و..هتد، من خۆم بڕیاردەدەم کە خودا هەیە و موحەمەد پێغەمبەرە و ئەوانە دەکەم بە پێشگریمانەی خۆم، ئەوانەی کە ئاڵڤین پلەنتینگا(Alvin Plantinga) ناویان دەنێت 'رستەی پایە/بڕیارەوتەی بنچینە' چونکە هەر هێندەی کە باوەڕم هێنا کە (خودا هەیە.)، ئیتر سەرلەبەری ژیانم بەربنەمای ئەو رستەیە دەبێت، ژیانم جۆرێکی دیکەی لێدێت، ئیتر ستایلی ژیانم بە خۆرێکی تر دەبێت، واتا پەیوەندی بە بوون و نەبوونی بەڵگەوە نییە، لێرەدایە کە تەنانەت بێدینەکانیش دەتوانن سوود لە دین ببەن، سوود لە نزا ببینن، شێوازی ژیانی خۆیان وا دابڕێژن کە خودا سەنتەرە تێیدا، خودا خۆری ژیان بێت.

## جیاوازیی ئەم رێگەیە و ئەوەی پێشوو؛

لە رێگەی پێشوودا رەنگە بەدەست خۆم نەبێت کە ئەزموونی دینییم بۆ دروست ببێت یان نا، واتا لە دەرەوەی منە، بە ویستی خۆم نییە، ئەو نموونەیەی کە دەڵێن ئوکهارتی عارفی بەناوبانگی ئەڵمانی پینەچی بووە لەناکاو حاڵەتێکی بۆ دروست بووە، یان هەندێکی تر لە کاتی جەنگ و شیر وەشاندندا و...هتد، بەڵام ئەم رێگەیان بەدەست خۆمە، وا دادەنێم (خودا بوونی هەیە.)، وا دادەنێم (موحەمەد راستە، پێغەمبەرە.)، ئیتر کە ئەمانەم کرد بە پشگریمانەی ژیانی خۆم شێوازێک لە ژیانم بۆ دروست دەبێت.

## سوودی ئەمە چییە؟

مانا بۆ ژیانم دروست دەبێت، واتا ئەگەر بەوەی یەکەم مانام بۆ نەدۆزرایەوە، لێرەدا خۆم مانا بۆ ژیانی خۆم دادەنێم، یەکێک لە مەرجەکانی

ئیمانیش ئەوەیە کە دەبێت خۆویستانە/ئیختیاری بێت، (یا ایها الذین آمنوا آمنوا) (ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە ئیمان بهێنن)، بە کورتی سەرەتاکەی بەدەست خۆمە، بەڵام کۆتاییەکەی بەدەست خۆم نییە، ژیانێکی تر دروست دەبێت، دەبینین کە چەند گرنگە. ئیتر ئەمە دەتباتە ژیانێکی ترەوە، بۆ نمونە لەنێو یەهودیەکاندا گروپێک هەن باسی خودا گرنگ نییە بۆیان، کەچی دینداریشن! بابەتەکە لەلایان وەڵامی چۆن بژیم-ە نەک بۆچی، هەرچی باسی ئیمان و ئیختیارە لە قورئاندا پەیوەندی بەم ڕێگەیەوە هەیە! ئیتر ئەگەری هەیە دەرەنجامی بۆچی بێت، واتا دەکرێت هەر کە بۆم سەلما (خودا هەیە.) یان (موحەمەد پێغەمبەرە.) ئیتر بینا لەسەر ئەوانە ژیانی خۆم دابڕێژم، بەڵام دەکرێت چۆن بینا نەبێت لەسەر وەڵامی چی، بۆ نمونە خەڵکانێک هەن دەڵێن ئەم ئەقلکارییەت بۆ چییە، گرنگ ئەوەیە مسوڵمانانە بژیت، واتا گرنگ ئەوەیە کە ستایلی ژیانت دیندارانە بێت، یان بۆ ئەنجامدانی کارێکی خراپ دەپرسن مسوڵمان وا دەکات؟ چۆن دەبێت مسوڵمان وا بکات؟ ئەم جۆرە کەسانە بیانەوێت یان نا سەربەم جۆرەن، دینداری لای ڤیتگنشتاین ڕێک ئەمەیە، چۆنێتی ژیانی بێدینێک جیاوازە لە چۆنێتی ژیانی دیندارێک، بۆیە شێوازی ژیانی ئەم جیا دەبێتەوە لە هی ئەو، من کە خۆم بڕیارم دا (خودایەک هەیە.) و(پێغەمبەرێکی ناردووە.) و (ئەو پێغەمبەرەیش کتێبێکی لەدوای خۆی بەجێهێشتووە.) و (کتێبەکەش بکە و مەکەی بۆ من تێدایە.)، ئیتر شێوازێکی ژیانم بۆ دروست دەبێت لەسەر بنەمای چۆن، چۆن بژیم؟.

# چۆن من دیندار بم؟ چۆن من باوەڕدار بم، نوێژکەر و قورئانخوێن بم و مامەڵەیەکی نائەقڵانیشم نەکردبێت؟

زۆربەی ئێمە لەسەرەتاوە کە دەست بە دینەوە دەگرین ، بەهۆی ئەزمونێکەوە دێینە ناوەوە، وەک لە فەرموودەدا هاتووە کە ئیمان بەهێزی و خاوبوونەوەی تێدایە، یان ئیمان زیاد و کەم دەکات(الإيمان يزيد و ينقص)، دەکرێت لەسەرەتاوە بەهۆی ئەزموونێکەوە دەستم بە دینەوە گرتبێت، زۆربەی زۆری مرۆڤەکان ئاوان، لەڕێگەی ئەزموونێکەوە بوونەتە ئیماندار، بۆ نمونە نەخۆشە لە پڕێکدا چاک دەبێتەوە، یان کێشەیەکی گەورەی هەیە بۆی چارەسەر دەبێت، جاری وا هەیە ڕۆشناییەک لەژیانیدا دروست دەبێت، دواتر ماوەیەک تێدەپەڕێت، خاو دەبێتەوە، ئەزموونەکە بەلایەوە کۆن دەبێت! وەک پێشتر لە کۆڕێکدا لە ناوەندی غەزەلنووس دەربارەی مەولەوی وتم کە چوار پێنج ئەزموون لە ژیانی مەولەویدا ئەو هەموو گەرمیەی پێبەخشیوە، ئەوانی تر هەمووی درێژەدانی ئەو ئەزموونە یان چەند ئەزموونەیە، بۆ نمونە من بەهۆی ئەزموونێکەوە بووم بە دیندار، پاش ماوەیەک خاو دەبمەوە، یان گومانم بۆ دروست دەبێت ئیبراهیم پرسی(ارني كيف تحي الموتى)پێم پیشان بدە چۆن مردوان زیندوو دەکەیتەوە! لەم کاتەدا من دەتوانم لەسەر دینداریی

خۆم بەردەوام ببم بەڵام بە وەڵامی چۆن، ئەمە لە قورئاندا زۆر هاتووە، یونس کە ڕادەکات لە قەومەکەی، ئاخر ئەوان ئیمانیان پێنەهێنا، ئەویش بەجێی هێشتن! دواتر گەڕایەوە، ئەوە لە بۆچییەوە گواستییەوە بۆ چۆنێتی، زۆر نمونەی دیکەی سەیر لە قورئاندا هەیە، هەر کەسێک بەم قووڵیە لە قورئان تێبگات زۆر رەهەندی بۆ دەردەکەوێت کە لەوەوپێش بۆی دەرنەکەوتوون.

**۱:۳**ڕێگەی بەڵگەکاری:

من ئیمان دەهێنم لەبەرئەوەی کە بەڵگەیەکم هەیە لەسەر بوونی خودا، بەڵگەیەک کە بۆ هەموو کەسی دەسەلمێنم، بۆ دیندار و بێدین، ئەمە پێیدەوترێت ڕێگەی بەڵگەسەنتەر، وەک بەڵگەکانی بوونی خودا، بەڵگەکانی راستێتی پێغەمبەری خودا، راستێتی قورئان..هتد، ئەم ڕێگەیە وەڵامی پرسیاری بۆچی ـیە، بۆچی من ئیماندار بم؟، لەبەرئەوەی بەڵگەم پێیە، ئیتر بەم شێوەیە، واتا وەڵامی (بۆ نمونە) پرسیارێکی لەم شێوەیە: بۆچی شوێن قورئان بکەوم؟

**ئەقڵکاریی/بەڵگەکارییش دەبێتە دووبەش؛**

**۲:۳**بەڵگەکاریی تیۆری:

بریتییە لە ئەقڵی گشتگەرا. واتا منی دیندار بەڵگەیەکم پێیە کە بۆ هەموو مرۆڤەکانی دەسەلمێنم کە دینەکەی من راستە، کەواتا بەڵگەکاریی تیۆری هەمیشە بەڵگەی دەرەوە دینییە، روونتر بڵێین بۆ نمونە من باوەڕم بە قورئان نییە لەبەرئەوەی کە فلان ئایەت لە قورئاندا وا دەفەرمووێت، بەڵکو لەدەرەوەی قورئان دەیسەلمێنم کە قورئان راستە، یان باوەڕم بە خودا هەیە نەک لەبەرئەوە کە خودا وا دەفەمووێت، بەڵکو لەبەرئەوەیە کە بەڵگەیەکم هەیە دەیسەلمێنێت کە خودا بوونی هەیە، بۆیە بەڵگەکاریی تیۆری سەربە ئەقڵی گشتگەرایە، ئێمە لە کارەکانی پێشووماندا ناومانناوە (ئەقڵی دەرەوە دینیی)، واتا بۆ دیندار و جگەلە دینداریشە، زۆر گرنگە سەرنجی ئەوە بدەین کە لە کاتی باسی ئەم جۆرە بەڵگەدا کۆمەڵێک فەزیلەت دێنە ئاراوە کە ئەو 'فەزیلەتان'ە ئیعتیبارییان هەیە نەک 'کەس'، وەک؛ من دەبێت بێلایەن بم، بەڵگە گرنگە بەلامەوە نەک کەسەکە، بەڵام لە ئەقڵی کەمگەرادا وا نییە، بۆ نمونە من پێغەمبەرم خۆش دەوێت، مادام ئەو فلان شت دەڵێت ئیتر من گوێڕایەڵی دەبم، بەڵام کە باسەکە هاتە سەر بەڵگە ئیدی پێغەمبەرایەتی پێغەمبەریش ناخوات، چونکە بەڵگەکە سەنتەرە، ئەمە بابەتێکی زۆر گرنگ و جێبایەخە، ئەمەش لە قورئاندا هەیە، (ئەگەر لەم ئاسمان و زەوییەدا بێجگەلە خودا خودایەکی تر هەبووایە، ئەوا ئەم ئاسمان و زەوییە (لفسدتا) تێکدەچوو.)، بابەتەکە باسی ئەوەی تێدا نییە کە من خودام خۆش دەوێت یان نا، خۆ من وەک ئیماندارێک خودام خۆش دەوێت، بەڵام لێرەدا باس باسی بەڵگەکەیە، ئەگەر خودایەکی دیکە ببوایە گەردوون تێکدەچوو، هەر بۆیە قورئان جەخت لەسەربەڵگە دەکاتەوە(قل هاتوا برهانکم)، بۆیە لەو بابەتانەی کە پای بەڵگە دێتە ناوەوە، ئیتر هیچ ناخوات بێجگە لە بەڵگە. ئەمە پانتاییەکی گەورەی لەنێو قورئاندا هەیە، زۆر شت هەیە لە قورئاندا تەنها بۆ ئیماندار نییە، بەڵکو بۆ بێدینیشە، ئێمە کاتێک مامەڵە لەگەڵ ئەوانی تردا یان لەگەڵ نامسوڵماندا دەکەین بە ئەقڵکاریی گشتگەرای بەڵگەسەنتەر

مامەڵە دەکەین، کە فەزیلەتی تایبەت بە خۆی هەیە، هەروەها هونەری تایبەت بەخۆی هەیە، هونەری وتن و سکوت( گفتوگۆ)، کە من دەڵێم تۆ بێدەنگیت، کە تۆ دەڵێیت من بێدەنگم، بەڵگە ئاوا دەگات، هەروەها تایبەتمەندیی خۆی هەیە، ب نمونە تایبەتمەندیی زمانیبوونی، واتە ئەم جۆرە بەڵگەکارییە تەنها لە ڕێگەی زمانەوە دەکرێت، بە گفتوگۆی زمانەوانی دەکرێت. بۆی هەیە ڕێگەی ئەزموون، واتا ریگەی یەکەم، بەهۆی جەستەوە بکرێت، ئاخر ئێمەی مرۆڤ هەموو شتەکانمان لەڕێگەی چەمکەوە ناگەیەنین بە بەرامبەر، وەک مرۆڤناسەکان/ئەنثرۆپۆلۆجیستەکان دەڵێن تەنها ٪٢٠ی پەیامەکانی مرۆڤ لەڕێگەی زمانەوەیە، واتا ٪٨٠ی لەڕێگەی نازمانەوەیە، بۆ نمونە لێکگیربوونی نیگای دووکەس، چی لێدەکەوێتەوە. واتا لەڕێگەی نازمانەوە شتانێک دەکرێن هەرگیز بە زمان ناکرێن، بەڵام بەڵگەی ئەقڵکاریی تیۆری هەمیشە بەڵگەی زمانەوانییە، کە ئەمە لەسەردەمی مۆدێرنەدا سەنتەرە، وەک وتمان ڕەچاوی کەس ناکرێت تێیدا، بەڵکو بەڵگە دەخوات، ئەگەر ئەمە لە قورئاندا نەبووایە قورئان بەشێکی کەم دەبوو، چونکە ئەو بەشەی قورئان کە مسوڵمانەکان دەبەستێتەوە بە نامسوڵمانانەوە یان دیندارەکان بە نادینییەکانەوە لەڕێگەی ئەمەوەیە، دەکرێت من لەڕێگەی نازمانەوە پەیوەندیم لەگەڵ مەسیحییەکدا هەبێت، لە ژیاننامەی پێغەمبەردا کاتێک کۆچبەرەکان دەچن بۆ حەبەشە، (جەعفەر) کاتێک قورئان دەخوێنێت پاشای حەبەشە نەجاشی ، دەگریەت. خۆ(جەعفەر) بەڵگەی بۆ نەهێنایەوە، ئەوەی کە دەڵێت ئەوەی موسا و عیسا هێناویانە لەگەڵ

# بەڵگەکاریی تیۆری سەربە ئەقڵی گشتگەرایە، ئێمە لە کارەکانی پێشووماندا ناومانناوە (ئەقڵی دەرەوە دینیی)

ئەوەی موحەمەددا لە یەک دەلاقەوە(موشکات) ەوە هاتوون ئەمە بابەتێکی نازمانە، زۆر سەرنجراکێشە، خۆ هیچ بەڵگەیەک لەوێدا نیە، ئەی چۆن ئەو پەیامانە دەگەیشتن، یان ئەوە چییە کاتێک کە ئایەتەکانی قورئان دەخوێنرێت کەشیش و روهبانەکان دەگریەن کە لە قورئاندا باس کراوە.

**٣:٣**بەڵگەکاریی کردەیی:

ئامراز و ئامانج، لەم ئەقڵە کردەییەدایە کە دەبێت من بەگوێی خودا و پێغەمبەر بکەم، کە دەفەرموێت نوێژ بکە ئیتر نوێژ دەکەم، زەکات بدە، زەکات دەدەم، واتا ئەقڵی کردەیی بۆ مسوڵمانان دروست دەبێت، واتا هەر هێندە نییە کە من باوەڕم بۆ خودا هەبێت، خودایەکی توانای ڕەها، زانای ڕەها و چاکەی ڕەها، بەڵکو ئەو خودایە داوای لە من هەیە، دەبێت خواستەکانی بە هەند وەربگرم، ئەو خواستانەی خودایش لەناو سونەتی دینییدا دەردەکەون، یان بڵێین لەناو قورئان و فەرموودەدا دەردەکەون، بۆیە ئەوانەی کە قورئان و سوننەت ڕەت دەکەنەوە لە ئەقڵی کردەیی ئایین یان عەقڵی کردەیی مسوڵمانان تێناگەن، بۆیە بە

بێ کۆمەڵگەی ئایینیی ئەقڵی کردەیی ئایینیی هەرگیز دروست نابێت، لەبەرئەمەیە کە فیقهـ گرنگە، شەریعەت گرنگە، ریوایەتەکان گرنگن، بۆیە کۆمەڵگەی ئایینیی گرنگە، چونکە لەوێدا دەتوانیت ئەوە ببینیت کە خودا چ داوایەکی هەیە، واتا؛

**یەکەم: من باوەڕم بە خودایەکی توانای رەها، زانای رەها و چاکەی رەها هەیە.**

**دووەم: من ئاگایانە لابەلای خواستەکانی ئەو خودایەوە دەکەمەوە.**

**سێیەم: خواستەکانی ئەو خودایە لەناو کۆمەڵگەی دینییدا دەردەکەون.**

(و لتكن منكم أمة) با ئوممەتێکتان لێدروست ببێت، (و كذلك جعلناكم مة وسطا)، ئەمە گرنگیی دروستکردنی ئوممەتە، دەبینین کە بابەتێکی زۆر گرنگە، ئیتردەربڕینی جیاوازی بۆ بەکارهێنراوە، بۆ نمونە عەبدولکەریم سروش بە شوناس ناوی بردووە، من بە ئوممەت نلاوی دەبەم، ئەو ئوممەتە لە ئادەمەوە تا ئێستا بەردەوامە، بۆیە ئەگەر ئەقڵی گشتگەرا بۆ دەرەوەی دین بێت ئەوا ئەقڵی کردەیی بۆ ناوەوەی دینە، من نازانم ئەقڵی کردەیی دینەکەی من چییە ئەگەر مامەڵە لەناو دیندا نەکەم، ئەگەر ئایەتەکانی قورئان نەخوێنمەوە کە دەڵێت نوێژ بکەن بەڕۆژوو بن و ..هتد، لێرەدا جۆرە مەعریفەیەک دروست دەبێت کە مەعریفەیەکی گرۆیی دەستەجەمعیە، مەعریفەی تاکەکسیی نییە، ئەو فەیلەسوفانەی کە باسی ئەمەیان کردووە، بۆ نمونە ئارشی نەراقی لەیەکێک لە مەقالەکانیدا دەڵێت: بوونی باوەڕم بە؛

**یەکەم: خودایەکی توانا، زانا و چاکەی رەها.**

**دووەم: منی باوەڕدار لابەلای خواستەکان/ فەرمانەکانی ئەو خودایەوە دەکەمەوە.**

**سێیەم: خواستەکانیش واتا رەسەنایەتی ئەقڵ و ئەخلاق کە ئەقڵی کردەیی بۆ من دروست دەکەن، لەناو سوننەتی دینییدا یان لەناو قورئان و فەرموودەدا بوونیان هەیە.**

ئارش دەڵێت: یەکەم نامان گەیەنێت بە سێیەم، ئەگەر باوەڕمان بە دووەم نەبێت، کە سەرپشکانە خۆمان هەڵیدەبژێرین، دەڵێت کە ئەوە ئەقڵانی نییە کە لە شتێکی بکە و مەکە(فەرمانەکانی خوداو)ـەوە بگەیتە شتێکی هەیە و نییە(کۆمەڵگەی دینیی)، واتا گرفتەکەی هیۆم کە دەیوت لە بکە و مەکەوە قەت ناگەینە هەیە و نییە، بەڵام من دەڵێم وا نییە،-راستییەکەی ئەمە ئارگیۆمێنتی خۆمە، لە کەسم نەبیستووە- واتا ئەوان دەڵێن دەبێت باوەڕمان بە خاڵی دووەم هەبێت ئینجا بە سێیەم دەگەین، بەڵام من دەڵێم وا نییە، چۆن؟

کاتێک کە؛ **یەکەم: من باوەڕم بە خودایەکی توانا، زانا و چاکەی رەها هەبێت.**

**دووەم: باوەڕیشم هەبێت کە دەبێت لابەلای خواستەکان/فەرمانەکانی ئەو خودایەوە بکەمەوە.**

کەواتا من چوومە ناو ئەقڵی کەمگەراوە.

بەم چوونەیشم کۆمەڵێک فەزیلەتی مەعریفیم بۆ دروست دەبێت، ئیدی باوەڕ بەوەی سێیەم دێنم.

بۆیە کاتێک باوەڕم بە یەکەم و دووەم هەبوو،

هەروەها لەناو کۆمەڵگەی دینییدا دەژیام و ئەزموونی دینییم بۆ دروست بووبوو، بەهۆی ئەو ئەزموونە دینییەشەوە بۆم دەرکەوتبوو کە ئەم یان ئەو دینە راستە، مادام بۆم دەرکەوتبوو کە تەنها ئەسینا هەمووشتێک نییە، یان ئەقڵی گشتگەرا هەموو شتێک نییە، بەڵکو ئۆرشەلیمیش گرنگە عەقڵی کەمگەرای ئوممەت، هەر لەم کاتەدا کۆمەڵێک فەزیلەتی دینیی و ئەخلاقی بۆ من دروست دەبن راستەوخۆ دەمبەنە ناو خاڵی سێیەمەوە، واتا کۆمەڵێک داخوازی هەیە، (دەڵێم ئوممەت حەقیقەتی هەیە.)، (کیتاب و سوننەت حەقیقەتیان تێدایە.)، ئیتر ژیانی خۆم بەپێی ئەوانە دادەڕێژم، هەروەها دەڵێم ناکرێت کەسێک باوەڕێکی قووڵی بە خودا هەبێت و مامەڵەیەکی نائەخلاقی بکات، ناکرێت مرۆڤی حەقیقەتویستی خۆشنەوێت، ناکرێت ئەو هەموو حیکمەتەی کە لە قورئاندا هەیە پشتگوێی بخات، هەر ئەو نمونەیەی کە لە( جان هیک)ی فەیلەسوفەوە وەرمان گرتبوو، ئەویش ئەوەیە: کاتێک بە شوێنێکدا دەڕۆم، لە دۆخێکی زۆر ئاساییدام و بەکەیف و شادم، جۆرێک لە ریتمم هەیە لە رۆیشتنمدا، هەر کە پێم دەڵێن لەودیو چەتە و رێگر هەن خەڵک رووت دەکەنەوە، یەکسەر جۆری رۆیشتنەکەم دەگۆڕێت، خۆ هێشتا هیچ نەبووە، هەر بە بیستنی ئەو هەواڵە کە باوەڕم کرد، ئیتر ئێستای من گۆڕانکاریی بەسەردا دێت، بۆیە هەرکاتێک کە باوەڕم هێنا بەوەی کە خودایەکی توانا، زانا و چاکەی رەها هەیە، ئیتر خودبەخود من لەناو ئوممەتدا خۆم دەبینمەوە.

کەواتە لە بکە ومەکەوە گەیشتمە هەیە و نییە.

## ناکرێت کەسێك باوەڕێکی قووڵی بە خودا هەبێت و مامەڵەیەکی نائەخلاقی بکات.

یەکێک لەو کەسانەی کە لە کوردستان لە بواری یۆگادا ناوبانگی هەیە، جارێک تەلەفۆنی بۆ کردم، لێی پرسیم: "ئایا دەکرێت عیرفان بە بێ ئایینەکان بوونی هەبێت؟" وتم نەخێر،مەبەستم ئەوە بوو دەبێت لە ناو سوننەتێك و فەرهەنگێکی دینیدا بێت، هەستم پێکرد کە پێم پێدەکەنێ، گاڵتەی لێدەهات، بەڵام من خۆم دەمزانی چی دەڵێم، لەم گۆشەیەوە قسەم دەکرد، چۆن بەبێ دین ئەوە دروست دەبێت! چۆن بەبێ ئەو پەیژانە سەردەکەویت! لەبەرئەوە هەرگیز مرۆڤایەتی ناتوانێت واز لە دین بهێنێت، واز لە ئوممەت بهێنێت.

*نووسراوەی وانەی چوارەم لە کۆرسی ئەقڵ و قورئان.

**سەرچاوەکان:**


١-آرش نراقی، رسالتي دين شناخت، اتشارات طرح نو، ضاث اول، تهران

٢- جان أ ر سرل(١٩٩٩) (افعال گفتارى )جستارهاي در فلسفه زابن، پژوهشگاه علوم فرهنگ اسالمى، قم ، چاپ اول.

٣-سروش،عبدالكريم (١٣٨٢ ه ش)، علم چيست فلسفة چيست؟ انتشارات صراط، تهران. ضاث پانزدهم.

٤-راين آلن(١٣٧٤) فلسفه علوم اجتماعي، ترجمة: عبدالكريم سروش، مؤسسه فرهنگى صراط، چاپ سوم.

٥- هاك سوزان(١٣٨٢ه ش)، فلسفة منطق، ترجمة:سيد محمد على حجتى، طه، قم.

٦-Alston, William P., "Religious Experience and Religious Belief", Nous ١٦ (١٩٨٢)

٧-Alston, William P., "Belief, Acceptance, and Religious Faith", in Jordan and Howard-Synder (eds.), Faith and Rationality, Rowman and Littlefield Publishers, ١٩٩٦

٨-Audi, Robert, "Faith, Belief, and Rationality", Philosophical Perspective. Vol. ٥, Philosophy of Religion (١٩٩١)

٩-Clark, David, "Faith and foundationalism", in The Rationality of Theism, Paul Copan and Paul K. Moser (eds.), Routledge, ٢٠٠٣

١٠-Hick J,The New Frontier of Religion and Science Religious Experience, Neuroscience and the Transcendent; N.Y.: Palgrave, Macmillan, ٢٠٠٦

١١-Pargetter, Robert, "Experience, Proper Basicality, and Belief in God", Philosophy of Religion ٢٧ (١٩٩٠)

١٢-Pollock, John, Contemporary Theories of Knowledge, Rowman and Littlefield Publishers, ١٩٨٦, ٢nd edition.

١٣- Plantinga, Alvin, Warranted Christian Belief, "The Nature of Defeaters", Oxford University Press, ٢٠٠٠,

١٤- Plantinga, Alvin, "Is Belief in God Properly Basic?", Nous XV (١٩٨١).

١٥- Plantinga, Alvin, "Reason and Belief in God", in Faith and Rationality: Reason and Belief in God, ed. By Alvin Plantinga and Nicholas Wolterstroff, University of Notre Dame Press, (first printed ١٩٨٣) ٢٠٠٤

١٦- Plantinga, Alvin, Warranted Chritian Belief, Oxford University Press, ٢٠٠٠,

١٧- Plantinga, Alvin, "Reason and Belief in God", in Faith and Rationality: Reason and Belief in God, ١٨- Alvin Plantinga and Nicholas Wolterstroff, (eds), University of Notre Dame Press, first printed ١٩٨٦

١٩- Plantinga, Alvin, Warrant and Proper Function, Oxford University Press, ١٩٩٣

٢٠- Van InWagen, Peter, The Problem of Evil, Oxford University Press, ٢٠٠٦. Lecture ٣

٢٢- Vahid, Hamid, "Alston on Belief and Acceptance in Religious Faith",The Heythrop Journal, (٢٠٠٩)

٢٣- Wolterstorrf, Nicholas, "Can belief in God be rational if it has no foundations?" in Faith and Rationality: Reason and Belief in God, (eds) Alvin Plantinga and Nicholas Wolterstroff,

# ڤیتگنشتاین و چەمکی باوەڕی ئایینی لە ئیسلامدا

ن: د.ئامیر ریاز*

و: لە ئینگلیزییەوە: ئاری عەلی ئەمین

**بەکورتی:**

ئەم باسە دوو بەشە: لە بەشی یەکەمدا گفتوگۆی چەمکی (باوەڕی ئایینی)م کردووە لای ڤیتگنشتاین و لە ئایینی ئیسلامدا. لە بەشی دووەمدا خاڵە لێکچووەکانی چەمکی (باوەڕی ئایینی)م خستووەتەڕوو لە نێوان ئیسلام و ڤیتگنشتایندا.

**وشەی کلیلی:** ئیسلام، ڤیتگنشاین، باوەڕی ئایینی و ئەخلاق.

**(١)**

باوەڕی ئایینی بە دیدی ڤیتگنشتاین:

بە بڕوای ڤیتگنشتاین باوەڕە ئایینییەکان دەربڕی هەقیقەتی لۆجیکی نین. کاتیگۆری "ڕاست و هەڵە و مامەڵەی میکانیکی" کە بەسەر ڕاستییە دەرەکییەکاندا دەپەرژێندرێن، ئەم پەرژاندنە بۆ دەربڕینە ئایینییەکان نابێت. لەو کتێبەیدا کە ناوی (دەربارەی یەقین)ە، دەڵێت: بنەمایەکی ئێجگار کەمی باوەڕەکانمان ئەزموون کردووە.

"ئەگەر دروست ئەوە بێت کە بەڵگەدارە، ئەوا بەڵگە بۆخۆی نە ڕاستە و نە درۆیە"١

هەروەها دەڵێت: کە باوەڕە ئایینییەکانمان قووڵ و پتەون، دارای بنەمای ساغلەمن و ئەمانەش تایبەتمەندیی

ڕووكەش نین، بەڵكو تایبەتمەندیی بنچینەیین بۆ باوەڕە ئایینییەكانمان. هەروەك دەڵێت:

بەڵام ئەوەی مرۆڤ بە مەعقول یان نامەعقولی دادەنێت دەگۆڕێت. ئەوانەی مرۆڤ لە سەردەمێكی دیاریكراودا بە مەعقولی داناون داوتر گۆڕاون بۆ نامەعقول و بە پێچەوانەشەوە ڕاستە. كەسانێكی زۆر هۆشمەند و خوێنەوار باوەڕیان بە چیرۆكی بەدیهێنان هەیە لە ئینجیلدا، لە كاتێكدا كەسانێكی دی بە هەڵەیەكی سەلماوی دەزانن، بەڵگەكانی هەریەك لەم دوو بەرەیەش بۆ یەكتر ئاشكراو و ناسراون. ٢

یەكێك لە خاڵە دیارەكان سەبارەت بە ڤیتگنشتاین -كە ئاماژە بە ساڵی ١٩٣٧دەكرێت- باوەڕی ئەوە بە هەستانەوەی مەسیح. دەڵێت:

چی وام لێدەكات باوەڕ بە هەستانەوەی مەسیح بكەم؟ ئەمە وەك ئەوە وایە لەگەڵ ئەو هزرینەمدا یاری بكەم. ئەگەر لەمیانی مردواندا ڕاست نەبوویەوە، ئەوا چوون هەر مرۆڤێكی مردوو لەشی شیبووەتەوە. ئەو مردووە و لاشەكەی شیبووەتەوە. لە دۆخێكی ئاوادا ئەو وەك مرۆڤگەلێكی دی رابەر و مامۆستایە و لەمە زێدەتری لەدەست نایەت. بۆیە دەبێت بە رامان و دانایی قەناعەت بە خۆمان بكەین. بەڵام ئەگەر من بەڕاستی ڕزگارییم دەوێت، ئەوا لێرەدا یەقین بۆ من پێویستە نەك دانایی و خەون و رامان، ئەم یەقینە ئیمانە. ئیمانیش ئەوەیە كە دڵ و رۆحم دەیخوازن، نەك ئەندێشەی زیرەكم. ئەوە رۆح و سۆزەكانییەتی، خوێن و گۆشتمە دەبێت ڕزگار بكرێت نەك ئاوەزی ئەبستراكتی من.

**"ئەگەر دروست ئەوە بێت كە بەڵگەدارە، ئەوا بەڵگە بۆخۆی نە ڕاستە و نە درۆیە"**

لەوانەیە بتوانین بڵێین: تەنها لە عیشقدا دەتوانین باوەڕمان بە رۆژی هەستانەوە هەبێت، ٣

لە یەكێك لە سەرنجەكانیدا كە هی كۆتاییەكانی ژیانییەتی، لە كتێبی (كەلتور و بەها)دا، باوەڕدارێكی دینی و تەنافبازێك بەراورد دەكات، دەڵێت:

دیندارێكی ڕاستگۆ وەك تەنافبازێك وایە، كە لە هەوادا دەڕوات، تاكە شتێك پشتی پێدەبەستێت تاڵێكی بەرز و باریكە، بەجۆرێك هەر هێندەیە كە دەبینرێت و بەس. كەچی بەڕاستی هێشتا دەكرێت بەسەریدا بڕوات.٤

ئەم زمانە مێتافۆریەی ڤیتگنشتاین پێمان دەڵێت كە باسەكە (ئیمانی ئایینی) لێرەدا لەسەر ئاوەز نەوەستاوە، بەڵكو لە عیشق و متمانە و ئیمانەوە دێت، لە خودی مانای متمانەوە سەرچاوە دەگرێت؛ " هەبوونی باوەڕ بە/ believing in".

دوای ئەوەی ڤیتگنشتاین گەنگەشەی نێوەڕۆك و چییەتی باوەڕی ئایینی كرد، سێ ڕەگەز دەخاتەڕوو كە باوەڕی ئایینی جیادەكەنەوە:

**١.مەترسی:** (لە نمونەی تەنافبازەکە لەسەر لێواری هەڵدێری پەتەکە) بەڵام بەو دۆخەشەوە هێشتا دەکۆشێت بە ئامانج بگات، ئەمە راگرتنی هاوسەنگیە.

**٢.کۆمەک:** عیشق، متمانە، بیروباوەڕ و ئیمان بە جیهانێکی تر.

**٣. یەقین و** نەلەرزین، باوەڕێکی ریشەدار و پتەو.

جگەلەم سیانە، ڤیتگنشتاین رووی لە خەسڵەتێکی ترە، ئەویش ئەوەیە کە باوەڕی ئایینی بینا لەسەر یەقینی فیکری نییە، بەڵکو لەسەر عیشق و متمانە رۆدەنرێت. لێرەدا باوەڕی ئایینی لەڕووی دەروونییەوە هەمان ئەو یەقینەمان پێدەبەخشێت کە هەقیقەتی بیرکاری فەراهەمی دەکات. ئەمەش باوەڕێکی پتەوی ریشەداری نەلەرزیوە. ئەگەر کەسێکمان تا ئەو ئەندازەیە خۆشویست کە متمانە بە وتەکانی بکەین، ئیدی ئەم متمانە و باوەڕە لەخۆیاندا مەحکەم و نەلەخشاون. ئەوەی کە ئەم متمانەیە دەلەرزێنێت تەنها خودی بێمتمانەیی و لاوازیە. ئێمە دەربارەی راستێتی بڕیارەوتەکانی ماتماتیک دڵنیاین، بەهۆی بونیادە لۆجیکیە خودیەکیانەوە.

### باوەڕی ئایینی باوەڕە بە خودا، ئەمە لەوە زێدەترە باوەڕت وابێت کە خودا هەیە.

ڤیتگنشتاین دەڵێت:

لەوانەیە باوەڕدار بتوانێت قەناعەت بە کەسێک بکات کە خودا هەیە، ئەویش بەڕێگەی کرداریانەی ئاکار و شێوەی ژیانکردن. واتا ئەم بوونی خودایە لە ژیانی کەسی باوەڕداردا رەنگی دابێتەوە، نەک تەنها سەلماندنی گوفتاریانە بێت. لێرەدایە کە ژیان دەتوانێت کەسێکی باوەڕداری باوەڕ بە خودا پێبگەیەنێت. ئەزموونە جیاوازەکانیش دەکرێت ئەم باوەڕە وەباربێنن، بۆ نمونە؛ چەشتنی ئازاری جۆربەجۆر. هەموو ئەمانە ناتوانن خودامان پیشانبدەن بەو مانایەی کە هەستێک شتێکمان پیشانددات، هەروەها بەو بارەشدا کە ناتوانن نەرێی خودامان بۆبکەن. ئەزموون، هزر و ژیان ئەم چەمکەمان بەسەردا دەسەپێنن. بۆیە پێدەچێت ئەمە هاو شێوەی چەمکی 'شت' بێت.٥

ڤیتگنشتاین زۆر بە رەهایی دەڵێت: کە ناتوانرێت بوونی خودا بسەلمێنرێت. هەر کۆششێک بۆ ئەقلاندنی باوەڕی ئایینی، عەقیدە، تیۆلۆجیا و مەعنەویەت و هەر هاوشێوەیەکی تری ئەمانە شێواندنی زمانی ئایینییە. روانگەی ئایینی ئەوەیە کە کەسێک چۆن بەرسڤی پرسی وجودی دەداتەوە، یان چۆن لە جیهان دەڕوانێت.

هەروەک ڤیتگنشتاین لە (کەلتور و بەها) دا دەڵێت:

گرەنتی گەوهەری خودا لەسەر بوونی راوەستاوە، بەڵام راستی باسەکە لێرەدا ئەوەیە کە بوونی خودا (بوونی شتێک) نییە. هەروەک ئەوەی کەسێک ناتوانێت بڵێت کە گەوهەری رەنگ گەرەنتی بوونەکەی دەکات. وەک ئەوەی لە وتنی (فیلی سپی)دا دەردەکەوێت. راستییەکەی هەموو ماناکە لێرەدا ئەوەیە کە؛ من ناتوانم روونی بکەمەوە کە 'رەنگ' چییە. جگەلەوەی ئەگەر نمونەیەک نەبینین کە هەڵگری رەنگ بێت، ئێمە چۆن

وشەی'رەنگ' فام بکەین؟ جا ئیتر لەم دۆخەدا شتێک نییە بەناوی روونکردنەوەی' ئەمە چ رەنگێکی هەیە ئەگەر رەنگ پێشتر هەبووبێت' ٦ لەسەری دەڕوات کە؛

ئێستا پێدەچێت بپرسین ئەدی دەربارەی وەسفی خودایانی ئۆلۆمپیۆس(gods on Olympus) چی؟ ئەوان چۆن بوون؟ بەڵام نەخێر، لێرەدا باس لە چۆنێتی 'God' 'خودا' یە. هەروەها هەرچی وردتر پێناسەکردنی چەمکی 'خودا' یە. چۆن وشەی 'خودا' فێربووین؟ من لەم بارەوە ناتوانم وەسفێکی پڕاوپڕی ڕێزمانی پێشکەش بکەم. بەڵام دەتوانم بە کۆمەکی هەندێ نمونە و جەمکردنی وردەکاریی باش وەسفێک بخەمەڕوو.٧

ڤیتگنشتاین دەشڵێت؛

**ڕێگەی بەکارهێنانی وشەی 'خودا' ئەوەت پیشان نادات [کە مەبەستت کێیە]، بەڵکو [مەبەستت چییە]ت پیشان دەدات.٨**

هەر پەیوەند بە ئایین، ڤیتگنشتاین پرسێک دەوروژێنێت؛ بێباوەڕێک دژبەری دەکات کاتێک کە دەڵێت باوەڕم بەوە نییە کە باوەڕدارێک باوەڕی پێیەتی. ئەگەر کەسێک دژبەری یەکێکی تری کرد، خۆ دەتوانن بە هەمان گەمە تێگەیشتنێکی هاوبەش چێبکەن. با سەرنجی ئەم نمونەیە بدەین؛

کەسێک کە دەڵێت خۆر ٩٠ میل لە زەویەوە دوورە دژبەری کەسێکی تر دەکات کە دەڵێت خۆر تەنها ٢٠ میل لە زەویەوە دوورە. بە یارمەتی و لەبەر رۆشنایی ئەم نمونەیەدا دەکرێت چ بڵێین

## باوەڕی ئایینی باوەڕە بە خودا، ئەمە لەوە زیدەترە باوەڕت وابێت کە خودا هەیە.

دەربارەی کەسێک کە باوەڕی بە خودا هەیە و کەسێکی تر کە باوەڕی پێی نییە. ئایا ئەو دوانە لە دژبەری یەکترن؟ وەک ئەو دوانەن کە یەکیان باوەڕی بە خودا هەیە و ئەوی تر باوەڕی پێی نییە؟ ئایا وەک ئەو دوانەن کە جیاوازن دەربارەی دووری خۆر لە زەویەوە؟ ڤیتگنشتاین پیشانی دەدات کە نەخێر، چوونییەک نین. هۆی سەرەکی جیاوازییەکە ئەوەیە کە هەقیقەتی خودا جۆر/نوع نییە، ئەو بوونێک نییە لەناو بوونەکاندا. وشەی 'خودا' ناوی شتێک نییە. لەبەر ئەمەیە کە ناکرێت هەقیقەتی خودا بە پێوەری هاوبەش سەنگاندن و خەملاندنی بۆ بکرێت وەک ئەوەی بۆ شتەکان دەکرێت. ئەو دەرئەنجامانەی کە بەهۆی پێوەری هاوبەشەوە دەسگیرمان دەبن ئەوە بۆ شتەکان دەبێت.

ڤیتگنشتاین پێیخۆش نەبوو کە دەربارەی باوەڕی ئایینی بدوێت. لە ئاخافتنێکی تۆمارکراودا، ١٧ی ١٢ی١٩٣٠ لە ماڵی مۆریتس شلیک، دەپرسێت: "ئەرێ قسەکردن دەربارەی دین بنچینەییە؟[وەک بڵێیت هەر دەبێت قسەی لێبکەین؟]" وەڵامیش دەداتەوە:

مـن بەباشـی دەتوانـم وێنـای ئایینێـک بکـەم کـە لـەودا گریمانـە، بڕیارەوتـەی عـەقیدەیـی و ئاخافتنێـک لـە ئـارادا نییـە. ئاشـکرایە گەوهـەری ئاییـن هیـچ کارێکـی بەسـەر ئـەو فاکتانـەوە نییـە کـە لـە ئاخاوتنـی سـەبارەت بـە ئاییـن لـە ئـارادان، بەڵکـو خەڵکـی هەرچـی زێدەتـر بدوێـت لەمـەڕ ئاییـن، ئـەم لێدوانـە لـە خۆیـدا بەشـێکە لـە چالاکـی ئایینـی نـەک تیۆریـا.٩

ئـەو گوێـی نـەدەدا بـەو وشـە و پێکهاتانـەی کـە بـەکاری دێنیـن، بەڵکـو ئـەو وشـە و پێکهاتانـە چ ڕۆڵێکیـان لـە ژیانـی ئایینیمانـدا هەیـە، ئـەوە جێبایەخـی ڤیتگنشـتاین بـوو. لـە کۆتاییەکانـی ژیانیـدا پێداگرانـە سـەرنجەکانی دەخستەڕوو. وەک دەڵێـت:

ئـەوە ڕاسـتە کـە دەتوانیـن بـەراوردی وێنەیـەک بکەیـن کـە لـە ئێمـەدا ڕیشـەیەکی پتـەوی هەیـە بـە خورافەیـەک، بـەڵام بەهەمـان ئەندازە ئـەوەش ڕاسـتە کـە دەبێـت بگەیـن بـە زەمینەیـەک، وێنەیـەک یـان هـەر شـتێکی تـر، بۆیـە وێنەیـەک کـە لـە ڕیشـەی هزرینـی ئێمەدایـە ڕێـزی دەگیرێـت و چیتـر وەک خورافەیـەک مامەڵـەی لەگەڵـدا ناکەیـن. ئەگـەر مەسـیحیەت هەقیقـەت بێـت ئـەوا هەمـوو ئـەو فەلسـەفەیەی کـە دەربـارەی نووسـراون هەڵـە دەبـن.١٠

لـە گفتوگـۆ و وانەکانیـدا دەیگـوت ئێمـە کـە باوەڕێکمـان هەیـە حوکمـی ئـەم باوەڕە بـە ئەقڵانـدن و بەڵگـەکاری دەرەکـی نابێـت، بەڵکـو بـەوە دەبێـت ئێمـە تـا چەنـد ژیانـی خۆمـان هەماهەنگـی ئـەم بـاوەڕە کـردووە کـە بانگەشـەی بـۆ دەکەیـن.

بانگەشـەی بوونـی خـودا، ئافرانـدن، بەدیهێنانـی جیهـان و چییەتـی ڕۆحـی مـرۆڤ بـۆ ئـەو جێبایـەخ نەبـوون. ئـەوەی بـۆ ئـەو گرنـگ بـوو ئـەو بانگەشـانە بـوون کـە مەسـیحیەتیان وەک ڕووداوگەلـی مێژوویـی دەبینـی، بـۆ نمونـە نارەزایەتـی دەردەبـڕی بەرامبـەر بانگەشـەی کەسـانێکی وەک (باوکـە ئۆهـارا)، کـە وەک ڕووداوگەلـی مێژوویـی لـە مەسـیحیەتی دەڕوانـی. ڤیتگنشـتاین نکوڵـی لـە بنەمـای مێژوویـی نەدەکـرد بـۆ مەسـیحیەت، بەڵکـو دەیگـوت بنەمـای مێژوویـی بەتەنهـا نابێتـە بەڵگـەی کافـی بـۆ بـاوەڕی مەسـیحی. لێرەدا ئـەو بـاوەڕەی هەمانـە بـە فاکتـە مێژوویەکان جیـاوازە لـەو بـاوەڕەی هەمانـە بـە فاکتـە مێژووییـە ئاساییەکان. بەڵکـو تەنانـەت وەک گـوزارەی مێژوویـی و ئەزموونییـش مامەڵەیـان لەگەڵـدا ناکرێـت.١١

### تێوەڕۆکی وانەکانی ڤیتگنشتاین دەربارەی باوەڕی ئایینی دەکرێت لەم سێ ناونیشانەدا ڕێکبخرێت؛

### ١.خەسڵەتی جیاکەرەوەی لۆجیکیانەی باوەڕی ئایینی:

ڤیتگنشـتاین ئامـاژە بـەو ڕاسـتیەدەکات کـە ئێمـە لـە سـەرەتای ژیانـەوە فێـری ئاخاوتنـی زمانـی ئایینـی بوویـن. وشـەی 'خـودا' یـش یەکێـک لـە پێـدراو و وەرگیراوەکانـی ئـەو زمانەیـە. ئەگەرچـی ئـەم وشـەیە وەک ئـەوەی کەسـێک بنوێنێـت بەکارهێنـراوە، چونکـە وشـەی 'خـودا' دەبێـت خـودا بنوێنێـت یـان بگەیەنێـت، بـەڵام ڤیتگنشـتاین دەڵێـت: " ئەگـەر پرسـەکە بێتەسـەر باسـی بوونـی خـودا ئـەوا لێـرەدا بابەتەکـە تـەواو ڕۆڵێکـی جیـاواز بەخـۆوە

دەبینێت، ئەم بوونە جودایە لە بوونێکی کەسێک، بابەتێک یان هەر شتێک کە بیستوومە"

**٢.باوەڕی ئایینی وەک 'بەکارهێانی وێنە':**

لەوانەیە باوەڕدارانی دیندار بڵێن کە مرۆڤ بەڕاستی نامرێت، ئەگەرچی بە هەر پێوەرێکی تری ئاسایی دەمرێت، ئەمە لەبەرئەوەی کە ئەم باوەڕدارانە وەک زیندوویەک لێیدەڕوانن و بیری لێدەکەنەوە، لەکاتێکدا هەموو پێیدەڵێین مردوو. باوەڕداران بە رۆحێکی جیابووەوە، یان جەستەیەکی بێگیان لێیدەدوێن. ئەوەی ڤیتگنشتاین دەیەوێت بیزانێت ئەوەیەکە ئایا کەسێک دەتوانێت پەیوەندی بەو وشانەوە بکات یان نا. لێرەدا 'شێوازی بەکارهێنان' لەئارادایە، چونکە دەبینین وشەی مردوو وەک ناوی 'ئامێرێکی ئاسایی' بەکاردەهێنرێت. کەچی هەر بە سەرنجێکی کەم بەو راستییە دەگەین کە بەکارهێنانی وشەکە چ جیاوازی و بەکارهێنانێکی هەیە. بۆیە دەڵێت بەکارهێنانی وێنەی خودا وەک وێنەی مێروولەیەک نییە. چونکە کەس ناتوانێت وێنەیەکی 'خودا'ت پیشان بدات.

**٣.جیاوازی بنەڕەتی باوەڕدار و بێباوەڕ:**

بەگوێرەی ڤیتگنشاین باوەڕداران (وێنەی هاوبەش/ relevant pictures) و (پەیوەندی هاوبەش/ relevant connections) بەکاردێنن، بەڵام بێباوەڕان وا ناکەن. بەکارهێنانی وێنەیەک بۆ پێناسەی باوەڕی ئایینی نابێت و ناکرێت، هەرچەندە بابەتەکەش قبوڵکردن و رەتکردنەوەی مانای بڕیارەوتەیەکی لۆجیکی بێت، وەک ' چاوی خودا هەموو شتێک دەبینێت'

**لە گفتوگۆ و وانەکانیدا دەیگوت ئێمە کە باوەڕێکمان هەیە حوکمی ئەم باوەڕە بە ئەقڵاندن و بەڵگەکاری دەرەکی نابێت، بەڵکو بەوە دەبێت ئێمە تا چەند ژیانی خۆمان هەماهەنگی ئەم باوەڕە کردووە کە بانگەشەی بۆ دەکەین.**

. زێدەباری هەموو ئەوەش، بەدڵنیاییەوە راستە ئەوە بوترێت کە ژیانی پێگەیشتووی ڤیتگنشتاین بە پتەوی بە هەست و هزری ئایینییەوە گرێدراوە. ئەو زۆر بەقووڵی دیندارتر بوو لەوانەی کە ئاشکرایانە خۆیان بە باوەڕداری دینداری راست و دروست دادەنێن. ڤیتگنشتاین ئارەزوویەکی گەورەی هەبوو بۆ خاوێنی روحی و ئەخلاقی. چەندجار هاواری دەکرد؛ بێگومان دەمەوێت کامڵ ببم. ئەو خۆی نە وەک فەیلەسوفێکی ئافرێنەر و نە وەک دیندارێکی تۆکمە لەقەڵەم دەدا. بەڵام بە متمانەوە دەتوانم بڵێم کە ئەو داخوازییەکانی ئایینی دەزانی. هەروەها بەدڵنیاییشەوە ئەوە دەڵێم ئەو وەک هەر فەیلەسوفێکی پڕکار و بەرهەم یەکێک لەو روانگانەی کە بۆ تەماشاکردن وتێگەیشتن لە کێشەکانی فەلسەفە هەیبوو روانگەیەکی ئایینی بوو.

**باوەڕی ئایینی لە ئیسلامدا:**

خودا لە قورئاندا دەفەرموێت: (يا أيها الذين آمنوا آمنوا بالله ورسوله والكتاب الذي نزل على رسوله والكتاب الذي أنزل من قبل ومن يكفر بالله وملائكته وكتبه ورسله واليوم الآخر فقد ضل ضلالا بعيدا) (سورەتی نیساء: ١٣٦).

ئەگەر باوەڕەکانت بەهۆی دابونەریتەوە بێت، بۆ نمونە لەبەر خۆشویستن، ڕێزگرتن یان ئافەرینی کەسێک بێت، ئەوا لەم ڕەوشەدا باوەڕەکەت زیاتروزیاتر تایبەت بە خۆتە. ئێمە نابێت تەنها ئیمانمان هەبێت، بەڵکو دەبێت لە قووڵایی بوونماندا دەرکی ئەم ئیمانە بکەین. بابەتە سەرەکییەکانی ئیمانمان بریتیەلە خودا، نێردراو و سروشەکانی. بۆ هەموو ئەمانە ئێمە دەبێتماڵێک لە دڵەکانماندا چێبکەین. ئێمە فریشتەکان نابینین بەڵام دەرکیان پێدەکەین هەروەک دەرک بە خودا دەکەین، ئەو خودایەی کە لە ڕەگی گەردنمان نزیکترە لێمانەوە، هەروەها ڕۆژی پەسڵان کە لەپێناو ئەزموون و کردەوەکانی ئێمەدا دانراوە، ئێمە نابێت نکوڵی لەمانە بکەین یان بەشێک لەو ڕوانگە ڕۆحیانە لاببەین.

ئایین و فەلسەفەی ئیسلامی لەسەر ئەو مەعریفەیە بیناکراوە کە خودا بۆ پێغەمبەر محەمەد و پێغەمبەرانی تری ناردووە، ئەمەش لەسەر شێوەی قورئان کە گوفتاری بێشێوەی خودایە. قورئان کتێبی پیرۆزی ئیسلامە کە لەڕێگەی فریشتەی جوبریلەوە بۆ پێغەمبەر محەمەد هاتووە. ئەویش لەماوەی ساڵانی (٦١٠-٦٣٢ ز)و لە بارودۆخی جیاجیادا.

پێغەمبەر چەندجارێک خەونی بینیوە، بەڵام یەکەم ئەزموونی سروش ئەو کاتە بوو کە تەنها بوو لە کەوری حیرادا.

لەیەکێک لەفەرموودەکانی پێغەمبەردا بەڕوونی ئاماژەی پێکراوە؛ " ئەو(جوبرەئیل)منی گوشی بە ئەندازەیەک کە تەواو ماندوو بووم، ئەمە سێبارە بوویەوە"١٢

لە قورئاندا چەندین ئایەت پیشانی دەدەن کە ئەم کتێبە بەشێکە لە بەرنامەی خودایی. ((إن علینا جمعە وقرآنە))( سورەتی قیامە: ١٧)

هەروەها بە چەندین جار و بە چەند بەشێک دابەزیوە، خودی قورئان بەڕوونی ئەمە دەخاتەڕوو: (وقال الذين كفروا لولا نزل عليه القرآن جملة واحدة كذلك لنثبت به فؤادك ورتلناه ترتيلا) (سورەتی فورقان: ٣٢)

کەواتا قورئان ئەم (نەهاتنەی بە یەکجار) لە سێ هۆدا پیشان دەدات؛

یەک: بۆ بەهێزکردنی دڵت.

دوو: هاتنێکی هێواش و ڕێک جوان.

سێ: تا بە ئاست و ئەندازە وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە.

بنەماکانی باوەڕی مسوڵمان: ١.شایەتی. ٢.نوێژ. ٣.زەکات. ٤.ڕۆژوو. ٥.حەج

**(٢)**

لەم بەشی دووەمەی نووسینەکەماندا ڕاست گفتوگۆی خاڵی لێکچوونی (چەمکە ئیسلامییەکانی باوەڕی ئایینی) و (چەمکی باوەڕی ئایینی لای ڤیتگنشتاین)دەکەین: ئەمەش هەندێ لەو لێکچوونانەیە:

**١.**لە گفتوگۆیەکدا ڤیتگنشتاین ئاوا ڕوونکردنەوە دەدات: "لە یادت بێت کە مەسیحیەت نزاکردنی زۆر نییە، واتا ئەوە نییە زۆر خەریکی پاڕانەوە بیت؛ لەڕاستیدا خۆ وتمان کە ئەمە ناکەین. ئەگەر من و تۆ ژیانێکی ئایینی بژین،

ئەوا نابێت دەربارەی ئایین هە ربڵێین و رەفتاریشمان جیاواز بێت لە گوفتارمان. من باوەڕم وایە ئەگەر تۆ بکۆشیت یارمەتیدەر بیت بۆ خەڵکانی تر، لە کۆتاییدا ڕێگەی خودات دۆزیوەتەوە."١٣ لێرەدا مەبەستمان نادیدەگرتنی پێگەی پەرستش و نزاکان نییە لە ژیانی ئایینیدا، بەڵکو مەبەست ئەوەیە ئەگەر پەرستن و نزاکان رۆڵێکیان لە ژیاندا نەبێت و چاکسازی و کردەوەی چاک لە کەسی باوەڕداری دینداردا بەرهەم نەهێنن چ سوود؟! وەک زۆر باوەڕی تر، باوەڕە ئایینییەکانیش لە بابەتەکانی دڵ، رۆح، عیشق، متمانە و ئیماندا خۆیان دەبیننەوە. ڤیتگشتاین مەیلێکی بەهێزی بۆ خاوێنکاری ئەخلاقی و رۆحی هەبوو. هەمان ئەو رووگەیەی کە گرنگترین فەیلەسوفە ئیسلامیە هاوچەرخەکان هەیان بوو، بۆ نمونە محمد ئیقبالی لاهوری لە بەشی سێیەمی کۆمەڵە شیعرە بەناوبانگەکەیدا لە غەزەلی (بانگێ دەرا) واتا (بانگی کاروان/زەنگی کاروان)دا، کە ١٩٢٤ چاپکرا، لە یەکێک لە کۆپلە بەناوبانگەکانیدا کە لەم بارەوە رووگەی ئیقبالمان نیشان دەدات دەڵێت:

جو می سر به سجد وا کبهی تو زمیس آن لگی صدا

ترا دل تو صنم آشنا تجهی کیا مل گا نماز می١٤

گەوهەری ئەم بەیتە ئەوەیە کە؛ ئەگەر دڵت خاوێن نەبێت، خوێندنی نوێژ مانایەکی نییە. ئیقبال دەڵێت؛ کاتێک سوجدەم برد سەدایەکی ئیلاهی هات و وتی کە دڵت ئالودەی دنیای شتانی بووە، بووەتە سەنەم ئاشنا، تۆ لەم جۆرە نوێژەت شتێکت دەزگیرنابێت. هەرچی کۆششی محمد ئیقبالە ئەوەیەکە لە چالاکی ئایینیدا دووڕوویی ناخوات. ئەگەر لە دڵەوە پاک نەبیت ئەوا نییەتیشت پاک نابێت، بۆیە نوێژەکەیشت لەلایەن خوداوە وەرگیراو نابێت.

**لە ئاییندا خودا و باوەڕ وەك خاڵی لوتكەی روونكردنەوە مامەڵەیان لەتەكدا دەكرێت. ئیدی ئەمە ئەو جێگەیە كە تێیدا روونكردنەوە بە پایان دەگات.**

**٢.** لە (کەلتور و بەها)دا ڤیتگنشتاین زۆر بەڕوونی دەڵێت کە ئایین بابەتی باوەڕ و ئیمانە. لە ئاییندا خودا و باوەڕ وەک خاڵی لوتکەی روونکردنەوە مامەڵەیان لەتەکدا دەکرێت. ئیدی ئەمە ئەو جێگەیە کە تێیدا روونکردنەوە بە پایان دەگات. روونکردنەوەکان دەبنە بابەتانێکی ناوەکی بۆ (گەمەیەکی زمانی). لەدەرەوەی گەمە زمانییەکە یان (شێوەکانی ژیان) خۆ روونکردنەوەیەک لە ئارادا نییە. بەهەمان چەمک ئایین بابەتی باوەڕ و ئیمانە کە ئەمەش چەندبارە کراوەتەوە لە قورئان و فەرموودەدا، کە لە بەشی دووی ئەم توێژینەوەیەمدا باسکراوە.

کەسێک پێغەمبەر دەدوێنێت و لێیدەپرسێت: ئیمان چییە؟ وەڵامی دەداتەوە کە؛ "ئیمان باوەڕهێنانە بە خودا، فریشتەکانی، کتێبەکانی، پێغەمبەرانی، بە رۆژی دوایی و چارەنووس." ١٥

**٣.** ڤیتگنشتاین بە هاوڕێکەی (دروری) دەڵێت: "ئەگەر من و تۆ ژیانێکی ئایینیانە بژین، ئەمە پێویستی بەوە نییە کە دەربارەی ئایین بدوێین، بەڵکو بەوە دەبێت کە(وا) بژین، جیاواز بژین." هەروەها دەڵێت:

"باوەڕی من ئەوەیە تۆ بەس هەوڵ بدەیت یارمەتیدەری ئەوانی تر بیت، ئیتر لە کۆتاییدا ڕێگەی بەرەو خودا دەدۆزیتەوە" ١٦

لە وتنی ئەوەدا ڤیتگنشتاین مەبەستی ئەوە نییە کە گفتوگۆ دەربارەی ئەرکی ئایینی و ڕێوشوێنی پەرستن لە ژیانی ئایینیدا پێگەیان نییە، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە کە هەرچی گفتوگۆ هەیە بێمانا دەمێنێتەوە ئەگەر چاکسازی و ڕەفتار و رووگەیەکی هزری لە ژیانی کەسەکەدا نەبێت. ئەوە کردەوەکانمانە دەستنیشانی دەکات کە ئاییندارین یان نا.١٧ هەمان چەمک لە ئیسلامیشدا بەکارهاتووە کە ڕەفتار جێبایەخی یەکەمە، واتا ئەخلاقی کەسەکەیە. دەوترێت ئایین بریتی نییەلە ئاخاوتنی زۆر دەربارەی ئایین، بەڵکو ئایین لە کردەوە پێکدێت. ڤیتگنشتاین دەڵێت: تۆ بەس هەوڵ بدەیت یارمەتیدەری ئەوانی تر بیت، ئیتر لە کۆتاییدا ڕێگەی بەرەو خودا دەدۆزیتەوە. هەمان چەمک لە قورئانیشدا هەیە، خودا دەفەرموێت:

والعصر (١)إن الإنسان لفي خسر(٢) إلا الذين آمنوا وعملوا الصالحات وتواصوا بالحق وتواصوا بالصبر(٣) (سورەتی عەصر).

سورەتەکە ئاشکرا ئەوە دەڵێت کە ئیمان قەڵغانی پاراستنی زامەکانمانە لەو زیانانەی کە لەدنیای ماددەوە هێرشمان بۆدەکەن، هەروەها ژیانی ڕاستگۆیانە و کردەوەی چاک خودبەخود بەشداریکردنێکی ئەرێنییە لە بەرزکردنەوەی ئاستی مەعنەویدا. ئەگەر کەسێک تەنها بۆ خۆی ژیا ئەوە هەموو ئەرکەکەی بەجێنەهێناوە. ئەو کەسە چاکەی زۆر لەدەست دێت، بەتایبەت لە میانەی ژیانی ئەخلاقی و مەعنەویدا، دەبێت چاکە ببەخشێتەوە بە نێو براکانیدا، تا ئەو ڕادەیەی کە هەقیقەت ببینن و بە خۆگری و ئومێدەوە بۆی بکۆشن، لە جەرگەی تۆفان و فشاری ژیانی دەرەکیدا پایەدار و نەلەخشاو بن.

**٤.**لای ڤیتگنشتاین باوەڕی ئایینی متمانەیەکی ڕەهایە بە کتێبێک، هەبوویەک، پێغەمبەرێک، مرۆڤێکی پیرۆز، بنەمایەک یان عەقیدەیەک، یاخود بە هەموویان. ڤیتگنشتاین لە شیکردنەوەی چەمکی باوەڕدا دەڵێت: " باوەڕکردن(Believing) واتا خۆبەدەستەوەدان بۆ دەسەڵاتێک. هەر کە یەکەم جار خۆت بەدەستەوەدا، ئیتر ناتوانیت بەرهەڵستی بکەیت، سەرەتا پرسیاری لێدەکەیت دواتر دەبێتە قایلکارێک بۆت."١٨ هەمان چەمک لە قورئان و فەرموودەی دروستی پێغەمبەریشدا چەندبارە کراوەتەوە. دەربارەی ئیمان خودا لە قورئاندا دەفەرمووێت:

(يا أيها الذين آمنوا آمنوا بالله ورسوله والكتاب الذي نزل على رسوله والكتاب الذي أنزل من قبل ومن يكفر بالله وملائكته وكتبه ورسله واليوم الآخر فقد ضل ضلالا بعيدا) (سورەتی نیساء: ١٣٦).

هەروەها خودا دەفەرموێت: (ليس البر أن تولوا

وجوهكم قبل المشرق والمغرب ولكن البر من آمن بالله واليوم الآخر والملائكة والكتاب والنبيين..) (سورەتی بەقەرە: ١٧٧)

**٥.**بەگوێرەی ڤیتگنشتاین، باوەڕی ئایینی لە زۆرترینی بەشەکانیدا بابەتی 'پێشیانە' یە و لەسەر ئیمان و سروش بیناکراوە، هەروەها هیچ شتێک لەودا بابەتی سەلماندن نییە. هەمان چەمک لە زۆر شوێنی قورئاندا هاتووە، ئەو پەرجۆیانەی ناو قورئان باشترین نموونەی ئەو بابەتانەن کە پشت بە ئەزموون نابەستن و بینا لەسەر ئیمانن. یەکێک لە دەرئاساکان دابەزینی خودی قورئانە بۆ کەسێکی نەخوێندەوار و ئەم دابەزینەش بەشبەش و ماوەی زێتر لە بیست و دوو ساڵی خایاندووە.

**٦.**لای ڤیتگنشتاین، باوەڕی ئایینی پەیمانێکی پتەوی راوەستاوی قووڵ و رۆچووی بەهێزە کە رێنمایی تەواوی ژیانی کەسێک دەکات. ئەو بەردەوام دەبێت و دەڵێت کە باوەڕی ئایینی شێوەیەکی ژیانە. هەمان چەمک و مەبەست لەقورئاندا چەندبارە کراوەتەوە، لە قورئاندا چەندین جار هاتووە کە باوەڕی ئایینی رێنمونی هەموو ژیانمان دەکات نەک تەنها ژیانی دوای مەرگ. باوەڕی ئایینی ئەو بنەما ئەخلاقی و مەعنەویەیە کە رێنمونی ژیانمان دەکات لەم جیهانە و ژیانی دوای مەرگیش، کە ژیانێکی نەبڕاوەیە. هەروەک خودا لە قورئاندا دەفەرموێت:

(لقد خلقنا الانسان في احسن تقويم(٤)ثم رددناه أسفل سافلين(٥) إلا الذين آمنوا وعملوا الصالحات فلهم أجر غير ممنون(٦)) (سورەتی تین: ٤-٦).

**٧.**ساڵی ١٩٤٨، لە کۆتاییەکانی ژیانیدا، لێکچوونێک باسدەکات دەڵێت: دیندارێکی راستگۆ وەک تەنافبازێک وایە، کە لەسەر هەوا دەڕوات، تاکە شتێک پشتی پێدەبەستێت تاڵێکی بەرز و باریکە، بەجۆرێک هەر هێندەیە کە دەبینرێت و بەس. کەچی بەڕاستی هێشتا دەکرێت بەسەریدا بڕوات. ١٩

ئەو بەردەوام دەبێت کە باوەڕی ئایینی باوەڕە بە خودا، ئەمەش لەوە زێدەترە باوەڕ وابێت کە خودا هەیە. ئەم باوەڕداره شوێن ئەوە دەکەوێت کە لە قورئان و فەرموودەی دروستی پێغەمبەردا هاتوون. ئەگەر وای نەکرد ئیتر ئەوە باوەڕدارێکی راستگۆ نییە. هەروەها لە ئیسلامدا باوەڕی ئایینی واتا تەنها بوونی ئیمان و باوەڕ بە خودا بەس نییە، بەڵکو دەبێت هەندێک رێوڕەسمی بنچینەیی جێبەجێ بکەن کە پێیان دەوترێت (فرض) لە ئیسلامدا، ئەوانیش؛ (شایەتی، نوێژ، رۆژوو، زەکات و حەج). ئەگەر کەسێک راستگۆ نەبێت لە بەجێهێنانی ئەو فەرزانەدا، ئەوە مسوڵمانێکی راستەقینە نییە.

**٨.**ڤیتگنشتاین کە مەسیحییەکی پارێزکار بوو، دیدی یەکتایی بۆ خودای قەبوڵ بوو. خودا لە ئایینی مەسیحیدا بەدیهێنەری جیهانە. پەیوەندی خودا و بەدیهێنراوان پەیوەندی گەورە و خزمەتکارە. بە هەمان شێوە لە ئیسلامیشدا زۆر جەختی لەسەر دەکرێتەوە کە خودا تاک و تەنهایە. بە هەمان شێوە خودا لە ئیسلامیشدا بەدیهێنەری ئەم گەردونەیە. سەبارەت بە پەیوەندی خودا و بەدیهێنراوانی چەندین جار لە قورئاندا باسکراوە؛

(.. ونحن أقرب إليه من حبل الوريد(١٦)
(سورەتی قاف)

هەروەها:

(ونحن أقرب إليه منكم ولكن لا تبصرون ٨٥)
(سورەتی واقیعە٨٥)

ئەم باوەڕەی کە خودا نزیکترە لە مرۆڤ وەک لە مرۆڤ بە خودی خۆی، تەنها ئەوە پیشان دەدات کە ئاگایی بە بوونی خودا لە روحی مرۆڤدا تەنانەت روونترە لە ئاگایی مرۆڤ بە بوونی خودی خۆی.

**٩.**لەو وانەیەدا ڤیتگنشتیان دەربارەی باوەڕی ئایینی ئەم بیرۆکانەش دەخاتەڕوو. " ئەو وا دادەنێت کە کەسێک باوەڕی بە رۆژی دواییە و ئەم باوەڕەی دەکاتە رێنیشاندەری ژیانی، هەر کاتێک شتێک ئەنجام بدات ئەمەی لەیادە کە ئەم رۆژەی لە پێشە. ڤیتگنشتیان دەپرسێت چۆن بزانین ئەم کەسە ئەو شتانەی کە دەیڵێت باوەڕی پێیەتی. ئەو ئەوەی هەیە کە رەنگە تۆ ناوی بنێیت ئیمانێکی نەلەرزیو."٢٠ ئەوانەی کە باوەڕیان بە عیسای مەسیح هێناوە و ژیانیان سپاردەی پەروەردگاری ئەو کردووە، ئەوانە بەختەوەری هەمیشەیی دەچێژن لە بەهەشتدا، ئەوێ شوێنێکە خاڵی لە دەرد و ئازار و نەخۆشی و مەرگ. باوەڕ بە رۆژی دوایی لە ئیسلامیشدا یەکێکە لە پایەکانی ئیمان. بە گوێرەی قورئان مەرگ کۆتایی ژیانی مرۆڤ نییە. بەڵکو کرانەوەی دەرگایە بەڕووی ژیانێکی تردا، ژیانێک لە فۆرمێکی باڵاتردا. هەروەک خودا لە قورئاندا دەفەرمووێت:

نحن قدرنا بينكم الموت وما نحن بمسبوقين(٦٠) على أن نبدل أمثالكم وننشئكم في ما لا تعلمون(٦١) (سورەتی واقیعە: ٦٠ و ٦١)

ژیانی دوای مەرگ لە ئیسلامدا دوو ئاڕاستەیە؛ بەهەشت، بۆ ئەو کەسانەی کە چاکەیان لە خراپەیان زۆرترە، هەروەها دۆزەخ، بۆ ئەو کەسانەی کە خراپەیان لە چاکەیان زۆرترە.

**١٠.**لای ڤیتگنشتاین، موعجیزە نابێتە بەڵگەی باوەڕی ئایینی. بە دڵنیاییەوە کە موعجیزە نابێتە بەڵگەی کافی وەک ئەوەی خەڵکانێک باوەڕیان وایە کە دەبێت. بۆیە ئەنجامگیری دەکات کە نە ئەوەی پێیدەوترێت ئسپاتی بوونی خودا کافیە بۆ داڕشتنی زەمینەی ئیمان، نە ئەو بەڵگاندنەی کە لە زمانی باودا هەیە. باوەڕداران ئەقڵانییەت و بەڵگەی خۆیان هەیە بۆ باوەڕەکەیان، بەڵگاندنی زۆروزەبەند و ئەقڵانییەتی سەراسیمە بوون. بەڵام هیچکام لەو بەڵگانە بەڵگەی زانستی نین. یەکێک لە خەسڵەتە بنچینەییەکانی باوەڕی ئایینی ئەوەیە کە بینا نییە لەسەر بەڵگاندنی ئەقڵی. هەمان دەربڕین لە فەلسەفەی ئیسلامیدا هاتووە کە ناتوانرێت بەڵگەکاری ئەقڵی بکرێت بۆ سەلماندنی دەراسا. سەلماندنی بوونی خودایش ناتوانرێت بە بەڵگەی ئەقڵی بسەلمێندرێت. بەڵکو ئەو بابەتە تەنها سەروکاری لەگەڵ ئیماندا هەیە.

* دکتۆر ئامیر ریاز؛ پرۆفیسۆری یاریدەدەر، کۆلێژی هانس راج، زانکۆی دەلهی، هندستان.

## پەراوێزەکان:

١. L. Wittgenstein, On Certainty, ed. by G.E.M. Amscombe and G.H. von Wright, translated by Dennis Paul and G.E.M. Anscombe, NewYork and Evanston: J. & J. Harper Edition, ١٩٦٨., ٢٠٥, p. ٣٣.

٢. Ibid., ٣٣٦, pp. ٥١–٥٢.

٣. L. Wittgenstein, Culture and Value, Basil Blackwell, Oxford, ١٩٥٣, p. ٣٣.

٤. Ibid., p. ٧٣.

٥. Ibid., p. ٨٦.

٦. Ibid., p. ٨٢.

٧. Ibid., p. ٨٢.

٨. Ibid., p. ٥٢.

٩. C. Barrett, Wittgenstein on Ethics and Religious Belief, Blackwell, ١٩٩١, p. ١٨٦.

١٠. Culture and Value, op. cit., p. ٨٣.

١١. L. Wittgenstein, Lectures and Conversations on Aesthetics, Psychology and Religious Belief, ed. C. Barrett, Oxford: Blackwell, ١٩٦٩, P. ٥٧.

١٢. Al-Bukhari, Muhammad Muhsin Khan (Trans.), Kitab Bhavan, New Delhi, ١٩٨٧, ١:١.

١٣. N. Malcolm, Wittgenstein: A Religious point of View? London: Routledge, ١٩٩٣, P. ١١.

١٤. Mohd. Iqbal, Kulyat-e-Iqbal, Educational Publishing House, Delhi, ٢٠٠٥, P. ٢٨١.

١٥. Sahih Muslim, Abdul Hamid Siddiqi (trans.), Kitab Bhavan, New Delhi, ٢٠٠٠, Vol. ١; Ch.٢; H. ٦.

١٦. Rush, Rhees (ed.), Ludwig Wittgenstein: Personal Recollection, Oxford: Basil Blackwell, ١٩٨١, p. ١٢٩.

١٧. Vohra, Ashok, JICPR, Vol. XXIV, P. ٧٤.

١٨. L. Wittgenstein, Culture and Value, op. cit., p. ٥٢.

١٩. C. Barrett, Wittgenstein on Ethics and Religious Belief, op. cit., p. ١٨٢.

٢٠. Ibid., p. ١٧٩.

ژێدەرەکان:


١. Al-Bukhari, Muhammad Muhsin Khan (Trans.), Kitab Bhavan, New Delhi, ١٩٨٧.

٢. C. Barrett, Wittgenstein on Ethics and Religious Belief, Blackwell, ١٩٩١.

٣. N. Malcolm, Wittgenstein: A Religious point of View? London: Routledge, ١٩٩٣.

٤. Mohd. Iqbal, Kulyat-e-Iqbal, Educational Publishing House, Delhi, ٢٠٠٥.

٥. Sahih Muslim, Abdul Hamid Siddiqi (trans.), Kitab Bhavan, New Delhi, ٢٠٠٠, Vol. ١;

Ch. ٢; H. ٦.

٦. R. Rush (ed.), Ludwig Wittgenstein: Personal Recollection, Oxford: Basil Blackwell,

١٩٨١.

٧. Vohra, Ashok, JICPR, Vol. XXIV.

.١٩٥٣ ,L.Wittgenstein, Culture and Value, Basil Blackwell, Oxford .٨

L.Wittgenstein, On Certainty, ed. by G.E.M. Anscombe and G.H. .٩
,von Wright

translated by Dennis Paul and G.E.M. Amscombe, NewYork and
:Evanston

.١٩٦٨ ,J. & J. Harper Edition

L.Wittgenstein, Lectures and Conversations on Aesthetics, .١٠
Psychology and Religious

.١٩٦٩ ,Belief, ed. C. Barrett, Oxford: Blackwell